تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

خەلیفەی نوێخوازو چاکساز

عومەری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله

نووسینی
دکتۆر علي محمد الصلابي

وەرگێڕانی
مامۆستا عمر توفیق الخطاط

چاپی یەکەم

نارین

دار المعرفة
بەیرووت

بسم الله الرحمن الرحيم

خەلیفەی نوێخوازو چاکساز

عُمەری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله

خەلیفەی نوێخوازو چاکساز

عومەری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله

نووسینی

د. علي محمد الصلابي

وەرگێڕانی

ماموستا عمر توفیق الخطاط

چاپی یەکەم

نارین

دار المعرفة

بەیرووت

مافی لەچاپدانی پارێـزراوە بۆ
کتێبخانەی نارین

ناوی کتێب بەعربـــــــی: الخليفة الراشد والمصلح الكبير عمربن عبدالعزيز
نوسینـــــــــــی: علي محمد الصلابي
ناوی کتێب بە کـــــوردی: خەلیفەی نوێخوازو چاکساز عمری کوڕی عبدالعزیز﵀
وەرگێڕانـــــــــــی: عمر تۆفیق الخطاط
بڵاوکـــــــــــــار: کتێبخانەی نارین
نەخشەسازی نـــــاوەوە: شنۆ حمدامین مجید
نۆرە و ساڵی چـــــــاپ: یەکەم/ ١٤٣٠ک ـ ٢٠٠٩ز
شوێنی چـــــــــاپ: بەیروت ـ لبنان
ژمارەی سپـــــــاردن: (١١٠٨)

کتێبخانەی نارین
هەولێر ـ چوارڕیانی شێخ مەحمودی حەفید
بازاڕی زانست بۆ کتێب وچاپەمەنی
تەلەفۆن : ٢٥١١٩٨٢-٦٦(٠٠٩٦٤)

E- mail: nareen_١@yahoo.com

پێشەکی وەرگێڕ

الحمدلله وكفى والصلاة والسلام على الهادى مصطفى وعلى اله وصحبه ومن دعا بدعوته الى يوم الدين...

خوێنەری بەڕێز، وەك خۆم زۆر سوپاسی ئەو کاتە ناسکانەت دەکەم، کە بەهەڵدانەوەو خوێندنەوەی ئەم کتێبەوە بەسەری دەبەیت.

هەروەك سوپاس وسەنای خوای پەروەردگارم دەکەم، کەجارێکی تریش یارمەتی دام، تا ژیان وبەسەرهاتی خۆرێکی تر لەخۆرد پرشنگ دارەکانی مێژووی زێرینی ئیسلام لەعەرەبی یەوە بکەم بەکوردی وپیشکەشی خوێندەوار ورۆشنبیرانی گەلەکەمی بکەم...

هەروەها مایەی دڵخۆشی یە، کەلەم سەردەمی بێ ئینسافی ودنیاویستی و دژایەتی کردنی بەرنامەکەی خواو گەلانی موسڵمان بەبەرنامەی وردوترسناکەوە لەلایەن زلهێزەکانی جیهان و ورد هێزەکانی ناموسڵمانانیش جێ بەجێیان دەکەن بۆیان.

ئالەم سەردەمە سەیرو سەمەرەدا، کەدەست گرتن بەرنامەکەی خواو سوننەتەکانی پێغەمبەری نازدار وەﷺ بەشەرمەوە مومارەسە دەکرێت، ئیتریان لەترساندا...یان لەبەر دەست نەدانی وەزیفەوپلەو پایە..یان لەبەر گاڵتەپێ کردن و تەریق کردنەوە...

هاوڕێ یەکم بۆی باس کردووم کەچی بەسەرهاتووە وچۆن گیراوەتەبەر گاڵتەو پێکەنین ولاقرتێ کاتێ لەگەڵ خێزانەکەیدا_دەچێت بەدەم دەعوەتنامەیەکەوە_ بەشداری شەکراو خواردنەوەیەك دەکات، بەتایبەت کاتێك بینیبوویان خێزانەکەی پۆشتە بوو جلی باق وبریق وتەنکی وای لەبەر نەکردبوو، کە هەموو باڵ ولەشی دیار

بێـــت، خۆیـــشی تەوقـــەی لەگـــەڵ کـــچەکاندا نـــەکرد بـــوو، بەشـــداری ڕەشبەڵەکە_حەڕامەکەشیان_ ی نەکردبوو... ئەویش لەترسی ئەوەی غەزەبی خـوا نەباری بەسەریدا ئـەو کۆڕەی ناشـەرعی یـەی بـەجێ هێشت ولـەدواوە لایکـردەوە کەسێك نەبوو لەناو گوناهـدا غـەرق نـەبووبێت. بۆیـە گـوێ نـەدا بەبۆنەکـەو لەگـەڵ هاوسەرەکەیدا پێکەوەو بەخێرایی هاتنەدەرەوە...

ئالەم سەردەمەدا دەیان وسەدان کەس کاتەکانیان داوە بەشتی بەسودو جوان و بەرهەم دار وکتێبخانەکان دەگەڕێن وکتێبە نایابەکان دەکڕن وخۆیان و یەکەیەکـەی ئەنـدامانی خێزانەکـەیان دەخوێننـەوەو خواردەمـەنی پێشکەشی مێشك وڕۆحیـان دەکەن، خۆیان پڕچەك دەکەن بەزانیاری بەسودو پڕلە کەڵك بۆ خۆیـان وباشـتریش باس کردنی بۆ ئەندامانی نەتەوەکەیان...

دوای ئـەوەی سـوپاس بۆخـوا_لەسـەرەتاو کۆتـادا_ کـە دڵـی موسـڵمانانی کەمەندکێش کردوە بۆلای کتێبەکانم وئەوەش فەزڵی خوایـە چـونکە هەرئـەو کتێبـە کەسێکی تروەری دەگێڕێ وخویشی ماندوو دەکات، خـوا پاداشـتی هـەوڵ و مانـدوو بـوونی بداتـــەوە کەچـــی لەچـــاپی یەکەمـــدا دەوەســـتێت و لەکتێبخانەکانـــدا دەمێنێتەوە:﴿ هَٰذَا مِن فَضْلِ رَبِّي لِيَبْلُوَنِي أَأَشْكُرُ أَمْ أَكْفُرُ ۖ وَمَن شَكَرَ فَإِنَّمَا يَشْكُرُ لِنَفْسِهِ ۖ وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ رَبِّي غَنِيٌّ كَرِيمٌ ﴾النمل: ٤٠.

بەڵام سوپاس بۆ خوا جارێکی تر، کە لەمانگی یەکەم ودووەمی دەرچوونی ژیانی (ابوبكرى الصديق)و ئیمامی(علی)دا، لەبازاڕەکاندا نەمان و خـەڵکی تەلـەفۆنیان بـۆ دەکردم لەشارەکانەوە کەچاپی بکەینەوە، چونکە نەماوە ودەست ناکەوێت.

وا ئەم جارەش دەچینە خزمەت کەسایەتی یەکی گـەورەی ئیـسلام کـە(دوکتـور علی الصلابی)نووسیویەتی، بەندەیش ماوەی ساڵێکە لەهـەوڵی بـەکوردی کردنیـدام وسەرەنجام _سوپاس بۆ خوا_ کارەکەم گەیشتە ئەنجام...

ئەو پیاوە مەزنەیش_عمری کوڕی عبدالعزیزە رحمه الله کە کەسێ نی یە لەناو موسڵماناندا ناوی نەبیستبێت و هەواڵی دنیانەویستی ودادپەروەری و خواناسی و پشگیری کردنی چەوساوەو ماف خوراوان و دژایەتی کردنی ستەمکارو مافخۆرەکانی نەبیستبێت...

کاتی خۆی لەهەشتاکاندا زۆرم خۆش دەویست و تامەزرۆی شارەزایی بووم لەورد و درشتی هەڵس وکەوتی ژیانی ڕۆژانەی، چونکە ووتەیەکی خواناسی ئیسلام ماموستا(الحسن البصری)م لەشوێنێکدا بەرچاوکەوت بوو کەدەیفەرموو((بەمن مەڵێن دنیانەویست (الزاهد)بەڵکو دنیانەویستی ڕاستەقینە عمری کوڕی عبدالعزیزە کەدنیا وخۆشی یەکانی بەهەموو توانا دەمی بۆ کردەوە وئەم پشتی لێ هەڵکرد)) بەڵام لەوکاتەدا بەکوردی و لەو بارەیەوە نووسراوێکم بەرچاو نەکەوت.

ڕۆژان ڕۆشتن وڕۆژان هات وا خوای - عزوجل - کارێکی وای کرد خۆم بەهرەمەند ببم بەوکارە گەورەیە وژیانی پڕلە بەرەکەت و بەسودی (عمری کوڕی عبدالعزیز) بخەمە بەردیدی هاوزمانە خۆشەویستەکانم....

ئەزموونی ژیان ئەوەی فێرکردووم کەهیچ شتێك ئەوەندەی نموونەی زیندوو بەرچەستە کاریگەر نی یە... بۆ شوێنکەوتوانی هەموو بەرنامەیەك، دەی ئەم بەرنامە بەرزو بڕ بەهایەی پەروەردگار نەتیۆوری ونەزەری یەو لەدوو تویّ ی کتێبەکاندا نەماوەتەوە وبەس، بەڵکو سەدان وهەزاران پیاوان وئافرەتانی زانا و خواناس هەڵکەوتوون ئەم بەرنامە ناوازە یان کردووە بەکالآی بەریان لەژیاندا و لەدوای خۆیشیان هەردەڵێ ی لەژیاندان و گەنج و لاوە موسڵمانەکانی سەدەی بیست ویەك دەچنەوە حزوریان،جەزبەی ئیمان وموسڵمانەتی ڕاستەقینە و زانست و زانیاریان لێ وەردەگرن...

عمری کوڕی عبدالعزیز_ دوو ساڵ ونیو_ حوکمڕانی وولآتە یەککگرتووەکانی ئیسلامی کردوە، بەڵام گەورەیی پرۆژەنوێخوازیەکەی ئەوەندە مەزن وگشتگیرو

بەبەرووبووم بوو كەوادەزانیت بەلایەنی كەمەوە(١٥تا٢٠)ساڵ حوكمی كردووە.

لەوماوەكەمەدا كەس نەما لەپێش ئەودا ستەمێكی لێ كرابێت ولەسەردەمی ئەودا مافی خوراوی بۆ نەگەڕابێتەوە، یان مافی لەستەمكارێك نەسەندبێتەوە...

خزمەكانی خۆی دوورخستەوە كەهەموویان كوڕە خەلیفە وبرازاو خوشكەزاو پورزاو ئامۆزای خەلیفەكان بوون، هەموو ئەوانەیان كەبەناشایستەیی پۆستیان وەرگرتبوو لێ ی سەندنەوە، دای بەكەسانی زاناو تێگەیشتووان وخواناسان و دنیانەویستان.

لەوماوە كەمەدا زۆربەی زۆری سەرۆك كۆماری هەرێمەكانی لابرد - وێنەی حەجاج ی كوڕی یوسف - كەزوڵمی زۆری لەگەڵ عیراق دەكرد وتوندوتیژبوو لەگەڵیان،

بەپێچەوانەی حزبەكانی ئەمڕۆ كەخۆیان بەپێشكەوتوو، مودرێن وديموكراتی خواز دەزانن كەچی كێ هیچ تیابەسەر وناشایستەیە دەیهێنن ودەیكەن بەبەرپرس و فەرمانڕەوا بەسەرگەلی داماوەوە تەنها لەبەر ئەوەی خۆی بەحیزبدا هەڵواسیوە كەحاكمی وڵاتە وئەویش دەیان ئەرزە وبەخششی جیاجیا دەبڕێت بۆ خزمەكانی خۆی ولایەنگرانی حیزبی حاكم!

كەچی خوێنەری ئازیز، ئەوە(عمری كوڕی عبدالعزیز)، ئەمیری باوەڕداران لەبڕبڕەپشتی ئەمەوی یەكانە و، بەڵام كاتێ لەگەڵ ئامۆزاو كەسەكانی كەكۆدەبوویەوە دەیووت: ئادەی داوای پۆستم لێ بكەن؟ ئەوانیش عمریان دەناسی بۆیە دەیان ووت: گاڵتەمان پێ مەكە ئەی ئەمیری باوەڕداران بۆ پێمان وایە دەماندەیتێ ئەگەر داوای بكەین؟.

ئەویش دەیووت: وەڵلاهی حەزناكەم ئەو بەرە شڕەی ژێرپێمتان بدەمە دەست چ جای دەستەڵات وبەرپرسیارێتی ودارایی موسڵمانانتان بخەمە بەردەست!!

لەهەمووسەردەمێکدا ئەگەر کەسێکی خواناس وزانا ودنیانەویست هەڵبکەوێت و هەموو برگەو ئایەتە پیرۆزەکانی کەتەلۆکی ژیان ـ قورئان وسوننەت ـ جیٚ بەجیٚ بکات، بەهەموو دڵنیایی یەکەوە- خوێنەری ئەم کتێبە- بڕیاردەدات کەنەك مرۆڤەکان ئاسودە وکامەران وخۆش گوزەران دەبن بەڵکو تەنانەت باڵندەوگیانلەبەرە کێوی یەکانیش پشکیان بەردەکەوێت لەخۆشی و شادی ژیان لەژێرسێبەری قورئاندا.

کاتیٚ بە(عمری کوڕی عبدالعزیزیان ووت: (بیت المال) پڕبووە وکەس نی یە زەکات وخێر وەربگرێت، ئەویش فەرمووی: ژن بهێنن بۆ گەنجەکان، پاشان وتیان قوربان هەموو گەنجەکان خێزانیان بۆهێنرا، فەرمووی:پردو خەستەخانە و میوانخانەی خێری پیٚ دروست بکەن. ووتیان قوربان ئەوەشمان کرد، فەرمووی: دەی خواردن دروست بکەن ولەسەر کێوەکان دایبنێن، تا ئەو باڵندەو گیان لەبەرە برسی وپیرو پەککەوتەو ناتوانەکان بیخۆن ولەبرساندا نەمرن!.

لەکۆتاییدا داوام وایە لەموسڵمانان بەگشتی وگەنج ولاوەکان بەتایبەتی ئەمیری باوەڕداران عمری کوڕی عبدالعزیز بکەن سەر مەشقی خۆیان چونکە عمر لاو بووە و لەتەمەنی(٢٥)ساڵیدا ئەمیری شاری مەدینەی پڕنوور بووە، لەتەمەنی(٣٩)ساڵیدا بووەتە(ئەمیری باوەڕداران) واتە: سەرۆکی هەموو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئیسلام و لە(٤١)ساڵیدا نەیارانی پرۆژە مەزنە چاکسازی یەکەی پیلانیان بۆ دارشت و لەڕێگەی دەرمانخوارد کردنەوە شەهیدیان کرد.

دەی سەدان وهەزاران رەحمەتی نەبڕاوەی خوابرژێت بەسەرگیانی پاکدائەی گەورەمان، سەرمەشقمان، نموونەی موسڵمانی ڕاستەقینەو بیٚ غەل و غەش... ئاسودەبە لەگۆڕە پیرۆزەکەتدا لەوڵاتی شامی (ابو عبیدەی جراح)رحمه الله، کە پەیامەکەت فەرامۆش نەکراوە لە هەموو گۆشەیەکی وڵاتە پان وپۆرەکەتدا سەدان و هەزار گەنجی خواناس ودنیانەویست و ڕوو لەمزگەوت تۆو دەکەن، هاو وێنەکانی

تۆیان خۆش دەوێت ولەگەل هەموو تەوژمی دژایەتی یەکاندا پرۆژە چاکسازیە نوێخوازیەکەی ئیسلام بەتاکە چارەسەر دەزانن نەک تەنها بۆ چارەسەر کردنی کێشەی گەلەکەیان بەڵکو بۆ کێشەکانی سەرجەم وڵاتانی دنیاو پاشەڕۆژیش بۆ دڵپاك و خواویستەکانە. ((والعاقبة للمتقين)).

تابەرهەمێکی تر هەموو خوێنەرانی ئەم ژیاننامەیە بەخوای باڵادەست دەسپێرم

والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته

عمر توفيق الخطاط

هەڵەبجەی شەهید/ ٢٠٠٨ز- ١٤٢٩ك

پێشەکی نووسەر

بسم الله الرحمن الرحيم

ان الحمد لله نحمده ونستعينه ونستغفره، ونعوذ بالله من شرور انفسنا ومن سيئات اعمالنا، ومن يهده الله فلا مضل له، ومن يضلل فلا هادي له، واشهد ان لااله الاالله وحده لاشريك له، واشهد ان محمدا عبده ورسوله، ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ﴾ ال عمران: ١٠٢

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ﴾ النساء: ١

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ٧٠ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ﴾ الاحزاب: ٧٠-٧١

يارب لك الحمد كما ينبغي لجلال وجهك وعظيم سلطانك، ولك الحمد حتى ترضى، ولك الحمد اذا رضيت، ولك الحمد بعد الرضا،

اما بعد:

ئەم کتێبە بەشێکە لەباسی دەوڵەتی ئومەوی لە گەشەو گەورە بوونەوە تا لاواز بوون و لەناوچوون و، دەربارەی چاکە خوازی گەورەو نوێکەرەوەی بەناوبانگ (عمری کوڕی عبدالعزیز) دەدوێت:

باس لە ژیان و گوزەرانی و هەوڵدانی بۆ دەستخستنی زانست و گرنگترین کارەکانی لە سەردەمی وەلید و سولەیماندا دەکات، لەگەل باسی خەلافەت و بەیعەت پێدانی و بەرنامەو پرۆگرامی لە بەڕێوە بردنی دەوڵەتدا و گرنگی دانی بە ڕاوێژ کردن و دادپەروەری، وسیاسەتەکانی لە نەهێشتنی زولم و ستەم و عەزل کردنی هەموو کاربەدەستە ستەمکارەکانی پێش خۆی.

هەروەها هەڵگرتنی ستەم لەسەر بەندەو خزمەت کارەکان و ئەهلی (ذمة)[1] و بەرپاکردنی دادپەروەری لەگەڵ خەلکی سەمەر قەند داو بوونی سەربەستیش بەشێوەیەکی گشتی لە دەوڵەتەکەیدا، وەك سەربەستی بیرورا دەربڕین و هەڵبژاردنی باوەڕ و لایەنی سیاسی و تاکە کەسی، وسەربەستی بازرگانی و هەموو کاسبیەك.

هەروەك باسی گرنگترین سیفاتەکانیم کردووە وەك ڕادەبەدەر ترسانی لە خوای تەعالا و زوهد و دونیا نەویستی، خۆ بەکەم زانین و خۆ لە گوناە پاراستنی —الورع— و نەرم ونیانی و لێبوردەیی و گوزەشتکاری یەکانی، خۆ گری و بە گوڕ لێنەوینی، دادپەروەریەکانی و زۆر لالآنەوەیی و پاڕانەوەی، قبوڵ کردنی دوعاکانی لەلایەن خوای گەورەو، دەربارەی نیشانەکانی نوێکاری دواوم لە لای عمری کوڕی عبدالعزیزرحمه الله وەك شوری و حوکمڕانی کردن بە ئەمانەتەوە و دانانی کەسی شیاو ئەمین لە کارەکاندا، زیندوکردنەوەی بنەمای فەرمان بە چاکەو بەرگری لە خراپەو لەگەڵ و بنەماکانی دادپەروەری دا.

هەروەك باسی مەرجەکانی نوێکاریم کردووە وەك بوونی بیرو باوەڕی پاك و دروست و خاوێنی پەیڕەو پرۆگرامی، زاناو موجتەهید[2] بێت، دەبێت بواری نوێکردنەوەکانی گشتگیر بێت لایەنی فیکرو بیرو باوەڕ و هەڵسوکەوتەکان بگرێتەوەو سود و کەڵکی بە گشتی بۆ هەموو خەڵکی سەردەمەکەی بێت.

هەروەها باسی گرنگی دانی عمری کوڕی عبدالعزیزم بە بیروباوەڕی پاکی ئەهلی سوننەو جەماعە کردوە وبەتایبەت لە مەسەلەی یەکتاپەرستی خودا، وناوە جوانەکانی و سیفاتە بەرزەکانی، دەربارەی زاراوەی ـ ئیمان ـ و باوەڕ بە ڕۆژی دوایی و هەموو مەسەلە غەیبی و نەبینراوەکان وەك سزای ناو گۆڕ و خۆشییەکانی و

١ــ اهل الذمة: هەموو کەسێك دەگرێتەوە کە موسلمان نی یە بەڵام لە ژێر سایەی دەوڵەتی ئیسلامیدا دەژی.

٢ــ مجتهد: بەکەسێك دەوترێت دەستێکی باڵای هەبێت لە تێگەیشتن لە قورئان و سوننەت و زمانی عەرەبی و شارەزا بە وتەو کردارەکانی هاوەڵان و ئەوانەشی دوای ئەوان هاتن، تا بتوانێت حوکمی نوێ لە قورئان و سوننەت دەربهێنێت. وەرگێر.

زیندووبوونەوە، کێشانەو حەوزی کەوسەرو پردی سیرات و بەهەشت و دۆزەخ و بینینی خوای گەورە لەلایەن باوەڕ دارانەوەو بانگەشە کردن بۆ دەست گرتن بە قورئان و سوننەت و هەلسوکەوتی خەلیفە راشیدەکانەوەو هەڵوێستی دەربارەی هاوەڵان و ئەو ناکۆکیانەی کەوتە نێوانیانەو هەروەها هەڵوێستی دەربارەی خانەوادەی پێغەمبەری خوا ﷺ - اهل البیت -.

پاشتر دەربارەی هەڵس و کەوتی لەگەڵ خەواریج و شیعەکان و قەدەریەکان دا دواوم، ئەمەو لەگەڵ ژیانی ناو کۆمەڵگەی، گرنگی دانی بە خێزان و منداڵەکانی و پرۆگرامی لە چۆنیەتی پەروەردەکردنی منداڵەکانیدا وەك هەڵبژاردنی مامۆستای و پەروەردەکاری باش و سالح بۆیان، دیاریکردنی پرۆگرامی زانستی و دیاری کردنی شێوازی فێرکردن، لەگەڵ دیاری کردنی کاتەکان و زانستە لە پێشترەکان و ڕەچاو کردنی کاریگەریيە پەروەردە و پرۆگرامە پەروەردەییەکەی و ڕەنگ دانەوەی لە (عبدالملك)ی کوڕیدا.

هەروەها باسی ژیان و گوزەرانیم کردووە لە ناو خەڵکیداو گرنگیدانی بە چاکسازی کۆمەڵگە، بەردەوام بە یادهێنانەوەی ڕۆژی دوایی، ڕاستکردنەوەی تێگەیشتنە چەوتەکان و بوار نەدانی بە زیندوو کردنەوەی دەمارگیری و خێلاتی، ڕێزدانانی بۆ ئەهلی چاکەو دانەوەی قەرزی قەرزاران و ئازاد کردنی دیلە موسلمانەکان و دەرکردنی پێداویستی هەژارو نەداران، پێدانی مارەیی و ژنهێنان بۆ گەنجەکان، هەوڵدانی بۆ نزیك کردنەوەی چینەکانی کۆمەڵگە لە یەکتری، هەڵس و کەوتی باشی لەگەڵ شاعیرەکان و گرنگی دانی گەورەی بە زانایان و هاوبەشییان لە سەرخستنی پرۆسە چاکسازیەکانیدا، چاودێر پاڵپشتی بوون لە بەرنامەو پرۆگرامە چاکسازی یەکەیدا، ئامۆژگاری بەردەوامی بۆی و ترساندنی لە گەورەیی بەرپرسیایتی یەکە و ئامادەیی تەواویان لە وەرگرتنی هەرکارێك یان پلەیەك کە عمر لە دەوڵەتەیدا پێ ی بسپاردنایە.

دەربارەی قوتابخانە زانستیەکانی سەردەمەکەی و سەردەمی دەوڵەتی ئومەوی بە گشتی دواوم، وەك قوتابخانەی شام و حیجازو عیراق و میسرو...هتد. دەربارەی

پڕۆگرامی شوێنکەوتوانی هاوەڵان و ـ تابعین ـ لە تەفسیر کردنیان بۆ قورئانی پیرۆز و هەوڵ و تێکۆشانیان لە پێناو خزمەت بە سوننەت و ڕۆڵی عمری کوڕی عبدالعزیز خۆیشی لە نوسینەوەیدا .

هەروەك ئاماژەم کردووە بۆ پڕۆگرامی پاك کردنەوەی دڵ و دەروون و ڕەوشت بەرزی لەلای تابعین و قوتابخانەکەی (حەسەنی بەسری) م بە نموونە هێناوەتەوە و لەسەری بە درێژی دواوم و باسی هەندێ لە قوتابیەکانیشیم کردووە وەك (ایوب السختیانی)مالیك ی کوڕی دینار و محمدی کوڕی واسیع،.

باسی خۆپارێزی (حسن البصری) م لە(اعتزال — کەنارگیری) کردووە لەگەڵ پەیوەندی حسن البصری بە عمری کوڕی عبدالعزیزەوە و ئەو پەیامانەی بۆی دەنارد و تیایاندا ئاکارەکانی پێشەوای دادپەروەری لە ڕوانگەی خۆیەوە بەیان کردبوو .. هەروەك باسی هەڵوێستی (عمر)م کردەوە لە هۆکارەکانی هەڵگرتنی ئابلۆقەی (قسطنطینیة) و گرنگی دانی بە بانگەوازێکی گشتگیری.

هەستا بە دانانی یاسای خۆ یەکلایی کردنەوە(تفرغ) بۆ بانگ خوازان و زاناکان و هانی بڵاو بوونەوەی زانست و فێر بوونی دەدا و ئوممەتی ئیسلامی لە گرنگیەکەی ئاگادارده کردەوە، هەستا بە ناردنی زاناو مامۆستایانی خواویست بۆ شیمالی ئەفریقیاو شوێنەکانی تریش تا خەڵکی لە ئیسلام و ئەرك و پێداویستیەکانی شەرعیان فێر بکەن و نامەشی بە مەبەستی بانگ کردنیان بۆ لای ئیسلام بۆ پاشاکانی هیندستان دەنارد و هانی گەلانی بێباوەری دەدا، تا بێنە ناو ئیسلامەوە.

یەك جێباسیشم تایبەت کردووە بە چاکسازیەکانی عمر لە بواری سامان و دارایی‌دا، سیاسەتە ژیرەکانی لە و بوارەدا و سوربوونی لە سەر جێگیرکردنی هەق و دادپەروەری و نەهێشتنی زوڵم و ستەم، دووبارە دابەشکردنەوەی ماڵ و سامانەکان بەسەر موسڵماناندا لەسەر بنەمای عەدل و دادپەروەری و شایستەیی.

هەستا بە پیادەکردنی سیاسەتێکی نوێ بۆ بەرەو پێشبردنی کشتو کاڵ و لەو هەنگاوەیدا بڕیاری دا ئەو زەویانەی کە خەراجین فرۆشتنیان قەدەغە بکات، گرنگی دەدا بە جوتیاران و باجی لەسەر سوك دەکردن، زیاتر هانی خەڵکی دەدا بۆ گرنگی

دان بە ناشتن و چاندن و زیندوو کردنەوەی ئەو زەویانەی کە مردوون.

پاشان هەستا بە هەندێ کاری زۆر ترسناك و گرنگ لەوانە بڕینی ئەو زەوی‌وزارانەی کە پێشتر تایبەت کرابوون بە خەلیفەکان و ئەمیری ناوچەکان و کوڕو خزم و کەس و کارەکانیان.

هەروەها دەزگای دادوەریم کردووە لەسەر دەمەکەیدا و بۆ چونە فیقهی‌یە تایبەتیکانیم باس کردووە وەك قەدەغە کردنی دیاری بۆ بەرپرسان و هەڵوەشانەوەی هەربڕیارو حوکمێك ئەگەر دەرکەوت بێچەوانەی دەقەکانی قورئان و سوننەتە.

دەربارەی سیاسەتە ئیداریەکانی قسەم کردووە و باسی والی یە بەناو بانگەکانیم کردووە و وە چۆن هەستاوە بە هەڵبژاردنی والی و کاربەدەستەکانی لە خەڵکانی خواناس و دەستپاك و چاکساز، وسەرپەرشتی کردنی خودی خۆی بۆ کارە ئیداریەکان و توانای گەورەی خۆی لەبواری نەخشە دانان و ڕێکخستن و شێوازی لە پاراستنی دەوڵەتەکەی لەگەندەڵی ئیداری، وەك زیادکردنی موچەی کاربەدەستان و پاراستنیان لە درۆکردن و وەرنەگرتنی هیچ جۆرە دیاری و بەخشش و زیادەڕەوی نەکردن لە خەرج کردندا و نەیهێشتوە والی و کاربەدەستەکانی هیچ جۆرە کاسبیەك بکەن، وهەستاوە بە دروستکردنی پردی پەیوەندی لە نێوان ئەو کاربەدەستانەو میللەتداو لێپرسینەوەی وردی هەبووە لەگەڵیاندا لە بواری پارەو سامان و (بیت المال)دا.

پاشان باسی زاراوەی یەك سەرچاوەیی دەسەڵات (المرکزیە)وئازادی فیدرالیەتی ـاللامرکزیەـ ی عمرم کردووە و گرنگی دانی بە بنەمای پەلەنەکردن و شێنەیی ـالمرونەـ و ترەخان کردنی کاتەکان لە خزمەتی دەوڵەت و میللەتدا، هەوڵەکانی بۆ دابەشکردنی کارە ئیداریەکان.

ئاماژەیشیم کردوە بۆ سوور بوونی عمر لەسەر جێ‌بەجێ‌کردنی گشت بەندەکانی شەریعەت بەسەر دەوڵت و ئوممەت و کۆمەڵگەکان و تاکەکاندا، ودەرکەوتنی ئاسەواری ئەو دەستگرتنەی بە حوکمەکانی قورئان و سوننەت و ڕێنموونی یە

جوانەکانی خەلیفە ڕاشیدەکان بە دەوڵەتەکەیەوە، وبەرقەرار بوونی ئاشتی و سەقامگیری و سەرکەوتن و رزگارکردنی وولاتان و سەربەرزی و بەرەکەت و خۆشگوزەرانی و لەگەڵ ئەم چاکسازە مەزنەشدا ژیاوم تا دوا ساتەکانی ژیانی و لە دونیا دەرچوونی.

دەرکەوتنی کەسایەتیەکی وەك عمری کوڕی عبدالعزیز لە قۆناغێکی مێژوویی نالەباردا، کە ئوممەتی ئیسلامی پێدا تێ دەپەڕی، وکۆشش کردنی لە پێناو گەڕانەوە بۆ ژیان لە ژێر سایەی شەریعەتی خاوێندا و ئاوێتە کردنی لەگەڵ ژیانی سەردەمی خەلیفە راشیدەکاندا وپابەندی تەواوی بە قورئان و سوننەوە، بەڕاستی دیاردەیەکی ناوازە بووە تەنها پاڵەوانێتی و لێبڕانی عمری کوڕی عبدالعزیز دەرناخات و بەس، بەڵکو بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، کە ئیسلام بەردەوام لەتوانایدا هەیە بگەڕێتەوە ناو کۆمەڵگەو سەرکردایەتی ژیانی سیاسیو یاسایی و شارستانیان بکات و کۆمەڵگەکە دار ژێنێتەوە لە ناو قالبی بەرنامەو بیرو باوەڕەکەیدا.[1]

خەلافەتی عمری کوڕی عبدالعزیز بەڵگەیەکی مێژوویی گەورەیە و وەڵامێکی دەمکوت کەری بەهێزە بۆ ئەو کەسانەی نە شارەزایی دەمدەکوتن بۆ ئیسلام و دەڵێن: هەر دەوڵەتێك لەسەر بنەمای ئیسلام و شەریعەت دابمەزرێت ئەوە دەبێتە هۆی کۆمەڵێ کێشەو قەیران و لە هەموو ساتێکدا ئەگەری ڕوخان و لەناوچوونی هەیە، دروست بوونی ئەو دەوڵەتەیش تەنها خەونە و هەرگیز نایەتەدی! بەڵام مێژوو بەرامبەریان دەوەستێت و پێیان دەڵێت :﴿ قُلْ هَاتُوا۟ بُرْهَـٰنَكُمْ إِن كُنتُمْ صَـٰدِقِينَ ﴾ البقرە: ١١١، واتە: دەی تەنها بەڵگەیەك بخەنەڕوو ئەگەر ڕاست دەکەن.

نورالدین ی زەنکی کە لە ساڵی ٥٦٨ ی کوچیدا وەفاتی کردوە، دووبارە لەسەر ئەو پڕۆگرامەی عمری کوڕی عبدالعزیز هەنگاوی هەڵناو و کردیە نموونەو سەرمەشق

١ـ في التاصيل الاسلامي للتاريخ . د. عمادالدين خليل — ل٦٢.

بۆ خۆی، هەوڵە چاکسازیەکانی بەرووبوومی هاتەدی و بوو بەهۆی هەستانەوەی ئوممەتی ئیسلام سەر لەنوێ، وتوانی سەرکەوێت بەسەر دوژمنە خاچ پەرستە داگیرکەرەکان و لەسەر دەستی قوتابیەکی زرنگ و پاڵەوان (صلاح الدين الايوبی) شاری قودسی رزگارکردەوە، خوای گەورە نموونەی زۆر بکات لەم بارەی ئەمڕۆشماندا.

ووشەی چاکسازی وەك چۆن موسڵمانە ڕاستەقینەکان لێی گەیشتوون نەك ئەو شێوەیەی دوژمنانی ئەم ئاینە پاکە بانگەشەی بۆ دەکەن ـ مەبەستی سەرەکی ناردنی پێغەمبەران بوو. لەلایەن خوای (عز وجل)ەوە، ئەوەتا شوعەیب عليه السلام ڕوو دەکاتە گەلە گومڕاو و گەندەڵەکەی لەبواری بیرو باوەڕداو پێیان دەڵێت : ئەی هۆزەکەم چی دەڵێن ئەگەر من ڕاست بکەم و لەلایەن خواوە نێررابم و خودا خۆی ڕۆزی باراندبێت بەسەرمداو نامەوێت شتێکتان پێ بڵێم و خۆم پێچەوانەکەی بکەم، من تەنها مەبەستم چاکسازی و چاکەی ئێوەیە بە پێی توانا و کۆمەك و پشتگیرم بەس خودایە و پشت بەو دەبەستم و بۆ لای ئەو دەگەڕێمەوە﴿ قَالَ يَٰقَوْمِ أَرَءَيْتُمْ إِن كُنتُ عَلَىٰ بَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّي وَرَزَقَنِي مِنْهُ رِزْقًا حَسَنًا ۚ وَمَآ أُرِيدُ أَنْ أُخَالِفَكُمْ إِلَىٰ مَآ أَنْهَىٰكُمْ عَنْهُ ۚ إِنْ أُرِيدُ إِلَّا ٱلْإِصْلَٰحَ مَا ٱسْتَطَعْتُ ۚ وَمَا تَوْفِيقِيٓ إِلَّا بِٱللَّهِ ۚ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَإِلَيْهِ أُنِيبُ ﴾ هود:٨٨.

ئەم کارە مەزنەیش، کە چاکسازی بەشەرەکانە ــ لە دوای پێغەمبەری خوا محمد ﷺ و چوار یارە ڕاشیدەکەی و پیاوانی زاناو دانای وەك عمری کوڕی عبدالعزیز کاریان بۆ کردووە، ئای کە ئوممەتی ئیسلام ئەمڕۆ چەندێ پێویستی بەوەیە کە ڕەچەو ڕێبازی ئەو چاکسازانە بزانێت هەر لە پێغەمبەری خوداوە ﷺ تا هەموو ئەو پیاوە مەزنانەی تر، چونکە ئەمڕۆ ئوممەتمان دووچاری دواکەوتوویی و سەرلێتێکچوون و پەرتەوازەیی و لاوازی و ژێر دەستەیی بووە .

گەڕانەوەمان بۆ لای فیقهی بزاڤی مێژووی ئیسلام بەرەو هۆکارەکانی هەستانەوەو سەرکەوین دەمانباتەوە وەك خاوەنی بیروباوەڕ و بەرنامە ڕوونی،

سەروەری شەرعی خوا لە وولاتدا، ودروست بوونەوەی سەرکردایەتیەکی رەببانی، کە نوور بڕوانێت و بەهێزی ئەوەوە بڕواتە مەیدانەوە، بەوگیانەوە لەگەڵ سوننەت و رێ رەوی خوداوە، هەڵس و کەوت بکات لە پەروەردەکردنی گەلان و دامەزراندنی دەوڵەت و لەناو بردنی.

زانینی هۆکاری بەهێز بوون و رووخانی گەلانی دونیاو نهێنیەکانی مێژوو، نەخشەو پلانەکانی دوژمنە بت پەرستەکان و جولەکەو بێباوەڕان و تاقمەکانی (الباطنية)و بیدعەچیەکان و، هەڵس و کەوتی شیاو لەگەڵ هەریەکە لەو تاقمانەدا.

مەسەلەکانی فیقهی ڕابوون و بەئاگا هاتنەوە و پرۆژەکانی هەستانەوەی درێژخایەن ئاڵۆزەو چووە بەناو یەکدا و کەس ناتوانێت پەی پێ بەرێت جگە لەو کەم کەس نەبێت کە بەجوانی لە قورئانەکەی پەروەردگار و سوننەتی پێغەمبەرە نازدارەکەی ﷺ گەیشتبن، پەیوەستیشیان کردبێت لەگەڵ فیقهی چوار خەلیفە راشیدەکە کەپیاوانی پێشینەی مەزن بۆیان نەقل کردووین، زانینی بەگشتی و تایبەتمەندیەکانی و هۆکاری هاتنەدی و هۆکاری تیاچوونی و سوود وەرگرتن لە مێژووی ئیسلامی و هۆکارەکانی هەستانەوە.

ئەو کاتە بۆی دەردەکەوێت ئەم ئوممەتە سەرکردایەتی و پێشەوایەتی خۆی لەدەست نەداوە مادام بەوەفا بێت بەرامبەر بە خوداو پێغەمبەرەکەی ﷺو بزانێت کە تێکشکانی سەربازی شتێکی سادەیەو دەڕوات، بەڵام شکستی فەرهەنگی (الثقافی) برینێکی کوشندەیە، رۆشنبیری راست و دروست تاکی موسڵمان پێ دەگەیەنێت و دواتر خێزانی موسڵمان و، پاشتر کۆمەڵگەی موسڵمان و بەدوایدا دەوڵەتی ئیسلامی دادەمەزرێنێت لەسەر پایەی بتەوی قورئان و سوننەت و رێڕەو رێنموونی سەردەمی راشیدین و ئەوانەشی بەرێڕەوی ئەواندا رۆیشتن، لێهاتوویی ئیسلام لەدامەزراندنی کۆشکی شارستانیەتی راست و دروست بوو بەهۆی ئەوەی، کە تا ئەمڕۆ قەڵای بەرزی ئیسلام وەك خۆی بمێنێتەوە، پاش هاوکاری و کۆمەکی و پارێزگاری خوای - عزوجل -.

ژیانی عمری کوڕی عبدالعزیز فـام و تێگەیشتنی دروسـتی ووشـەی چاکسازیمان پێ دەبەخشێت وەك چۆن قورئانی پیرۆز فەرمانی پێ دەکات و زانـا چاکسازەکانی ئیسلام بەدرێژایی مێژوو لێ ی حالّی بوون و جێ بەجێیان کردوە بەتـەواوەتی، نـەك ئەو تێگەیشتنە ڕۆژئاوایی یەی هاوچـەرخ، کـە ئاخنراوەتـە نێـو مێشکی سیاسـی و بڕیارە چاولێکەرەکانی ڕۆژ ئاواو و وای لێهاتووە کە وەك بەلگە نەویستی لێ هـاتووە لەلای زۆری لەنەوەی نوێی موسڵمانان، کە گوایە شۆڕش زۆر گشتگیری ترو فراوان ترە لە ووشەی چاکسازی کە یەکەمیان زۆر بە توندی بەزەبر و زەنگ بارێکی نـوێ دەهێنێتە کایەوە، بەلاّم ووشەی دووەمیـان کـە چاکسازیە گۆڕانکاریـەکی ڕیشەیی خاوی لەسەر خۆ دروست دەکات.

بـەلاّم زۆر ناحـالّین لـەوەی کـە چاکسازی بـەو مانایـەی قورئـان هێناویـەتی زۆر گشتگیری ترو فراوانترە لە ووشەی شۆڕش، چـونکە هەمیـشە دەیـەوێت مرۆڤایـەتی چـاکترو بـەرەو خـرابتر بـڕوات و تـەنها گـۆڕینی دەسـتەلاّتە بـە دەسـتەلاّتێکیتر و حاکمێك بە حاکمێکی تر.[١]

عمری کوڕی عبدالعزیز نموونەیەکی زیندووی چاکسازییە و سەر مەشقە بـۆ هـەر کەسێك بیەوێت لەسەر بەرنامەو پرۆگرامی پێغەمبەرانەو خەلیفـە راشـیدەکانی دوای ئەو هەنگاو بنێت، بەراستی دلّسۆزانەو لێبڕاوانە دەستی دایە کارە چاکسازیەکەی و خوای گەورەش سەرکەوتنی خستە ئەستۆی خۆی و وای کرد لە هەموو خـەلّکی کـە کارەکەی بە مەزن سەیر بکەن و باسی چاکەی بکەن.

هەروەك شاعیر احمد المهوی اللیبی دەلّێت:

فاذا احب الله باطن عبده ظهرت علیه مواهب الرحمن

واذا صفت لله نیة مصلح مال العباد علیه بـــالارواح

داوا کـارم لـە خـوای تعـالی، کـە ئـەم کـارەم لێـوەر بگرێـت و تـەنها لەبـەر ئـەو کردوومەو بۆ سوودو کەلّکی بەندەکانی، پاداشتی من و هەموو ئەوانەیشی هاوکاریان

١ـ اثر الامام محمد بشیر الابراهیمي (٦/٢).

کردم لە بڵاو کردنەوەیدا بداتەوە.

هـەروەك داوام وایـە لـە هـەموو خوشـك و برایـەكی موسـڵمان كـە ئـەم كتێبـەم دەخوێننەوە ئەم بەندە هەژارو داماوەی ڕەحمەت و لێبوردنی پەروەردگاریان لـەبیر نەچێت لە دوعاكانیاندا.

﴿رَبِّ أَوْزِعْنِىٓ أَنْ أَشْكُرَ نِعْمَتَكَ ٱلَّتِىٓ أَنْعَمْتَ عَلَىَّ وَعَلَىٰ وَٰلِدَىَّ وَأَنْ أَعْمَلَ صَٰلِحًا تَرْضَىٰهُ وَأَدْخِلْنِى بِرَحْمَتِكَ فِى عِبَادِكَ ٱلصَّٰلِحِينَ﴾ النمل: ١٩.

سبحانك اللهم وبحمدك اشهد ان لااله الاانت استغفرك واتوب اليك، واخر دعوانا ان الحمد لله رب العالمين

بەندەی هەژارو موحتاج بە ڕەحمەتی پەروەردگاری

علی محمد الصلابی

بەشی یەکەم

لەدایك بوونەوە، تا خەلافەت

یەکەم: ناو وشورەت و نازناو و خانەوادەکەی

ناوی عمری کوڕی عبدالعزیز ی کوڕی مەروانی کوڕی حەکەمی کوڕی ئەبی عاصی کوڕی کوڕی ئومەیەی کوڕی عبدشمس ی کوڕی عبدالمناف.

پێشەوای و زانای لێهاتووی دونیا نەویستی خواناس و، بەڕاستی ئەمیری باوەڕداران، (ابو حفص القرشی الاموی المدنی)، پاشان (المصری) خەلیفەی دونیا نەویستی راشید - سەرشکاوی بەنی ئومەیەو،[1] لە پێشەوایانی (ئیجتهاد) و لە خەلیفە راشیدەکان بووە.[2]

ڕەوشت جوان و شێواز جوان بووە، بەتەواوی ژیر بووە، هەڵس و کەوت بەرز بووە، سیاسەت مەداری لێهاتوو بووە، سوور بووە لەسەر دادپەروەری بە هەموو توانایەکی یەوە، فەرهەنگێکی زانیاری بووە، وشارەزابووە، وزیرەك و تێگەیشتووی خاوێن بووە، زۆر خواناس و تەوبەکار بووە، وزۆر بەبەندایەتی کاربووە بۆ خودا، لەگەڵ خەلافەتەکەیدا زۆر دونیا نەویست بووە، زۆر هەق بێژ بووە لەگەڵ کەمی هاوکارانیدا، زۆری فەرمانڕەوا ستەمکارەکان ئەوانەی لەێی قاس بوون و خۆیان بۆ دەخواردەوەو ڕقیان لە هقبێژییەکەی بوو، گرتنەوەی مووچەو مانگانەکانیان و لێسەندنەوەی زۆرێ لەو شتانەی دەستیان کەوتبوو بە ناڕەوا، بەردەوام پیلانیان بۆ دادەنا تا ئەوە بوو لە ئاکامدا دەرمان خواردیان کردوو گەیشتە پلەی شەهیدی و بەختەوەری.

١ـ سیر اعلام النبلاء (١٤٤/٥) .

٢ـ هەمان سەرچاوە (١٤٤/٥)

لەلای زانایانی ئیسلام بە یەکێ لە خەلیفە ڕاشیدەکان دادەنرێت و یەکێ لە زانا کردەوە کارەکان[١] و ئەو پیاوە ڕەحمەتی خوای لێ بێ — زۆر ڕەوانبێژو قسە زان بووە[٢]

١- **باوکی عمر:** باوکی ناوی عبدالعزیزی کوڕی مەروانی کوڕی حەکەم بووە، ویەکێ بووە لە فەرمانڕەوا چاکەکانی ئومەویەکان، زۆر ئازاو بەخشندە بووە، وزیاتر لە (٢٠) ساڵ فەرمانڕەوای میسر بوە.

ئەو پەڕی خۆپارێز بووە لە گوناە و حەرام بە بەڵگەی ئەوەی کە کاتی ویستی ژن بخوازێت بە خزمەتکارەکەی ووت: لە پارەو ماڵی حەلاڵم (٤٠٠) دینار جیابکەرەوە — ئەوەی بە دەستی خۆم پەیدام کردبێت — چونکە دەمەوێت لە خانەوادەیەك ژن بخوازم کە زۆر چاك و چاکسازن.[٣]

ئەوە بوو (ام عاصم) ی کچی عاصمی کچی عمری کوڕی خطابی خواست ﷺ کە کچە زای ئەمیری باوەڕداران عومەری کوڕی خطابە، هەندێکیش دەڵێن ناوی (لیلی) بووە.[٤]

هەروەك چۆن بنەماڵەی عمری کوڕی خطاب ژنیان پێ نەدەدا ئەگەر نەیانزانیایە پیاوێکی باش و ئەهلی چاکەو چاکسازیە، هەر لە لاوێتی دا کوڕێکی ڕەوشت بەرز بووە، لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام لەهەوڵی دەست خستنی زانست و زانیاریدا بووەو گرنگی تایبەتی بە فەرموودە پیرۆزەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ داوە، ولە خزمەت هاوەڵی بەڕێز ئەبوهورەیرو هاوەڵانی تردا بووە و فەرموودەی لێبیستوون، تەنانەت پاش ئەوەش کە بوو بە والی میسر داوای کرد لە (کثیر) کوڕی (حرة) لە شام چی فەرموودەی پێغەمبەری خوای بیستووە بۆی بنێرێت جگە لە فەرموودەکانی لای

١- سیر اعلام النبلاء (١٢٠/٥).
٢- هەمان سەرچاوە (١٣٦/٥).
٣- الطبقات الکبری (٣٣١/٥).
٤- عبدالعزیز بن مروان وسیرته واثره فی احداث العصر الاموی لا ٥٨.

ئەبوهورەیرە، چونکە دەیووت: ئەوانە لەلای خۆم هەن.[1]

باوکی عمر دڵی بۆ کاری زۆر گەورە لێ دەدا، هەر لە لاوێتییەوە و تا پاش والێتی. کاتێ لە لاوێتی دا بە ماڵەوە چوونە میسرو ئەو کوڕێکی گەنج بوو هەر بەو منداڵییەوە دڵی بۆ والێتی لێ دەدا، دواتریش دەستی کەوت، پاشان ئارەزووی دەرماڵداری و نان بەخشینی تێدا دروست بوو، ئەوەبوو بوو بە بەخشندەترین ئەمیرەکانی دەوڵەتی ئومەوی،[2] و هەموو ڕۆژێك لە دەوروبەری ماڵەکەیدا سفرەی دەڕازاندەوە و هەزار سینی خواردنی دەدا بە هەژاران و (١٠٠) سینی خواردنیشی بە ناو هۆزەکاند دەگێرا.[3] و لە بەخشندەیی یدا دەڵێت: (ئەگەر کەسێك بوارم بدات دەستێکی یارمەتی بۆ درێژ بکەم گەورەتر و چاکترە لەلام لەوەی من دەستم هەبێ لەلای ئەو).[4]

مێژوونووسەکان زۆر وەسفی ماڵ بەخشینەکانی عبدالعزیزیان کردووە، ئەو ماڵبەخشین و دەست و دڵ جوانی یەش بەڵگەی تەواوی ئەوەیە کە یەقینی تەواوی بەوە هەبوو کە چی ببەخشیت خوای گەورە دەیخاتەوە شوێنەکەی و جێگەی پڕ دەکاتەوە، لە ووتەیەکیدا دەڵێت : (عجبت لمؤمن یؤمن ان الله یرزقه ویخلف علیه، کیف یحبس ماله عن عظیم اجر وحسن ثناء؟!) واتە: لە باوەڕدارێك سەرسام دەبم کە باوەڕی وایە خوا ڕۆزی دەدات و شوێنی خێرکردن پڕ دەکاتەوە کەچی ماڵ نابەخشێت و پاداشتی گەورەو وەسفی چاکە لە دەست خۆی دەدات ؟! کەسێك بوو لە خوا ترس بوو، لە خوا ترسییەکەیشی بە ووتەیدا دەردەکەوێت، کە لەسەرە مەرگدا ووتوویەتی: ((وددت انی لم اکن شیئا مذکورا، لوددت انی اکون هذا الماء الجاری او نبتة بارض الحجاز))، واتە: ئاواتە خوازبووم من هەر باس و خواستم نەبوایە، زۆر بە ئاواتەوەم ئەو ئاوە بوومایە کە دەڕوات یان درەختێك بوومایە لە

١ـ سیر اعلام النبلاء (٤/٤٧).

٢ـ الولاة وکتاب القضاة للکندی لا٥٤.

٣ـ معجزة الاسلام خالد محمد خالد لا٥٥

٤ـ الخطط للمقریزی (١/٢١).

دەشتی حیجازدا:[١]

٢ـ دایکی عمر: (ام عاصم) کچی عاصم کوڕی عمر کوڕی خطاب ﷺ و باوکی عاصم ی کوڕی عمری کوڕی خطابە، شارەزاو زانا، بە (ابو عمرو القرشی العدوی) ناو بانگی دەرکردبوو، لە ڕۆژەکانی سەردەمی ژیانی پێغەمبەردا لە دایك بووە و لە باوکی یەوە فەرموودەی گێڕاوەتەوە، دایکیشی ناوی جەمیلەی کچی (ثابت)ی کوڕی (ابی الاقلع)ی ئەنصاری یە، پیاوێکی کەڵەگەت بووە و لە ڕیزی پیاوە بەرزەکاندا بووە لەموسڵمانەتی و چاکەو خواناسیدا،ڕەوانبێژ،زمان پارا و، شاعیر بووە، باپیری خەلیفە عمری کوڕی عبدالعزیز بووە لە دایکەوە، لەساڵی ٧٠ی کۆچی یدا گیانی سپاردووە و (ابن عمر) ی برا بۆی گریاوەو بەشیعرەوە ووتوویەتی:

فلیت منایا کن خلفن عاصما   فعشنا جمیعا او ذهبن بنا معا [٢]

واتە : خۆزگە مردن عاصمیان نەبردایە تا هاوژین و، یان پێکەوە بمردینایە

بەڵام داپیرەی لەلای دایکی یەوە، خاوەنی هەڵوێستێکی مەزنە لەگەڵ عمر بن الخطابدا ﷺ لە عبدالله کوری زوبەیری کوڕی ئەسلەمەوە و ئەویش لە ئەسلەمی باپیریەوە دەگێڕێتەوەو دەڵێت: جارێکیان من و عمری کوڕی خطاب لە شەودا بەناو کۆڵانەکانی مەدینەدا دەگەڕاین، تا عمر ﷺ شەکەت بوو لە لای دیوارێکدا شانی داهێڵا، تا کەمێ بحەوێتەوە، لەو کاتەدا گوێمان لێبوو ئافرەتێك بە کچەکەی دەووت: کچی خۆم، هەستە بڕۆ ئاو بکەرە ناو شیرەکەوە کچەکەی ووتی: ئەی نازانی عمری کوڕی خطاب چ بڕیارێکی دەرکردووە؟ ووتی: نازانم چ فەرمانێکی دەر کردووە؟ کچەکەش ووتی: جارچیەکەی جاڕی داوە، کە هیچ کەس نابێت ئاوبکاتە ناو شیرەوە. دایکیشی پێی ووت: کچی خۆم هەستەئاوەکە بکەرەناو شیرەکە، ئێستا کەی عمرو جارچی یەکانی ئاگایان لێیە.

١ـ البدایة والنهایة لە – عبدالعزیز بن مروان – لا٥٦٧ وەرگیراوە.
٢ـ سیر اعلام النبلاء (٩٧/٤).

کچەکەیش ووتی: وەڵڵاهی دایەگیان من لەناو خەڵکدا بە قسەی ناکەم و لە چۆڵەوانیدا قسەی بشکێنم، عمریش گوێی گرتووە بۆ ئەم گفتو و گۆیە و ڕووی کردە (ئەسلەم) و پێ ی ووت: ئەی ئەسلەم ئەم دەرگایەم بۆ دیاری بکەو شوێنەکەت لێ تێك نەچێت، پاشان چوون بەدەم گەڕانەکەیانەوە. کاتێ ڕۆژ بوویەوە ووتی: ئەسلەم بڕۆ بۆ ئەو جێگایە و بزانە کێ ئەو ووتەیەی ووتووە، کێیش ئەو وەڵامەی داوەتەوە؟ وەئایا بزانم مێردی هەیە؟ و منیش چووم بۆ ئەو ماڵەو دەبینم کچەکەی شوینەکردوە و دایکیشی مێردی نەماوە، گەڕامەوە بۆ لای عمر و هەواڵەکەم پێ دا، ئەویش کوڕەکانی کۆکردەوە و پێی ووتن کامتان ئەتانەوێت ژن بهێنن با ژنی بۆ بهێنم؟ و عاصم ووتی: باوکە گیان من ژنم نییە، ژن بۆ من بهێنە، جوابی نارد بۆ ئەو کچە و هێنای بۆ عاصم و کچێکیان بوو، لەو کچەیش عمری کوڕی عبدالعزیز بوو.[١]

دەگێڕنەوە شەوێکیان عمری کوڕی خطاب رضي الله عنه خەوی بینی و لە سبەینێدا ووتی: خۆزگە ئەو خاوەن نیشانەیە کێ بێت لە نەوەکانی من کە زەوی پڕ دەکات لە دادپەروەری هەروەك چۆن پڕ کراوە لە زوڵم و ستەم.[٢]

عبدالله ی کوڕی عمر رضي الله عنهما دەیووت : بنەماڵەی خطاب وا گومانیان دەبرد کە بیلال ی کوڕی عبدالله ئەو کەسەیە کە لە خەودا مژدەیان داوە بە عمر بەو نیشانەیەدا کە پێوەی بوو، تا ئەوەبوو عمر ی کوڕی عبدالعزیز هاتە دونیاوە[٣] ـــ واتە دەرکەوت ئەوە نەك بیلال ـ

٣ـ شوێن و ساڵی لەدایك بوونی عمر: زاناکان جیاوازیان هەیە لە مێژووی لە دایك بوونەکەی، بەهێز ترینیان ئەوەیە کە لەساڵی ٦١ ی کۆچی دا لە دایك بووە ئەم ڕاستیە پەسند کراوە چونکە ساڵی ١٠١ ی کۆچی وەفاتی کردوەو هەموو مێژوو

١ـ سیرة عمر، ابن عبدالحکم لا ١٩–٢٠ وسیرة عمر لابن الجوزی لا ١٠.

٢ـ سیر اعلام النبلاء (١٢٢/٥)

٣ـ هەمان سەرچاوە.

نوسانیشلەسەر ئەوەن کە لە تەمەنی (٤٠) ساڵیدا کوچی دوایی کردووە.[١]
هەندێ لەسەر چاوەکان باس لەوە دەکەن کە لە میسر لە دایك بووە، وئەمەش رایەکی لاوازە، چونکە عبدالعزیزی باوکی لەساڵی (٦٥)ی کۆچیدا بوو بە والی میسر، پاش ئەوەی مەروانی کوڕی حەکەم لە عبداللە ی کوڕی زبیرﷺ سەندەوەو عبداللە ی کوڕی کرد بە والی ئەوێ . و هیچ سەرچاوەیەکیش ئاماژە بۆ ئەوە ناکات کە عبدالعزیز پێش بە والی بوونی لەمیسر ژیا بێت؛ بەڵکو خۆیی و بنە ماڵەکەی کە (بنی مروان)ە لە مەدینە ژیاون.[٢] (الذهبی) دەڵێت: لەسەر دەمی یەزید دا لە شاری مەدینەدا لە دایك بووە.[٣]

٤ ـ **سەرشکاوی بەنی ئومەیی یە:** عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله نازناوی دەرکردبوو بە (اشج بنی مروان) واتە سەرشکاوی بەنی ئومەیىیە، ئەوەش لەبەر ئەوە بوو کاتێ منداڵ بوو، چووبووە ناو گەوڕەکەی باوکی کە والی میسر بوو — بۆ سەیری ئەسپ و یەکێکیان لە قەیەکی لێداو سەری شکاند، باوکیشی خوێنەکەی دەسڕی و دەیووت : ئەگەر تۆ سەر شکاوی بەنی ئومەیىیە بی ئەوە کەسێکی بەختەوەریت.[٤]
کاتێ (اصبغ)ی برای شوێنی شکانەکەی سەری بینی ووتی: الله الکبر ئەمە سەرشکاوەکەی بنی مروانە کە دەبێتە پادشا، وعمری کوڕی خطابﷺ وتوویەتی : لە نەوەکانی من پیاوێك دێت بە دەم و چاویەوە شوێنەوارێکی شکان هەیە و زەوی پڕ دەکاتەوە لە عەدل و دادپەروەری.[٥]
عمرالفاروق ﷺ کاتی خۆی خەوێکی لەو بارەیەوە بینی و کەسانی تریش دوای خۆی هەمان خەویان بینیبوو، تا وایان لێهاتبوو ئەو هەواڵە بوو بوو بە شتێکی

١ـ البدایة والنهایة (١٢/٦٧٦).
٢ـ الاثار الواردة عن عمر بن عبدالعزیز (١/٥٤).
٣ـ تذکرة الحفاظ (١/١١٨–١٢٠).
٤ـ البدایة والنهایة لە فقه عمر بن عبدالعزیز وەرگیراوە (١/٢٠).
٥ـ المعارف لابن قتیبة لا٣٦٤.

مەشهورو هەموویان بە تەمابوون ئەو کەسە دەربکەوێت چونکە بە ووتەکەی باوکی عمر و (اصبغ) ی برایدا دەردەکەوێت.[١]

٥ـ براکانی عمر: عبدالعزیزی کوڕی مەروان (١٠) کوڕی هەبووە، کەئەمانەن : عمر و ئەبوبەکر و محمد و عاصم و، ئەمانە لە بلابوون، لەیلایش کچی عاصم ی کوڕی عمری کوڕی خطاب بوو، لە خێزانی تریش شەش کوڕی هەبووە، ناوەکانیان: (الاضبع) سەهل و سوهەیل و (ام الحکم)و زبَّان و ام البنین.[٢]، دایکی عمر بەعاصم شورەتی دەرکردوە و پێیان وتووە (ام عاصم).[٣]

٦ـ منداڵەکانی عمر رحمه الله: عمری کوڕی عبدالعزیز (١٤) کوڕی هەبووە، لەوانە: عبدالملك و عبدالعزیزو عبدالله و ابراهیم و اسحاق و یعقوب و بکرو ولیدو موسیو عاصم و یزیدو زبَّان و عبدالله.[٤]

سێ کچی هەبووە، ئامینەو (ام عمار)و (ام عبدالله)و کاتێ عمر ی کوڕی عبدالعزیز گیانی سپارد هیچ میراتێکی بۆ بەجێ نەهێشتن جگە لە هەندێ پارەی کەم و کوڕەکان تەنها(١٩) دەرهەمیان بەر کەوت، لە کاتێکدا تەنها یەکێك لە کوڕەکانی هشام ی کوڕی عبدالملك هەزار هەزار ـــ ملیون ـــ ی بەرکەوت، کەچی چەند ساڵێکی کەم تێنەپەڕی یەکێ لە کوڕەکانی عمریان بینی کە لە یەك ڕۆژدا(١٠٠) ئەسپی بە بارەوە دەبەخشی لە ڕێگەی خودا و لە هەمان کاتدا کوڕێکی هشامیان بینی لە کەعبەدا خەڵکی خێریان پێ دەکرد ! دەی پاك و بێگەردی بۆ پەروەردگاری جیهان.[٥]

١ـ فقه عمر بن عبدالعزیز د. محمد شقیر (٢٠/١).

٢ـ المعارف لابن قتیبة، لا ٣٦٢.

٣ـ فقه عمر بن عبدالعزیز (٢٢/١).

٤ـ فقه عمر بن عبدالعزیز (٢٣/١).

٥ـ سیرة عمر بن عبدالعزیز لابن الجوزی لا٢٣٨.

٧ـ **خێزانەکانی:** عمر لە شاری مەدینەدا گەورەبوو، رەوشتی بەرزی خەڵکی ئەو شارەی وەرگرتبوو، زاناکان کاریگەریان لەسەر دانابوو و ئەویش بە لێبڕانەوە دەستی کرد بە وەرگرتنی زانست لێیانەوە، هەمیشە لەگەڵ زاناو پیاو ماقوڵەکانی قورەیشدا دادەنیشت و لە پیڕی گەنجان خۆی بەدوور دەگرت، ورەوشتی بەو جۆرە بوو تا ناوبانگی دەرکرد، وکاتێ باوکی مرد، مامەی عبدالملك ی کوڕی مروان کە ئەمیری باوەڕداران بوو هێنایە لای خۆی و خستیە ناو کوڕەکانی خۆی، لە زۆر بەیشیان خۆشتری دەویست و کچەکەی خۆیشی کە فاطمەی ناوبوو لێی مارە کرد.[١]

فاطمە ئافرەتێکی زۆر صالح و خواویست بوو، عمری هاوسەری زۆر کاریگەری تێکردبوو، تا وای لێکرد لەگەڵ ئەوەدا کە کچە پاشا بوو ، بەڵام هەموو خۆشی دنیای خستە ئەولاوەو لەبەر خاتری خوای گەورە عمری کوڕی عبدالعزیزی هەڵبژارد. و لەبارەیەوە شاعیرێك دەڵێت :

بنت الخليفة والخليفة جدها اخت الخلائف والخليفة زوجها

واتە: کچە خەلیفە بوو باپیریشی خەلیفە بوو خوشکی خەلیفان و خەلیفەش هاوسەری بوو.

مانای ئەم شیعرەش ئەوەیە، کە کچی خەلیفە عبدالملك ی کوڕی مروان بوو و باپیریشی خەلیفە مروانی کوری حەکەم بوو، هەروەك خوشکی کۆمەڵێ خەلیفە بوو لەوانە: وەلید و سلیمان و یزید و هشام ی کوڕانی عبدالملك کە هەموویان خەلیفە بوون و هاوسەرەکەشی خەلیفە عمری کوڕی عبدالعزیزرحمه الله بوو، تا هەندێ وتوویانە: ئەمڕۆ هیچ ئافرەتێکی موسڵمان ئەو سیفەتانەی فاطمەی تێدا نییە.[٢]

فاطمە ش لە عمر سێ کوڕی بووە، ئیسحاق و یەعقوب و موسا.

خێزانەکانی: لەمیس ی کچی عەلی کوڕی حارث، کە عبدالله و بکر و (ام عمار)ی لێ بووە، خێزانێکی تری بەناوی(ام عثمان)ی کچی شوعەیب و زەبان و لەو خێزانەی

١ـ البداية والنهاية (١٢/٦٨٠).
٢ـ البداية والنهاية (١٢/٦٨٠).

(ئیبراهیمی) لێ بوو.

منداڵەکانی عمر: عبدالملك و ولید و یزید و زبان و امینه و (ام عبدالله) و دایکیشیان (ام الولید) بووە.[١]

٨ـ شێوازی عمر: عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله پێستی ئەسمەر بووە و دەمو و چاو باریك و زۆر جوان، لاشەیشی لاواز بووە، ریشی جوان بووە، چاوی قوڵ بووە، لە نەخشی توێلیدا شوێنەواری لەقەی ئەسپەکەی پێوە دیار بووە، کە لەشێوەی هێلێکی کورتدا بوو[٢] . ، بەڵام لە ریوایەتێکی تردا دەڵێن : دەم و چاوی باریك و سپی پێست بووە و لەشیشی لاواز بووە و ریشی جوان بووە.[٣]

دووەم: هۆکارەکانی دروستبوونی کەسایەتی عمری کوڕی عبدالعزیز

١ـ کاریگەری خێزانی:

عمر رحمه الله لە شاری مەدینەدا گەورەبوو، کاتی فام و ئاوەزای گرت هەر بە منداڵی سەردانی عبدالله ی کوڕی عمری کوڕی خطابی دەکرد. کە مامەی دایکی بوو، کاتێ دەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە بەدایکی دەووت: زۆر حەز دەکەم وەك خاڵم لێ بێت مەبەستی ـ ابن عمر ـ بووە، هەناسەی بۆ هەڵکێشاوە، ودایکیشی پێ ی ووتووە: لەبەر چاوم وون بە، تۆ دەتەوێت وەك خاڵت بیت؟!. چەند جارێك ئەمەی دووبارەوە دەکردەوە.

کاتێ گەورە بوو، باوکی کرا بە والی میسر و بە ماڵەوە رۆشتن بۆ ئەوێ، لەوێ نامەی ناردەوە بۆ(ام عاصم)ی خێزانی تا خۆی و عمری کوڕی بێنن بۆ لای بۆ میسر...(ام عاص) میش نامەکەی دایە دەستی مامەی ـ عبدالله ی کوڕی عمرـ ، ئەویش پێی ووت: خۆتی پێبگەیەنە ئەوە هاوسەرتە و کاتێ (ام عاصم) خۆی خستە ڕێ،(عبدالله) چووەڕێگەی و پێی ووت: ئەم منداڵەمان لەلا بەجێ بهێڵە .

١ـ سیرة عمر بن عبدالعزیز لابن الجوزی لا ٣١٤ , ٣١٥.

٢ـ الاثار الواردة عن عمر بن عبدالعزیز فی العقیدة (٥٨/١).

٣ـ الکتاب الجامع لسیرة عمر بن عبدالعزیز (١١/١).

مەبەستی عمر بوو، چونکە لە هەمووتان زیاتر شێوەی دەچێتەوە سەر بنەماڵەکەمان ـ ئال خطاب ـ و ئەویش دڵی نەشکاندو عمری لەلا بەجێ هێشت.

کاتێ گەیشتە میسر، یەکسەر عبدالعزیز ی هاوسەری بۆ عمری ڕوانی، بەڵام نەیبینی، بۆیە بەسەر سوڕمانەوە پرسی : ئەی عمر کوا ؟ و ئەویش مەسەلەکەی (ابن عمر)ی بۆ باس کرد و داوا کاریەکەی (ابن عمر) و ووتەکەشی کە ووتی لە بنە ماڵەکەمان دەکات، عبدالعزیز بەو هەواڵە زۆر دڵخۆش بوو، بۆیە نامەی نووسی بۆ عبدالملك کوڕی مەروانی برایی و هەواڵەکەی بۆ باس کرد، عبدالملك یش بڕیاریدا هەموو مانگێ (١٠٠٠) دیناری بۆ ببڕێتەوە، پاشان دواتر (عمر) بە ویستی خۆی گەڕایەوە بۆ لای باوکی لە میسر.[١]

ئا بەو جۆرە عمرﷺ لەسەر دەستی خاڵۆکانی پەروەردە کرا و لە نێوان خانەوادەو بنە ماڵەی عمری کوڕی خطاب داﷺ و گومانیشی تێدا نیيە کە کاریگەری ئەو خانەوادە پیرۆزە بەتایبەتی و کۆمەڵگەی هاوەڵانی بەڕێزی پێغەبەری خواﷺ بە گشتی لەسەر بووە.[٢]

٢ـ گرتنی ڕێگای زانست و زانیاری و لەبەر کردنی قورئانی پیرۆز:

عمری کوڕی عبدالعزیز هەر لە منداڵیيەوە بەهرەی ئەوەی پێبەخشرابوو کە حەزی بووە لە زانست و خوێندنەوە و ووتوو وێژ لەگەڵ زاناياندا، و بەردەوام لە دانیشتن و وانەکانی هاوەڵان دوا نەدەکەوت لە شاری مەدینە کە لەو کاتەدا ئەوی منارەی زانست و چاکسازی بوو، وجمەی دەهات لە زانا و دانا و شەرع زانان و چاکسازان و پیاوچاکان.

هەر لەسەر دەمی منداڵی یەوە شەیدای زانست بوو بوو، هەر کە نیشانەی پێگەیشتنی لێدەرکەوت حەزێکی پڕ تاسەیشی لە وەرگرتنی زانست و زانیاری تێدا دەرکەوت.[٣]

١ـ سيرة عمر لابن عبد الحكم لا٢٤-٢٥.

٢ـ الاثار الواردة عن عمر بن عبدالعزيز فى العقيدة (٥٦/١).

٣ـ البداية والنهاية (٦٧٩/١٢).

هەر بە منداڵی هەموو قورئانی خوێندوو لەبەریشی کرد، چونکە خاوەنی بیر و هۆشێکی ساف و بێگەرد و توانایەکی لە ڕاددەبەدەر بوو، لەلایەك و لەلایەکی ترەوە خۆی یکلایی کردبوویەوە بۆ ئەو بوارەو هەموو هەوڵ و کۆششێکی دەستخستنی زانست و زانیاری بوو.

قورئانی پیرۆز زۆر کاری تێکردبوو، لە تێڕوانینی ئایەتەکان بۆ خوداو ژیان و گەردون و بەهەشت و دۆزەخ و قەزاو قەدەرو کارەساتی مردن، هەموو جارێ باسی مردن بکرایە لەلایدا دەستی دەکرد بە گریان لەگەڵ کەم تەمەنی و منداڵیەکەیدا، تا دایکی بەو گریانانەی زانیبوو بۆیە جوابی بۆ ناردو کاتێ هاتەوە پێ ی ووت: کوڕم بۆچی دەگریت؟ عمر رضي الله عنه ووتی: بیرم لە مردن کردەوە، لەگەڵ بیستنی ووتەکەیدا دایکیشی دەستی کرد بەگریان.[١]

بەردەوام لەگەڵ قورئاندا ژیاوە و بیری لە ئایەتەکان کردۆتەوە و بە ووردی فەرمانەکانی جێبەجێ کردوە.

هەندێ لە هەڵوێستەکانی لە خزمەت قورئاندا:

أ - (ابن ابی ذیب) دەڵێت : هەندێ لەو کەسانەی لە خزمەت عمری کوڕی عبدالعزیزدا ژیاون بۆیان باس کردووم کە کاتێ ئەمیری شاری مەدینە بووە، پیاوێك لەلایدا قورئانی خوێندوە و گەیشتۆتە ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت: ﴿وَإِذَآ أُلۡقُواْ مِنۡهَا مَكَانًا ضَيِّقًا مُّقَرَّنِينَ دَعَوۡاْ هُنَالِكَ ثُبُورًا﴾ الفرقان: ١٣، واتە: (کاتێ ئەو کەسانەی ئەم قورئانەیان بەدرۆ خستەوە لە ڕۆژی قیامەتدا دەخرێنە ناو زیندانێکی زۆر تەسکەوە لەناو ئاگردا دەست و ملیان پێکەوە کۆت کراوە،لەوکاتەدا هاوار ئەکەن و دوعا لە خۆیان دەکەن وا سەرپێچی خوای گەورەیان کرد لە دنیا ...)

لەو کاتەدا عمر رحمه الله دەست دەکات بە گریان و هاوار و بۆڕەی بەرز دەبێتەوەو، لە شوێنەکەی خۆی هەڵدەستێت و دەڕواتەوە بۆ ماڵ و خەڵکەکەش بڵاوەی لێ دەکەن.[٢]

١- البداية والنهاية (١٢/٦٧٨).

٢- الرقة والبكاء لابن ابی دنیا ژ٨٣

ب ـ (ابی مودود) دەڵێت: پێم گەیشتووە کە عمری کوڕی عبدالزیز ڕۆژێکیان ئەم ئایەتەی دەخوێندەوە: ﴿وَمَا تَكُونُ فِي شَأْنٍ وَمَا تَتْلُوا مِنْهُ مِن قُرْءَانٍ وَلَا تَعْمَلُونَ مِنْ عَمَلٍ إِلَّا كُنَّا عَلَيْكُمْ شُهُودًا﴾ یونس: ٦١، دەستی کرد بە گریانێکی بە کوڵ تا هەموو ماڵەوە گوێیان لە گریانەکەی بوو، فاطمەی بۆ لای و ئەویش بەگریانەکەی ئەو دەستی کرد بە گریان و دواتر هەموو خەڵکی ماڵەکە دەستیان کرد بەگریان، (عبدالملك) یش هات و دەبینێ هەموو دەگرین، بۆیە ووتی: باوکە گیان بۆچی دەگریت ؟ عمررحمه الله ووتی: خێرە کوڕی خۆم، باوکت ئاواتە خواز بوو ئەو دنیای بناسیایە و نە دنیایش ئەوی بناسیایە، وەڵڵاهی کوڕی خۆم زۆر ترسام خوای گەورە لەناوم بەرێت، وەڵڵاهی کوڕی خۆم زۆریش ترسام یەکێك بم لە خەڵکی ئاگری دۆزەخ.[1]

مانای ئەو ئایەتەی سەرەوەش ئەویە: خوای ـ عزوجل ـ پێغەبەرەکەی ئاگادار دەکاتەوە، کە لەهەموو هەڵس و کەوتێکی ئەو و ئوممەتەکەی و هەموو دروستکراوەکانی و لەهەموو ساتێکدا ئاگادارە، ئەوەندەی قورسایی ئەتۆمێکی لێ وون نابێت لەنێو ئاسمانەکان و زەویداو لەشوێنی تایبەتیدا هەمووی تۆمار کردووە.

ج ـ لە (عبدالاعلی) ی کوڕی (عبدالله العنزی) وە دەگێڕنەوە دەڵێت : عمری کوڕی عبدالعزیزم بینی لەکاتی جومعەدا بوو دەستێ جلی لەبەردابوو کاڵ بوو بوویەوە و لە دوایشیەوە پیاوێکی حەبەشی دەڕۆیشت و کاتێ گەیشتە خەڵکەکە پیاوەکە لە جێی خۆی دانیشت و عمریش کە لە ریزەکاندا دەگەیشتە دووکەس پێی دەووتن : کەمێ مەجالم بدەن ڕەحمەتتان لێبێت، تا گەیشتە مینبەرەکەی، ووتارێکی دا و ئەم ئایەتەی خوێندەوە : (اذا الشمس کورت) ووتی : خۆر ئیشی چی یە؟! ﴿وَإِذَا ٱلنُّجُومُ ٱنكَدَرَتْ﴾، تا گەیشتە ﴿وَإِذَا ٱلْجَحِيمُ سُعِّرَتْ ﴿١٢﴾ وَإِذَا ٱلْجَنَّةُ أُزْلِفَتْ﴾ التکویر: ١٢ـ١٣. دەستی کرد بە گریان و هەموو نوێژ کەرانیش لە

١ـ الرقة والبكاء لابن ابي دنيا ژ٩١.

مزگەوتەکەدا دەستیان کرد بە گریان و مزکەوتەکە لە گریاندا دەزرنگایەوە وەك بڵێی دیوارەکانیشی دەگریا لەگەڵ گریانی خەڵکەکەدا.[١]

د- لە مەیمون ی کوڕی مەهرانەوە دەگێڕنەوە دەڵێت : عمری کوڕی عبدالعزیز سورەتی ﴿أَلْهَىٰكُمُ ٱلتَّكَاثُرُ ۝١ حَتَّىٰ زُرْتُمُ ٱلْمَقَابِرَ﴾ دەخوێند، دەستی کرد بە گریان ووتی: بەڕاستی من وانازانم گۆڕستان بێجگە لەسەردان هیچی تر نییە، پێویستە هەموو کەسێ ئەو سەردانە بکات و پاشان لەوێوە یان بۆ بەهەشت دەگەڕێتەوە یان بۆ ئاگری دۆزەخ.[٢]

٣- واقیعی کۆمەڵگەکەی:

دەوروبەر زۆر گرنگ و کاریگەرە و ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە دروست کردنی پیاوانیمەزن و دروست بوونی کەسایەتیان، عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله لەسەردەم و دەوروبەرێکدا ژیاو ە کە تەقوا و لە خواترسان و چاکە کاری و هەوڵی فێر بوونی زانست و کردەوە کردن بە قورئان و سوننەت باڵی کێشابوو بەسەر خەڵکەکەیدا.

کۆمەڵێك لە هاوەڵانی بەڕێزی پێغەمبەری خوا ﷺ لەو شارەدا دەژیان و لە عبدالله کوڕی جعفر و سائیب ی کوڕی یەزید و سەهلی کوڕی سەعدەوە فەرموودەی گێڕاوەتەوەو لە سەهلەوە جامۆلکەیەکی پێشکەش کراوە کە کاتی خۆی پێغەمبەری خوا ﷺ ئاوی تێدا خواردۆتەوە، بەر نوێژی بۆ ئەنەسی کوڕی مالك کردووە و لەو بارەیەوە ئەنەس دەڵێت : تا ئێستا کەسم نەدیوە وەك ئەم گەنجە بەر نوێژیەکەی لە پێغەمبەری خوا بکات[٣].

ژیان لە کەس و هوایەکی ئیمانی وەك شاری مەدینە، بێگومان کاریگەری دەروونی و واتای مەزنی ئیمانی هەیە، ڕۆح تیایدا پەیوەستە بە خوداوە، (و ئێستاش برا حاجیەکانمان کە دێنەوە شتی زۆر سەر سوڕهێنەی لەو شارە مەزنە

١- دموع القراء ١١١/١-١١٢.

٢- الرقة والبكاء ابن ابي دنیا ژ ٤.

٣- سیر اعلام النبلاء (١١٤/٥).

دەگێڕنەوە لە حەوانەوەی دەروونی و بەرزبوونەوەی ئاستی باوەڕ و موسڵمانەتی و بچوك بوونەوەی دنیا و جوانیەکان و لەناو دڵی موسڵماندا کە سەردانی مەدینە دەکات دەی خوای گەورە بۆمان ئاسان بکات سەردانی ئەو جێگا پیرۆزە بکەین و شەحنێکی باوەڕەکەمان بکەینەوە امین)[1]

٤ـ قوتابی بەردەستی گەورە زانایانی ناو شاری مەدینە بوو:

عبدالعزیز ـ صالح ی کوڕی کیسان ی هەڵبژارد بۆ ئەوەی عمری کوڕی پەروەردە بکات، صالح دەستی کرد بە پەروەردە کردنی و هەموو نوێژەکان لەگەڵ خۆیدا دەیبرد بۆ نوێژی ـ جەماعەت ـ لە مزکەوت.

ڕۆژێك عمر رحمه الله لە نوێژێك دوا دەکەوێت لە مزگەوت و صالح پێی دەڵێت : چی دوای خستیت ؟ عمر ووتی : قژ چاك کەرەکەم خەریکی قژم بوو بۆی دادەهێنام. ئەویش پێ ی ووت: گەیشتووتیتە ئاستێك قژ داهێنانەکەت پێ خۆشتر بوو لە نوێژی بە کۆمەڵ.؟!

نامەی نارد بۆ عبدالعزیزی باوکی و ئاگاداری کرد و ئەویش کەسێکی نارد بۆی بێدەنگ سەری بۆ سفر کرد.[2]

عمر هەر لەو سەردەمەوە بیری کردەوە و پاشان وای لێهات زۆر سووربوو لەسەر نوێژەکانی و ئەوپەڕی هەوڵی دەدا لە نوێژی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم بچێت، وای لێهاتبوو کرنووش و سوژدەکانی بەلەسەر خۆ ئەنجام دەدا هەستان و دانیشتنەکانی کورت دەکردەوە و لە ڕیوایەتی صەحیحدا هاتووە: کە لە رکوع و سوجدەدا(١٠) جار سبحان الله العظیم و سبحان الله وبحمده.[3]

کاتێ باوکی لە حەج گەڕایەوە و لە مەدینە لایداو سەردانی عمری کوڕی کردو دەربارەی هەڵس و کەوتی عمر . لێی پرسی، ئەویش لە وەڵامدا پێی ووت : گومان

١ـ ووتەی وەرگێر .
٢ـ البدایة والنهایة (١٢/٦٧٨).
٣ـ هەمان سەرچاوە لا (١٢/٦٨٢).

نابەم کەس هەبێت ئەوەندەی ئەم کوڕە لاوە خوای گەورە لە دڵیدا گەورە بێت.[١]

یەکێکی تر لە مامۆستاکانی عمر رحمه الله، کە زۆر کاری تێکردبوو، عبیـداللە ی کـوڕی (عبـداللە) ی کـوڕی عوتبـەی کـوڕی مەسـعود، عمـر رحمه الله زۆر ڕێـزی لێ دەگـرت، لـە زانیاریەکەی بەهرەمەند بوو، بەڕەوشـتە بەرزەکـەی ڕەوشـت بـەرز بـوو، بـەردەوام سەردانی دەکرد تەنانەت پاش ئەوەیشی کە بوو بە ئەمیری شاری مەدینە، عمر رضي الله عنه سەرسامی خۆیی بۆ ئـەو مامۆسـتایەی دەردەبڕێـت و دەڵێـت : (بەشـداری کردنـی یەکێ لەوانەکانی ئەم نابینایە ـ مەبەستی عبیداللە ی کوڕی عبـداللە بـوو ـ لـە هـەزار دینار زیاتر پێم خۆشە).[٢]

لەبـەر ئـەو زانیـاری و زیرەکـی یـەی مامۆسـتاکەی (عبیـداللە)، لەسـەردەمی خەلافەتی خۆیدا دەڵێت : ئەگەر ئێستا عبیداللە زیندوبوایە لە ڕاووبۆچوونەکانی لام نـەدەدا، ئـاواتم ئـەوە بـوو یـەك ڕۆژی عبیـداللە م ببوایـە نەمـدەدا بـە ئەوەنـدە و ئەوەندە.[٣] ئەم (عبیداللە) یـە مـوفتی شـاری مەدینـە بـووە، یـەکێ لـە حـەوت زانـا گەورەکـە بـوو.[٤] و (الزهـری) دەربـارەی ئـەو زانایـە دەڵێـت : (عبیـداللە) ی کـوڕی (عبداللە) دەریایەك بوو لە دەریاکانی زانست[٥].

دەستی شیعر نوسینیشی هەبووە و ئەم چەند دێرەی بۆ عمر ناردووە:

باسم الذی انزلت من عنده السور   والحمدلله اما بعد یاعمـــــــر
ان کنت تعلم ما کنت وما تـذر   فکن علی حذر قد ینفع الحذر
واصبر علی القدر المحتوم وارض به   الا سیتبع یوما صفوه الکـدر[٦]

١ـ هەمان سەرچاوە لا (٦٧٨/١٢).
٢ـ عمر بن عبدالعزیز – عبدالستار الشیخ لا٥٩. تهذیب التهذیب (٤٧٧/٧)
٣ـ عمر بن عبدالعزیز – عبدالستار الشیخ لا٥٩.
٤ـ سیر اعلام النبلاء (٤٧٥/٤).
٥ـ هەمان سەرچاوە لا (٤٧٧/٤).
٦ـ هەمان سەرچاوە لا (٤٧٧/٤).

ئەم زانایە لە ساڵی ٩٨ ی کوچیدا لە دنیا دەرچووە و هەندێك دەڵێن ٩٩.[١]

یەکی تر لە مامۆستاکانی عمر ـ(سەعیدی کوڕی موسییب) ە و ئەم زانایە هەرگیز سەردانی هیچ کار بەدەست و ئەمیرێکی نەکردووە جگە لەـ عمری کوڕی عبدالعزیزـ[٢]

یەکێکی تر لە مامۆستاکانی ـ سالم ی کوڕی عبدالله ی کوڕی عمری کوڕی خطاب ـ ئەو پیاوە بەرزەی کە سەعیدی کوڕی موسەییب دەربارەی دەڵێت :عبدالله ی کوڕی عمر لە هەموو کوڕەکانی زیاتر لە عمری دەکرد و سالمی کوڕی عبدالله یش لە هەموو کوڕەکانی عبدالله زیاتر لە عبدالله دەچوو[٣]، (ابن عمر) زۆر زۆر سالم ی کوڕی خۆش ویستووە.

ئیمام مالیك دەڵێت: (لە سەردەمی سالم دا هیچ کەسێك لەو زیاتر لە پیاو چاك و صالحین ی پێش خۆی نەچووە لە دنیا نەویستی و خێر و مەندی و ژیانـدا، بەدوو دەرهەم دەستیّ جل و بەرگی دەکڕی،وکاتیّ (سلیمان)ی کوڕی (عبدالملك) بینی وا جوان و ڕیّکەوتەیە لیّی پرسی: ئەوە چی دەخۆیت؟ ووتی: نان و ڕۆن، ئەگەر گۆشتیشم دەست بکەویّ دەیخۆم، لەوێدا عمر لیّی پرسی: ئەی حەزی لیّ دەکەیت؟ سالم ووتی: ئەگەر حەزی لیّ نەکەم ماوەیەك نایخۆم تا حەزی لیّ دەکەمەوە.[٤]

ڕۆژێکیان سالم بە جل و بەرگی ناشیرین و ئەستوورەوە دەچێتە لای (سلیمان)ی کوڕی (عبدالملك) سلیمانیش بەگەرمی پێشوازی لیّ دەکات و ئەوەندە لە خۆی نزیکی دەکاتەوە تا لەپاڵ خۆیدا دایدەنیشێنیّ و لەو کاتەدا عمری کوڕی عبدالعزیزیش لەو کۆڕەدا دەبێت، پیاوێك بە سووکی بە عمری ووت : ئەوە خاڵت نەیدەتوانی جل و بەرگێکی لەمە جوانتر لەبەر بکات و بێتە خزمەت ئەمیری باوەڕداران ؟ئەو پیاوە خۆی جل و بەرگێکی زۆر جوان و گرانبەهای لەبەردابووـ و

١ـ هەمان سەرچاوە لا (٤/٤٧٨-٤٧٩).

٢ـ الجوانب التربوية في حياة الخليفة عمر لا٢٥.

٣ـ سير اعلام النبلاء (٤/٤٥٩).

٤ـ هەمان سەرچاوە لا (٤/٤٦٠).

عمریش ڕووی تیٚ کردو و پیٚ ی ووت: ئەو جلە ناشیرینانەی لەبەری خاڵمدایە، وایان لیٚ نەکردووە بیهێنێتە ئاستی تۆو ئەو جلە کەشخەو جوانەشی لەبەری تۆ دایە وای لەتۆ نەکردوە بتباتە ریزی خاڵم [1] و کەلە تەنیشت ئەمیری باوەڕداراندایە .

عمر رحمه الله لە خزمەت کۆمەڵێکی زۆر لە زانایاندا پەروەردە بووە و ژمارەیان لە(٣٣) زانا زیاترە، هەشتیان لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا بوون و (٢٥) یشیان لە (تابعین) بوون. [2]

ئەمە گرنگترین هۆکاری دروست بوونی کەسایەتی بەرزی عمربووە، لێرەشدا ئەو وانەیەش فێر دەبین کە ئەرکی سەر شانی مامۆستاو زانا ئاینیەکانە کە گرنگی تەواو بدەن بە ڕۆڵەی موسڵمانان و لەسەر قورئان و سوننەت گۆشیان بکەن، بە تایبەتی کوڕی کار بەدەست و بەرپرسەکان چونکە لە دوا ڕۆژدا ئیشی چاکسازی زۆریان لە دەست دێت.

سیٚ یەم: شوێنەواری زانستی عمر

هەموو ئەوانەی لەسەر ژیانی عمریان نووسیوە، لەسەر ئەوە کۆکن کە پێشەوایەك بووە لە پێشوواکانی سەردەمی خۆی، تا وای لێهاتووە هەردوو زانای مەزن ـ سوفیانی کوڕی عوییەینە و ئیمام مالیك ـ بە (ئیمام) وەسفیان کردووە. [3]

موجاهییدیش دەربارەی دەڵێت : هاتین بۆ لای تا شتی فێر بکەین، کەچی ئەوەندەمان زانی ئەو شتی فێری ئێمە دەکرد. [4]

مەیمونی کوڕی مەهرانیش دەڵێت: عمری کوڕی عبدالعزیز مامۆستای زاناکان بووە. [5]

١ـ سير اعلام النبلاء لا (٤٦١/٤).
٢ـ مسند امير المؤمنين عمر لا٣٣٢.
٣ـ الاثار الواردة عن عمر بن عبدالعزيز (٦٧/١).
٤ـ تهذيب التهذيب (٤٠٥/٧)
٥ـ تاريخ ابى زرعة.

(الذهبی) دەربارەی عمر دەڵێت: (بەڕاستی پێشەوا و شەرع زان و موجتەهید بووە، زانا بووە بە سوننەتەکان، ناوداری مەزن، پلەی– حافظ –ی هەبووە، زۆر خواناس و تەوبەکار بووە، لە ژیان پاکی و دادپەروەریدا لەگەڵ باپیرە عمری کوڕی خطابیدا دەژمێررێت، لە زوهد و دنیا نەویستی دا لە (حەسەنی بەسری) و لە زانیاریشدا لە ئیمام زوهەری کردوە.[١]

زاناکان ووتەو کرداری عمریان بە بەڵگە زانیوەو بە نموونە هێناویانەتەوە، ئەمەش لەو پەیامانەدا دەردەکەوێت کە (لیث) ی کوڕی (سەعد) بۆ ئیمام مالیکی کوڕی ئەنەسی ناردووە ﷺ، کە کۆمەڵێك نامەی کورتن، تایدا بەڵگە لە بەرامبەر هەندێ لە بووچونەکانی مالیك دەیهێنێتەوە بە ووتەو کردارەکانی عمری کوڕی عبدالعزیز.[٢]

ناوی خەلیفە عمر لە کتێبە فیقهی یەکانی هەر چوار مەزهەبەکەی ئەهلی سوننەدا هاتووە، کە بۆچوونەکانی ئەویان بە بەڵگە هێناوەتەوە، حەنەفیەکان لە زۆرێ لە مەسەلە فیقهیەکاندا کارەکانی عمریان بە بەڵگە هێناوەتەوە و نازناوێکی تایبەتیان لێ ناوە، تا لە باپیرە عمری کوڕی خطاب ی جیا کردۆتەوە،

(القرشی) لە (الجواهر المضیة)دا دەڵێت : بۆ سوود وەرگرتن: هاوڕێیانمان لە مەسەلە فیقهیە نا کۆکەکاندا ـ الخلاف ـ دەڵێت: ئەمە ووتەی عمری بچکۆلەیە. مەبەستیان عمری کوڕی عبدالعزیزە ئەو پێشەواو خەلیفە بەناو بانگەیە.[٣]

شافعی یەکان لە کتێبەکانیاندا زۆر جار ناویان هێناوە، وە تەنانەت پێشەوا نەوەوی رحمه الله لەسەر ژیانیشی بە درێژی ڕۆیشتووە.

هەروەها مالیکیەکان و حەنبەلیەکان زۆرێك لە ووتەو کردەوەکانی عمریان بە بەڵگە هێناوەتەوە وەلە سەر سەلماندنی بۆ چوونە فیقهیەکان، حەنبەلیەکان زۆر

١ـ تذكرة الحفاظ ل١١٨–١١٩.

٢ـ الاثار الواردة فی عمر بن عبدالعزیز فی العقیدة (١/٧٠).

٣ـ الجواهر المضیة (٤/٥٥٢).

زیاتر له سه‌ری ده‌ڕۆن و وه ته‌نانه‌ت ئیمامی ئه‌حمه‌دی کوڕی حه‌نبه‌ل ده‌ڵێت: وا نازانم ووته‌ی هیچ که‌سێك له تابعین بشێت به به‌ڵگه بهێنرێته‌وه جگه له ووته‌کانی عمری کوڕی عبدالعزیز و ده‌ی ئه‌مه‌شی به.[١]

یان هه‌ر ئیمامی ئه‌حمه‌د له جێ یه‌کی تردا ده‌ڵێت: هه‌رکاتێك بینیت که‌سێك عمری کوڕی عبدالعزیزی خۆش ده‌وێت و وه‌سفی چاکه‌کانی ده‌کات و له ناو خه‌ڵکیدا بڵاوی ده‌کاته‌وه، ئه‌وه بزانه ئه‌و که‌سه خێری لێ به‌دی ده‌کرێت – انشاءالله –[٢].

١. عمر له‌سه‌رده‌می – وه‌لیدی کوڕی سوله‌یماندا:

عمر ی کوڕی عبدالعزیز به یه‌کێ له‌و زانایانه داده‌نرێت که له خه‌لیفه‌کانه‌وه زۆر نزیك بووه و شوێنه‌واری زۆری له ئامۆژگاری و ئاراسته‌کردنیان بۆ مه‌سه‌له سیاسیه‌کانی پێوه دیاره، وه عمر شوێنه‌وارێکی تایبه‌تی هه‌بوو له‌ناو خانه‌واده‌ی ئومه‌ویه‌کاندا .

عبدالملك زۆر ڕێزی لێ ده‌گرت و سه‌رسام ده‌بوو به وردی و ژیری یه‌که‌ی له‌سه‌رده‌می لاوێتیدا، وه‌هه‌ر ئه‌وه‌ش وای لێ کردبوو له زۆرێك له کوڕه‌کانی خۆی خۆشتر ده‌ویست و کچه‌که‌ی خۆشی بۆ هێنا، به‌ڵام له‌سه‌رده‌می خه‌لافه‌تی مه‌رواندا زۆر ڕۆڵی نه‌بووه چونکه له‌و کاته‌دا که‌م ته‌مه‌ن بووه و هه‌ر وه‌ك خه‌ریکی زانست و خوێندن بووه.

به‌ڵام له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا ـ ابن الجوزی ـ باسی ئه‌وه‌ی کردووه، که له دووره‌وه نامه‌ی نوسیوه بۆ عبدالملیك و تێیدا ئاگاداری ده‌کرده‌وه له گه‌وره‌یی و ترسناکی ئه‌و به‌رپرسیاریه‌تی‌یه‌ی خراوه ئه‌ستۆی، تێیدا ده‌ڵێت: ... پاشان، تۆ شوانیت و هه‌موو شوانێکیش به‌ر پرسیاره له ڕانه‌که‌ی، وه ئه‌نه‌سی کوڕی مالیك بۆی باس کردووین، که له‌پێغه‌مبه‌ری خوای بیستوه‌ﷺفه‌رموویه‌تی: ((کل راع مسؤل عن رعیته)).[٣] واته: هه‌موو شوانێك له‌ڕانه‌که‌ی به‌رپرسیاره﴿ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ

١ـ البدایة والنهایة لة (الاثار الواردة) وة لا (١/٧٢) وه‌رگیراوه.

٢ـ سیرة عمر بن عبدالعزیز (لابن الجوزی) لا٦١.

٣ـ اثرالحیاة السیاسیة لا١٥٩.

لَيَجۡمَعَنَّكُمۡ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ لَا رَيۡبَ فِيهِۗ وَمَنۡ أَصۡدَقُ مِنَ ٱللَّهِ حَدِيثٗا ﴾النساء:٨٧.

دەڵێت: عبدالملك ی کوڕی مەروان عمری کرد بە والی - خەناسیرە- تا رای بهێنێت لەسەر فەرمانبەریەتی و ئەمیری لەکاتی لاویدا.[١] وەهەندێکیش دەڵێن: سولەیمانی کوڕی عبدالملك کردی بەوالی ئەو جێگایە .

خەلیفە عمر زۆر دڵ گرانبو و خەفەتبار بوو بە مردنی خەلیفە عبدالملك و کاتێ لەگەڵ موسەیلەمەی کوڕی عبدالملك دا کۆبوونەوە، عمر پێی ووت : ئەی موسەیلەمە من لەلای باوکت بووم کاتێ دفن کرا بە چاوەکانی خۆم سەیرم دەکرد کاتێ دەیانکرد بەژێر خۆڵەوە، بینیم وا گەڕایەوە حزوری خوای تەعالی زۆر ترسام و ڕاچلەکیم، وە پەیمانم دا بەخودا ئەگەر ببم بە فەرمانڕەوا وەك ئەو حوکم ڕانی و ئیش و کارەکان ئەنجام نادەم وە ئەوەش ئیجتهادی من بوو لەو کارەدا.[٢]

١ـ عمر کرا بە والی شاری مەدینە :

لە ربیع الاول ی - ی ساڵی ٨٧ ی کۆچیدا لەلایەن وەلیدی کوڕی عبدالملك ەوە کرا بە ئەمیری شاری مەدینە و پاشان لە ساڵی ٩١ ی کۆچیدا شاری (طائف) یشی خرا ئەستۆ واتە بوو بە والی هەموو وولاتی حیجاز.

بۆ وەرگرتنی بەرپرسیارێتی (٣) مەرجی لە خەلیفە هەبوو:

١ـ دەبێت بە جۆرێك مامەڵە لەگەڵ میللەتدا بکات کە پڕبێت لەدادپەروەری و ماف پێدان و کەسێ لەبن دەستی دا ستەمی لێ نەکرێت، نابێت هەموو ئەو سامانەی کۆدەکرێتەوە ببرێتەوە بۆ (بیت المال) ی گشتی، بەو هۆیەوە هەموو ئەو سمانانەی ڕەوانەی پایتەختی خەلافەت دەکرێت دەبێت زۆر کەم بێت .

٢ـ دەبێت لە یەکەم ساڵدا ڕێگای پێ بدرێت حەجی ماڵی خوا بکات، چونکە تا ئەو ساتە وەختە حەجی نەکردبوو .

١ـ الاثار الواردة فی عمر بن عبدالعزیز (٩٣/١).

٢ـ السیاسة الاقتصادیة والمالیة لعمر بن عبدالعزیز، بشیر کمال عابدین ل١٠٧.

٣ـ دەبێت ڕێگای پێ بدرێت مووچەو هاوکاری دابەش بکات بەسەر خەڵکیدا لە شاری مەدینە.

(وەلید) یش بەم مەرجانە ڕازی بوو، عمری کوڕی عبدالعزیزیش رحمه الله دەست بەکار بوو خەڵکەکەش زۆر زۆر دڵخۆش بوون بە ئەمیری نوێیان .[١]

٢- ئەنجومەنی ڕاوێژکاری عمری کوڕی عبدالعزیز :

یەکێ لە کارە گەورە و بەرچاوەکانی عمر رحمه الله پاش دەست بەکاربوونی دروستکردنی ئەنجوومەنی شورا بوو لە شاری مەدینە، کاتێ خەڵکی هاتن بۆ پیرۆز بایی و سڵاو لێکردنی ئەمیری نوێی شارەکەیان (١٠) کەس لە زاناکانی شاری هەڵبژارد و بانگی کردن بۆ لای خۆی کە ئەمانە بوون:

(عروە) ی کوڕی زوبێر و عبیداللە ی کوڕی عبداللە ی کوڕی عوتبە و ئەبوبەکری کوڕی عبدالرحمن ی کوڕی حارث و ئەبوبەکری کوڕی سولەیمان ی کوڕی ئەبی خەیثە مە، سولەیمانی کوڕی یەسارو قاسم ی کوڕی محمدو سالم ی کوڕی عبداللە ی کوڕی عمر و عبداللە ی کوڕی عبداللە کوڕی عمر و عبداللە ی کوڕی عامری کوڕی ڕەبیعە و خارجەی کوڕی زەیدی کوڕی ثابت.

هاتن بۆ لای، لەلای دانیشتن، ئەویش بە سوپاس و سەنای پەروەردگار دەستی بە ووتارەکەی دا ووتی : من ئێوەم بۆ کارێك بانگ کردووە کە پاداشتتان دەدرێتەوە لەسەری، تیایدا پاڵپشتی هەق و ڕاستی دەگرن، منیش هیچ کارێك ئەنجام نادەم تا ڕای ئێوە وەرنەگرم یان ئەوانەتان لەو کاتەدا لێرە دەبن، هەر کاتێ بینیتان یەکێ ستەمی لێ دەکرێت و یان هەواڵی کار بەدەستی منتان بیست کە ستەمی کردووە لە یەکێك، بۆ خاتری خوا شتی واتان بیست ئاگادارم بکەنەوە.[٢]

کاتی خۆی عمری کوڕی خطاب رضي الله عنه ئەنجوومەنی شورای کۆ دەکردەوە بۆ هەموو پێش هاتەیەکی تازە، بە پێویستی دەزانی ڕاوێژیان پێ بکات، عمری کوڕی

١ـ السياسة الاقتصادية والمالية لعمر بن عبدالعزيز، بشير كمال عابدين لا١٠٧.

٢ـ الطبقات (٢٥٧/٥) . موسوعة فقه عمر – قلعضى لا ٥٤٨.

عبدالعزیز‌رحمه‌الله كە نەوەی خطاب بوو- ئەنجوومەنێكی نوێ ی هێنایە كایەوە و سنووری كاری بە دووخاڵ بۆ دیاری كردن :

أ- مافی ئەوەی پێدان كە ڕاو و بۆچوونەكان پەسەند بكەن، ئەو هیچ كارێك ئەنجام نادات بەبێ ڕای ئەوان، بەو شێوەیە ئەمیر سنووری كاری خۆی تەسك كردەوە بۆ ئەم ئەنجوومەنە كە پێی دەڵێن (ئەنجوومەنە دە كەسیەكە).

ب- وەك چاودێر دانیان بەسەر فەرمانبەر و بەرپرسەكانیەوە، هەموو هەڵس و كەوتێكیان بخەنە ژێر چاودێریەوە، هەركاتێك زانیاریەكیان هەبوو لەسەر كەسێك لە بەر پرسەكان كە ستەم دەكەن خێرا عمری لێ ئاگادار بكەن و ئەگەر وا نەكەن ئەوە خوا ئەدات بە گژی ئەو كەسەدا شت دەشارێتەوە و ستەم پەردە پۆش دەكات.

لەمەدا دوو شت تێ بینی دەكەین:

١- ئەمیر باوەڕدارن عمری كوڕی عبدالعزیز‌رحمه‌الله هیچ مووچەیەكی بۆ ئەو دە كەسە نەبڕیەوە،چونكە ئەوانە خۆیان مانگانەیان هەبوو، لەبەر ئەوەی خۆیان فەقیهو زانا بوون ئەوە بەشێك بوو لە ئەسلی كارەكەیان .

٢- عمر‌رحمه‌الله ئەوەی پێ ووتن كە مەرج نیە هەر هەمووتان كۆ بكەمەوە و ڕاتان وەربگرم چونكە لەوانەیە هەندێكتان لەبەر بیانوویەك نەتوانن ئامادە بن، بۆیە ژیرانە پێ ی ووتن : یان بە ڕای ئەو كەسانەتان كار دەكەم كە لەو كاتەدا لەشاردا بن.[1]

ئەم ئەنجوومەنە دە كەسیەش لە هەموو كارو پێشهاتەكاندا پرس و ڕاوێژیان پێ كراوە بەبێ دیاری كردن.[2]

لەم بەسەر هاتەوە گرنگی و پلە و مەقامی زانایانمان بۆ دەردەكەوێت، پێویستە لەسەر حوكمڕاكان ئەو كەسانە لە خۆیان نزیك بكەنەوە و لە كارو باری میللەتدا ڕاوێژیان پێ بكەن، هەر وەك لەسەر زانایان پێویستە لە دەوری حوكمڕا چاكەكان

١- نظام الحكم فی الشریعة والتاریخ الاسلامی (١/٥٦٢,٥٦١).
٢- نظام الحكم فی الاسلام بین النظریة والتطبیق. ل٣٩١.

کۆ ببنەوە لە پێناو هێنانە دی ڕادەیەکی زیاتر لە بەرژەوەندییەکان و کەم کردنەوەی ئاستی گەندەڵییەکان، هەرچەندە عمری کوڕی عبدالعزیز بەو دە کەسە- دڵی ئاوی نەدەخوارد- بەڵکو پرس و ڕاو ڕاوێژیشی بە زانایانی تری ناو شاری مەدینە دەکرد وەك سەعیدی کوڕی مەسەییب و زوهەری و کەسانی تریش.

لەهەندێ مەسەلەی دادوەریدا پرسیاری لە سەعید دەکرد، لە شاری مەدینە عمر ڕێزی تەواو و شایستەی زانا و داناکانی دەگرت، دەڵێن جارێك کە سێکی نارد بە دوای سعیدی کوڕی موسەییب دا و لە مەسەلەیەك پرسیاری لێ بکات، سەعید هەرگیز نەچووە بۆلای خەلیفە و ئەمیرەکان، بەڵام نێرراوەکەی عمر ایێی تێك چوو پێ ی ووت: عمر بانگت دەکات، ئەویش خێرا نەعلەکانی لە پێ کرد خۆی پێ گەیاند، کاتێ عمر بینی هاواری کرد: داوات لێ دەکەم ئەی باوکی محمد بگەڕێوە ماڵەکەی خۆت تا لەوێ نێرەرەکەم پرسیارە شەرعیەکەت لێ بکات، چونکە ئێمە نەمان ناردووە بە دواتدا بەڵکو نوێنەرەکەم بە هەڵەدا چووەو وای زانیوە دەمەوێت بێیت بۆ لامان.[١]

لەسەردەمی ئەمیری مەدینەیدا بە فەرمانی عبدالملك ی کوڕی مەروان مزگەوتی پێغەمبەری خوای ﷺ فراوان کرد، کردی بە(٢٠٠) باڵ و هەر لەسەر فەرمانی عبدالملك زەخرەفەو نەخشەساندنی تێدا ئەنجام دا، هەرچەندە خۆی نەخشاندنی مزگەوتی پێ ناخۆش بوو.[٢]

لەو هەڵوێستەی عمرەوە دەردەکەوێت کە کاربەدەست و ئاست نزم دەتوانێت ئەو فەرمانانەی سەرووی خۆی جێبەجێ بکات هەر چەندە لە دڵیشەوە پێی ڕازی نەبێت و پێی ناخۆش بێت، ئەگەر بزانێت لە ڕوویەکەوە بەرژەوەندی یەکی تێدایە .

لە ساڵی ٩١ ی کۆچیدا عبدالملك حەجی کرد و لەو سەرەوە سەردانی ئەمیری مەدینەی کرد و لە نزیکەوە چاوی کەوت بەو کارە چاکسازیانەی عمر کردوویەتی لە ناو شاری مەدینەی پڕ لە نووردا.[٣]

١- سیرة عمر بن عبدالعزیز ومناقبه لابن عبدالحکم لا٢٣.
٢- تفسیر القرطبی (١٢/٢٦٧).
٣- موسوعة فقه عمر بن عبدالعزیز لا٢٠.

٣- ڕوداوێکی نەخوازراو:

زاناکـانی مێـژوو نـووس دەڵـێن: خوبـەیبی کـوڕی عبـدالله ی کـوڕی زوبێـر فەرموودەیــەکی بــە دەم پێغەمبــەرەوە گێڕایــەوە کــە گوایــە پێغەمبــەر ﷺ فەرموویەتی: ((اذا بلغ بنو ابی العاص ثلاثین رجلا اتخذوا عباد الله خولا ومال الله دولا)).[١]

مانای فەرموودەکەش ئەمەیە گوایە فەرمویەتی: ئەگەر بنی عاص ی بنـی امیـە ژمارەیـان بگاتـە(٣٠) پیـاو ئـەوا بەنـدەکانی خـوا دەکەنـە خزمـەتکاری خۆیـان و پارەکانیشیان لێ دەگرنەوە بۆ خۆیان!.. کە فەرموودەیەکی لاوازە .

وەلیـدی کـوڕی عبـدالملك یـش جـوابی نـارد بـۆ ئـەمیری مەدینـە عمـری کـوڕی عبدالعزیز و فەرمانی پێدا ئەو پیاوە بگرێت و(١٠٠) داری لێبدات و زیندانیشی بکات تا جارێکی تر بەدەم پێغەمبـەری خـواوە فـەرموودە هەڵنەبەستێت و تیایـدا زەمـی ئومەوییەکان نەکات.

بەڵێ عمر رحمه الله بە قسەی کرد وای لێ کرد، بەڵام لەبەر هـەر هۆیـەك بـوو بێـت ئـەو سزایەی بەکەم زانی بۆ کەسێك ئـا بـەو جـۆرە فـەرموودە هەڵبەسـتێت و خەلیفـەی موسڵمانان و بنەماڵەکەی عەیب دار کات تیایدا، بۆیە فـەرمانی دا یـەك گـۆزە ئـاوی زۆر سارد، لە بەیانیەکی زۆر ساردا بکـەن بەسـەریدا و کـاتێ وایـان لێ کـرد تووشـی نەخۆشی گوزار — سەرما خوردەگی بوو، پاشان بەو نەخۆشیە مرد.

کاتێ عمر هەواڵی ئەوەی زانی کە نەخۆشی زۆری بۆ هێنـاوە، فـەرمانی دەرکـرد ئازادی بکەن تا بچێتەوە ناو منداڵی خۆی، زۆر پەشیمان بوو لەسـەر ئـەو کـارەی، پاشان زۆر خەفەتبار بوو بە مردنـی، لـە(مـصعب) ی کـوڕی (عبـدالله) و ئـەویش لـە (مصعب) ی کوڕی (عثمان)ەوە دەگێڕنەوە کە بەنەخۆشی بردیانەوە بۆ ماڵی عمری کوڕی مصعب ی کوڕی زوبیر لە بەقیع و لە دەوری کۆ بوونەوە تا گیانی سپارد، لەو

١ـ رواه البیهقی فی دلائل النبوة (٦/٥٠٧) وابـن کـثیر دەڵێت: ئـەم فەرموودەیـە لـە هـەموو ڕێگاکانیەوە لاوازە .

کاتەدا (ماجەشون) هات و داوای هاتنە ژورەوەی کرد و لەو کاتەشدا خوبەیب لەناو مەوجێکدا ڕاکشێنرابوو.

ئەم (ماجەشۆن)ە لەگەڵ عمری کوڕی عبدالعزیزدا بوو لە هەموو کارەکانیدا لە مەدینە، عبدالله ی کوڕی عروە ووتی: ڕێگای بدەن با بێتە ژوور، کاتێ هاتە ژوورەوە عبدالله ووتی: وا دیارە ئەم پیاوە گومانی هەیە لە مردنی خوبویب دا سەری تەرمەکەی بۆ هەڵبدەنەوە، کاتێ بۆیان لادا، هەر کە ماجەشۆن بینی بە خێرایی چووە دەرەوە.

ماجەشۆن دەڵێت: هاتمەوە بۆماڵی مەروان، دام لە دەرگاو چوومە ژوورەوە و عمرم بینی وەك ئافرەتی سك پڕ، کە ژانی هەبێت هەڵئەساو دادەنیشتەوە، پێی ووتم: ها هەواڵ چی یە؟ منیش ووتم: پیاوەکە مرد، لەو کاتەدا عمر کەوتە سەر زەویەکەوە ڕەنگی تێك چوو و، پاشان سەری هەڵبڕی- انا لله وانا الیه راجعون —ی دەووت، تەنانەت ئەو خەمباریەی بە دەم و چاویەوە دیار بوو تا ئەو ڕۆژەی مرد، وازی لە ئەمیری مەدینەی هێنا و هیچ بەرپرسیارێتیەکی تریشی وەرنەگرت لە داخی ئەو ڕوداوە ناخۆشە، هەر کاتێ پێیان بگووتایە : فلان شتی چاکت کرد مژدەت لێبێت، ئەویش لە وەڵامدا دەیووت : ئەی خوبەیب چی لێ بکەم . تا مردن لە بیری نەدەچوو!.[1]

بەڵگەیەکی تر لەسەر چاکی و لەخوا ترسانی لە کاتی ئەمیری شاری مەدینەیدا : ئەوەیە کە ئەبوو عمر ئەسمای کچی ئەبوبەکر، دەڵێت : هاتم بۆ ئەو شوێنەی عمر نوێژی بەیانی لێ دەکرد و قورئانێکی لە باوەشدا بوو، فرمێسکەکانیشی دەهاتنە خوارەوە بەسەر ڕیشیدا.[2]

١ـ سیرة عمر بن عبدالعزیز (لابن الجوزی) ل٤٢ .

٢ـ هەمان سەرچاوە.

(ابن ابی زناد) لە باوکی یەوە دەگێڕێتەوەو دەڵێت: عمری کوڕی عبدالعزیز کاتێ ئەمیری مەدینە بوو هەر کاتێ بیوستایە خێرێك بکات دەیووت:ماڵێك بدۆزنەوە زۆر هەژار و نەدار بێت.[1]

٤- موزاحیم ی مەولای ئامۆژگاری دەکات:

عمرﷺ پیاوێکی زیندانی کرد لە مەدینە، لەو ماوەیەی بۆی دیاری کردبوو زیاتر لە زیندان هێشتیەوە، (موزاحیم) هات داوای لە عمر کرد کە ئازادی بکات، عمریش ووتی: ئازادی ناکەم تا بەتەواوی و لە ڕادەبەدەر بۆم دەرنەکەوێت کە باش بووە و وازی هێناوە، موزاحیمیش بە تووڕە بوونەوە پێی ووت : ئەی عمری کوڕی عبدالعزیز، من ئەترسێنم لە شەوێك بەیانی یەکەی ڕۆژی قیامەت بێت، ئەی عمر ئەمە چیە خەریکە ناوەکەی خۆتم لەبیر دەچێتەوە ئەوەندە. ئەمیر ووتی، ئەمیر ووتی، ئەمیر ووتی: دەبیستم.

عمریش ووتی: یەکەمین کەسێك لەم بارەیەوە بە ئاگای هێنامەوە موزاحیم بوو، وەڵلاهی هەر وابوو کە ئەو ووتی لەم بارەیەوە، وەك بڵێ ی ئەو پەردە- ڕەشەی - لادا کە بەری چاومی گرتبوو.[2]

لەم چیرۆکە کورتەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە بوونی هاوڕێی دڵسۆز و پیاو چاك پێویستە بۆمرۆڤ ـ لە کاتی غەفلەت و بێ ئاگایی دا بە ئاگای بێنێتەوە.

٥- نێوان عمر و حەجاج لەسەر دەمی وەلیددا:

(ابن الجوزی) باس لەوە دەکات کە عمری کوڕی عبدالعزیز داوای دەست لە کار کشانەوەی وەك ئەمیری مەدینەی کرد، وەك پێشتر باسمان کرد.

بەڵام هەندێکی تر باس لەوە دەکەن، کە وەلید لای بردووە، لە ساڵی ٩٢ ی کوچیدا سەرکردایەتی حەجی دایە دەستی حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفی و، کاتێ عمری کوڕی عبدالعزیز بەو هەواڵەی زانی، یەکسەر نامەی نووسی بۆ خەلیفە و

١ـ سيرة عمر بن عبدالعزيز (لابن الجوزي) لا٤٢ .

٢ـ هەمان سەرچاوەلا١٤٠.

تیایدا داوای لێ کرد کە با حەجاج بەناو مەدینەدا تێنەپەڕێت، چونکە زۆر ڕقی لێی بوو، حەزی نەدەکرد چاوی بە ناو چاوی بکەوێت، لەبەرئەو زولم و ناڕەوایی یانەی کە بە خەڵکی عیراقی دەکرد .

وەلیدیش بە حەزی عمری کرد و نامەی نووسی بۆ حەجاج و پێ ی ووت : عمری کوڕی عبدالعزیز نامەی بۆ ناردووم کە نەهێڵم تۆ بەناو شاری مەدینەی منەوەرەدا تێپەڕێت، دەی تۆش لە شوێنێکەوە مەڕۆ کە ڕقیان لێت بێت و لە مەدینە لادە بۆ ڕێگەیەکی تر.[1]

عمر کاتێ والی شاری مەدینە بوو — نامەی نارد بۆ عبدالملك و تیایدا باسی ئەو زوڵم و زۆرداری و ناڕەواییانەی حەجاجی دەکرد کە لەگەڵ خەڵکی عیراقدا دەینواند، حەجاجیش بەمانەی دەزانی بۆیە زۆر ڕقی لە عمر هەستا بوو، بۆ هەل دەگەڕا کە تۆڵەی لێ بکاتەوە بە تایبەت پاش ئەوەی کە وولاتی حیجازی وا لێ کردبوو ببێتە جێی حەوانەوەی ئەو کەسانەی لە عیراقەوە و لە دەستی زوڵمی حەجاج هەڵدەهاتن.

بۆیە نامەی نارد بۆ خەلیفە وەلید ووتی پێی : پۆخڵەواتی عیراق و بە تایبەت هەندێ لە سەقەفی یەکان لە دەستی من هەڵدێن و بەرەو مەککەو مەدینە دەڕۆن و لەوێ بەبێ وەی دادەنیشن و ئەمەش دەستەڵاتمان دەخاتە لێژی، ئەویش بۆی نووسی کە عثمانی کوڕی حەبان و خالدی کوڕی عبدالله ی قەسری دابنێت و عمری کوڕی عبدالعزیز لەسەر کار لابەرێت.[2]

ویست و حەزی خەلیفەی موسڵمانان بە ئاشکرا دیار بوو دەربارەی حەجاج، ئەو وای گومان دەبرد کە سیاسەتی توند و تیژی و زەبر و زەنگ تاکە چارەسەرە بۆ بەهێز کردنی دەستەڵاتی دەوڵەتەکەی، هەر ئەمەش بوو وای لێ کرد بە قسەو ڕاوێژە جوانەکانی عمر کار نەکات، هەر چەندە ڕووداوەکانی پاشتر ئەمەیان سەلماند کە بۆ چوونەکانی عمر ڕاستر و جوانتر بوون لەو بۆچوونانەی وەلید، بۆیە

١ـ سيرة عمر بن عبدالعزيز ومناقبه لابن عبدالحكم لا٢٤.
٢ـ تاريخ الطبرى (٣٨٣/٧) .

عمر پاش ئەوەی بوو بە خەلیفەی موسڵمانان خۆی هەموویانی جێبەجێ کرد و سەر کەوتنیشی بەدەست هێنا.[١]

٦- عمر رحمه الله بۆ دیمەشق دەگەڕێتەوە:

عمر رحمه الله لە مەدینەی پڕ لە نوور دەرچوو بەرەو شاری دیمەشق کەوتە ڕێ و چاوەکانی پڕ بوون لە ئاو و بەکوڵ دەگریا، (موزاحیم) ی خزمەتکاری لەگەڵدابوو، بۆیە لای کردەوە بۆ لای موزاحیم و ووتی: ئەترسین لەو کەسانە بین کە مەدینە فڕێیان دەداتە دەرەوە،[٢]

مەبەستی لەو فەرموودەیە بوو کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ((الا وان المدينة كالكير يخرج الخبث، لا تقوم الساعة حتى تنفى المدينة شرارها، كما ينبغى الكير خبث الحديد))،[٣] واتە: شاری مەدینە وەك كورە وایە پیسی دەردەداتە دەرەوە، قیامەت نایەت هەتا شاری مەدینە خراپەكانی دەرنەداتە دەرەوە، وەك چۆن كورە پیسی و خاشاكی ئاسن دەردەداتە دەرەوە.

مزاحم دەڵێت : كاتێ لە شار دەرچووین سەیرێكی ئاسمانم كرد بینیم مانگ كەوتۆتە نێوان ئەستێرەی سورەیا و جە وزاء، وەك بڵێی ئەوە باش نی یە . دەڵێ: پێم خۆش نەبوو ئەوەی پێ بڵێم، بەڵام پێم ووت : ئەوە سەیرێكی مانگ ناكەیت چەند جوانە لەوشەوەداو لەناوجەرگەی ئاسماندا! عمر چاوێكی هەڵبڕی و بینی وا مانگ كەوتۆتە نێوان ئەو دوو ئەستێرەیەوە، بۆیە بەموزاحیم ی ووت: چی یە وویستت بۆم دەربكەوێت، كە مانگ كەوتۆتە نێوان سورەیاو جەوزاء ! ؟.

ئەی موزاحیم ئێمە لەسەر ئەساسی خۆر و مانگ لە ماڵەوە دەرناچین، بەڵكو پشت بە خوای (واحد القهار) دەردەچین.[٤]

١ـ اثر العلماء فى الحياة السياسية لا١٦٥.
٢ـ سيرة عمر بن عبدالعزيز ومناقبه لابن عبدالحكم لا٢٧.
٣ـ مسلم كتاب الحج باب المدينة تنفى شرارها.
٤ـ سيرة عمر بن عبدالعزيز ومناقبه لابن عبدالحكم لا٢٧.

عمررحمه الله بەردەوام دەڕۆیشت تا گەیشتە ناوچەی (سوەیدا)و لەوێ لایدا بۆ حەوانەوە چونکە کێڵگەو خانوویەکی خۆی لەوێ هەبوو، ماوەیەك لەوێ نیشتە جێبوو لە دوورەوە سەیری بارو زرووفەکەی دەکرد، پاشان بیری هاتە سەر ئەوەی لەبەرژەوەندی موسڵمانانە، کە بەماڵەوە بڕواتە دیمەشق و لە نزیك خەلیفەوە بێت، بەڵکو بتوانێت ستەمێك نەهێڵێت، یان مافێك بگێڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی، بەو نیازەوە بەیەکجاری ڕۆیشت بۆ دیمەشق و لەوێ نیشتەجێ بوو[١]

ئەوە وەنەبێت عمری کوڕی عبدالعزیز نێوانی لەگەڵ خەلیفە وەلید دا خۆش بێت، چونکە ژیانی لە بن دەستی خەلیفەدا کۆمەڵێ گیرو گرفتی بۆ دروست بوو، چونکە وەلید بۆ بەهێز کردن و ڕاوەستا و کردنی بنچینەی دەوڵەتەکەی پشتی دەبەست بە هەندێ لە ئەمیر و کاربەدەستە توند و تیژو دڵڕەقەکانی بۆ قەوچاندنەوەی ملی خەڵکی، ئیتر با لەو کارەشدا زوڵم و ستەم ئەنجام بدەن.

بەڵام عمررحمه الله بە پێچەوانەوە بۆی دەڕۆیشت، دەیووت دادو یەکسانی زامنی هەموو سەقامگیری یەکی ئاشتیە، هۆکاری گوێڕایەڵی میللەتە بۆ کار بەدەستان.

عمررحمه الله هەموو جارێ دەیووت : وەلید لەشام و حەجاج لە عیراق و محمد ی برای حەجاج لە یەمەن و عثمانی کوڕی حەیان لە حیجاز و قرەی کوڕی شەریك لە میسر، ... دەی وادیارە وەڵلاهی سەر زەوی پڕ بوو لە زوڵم و ستەم[٢].

٧ـ ئەی وەلید با(والی)یەکانت کەس نەکوژن بە پێ پرسی تۆ:

عمررحمه الله هەندێ ڕێگا و هۆ کاری گرتە بەربۆ چاکردنەوەی وەزعە نائاسایی یەکان، یەکێ لەوانە ئامۆژگاری وەلیدی کرد کە سنورو دەسەڵاتی کاربەدەستەکانی تەسك بکاتەوە و بۆیان نەبێت سەربە خۆ کەس بکوژن، لەسەرەتاوە لەم کارەی سەرکەوتو بوو توانی بڕیارێك بەوەلید دەربکات کە هیچ والیەك بۆی نیەکەس بکوژێت مەگەر پاش ئاگادارکردنەوەی والی وڕازی بوونی بەوکارە.

١ـ البداية والنهاية (١٢/٦٨٣) .

٢ـ اثر العلماء فی الحياة السياسية ل١٦٢.

(إبن عبد الحكم)دەڵێت: عمری کوڕی عبد العزیز چوو بۆلای وەلیدی کوڕی عبدالملك و پێ ی ووت: ئەی ئەمیری باوەڕداران ئامۆژگاریەکم لەلایە، هەرکاتێ بیرت لەلای خۆت و عەقلت جەم بوو پرسیارم لێ بکە پێت دەڵێم:

ووتی:ئەی ئێسا بۆ نایڵێت؟ عمریش ووتی: خۆت دەزانیت، ئەگەر ئەو ئامادەیی یانت تێدایە ئەوە من ئامادەم.

چەند ڕۆژێك تێ پەڕی وەلید بەدەرگاوانەکەی ووت: کێ لەبەر دەرگایە؟ ووتی: هەندێ کەسی لێ یە لەوانە عمری کوڕی عبد العزیز. ووتی: بیهێنە ژوورەوە ئەویش هێنایە ژوورەوە.

وەلید پێ ی ووت: ئامۆژگاریەکەت پێش کەش بکە. عمریش ووتی: لەپاش هاوبەش پەیدا کردن بۆ خوا هیچ تاونێك ئەوەندەی کوشتن گەورە نیە لەلای خوا، والی و کاربە دەسەکانت خەڵکی دەکوژن و، پاشان ئاگادارت دەکەن لەوەی فلان کەسیان کوشتوە لەسەر فلان تاوان، پاشان تۆ بەر پرسیاریت لەوکارە تۆ سزا دەدرێت لەسەری، بۆیە نامەیان بۆ بنوسە کەکەس نەکوژن تا نامەت بۆ دەنێرن و تاوانەکەی دەڵێن و شایەتیشی هەبیت و پاش ئەوە خۆت لێ بکۆڵەرەوە و فەرمانی خۆت دەربکە.

وەلیدیش ووتی: (بارك الله فيك)ئەی باوکی حەفص خوا تۆمان لێ نەسەنێ، ئادەی نامەم بۆ بنێرن و نامەی نوسی بۆ هەموو ئەمیری هەرێمەکان پاش ئەوە کەس لەقسەی دەرنەچوو تەنها حەجاج نەبێت، کە زۆر نیگەران ببو بەو بڕیارە، وای زانی ئەو نامەیەی تەنها بۆ ئەو ناردووە، ووتی: چیمان بەسەر هات؟ ئایا ئەم ڕێگەیە کێ بۆ ئەمیری بڕوا دارانی داناوە؟ ئاگاداریان کرد، کە عمری کوڕی عبد العزیزە رحمه الله ئەم کارەی کردووە، ئەویش ووتی: دەی هیچ! ئەگەر عمر پێ ووتبێت هەڵوەشاندنەوەی نی یە.

پاشان حەجاج ناردی بەوای یەکێ لە خەواریجەکاندا کە ناوی جافی کوڕی وائلی بوو، پاش ئەوەی هێنایان حەجاج پێ ی ووت: دەبارەی موعاویە چی دەڵێت؟ئەویش قسەیەکی پێ ووت:ووتی: ئەی یەزید؟جنێوێکیشی بەو دا، ووتی:

ئەی عبدالملك چۆنە؟ووتی:ستەمکاربووە.ووتی:ئەی وەلید؟ ووتی:هەر ئەو تاوانەی بەسە،کە تۆکردوتە والیو زانیویەتیشی چەندوژمنکارو ستەم کاریت.

حەجاج بێ دەنگ بوو هیچی نەوت و ئەوەی بەهەڵ زانی لەگەڵ نامەیەك ناردی بۆ لای وەلید و بۆ نووسی: من زیاتر خەمی دینی خۆم دەخۆم باشتر چاودێری ئەو مەسەلەیە دەکەم،کە تۆ منت بۆی داناوە خۆم زیاتر دەپارێزم لەوەی کە کەسێك بکوژم هەقی کوشتنی نەبێت و ئەوکەسەیشی بۆم ناردویت یەکێکە لەوێنەی ئەو کەسانەی کەمن دەیان کوژم و تۆش خۆت دەزانی چی لێ دەکەیت پێ ی بکە.

حەروریەکە هێنرایە ژوورەوە بۆ لای وەلید و لەوکاتەدا پیاو ماقوڵانی شام لەلای بوون و عمریش لەوێ بوو.

وەلید ووتی: دەربارەی من چی دەڵێت؟ ووتی: ستەمکاری دەست درێژ کار. ووتی: ئەی چی دەڵێت دەربارەی عبد الملك؟ ووتی: ستەمکاری تاوانبار. ووتی: ئەی موعاویە؟ ووتی: ستەمکار بووە، وەلیدیش ووتی:بە(إبن الريان)بدە لەگەردنی و ئەویش دای لەگەردنی.

پاشان هەستاو گەڕایەوە بۆماڵەوەو ، خەڵکەکەش بڵاوەیان لێ کرد، بەخزمەتکارەکەشی ووت: بڕۆ عمرم بۆ بانگ بکەو ، ئەویش عمری بۆ گەڕاندەوەو پێ ووت: ئەی باوکی حفص لەسەر ئەمە چی دەڵێت: خراپمان کرد یان باش؟ عمریش ووتی: باشت نەکرد کوشتت! شتێکی ترت بکردایە باشترو پاکتر بوو، ئەویش زیندانی کردنی بوو تایان بە خۆدادێتەوە یان مردن ڕێ پێ دەگرت.

وەلید ووتی: قسەی بەمن و عبدالملك ووت: تۆ ئەوە بەحەڵاڵ دەزانیت؟ عمریش ووتی:بە تەمەنم شتی وام حەڵاڵ نەکردووە، بەڵام ئەگەر زندانیت بکردایە دوای بەتەواوی ڕات دەهاتە سەرکوشتنی یان ئازادکردنی.

وەلیدیش بە تورەییەوە هەستاوە و ڕۆیشت، (إبن الريان)یش بە عمری ووت: خوا لێت خۆش بێت ئەی باوکی (حفص)ە، ئەوەندە بەرپەرچی ئەمیری باوەڕدارانت دایەوە گومانم برد پێم دەڵێت: بدەم لە گەردەنت.[1]

---

١ ـ سيرة عمر بن عبدالعزيز (إبن حكم)لا (١١٩ـ ١٢١)،

ئابەم جۆرە حەجاج بەلێزانی خۆی وەلیدی خەڵە تاند و وازی لێ هێنا لەسەر ئەو ڕایەی، کە عمر(رضي الله عنه) پێشکەشی کردبوو بۆ ئەوەی بەردەوام بۆیان هەبێت بە ئارەزووی خۆیا خوێن بڕێژن[1]

٨- ڕای عمر دەربارەی هەڵسوكەوت لەگەڵ خەواریج:

جگە لەو بەسەر هاتەی پێشو کەباسمان کرد کە چۆن دڵنەرم بوو لەگەڵ ئەو حەروری یەدا، لەگەڵ کەسانی تریشدا، کە هاو فیکری ئەو بوون هەر بەو جۆرە بوو، (إبن شهاب) دەگێڕێتەوە کە عمری کوڕی عبد العزیز بۆی گێڕاوەتەوە کە جارێکیان لەقرچەی نیوەڕۆدا وەلید ناردی بەدوامدا، ومنیش ڕۆیشتم بۆلای و بجۆری بینیم، کە ناوچەوانی دابوو بەیەکدا و منیش لەلای دانیشتم ، کە کەسی لەلا نەبوو جگە لە (إبن ریان) - جەلادەکەی - بەشمشێرێکەوە وەستا بوو، پێی ووتم: چی دەڵێت دەبارەی ئەو کەسانەی قسەی ناشیرین بە خەلیفەکان دەڵێن؟ پێت وایە دەبێت بکوژرێن؟ منیش بێ دەنگ بووم ، ووتی: ئەوەچیتە؟ هەر بێدەنگ بووم، هەر پرسیارەکەی کردەوە و، منیش پێم ووت: دەی دەبێ سزا بدرێت و تەمێ بکرێت. وەلید سەریکی بەرز کردەوە بۆلای (إبن ریان) ووتی: دەزانی زۆر بێ ئاگایە لەو خەواریجانە.

٩- ئامۆژگاری وەلید دەکات کە سلیمان لا نەبات:

کۆتا هەڵویستی عمری کوڕی عبد العزیز(رحمه الله) لەگەڵ وەلیدی کوڕی عبدالملك دا ئەوەبوو کاتێ وەلید ویستی کوڕەکەی خۆی (عبد العزیز) بکاتە خەلیفەی دوای خۆی لە باتی سلیمانی برای - عمر ئامۆژگاری کرد کە شتی وانەکات؛ وعمر هەڵوێستێکی مەردانەی نواند لەو بارەوە و پێ ی ووت: ئەی ئەمیری باوەڕدران ئێمە لەیەك کاتدا بەیعەتمان بەهەردوکیان داوە و چۆن ئەو لادەبەین وواز لە تۆدە هێنن؟! ئەوە بوو وەلید زۆر توڕە بوو ویستی هەر بەزۆر قەناعەتی پێبکات بۆ ئەو

---

[1] - أثر العلماء في الحياة السياسة، لا ١٦٤.

کاره وه دەڵێن خستویەتی ڕۆژێك و دەرگای لێ داخستوه ژەمی دەرگاکەشی بە قوڕ هەڵچنیوه و بۆماوەی سی ڕۆژ بەبێ خواردن و خواردنەوەی هێشتویەتیەوه تا خوشکەکەی و خیزانەکەی وەلید کەوتنە بەین و دەرگاکەیان شکاند دەبینن لە هۆش خۆی چووه و ملی لار بۆتەوه.[١]

چوارەم: عمر لەسەردەمی خەلیفە سولیماندا

لەسەردەمی خەلیفەی سولەیماندا هەلێکی باش هاتە پێشەوه بۆ عمری کوڕی عبد العزیز، وه ئاسەوارەکانیشی لە زۆر لاوه دەر کەوتبو، هەر کە سولەیمان بووبە خەلیفە خێرا عمری لە خۆی نزیك کردەوه و بواری فراوانی پێدا، پێ ووت: وەك دەبینی ئەم بەرپرسیارێتی یەکەوتە سەرشانمان و بەڕیوەبردنیشی هەڵسوڕاندن و زانیاری یەکی زۆری دەوێت، هەرشتێك دەبینی چاکە و بەرژەوەندی گشتی ی تێدایە پێمان بڵێ با جێ بەجێ بەکەین.[٢]

کردی بە وەزیری ڕاوێژکاری خۆی و بەردەوام لە ماڵەوەو لەسەفەردا هاوڕێی بووه، سولەیمانی وای دەبینی، کەلە گەوره و بچوکدا پێویستی بەر پرس و ڕاکانی ئەو هەیە و هەردەم دەیووت: ئەگەر ئەم پیاوەم لە دەست دەربچێت ئیتر ووا نازانم کەسێ: شك ببەم لە مەسەلەفقهی و شەرعیەکان دا هاوکارم بێت.[٣]

لە شوێنێکی تردا پێ ی دەڵێت: ئەی باوکی حەفس، هیچ کارێك دلگرانی نەکردووم و هیچ شتێکیش ناڕەحەتی نە کردووم، یەکسەر تۆم هاتۆتە وه خەیاڵ.[٤]

١. هۆکارەکانی نزیك کردنەوەی عمر لە سولە یمان.

بەڕای من ئەوەی وای کرد لە سولەیمان بواری تەواو بدات بە عمری کوڕی عبد العزیز (رضي الله عنه) بۆ دەست تێوەردانی دەولەت دەگەڕێتەوه بۆ کۆمەڵێك هۆکار، لەوانە:

---

١ ـ سير أعلام النبلاء (٥/ ١٤٨، ١٤٩)، أثر العلماء في الحياة السياسة، لا ١٦٧.

٢ ـ أثر العلماء في الحياة السياسة، لا ١٦٨.

٣ ـ المعرفة و التأريخ الفسوی (١/ ٥٩٨)

٤ ـ سيرة عمر بن عبدالعزيز (إبن حكم)لا ٢٨.

أ- کەسایەتی سولەیمانی کوڕی عبد الملك؛ چونکە هیچی لەوەلیدی برای نەدەکردوو نەش دەچووە ژێرکاریگەری والی یەکانی، بەڵکو سولەیمان زۆر پێچەوانەی ئەم شتانە بوو، هەروەك کاریگەریەکی بەرپرسی لەسەر نەبوو.

ب- سولەیمان لەو باوەڕەدا بوو لە عمر خاوەنی کۆمەڵێ تێڕوانینن وڕای جوان و ژیرانە بوو.

ج- هەڵوێستی عمر لە کاتێکدا وویستی سولەیمانی برای کە نارگیر بکات بۆ کوڕە کەی خۆی و ئەم کارەی وەك سوپاسێك وابوو لەسەر ئەو کارەی عمر، (الذهبي) ئامارەی بۆ ئەم لایەنە کردوەو پاش باس کردنی ڕووداوەکەی عمر، دەڵێت: ئا بەو چەشنە سولەیمان سوپاسی عمری کرد لەپاش خۆشی دەست نیشانی کرد بۆ خەلافەت.[1]

٢. کاریگەری عمر لەسەر سولەیمان:

عمر(رضي الله عنه) کاریگەری گەورەی هەبوو لەسەر سولەیمان و ئەوەش بووبە هۆی ئەوەی کۆمەڵێك بڕیاری بەسوود و چاکی پێ دەربکات، گرنگترینیان عەزل کردنی حەجاج و هەندێ لە والی یەکانی تر وەك: خالید (القسری) والی مەککە و عثمانی کوڕی حیان والی مەدینە.[2]

یەکێکی تر لەو بڕیارانە: گەڕانەوەی نوێژەکان بۆ کاتەکانی خۆیان، (إبن عساكر) لە سەعیدی کوڕی عبد العزیزەوەو دەگێڕێتەوە کە وەلیدی کوڕی عبد الملك نوێژی نیوەڕۆ و عەسری دوا خستوە لە کاتەکانی خۆی، کاتێ سولەیمان چووە سەر حوکم بوو بە خەلیفە لەسەر ڕای عمر بڕیاری دا کە نوێژەکان مردوون زندویان بکەنەوە[3].

ئەو کۆمەڵێ کاری گرنگی تر کە (الذهبي) هێناویەتی و دەڵێ: هەندێ کاری مەزنی تر لە عمری کوڕێ عبد العزیزەوە سودی وەردەگرت.[4]

---

١ ـ سير أعلام النبلاء (٥/ ١٤٩).

٢ ـ أثر العلماء في الحياة السياسة، لا ١٦٩.

٣ ـ التأريخ ديمشق لە أثر العلماء في الحياة السياسة وەرگیراوە لا ١٧٠.

٤ ـ سير أعلام النبلاء (٥/ ١٤٩).

٣. عمر(ﷺ) نا هێڵێ سو لەیمان کاربە وەسیەتی باوکی بکات:

عمر ی کوڕی عبد العزیز دەربارەی مافی هەندێ لە کچە کانی عبد العزیز لە نەوەی عبد الملك لەمیراتی عبد الملك دا. لەگەڵ سولەیمان قیەی کرد، بەڵام سولەیمان پێ ی ووت: عبد الملك وەسیەتی نامەیەکی نوسیوە و تیایدا بێ بەشی کردوون، ماوەیەك پشت گوێ ی خست و دواتر دووبارەی کردەوە، سولەیمانیش پێی ووت: عبدالملك وەسیەت نامەیەکی نوسیوە تیدا بێ بەشی کردوون، ماوەیەك پشت گوێ ی خست دوای دووبارەی کردەوە، سولەیمانیش وای زانی باوەڕی پێ نەکردووە و وەسیەتنامەی وا نی یە، بۆیە بە خزمەتکارەکەی ووت: ئەو نامیەی عبدملك م بۆ بهێنە، عمریش ووتی: ئایا قورئانە ئەی ئەمیری باوەڕداران؟ ئەیوبی کوڕی سولەیمان ووتی: هەندێکتان هەندێ قسە دەکەن نێزیکە لەسەری بدرێ لەسەر ئەو قسانە؟ عمریش ووتی: جا خۆ کاری خیلافەت بکە وێتە دەستی تۆ موسڵمانان زۆر زیاتر تووشی بەڵا دەبن، سولەیمانیش سەرزەنشتی ئەیوبی کرد، عمرەیش ووتی: ئەگەر بە نەفامی ئەو قسەیەی کردوە، ئێمە نەرم و نیانی خۆمان لێ دەبوورین.[1]

ئەمەش یەکێکە لە هەڵویستە بە غیرەتەکانی عمر، لە ووتەی حەق لەشەوێنی خۆیدا و ئەمەش بەسەروەریەکی عمر دادەنرێت، سلیمان وای دانابوو وەسیەتنامەی باوکی شەرعێکە ودروست نی یە پشت گوێ خستنی، بەڵام عمررحمه الله بەئاگای هێنایەوە و بۆی ڕوون کردەوە کە کتێبێك کە شایستەی دەسکاری و گۆڕان نەبێت تەنها قورئانی پیرۆزە و بەس، ئابەو جۆرە سەرکەشی وا لە خاوەنەکەی دەکات کەبە جۆرێکی لی ڕادە بەدەر باو باپیری بەگەورە سەیر بکات، باو باپیرێك کە شتێکی وا بۆ نەوەکانیان بنوسن نا ڕەوای تێدا بێت و بشزانن، کە نەوەکانیان بەبێ تێ ڕامان وورد ببنەوە جێ بە جێ ی دەکەن ئیتر با پێچەوانەی قورئان و سونەتیش بێت.

---

١ ـ سیرة عمر بن عبدالعزیز (إبن حکم)لا ٣١.

هــەروەك هەڵوێـستی ماردانــەی ســولەیمان بــەدی دەکــەین کەسەرزەنـشتی کوڕەکەی کرد لەسەر ئەوەی لەسەر ووتەی لەسەر ووتەی هەق هەڕەشەی لـە عمـر کـرد، ئەمـەش مانای وایە سولەیمان ڕەوشتی بەرز بووە زۆر گەڕاوەتەوە بۆدی هـەق کاتـێ بـۆی ڕۆشن بووبێـەوە.[١]

٤ـ سولەیمانی بەدڵ نی یە لە شێوەی ماڵبەخشیندا:

ســولەیمانی کــوڕی عبـد الملـك چــوو بــوو مەدینــەی پڕلـە نــور و لــەوێ مــاڵ و سامانێکی زۆری بەخشیوە بەسەر دانیشتوەکەیدا، و پاشان بـە عمـر ی کـوڕی عبـد العزیزی ووت: ڕات چۆنە بەرامبەر ئەو کارەی کردمان ئـەی (أبـا الحفـص)؟ ئـەویش لەوەڵامـدا ووتــی: دوەلەمەنــدەکانت دەوڵەمــەنتر کــرد و هەژارەکانیــشت هــەژارتر کرد...[٢]

ئەمـەش هەڵسەنگاندنێکی جوانــە لەلایــەن عمـرەوە بـۆ کارەکــانی ســولەیمان، چـونکە لەبەرئــەوەی نەشــارەزا بــوو بــە وردەکایــەکانی شــەریعەت لــە بــواری مــاڵ بەخــشیندا بۆیــە ئــەو هەمووپارەیــەی بــەبێ هــیچ هۆیــەك ســەرف کــردو خاوەنــە شەریعەکانی خۆی لێ بێ بەش کرد،[٣] ئابەو جۆرە عمرﷺ بـۆی ڕوون کـردەوە کـە جیـاوازی گــەورە هەیــە لــە نێـوان خێرکـردن و نێـوان گەیانـدنی پــارە بــە خـاوەنــە نەشایستەکانیان.

٥ـ هانی سولەیمان دەدات بڕیارە ستەمان هەڵوەشێنێتەوە:

ســولەیمان و عمـر پێکــەوە لــە بیابانــدا دەگــەڕان؛ و هــەورێك هــات و دەنگــی هەورەبرسکە یەکی گەورەی لێ هات و سولەیمان ترسی لێ نیـشت، عمـریش ووتــی: ئەمەدەنگی بارانی پڕ لەنیعمەتە، ئەی دەبێ دەنگی سزا چۆن بێـت؟ و سـولەیمان لەویدا بە عمری ووت: ئەوە (١٠٠) هەزار درهەسە بە ئـارەزووی خـۆت بیبەخـشەوە،

---

١ ـ التأريخ الإسلامی (١٥/ ٣١،٣٠).

٢ ـ سيرة عمر بن عبدالعزيز (إبن حكم)لا ٣١.

٣ ـ تأريخ الإسلامی (١٥/٢٩).

عمريش پىَ ووت: ئەى ئەگەر شتێك لەوە باشتر بكەيت چۆنە؟ سولەيمان ووتى: ئەوشتە چى يە؟ كۆمەڵێك كەس بۆئەوە لەگەڵت هاتوون تا مافيان بۆ وەرگريتەوە، بەلاَم نەيان توانى بگەن پێت و بگەنە خزمەتت، ئەويش دانيشتن و هەموو ئيش و كارەكانى بۆ راپەراندن و مافەكانى گێراوە بۆ خاوەنەكانيان.[1]

ئابەو جۆرە عمر رحمه الله لە فقهى پێويستى گەورە لە پێويستى بچوكەوە مافى گەراندنەوە بۆ خاوەنەكانيان لە ماڵبەخشين خێركردن گەورەترە.

٦ـ دنيا خۆى دەخواتەوە:

سولەيمانى كورِى عبد الملك لە گەڵ عمر ى كورِى عبد العزيز دا لە ماڵ دەردەچن بۆ سەردانى كێڵگەكەى سولەيمان، كە جۆرەها ئەسپ و حوشترو مەرِو مالاَت و شت و مەك و پياوانى خزمەتكارى لىَ بوو، سولەيمان پرسى لە عمر: دەربارەى ئەمانە چى دەڵێت؟ ئەويش ووتى: وا دەبينم ئەم دونيايە هەنديكى ترى دەخوات، تۆش بەرپرسى لەهەموو ئەوانە، كاتىَ نزيك بوونەوە لەكێلگەكە قەلە رەشێك هات و خواردنێكى لە چادرەكەى سولەيمان فرِاندو قيرِەيەكى كرد و رِۆى، سولەيمان پىَ ووت: ئەم قەلە رِەشە چى ووت ئەى عمر؟ ووتى: نازانم، ووتى: گومانى چى دەبەيت كەوتوبيەتى؟ ووتى: وەك ئەوەى بلێت: من لە كوێ وە هاتووم؟ ئەم خواردنە بۆ كوىَ دەبەم؟ سولەيمانيش ووتى: چ پێاوێكى سەيريت! عمريش ووتى: لەمن سەيرتر ئەوكەسەيە خوا دەناسێت، كەچى گوێرايەڵى ناكات، و شەيتانيش دەناسێت، كەچىبەقسەى دەكات.[2]

٧ـ شكات لێكراوەكانت لە قيامەتدا:

كاتىَ سولەيمان و عمر لەسەر كێوى عەرەفە وەستا بوو، خەليفە زۆر سەرسام بوون بەزۆرى خەڵكەكە و، عمريش پىَ ى ووت: ئەمانە ئەمرِۆ ميلەتى تۆن و تۆش

---

١ ـ سيرة عمر بن عبد العزيز لا ٢٣.

٢ ـ البداية والنهاية(١٢/ ٦٨٥).

سبەی بەرپرسی لێیان لە ڕوایەتێکدا: ئەوانە شکات لێکەرت دەبن لەڕۆژی قیامەتدا، سولەیمانیش دەستی کرد بە گریان ووتی: خوایە داوای کۆمەکی لە تۆ دەکەم.[١]

٨ـ عمر ڕێز لە کوڕە زای علی کوڕی (أبو طالب) ئەبی تالب دەگرێت:

زەیدی کوڕی حەسەنی کوڕی عەلی، کاتی خۆی هاتبو بەدەم داواکاری وەلیدی کوڕی سولەیمانەوە لەمەسەلەی لابردنی سولەیمان، ئەمەش لە ترسی وەلید بوو، کاتێ سولەیمان بوو بەخەلیفە، نامەی نارد بۆ مەدینە تاپرسیار لەوەلید بکات بۆ مەسەلەی ئەو نامەیەی کەباسی ڕەزامەندی مەدینەییەکان لەکات لەلابردنی سولەیمان ـ و ئەگەر دانی پێدانا ئەوا نامەکەم بۆبنێرەوە ئەگەر نکۆڵی لێ کرد، ئەوا لەبەردەمی میمبەری پێغەمبەر ﷺ سوێندی بدە.

کاتێ دانی نابە کارەکەیدا و والی نوێش نامەکەی ناردەوە بۆ لای سولەیمان، سولەیمانیش پیاوێکی نارد بۆ مەدینە، تا بە والی بڵێ(١٠٠)دار بدە لە یەزید بەپێی پەتی بیبات بەڕێگادا.

عمریش ئەو کابرایەی گل دایەو ووتی: جارێ مەڕۆ تاقسەیەك لەگەڵ ئەمیری باوەڕداران دا دەکەم لەو بارەیەوە، بەڵکو قانەعاتی پێ بهێنم تاوەکو واز لەو نامەیە بهێنێ وازیش لەسزا دانی یەزید بهێنێ.

پیاوەکە نەڕۆیشت و لەو کاتەدا سولەیمان نەخۆش کەوت عمریش کابرای بانگ کردوو پێ ووت: ئەمیری باوەڕداران نەخۆشە جارێ مەڕۆ، کاتێ سولەیمان بەو نەخۆشیە کۆچی دوایی کرد عمر خۆی بوو بەخەلیفەو داوای نامەکەی کردوو دڕاندی.[٢]

عمر بەردەوام و بەدرێژایی خەلافەتی سولەیمان هەر لێ دوورنەکەوتەوە ئامۆژگاری کردوو لەڕاپەڕاندنی کارەکانیدا هاوکاری و بەشداری کردووە.[٣]

---

١ ـ سيرة عمر بن عبد العزيز لا ٣٣.

٢ ـ سيرة عمر بن عبدالعزيز (إبن حكم)لا ٣١.

٣ ـ أثر العلماء في الحياة السياسة، لا ١٦٩.

دکتۆر یوسف(العش) دەڵێت: سەرەتای سیاسەت و هەنگاوە چارەسەریەکانی عمر هەر لەسەرەتای خەلافەتی سولەیمانەوە دەستی پێ کرد، بەڵێ، سولەیمان لە هەندێ لە سیاسەتەکانیدا بەهەڵەدا دەچوو و هەندێ کاری دەکرد، کەلەوانەیە عمر بەدڵی نەبووبێت، بەڵام عمری کوڕی عبدالعزیز نواندنی هێزو زەبری پێ باش نەبوو لە دەوڵەتەکەی سولەیماندا، بەڵام سیاسەتی عمر نەگۆڕ بووە، ئەو لە مەدینە چۆن حوکمی موسڵمانی دەکرد، لە دیمەشق هەر بەو جۆرە حوکمی دەکرد، بەڵام ئەوەندە هەبوو لە دیمەشق کاری گەورەترو زیاتری لێ دەهات، بەڵام ئەوەی بەلایەوە گرنگ بو بێت ئەوەبوو کە نەهێڵێت ستەم و ناڕەوایی و ناهەقی بکرێت.[١]

لەژیانی عمردا ئەوە تێبینی دەکەین کە فقیهی پلەپلە (التدرج)و فەرمان بەچاکەو بەرگری لە خراپەی بەکارهێناوە لە بواری گەڕانەوەی مافەکان و نەهێشتنی ستەمەکان، بەڵام کاتێ گەشتە ترۆپکی خەلافەت ئەو کارانەی زۆربە خەست ترو قوڵ تر ئەنجام داوە لە داد پەروەری و یەکسانی و دژایەتی ستەمکردن دا، چونکە وەك خەلیفە سنوری کاری فراوان بووە، ئەوکاتی خۆی ئامۆژگاری مامە عبدالملیکی خۆی کردووە قیامەتی بیر خستۆتەوە لەگەڵ ئەو توند و تیژی و ستەمکاری یەیدا، هەرگیز لەسەردەمی وەلیدی ئامۆزایشدا کەمتەرخەمی نەنواندوە.

بەپێ توانایش لەسەردەمی سولەیماندا هەنگاوی چاکسازی زیاتری ناوە، لەسەردەمی خیلافەتی خویشیدا هەلی گەورەتری بۆ هەڵکەوت، بۆیە ئێمە ناڵێن: کودەتای دروست کرد، بەڵکو ئەتوانین بڵێن: کە توانی دەوڵەت بخاتە خزمەتی شەریعەتی ئیسلامیەوە لە هەموو لایەنەکانی ژیاندا ئیتر با بنەماڵەی خەلیفە کانیش تییایدا زرەرمەند بوبن ئەوەش بە هۆی ئەوەی کەسامانی بێ سنورو دەست ڕیشتنی تەواوی لێ گرتنەوە و، عمر ئەو کارەی بە مافی ئەممەتی ئیسلام دەزانێ و دەبێت هەمووی بگەڕێنرێتەوە بۆ (بیت المال) یان بۆ خاوەنە ئەسڵیەکانیان.

---

١ ـ الدولة الأموية ، يوسف العش لا ٢٥٤.

پێنجەم: خەلافەتی عمری کوڕی عبدالعزیز

یەکێك لە چاکەکانی سولەیمانی کوڕی عبد الملك ئەوە بوو، کە گوێ گرت بۆ ڕەجائی کوڕی حیوة الکندی، کە پێشنیاری کرد لە نەخۆشی یەکەی سەرەمەرگیدا، کە عمری کوڕی عبدالعزیز بکاتە خەلیفەی لە دوای خۆی، ئەو ئامۆژگاریەش زۆر خاوین بوو بەشی شەیتانی تێدا نەبوو.[1]

(إبن سیرین) دەڵێت: خوای گەورە ڕەحم بە سولەیمان بکات، سەرەتا ی خەلافەتی بە زیندو کردنەوەی نوێژەکان دەست پێکرد، کۆتایەکەشی بەدانانی عمری کوڕی عبدالعزیز بە خەلیفەی دوای خۆی، و لەساڵی ٩٩ی کۆچیدا وەفاتی کرد و عمری کوڕی عبدالعزیز نوێژی لەسەر کرد و لە مۆرەکەی نوسرابوو(أؤمن بالله مخلصاً) واتە: باوەڕم بە خودا هەیە.[2]

ئەو ڕیوایەتانە کەباس لەبەسەرهاتی دانانی عمر دەکەن وەك خەلیفەی داهاتوو لەلایەن سولەیمانەوە، لەسەردەمی سولەیماندا هەندیکێانم باسکردووە، هەروەها (إبن سعد) لە(طبقات)دا بەم جۆرە هێناویەتی:

لەسوهەیلی کوڕی ئەبی سەهلەوە ڕیوایەتیکردووە و دەڵێت: لە ڕەجائی کوڕی حیوەم بیستوە دەیووت: ڕۆژی جومعە بوو، سولەیمان دەستی جلی کەشخەی لە ئاوریشم دوراو لەبەر کرد،[3] سەریرێکی ئاوێنەکەی کردوو وتی: وڵلاهی من پادشایەکی گەنجم! ، بەرەو مزگەوت دەرچوو بۆ ئەوەی نوێژی هەینیان بۆ بکات هەرکە نوێژەکەی بۆ کردن نەگەڕایەوە و هەر لە مزگەوت نەخۆش کەوت، کاتێ نەخۆشیەکەی زۆری بۆ هێنا و نامەیکی نوسی و تیایدا ئەیوبی کوڕی خستە شوێنەکەی خۆی ـ کە لەو کاتەدا منداڵێك بوو باڵغ نەبوو بوو ـ منیش پێم ووت ئەی

---

١ ـ عصر الدولين الأموية والعباسية، لا ٣٧.

٢ ـ سير أعلام النبلاء (١١٢/١١١/٥).

٣ـ پێغەمبەری خوا حەرامی کردووە لەسەرپیاوانی ئومەتی ئیسلام ئاوریشم لەبەربکەن و ئەو کارەشی خەلیفەکان کرد ویانە ناشەرعی بووە یەك لە دوای ئەك تێی کەوتوون. (وەرگێڕ)

ئەمیری باوەڕداران ئەوە چی دەکەیت؟ ئەوەی سودی هەیە لەناو قەبردا بۆ خەلیفە ئەوەیە پیاویکی صالح هەڵبژێریت بۆ دوای خۆی ببێتە خەلیفە. سولەیمانیش ووتی: کوڕە نامەیەکە نوسیومەو دوایی نوێژی إستخارەی بۆ دەکەم خۆ کۆتا ڕەئیم نی یە.

یەك دوو ڕۆژ مایەوە، پاشان نامەکەی دڕاند و منی بانگ کرد ووتی: ئەی چۆنە داودی کوڕم دابنێم؟ ووتم: ئەو لێرە نی یەو لە قوستەنتینیە یەو نانزانی ماوە یان مردووە، ووتی: ئەی ڕەجا تۆ کێ بە باش دەزانی؟ منیش ووتم: تۆ ناوی خەڵکی بڵێ، دەمویست ئەو کەسە بڵێ کە خۆم بەدڵم بوو، ووتی: ئەی عمری کوڕی عبدالعزیز چۆنە؟ وڵلاهی من وای دەناسم، کە پیاوێکی زۆر چاك و خواناس و موسڵمانە، ئەویش ووتی: دەی هەروایە، بەڵام وەڵلاهی ئەگەر دایبنێم ئەو ە کوڕانی عبد الملك ناهێڵن بە ئاسنی سەرۆکایەتیان بکات و، ئاژاوەی بۆ دروست دەکەن، مەگەر کەسێ لەوان دوای ئەو دیاری بکەم، ویەزیدی کوڕی عبد الملك لێرە نیە، ووتی: زۆر چاکە ئەو دیاری دکەم ، چونکە ئەو بێ دەنگ و ڕازیان دەکات، منیش ووتم: باڕای تۆ بێت.

دەڵێ: بەدەستی خۆی نووسی رحمه الله ئەمە نوسراوی سولەیمانی کوڕێ عبد الملك، بۆ عمری کوڕی عبدالعزیز، من ئەوم داناوە ببێتە خەلیفە لەدوای خۆم، دوای ئەویش یەزیدی کوڕی عبدالملك، گوێگر و گوێڕایەڵ بن، لە خوا بترسن، ناکۆکی نەکەوێتە نێوانتان، تا دوژمنانتان تەماحتان تێ نەکەن، نامەکەی مۆر کرد.

ناردی بە دوای بەڕێوبەری پۆلیس دا - کەعبی کوڕی حامیە - ئەویش ئامادە بوو پێ ووت: فەرمان دەربکە هەموو کەس و کارەکەم کۆ ببنەوە، پاش ئەوەی هەموو کەس و کارەکەم کۆبونەوە، سولەیمان بە ڕەجائی ووت: ئەم نامەیەم بەرە بۆیان، ئاگاداریان بکە، کە ئەوە نامەی منە، فەرمانیان پێ بدە، کە بەیعەت بکەن بەو کەسەی کەمن دامناوە.

دەڵێ: ڕەجاء وای کرد کاتێ ڕەجاء ئەم قسانەی بۆ کردن وتیان: گوێمان لێ یەو گوێڕایەڵین، ووتیان: دەچنە ژوورەوە سلاو لە ئەمیری باوەڕداران دەکەیت، ووتی: زۆرباشە.

کاتێ چوونە ژوورەوە سولەیمان پێ ووتن: ئەم نامەیە۔ ئاماژەی بۆ نامەکەی ناو دەستی ڕەجاء کرد۔ پەیمانی منە، گویگرو گوێڕایەڵی بن، ئەوەی من دیاریم کردوە بەیعەتی خۆتانی پێ بدەن، دەڵێ: هەرهەموویان یەك یەك بەیعەتیان دا، پاشان نامەکەی دەرهێناو مۆرەکەی پێشاندان.

ڕەجاء دەڵێ: کاتێ لێ بوونەوە عمری کوڕی عبدالعزیز هاتە لام و پێ ووتم: ئەی (أبا المقدام) لە نیوان من سولەیماندا پەیوەندی دۆستایەتی بەتینمان هەبوو، ئەو لەگەڵمندا زۆر باش بوو، زۆر دەترسم ئەم کارەی بەمن سپاردبێت۔ سویندت دەدەم بە خوا لەبەر خاتری ڕێزو خۆشەویستیەی نیوانمان ۔ ئەگەر منی دەستنیشان کردوە با ئێستا فریا بکەوم و بڕۆ بۆلای و خۆم ڕزگار بکەم و ، ڕازی بکەم کە یەکێکی تر دابنێت، چونکە ئەترسم کار لەکا ربترازێت و ئەوکاتە نەتوانم خۆم لەم بەرپرسیایەتیە دەرباز بکەم.

ڕەجائیش ووتی: نەخێر، وەڵلاهی یەك پیتی ئەو نامەیەت پیشان نادەم،دەڵێ عمر بە تورەیی یەوە هەستاو ڕۆیشتە دەرەوە.

ڕەجاء دەڵێت: لە دەرەوە هشامی کوڕی عبد الملکم پێ گەیشت ووتی: ئەی رجاء نێوان من و تۆ دۆستایەتی و خۆشەویستی یەك هەی، پێم بڵێ: ئایا منی دیاری کردووە؟ ئەگەر منی دیاری کردووە ئەو زانیم؟ ئەگەر کەسی تریدیاری کردبوو ئەوا باقسەکی تێدا بکەین، وێنەی من ناتەواوی تێدا نی یە و باوەڕناکەم لەم کارە بێ بەشم بکەن، دەی پێم بڵێ: خوا شاهید بێ لای کەس ناوت نابەم، ڕەجاء دەڵێ: سەرێکم بادا، ووتم: وەڵلاهی یەك پیتت بۆ نادرکێنم، ئەویش ڕۆیشتە دەروەو بەڕێگاوە دەشتەکانی دابەیەکدا و دەیووت: ئەگەر بەمنی نەدەیت ئەی بەکێ دەدەیت؟ ئایا لە بنەماڵەی عبدالمك دەری دەکەیت؟ دەی ساوەڵلاهی من وەك چاوی بنەماڵەکەی عبدالملك وام.

چوومە ژوورەوە بۆ لای سولەیمانی کوڕی عبدالملك، دەبینم وا خەریکە دەمرێت، هەرکە مردن ناڕەحەتی دەرکرد ڕوویم دەکردە قیبلە بە هۆش خۆی

دەهاتــەوە دەی ووت: هێـشتا کـاتم مـاوە ئـەی ڕەجـاء، چـیم لێ دەکـەیت وام لێ بکە(أشهد أنَّ لا إله إلاّ الله واشهد أنَّ محمداً عبده ورسوله) دەڵێ: ڕوویم کردە قیبلەو گیانی دەرچوو، منیش دەستم هێنا بەچاوەکانیداو بەپـەردەکی سـەوز دامپۆشـی و دەرگاکەم داخست، خیزانەکەی جوابی ناردبوو لەتەندروستی دەپرسی، منیش ووتم: خەوتووەو خۆی داپۆشیوە نوێنەرەکـەی سـەیرێکی سـولەیمانی کـرد داپۆشـرابوو، دڵنیا بوو لەوەی خەوتوە و گەڕایەوە بۆلای خێزانەکەی سولەیمان و دڵنیای کردەوە کە خەوتووە.ڕەجاء دەڵێت: کەسێکم لەبەر دەرگـا کـە دانـاوە خـۆم ڕۆیـشتم و پـێم ووت: نە هێڵێت کەس بچێتە ژوورەوە بۆلای خەلیفە، منیش ڕۆیشتم و جوابم نارد بۆ بەڕیوبەری پـۆلیس کـەعبی کـوڕی حامـد العـسی و هـەموو بنەماڵـەی خەلیفـەی بـۆ کۆکردمەوە، لەمزگەوتی (دابق) کۆبوونەوە ووتم: ئادەی بەیعـەت بدەنـەوە، ووتـان چیە دووبارە بەیعەت بدەینەوە!

منیش ووتم: ئەمە ئەمیری باوەڕدارانە و بەیعەت بدەن بـەو کەسـەی ئـەو دیـاری کردووە دەی، ئەوانیش دووبارە بەیعەتیان دایەوە، یەك یەك تا تـەواو بـوون، ڕەجـاء دەڵێ: جوان بۆم دەرکەوت کە دوای مردنیشیان بەیعـەتیان نـوێ کردەوەبۆیـە پـێم ووتن: فەرموون بچنە لای هاوڕێکەتان چـونکە گیـانی سـپاردووە، هـەموویان بەیـەك دەنگ ووتیان: (إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّآ إِلَيۡهِ رَٰجِعُونَ).

منیش نامەکەم کردەوە بۆم خوێندەوە و کاتێ گەیشتمە ووشەی (عمری کـوڕی عبدالعزیز) هشام خۆی پێ نەگیرا و هاواری کرد: هەرگیز بەیعەتی پێ نادەین.

دەڵێ: ڕەجائیش پێ ووت: وەڵڵاهی ئەدەم لە گەردنت و سەرتە دەپەڕێنم، دەی هەستە بەیعەتی پێ بدە، ئەویش هەستاو بە خۆڕاکێـشان و نابـەدڵ بەیعـەتی پێـدا، منـیش دەسـتی عمـرم گـرت و بردمـە سـەرمینبەرەکەو پـێی نـاخۆش بـوو بۆیـە هەردەیووت:(إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّآ إِلَيۡهِ رَٰجِعُونَ) وە هیشامیش لەبەر ئەوەی خەلیفەیی بـۆ ئـەو نەبوو دەیووت: (إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّآ إِلَيۡهِ رَٰجِعُونَ)، کاتێ هیشام گەیشتە لای عمر ووتی: (إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّآ إِلَيۡهِ رَٰجِعُونَ)مەبەستی ئەوەیە، کە ئەم کارە دەرچووە لەنەوەی عبدالملك بۆ

لای تۆ، عمریش ووتی: بەڵێ: (إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّآ إِلَيۡهِ رَٰجِعُونَ)دەکەم وا من توشی ئەم کارە کراوم پیشم ناخۆشە.[1]

(أبو الحسن الندوی) لەسەر ئەم هەڵوێستە گەورەیەی ڕەجائی کوڕی حەیوە دەڵێت:رەجاء چاکە یەکی وای تۆمار کردە لە ئیسلامدا، نەمدیوەهیچ هاوڕەیەکی خەلیفەو پاشاکان بەئەندازەی بەسوودو کەڵك بووبن بۆپادشاکان لەم پیاوە،هەلی دەست کەوت و قۆستی یەوە خزمەتێکی گەورەی پێشە کەش بەئیسلام کرد.[2]

دەی ڕەحمەتی خوا بڕژێ بەسەر ڕەجائی کوڕی حیویوەدا کە بەرنامەیەکی جوانی داڕشت بۆ هەموو ئەو کەسانەی هاوڕی یەتی خەلیفە و پادشاکان دەکەن، کە چۆن دەبێت سەری ئیسلام بەرزکەنەوە و هەل بقۆزنەوە بۆ خزمەت بەئاینی خواو خوای عزوجل و قیامەت بخەنەوە بیریان.

١ـ نەخشەی عمر بۆ ئیدارەی دەوڵەت لە دو توێی یەکەمین ووتاریدا:

عمر(رضي الله عنه) سەرکەوت بۆ سەر مینبەر، لەگەڵ یەکەمین دیداریدا لەگەڵ ئوممەت لە دوای وەرگرتنی پۆستی خیلافەت، ووتی: ئەی خەڵکینە، من تووشی ئەم کارە گەورەیە کراوم بەبێ ئەوەی ڕام وەرگیرا بێت، یان حەزم لێ کردبێت یان ئوممەت هەڵی بژاردبم، من ئەوا ئەو بەیعەتەم گەڕاندەوە بۆتان کە خرا بووە ئەستۆم، خۆتان کەسێك هەڵبژێرن، خەڵکەکەش بەیەك دەنگ هاواریان دەکرد: ئەوا هەڵمان بژاردیت ئەی ئەمیری باوەڕداران، تۆش بە پیرۆزی و خۆشی یەوە سەرۆکایەتیمان بکە...ئا لیرەدا هەستی کرد دەرباز بوون نیە لەو بەر پرسیاریەتیەی تیوەی گلاوە.

بەردەوام بوو لەسەر ووتارەکەی وتیایدا نەخشەو سیاسەتی کاری بۆ ئەممەت ڕوونکردەوە،[3] ووتی: پاشان... پاش پێغەمبەرەکەتان پێغەمبەری دیکە نایەت،

---

١ ـ التأريخ الطبری(٧/٤٤٥)، الطبقات(٥/ ٣٣٥ـ ٣٣٨).

٢ ـ رجال الفکر و الدعوة للندوي (١/٤٠).

٣ ـ عمربن عبدالعزیز و سیاسته في رد المظالم، ماجد فیصل لا ١٠٢.

پـاش هاتنـه خـوارەوەی قورئـان هـیچ کتێبێکـی تـر دانابـەزێت، و ئـەوەی حـەڵاڵی کردووە، قیامەت قیامەت حەڵاڵەو من فەرمان دەرکەرنیم، بـەڵکو فـەرمان جێبـەجێ کەرم و، من شەرع جێ بەجێ دەکەم، من بیدعەو شتێ نوێ دا نـاهێنم[1] بـەڵکو جـێ بەجێ کەرم و، شوین کەوتەم، وەکەس بۆی نی یە لە شتێکدا سەرپێچی خوای تێدا بێت بەقسەی کەس بکات وەمن چاکترتیتان نیم، من یـەکێکم هـەر وەك ئێـوە ئـەوە نەبێت کەبار من لەباری ئێوە قورس ترە.

ئەی خەڵکینـە هەرکەسـێ دەیوێـت هـاوڕێ یـەتیمان بکـات بابـە(٥) مـەرج بێتـە پێشەوە، لە پێویستی ئەوکەسانەی ئاگادارمان بکاتەوە، کـە خۆیـان نـاتوانن بگـەن پێمـان، لـە کـاتی خێـرو چـاکە دا پـشتگیریمان بکـات، کـاری خەیریـشمان بـۆ دەستنیشان بکات، تا بیکەین، لە لاماندا لە پـشتە ملـە غەیبـەت و باسـی خـەڵکیان بۆنەکات، کارێکێش پەیوەندی بەوەوە نی یە با توخنـی نەکەوێت.

ئامۆژگاریتان دەکەم بـە تـەقوای خـوا، چـونکە تـەقواو لـە خـوا ترسـان بـەباری هەمووشتێکن، لە تەقوای خوا باشتر هیچ شتێك نی یـە، بـۆ قیامـەتتان کـار بکـەن، چونکەهەر کەسێك بۆقیامەتی کار بکات خوای ـ عزوجل ـ کاری دونیای بۆ ئاسـان و مسۆگەردەکات، کە ژیانی نهێنی خۆتان چاك بکەن خـوا ژیـانی نـاو خـەڵکتان چـاك دەکات، مردنتان لەبیر بێـ و خۆتانی بۆ حازر بکەن پێش یەخەتان پێ بگرێت. مردن هەموو چێژو خۆشی یەکان دەتەپێنێت...

ئەم ئوممەتە لە خوای ـ عز و جل ـ لە پێغەمبەرەکەی ﷺ لە کتێبەکەیدا ناکۆکیان نی یە، بەڵکو دینار و درهەم نێوانی تێك داون و، مـن وەڵلاهـی بـە نـاڕەوایی بەشـی یەك بەکەس نادەم، بەناڕەوایش کەسی لێ بێ یەش ناکەم.

پاشان بەدەنگێکی بەرزتر هاواری کرد تـا خـەڵکی زیـاتر بیبیـستن، ووتـی: ئـەی خەڵکینــە، هەرکەسـێ گـوێ ڕایـەڵی خـوا بکـات دەبێـت گـوێ ڕایـەڵی بکرێـت، هەرکەسـێکیش سەرپێـچی خـوا بکـات دەبێـ بەقـسەی نـەکرێت، دەی ئێـوەش

---

[1] ـ مەبەستی شتی تازە نا ئاخنمە ناو ئاینی ئیسلام.

گوێڕایەڵیم بکەن تا گوێ ڕایەڵی خوا دەکەم و ئەگەر سەرپێچی خوام کرد لەسەر ئێوە نی یە گوێڕایەڵیم بکەن، ئەگەر هەریم و ناوچەکانی وەك ئێوە گوێڕایەڵ بوون ئەوا من ئەمیریتان دەکەم و ئەگەر ئەوان مانە جەڕێیان دەکرد ئەوە من گەورەیی ئێوە ناکەم،[1] ئەوەی ووت و دانیشتەوە.

ئابەو جۆرە بە یەعتی خەلافەت بە عمری کوڕی عبدالعزیز درا لەو ڕۆژەدا کە ڕۆژی جومعەی (١٠)مانگی سەفەری ساڵی ٩٩ی کۆچی.[2]

لەم ووتارە سیاسی یەی عمرەوە نەخشەی کاری دەوڵەتی نوێمان بەرچاو دەکەوێت لەوانە:

أ ـ پابەند بوونی با قورئان و سوننەتەوە، ئەو ئامادەنی یە بۆ گوێ گرتن لە دەمەقاڵە لەمەسەلە شەرعی و ئاینی یەکاندا، چونکە ئەو حاکمێکی جێ بە جێ کارە، ئاینی ئیسلامیش زۆر ڕۆشنە لەلایەن حەڵاڵ و حەرامە وەو هەموو بیدعە و داهێنانی لە ئایندا ڕەدکردەوە...

ب ـ ڕێگەی والاکرد لەبەردەم هەموو کەسێکدا کە بیەویت لێ ی نزیك بێتەوەو ببێتە هاوڕێ ی بەلام بەو(٥)مەرجەی کەلە لەوتارەکەدا دیاری و هەرەکەسێك ئەومەرجانەی تێدا نەهاتنە دی نابێ لێ ی نزیك ببێتەوە، چونکە زۆرباش دەیزانی هاوڕێ و دروست بیتانەی ئەمیر چ ڕۆڵێکی هەیە لەسەر ئەمیر لەسەر میللەتێکیش و چ لەسەر شێوازی حوکمڕانی یەکە وای بەباش زانی خەڵکەکە لەوە ئاگارداری بکاتەوە کەسەر قاڵی نەکەن و وبهێڵن حوکمی میللەت بکات لە ژێر ڕۆشنایی شەریعەتی خوادا، بەبێ ئەوەی بەیەکجاری دوریان بخاتەوە، چونکە ڕەوایە بۆ هەموو ئەوانەی ئینە پێشەوە بەمەرجێ یارمەتی دەروهاوکاری بن لەکاری خێردا و لەگەیاندنی پیداویستی هەژاراند.[3]

---

١ ـ الطبقات(٥/٣٤٠)سيرة عمر بن عبدالعزيز(إبن الحكم)لا ٣٥ـ٣٦. لەگەڵ هەندێ جیاوازیدا.

٢ ـ عمری کوری عبدالعزیز (إبن عبد الحكم) (٥/ ٣٤٠).

٣ ـ البداية والنهاية (١٢/ ٦٥٧).

ج ـ خەڵکەکەی ئاگادار کردەوە لەترسناکی دنیا ئەگەر خراپەی تێدا بکەن و داوای لێ کردن، تا نهێنی یەکانی خۆیان بەخاوەێنی بهێڵنەوە و لەمردنیش بترسن و پەندی لێ وەربگرن.

د ـ بە لێنێکی لەسەر خۆی فەرزکرد، کە هیچ شتێك نەدات بە کەسێك مافی خۆی نەبێت و، هیچ شتێکیش ناگرێتەوە لە خاوەن مافەکان، ئەویش مافی ئەوەی پێدان، کە گوێ ی بکەن، تا ئەو گوێ ڕایەڵی خوا دەکات و ئەگەر سەرپێچی خوای کرد، گوێڕایەڵی نەکرێت.

ئەمە بوو هێڵەکانی سیاسەتی عمر و، لەیەکەمین ووتاریدا و ڕشکارانە پێش کەشی کردن لە مزگەوتدا و، ئەم نامەیەشی بەدرێژی و لەسەر دووانەوە ناردی بۆ یەکە یەکەی هەرێمەکان، کە بە دووشێواز بۆی دەناردن:

١ـ نووسی بۆ کار بەدەستەکانی و ئەوەی بۆ ڕوون کردنەوەکە دەبێت چۆن هەڵس و کەوت بکەن لە ژیانی تاکە کەسی و ژیاننیان لەگەڵ میللەتدا، دواتر بەیارمەتی خوا لەسەر ئەم خاڵە دەدوێنن.

٢ـ نووسی بۆ ئەمیرو بەرپرسەکانی ناوچەکان و نەخشەی سیاسی کاری بۆکێشان و چونیەتی هەڵس و کەوتکردنی دیاری کردن لەگەڵ گەلدا وەك مەسڵمان یان وەك ناموسڵمانەکان، کە لە و ناوچانەدا دەژیان و، عمر لەم نامەیەدا وەك شارەزاو پسپۆڕێکی بواری شەرع و بنچینەی ئیسلام قسەی دەکرد لەگەڵیاندا.[١]

٢. سور بوونی لەسەر کارکردن بە قورئان و سوننەت:

ئەوەی نەخشە و پلانی سیایی عمر جیا دەکاتەوە ئەوەیە، کە زۆر سوربو لەسەر ئەوەی، کە کار بە قورئان و سوننەت بکرێت، زانست و زانیاری لەناوگەلدا بڵاو بکرێتەوە و لەئاینی ئیسلام تێ بگەیەنرین و لەسوننەتی پێغەمبەر شارەزا و ئاشنا بکرێن، عمریش ئەوکارانەی لەو ڕوانگەیەوە دەکرد کەباش دەیزانی کاری سەرەکی خەلیفە پاراستنی ئاین و بەڕیوەبردنی سیاسەتی وڵاتە.[٢]

---

١ ـ الاحكام السلطانية والولايات الدينية لا٥.

٢ ـ الأحكام السلطانية والولايات الدينية لا٥.

ئەو وای دەبینی، كە گەورەترین ئەركی سەرشانی ئەوەیە بنەماكانی ئاینی ئیسلام بەگەل ئاشنا بكاتەوە هانیان بدات، تا كردەوەی پێ بكەن و دەگێڕنەوە سەری، لەیەكێ لە ووتارەكانیدا ووتویەتی: ئیسلام كۆمەڵێك سنرو و شەرع و سوننەتی داناوە هەركەسێ كاریان پێ بكات ئەوە بە تەواوتی باوەڕ دارە، ئەوە بەنیوە ناچل كاریان پێ بكات ئەوە باوەڕكەی ناتەواوە، ئەگەر بژیم ئەزانم چۆن فێرتان دەكەم و واشتان لێ دەكەم كاری لەسەربكەن و ئەگەر مردیشم خۆ من بە تەمانیم بەردەوام هاوڕێتان بم.[١]

هەروەها دەڵێت: ((هەموو داهێنراوێك ـ بدعه ـ لەسەردەستی مندا خوابیمرێنێت و هەموو سوننە تێكیش لەسەر دەستی مندا زیندووی بكاتەوە ئیتر بالەسەر حسابی پلەپلە گوشتی من بێت تا دەگاتە دوا هەناسەم، لەپێناو خوادا هێشتا كەمە)).

لە شوێنێكی تردا دەڵێت: ((سوێند بە خوا لەبرەئەوە نەبێت كە سوننەتێ زیندوو بكەمەوە، یان مافێك بگێڕمەوە بۆ خاوەنەكەی حەزم نەدەكرد هەناسەیەك بژیم)).

لەبەر ئەم هۆیانە بوو، كە عمرﷺ بە پەلە دەستی كرد بە جێ بەجێ كردنی ئەم كارە گەورە و گرانە و زانایانی بەناو دەوڵەتی ئیسلام دا بڵاو كردەوەو، تا هەموو خەڵكی لە ئیسلام و شەرعی خوا وسوننەتی پێغەمبەرﷺشارەزا بكاتەوە... هانی والی و كاربەدەستەكانی هەموو هەرێمەكانی دەر هەریمەكانی، تا ئەو پەڕی توانا هەوڵ بدەن زانست و زانیاری بڵاو بكەنەوە.

لە نامەكانیدا كە دەینارد بۆ كاربەدەستەكانی پێ ی دەووتن: فەرمان بدەن بەزاناو دانا و لە ئیسلام و شەرع و تێگەیشتوەكان كەزانست و زانیاریەكەیان بكەینەوەوە بەردەوام باكۆڕ و وانەیان هەبێت.[٢]

نامەی تری دەنوسی بۆ هەندێ لە كاربەدەستەكانی پێ دەووتن: پاشان فەرمان بدە بەسەر ئەهلی عیلم زانستدا كە زانستەكانیان بڵاوبكەنەوە لە ناو

---

١ ـ سیرة عمری بن عبدالعزیز (إبن عبد الحكم).لا ٦٠.

٢ ـ سیرة عمری بن عبدالعزیز (إبن عبد الحكم). (٧٣).

مزگەوتەکانیانـدا، چـونکە سـوننەتی پێغەمبـەرﷺ مرێنـراوە.[١] هـەروەك فـەرمان دەردەکرد بۆ سەرجەم وڵاتە یەکگرتوەکانی ئیسلام تا مووچەی تایبەت ببڕنەوە بۆ زاناکان تا خۆیان یەکلابکەنەوە بۆ بڵاکردنەوەی زانست.[٢]

ئیش و کاری زاناکانی تەنها لە بڵاو کردنـەوەی زانـست و زانیـاری قـورغ نـەکرد، بـەڵکو هەنـدێ لەهەریمـەکانی دایـە دەسـتی هەنـدێ لـە زاناکـان و هەنـدێکی تریـان بەمەسەلەی داد وەری و دادگاوە خەریك دەکرد، ئەمـە لەگـەڵ هانـدانی تـەواوی بـۆ زانایاو بانگخوازەکان، تابانگەوازی ئیسلامی بڵاوبکەنـەوە و مەشـخەڵی جیهـاد بـەرز ڕابگرن.

ئەم گرنگی دانە تایبەتی یەی عمررحمه الله بـەم بوارانـەی وای لێ کردبـوو لەبەرنامـەو پرۆگرامی دەوڵەتدا لە خەلیفەکانی پێش خۆی و پاش خۆی جیا بـوو، چـونکە ئـەو تەنها خەلیفەیەك بوو، کە پێ ی وابوو بڵاوبونەوەی تێ گەیشتنی ئیسلامی و زانینی شەرع و ڕۆشنبیرکردنی جەماوەر فاکتەرێکی سەرەکیە لە سەقامگیر بوونی وڵات و بڵاوبوونەوەی ئاشتی و نەهێشتنی سەرکەشی و کودەتا کردن و هەروەها هۆکارێکی گرنگیشە بۆ پاراستنی مێشکی لاوەکانی ئوممەتی ئیسلام لەوەی ڕیـچکەو بیرۆکـەی لارو ڕوخێنـەرەکان کـاری تـێ بکـەن و پاشـتریش لـە فەڵـەق بخاتـە نـاو ڕیزەکـانی میللەت، وەك ئەوەی خەواریج[٣] و کەسانی تریش کردیان.

٣. ڕاوێژ لە دەوڵەتەکەی عمری کوڕی عبد العزیزدا:

خـوای –عـز و جـل– دەفـەرموێت: ﴿ وَٱلَّذِينَ ٱسۡتَجَابُواْ لِرَبِّهِمۡ وَأَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَمۡرُهُمۡ شُورَىٰ بَيۡنَهُمۡ وَمِمَّا رَزَقۡنَٰهُمۡ يُنفِقُونَ ﴾ الـشوری: ٣٨، واتـە: ئـەم کەسـانەی هـاتوون بەدەم بانگـەوازی خـواوە نوێـژ ڕیادەکـەن و کاراکانیـان بەڕاپرسـی و ڕاوێـژ کـردن

---

١ ـ سیرة عمر بن عبد العزیز (إبن جوزي)لا ٧٦.

٢ ـ البدایة وانهایة، لە کتێبی أثر العلماء في الحیاة السیاسة لا ١٧٩ وەرگیراوە.

٣ ـ أثر العلماء في الحیاة السیاسیة(١٨٠).

دەکەن و لەو سامانەیشی پێمان بەخشیون لێ ی دەبەخشن.

عمری کوڕی عبدالعزیز زۆر گرنگی دەدا بەکاراکردنەوەی بنەمای ڕاوێژکردن لەماوەی خیلافەتەکەیدا، دەربارەی شورا دەڵێت: ڕاوێژ کردن و گفتو گۆکردن دەروازەیەکی ڕەحمەتە، کلیلی نگیّ‌ی و بەرەکەتە، هەرگیز ڕأو بۆچوونەکان لەگەڵ ئەودوانە دا بە هەڵە ناچن، سوربوون خاودەکەنەوە.[1]

یەکەمین هەنگاوێك بۆ ئەو مەستە ئەوکاتە بوو، کە وەلیدی کوڕیٚ عبدالملك کردی بە ئەمیری شاری مەدینە خێرا ئەنجومەنێکی ڕاوێژکاری لەزاناو دانا و خواناسەکانی ناوشار هەڵبژاردو بەردەوام بێ پرسی ئەوان هەنگاوی نەدەنا.[2]

دەی کەسێك لەئاستێکی بەرپرسیاریەتی کەمدا بتوانێت بە بنەمای شورا بخاتەوە گەر ئەو بێگومان شایانتر بێت بەجوانترین و تەواوترین شێوە کاری پێ بکات ئەگەر ئاستی بەرپرسیاریەتی یەکەی بەرز تر بوویەوە بۆ کارێکی زۆر گەورەتر کەسەرکردایەتی گشتی موسڵمانانە، بنەمای شورا هەر لە یەکەمین ڕۆژی خیلافەتی بەئاشکرا دیار بوو، کەبەخەڵکەکەی ووت: ئەی خەڵکینە، من تووشی ئەم کارە گەورەکراوم، بەبێ ئەوەی ڕأی خۆم یان داواکاری خۆم یان وویستی موسڵمانی لەسەر بوبێت، من ئەوا واز لە بەیعەتە دەهێنم پێم دراوە، ئێوە بە ئارەزووی خۆتان یەکی بکەن بە گەورەی خۆتان، هەموو خەڵکەکەش بەیەکدەنگ ووتیان: ئەوا هەڵمان بژرادیت ئەی ئەمیری باوەڕ داران، بە تۆڕازین و دەی تۆش سەرکردایەتیمان بکە بەفەڕو بەرەکەتەوە.[3]

ئابەو شێوەیە عمری کوڕی عبد العزیز توانی ئەو داب و نەریتە نامۆیەی هێنرا بووە ناوولاتی ئیسلام کە یاسای هەڵبژاردنی سەرۆکی کرد بوو پشتاو پشت و بنەماڵە، ـ ئەو کردیە بەیاسای شوراو دایەوە دەستی گەلی موسڵمانان، هەر بەوەش

---

١ ـ أدب الدنیا والدین ماوردي لا(١٨٩).

٢ ـ النموذج الإداری المستخلص من ادارة عمری بن عبدالعزیز٢٨٣.

٣ ـ سیرة و مناقب عمری بن عبدالعزیز، لا ٦٥.

ڕازی نەبوو، کە موسڵمانان هەڵبیژێرن، بەڵکو هەر لە یەکەم ووتارەکەیدا ئەوەشی دەبڕی کە دەبێ هەرێمەکانیش ڕایان لەسەر ئەوە هەبێت و دەڵێت: بە چواردەوریشتاندا کۆمەڵێ شارو هەرێم هەیە ئەگەر ئەوانیش وەك ئێوە بەیعەتیان بەمن دا ئەوا باشە، بەلام ئەگەر ڕازی نەبوون پێم ئەوا من گەورەتان نیم، پاشان دابەزیە خوارەوە.[1]

نامەی نارد بۆ هەموو هەرێمەکان ـ الأمصار ـ هەر هەموویان بەیعەتیان پێ دا، بۆ ئەم مەبەستە نامەی نارد بۆ یەزیدی کوڕی مولهیب و داوای وەرگرتنی بەیعەتی لێ کرد و پاش ئەوەی لەنامەکەدا بۆی ڕوون کرد بوویەوە کە بەهیچ شێوەیەك من حەزم لەم پۆستە نەکردوە، ئەویش خەڵکەکەی بۆ کۆکردەوە و بەیعەتی لێ وەرگرتن بۆی.[2]

بەمەدا ڕوون دەبێتەوە، کە عمر رحمه الله هەر بەوە ڕازی نەبوە، کە ئامادەبووانی پایەتەخت دەنگی پێ بدەن جوابیشی نارد بۆ سەرجەم هەریمەکان بۆ ئەنجام دانی ئەو مەبەستە.

لەو هەڵوێستەی عمر ئەم خاڵانەی خوارەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە:

أ ـ عمر ئەوەی دەرخست کەسەرجەم خەلیفەکانی ئومەوی بە شێوەیەکی ناشەرعی هەڵبژێراون کە بەیاسای پشتاو پشت و کوڕاو کوڕ!.

ب ـ کەسێك لەگەورەترین شت کە خیلافەتە ئەم بنەمایە جێ بەجێ بکات، ئەوە زۆر ئاسایی ترە، کەلە شتەکانی تردا جێ بەجێ دەکات.

ج ـ عمر رحمه الله ڕاوێژی دەرکرد بەزاناکان و داوای ئامۆژگاری لێ دەکردن، وەك: سالمی کوڕی عبدالله و محمدی کوڕی کعب القضبي ورجاء کوڕی حەیوە و کەسانی تریش و دەڵێت: ((من تووشی ئەم کارە کراوم، و ڕاوێژم بۆ بکەن)).[3] هەروەك چۆن

---

١ ـ البداية وانهاية(١٢/ ٦٥٧).
٢ ـ تأريخ الطبري لە (النموذج الإداري والمستخلص من عمر لا ٢٨٥.
٣ ـ سيرة ومناقب عمر بن عبدالعزيز لا ١٦.

پرس و ڕای دەکرد بەژیر مەندو عاقڵەکان بۆ ئەو دوومەسەلەیە.[١]

عمر رحمه الله هەوڵی دا دارو دەستەو چواردەورەکەی کەسانی چاك بن، بۆیە هەر کە بەرپرسیاریەتی وەرگرت خێرا زاناو لە خواترس و شەرع زانەکانی لە خۆی نزیك کردەوە، ئەوکەسانەشی دوور خستەوە کەبەرژەوەند پەرست و دونیا خۆربوون هەر بەوەشەوە نەوەستا کە چوار دەورەکەی چاك وپاك بکاتەوە، بەڵکو پێ ووتن: ئەگەر منیش لامدا ڕاستم بکەنەوە.

بە عمری کوڕی موهاجیری ووت: ئەگەر منت بینی لە حەقم لادا ئەوە ملیوانی کراسەکەم بگرە و ڕام بکێشە و ڕام وەشێنە بڵێ: ئەی عمر، چی دەکەی؟[٢]

ئەم ڕێڕەوەش، کە عمر گرتیە بەر هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ سەرخستنی پرۆسە چاکسازی و نوێ خوازی یەکەی، چونکە چوار دەورە پاکەکەی پشتیان دەگرت و هاوکاری بوون لە ڕاست کردنەوەی هەنگاوەکانی و دروستی بڕیارەکانی.[٣]

یەکێ لە هۆکارە سەرەکیەکانی سەرکەوتنی عمری کوڕی عبدالعزیز لە هەڵگرتنی ئەو بەرپرسیاریەتیە گەورەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەهلی عیلم و چاکەی لە خۆی نزیك کردەوەو دڵی پێیان دەکرایەوەو ئەمەش بو بەهۆی ئەوەی خێرو بێری گەروە ڕژا بەسەر ئیسلام و موسڵماناندا.

٤. داد پەروەری لە دەوڵەتەکەی عمردا:

خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأْمُرُ بِٱلْعَدْلِ وَٱلْإِحْسَـٰنِ﴾[النمل: ٩٠]، واتە: خوای ـ عز وجل ـ فەرمان دەدات بە داد پەروەری و چاکە کردن.

لە ئایەتێکی تردا دەفەرمووێت﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ كُونُوا۟ قَوَّٰمِينَ بِٱلْقِسْطِ شُهَدَآءَ لِلَّهِ وَلَوْ عَلَىٰٓ أَنفُسِكُمْ أَوِ ٱلْوَٰلِدَيْنِ وَٱلْأَقْرَبِينَ ۚ إِن يَكُنْ غَنِيًّا أَوْ فَقِيرًا فَٱللَّهُ أَوْلَىٰ بِهِمَا ۖ فَلَا

---

١ ـ النموذج الإداري لا ٢٨٥.

٢ ـ أثر العلماء في الحياة السياسة لا ١٧٥ـ ١٧٧.

٣ ـ هەمان سەرچاوە لا ١٨٧.

تَتَّبِعُواْ ٱلْهَوَىٰٓ أَن تَعْدِلُواْ ۚ وَإِن تَلْوُۥٓاْ أَوْ تُعْرِضُواْ فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا﴾ النساء: ١٣٥، واته: ئەی ئەوکەسانەی باوەڕتان هێناوە بەپەری تواناو بەداد پەروەری و یەکسانی بەبەرپابکەن، لەبەر خوا ئەگەی ر دژی خۆتان دایك و باوك و خزمەکانتان بێت....

داد پەروەری دوو شێوازی هەیە:

شێوازی نەهێشتن: ئەم جۆرە هەموو ئەو هەنگاوانە دەگرێتەوە بۆ نەهێشتنی ستەم و ناداد پەروەری وبوارنەدان بە خواردنی ماف و شکاندنی حورمەتی ناموس و سامانەکان، لابردنی هرەستەمێك، کە کرابێتە سەریان و گەڕانەوەی ماف بۆیان و سزادانی ئەوکەسەیش کە ستەمەکەی ئەنجام داوە.[1]

شێوازی چاکی ـ الإجابیة ـ ئەمەش تایبەتە بە دەوڵەتەوە، هەستێت بە پاراستنی مافی تاکە تاکەی کۆمەڵگا، مسۆگەر کردنی بژێوی ژیانیان، تا وایان لیّ دێت ناتوانای پشت گویّ خراو، لاوازی واز لیّ هێنراو هەژاری بیّ هیوا، ترساوێکی هەڕەشەلێکراو نەمێنێت، ئەمەش لەکارو پێویستی یە کانی حاکمە لە ئیسلامدا.[2]

عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله هەستا بە بەرپاکردنی ئەم پایە مەزنە و ئەم بنەما ترسناکە بە جوانترین و تەواو ترین شێوە، وای بۆ دەڕوانی کە بەرپرسیاریەتی و دەسەڵات ئەوەیە هەستی بە دابین کردنی مافەکانی خەڵکی و ڕازی بوون بەو مەرجانەی لە کاتی بەیعەتدان هەیانبووە، هێنانەدی بەرژەوەندیە ڕەوا کانیان، و (خلیفە) کرێکارە لەلای ئوممەت و دەبێت هەموو داوا کاری یە ڕەواکانیان بهێنێتە دی بەپیّ ی مەرجەکانی دەنگ دان ـ البیعە ـ.[3]

عمر رحمه الله هەمیشە حەزی بەوەدەکرد، کە زیاتر و زیاتر بزانیّ دەربارەی پێشەوای داد پەروەر و ڕەوشتەکانی، ئەو کارانەی، کەپێویستە خۆی پیّ بڕازێنێتەوە، بۆیە

---

١ ـ عمری بن عبدالعزیز خامس الخلفاء الراشدین عبد الستار الشیخ لا ٢٢.

٢ ـ نظام الإسلام محمد مبارك لا (٤٥، ٤٦).

٣ ـ عمری بن عبدالعزیز الخلیفة الخامس لا ٢٢٣.

نامەی نووسی بۆ (حەسەنی بەسری)و لەوبارەیەوە پرسیاری لێ کرد، ئەویش لەوەڵامدا پێ ی ووت: پێشەوای دادپەروەر ئەی ئەمیری باوەڕدارن وەك باوكێكی بەسۆز وایە بۆ کوڕەکەی، تا منداڵن هەوڵیان بۆ دەدات، کە گەورەش بوون فێریان دەکات، لەژیانـدا هەردەستی پیانەوەیەو و پارەیان بۆ هەڵ دەگرێت بۆپاش مردنیشی.

وێنەی پێشەوای داد پەروەر ئەی ئەمیری باوەڕداران وەك دایكێكی چاك و بەسۆز وایە، کە زۆر بە بەزەییە لەگەڵ کۆرپەکەیدا، نارەحەی هەڵیدەگرێت، بەنارەحەی دەیبنێت و بەمنداڵی گۆشی دەکات، شەونخونی لە پێناودا دەکێشێت لەگەڵ ئارامی ئەودا بەئارامە، جارێ شیری دەداتێ و جارێ لێ ی دەگرێتەوە، زۆر دڵخۆشە بەلەش ساغی یەکەی، خەفەتبار دەبێت بە ئێش و ئازارو سکاڵاکانی.

وێنەی پێشەوای داد پەروەرو ئەی ئەمیری باوەڕداران وەك سەرپەرشتی کاری هەتیوان وایە، خاوەن گەنجینەی هەژاران، منداڵە ساواکانیان گۆش دەکات.

وێنەی پێشەوای دادپەروەری ئەی ئەمیری باوەڕداران وەك دڵ وایە لەنێوان ئەندامەکانی لەشدا بەساغی ئەو ئەوانیش ساغ دەبن و بەتێکچونی ئەو ئەوانیش تێك دەچن.

پێشەوای دادپەروەری ئەی ئەمیری باوەڕداران نوێنەرێكە لەنیوان خواو بەندەکانیدا، و گوێ بۆ قسەی خوا دەگرێت و پاشان دەیدات بە گوێ ئەواندا، بۆ خوا دەڕوانێت و، پاشان بەوانیشی پێشاندەدات خۆی دەداتە دەستی خواو، پاشان ئەوانیش دەداتە دەستی خوا، ئەی ئەمیری باوەڕ داران ئەو کارەی پەروەردگار داویەتی یە دەستت، وەك ئەو بەندە یە مەبە، کە گەورەکەی متمانەی پێ کردوە و ماڵ و منداڵەکانی خۆی داوەتە دەستی، کەچی ئەو دەیانفەوتێنێ وسەرگەردانیان دەکات، هەموویان هەژارو دەخات وسامانەکەشیان لەناو دەبات.[1]

---

١ ـ عمری بن عبدالعزیز ـ عبد الستار الشیخ ل ٢٢٤.

أ- لابردنی ستەم لەسیاسەتی عمردا:

* ئەمیری باوەڕداران لە خۆیەوە دەست پێ دەکات.

بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو پڕۆگرامەی بۆ خۆی دایڕشتبوو بۆ گەڕانەوەی مافەکانی بۆ شوێنی خۆیان لابردنی ئەوکارانەی بەزوڵم و ستەم کرابوون عمر رحمه الله لە خودی خۆیەوە دەستی پێ کرد. (إبن سعد) دەڵێت: کاتێ عمری کوڕی عبدالعزیز ویستی زوڵم و ستەمەکان هەڵبگرێ وتی: جێگاری خۆیەتی سەرەتا لە خۆمەوە دەست پێ بکەم.[١]

ئەم کارەشی وای لێ کرد بووە سەرمەشق و ڕەچەشکێنی بۆ خەڵکانی تر، هەرچی هەبوو لەزەوی و زارو شت و مەك تەنانەت ئەنگوستیلەیکی دەستی، کە نقمێکی گەورە بوو - کاتی خۆی وەلیدی کوڕێ عبد الملك لەو سامانانەی کەلە هەریمی ڕۆژئاواوە بۆی هاتبوون بەخشیبویە عمر- وازی لە هەمووشت هێناو هەمووی خستە خەزێنەی موسڵمانان.[٢]

ئەم هەنگاوەشی نا، تا هیچ گومانێ لەدڵەکاندا نەهێڵێتەوە و بۆ خۆیشی دڵنیایی تێدا بوو کە هەموو ئەو شتانەی هەیەتی بۆنی حەرامیان لێ نەیەت تەنانەت ئەوشتانەی کە بەوەڕەسە بۆی مابوونەوە، بەتایبەتی ئەو چیرۆك و بەسەرهاتانەی کەباسیان لەوە دەکرد لەسەردەمی خەلیفەکانی ئەمەویدا چ ناهەقی گەلێگ ڕوویدا، ئەوەندە بەڕاستی بوو لەم بوارەدا تەنانەت ڕووکەشی شمشێرەکەی لە زیوو بو، لای برد بەئاسن ڕووکەشی کردەوە و عبدالعزیزی کوڕی خۆی دەگێڕێتەوەو دەڵێ: شمشێرەکەی باوکم بەزیو ڕووکەش کرابوو، بۆیە لای برد و ڕووکەشی ئاسنی کردەوە.[٣]

واز هێنانەکانیشی لەسامەنەکانی - بەشێوازی جۆراو جۆر بوو، یان ئەوە بوو - ئەگەر حەڵاڵی خۆی بوایە - ئیشی پێان نەبووایە وەك: خزمەتکارەکانی و جل و

١ - الطبقات (٣٤١/٥).

٢ - هەمان سەرچاوە.

٣ - هەمان سەرچاوە(٣٥٥/٥)، عمر وسیاسته في رد المظالم لا ٢٠٥.

بەرگ و عەتر و بۆنە خۆشەکانی و هەمووشتە زیادەکانی دەفرۆشت، پارەی ئەوشتانەی گەیشتە(٢٣) هەزار دینار هەمووی خستە پێناوی خوا ـ السبیل ـ[١] وەیان دەی گەڕاندەوە بۆ خاوەناکانیان وەك ئەوەی بەزەوی یە قەدەغەکراوەکانی خۆی کرد کە خۆی (بنی ئومەیە) بەدیاری پێیان دابوو.

(إبن جوزی) لە (إسماعیلی کوڕی حەکیم)ی ڕیواتکردووە دەڵێت: کاتێ خەڵکەکە لای عمری کوڕی عبدالعزیز بڵاوەیان لێ کرد و ئەویش ڕۆیشتەوە بۆ شکاندنی سەرخەوێك ـ قیلولە ـ هەر ئەوندەی زانی جار چیەك هاوار دەکات و دەڵێت: ((وەرن بۆ نوێژی جەماعەت))و هەموو: بەتەواوی تێك چووین و گومانی ئەوەمان برد لە جێ یەکەوە شتێکی گەورە ڕووی دابێت.

جویرەی یە دەڵێت: کەچی هەر ئەوە بوو عمر موزاحیم ی بانگی کرد ووتی: موزاحیم ئێمە هۆزەکەمان ـ بنی ئومیە ـ پارەو سامانێکی زۆریان پێداوین، وسوێند بە خوا مافی ئەوەیان نەبوو بیدەن بە ئێمە و ئێمەش مافی ئەوەمان نەبوو لێیان وەربگر، و ئەو پارانە بوون بەهی من و منیش جگە لە خوا کەس بەسەرمەوە چاودێر نە بووە.

موزاحیمش پێ ووت: ئەی ئەمیری باوەڕداران دەزانیت چەند کورت هەیە؟ کە هەموویان ئاوان و ئاوان ـ واتە دەست کورتن ـ دەڵێ: عمر ئاو لە چاوەکانی هاتە خوارەوە و فرمێسکی نەدەوەستایەوە دەیووت: ئەیاندەمە دەستی خوا؟!

پاشان موزاحیم هاتە دەرەوە و چوو بۆلای عبد الملکی کوڕی عمر، کە بۆ قەیلولە کردن ڕاکێشا بوو، هەستایەوە و بە(مزاحیم)ی ووت: چی تۆی هێناوە ئا لەم کاتەدا؟ ئایا شتێك ڕووی داوە؟ ووتی: ئەو ڕووداوە چی یە؟ و (مزاحم)یش مەسەلەکەی بۆ گێڕایەوە ئەیش پێ ی ووت: ئەی تۆ چی وەڵامی باوکمت دایەوە؟ مزاحم ووتی: ووتم: ئەی ئەمیری بڕاوا داران چەند کوڕت هەیە؟! چەندێ وهەندێ ـ دەست کورتن ـ عبدالملك ووتی: ئەی ئەو چی پێ ووتیت؟ دەڵێ: چاوی پڕ بوو لە

---

١ ـ هەمان سەرچاوە(٥/٣٥٥)، عمر وسیاسته في رد المظالم لا ٢٠٥.

ئاو و دەستی کرد بەگریان و ووتی: ئەیاندەمە دەستی خوای تەعالا، عبد الملکیش ووتی: تۆ وەزیرێکی خراپیت ئەی موزاحیم.

پاشان بە خێرایی خۆی گەیاندە بەردەرگای باوکی و داوای چوونە ژوورەوەی کرد، دەرگاوانەکەیش ووتی: دەی بۆ ڕەحمێکی پێ ناکەن لە هەموو شەو ڕۆژدا ئەم سەعاتەی هەیە تیایدا کەمی بحەوێنێتەوەو عبد الملکیش ووتی: ڕێگام بدە هەی قوڕم ساق، عمر گوێ لە گفتوگۆکەیان بوو ووتی: ئەوەکێ یە؟ ووتی: (عبدالملك)ە، عمر ووتی: ڕاێگای بدەن بابێتە ژورەوە، چوە ژورەوە و عمر ڕاکشا بوو، بۆ سەرخەوی (قەیلولە) ووتی: خێرە وا لەم کاتەدا هاتوویت؟ (عبدالملك) ووتی: (مزاحم) هەندێ شتی بۆ باس کردووم، عمریش ووتی: ئەی ڕای تۆ چی یە لەو بارەیەوە؟ ئەویش ووتی: ڕام وایە جێ بەجێ بەکەیت.

دەڵێ: عمر دەستەکانی بەرزکردەوەو، پاشان ووتی: سوپاس بۆ ئەو خوایەی وای کردوە لەنەوەکانی من کەسانێك هەن هاوکارم دەبن لە ئیش و کاری ئاینەکەمدا، بەڵێ کوڕی خۆم کاتێ نوێژی نیوەڕۆم کرد، تۆ هەستە و بڕۆسەر مینبەرەکە بە ئاشکرا و لەبەرچاوی هەموو خەڵکی سامانەکەت بگێڕەوە.

عبدالمکیش ووتی: ئەی ئەمیری باوەڕ داران: چاکی دەڵێت: دەڵێت: ئەگەر دوای بخەیت بۆ نیوەڕۆکی دەڵێت: نیەتت نەگۆڕێت، عمریش ووتی: خەڵکەکە ئێستا بڵاوەیان لێ کرد وەو چونەتەوە بۆ قەیلولە، عبد الملکیش ووتی: جارچی یەکەت باهاورا بکات(وەرن بۆ نوێژی کۆمەڵ)، ئەو کاتە هەموو خەڵکی کۆدەبنەوە، جار چیەکە جاڕی داو ووتی: (الصلاة جامعه)، واتە: وەرن بۆ نوێژی جەماعەت.

دەڵێ: منیش بەرە مزگەوت ڕۆیشتم و لەوێ عمری کوڕی عبدالعزیز هات و سەرکەوتە سەر مینبەر، حەمد و سەنای خوای کرد و، پاشان ووتی: پاشان... ئەوە هۆزی ئێمەیە- مەبەستی ئومەوی یەکانە- بەخششی زۆریان داوە پێمان، سوێ، بەخوا مافی ئەم هەمووشتەمان نەبوو ئەو هەمووشتەمان بدەنێ، ئێمەش مافی ئەوەمان نەبوو لێیان وەربگرین، هەموو ئەوشتانە دراوە من یەك کەسیش چاودێر نەبوو بەسەرمەوە، دەی ئەوا من ڕەدەم کردەوە و لە خۆم و بنەماڵەکەماوە دەستم

پێ کردوە، ئادەی نامەکە بخوێنەرەوە.

گۆزەیەکیان هێناو ئەو نوسراوانەی تێدا بوو دەڵێ: موزاحیم هەمووی خوێندەوەو کاتێ تەواو بوو دایە دەستی عمر کەمەقەسێکی بەدەستەوە بوو لەسەر مینبەرکە دانیشتبوو، دەستی کرد بە پارچە پارچەکردنی نووسراوەکان، پاشتر موزاحیم وەرەقەیەکی تری دەرهێنا و خوێندی یەوە لەپاش تەواو کردنی دایە دەستی عمرو، عمریش خەریکی دڕاندنی بوو، پاشتر نوسراوێکی تری دەرهێنا و عمریش لێ ی وەردەگرت و دەی دڕاند و بەوشێوەیە بەردەوام بوون، تا بانگی نیوەڕۆی فەرموو.[1]

لەو ملك و قەردەغانەی کاتی خۆی بە خشرابوون ن بەعمر، واعمر گەڕاندیەوە بۆ(بیت المال)، کەژی وەرس لە وڵاتی یەمەن و چەند قەدەغەیەك(قاغه) لەمامە.[2] و ئەمەو لەگەڵ زەوی (فەدەك)و (خەیبەر)[3] و سوەیدا، هەموویان گەڕاندنەوە بۆ خەزێنە تەنها (سوەیدا)نەبێت، عمر(رضي الله عنه)دەیووت: هەرچیم هەبوو هەموویم گەڕاندنەوە بۆ موسڵمانان تەسوەیدانەبێت، کە زەویەکە من بەپارەو مووچەی خۆم هێاوەتەوە بەرهەم و بچوکترین مافی موسڵمانای بەسەرەوە نی یە،لەو پارەیەم، کە(٢٠٠)دینار بوو لەگەڵ موسڵماناندا وەرم دەگرد چکم کردوە.

زەوی فەدەك دەکەوێتە باکور شاری مەدینە، ساڵانە نزیکەی (١٠,٠٠٠)دیناری خێردەدا یەوە، کاتێعمر(رضي الله عنه) خیلافەی کەوتەدەست، هەواڵی ئەوزەوی یەی پرسی و لێ ی ورد بوویەوە و پاشان باسی ئەو زەویەی کرد لەسەردەمی پێغەمبەری پێغەمبەری خواداﷺو، پاش ئەویش لەسەردەمی ئەبوبەکری صدیق و عمر و عثماندا(رضي الله عنه)... لەسەر ئەوە نامەی نوسی ئەبو بەکری کوڕی عەمری کوڕی حەزم و پێ ووت: پاشان، من زۆر ورد بوومەتەوە لەزەوی یەکەی فەدەك و بۆم دەرکەوتووە کە بە من نابڕێت و نیازم کردوەە بیگەڕێنمەوە سەر شێوازی سەردەمی پێغەمبەر و

---

١ ـ سيرة عمر بن عبدالعزيز لا (١٠٧ ، ١٠٨).

٢ ـ عمر بن عبدالعزيز سياسته في رد المظالم(٢٠٧٠).

٣ ـ هەمان سەرچاوە.

أبو بكر و عمر و عثمان، واز لەو بەنامانە بهێنم کەدوای ئەوان کاری لەسەر کراوەو بۆ ئەو بەستە بیگەڕێنەوە و بیدە دەستی کەسێك لە موسڵمانان کە بەرهەمی بێنێت، والسلام.[1]

(کەتیبە)کە قەڵایەك بوو لە قەڵاکانی خەیبەر، کاتێ عمر بووبە خەلیفە نامەی نارد بۆ کاربەدەستەکەی بەشاری مەدینەوە، کە ئەبو بەکری کوڕی محمدی کوڕی عەمر بوو پێ ووت: بەدوادا چونێکی کەتیبەکەم و بزانە لە پێنج یەکەکەی پێغەمبەری خوا بووە یان موڵکی تایبەتی پێغەمبەرﷺ خۆی بوو؟

ئەبو بەکریش پرسیاری لە عەمرەی کچی عبد الرحمن کرد و ئەویش ووتی: پێغەمبەر خواﷺ کاتێ سوڵحی کرد لەگەڵ (بەنی ئەبی الحقیق) ـ (نەتئە و شەق)ی کرد بە پێنج بەشەوە و کەتیبە یەکێك بوو لەو پێنج بەشە، عمری کوڕی عبد العزیزیش گەڕاندیەوە بۆ شێوازی سەردەمی پێغەمبەری خواﷺ.

ئەو زەویەشی گەڕاندەوە بۆ ئەو پیاوە میسری یەی لەکاتی خۆی عبدالعزیز باوکی لەشاری حەلوان بە ناڕەوا لێ ی وەرگرتبوو، ئەو خانوەشیکە عبدالعزیزی کوڕی مەڕوان کاتی خۆی لە ڕەبیعی کوڕی خاریجەی کڕی بوو، کە هەتیوێك بوو خۆی گەورەی کردبوو، عمر گەڕاندی یەوە بۆ ڕەبیعە پاش ئەوەی بۆی دەرکەوت، کە لەشەرعدا دروست نی یە سەرپەرشتیار مۆڵکی هەتیوەکانی ژێردەستی خۆی بکرێتەوە.

پاشن هەموو ئەوداهاتەی لەکەژی وەرسەوە لە یەمەن دەستی کەوت، گەڕاندیەوە بۆ(بیت المال)لەگەڵ ئەو دەست کورتی پێویستی زۆرە خۆی و ماڵ و منداڵی بەو پارانە، بەڵام ژیانی ئەو دونیای بەلاوە مەبەست بوو، نەك ژینی کورتی دنیا، هەروەك فەرمانی دابە موزاحیم، کە هەموو ئەوداهاتانەی ساڵانە لە بەحرەینەوە بۆی دەهات بیگێڕێتەوە بۆ خەزینەی موسڵمانان.[2]

---

١ ـالطبقات(٥/٣٨٩)و عمر وسياسته في النظام (٢٠٨).

٢ ـ الطبقات لا ٢١٢.

ئا بەو شێوەیە عمرﷺ لە خۆیەوە دەستی پێ کردو خۆی کردە سەرمەشق و ڕەچە شکێن لەو بوارەدا لەبەرچاوە، گەلەکەی و هەموو ئەو موڵکانەی گێڕایەوە بۆ خەزێنەی موسڵمانان کە بۆنی ئەوەیان لێ دەهات بەناڕەوا گەیشتبێت بەو ویان گومانی هەبوو لەوەی بە تەواوی حەلاڵی ئەوبێت، هەمووی گەڕاندەوەبۆ خاوەنەکانیان،ئەمەش لە ڕوانگەی دەست گرتنی بەوە بوو بە بنەمای زوهید و دنیا نەویستی و باوەڕی تەواوی بەوەی کە گەڕاندەوەی ئەو شتانەی بەزوڵم گەیشتبوو بەو بەشێکە لە تەقوا و لە خواترسان و، دانانی شتەکان لە شوێنی خۆیاندا.

هەرکە بەتەواوی ڕزگاری بوو لە هەموو ئەوشتانەی گومانی لێیان هەبوو، کەمافی ئەوەی تێیدا بێت ـ ناوڕی دایەوە بەلای خێزانەکەیدا ـ فاطمەی کچی عبدالملك ـ کە خاوەنی ئاڵتون و جەواهیر بوو، پێ ووت: ئەمە چۆن گەیشتە دەستی تۆ؟ ووتی: ئەمیری باوەڕداران پێ بە خشیووم.

عمریشﷺ پێ ی ووت: یان ئەوەیە دەی خەیتەوە (خەزێنەی موسڵمانان) یان ڕوخسەتم بدە لێت جیا ببمەوە، چونکە پێم خۆش نی یە من و تۆ و ئەو خشڵ و گەوهەرانە لەیەك ماڵدا بین.[1]

عمرﷺ زۆر لەسەر خۆ هۆکاری ئەمەی بۆ ڕوونکردەوە و پێ ووت: ئەزانم مەسەلەی ئەم خشڵ و زێڕو زیوەو ئەزانم باوکت چی لێ کردووە، دەی ڕیگام پێ دەدەی بیخەمە ناو دارە مەیتێك و لەو پەڕی (بیت المال) دابنێم و پارەی تر سەرف بکەین ئەگەر پێویستمان بووسەرفی بکەین، ئەگەر پێش تۆ مردم ئەوا پێت بدەنەوە، فاطمەش ووتی: چۆنت پێ خۆشە وای لێ بکە.

عمرﷺ پێش فاطمە گیانی سپاردو یەزیدی برای فاطمە بوو بە خەلیفەو دووبارە خشڵەکەی بۆ ناردەوەو، بەلاّم فاطمە وەری نەگرتەوەو ووتی: من هەرگیز شتێك وەرناگرمەوە، کە پێشتر بە خشیبێتم، بەلاّم یەزید دابەشی کرد بەسەر خێزانەکانی خۆی و خێزانی کوڕەکانیدا.[2]

---

١ ـ الطبقات لا ٢١٢.

٢ ـ سيرة عمربن عبدالعزيز(لإبن عبدالحكم) لا(٥٢ ، ٥٣).

* گەڕاندنەوەی موڵکە ناڕەواییەکانی بەنی ئومەیی یە :

ئەگەر عمررحمه الله لەگەڕانەوەی ئەو موڵك و سامانەی دا لە خۆی و خێزانەکەی و ئامۆزاکانی و خاڵۆزاکانی و براکانی یەوە لە بنەماڵەی ئەوممەوی دەستی پێ کرد، لەگەڵ بە خاك سپاردنی سولەیمانی کوڕی عبدالمکی ئامۆزایدا شتێکی زۆر سەرسوڕ هێنەری بینی، ئەویش ئەوەبوو دەبینی خەلیفەکانی پێش خۆی، کە هەموو، یان مام و ئامۆزای بوون - زۆری دیمەنی زیادە ڕەوی و ئیسرافیان هێناوە بەسەر خەلیفەدا کە لەسەردەمی پێغەمبەری خوادا ﷺ شتی وانە بووە یان لەسەردەمی خەلیفە ڕاشیدیەکاندا، ماڵ و سامانێ:ی بێ شوماریان خەرج دەکرد لەپێناوی ئەوەدا، کە لەبەرچاوی میللەت بە گەورەو جێگاری شانازی دەربکەون.

لەو دیمەنانە: ئەسپ سوارانی خیلافەت کەپێك هاتبوون لە کۆمەڵێکی زۆر لە ئەسپ و ئێستر و گوێدرێژو هەر وولاخێکی کەسێك سەرپەرشتی دەرکد کەسێك ڕەشۆکەی گرتبوو.

هەرە لەو دیمەنانە: کۆمەڵێك چادرگەو ژور و فەرش و ژێر خەر کە ئامادەکرابوون بۆ خەلیفەی نوێ، و چاوی هەڵتەقی بوو هەموو بەو هەمووە دەستە جل و بەرگە نوێ یە و شوشە عەترو کرێنمانەی، کە برمردنی خەلیفەی پێشو هەموو دەبنە موڵکی ئەو، بەبێ ئەوەی قەترەیەك ئارەقی لە پێناودار شتبێت، هەموو ئەمانەش کە لەوکاتەدا گەلێك پیویستی بەو سامانانە بوو تا پێداویستی موسڵمانانی پێ دەربکات بەو شێوەیەی کە خواو پێغەمبەرەکەی ڕوونیان کردۆتەوە.

بۆیە ئەم شتگەلە جوانەی درایە دەست خێرا هەمووی دایەدەستی موزاحیم و ووتی بێ ی: هەموویان بفرۆشە و پاراکە بخەرە ناو خەزێنەی موسڵمانان.[١]

عمررحمه الله سیاسەتێکی دیاری کراو نەخشەبۆکێشراوی هەبوو لەمەسەلەی گەڕاندنەوەی پارەو موڵکی بنەماڵەی ئومەوی یەکان ڕابۆیە لەپاش بەخاك سپاردنی سولەیمان هەموو هاتنەوە خزمەت خەلیفەی نوێیان وەك عادەتیان لەگەڵ

---

١ ـ عمر بن عبد العزيز وسياسته في رد المظالم لا ٢١٣.

خەلیفەککانی پێشتردا، بۆئەوەی هەر لەوکاتەوە لەو مەسەلەیە لەو کاتەوەی ئاگاداریان بکات، ئەوەبوو عبدالملك نەیهێشت بێتە ژوورەوە و بەباوکی ووت: فەرمانت بەچی یە؟ ئەویش ووتی: پێیان بڵێ باوکم سەلامتان لێ دەکات، پێتان دەڵێت: ﴿قُلْ إِنِّيٓ أَخَافُ إِنْ عَصَيْتُ رَبِّي عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ﴾(الزمر: ١٣).

پاشتر جارێکی تر داوای لەباوکی کرد، کە زووبکات لە جێ بەجێ کردنی لێ سەندەوەی مولك ماڵی ئومەوەی یەکان، کە بەناڕەوا دەستیان کەوتبوو عمریش پێ ووت: ئەم هۆزو بنەماڵەی تۆ ئەم شتانە، یان گرێ گرێ دەست کەوتووەو هەرکاتێ بمەوێت هەوڵ بدەم لێیان بسەنمەوە دەترسم بەیەکجارو پێکەوە هەڵتەقێن پێمانداو جەنگ و خوێن ڕشتن بەرپا بکەن دژمان.

دەی وەڵڵاهی لەناوچوونی دنیا مەبەلاوە ئاسان ترە لەوەی بەهۆی منەوە ئەوەندی کەڵەشاخ گرفتێك خوێن برژێت، ئەی تۆ عبدالملك باوە ڕازی نیت کە باوکت هەموو ڕۆژێك سوننەتێك زیندو دەکاتەوە و- بیدعە- یەك گوڕدەنێ - تابزانیت خوا چی دەکات لەنێنان ئێمەو ئەواندا و خوایش باشترین حوکم ڕایانە.[1]

پاشان زیاتر سیاسیەتەکانی خۆم لەم بارەیەوە ڕوون کردەوە، کاتێ (عبد الملك)ی کوڕی پێ ی ووت: چی ڕێ لێ گرتبوویت و ناهێڵێ ئەوێ دەتەوێت جێ بەجێ ی بکەیت؟ دەی سا وەڵڵاهی زۆر ئاسایی لەلام من و تۆپێکەوە لە مەنجڵێکدا بکوڵێنن. عمر پێ ی ووت: تۆیش؟ ووتی: بەڵێ.

عمریش ووتی: سوپاسی بۆ ئەو خوایەی ڕۆڵەیەکی وای پێ داووم، کە پێشتگیر و هاوکارمە لە ئیش و کاری ئاینەکەمدا، بەڵام ئەگەر ئەوەی تۆ دەیڵێت جێ بەجێ بکەین لەوە دڵنیانیم کە بەدڵیان بێت، ئەگەر بە دڵشیان نەبوو ناچارم دەکەن پەنابەرم بۆ شمشێر، دەی خێر نی یە لە چاکەیەکدا بەشمشێر بهێنریتەکایەوە، کوڕی خۆم من خەڵکی وردە وردە ڕادەهێنم و ئەگەر تەمەنیش ڕێگاری نەدام ئەوە داوا دەکەم لەخوا ئەو خواستانەم بێنە دی، چونکە خوا دەزانێت من نیازم چی یە.[2]

---

١ ـ سيرة عمر بن عبدالعزيز، إبن الجوزي لا (٢٦٠ـ ٢٦٣).

٢ ـ سيرة عمر بن عبدالعزيز، إبن الجوزي لا(٢٦٢ـ٢٦٣).

ئابەو شێوەیە عمر رحمه الله سیاست و ڕێزی پڕلە حیکمەت و ژیرانەی گرتەبەر بۆ هێنانە دی ئەو ئاواتانەی، بۆجێ بەجێ کردنیشی گەورەترین و ترسناکترین ڕێگای گرتە بەر کە ئەوەبوو لەخۆیەوە دەستی پێ کرد و پاشان خانەوادەی خۆی پاشتر بنەماڵەکەی کە خاڵۆزاو ئامۆزاوانی بوون و کۆی کردنەوە و داوای لێ کردن کە هەرچی یەکیان بە ناڕەوا پێدراوە بیگێڕنەوە بۆ خاوەنەکانیان.[١]

هەر لە ڕۆژانی یەکەمی خیلافەتدا بەتەواوەتی بەنی ئومەیەی ڕووت کردەوە لە زۆربەی موڵك و سامانەکانیان، کە لەڕۆژانی ڕابردوودا گەشەی کردبوو، چونکە بنەماڵەی فەرمان ڕەواکان بوون...))، وا ئەمڕۆ ماڵەکانیان لێ دەسەنرێتەوە و دەخرێتەوە(بیت المال)و دادپەروەری ڕێرەوی خۆیدەگرێەوە؛ سامانی موسڵمانان واد دەگەڕێتەوە بۆ موسڵمانان، تایبەت نابێت بە کۆمەڵێکەوە یان حیزبێکەوە و خەڵکی تری لێ بێ بەش بکرێت، و ماڵ و سامانەکانیش لە هەموو جۆرەکان بوون، بەهەموو شێوازێك هۆکارێك کۆکرا بوونەوە، عمر رحمه الله لەبەنی ئوممەیەی سەندەوە و هەموو تاپۆکانیشی دڕاندن و گەڕاندنیەوە بۆ شوێنی دروستی خۆیان:

لەوانە: موڵکی بەناڕەوا دەست کەوتوو، خەڵات و دیاری، موڵکی تایبەتی و جیاو زەوی وزار و قەدەغەکان، هەر هەمووی کرا بە پارە و کۆکرایەوە کە لە مەزەندەی عمر دا لایەکی سامانی هەموو ئوممەت بووو بەنیوەی (بیت المال)دادەنرا.[٢]

چەند ڕۆژێکتێ تێپەڕی و (بەنی ئوممەیە)بینیان وا لە هەموو موڵك و سامانێك بێ بەش کران جگە لەوەندە نەبێت کە مافی ڕەوای خۆیان بو، دەستیان بە دروستکردنی هاشەو هوشە دژی ئەم سیاسەتەی عمر کرد و نەیاری تەواوی خۆیان ڕاگەیاند، ئەی وەلامی عمر چی بوو؟.

(دەی وەڵڵاهی ئاواتە خوازم لەسەر زەویدا ناعەدالیەتێك نەمێنێ من نەگێڕمەوە شوێنی خۆی و ئاواتە خوازم هەرناعەدالەتی یەك ڕاست کەمەوە لەبەرامبرەیدا پارچە یەك لە لاشەم بمێنێت و ئازاری تەواو بچێژم و پاشانیش وەك خۆی لێ

١ ـ عمر بن وسیاسته في رد المظالم ٢١٥.

٢ ـ سیرة عمر بن عبدالعزیز لإبن الجوزی لا ١١٥.

ببێتەوە، یەك ناعەدالەتی نەمێنێت ڕاستم نەکردبێـەوە لـە دەروونـی خـۆم دەپرسم دەربارەی).[١]

بەڵام نەوەکانی بەنی ئوممەیە بێ هیوا نەبوون و چۆکیان دانەدا دەربـارەی ئـەم مافانـەی ئومـەتی ئیـسلام، کـەهیچ ڕۆژێـك لـە ڕۆژان نـەهاتووە بـە خەیاڵیانـدا بـەو شێوەیە لێیان بسەنرێتەوە، بۆ ئـەو مەبەسـتە کۆبوونـەوە داوایـان کـرد لـە کـوڕە گەرەی وەلید کرد کە دەمڕاستیان بـوو تـا لـەو بارەیـەوە شـتێك بـۆ عمـری کـوڕی عبدالعزیز بنوسێت.

ئەویش نامەی نوسی بۆی ووتی: پاشان... تۆرێڕەوی هەموو خەلیفەکانی پـێش خۆتت فەرامۆش کرد و لە پڕۆگرامی ئەوان لات داوکارەکانیانت ناونا ـ ناعەدالـەتی ـ مظلمة ـ کەئەمەش بە چاوی سوك سـەیرکردنی خۆیـان و سیاسـەت و کارەکانیانـە، جنێویشە بۆ ڕۆڵەکانی دوای خۆیان، ئەوکارەش مافی تۆ نی یە، ئەوەی خوا ویـستی بگەیەنرێت تۆ بچڕاندت، هەڵوێـستی نـاڕەوات نوانـد لەگـەڵ خزمانتـدا، هـەمووپارەو موڵك و سامانی پاش ماوەی قورەیـشی یـەکان مافـەکانیانت داگیر کـرد بەسـتەم و ناڕەوا خستتەوە خەزێنـەکانی خـۆت، دەی لـەخوا بترسـە ئـەی کـوڕی عبـدالعزیز و بگەڕێرەوە بۆلای، ئەگەر ئاوا ستەم و نان بڕاوی بهێنی بەسـەر خزمەکانتـدا گومـان مەبە ئەو کورسی یەت تاسەر بـۆ بمینتـەوە، سـوێند بەوکەسـەی محمـدیﷺ کـردە خاوەنی پەیام و کەڕامـەت، بـەم کـارەت تـۆ خـۆت لـە خـوا دوور دەخەیتـەوە، کـە خۆیـشت بـە بەلاسـەیری دەکـەیت، دەی هـەر وایـشە، دەی کـەمی لـە ئـازەزوات و نابەدڵی یەکانت وەرە خوارەوە)[٢].

لەم نامەیدا ناڕەزانی نەوەکانی ئوممەیی یە دەردەخات بەرامبەر کارەکانی عمر:

* پێـچەوانەی خەلیفـەکانی پـێش خـۆی کـردوە و بەسـوك و ناتـەواو سـەیری کردووەن.

---

١ ـ سیرة عمر بن عبدالعزیز(إبن عبد الحکم) (١٤١ـ ١٥١).

٢ ـ عمر بن عبدالعزیز، صالح العلي لا ١٩٤.

* بە خراپ سەیرکردنی ڕۆڵەکانی دوای خۆیان.
* کارەکانی ناڕەوان و لەگەڵ هەقدا یەك نا گرنەوە.
* نان بڕاو کردنی بنەماڵەکەی هەڕەشەیەکە بۆ پۆستەکەی وەك خەلیفە.

بێ گومان ئـەم کـارەی عمر کـوڕی عبـد العزیـز هەڕەشـەیەك بـوو ڕووبـەڕووی بنەماڵـەی ئوممـەی یـەکان دەبوویـەوە هیـزو دەستەلاتی لاواز دەکـردن، وایـان لێ دەکردن هەنگاوی تر بگرنەبەر، کە هەڕەشە بێت بۆ خەلیفەی سـەرحوکم، ئەمـەش جێگاری مەترسی گەورەی چ خۆی و چ بۆ ئەسڵی خیلافەت.[1]

وەڵامی عمررحمه الله بۆ ئەم نامەیە زۆر توند بوو، هەموو وشـەیەکی وەك بڵێسەیەکی ئاگر وابوو: ((وەیل بۆ خۆت و بۆ باوکیشت، ئای کەشکات لێ کـەر مـاف خواروتـان زۆرە لەڕۆژەی قیامەتدا، .. خۆت بگرە پـە لەمـە کـە، ئەگـەر تەمـەن ڕێگـا بـدات و مافەکان هەموو بگرمەوە شـوێنی خۆیـان... ئەوکاتـە ئاورێـك لـە تـۆ و بنەماڵەکـەت ئەدەمەوە، گۆڕەپان سپی دەکەمەوەلەسەر بەڵگەی ڕوون و ئاشکرا، ئـەی ئەوانـەی بە درێژایی ژیانتان هەقتان پشت گوێ خستووە)).[2]

* بنەماڵەی ئومەوی یەکان پەنا بۆ گفتوگۆی ئاشتیانە دەبەن:

پاش ئەوەی ڕۆڵەکانی ئەمویی یە بێ هیوا بوون لە خۆگرتن بەرامبەر ئەم نەیاری یەیەکگرتووەیان وزانیان سودی نی یە، پەنایان برد بۆ شێوازی دانشتن و گفتو گـۆو لەیەك حاڵی بوونی نەرم ونیان، بەڵکو بـەو هۆیـەوە بگەنـە ئـەو مەبەسـتەی خۆیـان پێان خۆشە و قسەی لەگەڵدا بکەن و خزمایەتی وسیلەی ڕەحمی بخەنەوە بیر.

ئـەویش بـەم شـێوازە وەڵامـی دانـەوەو ووتـی: (سـامانی تایبـەتی خـۆم لـە خزمەتتاندایە، بەڵام موڵك و سـامانی گـشتی مـوڵکی هـەموو موسـڵمانانە و ئیـوەش یەکێکن لەوان، وەڵڵاهی ئەگەر کار وای لێبێت هەموو سەر زەووی ئـەم بـۆ چـوونەی ئێوەیان هەبێت، منیش دنیایەك سزای خوایان بەسەردا دەبارێنم).[3]

---

١ ـ عمر بن عبدالعزيز، صالح العلى لا ١٩٥.
٢ ـ سيرة عمر بن عبدالعزيز (إبن عبد الحكم)لا ١٤٧ـ ١٥١.
٣ ـ سيرة عمر بن عبدالعزيز(إبن الحكم)، لا ١٤٧ـ ١٥١.

جارێکیـان هیـشامی کـوڕی عبـدالملك دەڕواتـە لای، پـێ دەڵێـت: ئـەی ئـەمیری باوەڕداران من نوێنەری خزمەکانتم بۆلات، هـاتووم ئاگـادارت بکـەم لـەوەی، کـە لـە ناخیاندایە، ئەوا دەڵێن: تۆچی دەکەیت لە حوکمەتەکەتدا ئازاد بەو بیکـە، بـەڵام واز بێنە لەو حوکم فەرمانانـەی، کـە خەلیفـەکانی پـێش تـۆ داویانـە، عمر هـەر لەوێدا وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت: ئەگەر دوو کتێبم بۆ بهێنی یەکێکیان لە معاویە و ئـەوی تریان لە عبدالملکەوە بێت: کار بەکامیان بکەم بەڕای تۆ؟ ووتـی: بەوەی پێشتریان. عمریش وەڵامی دایەوە: دەی من هیچ کتێبێـك لـە کتێبەکـەی خـوا پێـشتر نـابینم و منیش چ کاری ئێستام و چ کاری خەلیفەکانی پێش خۆم لەسەر ئـەو کتێبـە پێـڕەو دەکەم.[1]

* بنەماڵەی ئوممەوی یەکان ئەم جارە پوری فاتیمەی عمر دەنێرن:

کاتێ پیاوان دەستە وەستان بوون لەوەی عمر نەرم بکـەن و بـۆلای خۆیـان ڕای بکێشن ناچار بوون پەنا بەرن بۆ فاطمەی کچی مەڕوان، ئەم پورەی عمر زۆر ڕێـزدار و خاوەن کەسایەتیەکی گەورە بوو، لە هـەموو کاتێکدا بـۆی هـەبوو بـچێت بـۆ لای خەلیفەکان و هیچ داواکاری و پێداویستی ڕەد نەکراوەتەوە، زۆر ڕێزیان لێ دەگرت و بەگەروە سەیریان دەکرد، عمریش پێش خیلافەت بەو شێوەیە بۆی دەڕوانی، کاتـێ فاطمە هات بۆ لای ڕێزی تەوای لێ ناو پـشتی یـەکی پێـداو لـەلای خـۆی داینیـشاند، فاطمەیش ووتی:

خزمەکانت سکالآت لێ دەکەن و واباست دەکـەن، کـە تـۆ لـە خێـرو بێـری پـێش خۆت بێ بەشـت کـردوون، عمـریش ووتـی: هـیچ مـافێکم لێ زەوت نـەکردوون مـافی خۆیان بوو بێت هیچ مافیکیشم لێ نەسەندوون، کە مافی خۆیان بوبێت.

فاطمەش وتی: من دەمبینین باسیان دەکردیت،من زۆر دەترسم لەدژت هەڵسن و ڕۆژێکی ڕەشت بەسەر بهێنن.

---

١ ـ هەمان سەرچاوە، لا ١١٨ـ ١١٩. ملامح الانقلاب الإسلامي في خلافة عمر بن عبدالعزيز د. عماد الدين خليل، لا ١١٧ـ ١١٨.

عمریش ووتی: ((کل یوم أخافه - دون یوم القیامه- فلا وقانی الله شره))، واتـه: ئەگەر جگە لەڕۆژی قیامەت لەڕۆژێکی تر بترسم، دەی خوا لەشەڕو خراپەی ئەو ڕۆژە نەم پارێزێت.

پاشان دوای کرد - یەك دیناری (ئاسن) و ئاگیرێك و مەقەڵەیەکی بۆ بهێنن و کاتێ بۆیانی هێنا سکڵەکانی گەش کردەوەو دینارەکەی خستە ناوی تاسور بوویەوە، پاشان دینارەکەی گرت بەدەستی یەوە و بەپوری ووت: پوریێ گیان ئایا دڵت بۆ برازاکەت ناسوتێ - واتە بخرێتە ناو ئاگری دۆزەخەوە.

ئەم دیمەنە کاریگەرە کاری کردە سەر دڵ و دەرونی پوری فاطمەو لای کردەوە بۆ لای عمر داوای لێ کرد لەسەر ووتەکانی بەردەوام بێت.

ئەویش دەستی کرد بەقسە وەك بڵێی تابلۆیەکی ڕەنگین لە داد پەروەری ئیسلام بنەخشێنێ تا بتەقێتەوە و خێرو بێری بۆ هەمووان بێت، ووتی:

خوای تەعالان محمدی ﷺ ناردووە تارەحمەت و بەزەیی بێت بۆ هەموو خەڵکی سەر زەوی، بۆ ئەوەی نەناردووە تا ببێتە سزاو نارەحەتی بۆیان و، پاشان خوای گەورە گەڕانەیەو بۆ لای خۆی لەپاش خۆی ڕووبارێکی سازگاری بۆ بەجێهێشتن، تا بەیەکسانی وئاوی لێ بخۆنەوە، لەپاش ئەویش أبوبکر ڕوبارەکەی وەك خۆی هێشتەوە پاش بەردەوام ئەو ڕوبارە ئاوی دەبەخشیە تینوان، تا یەزید و مەڕوان و عبدالملك و وەلید و سولەیمانی کوڕێ درایە دەستی من ئاویان لێ دەخواردەوە تا خیلافەت گەیشتە دەستی من و ڕووبارەکە بە وشکی درایە دەستی من و ئاوی نەدەبەخشی یە خاوەنەکانی و منیش بە نیازم ئەو ڕووبارە سەر لەنوێ وەك جاران لێ بکەمەوە.

فاطمة ووتی: بەسیە، من تەنها ویستم قسەیەکت لەگەڵدا بکەم، مادام تۆ نیازی ئەوەت هەیە، دەی من هەرگیز هیچ نالێم و گەڕایەوە لایان هەواڵەکەی بۆ گێڕانەوە.[١]

لەڕیوایەتێکی تردا هاتوە، کە فاطمة پاش ئەوەی لەلای عمر هاتە دەرەوە بە (بنی ئومەیی یە)ی ووت: خۆتان بە خۆتان کرد، ئیوە لەنەوەکانی عمری کوڕی

---

١ - الکامل في التأریخ (٣/ ٢٧٠).

خطابتان خواست، وا ڕۆڵەیەكی وەك باوانی لە دایك بوو)... و هـەموویان بـێ دەنـگ بوون.[١]

* (بنی ئومەیە) یەك ڕیزی نەیاری تێك دەدەن:

خێرا ئەو كۆبونەوەیەو یەكڕیزیەیان تێك چـوو و بڵاوەیـان لێ كـرد، دوای ئـەوەی بێ هیوا بوون و بۆیان دەركەوت، كە عمر زۆر بەڕاستیەتی لە گەڕاندنەوەی سـامانی وولات خزمەتی گەل، ئیتر ووتیان: دوای ئەمە هیچ شتێك كەڵكی نی یە.

پاشا ئەوە هەریەكەیان ویستیان بە تەنها هەوڵ بدەن بۆ وەرگرتنـەوەی سـامانی لەدەسـت چـوویان، بـەڵام عمـر تـوانی بەرامبـەر كۆمـەڵێكی زۆر بوەسـتێت و بـە ئارەزووی ئەوان نەكات، ئیتر زۆر ئاسانە یەك یەك بێ دەنگ بكات وتێیان بگەیەنێت كەپارە و سامانی ئوممەت شتێك نی یە، كە بەقسەی لەسەر بكرێت هـیچ ڕۆژێـك لـە ڕۆژان.[٢]

أـ گەڕاندنەوە مافەكان بۆ خاوەنەكانیان:

عمـری كـوڕی عبـدالعزیزرحمه الله هـەروەوە نەوەسـتا كـە مـاڵ و موڵكـەكانی (بـنی أُمیە)وەربگرێتەوەو بیخاتەوە(بیت المال)، بەڵكو هەنگاوێكی تری ناو لەناو ئوممەتی ئیسلامیدا ڕای گەیاند، كە كێ هەر سكاڵایەكی هەیە لەسەر ئەمیری هـەرێمێكم، یـان تاكێكی بنەماڵەی ئومەیی یە یان ستەمێكیان لێ كردبێت، با بێتە پێشوەو بە بەڵگـە بیسەلمێنێت تا مافی بۆ بگێڕێنەوە ... ئیتر كۆمەڵێكی زۆر سكاڵانامەیان پێشكەش كرد و، بەڵگـەكانیان خـستە ڕوو، عمـریش پـاش لێكۆڵینـەوە یـەك یـەك موڵكـەكانی پێدانەوە لە كێڵگەو زەوی و ژار و ماڵ و سامان.[٣]

جارێكیان والی بەسەر پیاوێ:ی نـارد بـۆلای عمـر كـوڕی عبـدالعزیز، تـا سـكاڵای خۆی بكات لەوەی كەزەویەكانی داگـیر كـراوان و عمـریش زەویەكـەی بۆگێڕایـەوە و

١ ـ الكامل في التأريخ (٣/ ٢٧١).
٢ ـ ملامح الانقلاب الاسلامی في خلافة عمر، لا١١٩.
٣ ـ ملامح الانقلاب الاسلامی في خلافة عمر، لا ١٢٠.

پيشى ووت: چەندت سەرف كردوە لەبەسرە تا گەيشتوتيە لاى من؟ كابرايەكەش ووتى: ئەى ئەميرى باوەڕداران تۆ دەربارەى كرێ ى ڕێگەكەم دەپرسيت، كە هەموو زەويەكەت بۆ گێڕامەوەتەوە، عمر وەلامى دايەوە: من مافەكەى خۆتم بۆ گێڕايتەوە، پاشان فەرمان دەدات(٦٠)دەرهەمى بدەنێ لەباتى مەسروفى ئەم سەرو ئەوسەرى ڕێگا.[١]

(إبن موسى) دەڵێت: عمرى كوڕى عبدالعزيز بەردەوام تامرد هەر موڵك و سامان دەگێڕايەوە بۆ خاوەنەكانيان.[٢]

ڕۆژێك كۆمەڵێكى موسڵمانان هاتنە خزمەتى عمر و سكالايان لەسەر (روحى كوڕى وليدى كوڕى عبدالملك) تۆمار كرد، كە گوايە كۆمەڵێ دووكانى لێ زەوت كردووەم، شايەتيان هێنا بوو لەسەر، عمريش فەرمانى دابە(روح)، كە دوكانەكانيان بۆ بگێڕێتەوە و داواى تاپۆكەى وەليدى نەكردو (روح)يش هەڕەشەى لێ كردو عمريش پاسەوانەكەى خۆى ئاگادار كرد، كە شوێنى (روح) بكەوێت بزانێت دەيداتە و، يان نا ئەگەر نەيدايەوە بدات لەملى و، (روح)يش لەگيانى خۆى ترساو خێرا دوكانەكانى هەموو گێڕايەوە بۆ خاوەنەكانيان.[٣]

زەويەكيش كە هەندێ لەعەرەبە دەشتەكيەكان زيندوويان كرد بوويەوە پاشتروەليدى كوڕى عبدالملك لێ ى سەندبوون و بەخشيبوويە يەكێ لە خزمەكانى، عمررحمه الله لێ سەندەوە گێڕايەوە بۆ خاوەنەكانى خۆى ووتى: پێغەمبەرى خواى صلى الله عليه وسلم فەرموويەتى: ((من احيا ارضا ميتة فهي لە))*، واتە: هەركەسێ زەويەكى مردوو زيندو بكاتەوە ئەوە دەبێتە ملكى ئەوى، پێغەمبەرى خوا صلى الله عليه وسلم (بيت المال)ى زۆر خۆشويستووە هەموو مافەكانى بۆگێڕاوەتەوە، جارێك ووتى: بە فاطمەى كچى على كوڕێ أبو طاليب رضي الله عنه: (ئەى كچى على، وەللاهى لە هەموو سەرزەويدا كەسم

١ـ سيرة عمر بن عبدالعزيز، لإبن عبدالحكم، لا ١٤٦، ١٤٧.

٢ ـ الطبقات(إبن سعد)(٥/٣٤١).

٣ ـ سيرة عمر(إبن الحكم)، لا ٦٠.

* صحيح جامع الالباني ژ ٢٧٦٦.

ئەوەندەی ئێوە خۆش ناوێت ئەی (آل بیت)، ئیوەم لە هەموو كەس و كارەكانی خۆم زیاتر خۆشم دەوێت).[١]

ب ـ لابردنی هەموو والی و كاربەدەستە ستەم كارەكان:

كاتێ عمری كوڕی عبدالعزیز‌رحمه الله بوو بە خەلیفە، دەستی كرد بە لابردنی هەموو ئەو والی و فەرمانڕەوا و كاربەدەستانەی كەستەمیان لە موسڵمانان كردبوو، لە پۆستەكانیان لای بردن، یەكێ لەوانە: (خالدی كوڕی ریان)، كە بەر پرسی گشتی پاسەوانەكانی سولەیمانی كوڕی عبد الملك بوو بە فەرمانی سولەیمان دەیدا لە ملی هەركەسێك ئەو بیویستایە و لەباتی ئەودا(عەمری كوڕی موهاجیری ئەنصاری) دانا، بە خالیدی ووت: ئەی خالید ئیتر ئەو شمشێرە لە خۆت بكەرەوە، ئەی پەروەردگارم من لەبەر خاتری تۆ خالیدم لە كار دوور خستەوە، دەی خوایە هەرگیز بەرزی نەكەیتەوە، پاشان بە عەمری ووت: وەڵلاهی ئەی عەمر تۆ چاك دەزانیت هیچ پەیوەندیەكی خزمایەتی لەنێوان من و تۆدا نی یەجگە لەپەیوەندی خزمایەتی ئیسلام، بەڵام بینیومیت زۆر قورئان دەوردەكەیتەوە و بینیومیت لە جێگەیەكدا نوێژت كردوە وات زانیوە كەس ناتبینێت و هەروەها چاوم پێت كەوتوە چەند جوان نوێژ دەكەیت ئەم شمشێرە بگرە و بیەبە بەرپرسی یەكەمی پاسەوانەكانم.[٢]

ئابەو جۆرە بەرپرسە ستەمكارەكانی لابرد، ئەمەش شێوازی بووە لە هەڵبژاردنی والی و قازی و نوسەرەكان و...هتد، دەگەڕابە دوای كەسێكی شیاو و صالح دا چ لەبواری خواناسی یان لەبواری دەستپاكیدا و كاتێك ڕەخنەی گرت لەیەكێك لە والی یەكانی خۆی و بەدار حەیزەرانەكەی دەستی ئاماژەی بۆ ناوچاوی كابرا كرد و پێ ی ووت: ئا ئەمەت منی خەڵەتاند، واتە: زۆر سوژدە بردنەكانت، ئەم نیشانەیەش لە ناوچاوەوە نیشانەی زۆر نوێژ كردن و خواناسینە، خۆ عمر‌رحمه الله بەڕواڵەتی كەس نەخەڵەتاوە، بەڵكو خستونی یە تە ژێر تاقیكردنەوە وە، بۆیە

---

١ ـ سیرة و مناقب عمر(إبن الجوزي)، لا ١٣١. السیاسة الإقتصادیة المالیة لعمر بن عبد العزیز، لا ٤٥.

٢ ـ سیرة عمری بن عبدالعزیز (إبن الجوزي)، لا ٥٠.

جارێكیان پیاوێكی بینی زۆر نوێژی دەكرد، ویستی تاقیبكاتەوە تا بزانێت شیاوە بیكات بە والی جێگایەك، بۆ ئەو مەبەستە كابرایەكی نزیكی خۆی بۆ نارد و ئەویش چوو بۆلای و پێی ووت: فلان كەس تۆچاك دەزانیت من دەستم دەڕوات لەلای ئەمیری بڕواداران، چیم بۆ دەكەیت ئەگەر ڕازی بكەم بتكات بە والی ولاتێك؟ كابرا ووتی: مووچەی یەك ساڵم دەدەمە تۆ، پیاوەكەی عمر گەڕایەوە و هەواڵی تاقیكردنەوەكەی بۆ گێڕایەوە و ئەویش وازی لێ هێنا، چونكە لە تاقیكردنەوەكەدا دەرنەچوو.[١]

یەكێكی تر لەوانەی ، كە ئەمیری بڕواداران لای بردن (أسامە)ی كوڕی (زید التنوجی)بوو، كەبەرپرسی دارایی میسر بوو، زۆر ستەمكار بوو، جۆرە سزایەكی میسریەكانی دەدا، كە پێچەوانەی سزاكانی قورئانی پیرۆز بوو، لەومەسەلە خیلافیانەدا، كە زاناكان لەسەری كۆك نەبوون و بەتەواوی لێپێچینەوە تێدا نەدەكردو یەكسەر دەستی دەبڕی، عمر فەرمانی دەركرد بۆی، كە هەرساڵەو لەهەرێمێك زیندان بكرێت و كۆت و زنجیریش بكرێ تەنها كاتی نوێژەكان بیكەنەوە، لەمیسر ساڵی یەكەمی تەواو كرد و ساڵی دووەمیش لەفەلەستینی زیندانی كرا، پاش ئەوە عمر لە دونیا دەرچوو زەیدی كوڕی عبدالملك هاتە سەر كورسی خیلافەت و گێڕانەوە سەركارەكەی لە میسر!.[٢]

عمر رحمه الله نامەی ناردو تێدا - یەزیدی كوڕی ئەبی موسلیم لەوالێتی ئەفریقیا لابرد، كاربەدەستێكی خراپ بووە و بەجۆری سەیری سوڵتانی كردوە وەك خوا - لە هەموو گەورەو بچوكێكدا گوێڕایەڵی كردوە ئیتر باستەمیشی تێدا بوو بێت لەگەڵ ناهەقی، ئەم پیاوە بەدەم زیكرو یادی خواوە سزای خەڵكی داوە و فەرمانی دەدا بەگرتنی كۆمەڵی كەس و لەبەردەمیدا سزایان بدەن و ئەویش دەیووت: (سبحان الله والحمد لله) كوڕەكە بزانم چۆنیان لێ دەدەیت، شوێنی سزادانەكەی لەلەشیاندا دیاری دەكرد، پاشان دەیووت: (لا إله إلا الله والله اكبر)ئەی كوڕەكە بزانە چۆن دەدەیت

---

١ - فقە عمری بن عبدالعزیز د. محمد شفیر(١/٩١).

٢ - سیرة عمری بن عبدالعزیز (إبن الحكم)،لا ٣٢.

لەئەو شوێنەی و ئەوشوێنەی بۆ دیاری دەکرد، ئەوحاڵەتـەش بـەخراپترین حاڵـەت دادەنرێت و نامەی نارد بۆعەزل کردنی.[١]

ئابەو جۆرە عمر بەردەوام بـوو لـەلابردنی والی یەستەم کارەکـان و دانـانی پیـاو صاڵحان لە جێگەیاندا و ـ بەویستی خوا ـ دواتر باسی هەڵس کەوتی عمر لەگـەڵ والی یەکانیدا دەکەین لە بابی (فقه عمر)دا.

ج ـ لابردنی ستەم لەسەر (موالی)[٢]یەکان :

مەوالی یەکان لە پێش سەردەمی عمری کوڕی عبدالعزیز دا ڕووبـەڕووی جۆرەهـا ئەشـــکەنجە دەبوونـــەوە، ئەوەشـــیان، کـــە موســـڵمان دەبـــوو ســـەرانەی لـــە سەرنەدەکەوت، هەروەك قەدەغە کرابوو لەسەریان کۆچ بکـەن لـەجێ یـەك بـۆ جـێ یەکی تر وەك مەوالی یەکانی عیراق و میسر و خۆراسان.

لەسەردەمی (عبدالملك)داو لەسەردەمی حەجاج دووچاوی ستەمی گەورە هاتن و ئەوکەسەی موسڵمان دەبوو جیزیەی لەسەر لانـە دەبـردن نەیدەهێشت لـەلادێکانی خۆیانەوە، بۆ شوێنەکانی تر کۆچ بکـەن، هـەر هـۆی ئـەوەش بـوو، کـە لـە داخانـدا بەشداریان کرد لەشۆڕشەکەی(إبن الأشعث)دا لەدژی حەجاج، لەمیسرو خۆراسانیش هەر بەو شێوەیە بوو.

هەرکە عمر چووە سەر حوکم هەموو ئەو ستەمانەی لەسر هەڵگرتن و نامەی نارد بۆ کاربەدەسەکەی و پێ ی ووت: هەرکەسێ لەمـەوالی یـەکان موسـڵمان دەبێـت لـە جولەکەو گاورو ئاگرپەرست ی ناوچەی جەزیرە ئیتر تێکەڵی موسڵمانانی بکـەو لـەو ناوچەیەی خۆی دوری بخەرەوە و حسابی موسڵانیان بۆ بکە، و تێکەڵی موسڵمانیان بکەو دڵنەواییان بکە جگـە مـاڵو زەویـەکانیان، چـونکە ئـەوە (فـەیئ) موسـڵمانانە، بەڵام ئەگەر پێش ئەوەی ناوچەکەیان ڕزگار کرابێت موسڵمان بووبن ئەوە (فەیئ)نی یە، بەڵکو موڵکی خۆیانە و ئەوە فەیئ خوایە بۆ هەموو موسڵمانان.[٣]

---

١ ـ سيرة عمرى بن عبدالعزيز(إبن عبدالحكم)، لا ٣٢، ٣٣.

٢ ـ موالی: ئەوکەسانەن، کە پێشتر ئەهلی ذیمە بوون و موسڵمان بوون، وەرگێڕ.

٣ ـ سيرة عمر بن عبدالعزيز، لا ٧٨، ٧٩.

نامەشی نارد بۆ کاربەدەستەکەی لە میسر(حەییانی کوڕی شورەیح) پێ ی ووت: سەرانە هەڵگرە لەسەر هەرکەسێکی ئەهلی (ذمة)کە موسڵمان دەبن، خوای تەبارەك و تەعالا دەفەرمووێت: ﴿فَإِن تَابُوا۟ وَأَقَامُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَوُا۟ ٱلزَّكَوٰةَ فَخَلُّوا۟ سَبِيلَهُمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾، واتە: ئەگەر گەڕانەوەو نوێژیان کردو زەکاتیان دا ئەوا وازیان لێ بهێنن، چونکە خوا لێبوردەو بەبەزەیی یە.

بەڵام ئەم کاربەدەستە نامەی نووسیەوە بۆ عمر و پێ ی ووت: پاشان... موسڵمان بوون زیانی داوە لە کەم بوونەوەی جیزیە وسەرانە و تەنانەت من(٢٠)هەزار دینارم لە حارث ی کوڕی نابتە قەرز کردووە بۆ مووچەی ئەهلی دیوان، مەگەر ئەمیری باوەڕداران خۆی بیبژێرێت.[١]

وەڵامی عمریش بۆی بەم شێوەیە بوو: پاشان... نامەکەتم پێ گەیشت، من کاتی خۆی تۆم کرد بە بەرپرسی سەربازی میسر ئەشمزانی کە ناتوانیت، من فەرمان داوە بەسەر نێرراوەکەمدا، کە (٢٠)قەمچی بدات لەتەوقی سەرت، سەرانە(الجزیە)هەڵگرە لەسەر هەرکەسێك موسڵمان دەبێت، خوا لەناوت بەرێت بۆ خۆت و بۆ چوونت، خوای گەورە محمدی ناردووە بۆ ڕێنموینی و هیدایەت، نەك بۆ پارە کۆکردنەوەو جیبایەت، بەتەمەنم عمر شایەنی ئەوەنی، خوا بۆی بکردایە، هەموو خەڵکی لەسەردەستی ئەودا موسڵمان ببونایە.[٢]

لە ڕیوایەتی(إبن سعد)دا هاتووە: پاشان... خوای گەورە محمدی ناردوە وەك بانگ خوازێك، نەك بۆ پارە چنینەوە، ئەگەر نامەکەمت پێ گەیشت و ئەهلی (ذیمة) هەموو هاتنە ناو ئیسلامەوە سەرانەیان شکاند، ئەوا شتەکانت کۆکەرەوە وەرەوە).[٣]

---

١ ـ الخطط، منفریزی(٧٨/١). وعمر بن عبدالعزیز وسیاسته في رد المظالم، لا ٢٣٣.

٢ ـ الخطط ـ مقریزی(٧٨/١). و عمر بن عبدالعزیز وسیاسته في رد المظالم ٢٣٢.

٣ ـ الطبقات إبن سعد(٣٨٤/٥).

خۆ ئەم کاربەدەستەی میسر تەنها نەبوو لەم کارەیدا، کە داوای کرد لە عمر تا سەرانە بسەنێ لەوانەشی کە موسڵمان دەبن، ئەوەتا کاربەدەستەکەی کوفەیش کەناوی ـ عبدالحمیدی کوڕی عبدالرحمن ـ بوو هەمان داواکاری هەبوو، کە پێ ووت: ڕێگەمان بدە تا ئەوسەرانە زۆرەیەیی کەلە سەریانە با لێیان بسەنین لە جولەکەو گاورو مەجوسەکان ئەوانەی کە موسڵمان دەبن.

وەڵامی ڕونی عمری پێگەیشت، کە پێ ی ووت:نامەت بۆ ناردم دەربارەی جولەکەو گاورو مەجوسەکانی خەڵکی حیرە، کە گوایە سەرانەیەکی زۆریان لەسەر کەڵەکە بووە، داوام لێ دەکەیت، کە دوای موسڵمان بوننیان هەر لێیان بسەنم، (دەی گوێ بگرە) خوای تەعالا محمدﷺ ناردووە بەبانگخواز بۆ لای ئیسلام و بۆ پارە وەرگرتنی نەناردوە، هەرکەسێ لەو گەلانە موسڵمان دەبن ئیتر جگە لە زەکات سەرانەیان لەسەر نی یە، میراتەکەشی بۆ خزمەکانی دەبێت ئەگەرلەناو خۆیاندا میراتی یەکتری بەرن، ئەگەر وەرەسەیەنەبو ئەوە میراتەکەی دەخرێە (بیت المال)ەوە دابەش دەکرێت بەسەر موسڵماناندا، هەر ڕووداوێکیشی بەسەردا بێت وئەوە لە (بیت المال)ی موسڵمانان بۆی دەبژێردرێت و خوێنی دەدرێت، والسلام).[١]

هەروەك نامەیەکیشی پێ گەیشت لەلایەن ـ والی شاری بەسرەوە، کە ناوی ـ (عدی کوڕی ارطاة)بوو نووسیبوی: پاشان...خەڵکێکیی زۆر هاتونەتە نێو ئیسلامەوە بەو بۆنەیەوە داهاتمان نەماوە) عمریش رحمه الله لە وەڵامدا بۆی نوسی: لەنامەکەت تێ گەیشتم، سا وەڵڵاهی ئاواتە خوازم هەموو خەڵکی موسڵمان ببونایە تاوای لێ دەهات من و تۆ ناچار دەبوین بچین زەوی بکێڵین و ڕەنجەشانی خۆمان بخۆین).[٢]

هەروەها ئەو یاسایانەی هەڵوشاندەوە ، کە هەندێ لە والی یەکان بەتایبەت حەجاج دایهێنابوو کەنابێت مەوالی لە دێکەی خۆیان باربکەن بۆ جێ یەکی تر،عمر ڕێگەی دان بەئارەزوی خۆیان بۆ توی باردەکەن بیکەن. ئیتر هەموو مافەکانی

---

١ ـ الخزاج لابي يوسف، لا ١٤٢.

٢ ـ سيرة عمر بن عبدالعزيز (إبن جوزي)، لا ٩٩،١٠٠.

خۆیان پێ درایەو دڵنیـایی و ئـارامی جارێکی تـر گەڕایـەوە بۆیـان لـە چـێژو تـامی یەکسانی و دانانیان بە هاوەڵانی نمرەیەك بەهرەمەند بوون.[١]

د ـ لابردنی ستەم لەسەر (أهل الذمة):

(أهل الذمة) هەموو ئەو ناموسڵمانانە دەگرێتەوە لەسەر ئاینی خۆیان دەمێنەوە، بەڵام لەژێر سایەی دەوڵەتی ئیسلامی دەژین و لەسەردەمی (عبدالملك) دا هەزار دینـاری تـری لەسـەر سـەرانە کـەی خـەڵکی (قـبرص) زیـاد کـرد، کـە کاتـێ خـۆی معاویـە(ڕەزای خـوای لێ بێـت) ڕزگـاری کـردو پاشـان لەگـەڵیان ڕێـك کـەوت لەسەر(٧٠٠٠)دینار، کەساڵانە بیدەن و چاکیش بن لەگەڵ موسڵمانان و هەرەشـەیش لە دوژمنە ڕۆمانیەکان بکەن.

خەڵکی (قبرص)یش بـەردەوام بەوچەشنەیان دەکرد تاسەردەمی (عبدالملك)و ئەویش هەستا بەزیاد کردنی(١٠٠٠)دینار لەسەریان واتە کـردی بـە هەشـت هـەزار و بەو شـێوەیە مایـەوە تاسـەردەمی (عمـری کـوڕی عبـدالعزیز)و ئـەویش بەیـەکجاری لەسەری هەڵگرتن.[٢]

هەروەك سەرانە زیـاد کرابـوو لەسـەری (ئـەهل الذمـة)ی عـیراق و عمـر ئەوەشـی لەسـەر لابـردن لـەو ڕوانگەیـەوە ئەمـەی کـرد وەك پابەنـد بـوونی بەسیاسـەتی خۆشەویست کردنی ئیسلام و لابردنی ستەم و ناعەدالەتی لەسەر نـا موسـڵمانەکانی ژێـر دەسـتی وڵاتـی ئیـسلام بـۆ ئـەوەی چـێژ لەبەختـەوەری ژیـان لـەژێر سـایەی شەریعەی ئیسلامی لێبوردەدا وەربگرن.

ئەوەی ئەمە دەسەلمێنێت ئەو نامەیەی بـوو، کـە نـاردی بـۆ کـار بەدەسـتەکەی بەسەر شاری بەسرەوە (عدی کوڕی أرطأة) پێ ی ووت: پاشان... خـوای تـەبارەك و تـەعالا سـەرانەی لەسـەر ئـەو کەسـانە دانـاوە، کـە ڕازی نابێـت بێتـە ناوئیـسلام و

١ ـ عمر بن عبدالعزيز وسياسته في رد المظالم، لا ٢٣٤.
٢ ـ فتوح البلدان، لا ١٥٩.

بەسەرکەشـی خۆیـان لـەناو کوفردادەمێنێتـەوە و خۆیـان زەرەر مەنـد دەکـەن، سەرانەیش هەڵگرە لەسەر ئەوکەسانەی ناتوانن بیدەن، و وازیان لێ بهێنە باخەریکی کشت و کاڵ بن، چونکە ئەوە زۆر ڕۆڵی هەیە لە چاك کردنی گوزەران موسڵماناندا و بەهێز بوونیان بەرامبەر دوژمنەکانیان.

جوان سەیر بکە وورد بەرەوە لە (أهل الذمة) و بزانـە کامیـان پـیر بـووەو تـوانی ئیشی نەماوە کاسبی بۆ ناکرێـت، تۆڵـە لـە (بیـت المـال) مووچـەی بـۆ دیـاری بکـە تاژیانی پێ بگوزەرێنێ، چونکە کەسێك لە موسـڵمانان بەندەیـەکی هـەبێت و بـچێت بەساڵدا و تواناى کاری نەمێنێت لەسەریەتی بیژێنێت و خزمەتی بکات تـامردن یـان تا ڕزگاری دەکات لەبەندەیی، لە عمری کوڕی خطابەوە بیـستوومە، کـە دای بـەلای پێـاوێکی پـیردا لـە (أهـل الذمـة) وە نەوەسـتاوە، بـەڵکو فـەرمانی دەردەکـرد هـاو کاریشیان بکەن. دەستی پان کردبوویـەوە بـۆ سـواڵ کـردن، عمـر پـێ ی ووت: بـێ ویـژدان بـووین لەگەڵتـدا ، کـەتا لاو بوویـت سـەرانەمان لێ سـەندوویت کەچـی لـە پیربوونتدا پشت گوێمان خستوویت! پاشان لـە خەزێنـەی موسـڵمانن مووچـەی بـۆ بڕیەوە تا بەجوانی پێ ی بژی.[١]

تەنانەت سیاسەتی عمری کوڕی عبداعزیز لـەلابردنی سـتەم و ناڕەحـەتی یـەکان لەسەر (أهل الذمة) تا نامەی نارد بۆ کاربەدەستەکەی بەسەر کوفەوە و پێ ی ووت: ورد بەرەوە و بزانە کەسێك لە (أهل الذمة) ناتوانێت زەویەکەی ئاوەدان بکاتەوە تۆ لە (بیـت المـال) کۆمـەکی بخـەرە بەردەسـتی تازەویـەکانی بخاتـەوە گـەڕ، چـونکە ئەوانمان بۆ ساڵ و دووساڵ ناوێت.[٢]

هەروەك لەپێش سەردەمی عمردا(أهل الذمة)تووشی ستەم و ناڕەوایی هاتبوون و کچەکانیان کرابوونە کەنیزەیەك لـە ناوچـەی (لیواتـە)لـە ئـەفریقیا، بـەڵام عمـر ئـەم ستەمەی لەسەر لابردن.

---

١ ـ الأموال (أبي عبيدة) لا ٧٥.

٢ ـ الأموال (أبي عبيدة).لا ٣٢٠.

(إبـي عبيـده) دەڵێت: عمری کوڕی عبدالعزیز دەربارەی (لەواتیـە کچەکان)نووسیبووی: هەرکەسێ هەرکامیانی دەست دەکەوێت ئەوە نرخیان نی یە، بەڵکو نرخی ئەوەیە، کە ناو سیان حەلاڵ دەکەن بۆ خۆیان،پاشان ووتی: هەرکەسێ یەکێ لەو کچانەی لایە بابچێت و لەباوکی بیخوازێت و ئەگەر ڕازی نەبوون، با بیگەڕێنێتەوە بۆ کەس و کارەکەی.

(أبو عبیده)دەلێت: (کچە لەواتیەکان) تاقمێك بوون لە بەربەری یەکان، وا دەزانم پەیمان نووسرابوو لەگەڵیاندا و هەر ئەوانەیشن، کە (إبن شهاب) باسی لێوەدەکات، کە عثمانی کوڕی عفان رضي الله عنه سەرانەی لەبەربەرییەکان سەندووە، پاش ئەوەی ئاژاوەیەکیان دروست کرد ئیتر ئافرەتانیتان کرا بەکەنیزەك، عمریش بەو شێوەیەی کردو نامەی نارد بۆ ئەو مەسەلەیە.[1]

عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله فەرمانی دەرکرد بۆ والی و کاربەدەستەکانی تا بەبەزەیی و نەرم نیان و بە سۆز بن لەگەڵ خەڵکیدا، نەیهێشتووە سزای بەسرەیی یەکان بدرێت بۆ ئەوەی (خەراج) یان لێ بسەنن، کاتێ والی یەکەی عمر شاری بەسرەوە، (عدی کوڕی ارطأة) نامەی بۆ نووسی ووتی: کەسانێك هەن لەلای ئێمەو بەئاسانی سەرانە وخەراجەکانیان نادەن مەگەر بەوە نەبێ کە بیانگرین و هەندی سزاو ئەشکەنجەیان بدەین.

عمریش رحمه الله وەلامی دایەوە ووتی: پاشان سەیرە و زۆریش سەیرە، کە تۆ داوای ئەوە دەکەیت ڕێگات بدەم ئەشکەنجەی خەڵکی بدەیت، وەك ئەوە وابێت من قەڵغانی تۆبم لە ئاگری دۆزەخ، وا دەزانیت ڕازی بوونی من لە توڕە بوونی خوا دەتپارێزێت، هەر کەنامەی منت پێ دەیشت هەرکەسێك بەشێوەیەکی جوان داهاتی زەویەکانی بۆ هێنایت لێ ی وەربگرە و ئەوەشی ملە جەڕێ کرد سوێندی بدە، چونکە سوێند بە خوا ئەوەباشترە کە ئەوان بەناپاکی یەکەیان وەربگەڕێنەوە بۆ لای خوا نەك ئێمە بەسزادانی ئەوانەوە بگەڕیینەوە، والسلام.[2]

---

١ ـ فتوح البلدان ل٢٢٦، ٢٢٧.

٢ ـ الخراج ابي يوسف، ١٢٩.

هەروەها عمر هەموو ئەو زەوی و خانو و کەنیسانەی لێیان داگیر کرابوو بۆ ی گەڕاندنەوە.[١] وەیکێ تر لەو ستەمانەی بەناڕەوا لە (أهل الذمة) کرابوون لایبرد، ئەویش ئەوە بۆ هەر موسڵمانیك هەبوو هەرکاتێ پێویستی بەکارێك هەبووو بە ئەوانی بکاتت و ژێر باریان بخات مادەم لەبەندەکانی ڕێکەوتنامەکەدانە هاتبێت.[٢] نامەی نارد بۆ کاربەدەستەکانی و پێ ی ووتن: کاری ژێر بارخستن و بەکارهێنانی (أهل الذمة) واز لێ بهێنن، چونکە دەچێتە خانەی ستەمکاری یەوە.[٣]

ئابەو جۆرە عمری کوڕی عبدالعزیز هەموو جۆرەکانی ستەمی لەسەر (أهل الذمة) هەڵگرت و بەوشێوەیە جارێکی تر دڵئارامی و دڵنیایی و سکونەتی گێڕایەوە بۆ ناو دڵەکانیان، بۆی ڕوون کردنەوە کە دەتوانن بە هەموو دڵنیایی و بێ خەمی یەکەوە لەژێر سایەی دەوڵەتی ئیسلامیدا ژیان بەسەربەن، بچوکترین ستەم و پشتگوێ خستن و بەسوك سەیرکردن نابینن، مافی خۆیان دیاری یە و ئەوەشی لە سەریانە دیاری یە لەودەستورو یاسایەدا قورئانی سوننەتی پێغەمبەرە ئازیزەکەی دایانڕشتووە.[٤]

٥- بەرپاکردنی داد پەروەری لەناو خەڵکی سەمەرقەندا:

کاتێ هەواڵی چوونە سەر حوکمی عمری کوڕی عبدالعزیز گەیشتە وولاتانی (ماوراء النهر) واتە: وڵاتەکانی ژێر دەستی ڕوسیا، هەموو کۆبوونەوەو بە (سلیمانی کوڕی (أبی السرّی) یان ووت: (قتیبه) ناپاکی لەگەڵدا کردووین و بەزوڵم و ناڕەوا ووڵاتی لێ داگیر کردووین، وا ئەمڕۆ خوا داد پەروەری و یەکسانی گێڕاوەتەوە - بەدانانی عمر - ڕێگامان بدە باوەفدێکمان بڕۆین بۆ لای ئەمیری بڕوا داران و سکاڵای

---

١ - عمر بن عبدالعزیز وسیاسته في رد المظالم، لا ٢٤٥.

٢ - هەمان سەرچاوە.

٣ - سيرة عمر بن عبدالعزيز(إبن الحكم)، لا ٨٣.

٤ - عمر بن عبدالعزیز وسیاسته في رد المظالم، لا ٢٤٨.

ستەم لێکراویمانی بخەینە بەردەست، ئەگەر مافی خۆمانیّ دەمان داتـەوە، ئێمـەش زۆر پێویستمان پێ یەتی.

سولەیمانیش ڕێگای دان و ڕۆیشتن بـۆ لای عمـر و عمـریش نامەیـەکی پێـدان بـۆ سـولەیمان و تیایـدا نووسـی: خـەڵکی سـەرمەقەند، سـکاڵای ئـەوەیان بـۆ هێنـاوم کەستەمیان لێ کراوەو قتیبە - سـەرکردەی سوپای ئیـسلام بـوو لـەو ناوچـانەدا - هەڵی کوتاوە سەریان و لە زەویەکانیان دەری پەڕانـدوون، ئەگـەر ئـەم ئەگـەر ئـەم نامەیەت پێ گەیشت خێـرا باقـازی دانیـشیّ و لەمەسـەلەکەیان بکۆڵێتـەوە و ئەگـەر وابووو ئەوان باسی دەکـەن ئـەوە سـوپای ئیـسلام لەناوچـەکەیان بکـەرەدەرەوە و بگەڕێنەوە ئەو ناوچەیەی کەپێشتر لێی بوون.

سولەیمانیش قازی یەکەی خۆی دانا بـۆ لێکۆڵینـەوە و لەئاکامـدا حـوکمی دا بـە وەی سوپای ئیسلام ناوچەکەیان چۆڵ بکەنەوە، لەو کاتەدا خەڵکی - زونـد - بەیـەك دەنـگ هاواریـان کـرد: بـەڵکو ڕازیـن بمێننـەوە لـەناو مانـدا و سـەرلەنوێ جـەنگمان ناوێت، بەو شێوەیە ڕازی بوون.

ئەهلی (الرأی) ووتیان: بەڕاستی ئێمە لەگەڵ ئەو سەربازانەدا تێکەڵیمان کردوەو تێکەڵییان کردوین و ئەوان لە ئێمە و ئێمـەش لـەوان دڵنیاییـت، ئەگـەر دادوەریەکـە لەبەرژەوەندی ئێمە بوو ئەوە دەبێت دوبارە پێکـەوە بجەنگێنـەوەو کـێش دەڵێـت: کێ سەر دەکەوێت و خۆ ئەگەریش لەبەرژەوەندی ئێمە نەبو ئەوە ڕقو کێنـەمان بـۆ گەلەکەمان دە خولقێنین، بۆیە ڕازی بوون و وازیان لەشکاتەکەیان هێنا.[١]

ئایـا کـام یـەکێ لـە دەوڵەتـە پێـشکەوتووەکانی سـەدەی بیـست و یـەك ئـاوا لەبـەردەم هـەق و داد پەروەریـدا سـەردادەنوێنێت؟ ومافەکـە دەگێڕێتـەوە بـۆ ئـەو لایەنەی کە تێك شکاوە؟! ئایا کام حاکم و کام سەرکردە تا ئەمڕۆلە هـەموو دنیـادا ئاوا گوێ بگرێت بۆ هاواری سـتەملێکروان ئەوانـەی مافیـان زەوت کـراوە، وەك ئـەو بەدەمەوە هاتنە خێرا یەی عمری کوڕی عبدالعزیز؟

---

١ ـ تأريخ الطبري(٧/ ٤٧٢).

بەڵکوعمر ئەو پیاوە بوو، کە خۆی تەرخان کردبوو بۆپشتگیری کردنی هەق و داد و یەکسانی لە هەموو گۆشەیەکی ئەم زەویەدا، بەبێ ئەوەش شەریعەت و ئاینی خوا هێزو پێزو ماناو مەبەستەکانی خۆی وون دەکات.[١]

ئەمەش نمونەیەکی بالآیە لە داد پەروەری عمر، لەم بەسەر هاتەشدا ئەم خالآنە تێ بێ نی دەکەین:

+ خەڵکی ئامادەییان هەیە سکالآ پێش کەش بکەن و لە مافی خۆیان داکۆکی بکەن هەرکاتێ بزانن فەرمانڕەوایەکی داد پەروەر گوێیان بۆ دەگرێت، بڕوانە لەو ستەم لێکراوانە، کەچۆنبەدرێژای حوکمی وەلید و سولەیمان ئەو بارەیان قبوڵ کردەوە، تا پاش هاتنی خەلیفەی عادل و داد پەروەر مەسەلەکەی خۆیان خستە بەردەس دەوڵەتی ئیسلام.

+ عمری کوڕی عبدالعزیز کێشەکەی پشت گوێ نەخستن، بەڵکو بەرزی کردەوە بۆ دادگای شەرعی، ئەمەش نمونەیەکی ملکەچ کردنە بۆ ئیسلام و خۆدەربازکردنە لە ئارەزووپەرستی، خۆ دەیتوانی وەك زۆرێك لەبەرپرسەکان بکات، دەست بکات بە نامە ناردن و تیایدا هەڕەشە و گوڕەشە بکات و داوا بکات سەری ئەو تاوانبارانەم بۆ بهێنن و پاشان کۆمەڵێ سزای گونجاویان بدات بەسەردا، بەلآم عمر وانا کات، بەڵکو خۆی تەرخان کردوە بۆ لابردنی زوڵم و ستەم و بەرپاکردنی عەدل و داد یەکسانی، ئەمەش نایەتەدی تەنها بە پەیڕەوی کردنی شەرع و گەڕانەوە بۆی.

+ئەو هۆزە چاریان نەما هەر، کە نامەکەی عمری کوڕی عبدالعزیزیان پێ گەیشت و تیایدا بۆ ژێر مەند و گەورەکانیان دەرکەوت، کە لە هەردوو حاڵەتەکەدا هەر ئەوان خەسارۆمەندن ئیتر حوکمیان بۆ بدرێت یان دژیان بدرێت و، بەلآم گرنگ ئەوە بوو هەستیان کرد بەداد پەروەری و یەکسانی حوکمی ئیسلامی.[٢]

---

١ ـ ملامح الإنقلاب الإسلامي في خلافة عمر بن عبد العزيز، لا ٦٨.
٢ ـ التأريخ الإسلامي(١٥، ١٦/ ٦٢).

و- بەڵگەی زۆری ناوێت بۆ گەڕانەوەی مافەکان بۆ خاوەنەکانیان:

چونکە عمر باش دەیزانی، کەئەمیرو والی یەکانی پێش خۆی زوڵم و ستەمی تەواویان لەو خەڵکەی ژێردەستیان کردوە هەر کەسێك سکاڵا دەکات لە ئەوپەڕی ڕاستی وەیەتی، بۆیە زۆر دەکۆڵیەوەو داوای بەڵگەو شایەتی زۆری لێ نەدەکردن، بەڵکو بەکەمی بەڵگە ڕازی دەبوو، هەرکە سەیری سکاڵاکەی بکردایەو بۆی دەربکەوتایە بۆنی ڕاستگۆیی لێ دێت خێرا مافەکەی بۆ دەگێڕایەوە و زۆر ماندووی نەدەکرد لەگەڕان بە دوای بەڵگەو شایە و شتی تردا.

(إبن الحكم) باسی دەکات کە (أبو الزناد)دەڵێت: عمری کوڕی عبدالعزیز قبوڵی سکاڵای کردوە بەکەم ترین بەڵگەوە، هەرکاتێ بۆی دەربکەوتایە، کە لەڕاستی یەوە نزیکە تره کاری لەسەر دەکرد و زۆری لێ نەدەکرد بە هێنانی کۆمەڵی بەڵگەو شایەت و شتی تر، چونکە ئەیزانی هەموویان ڕاست دەکەن و چی دەربارەی ئەو والیانە بگوترایە ڕاست بوو، چونکە زوڵمی زۆریان کردبوو، تاوای لێ هات (بيت المال) عیراق هیچی تێدا نەماو تاپی بوو، لەشامەوە پارەو سامانیان بۆ هێنا و پریان کردەوە.[1]

چەند جوانە ئەوکارەی عمری کوڕی عبدالعزیز! چەند جوانە تا دەکرێت شت لەسەر خەڵکی ئاسان بکرێت! چونکە کورت کردنەوەی کات و بازایەنەدانی هەوڵەکانی تێدایە،[2] هەر وەك چۆن لەم کارەی عمرەوە بنەمایەکی گرنگ دەردەهێنین لەبنەماکانی لێپێچینەوە لە کێشە دادوەری یە ئاسایی یەکان و لە نێوان بنەمای لێپێچینەوە لە دادوەری یە ئیدارا یەکاندا، عمری کوڕی عبدالعزیز دای هێنا، چونکە لەهەندێ حاڵەتدا هێنان بەڵگەی مەلموس و شایە وەك مەحاڵ وایە، بەڵکو ئەوندە بەسە ئەگەر زوڵمەکە زۆر ئاشکرا بوو لەلای دادوەرەکە، ئەوە حوکمی خۆی دەربکات و بەهەندێ بەڵگەی کەم.[3]

---

١ ـ سيرة عمر بن عبد العزيزابن الحكم لا ١٠٦ـ ١٠٧

٢ ـ فقه عمر بن عبد العزيز(٢/٥٥٨).

٣ ـ الطبقات الكبرى لابن سعد(٥/٣٤٥).

ز- لابردنی باج - المكس -:

لەبەر ئەوەی باج سەندن ستەم و بەسوك سەیركردنی تێدا بوو، چونكە سەرانە و باج لە خەڵكی دەسەنرێت بەبێ بوونی هۆیەكی شەرعی، لەبەر ئەوەی كەسەكە ئەگەر مسوڵمان بێت زەكاتی لەسەرە و ئەگەر (أهل الذمة)یش بێت(جزیە)و دەیەك و داهاتی لەسەرە، بۆیە عمر بەرگری كرد لەوەی باج لەكەس بسەنرێت، هەروەك چۆن لە محمدی قەیسە وە هاتووە كە ووتویەتی: كاتێ عمری كوڕی عبدالعزیز هاتە سە رحوكم باجی لەسەر هەموو زەوی و زار و دوكان و خانوویەك لابرد و سەرانە - جزیە - یشی لە سەر مسوڵمان لابرد.[1]

هەروەها عمر رحمه الله نامەیەكی نارد بۆ والی بەسرەو پێ ووت: ((لەسەر خەڵكی هەڵگرە... و باج وەر گرتن، چونكە بە تەمەنم ئەوە(مكس) نی یە، بەڵكو (بخس)ە واتە سوكایەت كردنە بەخەڵكی - خوای گە ورەش دەفەرموێت: ﴿وَلَا تَبْخَسُوا۟ ٱلنَّاسَ أَشْيَآءَهُمْ وَلَا تَعْثَوْا۟ فِى ٱلْأَرْضِ مُفْسِدِينَ﴾ هەر كەسێك زەكاتی ماڵەكەیدا لێ وەربگرە و ئەوكەسەیشی نەیدا دەیدەینە دەستی خوا.[2]

نامەیەكیشی نارد بۆ كاربەدەستەكەی لە فەلەستین كەناوی - عبدالله ی كوڕی عەوف بوو پێ ی ووت: سواری ئەسپەكەت ببە و بڕۆ بۆ ئەو خانووەی كە پێ ی دەڵێن: (المكس) واتە: باجی خانوویەرە - و بیڕ و خێنە و پاشان خۆڵ و بەرد و دارە كەیش بدە بەدەم دەریاوە با تۆزیشی نەمێنێ.[3]

بەمەی پێشودا بۆمان دەردەكەوێت كە مەبەست لە مەكس ئەو پارەیە كە دوكانداروكان دەسەنرێت لە بازاڕدا، هەر ئەوانەش دەگرێتەوە، كە گومرگ وەردەگرن و دەیخەنە سە رئەوشت و مەك و كاڵایانەی لە دەرەوە دێنە ووڵاتە وە و لەم سەردەمەی خۆماندا و عمری كوڕی عبد العزیزیش ئەوەی بەستەم و ناڕەوا لە قەڵەم دەدا.[4]

---

١ - نظام الحكم في الشريعة والتأريخ الاسلامي(٢/ ٥٦٥).
٢ - هەمان سەرچاوە(٥/ ٣٨٣).
٣ - سيرة عمر بن عبد العزيز لابن الجوزي لا ١١٣.
٤ - فقه عمر بن عبد العزيز د. محمد شقير(٢/ ٥٦١).

بەڵگەیشی ئەو ئایەە پیرۆزەی قورئانە کە دەفەرموێ: ﴿وَلَا تَبۡخَسُواْ ٱلنَّاسَ أَشۡيَآءَهُمۡ وَلَا تَعۡثَوۡاْ فِي ٱلۡأَرۡضِ مُفۡسِدِينَ﴾ واتە: شت و مەکی خەڵکی کەم و بێ نرخ مەکەن و لە وڵاتیشدا خراپە و گەندەڵی بەپارمەکەن.

ئەمڕۆ حکومەتەکان لەسەر خوێن و ئێسقانی گەلەکەیان دەستەڵاتەکەی خۆیان ڕاگیر کردوە و باجیان لەسەر هەموو شتێك داناوەو کرێ لە هەموو کەس دەسەنن چ دوکان بێت یان خانوو یان هتد....هەر بە بەمەشەوە ناوەستن، بەڵکو وەك خۆیان دەبوایە لە دەرەوەی وڵاتەوە هەموو کاڵاو شمەك و پێداویستی یەکی وڵاتەکەیان بهێنایەوە بەنرخێکی هەرزان بیاندایە بەهاوڵاتیان، بەڵکو وەك ئەوش ناکەن، ئەگەر سەرمایەدارێك هەستێت بەگرێ بەست لەگەڵ کۆپانیایی وڵاتێکداو بیەوێت شت بێنێتە وڵاتەوە حوکمەت زۆر بەخێرا ئەوەندە گومرگی لەسەر دادەنێ، کە کابرایی بازرگان و سەرمایەدار ناچاردەکات، کە ئەویش نرخی شتەکان بەرزکاتەوە بیخاتە سەر هاوڵاتی هەژارو داماو.[1]

ح ــ گەرانەوەی داگیرکراوەکان و دەرکردنی زەکات لێیان:

عمری کوڕی عبدالعزیز بڕیاری هەرچی شتێکی خەڵکی دەستی بی سەردا گیراوە خراوەتە (بیت المال) بدرێتەوە بە خاوەنەکانیان تەنها زەکاتی یەك ساڵیان لێ دەربکەن.[2]

مالیك کوڕی ئەنەس لە (أیوب السجتانی)یەوە دەگێڕێتەوە، کە: عمری کوڕی عبدالعزیز هەموو داگیرکراوەکانی (بیت المال)ی گێڕایەوە بۆخاونەکانیان، ئەوانەی مابوونەوەو فەرمانی دەرکرد زەکاتی هەموو ساڵ کانی لێ دەربکەن، بەڵام پاشتر نامەیەکی تری بۆ ناردن و تیادا ووتی: لەمەسەلەکە زیاتر قوڵ بومەوە دەبینمماڵێکی (ضمار)ە[3] تەنها زەکاتی یەك ساڵی لێ دەردەکرێت.[1]

١ــ ووتەی وەرگێر.

٢ــ فقه عمر بن عبد العزیز د. محمد شقیر(٢/ ٥٦٦).

٣ــ (ضمار) ئەوماڵەیە خاونەکەی بەتەمای نەماوە.

عەمری کوڕی مەیمون دەڵێت: والی یەك لە سەردەمی (عبدالملك)دا دەستی گرت بەسەر سامانی پیاوێکدا، کەناوی ـ أبو عائیشةـ بوو، کە بە(٢٠)هەزار مەزەندە دەکراو خستیانە (بیت المال) لەسەردەمی عمری کوڕی عبدالعزیزدا کوڕی ئەو پیاوە هات و سکاڵای بەرزکردەوە، عمریش نووسی بۆ مەیمون، کە ماڵەکەی بۆ بگێڕنەوەو تەنها زەکاتی ئەم ساڵی لێ دەربکەن، خۆ ئەگەر ماڵێکی(ضمار) دەبوایە نەبوایە زەکاتی هەموو ساڵەکانم لێ دیاری تایبەتی دانابوو بۆ هەرکەسێك دەبێتە دەلیلی کاری خێر، یان ڕێگرتن لە خراپەو تاوانێك، یان ئاژاوە بکات بۆ جێگایەك ستەم لێکراوێکی لێببێت و خاوەنەکەی نەوتوانێت هاواری خۆی بگەیەنێت.

بۆ ئەوبەمەستە نامەیەکی نووسی و فەرمایشتی دەرکرد، کە لەوەرزی حەج کردن و شوێنە گشتی یەکان و بۆنەو ئاهەنگەکاندا بخوێنرێتەوە، کەتیاندا هاتبو:

پاشان ... هەرکەسێك هەواڵی ستەم لێکراوێکیان پێ بگەیەنێت، یان هەرکارێك خێرو بەرژەوەندی تاکێك، یان کۆمەڵێکی تێدا بێت، لە نێوان ٢٠٠تا٣٠٠ سەد دیناری پێ خەڵات دەکەین، بەپێ ی کارەکەی و ناڕەحەت بوونی لەو پێناوەدا، ڕەحمەتی خوا لە هەرکەسێك بە ئەرکی نازانێت ناڕەحەتی قبوڵ بکات بوە هیوایەی خوای گەورەمافێك بگرێتەوە بۆخاوەنەکەی،یان ناڕەواییەك لەگۆڕ بنێت، یان بەرپا بکات.[٢]

چێژو خۆشی وەردەگرت لە چەرمەسەریەکانی هێنانەدی دادپەروەری و بەختەوەری بوونی خەڵکی لە ژێر سێبەریدا، لەو بارەیەوە دەڵێت: ((والله لوددت لو عدلت یوماً واحداً وأن الله تعالى قبضني))[٣] واتە: وەڵاهی ئاواتەخوازم تەنها یەك ڕۆژ داد پەروەربم ئیتر خوای تەعالا گیانی بکێشامایە.

لەماوەی زۆر کەمی خەلیفایەتی یەکەیدا داد پەروەری یەکی بێ وێنەی بەروبووم داری هێنایە کایەوە، بەڵام دەروونە بەرزو بڵندەکەی هەر بۆ زیاتری دەڕوانی،

١ـ الطبقات الكبرى لابن سعد(٥/ ٣٤٢).
٢ـ هەمان سەرچاوە لا پەڕە ٢٢٧.
٣ـ تذهيب الأسماء واللغات(٢/٢٣).

ئەوکارانەی دەیکردن بەکەمی دەزانی و دەیووت: ئەگەر(٥٠) ساڵیش لەناوتاندا بمێنەوە هێشتا ناتوانم بەتاوەتی دادپەروەری بەرپا بکەم.[١]

تەنانەت گیانلەبەرانیش بێ بەش نەبوون لە دادپەروەری و لابردنی ناهەقی و ستەمکاری، فەرموون لەگەڵ چەند دیمەنێك لەوبارەیەوە:

+ بەکار هێنانی لەغاوی قورس و نەقیزە سەر ئاسنی* قەدغە کردبوو عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله هەمیشە ئەوەی دووپات کردەوە، کە بە ڕەحم و بەزیی بن لەگەڵ گیان لەبەراندا، هەرگیز سزاو ئەشکەنجەیان نەدەن، ئەبویوسف دەڵێت: عبداللەی کوڕی عمر دەڵێت: عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله ئەوەی قەدەغەکردبوو، کە سەری ئەو قەمچی یانەی بەکار دەهێنرێت لەگەڵ گیانلەبەراندا ئاسنی پێوە بکرێت، قەدەغەشی کردبوو لەغاوی قورس بکرێتە دەمر وڵاخەوە.[٢]

+ وڵاخ و باری قورس لێنانیان:

هەواڵی پێگەیشت، کە کەسانێك هەن باری قورس لە وڵاخەکانیان دەنێن، کە زیاتر لە توانای خۆیان، ئەمەش لە شاری میسر ڕوویدابوو، بۆیە نامەی نووسیبوو بۆ والی یەکەی و قورسترین ئاستی باری وڵاخی بە(٦٠٠) رطل دیاری کرد بۆی، داوای لێ کر ئەم بڕیارە لەناو خەڵکدا بخوێنتەوە و جێ بەجێ ی بکات.[٣]

ئەم شتانەی پێشتر باسمان کرد نمونەیەك بوون لەهەوڵ و تێکۆشانی عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله لەپێناو بەرپاکردنی ئەو دادو یەکسانی یەی، کە قورئانی پیرۆزو سوننەتی پێغەمبەرەکەی ﷺ داوای دەکەن، دژایەتی کردنی ستەم و ناهەقی تا سەر ئێسقان و گەڕاندنەوەی ماف بۆ خاوەنەکانیان.

١ـ تأريخ إبن عساكر لة عمر بن عبدالعزيز، عبدالستار الشيخ لا ٢٢٧ وەرگیراوە.

* نەقیزە: ئەو دارەیە، کە وڵاخدار هەڵیدەگرێت و لەوڵاخەکانی دەدات بەسوکی لەڕێگادا بۆ ئەوەی خێرا تر بڕۆن - وەرگێڕ -

٢ـ مصنف إبن أبی شيبة(١٢/ ٣٣٢).

٣ ـ فقه عمر بن عبد العزيز د. محمد شقير(٢/ ٥٧٥)

٥ــــ یەکسانی:

خوای تەعالا دەفـەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَٰكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَٰكُمْ شُعُوبًا وَقَبَآئِلَ لِتَعَارَفُوٓا۟ ۚ إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ ٱللَّهِ أَتْقَىٰكُمْ ۚ﴾الحجـرات: ١٣، واتـە: ئـەی خەڵکینـە ئێمە ئێوەمان لە نێرو مێ یەك دروست کردوە، پاشـان کردومـانن بەکۆمەڵـە گـەل و هۆزێك بۆ زیاتر یەکتر ناسین، بەڕاستی بەڕێزترینتان لای خـوا ئـەو کەسـانەن زیـاتر تەقواو لەخوا ترسانیان هەیە.

پێغەمبەری خوایش ﷺ فەرموویەتی: ((أيها الناس، ألا أن ربكم واحد، وأن أباكم واحد، ألا لافضل لعربي على أعجمي، و لاعجمي على عربـي، و لا أحمـر علـى أسـود، ولا أسود على أحمر إلاّ بالتقوى)) واتە: ئەی خەڵکینە، پەروەردگارتان یەکە، لە یەك باوکیشن، کەواتە هیچ عرەبێك لە عەجەمی زیاتر و هـیچ عەجـەمێکیش لـە عـەرەبی زیـاتر نـین، پێـست سـورەکانیش هیـچیان لـە ڕش پێـست زیـاتر نـی یـە، ڕەش پێستەکانیش هیچیان لە سـورەکان زیـاتر نـین، مەگـەر بـە تـەقواو لـە خـوا ترسـان نەبێت.

عمری کوڕی عبدالعزیزرحمه الله لە دەوڵەتەکەیدا ئەم بنەما ئیسلامی یە مەزنـەی جـێ بەجێ کردوە، یەکـەمین هـەنگاوێك نـای بـۆ جـێ بـەجێ کردنـی ئـەم بنەمایـە، ئـەو سوێندە بوو، کە خـواردی ووتـی: وەڵاهـی دەبێـت خـۆم و خـەڵکی لـە یـەك ئاسـتی بژێویدا بژین.[١]

لەو بارەیەوە دەڵێت: یان وەڵاهی ئاواتە خوازم لە منەوە و لە نزیکەکانی منـەوە دەست پێ بکەن، کە من لەوانم، تاوامان لێ دێت ژیـانی ئێمـەو ئێـوە وەك یـەکی لێ بێت، بەڵام وەڵاهی ئەگەر لەمە زیـاتر مەبەسـتێکم هەبوایـە زمـانێکی پـاراوم هەیـەو بەهۆکارەکانیشی زۆر شارەزام.[٢] هیچ کەسێك لـە ئێـوە پێویـستی یـەکی خـۆیم پـێ

١ــ النموذج الإداري المستخلص لا ٢٩٧.

٢ــ سيرة عمر بن عبدالعزيز(إبن الحكم)، لا ٨٣.

ناگەینێت، من لە خۆی زیاتر پێم خۆش نەبێت ئەو پێداویستی یەی بۆ تەواو بکەم بەپێ ی توانام.[١]

عمر رحمه الله یاسای یەکسانی لەناو خەڵکدا جێ بەجێ کرد، چ لە بواری مافەکاندا، یان لە هەرگۆشەو لایەنێکی ژیاندا، لە دابەش کردنی پۆستەکان و دیاری کردنی بەرپرساندا هیچ جیاوازی یەکی نەکردوە لە نێوان یەکێك و یەکێکی تردا، هەرگیز شتێکی بە یەکێك نەداوە، کە مافی خۆی نەبوبێت.

هەستا بەیەکسان کردنەوەی ئەمیرو ئەشرافی بەنی ئومەیی یە، لەگەڵ خەڵکەکەی ترداو هەمو بەخشش وماڵە تایبەت یەکانی لێ سەندنەوەو مووچەکەی کردنەوە بە ئەندازەی موچەی خەڵکی و کاتێ لەو بارەیە قسەیان لەگەڵدا کرد، ئەویش لە وەڵامدا وتی: پارەی خۆم بەشی هەمووتان ناکات، پارەی - بیت المال - یش تەنها مافی ئێوە نی یەو ئێوەش وەك هەموو موسڵمانێکی تر مافتان هەیە تیایدا وەك مافی دوورترین کەس.

سیاسەتی دارایی عمر لەسەر بنەمای یەکسانی دامەزرابوو، ئەوە خەزێنەی موسڵمانە و موڵکی گشتی یە، بۆ هەر یەکە وەك خەڵکانی تر دەستی بۆ بەرێت، تایبەت نی یە بە لایەنێکی دیاری کراوی ناو خەڵکی.

لەو کارانەی، کە دەیویست بنەمای یەکسانی جێ بەجێ بکات تیاندا، ئەوەبو کاتێ بینی، کە ئەمیرەکانی بەنی ئومەیە خاوەنی زەوی و زارێکی زۆر بوون، هەموویشی قەدەغەی خۆیان بوو، هەموو موسڵمانانی لێ بێ بەش بوو.

عمر وتی: زەوی قدەغەکراو حەڵاڵی هەموو موسڵمانانە... سەرکردەش وەك هەموو موسڵمانێکی تر وایە، خوا باران بۆ هەموو بەندەکانی دەبارێنێت، هەمویاندا تیایدا یەکسانن.[٢]

١ـ تأريخ الطبرى لة النموذج الإدارى لا ٢٩٧ وەرگیراوە.

٢ ـ سيرة عمر بن عبدالعزيز (إبن الحكم)، لا ٨٣.

هەروەك یەکسانی خستە نێوان موسڵمانان و ئەو جولەکەوگاورانەی موسڵمان دەبوون لە ئەهلی جزیە، ئەو ساردو سڕیەی نێوان هەردوو شکاند... ووتی: هەر جولەکەیەك، یان گاوریان، یان مەجوسی یەك موسڵمان ببێت و ئاوێتەی موسڵمانان بێت لە هۆزەکەی خۆی بپچڕێت ئەوە دەبێت تێکەڵی بکەن و دڵنەوایی بکەن.[١]

(إبن سعد) دەگێڕتەوە دەڵێت: عمری کوڕی عبدالعزیزرحمه الله عەرب و مەوالی بەیەك چاو سەیر دەکرد لە ڕۆزی و موچەو بەخششین دا، بەڵام تەنها(٢٥) دیناری بڕیبویەوە وەك موچە بۆ مەوالی یەکان.[٢]

لە بواری یەکسانی موسڵمانان لە بەردەم دادگاو حوکمی شەرعدا بە شێوەیەکی گشتی، لەم بوارەشدا ئەو بەڵگەمان بەسە، کە موسڵمانێك دێت وبێ ترس لەبەردەم ئەمیری باوەڕداراندا شکات لە عبدالعزیزی باوکی دەکات، دەڵێت: ئەی ئەمیری باوەڕداران ــ عبدالعزیز ــ مەبەستی باوکی عمر ــ کاتی خۆی زەویەکی لەمن سەندوە بە زۆرم و ستەم! عمریش بەبێ هەڵچون و توڕەبوون، زۆر لەسەرخۆ بە ڕویەکی خۆشەوە پێ ی ووت: ئەزانم شەریکم هەیە لەوێ، ئەم قازی یە لەنێوان بێت، عمر چوو بۆ لای دادوەرەکە، ئەویش حوکمی کرد لەدژی عمر، عمریش پێ ی ووت: دەی مەسروفی زۆرمان تێدا کردوە، قازیش وتی: دەی سودی لێ وەرگرتووە لە باتیدا ئەمە لە باتی ئەو، عمریش وتی: بەدادوەرەکەی ئەگەر ئابەم شێوەیە حوکمت دەنەرکردایە هەرگیز نەمدەهێشت لە حوکمەتەکەمدا کاری داد وەری بکەیت، فەرمانی دەرکرد زەویکە بگەڕێنێتەوە بۆ کابرای میسری.[٣]

عمری کوڕی عبدالعزیزرحمه الله زۆر سەنگی دادەنا بۆ بنەمای یەکسانی لە نێوان موسڵماندا، تەنانەت لە مەسەلە گشتی یەکانیشدا، لەوانە فەرمانی دەرکرد، کە هیچ کەس تایبەت نەکرێت لە نزاو دەعای خێرداو باقی موسڵمانانی لێ بێ بەش بێت، بۆ ئەو مەبەستە نامەی نووسی بۆ ئەمیر جەزیر و پێ ی ووت: بیستومانە کۆمەڵێ لە

١ــ سیرة عمر بن عبدالعزیز (إبن الحکم)، لا ٧٩.
٢ــ الطبقات(٥/ ٢٧٥).
٣ــ عمر بن عبدالعزیز وسیاسته فی رد المظام. لا ٢٩٨.

چیرۆك خوانەکان لەپێش چیرۆکەکانەوە هەندێ صلوات دەنێرن بۆ ئەمیرەکانیان، لەگەڵ صلاوات دانیان لەسەر پێغەمبەری خوا ﷺ! ئەگەر نامەی منت پێ گەیشت، فەرمان بدە بە چیرۆك خوانەکان، کە لەسەرەتاوە صلاواتێکی تایبەت لە سەر پێغەمبەری خوا ﷺ بدەن و، پاشان دوعای خێر بۆ سەر جەم موسڵمانەکان بکەن و کەسی لێ بەش نەکەن، واز لله شتی تر بهێنن.[١]

لەوەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە تاچ کاتێك عمر لە خەمی ئەوەدا بووە جیاوازی کۆمەلاتی نەمێنێت و خەڵکی یەکسان بن و کەس لەکەس زیاتر نەبێت، تەنانەت ناهێڵێ دووعاشمان بۆ کەسانێکی تایبەتی بکرێت و باقی ئوممەتی ئیسلامی بێ بەش بکرێت، چونکە موسڵمانان هەموو وەك یەك پێویستیان بە دوعایە وە کۆمەکی پەروردگارە، خوای تەبارەك وە تەعالاش دەوڵەمەندە بەشی هەمووی دەدات.[٢]

ئەوە پرۆگرامی یەکسانی یەی، کە دروشمەکەی هەڵگرتبوو، تەنهای دروشم نەبوو، وەك لە پێڕەوی ناخۆی حیزب و لایەنە دونیانی یەکاندا دەنوسرێت بەبێ ناوەڕۆك و کردەوە.

عمر رحمه الله هەر لە خۆیدا جێ بەجێ ی کرد، بۆ نموونە جارێکیان لە شاری مەدینە پیاوێك جنوێی دابە عمرو عمریش بەجۆرێ هەڵس وکەوتی لەگەڵ کرد ئەوەی جنێو بەکسێکی ئاسایی درابێت، دەگێرنەوە پیاوێك لە شاری مەدینە حوکمێکی بەسەردا دراوە، دیاربوو ـ بۆیە کاتێ والی شاری مەدینە (ئەبوبەکری کوڕی محمد)بوو بەر نوێژی بۆ کردن ـ ئەم پیاوە شمێشرەکەی هەڵکێشاو نوێژەکەی بە خەڵکەکە بڕی، ئەبو بەکریش نامەی نارد بۆ عمر و هەواڵەکەی بۆباس کرد، ئەویش لەو بارەیەوە نامەیەکی نوسی بۆ ئەبو بەکر، ئەویش بە دەنگی بەرز نامەکەی عمری خوێندەوە، پیاوەکەش زۆر تورەبوو جنێوێکە دا بە ئەمیری باوەڕداران و نامەکەی و ئەوەشی نامەکەی هێناوە، ئەبو بەکریش لە سەرەتاوە نیازی کرد بدات لە ملی و بیکوژێت،

١ـ سيرة عمر بن عبدالعزيز ابن الجوزي ل٢٧٢.

٢ـ النموذج الإداري المستخلص من إدارة عمر. ل ٢٩٩,

بەڵام خۆی گرت و هیچی نەکردو بەندکردنی ڕازی بوو، بۆیە نامەی نارد بۆ عمر و لەو هەواڵە تێ گەیاند و عمریش نامەی بۆ نوسی و تیادا ووتی: ئەگەر ئەو پیاوەت بکوشتایە منیش تۆم دەکوشتەوە لە باتی ئەودا، ئەی نازانی کەس ناکوژێت بەتاوانی جنێودان بەخەڵکی جگە لە پێغەمبەری خوا ﷺ، کاتێ ئەم نامەیەم دەگاتە لات بیخەرە بەندی خانەوە، موسڵمانان لە خراپەی بپارێزە، لەهەموو دەرکەوتنی هیلالێکدا واتە(١٥) ڕۆژ جارێك ـ دوای تەوبەو پەشیمانی لێ بکە، ئەگەر پەشیمانی دەربڕی ئازادی بکە.[1]

عمر رحمه الله هەربەو خۆیەوە نەوستا لە جێ بەجێ کردنی بنەمای یەکسانی و جیاوازی دروست نەکردن لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر، بەڵکو فەرمانیشی دەرکرد بۆ والی و کار بەدەستەکانی لەو بارەیەوە ئامۆژگاری کردن، نمونەی ئەوە ئەو نامەیە، کە ناردی بۆ والی مەدینە و تیایدا پێ ی وت: بڕۆرە ناو خەڵکی و تێکەڵیان بکە و لە کۆڕو کۆبونەوەکنیاندا دانیشە و قسەی خۆشیان لەگەڵدا بکە، هەرگیز یەکێکت لە لا خۆشەویست ترو لە پێشتر نەبێت لە کەسانی تر، کەس نەڵێت فلان لە خانەوادەی ئەمیری باوەڕدارانە، چونکە ئەمڕۆ لە بەرنامەی مندا خانەوادەی ئەمیری بڕوا داران و کەسانی تر وەك یەك وان، بەڵکو گومانی ئەوەش دەبەم ئەگەر بەرەبەرەکانیمان لەگەڵدا بکرێت کەسانی تر هەن لە پێش ئێمەوەن.[2]

ئەمەبوو هەندێ لەو هەڵوێستانەی عمر، هەر چەندە جیا جیان، بەڵام بە هەموویانەوە ئەو مانایە دەبەخشن، کە عمر زۆر خەمی ئەوەی بووە بنەمای یەکسانی جێ بەجێ بکات لە دەوڵەتەکەیدا.[3]

١ـ سيرة عمر بن عبدالعزيز (إبن الحكم)، لا ١٤٢.

٢ـ الطبقات (٥/٢٤٢) النموذج الإداري لا ٢٠١

٣ـ النموذج الإداري لا ٢٠١

٦ـ سەربەستی یەکان لە دەوڵەتی عمری کوڕی عبدالعزیزدا:

بنەمای ئازادی و سەربەستی لەوبنەماسەرکی یانە بوو، کە دەوڵەتەکەی عمری لە سەر دامەزرابوو، ئەم بنەمایەش واتە دابین کردنی سەربەستی بۆ خەڵکی بەگشتی لە چوار چێوەی شەریعەتی ئیسلامیدا، کە هیچ دژایەتی یەك نە بێت لە نێوانیاندا، عمر گرنگی داوە بە هەموو شێوەکانی سەربەستی مرۆڤایەتی و لەو شێوە جیاجیانەدا، ئەوانەی جێگیر کرد، کە لەگەڵ رێنمونی یەکانی ئیسلامدا یەکیان گرتەوە، ئەوەشی لەگەڵ ئیسلامدا یەکی نەگرتایەتەوە ئەوەی دەهێنایەوە سەر شێوازی سروشتی خۆی لەگەڵ رێمنونی ئیسلامدا دەی گونجاند، فەرموون لەگەڵ هەندێ لەو سەبەرستیانەی عمری کوڕی عبدالعزیز بە خشیبوی بە کۆمەڵگە:

أ ـ ئازادی فکری و ڕادەربڕین:

عمر رحمه الله زۆر سوربووە لە سەر ئەوەی بنەمای ئازادی بیرو باوەڕ لەناو کۆمەڵگەد بچەسپێنێت، سیاسەتیشی بەرامبەر گاور وجولەکە بریتی بوو لە بەڵێن بردنەسەر بەوەفایی و پابەند بوون بە ڕێکەوتنامە و بەرپاکردنی داد پەروەری لە گەڵیاندا، هەڵگرتنی ستەم لەسەریان تەنگاو نەکردنیان لە بواری بیروباوەڕ و ئاینانەوە، ئەمەش لە ژێر ڕۆشنایی ووتەی خوای گەورە، کە دەفەرموێت:﴿لَآ إِكۡرَاهَ فِي ٱلدِّينِۖ﴾ واتە: لە هەڵبژاردنی ئایندا زۆر کاری نی یە.

عمر رحمه الله شێوازی قسەی خێرو بانگەوازی دەگرتە بەر لە گەڵ پادشاکانی هیندستان و ئەو هۆزانەی، کە موسڵمان نەبوون، یان لە ئیسلام دەرچوو بوون، لەمەو لایش بەدرێژی (إن شاء الله)لەسەر ئەمە دەدوێین.

عمر هەرگیز رۆژێ لە ڕۆژان زۆری نەکردوە لە گاورەکان، تا موسڵمان بن.

لایەنی سەربەستی فیکری لە سەربەستی ڕادەبڕین داخۆی دەبینێتەوە پانتایەکی گەورەی دەوڵەتەکەی عمری گرتبویەوە، تەنانەت لە گەڵ والی و کار بەدەستەکانیشدا ڕەخساندبووی، بەجۆرێ، کەبواری ڕەخساندبوو بۆ هەموو ستەم لێکراوێك، کە شکات و سکاڵای خۆی بکات بەبێ ترس و بەوپەڕی ئازادی و سەر

بەستی یەوە وازی هێنابوو لە خەڵكی، کە چی دەڵێن بیلێن، قاسمی کوڕی محمدی کوڕی ئەبو بەکری صدیق ﷺ ڕاستی ئەمەی دەربڕی و ووتی: ئەمڕۆ دێنە گۆ هەموو ئەوانەی پێشتر نەدەهاتنە گۆ[1] ئەگەر پێچەوانەی شەرع نەبن.

ب - سەربەستی سیاسی: عمر ﷺ ئەو سەربەستی سیاسی یەی ئیسلام فەراهەمی هێناوە بۆ موسڵمانان بەر جەستەی کرد لە دوڵە تەکەیدا، کە ئەو بنەمایەش دەڵێت: نابێت گوڕێرایەڵی کەس بکەیت لە هەرشتێکدا، کە سەرپێچی خوای تێدا بێت، ئیتر با ئەو کەسە ئەمیر بێت، یان والی، یان هەر بەر پرسێکی تر، عمر هەر لە یەکەمین ڕۆژی خەلافەتی یەوە ئەوەی ڕاگەیاند کە سەر بەستی فەرمان بە چاکە و بەرگری لە خراپە دەداتە هەموو دانەیەکی کۆمەڵگەی ئیسلامی و دژیایەتی واقعی ستەمکار بکەن، ئیسلام ڕازی نابێت بەبێ دەنگی بەرامبەر زوڵم و ستەم.

ڕۆژێکیان وتارێکی دا وتی: بێ وەیی بۆ کەس نی یە لە سەر پێچی کردنی سوننەتدا، گوێ ڕایەڵیش بۆ کەس نی یە لە سەرپێچی کردنی پەروەردگاردا، ئێوە بەوکەسەی لە دەستی زوڵم و ستەمی ئەمیرەکەی هەڵدێت پێ ی دەڵێن: یاخی، بەڵام خۆی لەڕاستیدا باسی سەرەکی ئیمامە ستەمکارەکەیەتی.[2]

گەورەترین بەڵگە لەسەر ئەوەی عمری کوڕی عبدالعزیزدا سەربەستی سیاسی تەواوی دابوو بەگەلی موسڵمان ئەوەبو، کە بەراستەو خۆ پاش هەڵبژاردنی بە خەلیفە، ڕووی کردە جەماوەرە موسڵمانەکەو پێ ی وتن: من لە خلافەت واز دەهێنم و سەربەستی دەدەم بە ئێوە بە ئارەزووی خۆتان کەسێکی گونجاو بکەن بە ئەمیری خۆتان.

١ـ الطبقات لابن سعد(٥/ ٢٤٤).

٢ـ سیرة عمر لابن الجوزی لا٢٤٠

سەربەستی سیاسی لە دوو خاڵدا خۆی دەبینێتەوە:

١ـ هاوەبەشی کردنی خەڵکی لە هەڵبژاردنی سەرۆکداو ئەوەش لە ڕێگەی ئەهلی(حەل و عەقد) و بەیعەت دانی موسڵمانان و ڕەزامەندیان.

٢ـ دەربڕینی بۆچون و ئامۆژگاری بۆ بەر پرس و فەرمان ڕەواکان، ڕەخنەگرتن لە کارەکانیان و ئیدانەکردنیان بە پێوەری ئیسلام[١] عمر ئازادی سیاسی لەم دوو بوارەدا کار پێ دەکرد و سەربەستی دایە دەستیان لە هەڵبژاردنی خەلیفەدا پێش قسەی خێرو ئامۆرژی.[٢]

ج ـ ئازادی تاکەکەسی (الحرية الشخسية): عمررحمه الله زۆر هەوڵی دەدا تا ئازادی بگەڕێتەوە بۆ هەموو تاکە تاکەیەکی کۆمەڵگەی ئیسلامی، دەیبینی کۆسپ دروست کراوە لە ڕێگەی ئازادی کۆچکردندا، کە ئەمڕۆ پێ ی دەڵێن: (سەربەستی هاتوچۆ)، ئەویش کۆمەڵێ ڕێ و شوێنی گرتەبەر بۆ ئازادکردنی هەرکەسێك، کە بیەوێت بۆ هەرکوێ بگوازێتەوە.

لەوبارەیەوە دەڵێت: دەربارەی کۆچ کردن ئێمە سەربەیتی تەواو دەین بە هەرکەسێك و بۆ هەرکوێ دە چێت و بۆ دەشتەکەیەکیش هەیە، کە مەڕو ماڵات بفرۆشێت و بڕاتە شار، دەتوانێت لە لادێ یەوەکەوە کۆچ بکات بۆ جیهاد و کوشکتاری دوژمنانمان، هەرکەسێکیش وابکات ئەوە چاوی لە کۆچەریان کردەوەو پاداشت و دەستکەوتی ئەوانی بۆ هەیە.[٣]

هەروەك لە یەکێ لە نامەکانیدا، کە بۆ کار بەدەستێکی خۆی ناردبوو، ووتی: دەرگای کۆچ کردن بکەرەوە بۆ ئەهلی ئیسلام.[٤]

تەنانەت لە شتانێکیشدا ڕەچاوی ئازادی کردووە، کە کەم کەس هەیە بیری لێ

١ـ النموذج الإداری المستخلص من إدارة عمر. لا ٢١٢

٢ـ هەمان سەرچاوە.

٣ـ سيرة عمر بن عبدالعزيز (إبن الحكم)، لا ٧٩

٤ـ هەمان سەرچاوە لا ١٨٨

دەكەنەوەو گرنگی پێ دەدەن، ئەویش دووشتە:

١ـ خێزانەكەی، هاورێكەی تەمەنی ـ فاطمەی كچی عبدالملك ـ ئەو كچە پاشا بەناز پەروەردەیە، بواری ئازادی و سەربەستی بۆ دەڕەخسێنێت هەر لە یەكەمین ڕۆژی دەست بەكار بوونی یەوە پێ ی دەڵێت: فاطمە، یان لایەنی من هەڵبژێرە ـ چۆنم دەوێت وابژین بۆ خوا ـ یان ئازاد بەو خۆت سەربەستی لەلای من دەمێنیەوە، یان لێم جیا دەبیتەوە، چونكە دەیزانی ژیانی تێك دەچێت، بە ووتەی دنیای یەكان ژیانی یەك پارچە دەبێتە دۆزەخ! ئەویش لایەنی عمری هەبژارد و پاداشتی ڕۆژی قیانی ویست، لەم كارەشیدا چاوی لە مامۆستای مرۆڤایەتی كرد ـ محمد مصطفی ﷺ ـ، كە هەموو خێزانەكانی سەرست كرد لە نێوان هەبژاردنی دنیاو خۆشیەكانی، یان ڕەزامەندی خواو ڕۆژی قیامەت و هەموویان قیامەتیان هەڵبژارد و داوای جیابوونەوەو ـ طلاقیان ـ نەكرد.[1]

٢ـ هەرچی جاری یەی هەبوو، كە عادەتی خەلیفەكانی پێشوو بوو هەریەكەیان كۆمەڵێ جاریەو خزمەتكاری كچیان هەبوو، ـ لەگەڵیان كۆدەبوونەوەو چێژیان لێ وەردەگرن ـ بەڵام عمری كوڕی عبدالعزیزرحمه الله هێنانی داینان و سەرپشكی كردن لەمانەوە، یان ئازاد بن بڕۆن بەئارەزوی خۆتان بژین و خۆیان بە تاواوی سەر بەست بن و ئەمیش لەكەنیزەكی ئازادیان دەكات.[2]

(إبن عبدالحكم) دەگێڕێتەوە: عمری كوڕی عبدالعزیزرحمه الله جاریەكانی خۆی كۆكردەوەو ئازادی پێدان لەوەی دەمێننەوە، یان دەڕۆن، چونكە كارێكی گەورەم بۆ هاتۆتە پێش ـ كە خەلافەتە ـ ئەترسم نەتوانم مەیلتان پێ بدەم ئەوانەتان بە ئازادبوون ڕازی دەبن ئازادی دەكەم، ئەوەشتان دەمێنتەوە بەتەمای هیچ نەبێت لێم، ئەوانیش دەستیان كرد بەگریان و بێ هیوا بوون لێی.[3]

١ـ ووتەی وەرگێڕ.

٢ـ النموذج الإداري المستخلص من إدارة عمر. لا ٢١٠

٣ـ سيرة عمر بن عبدالعزيز (إبن الحكم) لا ١٢١

ح ـ ئازادی بازرگانی و کاسبی کردن:

وەك باسێك لە سەربەستی ئابووری و ئازادی بازرگانی کردن و بەکار هێنانی خەڵکی سەرمایەکانیان لەهەر پرۆژەیەکی قازانج داردا سەربەستن و بابگەڕێن بەناو زەویداو لەخێرو فەزڵی خوا بەهرەمەندترین و چ لەووشکانی،یان چ لە دەریا.

لە نامەیەکدا، کە بۆ کاربەدەستانی خۆی ناردبوو ئەم ئازادی و سەربەستی یە ئابوری یەی بۆ هەموو تاکێکی کۆمەڵگە سەلماند، پێ ی ووتن ڕێگر مەبن لە بەردەم سەرمایەدار و دەوڵەمەندو کاسبکاراند، کە هەوڵی قازانج دەست مایەی زیاتر بدات، نووسی بۆ یەکێ لە والی یەکان پێ ی ووت: (لە گوێ ڕایەڵی کردنی پەروەردگار ئەوەیە، کە هەموو خەڵکی بانگ بکەن بۆ لای موسڵمان بوون ... ڕێگری کەس نەکەن لە خستنە گەڕی پارەوە سامانیان لە بازرگانیدا چ لە دەریادا، یان لە ووشکانی، نە بەرگریان لێ بکەن، نە دوشیان بخەن لە کارەکەیان.[1]

هەروەها نوسی: دەریایش وا دەبینم هەروەك ووشکانی یە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ٱللَّهُ ٱلَّذِى سَخَّرَ لَكُمُ ٱلْبَحْرَ لِتَجْرِىَ ٱلْفُلْكُ فِيهِ بِأَمْرِهِۦ وَلِتَبْتَغُوا۟ مِن فَضْلِهِۦ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ﴾ الجاثية:١٢، هەرکەسێك دەیەوێت لە ڕێگای دەریاوە بازرگانی بکات ڕێگای بدە، وا نازانم بۆمان هەبێت ببینە ڕێگر لە نێوان خەڵکی و دەریادا، چونکە ووشکانی و دەریایی بەخشتی خوایە بۆ مرۆڤەکانی فەراهەم هێناوە تاسود مەند بن لە خێر و بێری، دەی ئیر چۆن بۆمان هەیە ڕێگربین لە نێوان بەندەکانی خواو بژێوی ژیانیان.[2]

لە جێ یەکی تر دەڵێت: پردی زۆر لێ بدە تا خەڵکی لێ ی بپەڕنەوەو بەبێ ئەوەیمەسروفەکەیشی بخەیتە سەرکەس، چونکە کاربەدەستە گەندەگەڵەکان زۆر نایاسیان کردوە، کە کەسیش پێ ی نەووتوون کاری وابکەن.[3]

لە لایەك سنوردار کردنی سەربەستی بازرگانەکان و دانانی نرخ لەسەر

١ـ سيرة عمر بن عبدالعزيز (إبن الحكم) لا ٩٤.

٢ـ هەمان سەرچاوەلا ٩٨.

٣ـ الإدارة الإسلامية عمر كرد لا ١٠٥.

شمەكانیان لە سەردەمی عمری كوڕی عبدالعزیزﷺ دەستكاری نرخی نەكرد، أبو یوسف دەڵێت: عبدالرحمنی كوڕی شەوبان لە باوكی یەوە بۆی گێڕاینەوە، كە ووتی: وتم بە عمری كوڕی عبدالعزیزﷺ ئەی ئەمیری باوەڕداران نازانم هۆی چی یە وا نرخی كاڵاكان لە سەردەمی تۆدا بەرزبۆتەوە كەچی لەسەردەمەكانی پێش تۆدا هەرزانتر بووە؟عمریش ووتی: دەی فەرمانڕەواكانی پێش من(ئەهلی ذمة)یان بەكار دەهێنا زیاتر لە توانای خۆیان، ناچاریان دەكردن هەرچی شتیان هەیە بخەنە بازارو بیفرۆشن، بەڵام من زۆر لە كەس ناكەم لە توانای خۆی زیاترم ناوێ لێ ی، خەڵكی چۆن دەیانەوێت، با بەو جۆرە شتەكانی بفرۆشێت، منیش پێم ووت: ئەی چۆنە نرخی شمەك و كاڵاكان دیاری بكەیت، عمریش ووتی: ئەوكارە مافی ئێمە نی یە و پەروەدگار نرخ دادەنێت وبەس.[1]

ئەم سیاسەتە ئابوریەی عمری كوڕی عبدالعزیز بەرهەمی هەبوو، چ گەڕاندنەوەی مافەكان بۆ خاوەنەكانیان، چ سەربەست كردنی خەڵكی بۆ بازرگانی و كاسبی ڕێك و پێك، بە جۆرێ هەلی كاركردن و بەرهەم هێنانی ڕەخساندبوو بۆ هەموویان، هەموو ئاستەم و بەربەستەكانی لە بەردەمدا لابردبوون، ئەمەش ئاسایی یە، كە جموجوڵی بازرگانی دروست دەكات و سەرمایەی خەڵكی بەرەو زیاد بوون دەڕوات و دواتریش زەكاتی زیاتر دەترێت بە(بیت المال) ئەمەش وا دەكات چینە هەژارەكان ببوژێنێتەوە، كەمێ هەست بە خۆشی ژیان بكەن و بتوانن شتەكان بكڕن، بەم كارەش بازرگانەكان كاڵاكانیان لە فرۆشتن و كڕینی بەردەوامدا دەبێ، ئەمش وادەكات بازرگان زیاتر شمەك بهێنێ و جوڵەی بازرگانی زیاد بكات و دواتر ئابووری وڵات بەرەو بووژانەوە بڕوات و ژیانی خەڵكی خۆش ببێت.[2]

١ـ سيرة إبن الحكم لا ١٠٢

٢ـ السياسة الإقتصادية والمالية لعمر بن عبدالعزيز لا٤٨.

بەشی دووەم

گرنگترین سیفاتەکانی عمر و مەشخەڵە نوێ گەریەکەی

یەکەم: گرنگترین ڕەوشتەکانی

کەسایەتی عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله بریتی یە لە کەسایەتی سەرکردەیەکی سەرنج ڕاکێش، خاوەنی کۆمەڵێك سیفاتی ڕەبانی بووە، لەو سیفاتانە:

باوەڕی بتەو و دامەزراوی بە خوای پەروەردگار و گەورەیەکەی هەبووە، باوەڕی بە پاشە ڕۆژو گەڕانەوە بۆ قیامەت، ترسانی لە خوای گەورە، بونی زانستێکی دەوڵەمەند، متمانەی تەواوی بە خوا، سەرمەشقی، ڕاستگۆی، لێ هاتووی، ئازایەتی، پیاوەتی، دونیا نەویستی، خولیای قوربانی دان، نەرم و نیانی، گوێگرتن بۆ ئامۆژگاری، لەسەر خۆی، ئارامی و ورە بەرزی، لێزان، ئیرادەیەکی بەهێز، دادپەروەری، بەتوانا لەچارسەرکردنی کێشەکاندا، توانای نەخشەدانان و ئاراستەکردن ورێکخستن و چاودێری کردن، کۆمەڵێ سیفاتی تریش.

بە هۆی ئەو کۆمەڵە ڕەوشتە خوایانەی، کە پەروەردگار پێ ی بەخشی بوو توانی هەستێت بە بەرپاکردنی پرۆژە مەزنە چاکسازی یەکەی و نوێ کردنەوەی زۆرێك لە ئاسەوارەکانی سەردەمی خەلیفە ڕاشیدەکان، کە بەهۆی هاتنی کۆمەڵێ پاشای کورسی دۆستەوە لە ناو چووبوون و لە بیرکرابوون، توانی زاڵبێت بەسەر هەموو گرێ و کۆسپەکانی ڕێگادا، هەوڵ بێ وێنەکەی بەرەوبومی خۆی بەخشی چ لە ئاستی تاك، یان کۆمەڵگەیان، یان دەوڵەت.

تاوای هات ئەم بەرنامە چاکسازی و نوێ خوازیەکەی عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله لە سەردەمی خۆیدا بوو بەمەشخەڵێك و نەوەکانی دوای خۆی لە کاری سەر لە نوێ هێنانەوەی ئیسلامدا چاویان لێ کرد، ئەوەتا نورالدین الزنگی لەسەر هەمان

هەنگاوەکانی عمر کاری خۆی دەکرد و توانی سەرکەوتنێکی مەزن بۆ ئومەتی ئیسلامی دەستەبەر بکات بەسەر گاورە داخ لە دڵەکاندا، ئەمەش دوای خوا دەگەڕێتەوە بۆ مامۆستا لێ هاتووەکەی، کە ناوی(الشیخ أبی حفض عمر محمد الخضر) بوو لە ساڵی ٥٧٠ی کۆچیدا گیانی بەخوای خۆی سپارد، کە هەستا بە نووسینی ژیانی عمری کوڕی عبدالعزیزرحمه الله وناردی بۆ(نورالدین الزنگی) و داوای لێ کرد هەنگاو بە هەنگاو بە شوێن پێدکانی ئەو دابڕواتەوە لە کاری بانگەواز و جیهادا.

گرنگترین سیفەتەکانی عمری کوڕی عبدالعزیزرحمه الله ئەمانەبوون:

١- زۆر زۆر لە خوای گەورە ترساوە:

گەورەترین پاڵنەرێك، کە پاڵی پێوە دەنا بۆ ئەو ڕەوشتە مەزنە، ئەو باوەڕە پتەوەی بوو بە ڕۆژی دوای و ترسانی لە خواو شەیدایی بەهەشت، ئەگەر ئەم باوەڕ پتەوەیشی نەبوایە، کە عمری کوڕی عبدالعزی پێ ناسرابوو، هەرگیز نەیدەتوانی ئابەو جۆرەو لاوێکی وەك عمر، کە هەموو شتێکی لەبەر دەست دابوو لە دەسەڵات و سەربەستی و پلەو پایە و سامانی زۆر بێ ئەندازە، شەیتانیش بەو هەموو وەسوەسەو فێڵبازیەوەیەوەو نەفسی بەدکاریش بە هاندانەکانی یەوە بۆ خراپە ـــ ئا بەو جۆرە بەوردی لێپرسینەوە لەگەڵ دەروونی خۆیدا بکات و ڕاوەستێت لە سەر ڕێگای ڕاست.[1]

زۆر شەیداو تینووی بەهەشت بوو، دونیای پشت گوێ خستبوو لە پێناو قیامەتدا، باوەڕی تەواوی هەبوو بەو وتە خوای عزوجل، کە دەفەرمووێت:﴿يَٰقَوۡمِ إِنَّمَا هَٰذِهِ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَا مَتَٰعٞ وَإِنَّ ٱلۡأٓخِرَةَ هِيَ دَارُ ٱلۡقَرَارِ﴾غافر: ٣٩) واتە: ئەی هۆزەکەم ئەم ژیانەی دنیا خۆشی یەکی کاتی و قیامەت ژیانی حەوانەوەهەتا هەتایی یە.

١ــ رجال الفكر الندوى و له النموذج الإدارى - وەرگێڕاوە ـ لا٠١٤٠.

عمر رحمه الله بەسروشتە پاکەکەی خۆی و بیروباوەڕە خاوێنەکە یەوە هەستی بەوە کردبوو، کە دواڕۆژی موسڵمان گرنگە مرۆڤ لە پێش چاوی بگرێت و لە دونیا زیاتر هەوڵی بۆبدات و لەو بارەیەوە نامەی نووسی بۆ (یەزیدی کوڕی مولهیب)و پێ ی ووت: ئەگەر حەزم لە ژن بکردایە، یان ماڵ کۆکردنەوەم مەبەست بوایە، چونکە ئەوەی لە دەستی مندا بووە لە دەستی هیچ کەس کەسدا نەبووە، بەڵام ــ ئەوەی توشی بووم بەرپرسیاریەتی و خەلافەت ــ لێپرسینەوەی گەورە، موحاسەبەی توندی لەسەرە، مەگەر بۆ کەسێك خوا ڕەحمی پێ بکات.[1]

عمر رحمه الله زۆر ترسی خوای گەورەی لە دڵدابوو، فاطمەی خێزانی بۆمان دەگێڕێتەوەو دەڵێت: سوێند بە خوا نوێژو ڕۆژوویەکی وای نەبووە لە سنور بەدەر، بەڵام وڵلاهی کەسم نەدیوە وێنەی عمر بێت لە خوا ترساندا، لەناو جێگەکەیدا یادی خوای دەکرد، لە ترساندا وەك چۆلەکە ڕادەچڵەکی و باڵە فیزی دەکرد، تاوامان لێ دەهات بڵێین: سبەینێ خەڵکی بێ خەلیفە دەمێننەوە.[2]

مەکحول دەڵێت: ئەگەر سوێند بخۆم سوێندم ناکەوێت، کە نەم دیوە کەسێك وێنەی عمری کوڕی عبدالعزیز دنیانەویست و لە خواترس بێت.[3]

لەبەر ئەو لە خوا ترسانەی بوو، کە هەمیشە گریان و فرمێسکی حازر بوو، جارێکیان پیاوێك دێتە خزمەت عمر و لەو کاتەدا مەقەڵی یەکی لەبەر دەمدا بوو، عمریش پێ ی ووت: ئامۆژگاریم بکە؟ ئەویش ووتی: ئەی ئەمیری باوەڕداران سودی چی یە بۆتۆ؟ ئەگەر هەموو خەڵکی بخرێنە ناو بە هەشتەوە، ئەگەر تۆ بخرێتە ناو ئاگرەوە، یان چ زیانێکی هەیە بۆ تۆ، ئەگەر هەموو خەڵکی بخرێنە ناو ئاگری دۆزەخ، ئەگەر تۆ لەناو بەهەشت دابیت، دەڵێ: عمر ئەوەندە گریا[4] تا بەتکەی فرمێسکەکەی مەقەڵی یەکەی کوژاندەوە.

١ــ تأريخ الطبرى لة النموذج الإدارى لا ١٤٠.

٢ــ سيرة عمر بن عبدالعزيز (إبن عبد الحكم) لا ٤٢.

٣ ــ تأريخ الخلفاء سيوطى لا٢٢١.

٤ــ سيرة عمر لابن الجوزى لا ٩٠.

هەموو ترسێکی عمرﷺ لە ڕۆژی قیامەت بووە، هاواری دەکردە خواو دەیووت: ئەی پەروەردگارم ئەگەر ئەزانیت من جگە لە ترسی ڕۆژی قیامەت ترسێکی تر لە دڵمدا هەیە، هەرگیز ترسم نەشکێنێ.[1]

ڕۆژی قیامەت، ئەو ڕۆژە ترسناکەیە، کە گۆڕانکاریەکی ڕیشەیی لە ژیانی عمردا دروست کرد، ئەو ڕۆژەبوو، کە دەربارەی دەیوت: دووچاربوون بە دواڕۆژێکەوە ئەگەر ئەستێرەکان دووچاری بوونایە هەموو دەکەوتنە خوارەوە، ئەگەر کێوەکان دووچاری بونایە دەتوانەوە،ئەگەر زەویش دوچاری ببوایە لەت و پەت دەبوو، ئایا نازانن لە نێوان بەهەشت و دۆزەخداماڵێکی تر نی یە، ئێوە هەردەبێت بەرەو لای یەکێکیان بڕۆن.[2]

بەڵێ ترسان لە خوای گەورە، تێڕوانینی ئاشکرا بۆ ژیان و نەمان و نەمری، هەست کردن بەڕۆژی لێپرسنەوە، کاریگەری دیمەنەکانی بەهەشت و دۆزەخ وادەکات لە فەرمانڕەوا و بەرپرسەکان، کە بلەرزن لە ترسی ئەوەی بە ئەندازەی موویەك لە بەرنامەکەی پەروەردگارن لابدەن.[3]

تێگەیشتن و هەست کردن بە بوونی ڕۆژی قیامەت و باقی سیفاتە بیروباوەڕی یەکانی تر وا دەکات لە سەرکردە، کە هیچ هەنگاوێك نا نێت و هیچ لێدوانێك نادات و هیچ کارێك ناکات، بەڵکو پەیوەستی دەکات بە ڕەزامەندی خواوە.

بەڵام بە داخەوە لەلایەن زۆرێ لە سەرکردەکانی ئەمڕۆوە هەوڵیان نەداوە ئەو باوەڕە لە دڵیاندا بچەسپێنێنن و ئەوەش بناغەی هەموو سەرکەوتنێکەو دەبێت ئەم سیفەتانە لە سەرکردەکاندا هەبن، گەورەترین سیفاتی عمری کوڕی عبدالعزیز ئەو باوەڕە دامەزراوەی بوو بەخواو بەڕۆژی دوایی، ترسانی لە ڕادەبەدەریشی لە خوای عزوجل و ڕۆژی ترسناکی قیامەت.[4]

١ـ تأریخ الخلفاء سیوطی لا٢٢٤.
٢ـ سیرة عمر لابن الجوزی لا ٣٢
٣ـ ملامح الإنقلاب عمادالدین خلیل لا ٤٥.
٤ـ النموذج الإداری لا ١٤٢.

٢ــ دنیا نەویستی ــ الزهد ــ:

عمـری کـوڕی عبـدالعزیزرحمه الله لـە ڕێگـەی ژیـانی لـە خزمـەت قورئـانی پـیرۆز و ڕێمونیەکانی محمد الأمینﷺ و بیرکردنەوەی سەرەنجامی پوچی ئەم دونیایەیە، کە جێگای تاقیکردنەوە یە، کێڵگەیەکە بۆ دواڕۆژ، یان لێ کردبوو، کـە زاڵبێـت بەسـەر دونیـاو نـەخش و نیگـارو جـوانی و بـاق و بریقەکانیـدا، بـە جـوانی بـوو بەملکـەچ و گوڕایـەڵی پـەروەردگاری چ لـە ڕواڵـەت و چ لـەدڵ و دەروونیـدا، گیـشتە کۆمەڵـە ڕاستیەك لە دڵیدا جێگربوون و وایان لێ کرد پشت لە دونیا هەڵبکات، لەو ڕاستیانە:

أ ـ یەقینی تەواوی پەیدا کردبوو، کە مرۆڤ لـەم زەوی یـەدا شـێوەی غەریبێکـە، یان ڕێبواری ڕێ، وە پێغەمبەری خواﷺ فەرمویەتی: ((کن فی الدنیا کأنك غریب أو عابر السبیل))[١] لە دنیادا وە غەریب، یان وەك ڕێبوار بژی.

ب ـ ژیانی ئەم دنیایە لەلای پەروەردگار هیچ کێش و نرخی نـی یـە، مەگـەر بۆ گـوێ ڕایـەڵی پـەروەردگار بـەکار بهێنرێـت، لـەم بارەیـەوە پێغەمبـەری خـواﷺ فەرموویەتی: ((لو کانت الدنیا تعدل عند الله جناح بعوضـة مـا سـقی منهـا کـافراً))[٢] واتە: ئەگەر ژیانی دونیا بەئەندازەی باڵی مێشولەیەك لـەلای خـوا سـەنگی هەبوایـە نەیدەهێش کافر ئاوی لێ بخواتەوە.

ج ـ کـورتی ژیـانی دنیـاو تـەواو بـوونی وەك پێغەمبـەری خـواﷺ دەفـەرموێت: ((بعثت أنا والساعة کهاتین وأشـار إلی الـسبابة والوسـطی))[٣] واتـە: نێـوان هـاتنی مـن هاتنی ڕۆژی دوایی وەك ئەم دووپەنجەیـە وایـە، ئامـاژەی کردپەنجـەی شایەتمان و پەنجە بەرزەی تەنیشتی.

د ـ ڕۆژی دوایی یەکە بەردەوام دەمێنێتەوە و جێ حەوانگەی مرۆڤە.

لەبەر ئەم هۆیانـە وکۆمـەڵێ هـۆی تـر عمـری کـوڕی عبـدالعزیز پـشتی لـە دونیـا

١ــ الترمذی کتاب الزهد ژ ٢٣٣٣.حدیث صحیح

٢ــ الترمذی ژ (٢٣٢٠).

٣ــ مسلم کتاب الفتن و أشراط الساعة ژ ١٢٣ ــ١٢٥.

هەڵکرد، یەکەمین پلەی دونیا نەویستی ئەوەیە مرۆڤ خۆی لە حەرام بپارێزێت، پاشان لە شتە حەڵاڵەکان و پەرزترین پلەی زوهدیش ئەویە خۆ دور گرتنە لە شتی زیادە، کە بە نەبونیشی زیان ناکەیت.[١]

مەسەلەی دونیا نەویستی عمر پەیوەند بوو بە کتاب و سوننەتەوە، بۆیە وازی لە هەموو کارێك هێنابوو، کە سودی بۆ ڕۆژی دوایی نەبوو بێت، دڵی خۆش نەبوو بەگەورەترین شتی، کە خەلافەت بوو ــ هەرگیز دڵتەنگ نەدەبوو بە لەدەست چوونی شتێکی دونیایی، وازی لە خۆشی و ڕابواردنەکانی هێنابوو، هەموو خەمێکی لەلای ڕۆژی دوایی بوو، ئەوەی لە لای خوای (عزوجل) بۆ باوەڕدار ئامادەکراوە.[٢]

مالیکی کوڕی دینار دەڵێت: خەڵکی دەڵێن مالیکی کوڕی دینار دنیا نەویستە، بەڵکو دنیانە ویستی ڕاستەقینە عمری کوڕی عبدالعزیز بوو، کە دنیا هاتە بەردەستی و ئەو وازی لێهێنا.[٣]

إبن عبدالحکم دەڵێت: کاتێ عمری کوڕی عبدالعزیز بوو بە بەرپرس و فەرمان ڕەواو پشتی لە دنیاویستی هەڵکردو وازی لە هەموو خۆشیەکانی هێناو خواردنی چێشتی جۆراوجۆری لابرد لەسەر خوانی خۆی، هەرکاتێ خواردنێکی بۆ دروست بکرایە بەشتێ دایان دەپۆشی، ئەگەر حەزی لێ بکردایە دەستی دەکرد بەخواردنی.[٤] هەرگیز گوێ ی بۆ خواردن و جۆرەکانی نەداوە، تەنها ئەوە نەبێت برسێتی و تینوێتی خۆی پێ لابردبێت.

مەسروفی ڕۆژانەی خۆی ماڵ ومناڵەکەی تەنها(دوو) دەرهەم بووە، وەك دەگێڕنەوە ــ لە ساعی کوڕی زیاد کە: ڕۆژانە عمر دوو دەرهەمی بۆ ماڵ و مناڵەکەی خەرج دەکردووە.[٥]

---

١ ــ النموذج الإداري المستخلص من إدارة عمر. لا ١٤٨.
٢ــ الأثار الواردة عن عمر بن عبدالعزيز في العقيدة(١/ ٤٦).
٣ــ حلية الأولياء(٥/ ٢٥٧).
٤ــ سيرة عمر (إبن الحكم) لا ٤٢.
٥ــ الآثار الواردة عن عمر بن عبدالعزيز(١/ ١٥٥).

هەرگیز جگە جل و بەرگی زبر هیچی کەی لەبەر نەکردوە، وازی لەجوانی و باق و بریق و ڕەنگاو ڕەنگەی خەلیفەکانی پێش خۆی هێنابوو، فەرمانی دا هەمووی بفرۆشن گشت پارەکەی خستە خەزێنەی موسڵمانان.[١]

هەر بەو شێوەشی کرد لەگەڵ کەنیزەك و خزمەتکارەکانیداو هەرچی کەنیزەك بوو، ئەگەر داگیرکرابوون گێڕانی یەوە بۆ خاوەنەکانیان، هەرچی خزمەتکاریشی هەبوو هەمووی دابەش کردن بەسەر ناسیاو نەخۆش و کەم ئەندامەکاندا، دژی هەموو زیادە مەسرەف کردن و کەشخەیەتی یەك بوو.[٢]

هەرچەندە هەندێ لە نووسەران زیادە ڕەوی دەکەن لە مەسەلەی دونیانەویستی عمردا، بە تایبەتی لە بابەتی - ژن هێناندا - إبن عبدالحکم دەڵێت: فاطمەی خێزانی ووتویەتی: لەوەتی بوو بە خەلیفە تەنها سێ جار خۆی شۆردوە لەبەر لەش گرانی - جنابة - هەتا گەیشتە پەروەردگار، دەڵێن: تامردوە خۆی بۆ لەش گرانی نەشۆردوە، هەر چەندە ئەمانە دژی ئەوەن، کە عمری کوڕی عبدالعزیز زۆر حەزی کردوە دەست بگرێت بە سوننەتەکانی پێغەمبەرەوەو جێگای باوەڕ[٣] نی یە، کە واز لە سوننەت هێنابێت و بکەوێتە زوڵم ناهەقی کردن بە خێزانی، چونکە ژن نەهێنان و واز هێنان لە ڕابواردن لەگەڵیاندا هیچ پەیوەندی یەکی بە زوهدی ئیسلامی یەوە نی یە، شتێکی نامۆیە بەکۆمەڵگەی ئیسلامی، ئەوە هەندێ لەو تاقمانەی لە ئیسلام دەرچوون شانازی پێوەدەکەن و بە زوهدی ئیسلامی دادەنێن، لەو بارەیەوە کۆمەڵێ سەرگوزشتە دەهێنن، کە ئەگەر وردبێتەوە لێ ی بۆت دەردەکەوێت، کە هیچ پەیوەندی یەکی بە زوهدەوە نی یە، لەو بارەیەوە قسەو ئامۆژگاری سەیرو سەمەرەیان هەیە، لەوانە:

* هەرکەسێ وازلەژن و خواردنی خۆشی بهێنێت کەرامەت لەسەر دەستی دەردەکەوێت!

١- الآثار الواردة عن عمر بن عبدالعزيز(١/ ١٥٥).

٢ - سيرة عمر بن عبدالعزيز لا ٥٠

٣- هەمان سەرچاوە لا٥٠

* هەرکەسێ ژنی هێنا ئەوە دنیاویستی هێناوەتە ماڵی خۆیەوەو لە ژن هێنان خۆتان بپارێزن!

* پیاو ناگاتە پلەی ڕاستگۆیان - الصدیقین - تا واز لە ژن لە ژنەکەی نەهێنێ، وەك بێوەژنی لێ بکات، منداڵەکانیشی وەك هەتیو خۆی بەرزکاتەوە بۆ پلەکانی وتەکان.

* ڕزگاریان نابێت، ئەوکەسەی بەبێ جێگەی ژن خەوی لێ نەکەوێت.

* هەرکەسێك ژنی هێنا ئەوە حیسابی دنیا پەرستی بۆ بکە.[1]

ئەمەو چەندان ووتەی سەیر و سەمەرەی تر، کە بەگشت شێوەیەك پێچەوانەی ئیسلامە، کە ئاینی وەسەت و ناوەندی یە، ئێغەمبەری خوایش ﷺ فەرموویەتی: ((فمن رغب عن سنتی فلیس منی))[2] واتە: هەرکەسێ لە ڕێرەو سونەتی من لابدات لە من نی یە، واتە: بەشوێن کەوتەی من دانانرێت.

کەواتە بەگشتی زوهدو دنیانەویستی عمری کوڕی عبدالعزیز لە ژێر ڕۆشنایی قورئان و سونەتدا بوە هەرچی ڕیوایەتێك دەگێڕنەوە لێ ی و دژی ئەو دوو کانیاوە ساف و سازگارە بێت، ئەوە هەڵبەستراوەو جێگای متمانە نی یە.

زوهدو و دنیانەویستی عمری کوڕی عبدالعزیز، کە لە پەیدا کردن و کۆکردنەوەی پارەوساماندا لەوە دابوو، کە ئەو پڕاوپڕ پێچەوانەی خەلیفەکانی پێش خۆی بوو، پێچەوانەی بەر پرس و فەرمانڕەوکانی ئەمڕۆشە، کە بە لاتی دەچنە سەر حوکم و قارونی واز لە پۆستە، کە دەهێنن![3]

کاتێ چووە سەر حوکم (٤٠٠) هەزار دیناری هەبوو، بەڵام کاتێ چووە سەر کورسی حوکم و لە پاش وەفاتی تەنها(٤٠٠) دیناری لێ بەجێ ما وخۆ ئەگەر تەمەنی درێژتر بوایە ئەو بڕەش کەمی دەکرد[4]، بە درێژایی ژیانی مووچەی لە (بیت المال)

١ـ الطبقات للشعرانی (١/٢٤)

٢ـ فتح الباری علی صحیح البخاری (٩/ ١٠٤)

٣ـ ووتەی وەرگێڕ.

٤ـ حلیة الأولیاء(٥/ ٢٥٧)

وەرنەگرتووە.[1]

عمر رحمه الله لە زاهید و دنیانەویستەکانی سەردەمی خۆی بووە، ئەگەر نەهێڵن زاهیدترینتان بووە، هەموو جارێ دەیوت: دنیا ئەوندە خۆشی تێدا نی یە بە ئەندازەی ناخۆشی یەکانی، خۆشی کەم و خەفەتی زۆر.[2]

دەربارەی زوهدەکانی زۆری لێ دەگێرنەوە(شیخ أبو حفض عمر بن محمد الخضر العلاء) نزیکەی (٢٨) ڕیوایەتی لەسەر هێناوەتەوە.[3]

زوهدی عمر گەیشتبووە ئاستێك، کە زۆر ئەستەمە کەسی پێ بگات لەو کەسانەی لە ناو ژیانی خۆش و (های لایف) دا چەقیوون لەم سەردەمە خۆماندا کە مادەپەرستی هەموو کون قوژبنێکی ئەم ژیانەی گرتوتەوە، تاوای لێ هاتووە پێوانەی کەسایەتی یەکان بەوە دەکرێت، کە چەندی هەیە و چۆن دەژی، سەرکردە و فەرمانڕەواکانی ئەمڕۆ، ئەگەر وەك عمر رحمه الله زاهیدو دنیانەویست نابن خۆ ئەوەندە بەسە بۆیان هەڵپەهەڵپە نەکەن و سامانی خەڵکی بۆ خۆیان و لایەنگریان حەلاڵ نەکەن و، هەوڵ بدەن بەنانی حەلاڵ و کاسبی پاك خۆیان بژیێن و بتوانن حەزە دنیایی یەکانیان کەمێ سەرکوت بکەن، تا ئەوانیش وەك عمریان لێ بێت و بە تەمای شتێکی زۆر گەورەترین لە دونیای هیچ تیا بەسەر و کاتی و چاویان بەبەهەشتی بەرین بێت.[4]

کۆتایی بەباسی زوهدی عمر بەڕوداوێك دەهێنمەوە، کە جارێکیان بە(موزاحیم)ی ووت: حەزم لە حەج کردنە، پارەوشتت لە لایە؟ ئەوش ووتی: (١٥ــ ١٦) دینارێکم لە لایە، عمریش ووتی: دەی ئەوە کەی بەشم دەکات، کەمێ مانەوە، پاشان موزاحیم ووتی: ئەی ئەمیری باوەڕداران خۆت حازربکە بۆ حەج، چونکە

١ــ سیرة عمر بن عبدالعزیز (إبن الجوزی) لا ١٨٦.
٢ــ النموذج الإداری المستخلص من إدارة عمر.
٣ــ الکتاب الجامع لسیرة عمر بن عبدالعزیز(١/٢٦٦ــ ٢٧٨)
٤ــ مدارج السالکین (٢/ ٣٤٠)

حەفدەهەزار دینارمان لە ئالی مەڕوانەوە بۆ هاتووە، عمر ووتی: بیخەرە خەزێنەی موسڵمانانەوە، چونکە ئەگەر حەڵاڵ بێت بەشی خۆمانمان لێ بردەوە، خۆ ئەگەر حەرامیش بێت، ئەوپرژەمان بەسە، کە بەرمان کەوتووە لێ ی (واتە با حەجیشی بەسەرەوە نەکەین).

موزاحیم دەڵێت: کاتێ عمر هەستی کرد زۆر پێم ناخۆ شبوو، کە ئەو پارەیە بەکار ناهێنێ لە حەڵاڵدا پێ ی ووتم: بێ قەزابی موزاحیم! قورس نەبێت لەلات ئەم کارەم، من لەبەر خاتری خوا دەیخەمە (بیت المال) من خاوەن دڵ و دەرونێکم کەسێکی بەرز بینم حەز لە شتێکی بەرزتر دەکەم، تاوام لێ هاتووە حەز لە بەرزترین پلەو مەقام دەکەم، ئەمڕۆ شێت و شەیدای بەهەشت بووم.[١]

٣ــ بێ فیزی عمری کوڕی عبدالعزیز ــ تواضع ــ:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَعِبَادُ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَى ٱلْأَرْضِ هَوْنًا ﴾ الفرقان: ٦٣ واتە: بەندە ڕاستەقینەکانی خوا ئەوانەن، کە لە سەرخۆ بەسەر زەویدا ڕێ دەکەن.

إبن قیم دەڵێت: بە شێوەی لە سەرخۆو نەرم نیان بەویقارەوەو بەبێ فیزی بەسەر زەویدا ڕەدەبن.[٢]

پێغەمبەری سەروەرمان ﷺ دەفەرموێت: ((إن الله أوحى إليّ أن تواضعوا حتى لا يفخر أحد على ولا يبغي أحد على أحد))[٣] واتە: خوای ـ عز وجل ـ نیگای بۆ کردووم، کە دەبێت ئەوەندە بێ فیز بن تاواتان لێ دێت کەستان پۆست بەسەر کەستانەوە لێ نەدەن و کەسیشتان دەست درێژی نەکە سەر کەسی ترتان نەکەن.

ئەم ڕەوشتە جوانە یەکێك بوو لە ڕەوشتە بەرزەکانی عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله

١ــ سيرة عمر بن عبدالعزيز (إبن عبد الحكم) لا ٦٣.

٢ــ مدارج السالكين(٢/ ٢٤٠).

٣ــ مسلم ژ ٢٨٦٥.

زوهـدو دنیانەویـستی بـەرەو تـەوازع و بـێ فیـزی بـرد؛ چـونکه مـەرجی زوهـدی ڕاستەقینه تەوازع و بێ فیزی یه بۆ خودا.[١]

عمر رحمه الله له هەموو لایەنەکانی ژیانیدا تـەوازع و بـێ فیـزی نوانـدوه، ئەمـەش زۆر پێویـسته بـۆ سـەرکردەیەك لـه خـوا ترسـی و ئومێـدەواری بەهەشـت، بـشیەوێت گەلەکەی گوێڕایەڵی فەرمانەکانی بن.[٢]

هەر بێ فیزی یەکانی عمر جارێکیان پیاوێك بانگی کرد ووتی: ئـەی جـێ نـشینی خوا لەسەر زەویدا، عمر ووتی: بێ دەنگ به شـتی وانـەڵێت، مـن کـاتی خـۆی بـاوك دایکم ناویان ناوم عمر، ئەگەر بەو ناوه بانگـت بکردبمایـه وەڵامـم دەدایـەوه و، مـن کاتێ نازناوم بۆ خۆم دانا(أبا الحفص)م پێوتراوه، ئەگەر بـەو نـاوه بانگـت بکردایـه وەڵامم دەدایتەوه، کاتێ منتان کرد بەسەرگەورەی خۆتان و پێتان ووتم: ـ ئـەمیری باوەڕداران ـ ئەگەر بەوناوەوه بانگت بکردبمایـەه وەڵامـم دەدایتـەوه، بـەڵام بـانگ کردنم به جێ نشینی خوا لەزەوی دا! من ئەوکەسەنیم، بەڵکو جێ نشینەکانی خـوا لەسـەر زەوی، داود، پێغەمبـەرمان صلى الله عليه وسلم و هـاو وێنـەکانیان[٣] مەبەسـتی لـەو ئایەتـه پیرۆزەیه، که دەفەرموێت: ﴿يَـٰدَاوُۥدُ إِنَّا جَعَلۡنَـٰكَ خَلِيفَةً فِي ٱلۡأَرۡضِ﴾ ص: ٢٦.

هەر له بێ فیزیەکانی، ئەوه بوو قەدەغەی کردبوو لەسەر موسڵمانان له حزووریدا ڕابووه ستن، دەیووت: ئەگەر ئێوه به پێوەبن منـیش بـه پێـوه دەبم، ئەگـەر ئێـوه دانیشن من دادەنیشم، بەڵکو خەڵکی لەبەردەمی پەروەردگاری جیهاندا ڕادەوەستن، هـەموو جـارێ بـه پاسـەوانەکانی خـۆی دەووت: ئێـوه دەسـتپێـشخەری مەکـەن لـه سڵاوکردنتان لێمان، بەڵکو ئێمه دەبێت سەرەتا سڵاوتان لێ بکەین.[٤]

زۆر بـێ فیـز بـووه، تەنانـەت لـه چـاك کردنـەوەی قەنـدیل و چـراکانی خۆیـدا،

١ـ عمری بن عبدالعزیز الرحیلی لا ١٥٠.

٢ـ عمری بن عبدالعزیز ی (الرحیلی) لا ١٥٠.

٣ـ سیرة عمر بن عبدالعزیز (إبن عبد الحکم) لا ٤٦.

٤ـ سیرة عمر بن عبدالعزیز (إبن عبد الحکم) لا ٣٤ـ ٣٥.

شەوێکیان کۆمەڵێك کەسی لە لا بوو بۆکارێك، لەو کاتەدا چراکەی کوژایەوە، خۆی هەستا ڕۆیشت چاکی بکاتەوە، پێیان ووت: ئەی ئەمیری باوەڕداران بۆ بەئێمەنالێیت بۆت چاك بکەینەوە؟ عمر ووتی: دەی من چیم زەرەر کرد! ڕۆیشتم هەر عمری کوڕی عبدالعزیز بووم، هاتیشمەوە هەر عمری کوڕی عبدالعزیز بووم.[١]

بێ فیز بووە تەنانەت لەگەڵ کەنیزك و خزمەتکارەکانیدا، جارێکیان بە کەنیزکەی خۆی ووت: کەمێ باوەشێنم بکە، دەڵێ: باوەشێنی هێناو دەستی کرد بە باوەشێن کردنی، کردنی بەم باوەشێ کردنەوە چاوەکانی چوونە خەوە، عمر بەئاگا هاتەوە بینی وا کەنیزکەکە دەم و چاوی سور هەڵگەڕاوە و ئارەقێکی زۆری کردوە و خەوی لێ کەوتووە، عمریش رحمه الله باوەشێنەکەی هەڵگرت و دەستی کرد بەباوەشێن کردنی کەنیزەکەکە، کەنیزکەش بەخەبەر هاتەوە دەستی گرت بە تەوقی سەریەوە هاوێرێکی کرد، عمریش پێ ی ووت: ئێ چی بووە؟ تۆش وەك من مرۆڤیت، وەك منیش گەرمات دەبیت، حەزم کرد کەمێ باوەشێن بکەم، وەك چۆن تۆمنت باوەشێت کرد.[٢]

بە سروشتی خۆی حەزی لەقسەکردن نەکردووە، لەگەڵ ئەوەشدا زانایەکی زمان پاراو قسە زانان بووە ئەمەش لە ترسی ئەوەی نەفسی شانازی بەخۆیەوە بکات، یان خەڵکی وا گومانی پێ بەرن، هەردەم دەیووت: قسە ناکەم لە ترسی ئەوەی شانازی بەخۆمەوە نەکەم.[٣]

پیاوێك هاتە لای پێ ی ووت: ئەی ئەمیری باوەڕداران خەلیفەکانی پێش تۆ خەلافەت جوانی کردبوون، بەڵام تۆ خەلافەتت جوان کردوە، وەك شاعیر دەڵێت:

وإذا الدر زان حسن وجوهكان للدُّر حسن وجهك زينا.

١ـ هەمان سەرچاوە ل٣٩٧.

٢ـ أخبار أبا الحفض للاجرى ل ٨٦,

٣ـ هەمان سەرچاوە ل ٨٤.

بەڵام عمر پشتی لێ هەڵکرد[١] پیاوێکیش پێ ی ووت: خوا پاداشتی خێرت بداتەوە لە باتی ئیسلام، عمریش ووتی: بەڵکو خوا پاداشتی خێری ئیسلام بداتەوە لە باتی من[٢]، پیاوێکیش هاتە خزمەتی عمری کوڕی عبدالعزیز ئەویش لەناو کۆمەڵێك کەسدا دانیشتبوو و ووتی: سەلامت لەسەر بێت ئەی ئەمیری باوەڕداران، عمریش فەرمووی: با سڵاوەکەت گشتی بێت هەمووان بگرێتەوە.

عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله ئابەوجۆرە ژیاوە، باڵی سۆزی ڕاخستووە بۆ باوەڕداران، خۆی بەرز ڕانەگرتوە لەناو بەندەکانی خودا، خەلیفایەتی نەیگۆڕێ و لوت بەرزەکەی نەکرد، بەڵکو زیاتر بێ فیزو خاکی بوو، خۆی چرای خۆی چاك دەکردەوەو لەسەر زەوی دادەنیشت لەناو خەڵکیدا نەی هێشتووە پۆلیس و پاسەوانەکانی لە پێشی یەوە بڕۆن، زۆر توڕەدەبوو لە هەرکەسێك بەگەورە سەیری بکردایە، یان سڵاوی تایبەتی لێ بکردایە لە ناو خەڵکیدا، ڕازی نەبووە خۆی لە خەڵکی جیابکاتەوە لە خواردندا، لە خواردنەوەو جل و بەرگ و وڵاخەکەیدا.[٣]

٤ــ خۆپاراستنی لە گوناه ــ الورع ــ:

یەکێکی تر لەو سیفەتانەی عمری پێ ناسرابوون ئەو خۆپاراستنەی بوو لە گوناه، وەرع واتە: دورکەوتنەوە لە هەر شتێك زیانی هەبێت، ئیتر هەموو حەرامەکانی خواو ئەو شتانەیش، کە بۆنی حەرامیان لێ دێ ــ الشبهات ــ چونکە زیان بەخشن، هەرکەسێك خۆی لە (شبهات) بپارێزێت ئەوە ناموس و ئاینەکەی دەپارێزێت، هەرکەسێك خۆی لە - الشبهات - نە پارێزێت بێ گومان دەکەوێتە ناو حەرامەکانەوە، وەك ئەو شوانەی مەڕەکانی لە نزیکی قەدەغەکراوێکەوە بلەوەڕێنێت و گومانی ئەوە دەکرێت، کە بکەونە ناویەوە.[٤]

١ــ سیر أعلام النبلاء(٥/ ٢٦)
٢ــ سیر أعلام النبلاء(٥/١٤٧)
٣ــ الطبقات(٥/٣٨٤).
٤ــ عمر بن عبدالعزیز عبد الستار الشیخ لا ١٢٣.

(ورع) لە بنەڕەتدا بەوە دەوترێت، کە خۆ لە گوناھ بپارێزێت، بەڵام پاشتر مانای واز هێنان لە هەندێ حەڵاڵیان بۆ داتاشیوە.[١]

وەك بەڵگە لەسەر ئەوەی عمر دیاردەی خۆپاراستن لە هەندێ حەڵاڵ بۆنی حەرامی لێ بێت، دەگێڕنەوە، کە عمر زۆر حەزی لە هەنگوین کردووە ڕۆژێك داوا دەکات لە خێزانی، کە هەنگوینی بۆ بهێنێ، بەڵام هەنگوینیان نەبوو، بەڵام پاش کەمێك هەنگوینیان بۆ پەیدا کرد زۆر زۆر خۆش بوو لە لای و بە خێزانی ووت: ئەمەتان لە کوێ بوو؟ووتی: دوو دینارم دا بە خزمەت کارەکەم و سواری وڵاخی نامە بردنکە بوو ڕۆیشت بۆی کڕین.

عمرﷺ سوێندی خوارد، دەبێت ئەو هەنگوینەم بۆ بهێنن، ئەوانیش هیزەکەیان هێنا، کە هەنگوینەکەی تێدا بوو ناردی بۆ بازاڕ فرۆشتیان بە زیاتر لە دوو دینارو دوو دیناری خێزانەکەی دایەوەو پارە زیادەکەشی خستە خەزێنەی موسڵمانانەوە، ووتی: تۆ وڵاخی موسڵمانان بەکار دەهێنی بۆ حەزێکی عمر![٢]

دووبارە نموونە لەسەر وەرعی ئەمیری باوەڕداران ئەوەیە، کە خزمەتکارێکی هەبوو چەند جارێك لە مەنجەڵێکدا ئاوی گەرمی بۆ دەهێناو ئەویش دەستنوێژی پێ گرت،ڕۆژێ بەخزمەتکارەکەی ووت: ئەوە ئاو دەبەیت بۆ چێشتخانەی موسڵمانان و بە ئاگری ئەوێ ئەم ئاوەم بۆ گەرم دەکەیت؟ ووتی: بەڵێ، خوا چاکت بۆ بکات، عمر ووتی: هەموو شتێکت لێ تێك داوین، پاشان فەرمانی دا بە موزاحیم، کە مەنجەڵەکەی بۆ پڕ بکات لە ئاو، پاشان بیخاتە سەر ئاگر بزانێت چەند داری تێ دەچێت و ژمارەی ڕۆژەکانیش چەند بووە، کە ئەو خزمەتکارە لەوێ ئاوەکەی گەرم کردووە، پاشان بە ئەندازەی ئەو ڕۆژانە داری کڕی و خستی یە چێشتخانەی موسڵمانان.[٣]

١ـ الفتاوی(١٠/ ٦١٥).

٢ـ أخبار أبی الحفص للاجری لا٥٤

٣ـ سيرة عمر بن عبدالعزيز (إبن عبد الحكم) لا ٤٠.

نمونەیەکی تر لەسەر خۆپاراستن و(ورع)ی عمر ئەوەبوو، کە هەرگیز دیاری لە کاربەدەستەکانی خۆی وەرنەگرتووە، یان لە(أهل الذمة)، ئەمەش لە ترسی ئەوەی نەوەك سەر بۆ بەرتیل خواردن بکێشێت، لە عەمری کوڕی موهاجیرە دەگێڕنەوە دەڵێت: جارێك عمری کوڕی عبدالعزیز زۆر حەزی لە سێو کردوە، دەیووت: ئای کەمێ سێومان هەبوایە، چەند بۆن و تامی خۆشە، پیاوێکی خزمی خۆی سێوێکی بە دیاری بۆ نارد، کاتێ سێوهێنە گەیشتە لای عمر پێ ی ووت: چەند بۆنی خۆشە بەڵام ئەی خزمەتکار لایبە ـ نایخۆم ـ بە خاوەنەکەشت بڵێ: عمر زۆر سڵاوت لێ دەکات و پێت دەڵێت: دیارییەکەت گەیشت زۆر سوپاست دەکەم، منیش ووتم: ئەی ئەمیری باوەڕداران، ئەوە ئامۆزاتە و لە بنەماڵەی خۆتانە، خۆ ئاگاداریشیت، کە پێغەمبەری خوا ﷺ دیاری وەرگرتووە، بەڵام خێری وەرنەگرتووە، عمریش ووتی: بێ قەزابی یاخوا! دیاری بۆ پێغەمبەر دیاری بووە، بەڵام ئەمڕۆ بۆ ئێمە بەرتیلە.[١]

نمونەیەکی تریش ئەوەیە، کە عمر رحمه الله بۆ خۆی ڕەوا نەزانیوە ئەو عەترانە بۆن بکات، کە لە هەرێمەکانەوە دەهاتنە خەزێنەی موسڵمان لە پایتەخت، کاتێ عەترێکی زۆریان لە بەر دەستیدا دانا خێرا دەستی برد لوتی خۆی گرت، پێیان ووت: ئەی ئەمیری باوەڕداران خۆ ئەوە تەنیا بۆ نەو هیچی تر، عمریش ووتی: عەتر تەنها بە لوت سودی لێ وەرناگیرێت.[٢]

هەروەها موڵکی دەوڵەتی بەکار نەهێناوە بۆ بەرژەوەندی تاکە کەسی خۆی، دەڵێن چرای (بیت المال)ی بە کار نەهێناوە بۆ ئیش و کاری دەوڵەت و و هەرکاتێ ئیشەکان تەواو بونایە دەی کوژاندەوەو بۆ کاری خۆی چرای ماڵی خۆی بەکار هێناوە.[٣]

مێژوونوسەکان نمونەی زۆریان باس کردوە لە(عمر)دا، لەلای ئەو خۆپاراستن لە سامانی موسڵمانان با لەشتی زۆر بچوك و کومیشدا بێت، ئەوە دەچێتە خانەی

١ـ سیرة عمر لابن الجوزي لا ١٩٧.

٢ـ هەمان سەرچاوە لا٢٠٠.

٣ـ کتاب الورع لابن أبي الدنيا لا ٧٤.

خۆپارستن لەو شتانەی بۆنی حەرامیان لێ دێت، خۆی لـە(شبهات) زۆر پاراسـتوە.[١] ئەمەش لە پێناوی پارێزگاری لە ئاینەکەی، لەلای ئەوهەموو مەسەکان لە سـێ شـت بە دەر نەبوون وەك خۆی دەڵێت:

١ـ مەسەکە بە ئاشکرا لە دروستە بێ خەم ئەنجام بدە.
٢ـ مەسەلەکە گوناهێکی ئاشکرایە لێ ی دوور بکەوێتەوە.
٣ـ مەسەلەیەك تیا ماویت نازانیت کامیانە خۆتی لێ بپارێزە.[٢]

عمر رحمه الله تەنانەت لە قسەو گوفتاریشدا خـۆی لـە گونـاه پاراسـتووە، بـۆ نمونـە دەربارەی جەنگی سەفین پرسیاریان لێ کردوە، ئەویش لە وەڵامدا وتویەتی: ئـەوە خوێنێك بوو خـوا دەسـتی ئێمـەی لێ پاراسـتووە دەی حـەز ناکـەم زمانیـشی تێـوە گلێنین.[٣]

بەمەدا ڕوون دەبێتەوە، کە عمر خۆپارێز(وارع)بووە لە هەموو شتێکی ژیانیدا، لە خواردن و پێداویستی و حەزو سامانی موسڵمانانیدا، ئەمەش لە باوەڕی پتەو هەسـت کردن بە لێپرسینەوەی ڕۆژی قیامەت دروست دەبێت، تـەنانەت وەرعی گەیـشتبووە ئاستێك کە پێش مردن گۆڕی خۆی کڕی، تا لەدنیا هیچ شتێکی نەبێت بە خۆڕایی و لە میشی دەستی کەوتیبێت.[٤]

٥ـ لەسەرخۆی و لێبوردەیی و چاوپۆشی:

ئەم سێ ڕەوشتەی سەرەوە لە ژیانی عمری کوڕی عبدالعزیز دا بەرجەستە بووە، شێخێکی خەناصیرەکان دەگێرتەوەو دەڵێت: عمری کوڕی عبدالعزیز کوڕێکی هەبوو لە فاطمە، ڕۆژێك لەگەڵ منداڵاندا یاری دەکرد و منداڵێك سەری شکاندند و دەسـت و پێوەندەکان کوڕەکەی عمر و ئەوکەسەیشی سەری شکاند بردیان بـۆ مـاڵی فاطمـە،

١ـ الآثار الواردة فی عمر بن عبدالعزيز في العقيدة(١/١٦٤).
٢ـ العقد الفريد(٤/٣٩٧).
٣ ـ سيرة عمر بن عبدالعزيز(إبن الجوزي) لا ١٩٥.
٤ـ النموذج الإدارى المستخلص من إدارة عمر لا ١٥٦.

عمر له ماڵێکی دراوسێ بوو گوێ ی له دەنگه دەنگ کەبوو، هاتەدەروەو ئافرەتێك هات بەرەو ڕوی ووتی بەعمر: ئەمه کوڕی منه باوکی نی یه، عمریش ووتی: موچەی بۆ بڕاوەتەوە؟ ووتی: نەخێر، عمر فەرمانی دەرکرد، که بیخەنه لیستی منالّه موچه وەرگرەکانی (أهل ذمة)، فاطمەی خێزانی پێ ی ووت: ئەو سەری کوڕەکەی تۆی شکاندوه کەچی تۆ ئاوای لێ دەکەیت، خوا ئاواو ئاوای لێ بکات، دەی بۆ جارێکی تر سەری کوڕەکەی تریشت دەشکێنێت، عمر له سەر خۆیەکەوە ووتی: ئێوە زیرەتان پێ کردبوو.[1]

له إبراهیمی کوڕی عەبلەوە دەگێرنەوە دەڵێت: ڕۆژێکیان عمر زۆر زۆر تورەبوو لەپیاوێك و فەرمانی دەرکرد بیهێنه بەردەستیو بەجۆرێ هێنایان جل و بەرگیان له بەردا نەهێشتبوو، به گوریس بەستوویانەوەو قەمچی یەکیشیان هێنا، عمر ووتی: بەڕەڵای بکەن بابڕوات و پاشان ووتی پێ ی: بەڵام بابزانێت، من ئەگەر تورەنەبومایه ئەمزانی چۆن ئەشکەنجەم دەدایت و ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿وَٱلۡكَٰظِمِينَ ٱلۡغَيۡظَ وَٱلۡعَافِينَ عَنِ ٱلنَّاسِۗ﴾آل عمران:١٣٤.

عبدالملك دەگێرنەوە دەڵێت: عمری کوڕی عبدالعزیز به مەبەستی قەیلول کردن بۆ ماڵەوە گەڕایەوە، له ڕێگا پیاوێك هاته ڕێگای و(طومار)ێکی لول دراوی بەدەستەوە بوو، لەوە ترسا، که پاسەوانەکان نەهێڵن قسەی لەگەڵدا بکات ناچار (طومار)ەکەی فرێ دا بۆ عمر، عمریش لای کردەوە بۆ لای و کێشای بەرووومەتیدا خوێن هاته خوارەوە، دەڵێ: بینیم خوێن له دەم و چاوی دەهاته خوارەوە له بەر خۆرەکه وەستا بوو، له وێدا نه جولاّ تا (طومار)ەکەی خوێندەوەو کارەکەی بۆ جێ بەجێ کرد و بەڕەڵای کرد.[2]

دەگێرنەوە: پیاوێك قسەی به عمری کوڕی عبدالعزیز ووت، ئەویش وەڵامی نەدایەوە، پێیان ووت: چی وای لێ کردیت وەڵامت نەدایەوە؟ ئەویش له وەڵامدا

١ـ سیرة عمر بن عبدالعزیز(إبن الجوزی) لا ٢٧كتاب الجامع لسیرة عمر بن عبدالعزیز(٢/٤٢٣).

٢ـ حلیة الأولیاء(٥/٢١١)

ووتی: لە خوا ترس دەمی بەستراوە.[١]

حاتەمی کوڕی قودامە دەڵێت: لەو کاتـەدا، کـە عمـری کـوڕی عبـدالعزیز ووتـاری دەدا پیاوێك هەستایەوەو پێ ی ووت: شایەتی دەدەم تـۆ یـەکێکی لـە فاسـقەکان! عمر پێ ی ووت: بە چیدا ئەزانیت؟ پیاوەکە ووتی: تۆ

شایەتی درۆت داوەو شایەتیت لێ وەر ناگرین.[٢]

دەگێرنەوە پاش ئەوەی عمری کوڕی عبدالعزیز بـوو بـە خەلیفـە، بـەرە بـەیانێك لەگەڵ پاسەوانەکەیدا بەرەوە مزگەوت کەوتنە ڕێ و لە ڕێگا پیاوێك خـەوتبوو، عمـر چاوی پێ نەکەوت و قاچی لێ هەڵکەوت، کابرا بەخەبەر هـات و ووتـی: ئـەرێ شـێت بوویت؟ عمریش ووتی: نەخێر، پاسەوانەکەشی ویستی لێ ی بدات، عمر پێ‌ی ووت: وازی لێ بهێنە، چی کردوە؟ تەنها پرسیارێکی لێ کـردم ووتـی: تـۆ شـێتیت؟ منـیش ووتم: نەء.[٣]

دەگێڕنەوە عمری کوڕی عبدالعزیز لە هەستایە سەر پێ و دەستی کـرد بـە قـسە پێ ووتنی و زۆر تورەی کرد، عمریش پـێ ی ووت: هـێ ی تـۆ کـابرا ئایـا دەتـەوێت کارێکم پێ بکەیت شەیتان لـە خـشتەم بـەرێت و دەسـەڵاتی خۆمـت بەسـەر دا جـێ بەجێ بکەم ئەمڕۆ و سبەینێش - ڕۆژی قیامـەت ــ تـۆ وام لێ بکەیتـەوە؟ دەی بـڕۆ خوا لە منیش و لە تۆش خۆش ببێت.[٤]

دەڵێن منـاڵێکی عمـری کـوڕی عبـدالعزیز بەگریانـەوە هاتـەوە لای بـۆ لای عمـرو ئەویش لێ ی پرسی: چی بووە؟ ووتـی: خزمەتکارەکـە لێ ی دام، خزمەتکارەکـەیان هێناو عمر لێ ی پرسی: تۆ لێت داوە؟ ووتـی: بـەڵێ، عمـریش ووتـی: قەیناکـە بـڕۆ،

١ـ سیرة عمر بن عبدالعزیز (إبن جوزی) لا(٢٨) مەبەستی عمر ئـەوەبوو لـە پێداویـستی لـە خوا تر سەکان، کە دەمیان بگرن و دەم نەخەنە دەمی هەموو لارێك.

٢ـ کتاب الجامع لسیرة عمر بن عبدالزیز (٢/ ٤٢٤)

٣ـ هەمان سەرچاوە(٢/ ٤٢٥).

٤ـ کتاب الجامع لسیر عمر بن عبدالزیز (٢/ ٤٢٥).

ئەگەر سزای خەڵکم بدایە لەسەر ڕاستگۆی سزای تۆم دەدا، دەی بڕۆ، هیچی تری پێ نەگوت.

ئەگەر بمانەوێت هەموو ڕوداوەکانی ژیانی لە بواری لە سەر خۆیی و لێبووردەیی یەکانی یەوە باسی لێوە بکەین زۆری دەوێت، بەڵام (مشتێك نمونەی خەروارێکە)

٦ـ ئارامی و خۆگری عمری کوڕی عبدالعزیز:

لە ڕەوشتەکانی تری عمر رحمه الله ئارامی و خۆگری و، سوپاس گوزاری بوو، دەگێڕنەوە کاتێ عبدالملکی کوڕی دەمرێت دەچێتە سەر گۆڕەکەی و دەڵێت: قوڵی مەکەن، چونکە لەسەرەوە بێت چاکترە لەوەی لە خوارەوە بێت.[1]

دەگێرنەوە کاتێ عبدالملك ی کوڕی عمرو سهل ی کوڕی عبدالعزیزی برای و موزاحیمی یاوەری لە دونیا دەردەچن، پیاوێك لەخەڵکی شام ووتی: وەڵاهی ئەمیری باوەڕداران توشی بەڵاو تاقیکردنەوەیەکی گەورە هاتووە، کوڕەکەی دەمرێت، کە وەڵاهی کەسم نەدیوە بۆ باوکی خۆی ئەوەندەی عبدالملك بۆ باوکی چاك بێت، سەهلی برای مرد، وەڵاهی برام نەدیوە بۆ برا ئەوەندەی سەهل بۆ عمر چاك بوبێت، باسی موزاحیمی نەکرد، عمری کوڕی عبدالعزیز پێ ی ووت: ئەوە بۆ لە موزاحیمدا بێ دەنگ بویت؟ دەی وەڵاهی لەو دوانە دورتر نەبووە لێم، سێ جار ووتی: ڕەحمەتی خوات لێ بێت ئەی موزاحیم، وەڵاهی زۆر شتی دنیات واز لێ هێنا، باشترین وەزیر بوویت بۆ کاروباری ڕۆژی قیامەت.[2]

حەفسی کوڕی عمر دەڵێت: کاتێ عبدالملك ی کوڕی عمر مرد لەسەر گۆڕستان عمر زۆر وەسفی چاکەی دەکرد، مەسلەمەش ووتی: ئەگەر بمایە دەتکرد بە والی و بەر پرس؟ عمر ووتی: نەء، مەسلەمەش ووتی: ئەی ئەم وەسفە چاکەی بۆ دەکەیت؟! عمر ووتی: من لەوە دەترسام، کە بە جۆرێ خۆشم دەویست، کە وەك

١ـ هەمان سەرچاوە.

٢ـ کتاب الجامع لسیر عمر بن عبدالزیز (٢/ ٤٣٧).

خۆشەویستی کوڕ لە بەر چاوی باوکیدا بێت.[١]

عمرؒ لەسەر مینبەر ووتاری دەداو دەیووت: کەسێ توشی هەر ناڕەحەتی یەك بێت و بڵێت: (إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّآ إِلَيۡهِ رَٰجِعُونَ) ئەوە ئەجرو پاداشتی لەلای خوا زۆر لە نەهامەتی یەکەی گەورەترو باشترە.دەڵێ: (ڕازی بوون کەمەو ئارام گرتن پاڵپشتی باوەڕدارە) دەڵێ: (هەرکەسێ بەبێ زانست کردەوەیەك ئەنجام بدات ئەوە خراپەی لە چاکسازی یەکەی زیاتر دەبێت).[٢]

عمرؒ لە ژیانیدا لەسەر هەموو ناڕحەتیەکانی ئارامی گرتووە و خۆی دەڵێت: وەڵاهی بۆیە لەسەر ئەم کورسی خەلافەتە دانیشتووم تەنها لەبەر ئەوەیە، کە دەترسم کەسێ لەسەری دانیشێ، کە شایستەی نەبێت، ئەگەر بمزانیایە خەڵکی بە قسەم دەکەن ئەوا دەم دایە دەستی کەسی شایستەی خۆی، بەڵام هەر چۆنی بێ ئارام دەگرم و خۆم دەگرم، تا بزانم خوا چی دەکات، یان دەروویەك دەکاتەوە.[٣]

٧ـ هەنگاوی پڕ متمانە(الحزم):

لەو کاتەدا، کە عمری کوڕی عبدالعزیز چووە سەر حوکم و پۆستی خەلافەتی وەرگرت لە هەموو کاتەکانی تر زیاتر پێویستی بەکەسێك هەبوو، کە سوربوون و بڕیاری یەلاکەرەوەو بە جەرگانە دەربکات، بەتایبەتی پێویستی دەکرد کۆمەڵێك والی و کار بەدەست لابرێت و نەرمی نەنوێنرێت بەرامبەر پێویستیانە خەواریج و لەسنور دەرچووان وتێك دەرانی ئاسایش و خوێنڕێژان

سستی نە نواندن لەو مەسەلانەی، کە پێویستن بۆ خزمەتی بەرژەوەندی گشتی، چاك کردنەوەی ئیش و کارەکانی موسڵمانان، جا ئەم هەنگاوانە پڕ لە متمانەی عمر

١ـ هەمان سەرچاوەو هەمان لاپەڕە. مە بەستی عمر ئەوە بوو، کە ئەوەندەی خۆش بوێت، کە لە خۆشەویستیدا لە موسڵمانان جیایی بکاتەوە و بەرپرسیاریەتی وشتی تری پێ بدات. وەرگێڕ.

٢ـ کتاب الجامع لسیر عمر بن عبدالعزیز(٢/ ٢٤٨).

٣ـ النموذج الإداری المستخلص من إدارة عمر ـ لا ١٤٤.

شێوازە جۆراوجۆرو چەندان بواری گرتبوویەوە، وەك هـەنگاونانی بوێرانـەی لەگـەڵ ئەمیرو والی و پیاو ماقوڵانی بنی ئومەیی یە، لەگەڵ ئەو کەسانەی، کە دەیان ویست دووبەرەکی بخەنە ناو موسڵمانان و دەرچـوون لـە ڕێگـەیان و ئاژاوەنانـەوەو خـوێن ڕشتن و چەندان کاری تر.

یەکەمین ئاماژەی هەنگاونانی بە جەرگ و پڕ متمانەی بەرامبەر بنەماڵەی مەڕوان کاتێ پێ ی ووتن: هەرچیتان وەرگرتووە بۆم بگێڕنەوە، ناچارم مەکەن کارێ بکـەم پێم ناخۆش بێت و کارێکتان بەسەر بێـنم پێتـان نـاخۆش بێـت، کەسـیان وەڵامیـان نەدایـەوە، ئـەویش ووتـی: دەی وەڵامـم بدەنـەوە، پیاوێـك لـە ناویانـدا هەسـتایەوە ووتی: وەڵاهی دەست هەڵناگرین لـەو سـامانەی لـە باپیرانمانەوەماوەتـەوە بۆمـان، نەوەکانمان هەژار ناخەین و باو باپیرانمان بـێ سـفەت ناکـەین، مەگـەر سـەرمان لـە لاشە بکەیتەوە.

عمریش ووتی: وەڵاهی ئەگەر لە بەر ئەوە نەبێت، کە ئەزانم هەر بـەو کەسـانەی، کە من مافەکانیان بۆ دەگێڕمەوە دژایەتی من دەکەن، هەر ئێستاکە سەرو چاوتانم دەهێنا خـوارەوە، بـەڵام مـن لـە ئـاژاوە و نـاکۆکی دەترسـم، ئەگـەر خـوای گـەورە بمهێڵێت مافی هەموو ماف خوراوێك دەگێڕمەوە بۆی(إن شاء الله).[1]

ئەگەر نیازی کارێکی بکردایە بێ گومان دەیبردە سەر، جارێکیـان نامەیـەکی لـە هەندێ بنەماڵەی مەڕوانەوە پێ گەیـشت زۆر تورەبـوو بـە جۆرێـك وەك بڵـێی گـڕی گرتبوو، پاشـان ووتـی: خـوا دەزانێـت ڕۆژی بمێـنم بـۆ بنەماڵـەی مـەڕوان دەمێـنم، وەڵاهی ئیتر باسەبڕینیشیان لەسەر دەستی مندا بێت! کاتێ وەڵامی عمریان بیست هەموو بێ دەنگ بوون، چونکە دەیانزانی چی بوێـت دەیباتـە سـەر، بکەوێتـە سـەر هەرکارێك دەیباتە سەر.[2]

لەگەڵ ئەو کەسانەی، کە دەیـان ویـست ڕیـزی موسـڵمانان لـەت بکـەن و دژیـان بووەستن، شـێوازی گفتوگـۆ و ئاشـتیانەی دەگرتەبـەر، ئـەو کەسـانەیش(خـەواریج)

١ــ العقد الفريد(٥/ ١٧٣).

٢ــ نموذج الإداري المستخلص من إدارة عمر لا ١٥٨.

بوون، کە دژی (بنی أُمیة) وەستابوون بەڕابەرایەتی (شوذوب الخارجی) لە ساڵی ١٠٠ی کۆچیدا، تا بزانێت چی وای لێ کردوون بەوکارە هەستن و بزانێت بەلەگەڵیان دانیشتن بکات، بیانهێنێتەوە ناو بازنەی باقی موسڵمانانی گوێڕایەڵ، بەڵام ئەو لەسەر خۆیی یەیدا هەنگاوی بویرانەو پڕمتمانە ناوە، بەرامبەریان کاتێ مەسەلەکە گەیشتۆتە ئەوەی خۆێنی خەڵکیان ڕشتووە و خراپەیان بەرپا دەکرد، بۆ ئەو مەبەستە نامەی نووسی بۆ کار بەدەستەکەی عیراقی پێ ی ووت: نەیان جوڵێنێت نەیانخەیتە جەنگ مەگەر ئەوان دەست بکەن بەخوێن ڕشتن و خراپەو ئاژاوە نانەوە، ئەگەر وایان کرد ئەوە تۆش خۆتیان بۆ ساز بکە، بەڵام پیاوێکی ولێهاتوو بەسوپایەکەوە بنێرە بۆیان، ئەو قسانەی بۆ بکە، کە من بۆم کردوویت.[1]

ئاو بەو جۆرە بووە لە جێ بەجێ کردنی هەموو ئەو کارانەیدا، کە دەیویست بیانکات و هەموو کارێکی پێویستی لە ئاستێکی بەرزی گرنگی پێدان و هەست پێ کردندا ئەنجام دەدا، ئەو لێبڕان و قسە بردنە سەرانەی ڕۆڵی چاکیان هەبوو، لە بەڕێوەبردنی کارەکانداو جێ بە جێ کردنی ئەو هەنگاوانەی، کە دادو یەکسانی و ئارامیان بۆ کۆمەڵگە دەگێڕایەوەو ئاسەوارەکانی سەردەمی خیلافەتی ڕاشدینیان زیندوکردەوە.[2]

٨ـ داد پەروەری:

ڕەوشتی دادپەروەری لە ڕەوشتە ئاشکرا و دیارەکانی عمری کوڕی عبدالعزیز بوو، پێشتر باسی دادم کردوە لە دەوڵەتەکەیدا و سیاسەتەکانیم ڕوون کردووە لە بواری هەڵگرتنی ستەمەکانی پێش خۆی، هەموو زاناکان لەسەر ئەوەن، کە عمری کوڕی عبدالعزیز لە پێشەوایانی دادپەروەری یە، یەکێکە لە خەلیفەکانی ڕاشدین و پێشەوایانی هیدایەت.[3]

١ـ تأریخ الطبری (٧/ ٤٥٩)

٢ـ نموذج الإداری لا ١٦٢.

٣ـ البدایة والنهایة لە النموذج الإداری لا ١٦٣ وەرگیراوە.

لەوانەیە ئەم دادپەروەریەی عمر لەوە سەر چەشمەی گرتبێت، کە باوەڕی بتەوی بەوە هەبوو، کە داد پەروەری یەکێکە لە بنەمای کارەکانی خوا لە بونەوەردا، لەوەش تەواو دڵنیابوو، کە دادپەروەری بەرهەمێکی سروشتی باوەڕە، یەکێکە لە ڕەوشتە بەرزەکانی ئەو باوەڕدارانەیە، کە حەزدەکەن هەق سەربکەوێت، هەروەك عمر خۆی لە سەردەمی خەلیفەکانی پێش خۆیدا ژیابوو، دەیزانی چ ناهەقیەکیان کردووە بە خەڵکی. ئەمانە لەسەرووی هەمووشیانەوە ئەوەیە، کە خوای عزوجل فەرمانی داوە بەداد پەروەری و چاکە کاری و بنەمای سەرەکی هەموو ئاینێکی ڕاست و دروستی داناوە، ئەیْ ئیسلامیش خۆی ڕۆڵی سەرەکی هەبووە لەگەشە کردنی خۆشەویستی عمر بۆ داد پەروەری و زیندوکردنەوەی بەهاکانی.[١]

فەرموون لەگەڵ نمونەیەك لە دادپەروەری عمر، کە پێشتر باسم کرد نەکردووە، ئەویش ئاجوری دەگێڕێتەوە دەڵێت: پیاوێك لە (أهل ذمة) لە شاری حیمسی (سوری)هات بۆ لای عمر پیێ ی ووت: ئەی ئەمیری باوەڕداران داوات لێ دەکەم قورئانەکەی پەروەردگار جێ بەجێ بکە، عمریش ووتی: چی بووە؟ پیاوەکە ووتی: عەباسی کوڕوی وەلیدی کوڕی عبدالملك زەویەکەی لێ داگیر کردووم، لەو کاتەدا عەباسیش لەوێ دانیشتبوو، بە عەباسی ووت: ها عەباس تۆ چی دەڵێیت؟ عەباس ووتی: ئە میری باوەرداران وەلیدی کوری عبدالملك پی ی داوم وتاپوشی کردووە لەسەرم، عمریش ڕووی کردە (ذمی) یە کەوپی ی ووت:هاتۆچی دەڵێیت؟ ووتی: ئەی ئەمیری باوەرداران من ووتم کتێبەکەی خوا شایانترە کاری پێ بکەیت، تا نوسراوەکەی وەلیدی کوڕی عبدالملك، عمریش بەعەباسی ووت: دەی عەباس زەویەکەی بۆ بگێڕەوە، ئەویش زەویەکەی ـ ناچار ـ بۆ گێڕایەوە.[٢]

یەکێکی تر لە هەڵوێستە پڕ لە دادەکانی عمر رحمه الله ئەوەیە، کە حەکەمی کوڕی عمری (الرعینی) باسی دەکات و دەڵێت: بە چاوی خۆم بینیم مەسلەمەی کوڕی

١ـ نموذج الإداري لا ١٦٣، ١٦٤.
٢ـ أخبار أبي حفص لا ٨٥

عبدالملك ی کوڕی مەڕوان لەگەڵ خەڵکی (دیراسحاق) دا لە ناعورە[1] لە بەر دەمی عمری کوڕی عبدالعزیز وەستابوون، عمر بە مەسلەمەی ووت: لەسەر دۆشەکەکە دامەنیشە بەرامبەر نەیارەکانت لەبەر دەممدا، بەڵکو یان تۆش وەك ئەوان بەچۆکدا بکەوە لەبەر دەممدا، یان بریکارێك بگرە بۆخۆت، ئەویش وەکیلێکی گرت، لە ئاکامدا ناعورەیشی لێ سەندەوە بۆ خەڵکی (دیراسحاق).[2]

ئەمەش نمونەیەکی زۆر کەمە لە دەریایی ئەو هەموو ڕیوایەتانەی باس لە داد پەروەری عمر دەکەن.

٩ـ لالانەوەو پاڕانەوەی عمر و گیرابوونی دوعاکانی:

عمری کوڕی عبدالعزیزﷺ زۆر دەپاڕایەوە ودەکڕوزایەوە لەبەردەمی خوادا، هەردەم دەیووت: ئەی پەروەردگار تۆ دروستت کردووم فەرمانت پێ داوم و بەرگریشت لێ کردوم، پەیمانیشت داوە پێم کەپاداشتی چاکەم بدەیتەوە لەسەرگوێڕایەڵی و فەرمانەکانت و ترساندویشمت لەسزای سەختت ئەگەرقەدەغەکراوەکانت بشکێنم دوژمنێکت بەسەردازاڵ کرووم کەلەناو سنگمدا داتناوە لەناوخوێنم داهاتو چۆدەکات ئەگەر نیازی گوناهێك بکەم هانم دەدات ئەگەرنیازی چاکەیەك بکەم ساردم دەکاتەوە وبێئاگابم ئەوبێ ئاگانابێت من شتم لەبیر بچێت ئەوە شتی لەبیر ناچێت حەزو ئارەزووەتم لە لا شرین دەکات دەمخاتە ناو شتە گوماناویەکانەوە (شبهات) وە ئەگەرتۆ لای نەدەی لێم سەرشۆرم دەکات دەی خوایە لوتی بشکێنی نەهێلی دەستی بڕوات بەسەرمدا بەهۆی(ذکر)و یادی تۆوە دەم کوت و بەندی بکەم و منیش بێمە ڕیزی پارێزرانەوە - معصومین - ولاحول ولا قوه الا بالله.[3]

١ـ ناعورە ناوچەیەکە (٨) میل لەحەلەبەوە دوورە.

٢ـ سیرة عمر بن عبدالعزیز (إبن الجوزی) لا ٩١.

٣ ـ الکتاب الجامع لسیرة عمر بن عبدالعزیز (١/ ٣٤١).

هەروەها دەیووت: ((اللهم أصلح من كان صلاح لامة محمدﷺ، اللهم أهلكْ من كان هلاكه صلاح لامة محمدﷺ)).[١] واتە: ئەی پەروەردگار چاکی بکەی ئەو کەسەی بە چاکبوونی ئەو ئوممەتی محمد چاك دەبێت، پەروەردگارم لەناوی بەرە ئە کەسەی بەلەناو بردنی ئوممەتی محمدﷺ چاك دەبێت.

دەیووت: (ئەی پەروەردگارم بیێ وەییم پیێ ببەخشە، تا تامی ژیانم بچێژم، لەئاکامدا لێم ببورە، تا گوناه زیانی نەبێت بۆم و، لەهەموو ناڕەحەتی یەك بمپارێزە، تا دەم گەینێتە بەهەشتەوە بەسۆزو بەزەیی خۆت ئەی بەسۆزترین و بەبەزەیی ترین کەس.[٢]

ئەی پەروەردگارم خۆشەوست ترین مەسەلە لەلای تۆ کە(یەکتا پەرستی)یە گوێڕایەڵیم کردویت، لە بێزراوترین مەسەلەش لەلای تۆ، کە هاوبەش پەیداکردنە سەرپێچیم نەکردویت،) دەی هەرچی لەو نێوانە داکراوە لێم خۆش ببە.[٣]

هەروەها دەیوت: خوایە پەنا دەگرم بە تۆ لەوەی سپڵەم بەرامبەر بەخشەکانت، یان سپڵەیی بنوێنم دوای لەدەس چونیان، یان لەبیریان بکەم و باسیان نەکەم.[٤]

زۆرجار دەیووت: ئەی پەروەردگارم ڕازیم بکە بە کارەکانت، کارەکانیشم لێ پیرۆز بکە، تاوام لێ دێ حەز بەپێشخستنی شتێك نەکەم، کە تۆ دوات خستبێت، یان حەز بە دواخستنی شتێك، کە تۆ پێشت خستبێت.[٥]

عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله دوعاکانی گیرا بوو، (ابن عبدالحکم)، دەڵێت: (ابن ریان) جەلاد و شمشێر وەشێنی تایبەتی وەلیدی کوڕی عبد الملك بوو، کاتێ

١ - الكتاب الجامع لسيرة عمر بن عبدالعزيز لا ٣٤٢.
٢ - هەمان سەرچاوە لا ٣٤٣.
٣ - سيرة عمر بن عبدالعزيز (إبن جوزى) لا ٢٣٠.
٤ - الكتاب الجامع لسيرة عمر(١/ ٣٤٣).
٥ - الكتاب الجامع لسيرة عمر لا (١/ ٣٤٣).

عمرﷺ بووبە خەلیفە وتی: من كارە لارو تۆەهاتەكانتم لە بیرە، پاشان ووتی: ئەی پەروەردگارم من لەسەر كار لایدەبەم و تۆش هەرگیز بەرزی نەكەیتەوە، ئیتر لەو كاتە بەدوا یەك ڕێزی نەماو باس و خواسی بەیەكجاری لەقوفڵە وە كوژایەوە)).[١]

عمرﷺ كاتێ ئەمیری شاری مەدینە بوو ڕۆیشت بۆ حەج و لە ڕێگای پێیان ووت: لە مەككە زۆر بێ ئاوی یە، ئەویش لە خوا پاڕایەوە و، خوایش دووعاكەی گیرا كردو هەموویان ئاویان خواردەوە.[٢]

كاتێ لەگەڵ (غیلانی قەدەری)دا گفتوگۆی دەكردو وتو وێژكەوتە نێوانیان و دەستی بەرزكردەوە بۆلای پەروەردگار ووتی: ئەی پەروەردگار ئەگەر ئەم غیلانە لەسەر هەقە ئەوە باشە ئەگەر لەسەر هەق نی یە ئەوە بكرێت بەدارا، ئەوە بوو دوا جار لەسەردەمی خەفەی هشام ی كوڕی عبد الملك دا لە دار درا.[٣]

دووەم: مەشخەڵی نوێ خوازی لەلای عمری كوڕی عبدالعزیز

ئەوی بەوردی سەرنجی ووتەی زانایان و مێژوو نووسان و ئەوانەی گرنگی دەدەن بە بواری نوێ خوازی بۆی دەردەكەوێت، كە عمری كوڕی عبدالعزیزﷺ بەیەكەمین نوێ خواز دادەنرێت لە ئیسلامدا.[٤]

یەكەمین كەس، كە ئەو وەسفەی بڕی بەبالآی عمردا پێشەوا محمدی كوڕی شەهابی(الزهری)بوو، لەپاش ئەو پێشەوا ئەحمەدی كوڕی حەنبەل، ئەم فەرموودەیەی گێڕایەوە((ان الله یبعث علی رأس كل مائه عام من یصححُ لهذه الامة امر دینها))واتە: خوای گەروە لە هەموو (١٠٠)ساڵ جارێك كەسێك هەڵ دەخات، كە ئەم دینە ڕاست و دروست ونوێ بكاتەوە بۆ موسڵمانان)و لەپاشاندا ووتی: سەیری(١٠٠)ساڵی یەكەممان كرد دەبینین عمری كوڕی عبدالعزیز.[٥]

---

١ ـ سیرة عمر بن عبدالعزیز (إبن عبدالحكم) لا ٣٠.
٢ ـ البدایة والنهایة لە(الاثار الواردة) لاپەڕە (١/ ١٨٣)وەرگیراوە.
٣ ـ الشریعة للآجری(١/ ٤٣٨).
٤ ـ عون المعبود، العظیم آبادي (١١/ ٣٩٣) جامع الاصول (١١/ ٣٢٢).
٥ ـ سیرة ومناقب عمری بن عبدالعزیز ابن الجوزي لا ٧٤.

دوای ئەوانیش زاناکانی ئیسلام یەك لە دوای یەك عمریان بەیەکەمین نوێ خواز داناوە و هەندێ لە ئەهلی عیلمش فەرموویانە ئەو فەرموودەیە مەبەستی لە عمرو هاو وێنەکانی یەتی، کە پێغەمبەری خودا دەفەرموێت: ((ان الله یبعث علی رأس کل مائه عام من یصحح لهذه الامة امر دینها)).[1]

گومانی تێدا نی یە، کە عمری کوڕی عبدالعزیز شایستەی ئەوەیە ئەم فەرموودەیە بیگرێتەوە، چونکە ئەو زانا بوو، کردەوەکار بوو، هەموو ئاوات و مەبەست و خەمی شەو ڕۆژی زیندوو کردنەوەی سوننەتەکان و لە گۆڕنانی بیدعەو شتە تازەکان بوو، کە هێنراوەنەتە ناو ئیسلامەوە و سڕینەوەی و شکاندنی هەڵگرانی بەزمان و بەدەست.[2]

(ابن حجر العسقلانی)دەڵێت: ئەو سیفاتانەی، کە پێویستن تازە بکرێنەوە تایبەت نەکراوە بەکومەڵی کاری خێرەوە، زەروریش نی یە هەموو ڕەوشتە چاکە کان لەوکەسەدا دەبێ دی، مەگەر ئەو سیفەتانە هەمووی لەعمری کوڕی عبد العزیزدا هاتنە دی، ئەو لەسەری سەد ساڵی یەکەمدا بە هەموو سیفاتە جوانەکانەوە بگرە پێشکەوتنیشی لەو بوارەدا دەرکەوت، واحمد بەڕاستی ئەوە دەردەبڕێت، کە زاناکان ئەو فەرموودەیە دەربڕن بەباڵای عمردا، بەڵام ئەو کەسەی دوای ئەو هات ئیمام شافیعی بوو، هەرچەندە ئیمامی شافعی سیفاتی جوانی زۆری تێدا بوو، بەڵام ئەو بەکاری جیهاد و حوکمڕانی و بەرپاکردنی دادپەروەری هەڵنەساوە.[3]

هەندێ لەزانایان پێان وایە، کە نوێخوازی تەواو بەکەس ناوترێت، جگە لە (محمد المهدی)، کە لە ئاخر زەماندا دەردکەوێت، تا ئێستا لەناو ئوممەتی ئیسلامدا لە دایك نەبووە، هەرچەندە عمری کوڕی عبدالعزیز نزیك بوو بگاتە پلەو پایەی نوێخوازی ئەگەربیتوانیبایە خلافەت بگێڕێتەوە بۆسەردەمی خەلیفەی ڕاشیدەکان و لەڕێگەی شوراوە هەڵبژێرانایەتەوە.[4]

---

١ ـ المجدون في الاسلام للصعدي و ٧.

٢ ـ الاثار الواردة عن عمر في العقيدة(١/ ١٧٧).

٣ ـ فتح الباري (١٣/ ٢٩٥).

٤ ـ موجز تأريخ تجديد الدين للمودودي لا ٦٩.

جیاوازی نی یە، عمری کوڕی عبدالعزیزؒ بەنوێخوازی ڕاستەقینەی تەواو دابنرێت ،یان نا؟چونکە کارە مەزنە نویٚ خوازیانەی پیٚ ی هەستاوە و ئەو ماندوبوونەگەورەیەی کێشاویەتی لەپێناو هێنانە دی ژیانی موسڵمانەتی بۆ ناو کۆمەڵگەو خاوێن کردنەوەو پاك کردنەوەی، ئیسلامی کردەوە، وەك سەردەمی پێغەمبەری خواﷺ و خەلیفە ڕاشیدەکان لیٚ کردەوە و ئەو کارەشی وای لیٚ دەکات، کە بخرێتە ڕیزی نوێخوازانەوە، کە تا ئێستاش زەمانە شتی وای دووبارە نەکردۆتەوە.

ئەو پلەو پایە مەزنەی، کە خیلافەت بوو یارمەتی دا ئەو کارە ئەنجام بدات، بۆ ئەوەی گەورەیی ئەو کارە نوێخوازیەی عمرمان بۆ دەربکەوێت و ئەندازەی ئەو گۆڕانکاری و کۆدەتا گەورەیەی هاتبوون بەسەر خەلافەتی ئیسلامدا.

لەوانەیە لەڕاستی لا نەدەین ئەگەر بڵێین تەنها لادانێك ڕوویدا بیٚ لەو کاتەدا لەشێوازی حوکمڕانیدا بوو، کە پاشتر ئاکامی زوڵم و ستەم گەندەڵی لیٚ کەوتەوە، بەڵام ژیانی موسڵمانان بەگشتی هێشتا پرشنگی پێغەمبەرایەتی پێوە دیار بوو کاریگەری لەسەری هەبوو، ئایین دەستەڵات داری بوو یەکەم بەسەر دڵەکانەوە.[1]

١ـ چاکسازی یەکانی عمرو کارە نوێخوازی یەکانی:

اـ یاسای شورا: پێشتر باسی ئەوەمان کرد، کە عمری کوڕی عبدالعزیزؒ لەیەکەمین ووتاریدا پاش وەرگرتنی کاری خیلافەت ئەوە بوو پاش سوپاس و سەنای پەروەردگار ووتی: ئەی خەڵکینە، من تووشی ئەو بەرپرسیاریەتی یە بووم بەبیٚ ئەوەی ڕای خۆمی لەسەر وەرگیرابێت، یان داوام نەکردبێت، یان حەزم لیٚ کردبێت دەی ئەوا من بەیعەتە دەردەچم و خۆتان سەرپشك بن کێتان بە دڵە هەڵیبژێرن)).

لەو کاتەدا خەڵکەکەش بەیەك دەنگ هاواریان کرد: ئەوا تۆمان هەڵبژارد ئەی ئەمیری باوەڕداران، بە تۆ ڕازین، کارمان بگرە دەس بەنگینی و پیرۆزی و

١ ـ عمر بن عبدالعزیز (الندوی)لا ١٠.

بەرەکەتەوە)).[١]

ئاب بەو کارەی، عمر هەستا بەئەنجام دانی یەکەمین کاری نوێخوازی، بەجۆرێ خۆی لەپاشای خۆسەپێن ڕزگار کرد، زۆری لێ نەکردن قبوڵی کەسێك بکەن، کە خۆیان هەڵیان نەبژاردووە، بەڵکو کارەکەی دایەوە دەستی خۆیان و کردەوەی بۆ شوراو ڕاوێژکاری.[٢]

ب ـ سەیر کردنی وەك سپاردە: لە زۆر لاوە پێمان گەیشتووە، کە عمررحمه الله زۆر سوور بوو لەسەر ئەوەی بەترسناکی ئەمانەتەوە بڕوانێتە ئەوکارە و بەگەورە و ترسناك و پڕ لێ پرسینەوە و ئەرکی قورس ی دابنێت، هەر لەسەرەتاوە لێیان پرسی، ئەوە چی یە؟ بەغەمبار دێیتە بەرچاومان؟ لەوەڵامدا ووتی: ئەم کارەی بەسەرمندا سەپاوە شایانی هەموو غەمباری یەکە، چونکە یەك کەس نی یە، لەم ئوممەتە کەمن نەمەوێت مافی خۆی بۆ بگێڕمەوە، ئیتر سکاڵا بەرزکاتەوە، یان نا؟[٣]

هەر لەو ووتارەیدا ووتی: من باشترین کەستان نیم، بەڵام بارم لەهەمووتان قورس ترە.[٤] هەموو جارێ داوای لەکاربەدەست و والی یەکانی دەکرد، کە خاوەن دین و لێهاتووو هەڵبژێرن بۆ بەرپرسیارێتی کاروباری موسڵمانان، نامەی نارد بۆ یەکێ لەکاربەدەستەکانی و پێ ی ووت: یەك بەر پرسیاریەتی موسڵمانان ناگرێتە ئەستۆ مەگەر بەجوانترین شێوەو دڵسۆزانە بژی لەگەڵیاندا و ئەسپاردەی دراوەتەوە دەستت بە چاکترین شێوە ئاگاداری بە.[٥]

سیاسەتی خۆپاراستنی لەسیاسەتی پاراستنی سامانی موسڵمانان ـ دەوڵەت ـ لەشتی بێ هودە و إیسرافدا. تەنها لەسەر خۆی پێویست نەکردبوو، بەڵکو ئەمەشەی داوا دەکرد لە کاربەدەست و والی یەکانی، بۆ ئەو مەبەستە نامەی نووسی

---

١ ـ سيرة ومناقب عمر ابن عبدالعزيز ابن جوزي لا ٧٤.
٢ ـ التجديد في الفكر الاسلامى. د. عدنان محمدلا ٧٩.
٣ ـ سير أعلام النبلاء(٥/ ٥٨٦).
٤ ـ هەمان سەرچاوە.
٥ ـ تأريخ الطبري لە التجديد في الفكر الاسلامي لا٨١.

بۆ ئەبو بەكری كوڕی حەزم پێ ی ووت: نووكی قەڵەمەكەت باریك بكەرەوە- واتە ورد بنووسە- و دێرەكانیش لەیەكتر ی نزیك بكەرەوە - واتە دێر مەپەڕێنە - چونكە من نۆرم پێ ناخۆشە سامانی موسڵمانان بەفیڕۆ و بێ هۆدە خەرج بكرێت.[١]

سیاسەت و هەڵسوكەوتی حوكمڕانی لەگەڵ گەلەكەیدا زۆر بەرحم و بەبەزەیی بوە و ژیانی خۆشی بۆ دەستە بەركرد بوون و لە سواڵ و دەست پانكردنەوە ڕزگاری كرد بوون، هەرچی لەمیزانیەی (بیت المال) زیاد بوایە بەشی دەكرد بەسەر نەداراندا،[٢] (٣)درهەمی بڕیەوە بۆ هەژارەكانی شاری بەسرە، بۆبەساڵاچووەكانیش (٥٠)درهەم.[٣]

داوای دەكرد لەواڵی وكاربەدەستەكان هاوكاری ئەو كەسانە بن، كە نیازی حەج كردنیان هەیە، مەسروفی بگرنە ئەستۆی خۆیان.[٤] نامەی نووسی بۆ كاربەدەستەكان و پێ ووتن: شوێنی حەوانەی زۆر دروست بكەن لەناوچەكەتاندا هەرڕێبوارێكی موسڵمان بەناوتاندا تێپەڕدەبێ شەو ڕۆژێك میدواندایان بكەن و ، خزمەتی وڵاخەكەیان بكەن، ئەگەر نەخۆشیان هەبوو ئەوە دوو ڕۆژ و دووشەو خزمەتیان بكەن، ئەگەر پارەشی لێ بڕا ئەوەندی پێ بدەن، كەبگاتە وە ناوچەكەی خۆی).[٥]

تاوای لێ هات لەسەردەمی عمردا كەس نەمابوو زەكات وەربگرێت، لەوبارەیەوە عمری كوڕی ئەسیر دەڵێت: وەڵڵاهی عمری كوڕی عبدالعزیز نەمرد، تاوای كردبوو لەخەڵكی، كە پیاوێك پارەو سامانێكی زۆری دەهێنا بۆ(بیت المال)و دەیووت: خۆتان چۆنی بەباش دەزانن وا سەرفی بكەن، كەچی ئەوەندە خەڵكی دەوڵەمەند بوو بوون، كەس نەبوو وەری بگرێ و كابرا هەموو پارەكەی بردەوە بۆماڵ).[٦]

---

١ - سير أعلام النبلاء(٥/ ٥٩٥).

٢ - تأريخ الطبراني التجديد في الفكر الاسلامي لا ١٨.

٣ - تأريخ الطبراني(٧/ ٤٧٤).

٤ - هەمان سەرچاوە.

٥ - هەمان سەرچاوە.

٦ - سير أعلام النبلاء(٥/ ٥٨٨).

لەم دەوڵەتەدا ڕێزو حورمەتی موسڵمانان لەسەرووی هەموو شتێکەوە بوو، بۆ ئەو مەبەستە نامەی نارد بۆ کاربەدەستەکانی و پێ ی ووتن: بەپارەی دەوڵەت دیلی موسڵمان ئازادبکەن، ئیتر باخەزێنەکەشتان خاڵی ببێتەوە).[١]

تا ئەمڕۆش ئەو دەوڵەتە بنکە ئابووری بتەوەی عمر دروستی کرد بەڵگەیەکی مێژوویی یە بۆ ئەوکەسانەی گومانیان هەیە لە دروست بوونی ڕێسایەکی ئابووری ئیسلامی، بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرایە لەسەرەوەی، کەشەریعەتی ئیسلام بەتەنها خۆی دەتوانێت ژیانێکی خۆش و بەختەوەر بۆ خەڵکی سەرزەوی بەگشتی فەراهەم بێنێت چ لە دونیا، چ لە لەقیامەتدا.[٢]

ج ـ بنەمای داد پەروەری:

لەبواری دادپەروەری عمر، کەس شانی نەدەدا لەشانی زۆر بەرز بوو، بەڕاستی دەتوانم بڵێم داد پەروەری بەویراسەت بۆی مابۆوە لەباپیرە عمری کوڕی خطاب یەوە رضي الله عنه لەسەر سکەی پارەی نوسیبووی: ((خوا فەرمانی داوە بە وەفاداری و داد پەروەری)).[٣] فەرمانی دەرکردبوو، کە سزای (حدود)بەسەر کەس دا جێ بەجێ نەکرێت، گەر پاش ئاگاداری ئەو)).[٤]

نامەی نارد بۆ ئەمیری خۆراسان(جەراحی کوڕی عبدالله)و پێ ووت: ئەی کوڕی دایکی جەراح هەرگیز قەمچی نەدەیت لەموسڵمانێك، یان کەسێکی (أهل الذمة) مەگەر بە هەقی خۆی، ئاگات لە تۆڵە بێت، چونکە تۆ دەگەڕێنێتەوە بۆلای کەسێك ئاگای لەناپاکی چاوەکان و نهێنی دڵەکان هەیە، نامەیەکت دەدەنە دەست بچوکترین، تا گەورەترین گوناهی نەپەڕاندووە هەمووی لەسەر تۆمار دەکرێت، لەگەڵ (أهل الذمة)دا زۆر بە ویژدان بە فەرمان دەربکە کەس دەستدرێژیان بۆ

---

١ ـ سيرة عمر ابن جوزي لا ١٢٠.

٢ ـ خامس خلفاء الراشدين عمر بن عبدالعزيز لا ٤١.

٣ ـ التجديد في الفكر الاسلامي لا ٨٥.

٤ ـ سير أعلام النبلاء(٥/ ٥٨٨).

نەکات وسوژدەگایان تێك نەدەن.

نامەی نار بۆ کاربەدەستێکی تری و پێ ی ووت: هیچ کەنیسەو هیچ دیر و هیچ ئاگردانێك تێك مەدەن، کە لەسەری صولح و ئاشتەواییان کردوە.[١]

باج و دەیەك لابرا و سەرانە نەما، کە حکومەتەکانی پێشوو سەپاند بوو با، خەڵکی سەربەست بکە لە کاری بازرگانیدا چ لە دەریا و چ لە ووشکانیدا، خۆت بەری بکە لە ناهەقیانەی بەنی ئوممەیە کردوویانە، خۆت بەری بکە لەو کارەکانی حەجاج و نەهێڵی کاربە دەستەکانی دوای ئەو بەسەر کارەکانی ئەودا بڕۆنەوە).[٢]

د ـ زیندو کردنەوەی ((فەرمان بەچاکەو بەرگری لەخراپە)).

وورده ورده خەلافەتی ئیسلامی لەو مەبەستەی لای دەدا، کە لەپێناویدادروست بوو بوو، کە ئەویش پارێزگاری بوو لەئاینی ئیسلام، عمر ئەم مەبەستەی ینـدوو کردەوە و ئالاکەی سەر لە نوێ بەرزکردەوەو ڕێزی خۆی پێدایەوەو لەپێش هەموو شتێکەوە حسابی بۆ کردبوو.

ئەوەی وای کرد لە عمر کەسەر کەوتووبوبێت لەم کارە مەزنەی دا ئەو ترسە گەورەیەی بوو لەخوای عزوجل ومەبەستی سەرەکی ڕەزامەندی ئەو بوو، هەروەها یارمەتی پشتگیری گەورە زانایانی ئەو سەردەمە ڕۆڵیان هەبوو لەسەرکەوتندا.[٣]

عمری کوڕی مەیمون دەڵێت: زاناکان لە خزمەت عمری کوڕی عبدالعزیز دا قوتابی بوون.[٤]

دروسی ئاینداری و خاوێنی بیرو باوەڕەکە کاریگەری سەرەکیان هەبوو لە سەرکەوتنی نوێخوازی و چاکسازی یەکانیدا، جەنگی دژی ئارەزووکاری و بیدعە

---

١ ـ سير أعلام النبلاء(٥/ ٥٨٨).

٢ ـ سيرة ومناقب عمر (١٠٧، ١٠٨).

٣ ـ التجديد في الفكر الاسلامی لا ٨٥.

٤ ـ سير أعلام النبلاء(٥/ ٥٨٨).

چێی ڕاگەیاند بوو و زۆر توند بوو لەگەڵ هەڵگرانیاندا،[١] لەمەولا (انشاء الله) بەدرێژی باسی لێوە دەکەین.

(الامام لاوزاعی) لە عمرەوە دەگێڕێتەوە، کە وتوویەتی: ((هەرکاتێ کۆمەڵێکت بینی بەدزی یەوە و بەبێ ئاگاداری موسڵمانان بەگشتی و بەچپە خەریکی شتێکن ئەوە دڵنیا بە خەریکن گومڕایی دادەمەزرێنن)).[٢] و هەموو جارێ دەیووت: ژیان چ نرخێکی هەیە ئەگەر سوننەتێك زیند وو نەکەیتەوەو بیدعەو داهێنراوێك نە مێنێت.[٣]

گرنگی یەکی لە ڕادە بەدەری هەیە بە چینە جیاجیاکانی خەڵکی و ئاین و عیباداتیان، هانی کاربەدەستەکانی خۆی دەدا، کە پێش هەموو کەس لەمزگەوتدا جا ئامادەی توێژی کۆمەل بن و بۆی دەنووسین: ((خۆتان بەهیچ شتێکەوە خەریك نەکن لەکاتی نوێژەکاندا، چونکە هەرکەسێك نوێژەکانی بفەوتێنێت ئەوە زۆر ئاسی یە لەلای فەرمانی تری ئیسلام بفەوتێنێت)).[٤]

کەسایەتی بەرزو سیاسەتی پڕ لەداد و خواناسی عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله کاری کردبووە سەر چینەکانی کۆمەڵگا حەزو ئارەزووەکانیشی بەرەو چاکە و خواناسی هێنا بوویەوە.[٥]

(طبري) لە مێژووەکەیدا دەگێڕێتەوەو باس لە راوردێکی جوان دەکات لە نێوان عمرو خەلیفەکانی پێش خۆی و دەڵێت: وەلیدی کوڕی عبدالملك بەسروشی خۆی حەزی لە خانووی جوان و کارگەو بیناسازی کردەوەو هەر ئەم کۆشکەکەی ڕازاندۆتەوەو، بۆیە گەلەکەیشی چاویان لێ کردەوە وەك ئەو حەزیان لە خانووبەرە بووە ڕۆژانە کابرا بگەیشتایە بەهاوڕێ یەکی دەربارەی خانووبەرەو کۆشك پرسیاری

---

١ ـ التجديد في الفكر الاسلامى(لابن الجوزي) لا ٨٦.
٢ ـ سيرة ومناقب عمر ابن عبدالعزيز ابن جوزي لا ٨٣.
٣ ـ التجديد في الفكر الاسلامى لا ٨٦.
٤ ـ سيرة ومناقب عمر ابن عبدالعزيز ابن الجوزي لا ٢٢١.
٥ ـ التجديد في الفكر الاسلامى لا ٨٦.

لێ دەکرد، بەڵام هەر کەسەردەمی سولەیمان هات، چونکە حەزی بە ژن هێنان خواردنی بەلەزەت بوو، ئەو خوەی کاری کردبووە سەر میللەت و کەسێ بگەیشتایە بەکەسێکی تری دەربارەی ژن هێنان و کەنیزەك و ئەم جۆرەشتانەپرسیاری لێ دەکرد، بەڵام هەر، کە سەردەمی عمری کوڕی عبدالعزیز هاتە پێشەوە ـ چونکە خواناس و قورئان خوێن و شەو نوێژ گەر بوو- کاری کردبۆە سەر گەلەکەی و کاتێ کەسێك دەگەیشتە هاوڕێکەی پرسیاری لێ دەکرد: ئەم شەو چەند ڕکەعات شەو نوێژت کرد؟ چەند ئایەتت لەبەر کردوە؟ کەی ختمەکەت تەواو دەکەی؟ کەی ختمەکەت تەواو کرد؟ لەم مانگەدا چەند ڕۆژ بەڕۆژوو دەبیت؟.[١]

عمرﷺ هەر بەوە نەوەستا، کە پابەند بوو بەئیسلامەوە و بەرپاکردنی ئاین لە دەوڵەتەکەیدا، بەڵکو گرنگیشی داوە بەو گەلانەی یشی، کە موسڵمان نەبوون و هەوڵی داوە بانگیان بکات بۆ لای ئیسلام و نامەی ناردوە بۆ پاشاکانی هندستان؟ و (ماوراء النهر)و پەیمانی پێ دابوون، کە ئەگەر موسڵمان بن وەك موسڵمانانی تر سەیر دەکرێن و هەموو مافێکیان لەگەڵ ئەواندا دەبێت، بەو بۆنەیەوە زۆرێکیان موسڵمان بوون و ناوی خۆیان گۆڕی بۆ ناوە ئیسلامی یەکان.[٢]

لەوکارانەی ، کە وەك خزمەت کردن بە ئیسلام کردنی، فەرانی دەرکر زانستە ئیسلامی یەکان بنووسرێێنەوە و بەتایبە زانسی فەرموودە، و لە داهاتوودا زیاتر لەسەر ئەم لایەنە دەڕۆین، هەموو ئەم کارە مەزنانەو ئەم پرۆژە بزورگانەی ئەنجام داوە لەماوەی کورتی خەلافەتیدا، بووبە گەوهەرێك بۆئوممەتی ئیسلام، بووبە مانگێك لەتاریکایی شەودا ڕێبواران بتوانن ڕێبازی نوێخوازی و چاکسازی بگرنە بەرو ڕێگای بۆ ئاچوخ کردن.[٣]

---

١ ـ تأريخ الطبري (التجديد في الفكر الاسلامى) لا ٨٧ وەرگیراوە.

٢ ـ خامس الخلفاء الراشدين عمر بن عبدالعزيز لا ٣٠.

٣ ـ التجديد في الفكر الاسلامى لا ٨٧.

٢ـ مەرجەکانی نوێخوازی:

لە ڕێگەی ژیانی عمری کوڕی عبدالعزیزەوە ئەتوانین کۆمەڵێك مەرج و سیفاتی کەسی نوێخواز دیاری بکەین:

١ـ ناسراوبێت بە بیرو باوەڕی پاك و تەواوی پرۆگرامی:

یەکەمین کارو ئیشی نوێخواز ئەوەیە، کە دووبارە ئیسلام بەرەو کانیاوە سازگارەکەی بگەڕێننەوە و لەهەموو ئەوشتانەی تێ ی ئاخنراوە پاك بکرێتەوە، ئەم کارەش ناکرێت مەگەر لەسەر دەستی یەکێکدا، کە خۆی لەسەر ڕێبازی خاوێنی پێغەمبەری خواﷺ بێت و هاوەڵە بەڕێزەکانی و کۆمەڵی ڕزگار بوو ئەوانەی کە پێغەمبەری خواﷺ باسی کردون، کە دەبن(٧٣) بەشوە و تەنها یەك بەشیان لەسەر ڕاستی یەوە، ئەو بەشەش ئەوەیە زیاتر چاکتر پابەند و پرۆگرامی پێغەمبەری خواوەﷺ.[١]

ئەم مەرجەش لە عمری کوڕی عبدالعزیز دا بەرجەستە بوو وەك لە داهاتوودا باسی لێوە دەکەین.

ب ـ دەبێت زانا نابێت و توانای ئیجتیهادی هەبێت:

ئەم مەرجە لە عمری کوڕی عبدالعزیز دا هاتبوە دی، ڕووبەڕووە ئەو گێرەو کێشانە بویەوە، کە لەسەردەمەکە دا ڕوویان داو هەوڵیشی دا چارەسەریان بۆ دۆزێتەوە، لەڕاستیدا: مەرجەکانی (ئیجتهاد) کردن بەو شێوەیەش نارەحەت نی یەکە لە کتێبەکە فیقهی و ئوصولی یەکاندا هاتووە، بەجۆری باسیان کردوە، کە مەحاڵە ئەو مەرجانەی لەکەسێکدا بێتەدی و بەجۆرێ، کە دایان ناوە دەبێت هەموو زانستەکانی بزانێت وەك ـ نەحوصرف و زمان و بەلاغەوزانستی شەرعی و وەك تەفسیر و فەرموودە و ئوصول فقه و زانستی قورئان زانستی فەرموودە و سیرە و هەردوو عیلمی (منطق و علم الکلام) و کۆمەڵێ شتی تریش، کە زۆر نارەحەتە

---

١ ـ التجدید في الفکر الاسلامی لا ٤٦.

لەکەسێکدا بێتە دی.[١]

لەڕاستیدا، ئیجهاد کردن زۆر خۆش و ئاسانە، بۆ هەرکەسێك توانای تێڕوانینی و تێگەیشتنی هەنبێت، و نوێخوازیش مەرجە، کە مەبەستەکانی شەرع بزانێت و بتوانێت لێیان حاڵی ببێت و ئەحکامی نوێیان لێ هەڵبگوزێت و شارەزا بێت بەسەردەمەکەی و تێگەیشتوو بێت لە واقعیەکەی.[٢]

(المناوی) دەڵێت: لەسەر نوێخوازەکە: بەڵگەی پێ بێت و پشتگیری سوننەت بێت و توانای ئەوەی تێدا بێت، کە (متشبهات) بگرێتەوە بۆلای (محکمات)، توانای دەرهێنانی حوکمی شەرعی هەبێت لە دەقەکانی قورئان و ماناو ئاماژەکانی لە دڵێکی وریاو مێشکێکی بەکارەوە.[٣]

مەورودی دەڵێت: یەکێ لەو سیفەتانەی دەبێت لە نوێخوازدا هەبێت ئەوەیە دەبێت خاوەنی مێشکێکی ساف و تێڕوانینێکی ورد و تیژو بیری دروست بێت، توانایەکی بێ وێنە لەمانەوە لەنێوانێکی ڕوندا لەنێوان پشت گوێ خستن ـ افراط ـ و ڕۆچوون ـ تفریط ـ دا و ڕەچاوکردنی مام ناوەندی لەو نێوانەدا و هێزی بیرکردنەوەی دوور لە کاری گەری ڕوداوەکانی سەردەم و، دەمارگیری کەچەندان ساڵە جێگیر بووەن ئازایەی یەکی وای دەوێ، کە بەهۆیەوە بتوانێ لەگەڵ ئەو ڕۆژگارە لار بووەدا لادراوەدا هەنگاو بنێت و شانشانێنی لەگەڵدا بکات.[٤]

ج ـ دەبێت هەردوو بواری فیکری و هەڵس و کەوتی بگرێتەوە:

چونکە گەڕانەوە و ڕاستکردنەوەی فیکری خەڵکی گەورەترین کاری نوێخوازە، خۆ ئاشکرایشە لادان لە هەڵس و کەوتیشدا ڕوودەدات وەك چۆن لەفیکردا ڕوودەدات، بەڵکو زۆربەی لادانە هەڵس و کەوتی یەکان بەهۆی لادانە فیکری یەکانەوە ڕوودەدان.

---

١ ـ عون المعبود (١١/ ١٩٢).

٢ ـ التجديد في الفكر الاسلامی لا ٤٦.

٣ ـ فيض القدير/ للمناوي(١/ ١٤).

٤ ـ موجز تأريخ تجديد الدين ـ مودودی لا ٥٢.

نوێخواز هەڵدەستێت بەڕاست کردنەوەی فیکرو هۆشەکان و ڕزگاری دەکات لەپۆخڵەواتی گومان و شوبهەکان و، زانستە بەسوودەکانو وتێگەیشتنی ڕاست و دروستی ئیسلام بڵاو دەکاتەوە،لەناو خەڵکیدا لەڕێگەی وانە وتنەوە و نووسین و هەموو کارێکی تری بەردەست، پاشان دەست دەکات بەڕاست کردنەوەی ڕەوشت و هەڵس و کەوتی خەڵکی و پاك کردنەوەی دەروونیان و ڕزگار کردنیان لە هەموو ئەو هەڵس و کەوتە باوانەی دژی شەریعەتی ئیسلامن، ڕاگەیاندنی چەنگ دژی بیدعە و خورافیات ڕابگەنێت، ڕووبەڕووی گەندەڵی ببێتەوە لە هەموو بوارەکاندا بەتایبەت گەندەڵی لەشێواز ی حوکمڕانی و بەڕێوە بردنی وڵاتدا، ئابەو جۆرە نوێخواز ووتەو کردار لەگەڵ زانست و کرداریەك دەخاتەوە.

پێشینەکان ئاماژەیان بۆ ئەم مەرجە کردوەو ووتویانە: نوێخواز سوننەت سەردەخات و بیدعە لەگۆڕ دەنێت.[١]

د ـ دەبێت سودو کەڵکی بۆ هەموو خەڵکی سەردەمەکەی بێت:

چونکە نوێخواز پیاوی قۆناغێکی کاتی یە، بۆ ماوەی (١٠٠)ساڵ بەردەوام دەبێت، بۆیە وەك مەشخەڵ بەدەستێك وایە، کە خەڵکانێکی زۆر لەبەر ڕۆشنای یەکەیدا ڕێگا دەبڕن و ڕێگا بۆ خەڵکی ڕۆشن دەکاتەوە وتا نوێخوازێکی نوێ لە دایك دەبێتەوە، بەو جۆرە پێویستە زانست و زانیاری یەکەی هەموو لایەك بگرێتەوە، دەبێت شوێنەواری هەوڵە چاکسازی یەکانی بەهەڵس و کەوت و فیری خەڵکی یەوە دیاربێت.

زۆرجاریش بەهۆی قوتابی و ئەندامە گۆش کراوەکانی بەردەستی یەوە دێتەدی، ئەوان هەڵدەستن بەبەردەوامی کاروانە چاکسازی یەکەی کتێب و نووسین و بۆ چوونەکانی لەناو خەڵکدا بڵاو دەکەنەوە و چەندان قوتابخانە ی فیکری دادەمەزرێنن، کە هەنگاوە چاکسازی و نوێخوازیەکەی بەردەوا دەکەن، تا هاتنی نوێخوازی دا هاتوو.

---

١ ـ عون المعبود (١١/ ٣٩١).

٣ـ فەرموودەی پێغەمبەرﷺ لەبارەی نوێخوازیەوە:

ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەری خواﷺ کە دەفەرموێت: ((ان الله يبعث على رأس كل مائه عام من يصحح لهذه الامة امر دينها)).[١] ئەو وانانەی لەو فەرمودەیە وەردەگیرێت:

- ئەو فەرموودەیە یەکێکە لەو فەرمودەیە موژدە ئامێزانەی، کە مانای ئەوە دەدات پێمان، کە خوای گەورە ئەم ئاینە لەفەوتان دەپارێزێت ئیتر سەردەمەکانیش دووربکەونەوە و بەڵێنی خوایی یە، کە نوێخوازە رەبانی یەکانی بۆ دەنێرێت و لەپاش خامۆش بوون سەر لەنوێ ڕۆشنی دەکاتەوە، لەقۆناغی مت بوون دەری دەهێنێتەوە، لەڕێگای ئەو ڕێنمایی و ڕووناکی یەوە، کە هەڵی دەگرن.

ئەم فەرموودەیە ووزەیەکی پڕ لە هیوا دەبەخشێتە مرۆڤی موسڵمان، لەوە دڵنیا دەبێت، کە دوا ڕۆژ هەر بۆ ئیسلامە ئیتر با هێزی شەڕو خراپەکاران زۆر بەهێزبن و ئەهلی نەفامیش لە چڵەو پۆپەی سەرکەتنشدا بت، نوورو ڕوناکی ڕۆژ هەر دەردەکەوێت، ئیتر باشەوەکانیش لەناو ڕەشایدا وون بووبن.

ئێمە لەم کاتەی ئەمڕۆماندا زۆر پێویستیمان بەپێداگرتن هەیە لەسەر ڕاڤە کردنی ئەو مانایەو، بڵاوکردنەوەی لەناو خەڵکیدا، تا شەپۆڵی ئەو بێ هیوایەی،کە هەموو دەروونەکانی گرتۆتەوە بڕەوێتەوەو خۆی نەداتە دەستی سەر شۆڕی و ملکەچی، بەیانوی ئەوەی گوایە ئاخر زەمانەو هیچ هەوڵێکی چاکسازی کەڵکی نی یەو هەروەها ئیسلام لەئاوا بووندایەو وبێ باوەڕیش لەبرەودایە! ئەوەتا نیشانە بچووکەکانی قیامەت دەرکەوتن و چاوەڕوانی نیشانە گەورەکانیشی دەکەین.خاوەنی ئەم بۆ چوونە هەڵەیە بەهەڵە ڕاڤەکردنی هەندێ فەرموودە دەکەنە بەڵگەی دەستیان و جۆری مانای دەکەن، کە ئەو مانایە هەڵناگرێت.[٢]

یەکێ لەو بەڵگانە ئەوەیە، کە ئەنەس رضي الله عنه فەرموودەیەکی لەلایەن بخاری

---

١ ـ سلسلة الاحاديث الصحيحة(٢/ ١٥١).

٢ ـ التجديد في الفكر الاسلامي لا ٥٥.

ڕیوایەتی کردووە، دەفەرمویەت: ((لایأتي زمان الاّ الذي بعده شر منه حتى تلقوا ربكم)).[١] واتە: زەمانێ دێتە پێشەوە خۆزگە بە ساڵانی ڕابردوو دەخوازێت، تا دەگەنەوە پەروەردگارتان، واتە پار لەئەمسال باشترە.

فەرموودەی: ((بدأ الاسلام غريباً وسيعود غريباً، فطوبى للغرباء)).[٢] واتە: ئیسلام بەغەریبی هات و لەپاشەڕۆیشدا دەبێتەوە، خۆشبەختی بۆ هەڵگرانی غەریبی لەوکاتەدا.

ئیتر ئەوەیان لەیاد چوو، کە نابێت لەم فەرموودانە حاڵی ببین، تا ئەو فەرموودانەی تریش نەبینین، کە مژدە ئامێز ودڵخۆشکەرن وەك فەرموودەی: ((مثل امتي مثل المطر لايدرى أوله خير أمر آخره))،[٣] واتە: ئوممەتی من وەك باران وان و نازانرێت سەرەتاکەی خێرو چاکەیە، یان کۆتایی یەکەی، (ابن القيم)یش دەڵێت: ((هۆزێك تا هۆزێکی ترو سەردەمێك ، تا سەردەمێکی تر).[٤]

بۆیە مێژووی ئیسلام کۆمەڵە سەردەمێکی بەخۆیەوە دیوە، پڕشنگدار و ڕووناك بووەوە، وەك سەردەمی عمری کوڕی عبدالعزیز و نورالدین، صلاح الدین، یوسف بن پاشفین، محمد فاتح وکەسانی تریش لەسەردەمی بیست دا.

ئەوەی شایەنە لێرەدا ئاماژەی بۆ بکەین لەماناکردنی ئەم فەرموودەیە و هەموو ئەو فەرموودانەی، کەباسی مژدەی هاتنەوەی ئیسلام دەکەن، بۆسەر شانۆی ژیان جارێکی ترو، ئەو فەرموودانەش هەموویان صحیحن و لەپێغەمبەری ڕاستگۆوە دەرچوون، هەردەبێت بێنە دی وەك چۆن هەواڵی داوە، هەروەك چۆن ناڕاستەو خۆ داوای ئەوەمان لێ دەکات، کە ئوممەتی ئیسلام لەهەوڵ و تێکۆشاندا بن، تا ئەو سەرکەوتنە مژدە دراوانە بێتە دی و سەربەرزی بگەڕێتەوە بۆ ئیسلام و شوێن

---

١ ـ البخاري كتاب الفتن ژ ٦٥٤١.
٢ ـ مسلم كتاب الايمان ژ ٢٠٨.
٣ ـ سنن الترمذي ژ ٢٧٩٥.
٤ ـ مدارج السالكين لا ٥٧.

کەوتوانی و سوننەتی خوایش وایە هۆکان نایەنە دی، تا هۆکارەکان نەیەنەدی .[١]

أ ـ مەبەسی پێغەمبەری خواﷺ لەبڕگەی یەکەمی فەرموودەکە، کە دەفەرموێت: ((ان یبعث لهذه الامة)) ئەو کەسەی خوادەینێرێت تەنها بۆ خۆی و کۆمەڵێکی کەم نی یە، بەڵکو بۆ خاترو بەرژەوەندی ئوممەت دەژی و، خاوەنی هیمەت و ووزەیەکی بەرزە و هەموو خەمێکی خەمی ئوممەتەکەیەتی، هەموو هەوڵ و تەقەلایەکی خۆی بەشەو ڕۆژ دەخاتە گەڕ،تا ئەم ئوممەتە لەوچەقینە ڕزگاربکات و، متمانەی بۆ یە دەگێڕێتەوە بە ئوممەتکەی و دەیخاتەوە سەر ڕێڕەوی ڕاست و دروست و، خەڵکی دەبێت لەسەر هەموو گیرو گرفتێك لەو پێناوەدا ببێتە ڕێگەی و زاڵ دەبێت بەسەر هەمو ناڕەحەتی و لەمپەریکانی ڕێ، تا دەگاتە بڵندکردنەوەی سەری ئومەت و گەڕاندنەوەی سەرکردایەتی کردنەوەی دنیا لەلایەن موسڵمانانەوە.[٢]

ب ـ بڕگەی دووەمی فەرمودەکە: ((ان الله یبعث علی رأس کل مائە سنة))لەسەری هەموو سەد ساڵێك دومانا هەڵدەگرێت یەکەم/ سەری ساڵ واتە یەکەمین ڕۆژەکانی و هەروەها سەری ساڵ واتە: ڕۆژەکانی کۆتایی ساڵ،[٣] زاناکان لەسەر ئەم دوومانایە جیاوازیان هەیە، بەڵام ابن حجر پێ ی وایە سەری ساڵە واتە ڕۆژەکانی کۆتایی ئەو ساڵەو ئەمەش ڕایەکی گونجاوە.

هەردووئیمامی گەورە (الزهری) و (أحمد کوڕی حنبل)پێیان وایە، کە سەری ساڵە و بەبەڵگەی ئەوەی، کەلەسەری ساڵی یەکەمدا عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله سەری ساڵی دووەم ئیمامی شافعی بوو، یەکەمیان لەساڵی (١٠١)ی کۆچیدا گیانی سپارد و دووەمیان لەساڵی (٢٠٤)دا گیانی سپارد و لەسەرتای سەکەدە لەدایك نەبوون ئیترچۆن نوێخوازیش بن.[٤]

---

١ ـ الاجتهاد للتجدید، عمر عبید حسنه لا ٧.
٢ ـ التجدید في الفکر الاسلامی لا ٤٦.
٣ ـ عون المعبود(١١/ ٣٨٦).
٤ ـ عون المعبود(١١/ ٣٨٦).

ج : مەرجە نوێخوازلەسەری (١٠٠)ساڵەکاندا گیان بسپێرێت؟

هەندێ لەزانایان ئەمە بەمەرج دەگرن، بەڵام ڕایەکی بەهێز نی یە، چونکە ووشەی (یبعث) واتە: دەی نێرێ نەك وەفات دە کات، مەبەستی سەرەکی ئەوەیە، کە سەری سالچی قەڕن دەبینێت و لەوکاتەشدا کردوەو نوێخوازیەکانی بەدی دەکرێت و بەچاکسازی و بەرژەوەندی گشتی ناوی دەردەکات و، مەرجیش نی یە وەفاتەکەی بکەوێتە نزیکی سەری(١٠٠) ساڵەکە، یان دەبێت زیندوو بێت، تا سەری سەدەی داهاتووە و دەڵێت.[1]

د: ئایا نوێخواز تەنیایە، یان زۆرن لەیەك کاتدا؟

ووشەی ((من یجدید لها دینها)) جێگەی پرسیار بووە لە ڕابردوودا هاتوودا و مەبەست: کە ئایا ووشەی(مَنْ) تاکێکی لێبڕاوی هەڵکەوتوە لەناو ئوممەتدا، یان ماناکەی لەوەش فراوانترە و کۆمەڵی نویخواز دەگرێتەوە لەیەك کاتدا؟

بەڵام زۆربەی زاناکان لەسەر ئەوەن، کە نوێخواز یەك کەسە و (سیوطی) ئەم ڕایەی بۆ جمهوری زانایان دەگێڕێتەوە، بەڵام کۆمەڵێکی تر لە زانایان ووتویانە ووشەی ـ من ـ لەلایەنە زمانە وانی یە دکەیەوە بۆ زیاتر لەیەك کەسە و لەو زانایانە ابن حجر وابن الاثیر و الذهبي وابن کثیر و المناوی و العظیم آبادي.[2]

لە دوای لێکۆڵینەوە لە ووشەی ـ مَنَ ـ دەردەکەوێ، کە مەبەس لێ ی لەیەك کەس زیاترە و، چونکە مێژوو ئەوەیان بۆ ساغ کردۆتەوە، کە لەیەك کاتدا چەند نوێخواز هەبووە لەیەك کاتداو لەیەك سەردەمدیشدا، کاری نوێخواز زۆر قورس و گران و فرە لایەنەیە لەئیسلامدا و ئێ وڵاتی ئیسلامیش زۆر پان پۆرە و نارەحەتە لەسەر یەك کەس بەو کارە قورس و گرانە هەڵبستێت، بەڵکو موسڵمانەکان بەکۆمەڵ دەوتوانن چاکسازی و نوێخوازی سەرتاسەری دروست بکەن.[3]

---

١ ـ التجدید في الفکر الاسلامی لا ٦١.

٢ ـ هەمان سەرچاوە.

٣ ـ هەمان سەرچاوە.

ﻫ : نوێخواز ئاینداری ئوممەت نوێدەکاتەوە نەك تەنها ئایین خۆی:

ئەوەی لەفەرموودەکەوە وەردەگیرێت ئەوەیە، کە ئەو نوێخوازە ئاینداری موسڵمانان نۆێ دەکاتەوەو دووبارەگەرم و گوڕی دەداتەوەبەکاروانی خواناسی و موسڵمانەتی و ڕێرەوی پێغەمبەرﷺزیندوو دەکاتەوە و خەڵکی بۆ بانگ دەکاتەوە، نەك نوێ کردنەوەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام خۆی، چونکەئیسلام کۆتا ئاینی خوایە و تیرو تەواوەو کۆن بوونی بەسەردانایەت، تا کەس بیەوێ تازەی بکاتەوە و دەقی قورئان و سوننەت جێگیر و بەردەوامن و بیرو باوەڕ ڕوون و ئاشکرایە و قبوڵی بچووکترین گۆڕانکاری ناکات، بەڵکو مەبەست لێ ی بەرزکردنەوەی ئاستی موسڵمانانە بۆ ئاستی بەرنامەکەی خواو پەیوەست بکرێنەوە لەگەڵ ئایەنەکەیدا.[١]

---

١ ـ من أجل صحوة اسلامية د. قرضاوی لا ٢٦، ٢٧.

بەشی سێ یەم

گرنگی دانی عمر بەبیرو باوەڕی ئەهلی سوننەت

عمری کوڕی عبد العزیزرحمه الله گرنگی دەدا بە بیروباوەڕەی ئەهلی سوننە و هەوڵی دەدا خەڵکی فێری بێن وەخەڵکیش فێر بکەن و لەناو خەڵکیشدا بڵاوی بکەنەوە، و لەناو سەرچاوە ئیسلامی یەکانی بیرو باوەڕی ئەهلی سوننەدا وتەکانی بەئاشکرا لەو بارەیەوە بەئاشکرا دیارە دیارە: هەر لە بیرو باوەڕی و تەفسیر فەرمووە وفیقهە و شتی تریش.

مامۆستا حەیات ی کوڕی محمدی کوڕی جبریل زۆری لەو وتانەی عمری کۆکردۆتەوە و بەو بۆنەوەیە توانی بڕوا نامەی ماستەر وەربگرێت، زۆربەری ئەو کتێبانەی لەسەر عمری کوڕی عبدالعزیز نووسراون گرنگیان بەم لایەنە گرنگە نەداوە کە بەردەوام هەولی داوە بیرو ڕای موسڵمانان بەڕسات و دروستی وە لەگەڵ قورئان سونەتی پێغەمبەری خودا ﷺ بهێڵێتەوە.

لەگرنگترین لایەنەکانی بیرو باوەڕ، کە عمر قسەی لەبارەوە کردووە:

یەکەم: یەکتا پەرستی خوا ـ توحید الاالوهیە.

یەکتا پەرستی خودا ـ بینچینەی ئاینی پیرۆزی ئیسلامە، بەڵکو بنچینەی هەموو ئاینێکی ئاسمانایە، بەڵکو هەموو پێغەمبەران و هەموو کتێبە ئاسمانیەکان بۆ ئەو مەبەستە نێرراون، هەموو پێغەمبەرێك هەر لە ئادم ﵇ەوە تا دواین پێغەمبەر، کە محمد مصطفی یە ﷺ بانگەشەیان بۆ کردووە، نەك هەر ئەوە بەڵکو مەبەستی سەرەکی دروست بوونی جنۆکە و مرۆڤ یەکتاپەرستی خوایە و لە و بارەیەوە قورئانی پیرۆز دەفەرموێت: ((وما خلقت الجن والانس الاّ لیعبدون)) واتە: من جنوو مرۆڤم تەنها بۆ بەندایەتی کردنی خۆم دروستم کردووە.

سەلەفی صالحی ئەم ئومەتە كاتی خۆی گرنگی تایبەت داوە بەم جۆرە یەكتا پەرستی خودایی یەو عمری كوڕی عبد العزیز لەم بارەیەوە بەشداری تایبەتی هەیە، پێش ئەوەی بەوردی باسی دوعاو تەبەروك و ترس و پشت بەستن و سوپاسگوزارەكانی بكەین، بابزانین یەكتا پەرسی خودایی یانی چ؟ زاناكان بەو جۆرە مانایان كردوەكە: خوای گەورە بەتەنها خۆی شایستەی ئەوەیە بپەرستڕێت و هاوبەشی بۆ پەیدا نەكرێت.[١]

هەندێكی تر وای پێناسە دەكەن كە بەندایەتی كردنی خوایە، بەتەنها هاوبەشی بۆ پەیداكردنی نەكرێت و تەنها لەئەو بترسێت و ئەوت خۆش بووێت و پشت ی پێ ببەستێ.

لەبەندایەتی یە دڵی یەكانی عمری كوڕی عبدالعزیز:

١ـ دوعاو پاڕانەوە:

أ ـ جارێكیان عمری كوڕی عبد العزیز رحمه الله دای بەلای پیاوێكدا كۆمەڵێك وورده چەوی بەدەستەوە بوو، یاری پێ دەكردن و بەدەم یاریەكەوە دەیوت: پەروەردگارم حۆریم پێ بدە لەبەهەشتدا، عمر ووتی: بەخوا ژن خواستن وا نابێت، وزن خوازێكی خراپی، بەڵكو بەردەكان فڕێ بدەو لایبە و بەدڵسۆزانە دوعاكانت دەربڕە.[٢]

لەم بەسەرهاتەوە ئەوەمان بۆ دەدردەكەوێت، كە عمر رحمه الله مەرجەكانی دوعا بۆ ئەو پیاوە دیاری دەكات، كە دڵسۆزی و ئامادەیی دڵ و خۆ خەریك نەكردن بەشتی ترەوە، ئەمەش قورئانی پیرۆز و سوننەت ئاماژەی بۆ دەكەن، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَٱدۡعُواْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ﴾ غافر: ١٤.

---

١ ـ شرح العقيدة الطحاوية(١/٢٩).

٢ ـ الحلية(٥/٢٨٧).

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: ((ادعوا الله و انتم موقنون بالإجابة، واعلموا ان الله لایستجیب دعاء من قلب غافل لاه))،[١] واتە: بەجۆرێ هاوار بکە نەخواو لێ بپاڕێنەوە، کە دڵنیان لەوەی دێت بەدەمتانەوە، هەروەها بشزانن، کە خودا دوعا قبوڵ ناکات لەدڵێك بێ ئاگاو خەریك بێت بە شتی بێ هۆدەوە.

ب - عمری کوڕی عبد العزیز دەڵێت: ((ئەی پەروەردگار من لە خۆشەویست ترین شتدا لەلای تۆ، کە یەکتا پەرستی یە بەقسەم کردویت، لەبێزاروترین شتیشدا لەلای تۆ کە بێ باوەڕی یە سەرپێچیم کردوویت، دەی هەرچیم لەو نێوەندەدا کردوە لێم خۆش ببە.

ئا لێرەدا ئەوەتا عمری کوڕی عبد العزیز بەگوێڕایەڵی و یەکتا پەرستی یەکانی یە لەخوادە پاڕێتەوە و داوای شتی تری لێ دەکات دروستە، وەك چۆن لەفەرموودەی (٣) کەسەکەی، تا لەئەشکەوتەکەدا ڕوویدا.[٢] ئەوان لە لەڕێگای باسکردنی کردەوە چاکەکانیانەوە لەخوا دەپاڕێنەوە، تا دەرگای ئەشکەوتەکەیان بۆ بکاتەوە.

هەروەك موسڵمانانیش کردەوەی چاکی باوەڕیان باس دەکرد و ئەوجا داوکاریان دەخستە خزمەتی پەروەردگار، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿رَبَّنَآ إِنَّنَا سَمِعۡنَا مُنَادِيٗا يُنَادِي لِلۡإِيمَٰنِ أَنۡ ءَامِنُواْ بِرَبِّكُمۡ فَـَٔامَنَّاۚ رَبَّنَا فَٱغۡفِرۡ لَنَا ذُنُوبَنَا وَكَفِّرۡ عَنَّا سَيِّـَٔاتِنَا وَتَوَفَّنَا مَعَ ٱلۡأَبۡرَارِ﴾ آل عمران: ١٩٣.

ج - زەمین لەرزەیەك لەشام ڕوویدا، عمری کوڕی عبدالعزیز ناوی نووسی بۆ ناوچەکەو ووتی: پاشان... زەمین لەرزە شتێکە، کە ڕوو دەدات خوای گەورە لەبەندەکانی زویر بووە، نامەی نارد بۆ هەریمەکان و پێ ی وتن: لەڕۆژی ئەوەندە و لەمانگی ئەوەندا لەماڵ دەربچن، هەرکەسێ هەرچی هەیە، با خێرێکی لێ بکات.[٣]

وەك ئادەم عليه السلام بڵێن: ﴿رَبَّنَا ظَلَمۡنَآ أَنفُسَنَا وَإِن لَّمۡ تَغۡفِرۡ لَنَا وَتَرۡحَمۡنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ

---

١ - سنن الترمذي (٥/ ٤٨٣) صحيح الألباني ژ ٢٧٦.

٢ - مسلم ژ٢٧٤٣.

٣ - سيرة عمر (ابن عبدالحكم)، لا ٦٤.

﴿ٱلۡخَٰسِرِينَ﴾، الاعراف: ٢٣، بۆیە عمرﷺ فەرمانی دابەسەر هەموو ئوممەتدا لەپاش ڕوودانی زەمین لەرزەکە، کە بگەڕێنەوە بۆلای خوا و لێ ی بپارێنەوە خێر بکەن و دادای لێ خۆش بوون بکەن و لەماڵ دەربچن بەرەو شوێنی نوێژەو مزگەوتەکان.[١]

د: میمونی کوڕی مەهران دەڵێت: ڕۆژێك لەلای عمری کوڕی عبدالعزیز بووم دەبینم زۆر دەگری و لە خوا دەپاڕایتەوە و داوای مردنی لێ دەکات، منیش پێم ووت: بۆچی داوای مردن دەکەیت، نەکا تێك دا خوای گەورە لەسەردەستی تۆ کاری زۆر چاکی کردووە؟! سونەتی پێ زیندو کردویتەوەو بدعەی پێ لەگۆڕنای.

عمریش ووتی: دەی منیش وەك ئەو پیاو چاکانە ئەکەم کە دوای ئەوەی خوا دڵی خۆش کردو سەرگەورەیی پێ بەخشی و ئەویش ووتی: ﴿رَبِّ قَدۡ ءَاتَيۡتَنِي مِنَ ٱلۡمُلۡكِ وَعَلَّمۡتَنِي مِن تَأۡوِيلِ ٱلۡأَحَادِيثِۚ فَاطِرَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ أَنتَ وَلِيِّۦ فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِۖ تَوَفَّنِي مُسۡلِمٗا وَأَلۡحِقۡنِي بِٱلصَّٰلِحِينَ﴾، یوسف: ١٠١.

داوای مردنی لە خوای گەورە کردو بە باوەڕەوەو بیگەینێتە لای صالحان، ئەوش سونەتی پێغەمبەرانەوەو بەیداغی صالحانە، هەروەها لەو کاتانەشدا کە ترساوە ئاژاوەو فیتنە ڕووبکاتە دینەکەی ئەم شێوەیە دوعایەی کردوە بەتایبەتی لەپاش مردنی سێ هاوکارەکەی، عبد الملك ی کوڕی خۆی و موزاحیمی هاوڕێ ی و سەهل ی برای، وەك لەهەندێ لەڕیوایەتەکاندا هاتووە.[٢]

٢ـ سوپاسگوزاری:

یەحیای کوڕی سەعید دەڵێت: بیستوومە عمری کوڕی عبدالعزیز ووتویەتی: باسکردنی بەخششەکان سوپاسکردنیانە.[٣]

١ ـ الاثار الوراده عن عمر بن عبدالعزيز في العقيدة (١/ ٢٢٠).
٢ ـ العقد الفريد (٤/٣٩٦).
٣ ـ مصنف ابن ابي شيبه (٨/ ٢٤٠).

هەروەها دەڵێت: بەخششەکانی خوا ڕاوەستا و بکەن بەسوپاس کردنی خوای تەعالا،[١] نامەی دەنارد بۆ هەندێ لەکار بە دەستەکانی و پێ دەوتن.... وەسیەتم بۆ تۆ ئەوەیە لەخوا بترسە و ، داوات لێ دەکەم سوپاس گوزاری ئەو بەخشش و ڕێزو زۆرانەی بە بە سەرتەوە، چونکە سوپاس گوزاری بەخششەکان بەردەوام دەکات و سپڵەییش لەناوی دەبات و ناهێڵێت.[٢]

٣ـ پشت بەستن بەخوا:

حەکەمی کوڕی عمر دەڵێت: عمری کوڕی عبد العزیز رحمه الله (٣٠٠) پاسەوانی هەبوو، کۆی کردنەوەو پێ ی ووتن: من لەخوایی یەوە پاسەوانم هەیە کە نەیەڵن ئەجەلەم بێت تاکاتی خۆی و نایەڵن هیچم بەسەر بێت مەگەر شتی لەسەرم نووسرا بێت، دەی کەواتە کامتان دەمێننەوە(١٠) دینار پێ دەدەم و کێش پێی خۆشە بابڕواتەوە ماڵی خۆی.[٣]

کاتێ عمر رحمه الله لەگەڵ موزاحیمی هاوڕێ دا لە مەدینە دەرچوون، موزاحیم سەیرێکی مانگی کرد بینی وا لە بورجی(دوبران)دایە، پێ ناخۆش بوو ڕاستەخۆ بە عمر بڵێت، دەڵێ پێم ووت: سەیری مانگ بکە، چەند جوانە بەناوەڕاستی ئاسمانەوە دەگەشێتەوە ! عمر سەیرێکی کرد و بینی لە (دوبران)دایە و*، ووتی: موزاحیم، ئەمە ویسستت پێم بڵێت مانگ لەدوبران دایە، ئێمە لەسەر ئەساسی خۆرو مانگ لەماڵ دەرناچین، بەڵکو لەماڵ دەردەچین بەپشت بەستن بەخوای (واحد و القهار).[٤]

بەم نمونەیەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە تا چ ئاستێکی بەرز عمر هەوڵی داوە پشت بەستنی بەخوا بێت و لەگەڵ ئەوەشدا هۆکارەکانیش بەکاردێنێت.

---

١ ـ کتاب الشکر لابن ابي دنيا لا١٩٧.

٢ ـ ذم الدنيا، لابن أبي دنيا لا ٨١.

٣ ـ سير اعلام النبلاء(٥/ ١٣٦).

* دوبران واتە: کەوتونەتە نێوان دوو ئەستێرەوە.

٤ ـ سيرة عمر ابن عبدالحکم ٣٢.

(التوكل) واتە: پشت بەستن بەخوا لەگەڵ بەكارهێنانی هۆكار، ئەوەش یەكێكە لە بنەماكانی یەكتا پەرستی و خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَٱعۡبُدۡهُ وَتَوَكَّلۡ عَلَيۡهِۚ﴾ هود: ١٢٣، كەواتە هەركەسێ پشت بەخوا ببەستێت و هۆكارەكانی واز لێ بهێنێ و ئەو كەسەیش ، كە تەنها هۆكاربەكاردەهێنێ تەوەكول و پشت بەستنیان بەخوا تەواو نی یە.[1]

٤ـ ترسان و ئومێدەواری:

لەیەزیدی كوڕی عەیازی جەعدەیەوە كە دەڵێت: عمری كوڕی عبدالعزیز نامەی نارد بۆ سولەیمانی كوڕی ئەبی كەریمە و پێ ی ووت: شایان ترین كەس لەبەندەكانی، كە خوا بەگەورە سەیری بكات و لێ ی بترسێت كەسێكە كە ئاوا وەك من دووچاری بەرپرسیاریەتی بووبێت، كەسیش وەك من لێپرسینەوەی سەختی لەسەر نی یە و، زۆر دەترسم ئەم پلەو پایەیەی منی تێیدام هۆی لەناوچونم بێت مەگەر خوا بە ڕەحمی خۆی بمپارێزێت، بیستوومە كە بەنیازیت بڕۆیت بۆ جیهاد و ئەگەر گەیشتیتە ناو گۆڕەپانی جەنگ دووعام بۆ بكە خوای گەورە شەهیدیم بكات بەنسیب، چونكە حالم زۆر خراپە و ترسناكیم زۆر گەورەیە، داوا دەكەم لەو خوایەی كە دووچاری كردوم بەم بەرپرسیارێی یە ترسناكەوە كە ڕەحمم پێ بكات و لێم خۆش ببێت.[2]

ڕەبیعی كوڕی سەبرە بە عمری كوڕی عبد العزیزی ووت: كاتێ كوڕەكەی و براكەی و موزاحیمی هاوڕێ ی لەماوەی چەند ڕۆژێكدا مردن - ئەی ئەمیری باوەڕداران، تا ئێستا كەسێكم نەدیوە لەو جێگەی تۆدا بێت و وێنەی براكەت بۆ براكەی و وێنەی مزاحیمی هاوڕێت بۆت.

عمریش ماوەیەك كە سەری دا خستبوو، پاشان سەری هەڵبڕی ووتی: ئەو چیت ووت ئەی ڕەبیع؟ ومنیش دووبارەم كردەوە بۆی، ئەویش ووتی: نەخێر سوێند بەو

---

١ ـ مدارج السالكین(٢/ ١٢٥).

٢ ـ الطبقات (٥/ ٣٩٤، ٣٩٥).

کەسەی کە ئەو سیانەی ی بردەوە، ئەوەی لەلای خوایە لە ئەجرو پاداشتی ئەوسیانە لەهەموو شتێ گەورە ترە لەلام.[١]

لەقەتادەوە دەگێڕنەوە دەڵێت: عمری کوڕی عبد العزیز نامەی نارد بۆ خەلیفەی دوای خۆی و پێ ووت: ((بسْمِ اللّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ، من عبدالله عمر امیر المؤمنین الی یزید بن عبد الملك، سلاوی خوات لێ بێت، من سوپاسی ئەو خوایەت بۆ دەکەم ، کەهیچ خوایەك نی یە جگە لە ئەو، پاشان.... لەکاتێکدا ئەمن نامەت بۆ دەنوسم نەخۆشی و ئازار زۆوری بۆ هێناوم، تۆش چاکم دەناسیت، کە پرسیارم لێ دەکرێت دەربارەی هەموو ژێر دەستەکانم، پاشای دنیاو ئاخیرەت لێپرسینەوەم لەگەل دەکات، ناشتوانم بچوکترین کردەوەی لێ بشارمەوەو خۆی دەفەرموێت:﴿ فَلَنَقُصَّنَّ عَلَيْهِم بِعِلْمٍ وَمَا كُنَّا غَآئِبِينَ ﴾الاعراف:٧.

ئەگەر خوای - بەبەزەی - لێم خۆش ببێت ئەوە ڕزگار بووم لەسەختی و نارەحەتی دورو درێژی قیامەت، ئەگەر لێشم زویر بێت دەی قوڕ بەسەرم بۆ کرێ بڕوم، داوا لەو خوایە دەکەم، کە جگە لەو خوایەی تر نی یە - تا بەبەرزیی خۆی لەئاگری دۆزەخ بمپارێزێت و بمباتە ناو ڕەزامەندی خۆی و بەهەشتەوە.[٢]

لەم وتەیەی عمرەوە ئەوەمان بۆڕون دەبێتەوە،کە ئەم پیاوە لەنێوان ترس و هیوادا ژیاوە، بێگومان کۆکردنەوەی ترس و هیوا - الخوف و الرجاء - پێکەوە لەبیروباوەڕی سەلەفی صالح بووە، ئەوەش پلەیەکی مام ناوەندە لەنێوان دڵنیا بوونی باوەڕدار لەسزای خواو بێ هیوا بوون لەبەزەیی خوا، سەلەفەی صالح ئوممەت لەخوا ترساون، بەڵام چاوەڕێی بەزەیشی بوون.[٣]

ئەوانە لەو کەسانە، کە خوای گەورە دەربارەیان دەفەرموێت : ﴿ أَمَّنْ هُوَ قَانِتٌ ءَانَآءَ ٱلَّيْلِ سَاجِدًا وَقَآئِمًا يَحْذَرُ ٱلْءَاخِرَةَ وَيَرْجُواْ رَحْمَةَ رَبِّهِۦ ﴾ الزمر: ٩.

---

١ ـ المعرفة والتاريخ للفسوي(١٦١٠).
٢ ـ سيرة عمر لابن الجوزى لا ٢٤٤.
٣ ـ الآثار الواردة عن عمر بن عبد العزيز في العقيدة (١/ ٢٤٥).

دووەم: عمرو ناوه جوانەکانی خوا.

ناوه جوانەکانی خوا، بریتی لەکۆمەڵی ووشە، کە مانانی تەواوی وبێ لەکەیی دەدات بەخوا بەبێ لێچواندن ـالمماثلةـ و بەدوور ڕاگرتنی لەهەموو مانای ناتەواوی و نەنگی یەك.[١]

ناوه جوانەکانی خوا کۆمەڵێك ناون،کەخوای گەورەیان پێ بانگ دەکرێت و، لەقورئان و سوننەتدا هاتوون، مانای پیاهەڵدان و سەناخوانی دەبەخشن.[٢]

لەڕێگەی نامەو ووتارەکانی عمری کوڕی عبدالعزیزەوە، هەندێ لەناوه جوانەکانی خوا ڕوون دەکەینەوە، پرۆگرامی عمر رحمه الله پڕاو پڕ پرۆگرامی قورئان و سوننە بوو، هەندێ لەبیرو باوەڕەکانی ئەهلی سوننە دەربارەی ناوه جوانەکانی خوا دیاری کراون، لەژێر ڕۆشنایی کۆمەڵی ووتەی عمری کوڕی عبد العزیز رحمه الله لەوانە:

١ـ ناوه جوانەکانی خوا ئەزەلین واتە هەر بوون و هەر دەمێنن و عمری کوڕی عبد العزیز دەڵێت: گەرەترین تێنەگەیشتن لەخوا ئەوەی واگومان بەرێت زانیاری لەپێش بەدیهێنانەوە بووە، بەڵکو هەردەم خوای گەورە بەتەنها خۆی هەموو شتێکی زانیوە و بەسەر هەموو شتێکیشدا بینەر بووە پێش ئەوەی هیچ شتێك دروست بکات و پاش ئەوەش.[٣]

عمر لەم خاڵەدا ئەوەی چەسپاند، کە هەر دوو سیفەتی ـ علیم و شهید ـ بەئەزەلی ـ هەمیشەیی ـ بۆ خوا دووپات دەکاتەوە ئەهلی سوننەو جەماعەیش هەمان بیرو ڕایان هەیە.[٤]

٢ـ ناوه جوانەکانی خوای تەعالا ـ تەوقیفیە ـ واتە: قوئان و سوننە دیاریان کردوە و بۆ چوونی کەسی تێدا نی ئەمەش ڕاو بۆ چوونی ئەهلی سوننەو

١ ـ نهج اهل السنة والاشاعرة في توحيد الله (٢/ ٣٩١).
٢ ـ الآثار الواردة(١/ ٢٧٦).
٣ ـ الأثار الواردة عن عمر بن عبد العزيز في العقيدة (١/ ٣٠٤).
٤ ـ هەمان سەرچاوه (١/ ٣٠٥).

جەماعەیە، لە ووتەکانی عمردا ئەوەبەدی دەکرێت، چونکە تەنها ئەو ناوانە بۆ خودا دەچەسپێنێ، کە خواو پێغەمبەر ناویان هێناوە و هەر ئەوانەش ڕاستن، چونکە دروست نی یە بەناوێك خوای گەورە بانگ بکرێت، کە لە قورئانی پیروزدا لەسوننەتی پێغەمبەرﷺ نەهاتبێت.[١]

٣ـ ناوە جوانەکانی خوا وەك ناوون لەهەمان کاتدا سیفاتیشن، ناون چونکە مانای زاتێك دەگەیەنن، سیفەتیشن چونکە هەریەکەیان مانایەکی تایبەتی هەیەو لەلایەن ناوەوە هەموویان یەك ناون بۆ خوای تەعالا، بەڵام هەریەکەو مانایەکی هەیە، وەك رحمن و رحیم و حی و هەموویان ناوی خوان، بەڵام مانای (الحی) بەمانای (الرحمن)نایەت و دوو مانای لەیەك جیان.[٢]

بیرو باوەڕی زانایانی چاکی پێشوو ـ سلف الصالح ـ دەربارەی یەکتا پەرستی لەناوە جوانەکانی خودادا، بە پێچەوانەی هەندی دەستە وتاقمی بەناو سەربەئیسلام وەك (جەهمی)یەکان بوون، کە جگە لە دوو ناو نەبێت، کە (خالق، قادر)ە،ئیتر هیچ ناوێکی نادەنە پاڵی خوا، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو، کە ئەو تاقمە گومانیان وابوو، یەکتا پەرستی هەموو شتێ دەخاتە ئەو لاوە، دان نان بە ناوانەدا دان نانە بەشتی پێش هاتوو ـ حادث ـ[٣]

بەڵام ئەمانە سەریان لێ تێك چووە، چونکە موسڵمانان بە قورئان و سوننەت بووە بە موسڵمان دەبێت واز لەهەموو داهێنان و لادان و ماناکردنێکی هەڵە ـ تأویل ـ بهێنن کە سەردەکێشێت بۆ بێ باوەڕی..خوای گەورەش دەفەرموێت: ﴿وَلِلَّهِ ٱلْأَسْمَآءُ ٱلْحُسْنَىٰ فَٱدْعُوهُ بِهَا ۖ وَذَرُوا۟ ٱلَّذِينَ يُلْحِدُونَ فِىٓ أَسْمَٰٓئِهِۦ ۚ سَيُجْزَوْنَ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ﴾ الاعراف: ١٨٠.

---

١ ـ الأثار الواردة عن عمر بن عبد العزيز في العقيدة (١/ ٣٠٥).

٢ ـ القواعد المثلي لا ٨.

٣ ـ منهاج السنة(٢/٥٥٦).

هەندێ لەناوەکانی خوا باس دەکەین، کە لەلەو وتارەکانی عمری کوڕی عبدالعزیز دا هاتووە لەوانە:

١- (الرب) واتە: پەروەردگار و هەمووجاری عمر بەو ناوەوە هاواری دەکرد خواو دەیوت: ((یارب انفعنی بعقلی))[١] واتە: ئەی پەروەردگار کەڵك سوود بخەرە ناو ژیریمەوە بۆم، (الرب) یەکێکە لە ناوە جوانەکانی خوا وەك خوای گەوەرە دەفەرموێت: ﴿بَلْدَةٌ طَيِّبَةٌ وَرَبٌّ غَفُورٌ﴾ سبأ: ١٥، مانای ووشەی (الرب) واتە: سازێنەری شتەکان و، (رب الشئ) واتە: خاوەنی شت، خوایﷻ خاوەنی هەموو بەندەکانیەتی و سازێنەری کارو باریانە.[٢]

٢- (الحيّ)، واتە: هەمیشە زیندوو، عمری کوڕی عبد العزیز هاوڕێیەکی هەبوو، ئاگاداریان کردەوەو، کە مردووە بەمەبەستی پرسە خۆی گەیاندە ماڵ و منداڵەکەی، ئەوانیش هەر دەگریان و هاواریان دەکرد بەسەریدا و ئەویش پێ ی ووتن: ئەم مردووەتان ڕزق و ڕۆزی ئێوەی نەداوە، بەڵکو ئەوەی ڕزق و ڕۆزی ئێوە دەدات خوایەکی زیندوو نەمرە.[٣]

ووشەی (الحیّ) یەکێکە لەناوە جوانەکانی خواو لەو بارەیەشەوە قورئانی پیرۆز دەفەرموێت: ﴿ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلْحَىُّ ٱلْقَيُّومُ﴾البقرە: ٢٥٥.

مانای زیندووش ئەوەیە، کە بەردەوام بووە و نەمانیشی بەسەردا نایەت، ووشەی (زیندوو) لەتەواوکاریەکانی سەرجەم سیفاتەکانی وەك(العلم) القدرە، السمع، البصرو...هتدە).[٤]

٣- (الواحد القهار) عمری کوڕی عبد العزیز بە موزاحیم ی ووت: ئەی موزاحیم ئیمە بە خۆرو مانگ لە ماڵ دەرناچین، بەڵکو پشت بە خوای (واحد القهار)

---

١ ـ سیرة عمر بن عبد العزین، لابن عبدالحکم لا ٦٨.

٢ ـ الاثار الوارد (١/ ٢٨١).

٣ ـ هەمان سەرچاوە(١/ ٢٨٨).

٤ ـ اشتقاق اسماء الله الحسنی لا ١٠٢.

دەرەدەچین.[١]

دەربارەی ئەو ناوەی پەروەردگار قورئان دەفەرموێت: ﴿ يَوْمَ تُبَدَّلُ ٱلْأَرْضُ غَيْرَ ٱلْأَرْضِ وَٱلسَّمَٰوَٰتُ ۖ وَبَرَزُوا۟ لِلَّهِ ٱلْوَٰحِدِ ٱلْقَهَّارِ ﴾ابراهیم: ٤٨.

مانای (واحد القهار)، واتە: تونها خۆی خاوەنی گەورەیی و ناو سیفاتی جیاو کاری گەورەو مەزنە لە هەموو جیهانیاندا، هەمووی لەژێر دەستەلاَتی ئەو دایە و بەبێ فەرمانی ئەو هیچ شتێك نە دەجولێت و نە لە جولەیش دەکەوێت.[٢]

٤ـ (العلي العظیم) عمری کوڕی عب العزیز نامەی دەنووسی بۆ سەرکردەکانی سوپا و لە کۆتایی نامەکەدا دەینوسی.... و لَا حَوْلَ ولا قُوَّةَ إِلَّا بِاللَّهِ العلي العظیم)[٣] ئەو دووناوە لەناوە جوانەکانی خوای گەورەیە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَا يَـُٔودُهُۥ حِفْظُهُمَا ۚ وَهُوَ ٱلْعَلِىُّ ٱلْعَظِيمُ ﴾البقرة: ٢٥٥، (العلی) بلندەو لەسەر عەرشەکەیەتی و بەرزە، بەرزە چونکە زالە بەسەر هەقوو دروستکراوەکانیدا، بەرزبەوەی کە سیفاتنی تەواوی لە خۆ گرتووە.[٤] (العظیم)، واتە: بەئەندازەیەکی وا بەرزە، کە هەموو لوتبەرزو دەستەلاَتدارەکان نزمن لەبەردەمیدا و لە ئاستی پەروەردگاردا هەموو پاشاکانی دنیا سەر شۆڕن وبێ دەستەلاَتت، دەی پاك و بێگەردی بۆ ئەو خوایەیە، کە خاوەنی گەورەیی یەکی گەورەیە.[٥]

سێ یەم: بیرو باوەڕی عمر دەربارەی سیفاتەکانی خوا:

سیفەتەکانی خوا کۆمەڵە سیفاتێکی تەواون بەردەوام بە خواوە بەندن وەك: (علم، حکمە، بصر، الیدین، الوجە...هتد، کە هەموویان خوای گەورە دەربارەی سیفاتی خۆی لە قورئاندا، یان لەسەر زمانی پێغەمبەرەکەی ﷺ بۆی باسکردووین.

---

١ ـ سیرة عمر بن عبد العزیز، ابن عبد الحکم لا ٣٢.

٢ ـ تفسیر السعدي لا ٤٢٨.

٣ ـ سیرة عمر (ابن عبدالحکم) لا ٨١.

٤ ـ تفسیر السعدي، لا ١١٠.

٥ ـ هەمان سەرچاوە.

کەواتە یەکتا پەرستی خوا لەسیفاتیدا بەوە دەبێت، کە هەموو ئەو سیفاتای خوا داویەتی بە خوێنی ئیمەش بۆی بڕیاربدرین و، ئەمەش ڕەوشتی سەلەفی صالحی ئوممەتی ئیسلامە، کە هەموو ئەو سیفەتانەی خوا بۆ خۆی بڕیارداوە ئێمەش بیدەینە پالی و بەپێچەوانەشەوە چی لەخۆی بەدور گرتووە وئێمەش بەو جۆرە بە دورەی بگرین لێی بەبێ پرسیار کردن لە چونیەتی و لێچواندن، یان لادانی ماناکەی، یان لەکار خستنی ماناکەی.

کەواتە ڕێرەویان لە داننان بە سیفەتەکانی خودا بەبێ لێچواندنی دروستکراوەکانی و واتە بەبێ بەکارهێنانی (تشبیه)و یان لەکار خستنی(التمطیل) وەك خۆی لەقورئاندا وفەرموێت: ﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ﴾، واتە: دوورە لە لێچواندن نموونە، ئایەتی ﴿وَهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ﴾، واتە: بەرپەر دانەوە بێ باوەڕی، یان لەکارخستنی ماناکانی یەتی.[1]

ئەوەش هەندێ لەو سیفاتانەی یە، کە دیسان خوا بۆخۆی داناوە وەك عمری کوڕی عبد العزیزیش بۆ خوادای جێگیرکردوەن.

١ـ (النفس)، واتە: بەمانای خوا خۆی، عمری کوڕی عبدالعزیز نامەی نووسی بۆ (ضحاك)ی کوڕی عبدالرحمن و پێ ی ووت: پاشان، خوای ـ عز وجل ـ ئیسلامێکی بۆ ناردوین، کە (خۆی) پێ ی ڕزای یە، لە ڕێزداریشی کردوە لەلای بەندەکانی بەوەی، کە هیچ ئاینێکی تر قبولّ ناکات جگە لەئیسلام.[2]

ئەمەش لەوە وەری گرتوە، کە خوای گەورە لەقورئاندا بۆ خۆی داناوە و فەرمویەتی: ﴿وَيُحَذِّرُكُمُ اللَّهُ نَفْسَهُ﴾، واتە: خوا دەتان ترسێنێت لەخۆی، پێغەمبەری خوایشﷺ فەرموویەتی: ((لا أحصى ثناءً عليك، انت كما اثنتين على نفسك))[3]، واتە: ئەی پەروەردگارم ناتوانم بە جۆرە سەنا خوانت بم وەك چۆن خۆت وەسف و سەنای خۆتت کردوە.

---

١ ـ مجموع الفتاوى(٣/٨).

٢ ـ سيرة عمر (ابن عبد الحكم)لا ٨٦.

٣ ـ مسلم ژ ٤٨٦.

٢- (الوجه)، واته: (دەم و چاو)و عمر نامەیەکی نارد بۆ خەواریجەکان و تیایدا ووتی: (سوێند دەخۆم بەخودا ئەگەر کوڕی من بوونایە، خوێنی هەمووتانم دەرشت لەپێناوی ڕووی خواو پاداشتی قیامەت).[١]

سیفەتی باسکردنی دەم و چاوو - وجه - لەو سیفەتە تایبەتمەندیانەیە، کە قورئان و سوننە باسیان کردووە، وەك قورئان دەفەرموێت: ﴿وَٱلَّذِينَ صَبَرُواْ ٱبْتِغَآءَ وَجْهِ﴾الرعد: ٢٢. پێغەمبەری خوا ﷺ داوای لەزەت و چێژی بینینی ڕوومەتی پەروەردگار دەکات و، دەفەرموێت: ((واسألك لذة النظر الى وجهك)).[٢]

٣- (القدره)بە توانا، عمری کوڕی عبد العزیز نامەی نووسی بۆ هەندێ لە کاربەدەستەکانی ووتی: پاشان... ئەگەر جارێك توانا و دەسەڵاتت وای لێ کردیت زوڵم لەخەڵکی بکەیت، ئەوا تواناو دەسەڵاتی خوات بیر بکەوێتەوە بەسەر تۆوە، کە ئەوەی تۆ دەیکەیت دەڕوات و ئەوەی خوا دەیکات دەمێنێتەوە).[٣]

لەنامەیەکیشدا بۆ ڕەدی(قەدەری)یەکان دەڵێت: ((... توانای خوای گەورە زۆر لەوە زیاترە، کە کەسێك بتوانێت زانیاری خوا هەڵوەشێنێتەوە).[٤]

خوای گەورەیش خۆی لەقورئاندا سیفەتی توانای بۆ خۆی بڕیارداوە، ﴿إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ﴾ البقره: ٢٠.

چوارەم: ناهێڵێ گۆڕ بکرێتە مزگەوت

(اسماعیل)ی کوڕی (حکیم) لەعمر کوڕی عبد العزیز بیستووە، کە دەیووت: دوایین وتەی پێغەمبەری خواﷺ ئەمەبوو: ((قاتل الله اليهود والنصارى اتخذوا قبور انبيائهم مساجد، لايبقى - أوقال - لا يجتمع دينان بارض العرب))،[٥] واتە: خوا

١ - سيرة عمر (ابن عبدالحكم)لا ٧٥.
٢ - صحيح الالباني في صحيح سنن النسائي (١/ ٢٨٠، ٢٨١).
٣ - سيرة عمر (ابن الجوزى)لا ١٢٥.
٤ - الحلية(٥/ ٣٧٤).
٥ - البخاري،١٣٣٠.

جولەكـە و گـاور لـەناو بـەرێت، كـە گـۆڕی پێغەمبـەرەكانی خۆیانیـان دەكـرد بـە مزگەوت، نابێ بمێنێ، یان فەرمووی - دووئاین نابێ لـەزەوی عەرەبیـدا كۆببنـەوە. (حـصینی) بـۆی گێڕاینـەوە، كـە عمـری كـوڕی عبـدالعزیز قەدەغـەی كـردوە قـەبر بەخشت هەڵببەسترێت.[١]

ئـەم فەرموودەیـەی، كـە عمـر رحمه الله دەگێڕێتـەوە ئـەو ئاگاداریـەمان بـۆ ڕوون دەكاتەوە، كە پێغەمبەری خـوا ﷺ بـۆ ئوممەتەكـەی كـردووە، كـە گـۆڕەكـان بكـەن بەمزگەوت و ئەوكارەش كاری جولەكەو گـاوەرو موسـڵمانیش قەدەغـەی لێ كـراوە چاو لەو دووتاقمە نەفرەت لێكراوو گومڕایە بكات، بـەدەقی قورئـانی پـیرۆز، پێـشتر باسمان كرد عمر بەرگری كردوە لەوەی گۆڕ هەڵبەسترێت.[٢]

كاتێ وەلیدی كوڕی عبد الملك فەرمانی دەركرد مزگەوتەكەی پێغەمبـەر ﷺ نـوێ بكاتەوە و لەو كاتەدا عمری كوڕی عبدالعزیز رحمه الله ئەمیری شاری مەدینە بـوو، پـێ ی ووتبو، كە ئەو كارە بكات و ژورەكانی پێغەمبەر ﷺ و ژوورەكەی عائیشە رضي الله عنها، كـە گۆڕی پێغەمبەری خواو دوو یارەكەی لێ بوو- بیخاتە سەر مزگەوتەكە، بەڵام عمر رحمه الله كۆتایی گۆڕەكانی بە دیوارێك لە مزگەوتەكـە جیـا كـردەوە، تـا نـەوەك نوێـژ خـوێن ڕووبكاتـە گـۆڕی پێغەمبـەرو نوێـژ بكـات، ئەمـەش لەوكاتـەدا بـوو، كـە دیـواری مزگەوتەكە ڕووخا و بـەو شـێوەیە دروسـتی كـردەوەو مزگەوتەكـەی كـرد بـە پێـنج ڕوكن.[٣]

مەبەست لەوكارەش: عمری كـوڕی عبـدالعزیز رحمه الله ویستی بەژیرانـە و حیكمـەت خۆی دەرگاكان لەسەر هاوبەشی پەیدا كردن دوابخات؛ وەك چۆن لە ووتـەی زۆرێـك لەو كەسانەی لەسەردەمی دروستكردنەوەی بە مزگەوتەكەدا ئامادەبوون لەمەدینـە، گومانیشی تێدا نی یە، كە مزگەوت كردنی گۆڕەكەی پێغەمبەریان هەر گۆڕێكی تر و قەدەغە كردنی پێغەمبەر ﷺ لەوكارە لەبەر ئـەوە بـوو، كـە بەگـەورە سـەیر كردنـی

---

١ - سیرة عمر (ابن الجوزی)لا ٢٤٦.
٢ - الاثار الواردة(١/ ٢٦٤).
٣ - هەمان سەرچاوە(١/ ٢٦٥).

گۆڕەکەی ئەویان هەر گۆڕێکی تر سەردەکێشێ بەرەو هەڵخلسکان و پاشتریش بەرەو کوفر و بێ باوەڕی وەك چۆن گەلانی پێش ئیسلام چاری بوون.[١]

عمریش رحمه الله قەدەغەی ئەوەشی کرد، کە گۆڕەکەی خۆی هەڵبستن لەدوای خۆی بۆ ئەو مەبەستە وەسیەتنامەیەکی نوسیبوو، ئەمەش لەسەر دەمێکدا بوو، کە بیرو باوەڕیان پاك و بێگەرد بووە، بە بەراورد لەگەڵ سەدەکانی دواتردا، بەلام بە تێگەیشتنە وردەکەی لەمەبەستەکانی سونەتی پێغەمبەر ﷺ و شوێن کەوتنی بەرنامەی دروست کەبەرنامەکەی پێغەمبەرو یارە ڕاشیدەکانی بوو، خوای یارمەتی دا بوو، تاوەسیەت بکات، گۆڕەکەی هەڵ نەبەستن نەوەك بکرێتە مزگەوت، واتە فریای مەسەلەکە کەوت پێش ئەوەی تەشەنە بکات.

گومانی تێدا نی یە، کە ئەو بۆ چوونەی عمری کوڕی عبدالعزیز پڕاو پڕ جێ بەجێ کردنی ئەو فەرموودە صحیحەیە کە مسلم لە جابری کوڕی عبدالله وەدەیگێڕێتەوە، کە دەڵێت: ((نهى النبي ﷺ ان يجصص القبر وان يقعد عليه وان بنى عليه)).[٢] واتە: پێغەمبەر ﷺ قەدەغەی کردووە قەبر هەڵبەسترێت، یان لەسەری دابنیشن، یان دیواری بۆ بکرێت.

پێنجەم: مانای باوەڕ لەلای عمری کوڕی عبدالعزیز:

عەدی کوڕی عەدی دەڵێت: عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله بۆی نوسیم: (پاشان...باوەڕ کۆمەڵێك فەرزو شەرع و حدود و سننەتن، هەرکەسێك بەتەواوی ئەنجامیان بدات ئەوە باوەڕی تەواو ی هەیەو هەرکەسێکیش بەتەواوی نەیانکات ئەوە باوەڕی تەواو نەکردوە، ئەگەر بمێنم بەجوانی بۆتان ڕوون دەکەمەوە، تا کردەوەیان پێ بکەن، ئەگەر مردیشم ئەوە زۆر حەزم لەمانەوە نی یە لەناوتاندا).[٣]

جەعفەری کوڕی بەرقان دەڵێت: عمری کوڕی عبدالعزیز نامەی بۆ نوسین و پێمانی ووت: (... پاشان... لقەکانی ئاین و پایەکانی ئیسلام - باوەڕ بوونە

---

١ - مسلم ژ: ٩٧.

٢ - فتح الباري على صحيح البخاري(١/ ٢٥).

٣ - فتح الباري على صحيح البخاري(١/ ٤٥).

بەخوای گەورەو بەرپاکردنی نوێژ و دەرکردنی زەکاتە و نوێژەکانتان لەوەختی خۆیدا ئەنجام بدەن).[١]

عمر‌رحمه‌الله ئەوەی ڕوون کردەوە، کە باوەڕ کۆمەڵێ فەرمانە وەك نوێژ و ڕۆژوو کۆمەڵێ شەریعەتە وەك بیرو باوەڕ ئیسلامیەکانی وەك باوەڕ بەخوا و فریشتەکان و کۆمەڵی(حدود)ەوەك مەی خواردنەوە وشەرواڵ پیسی، کۆمەڵێ سوننەتیشە وەك نوێژو ڕۆژوو سوننەتەکانی ولابردنی شتی سەرە ڕێگا و کۆمەڵێ سوننە گەلی تریش، ئەمانە بەهەموویانەوە باوەڕە پێکدەهێنن.[٢]

ئەمەی کە عمر ـ باسی کرد ـ ئەو ڕاستی یە یەکە قورئان و سوننەت و ووتەی سەلەفی سالْحی ئوممەت ڕوونیان کردۆتەوە، باوەڕ واتە: دەربڕین بەزمان، باوەڕ کردن بە دڵ، کردەوەکردن پێ ی بەئەندامەکانی لەش).[٣]

بەڵگەیەك لەسەر ئەوەی باوەڕ واتە: دەبڕین بەزمان خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ قُولُوٓاْ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيۡنَا وَمَآ أُنزِلَ إِلَىٰٓ إِبۡرَٰهِـۧمَ ﴾البقرە: ١٣٦. فەرموودەی پێغەمبەرەکەی‌ﷺ،کە دەفەرموێت:((امرتُ ان اقاتل الناس حتى يقولوا لااله الاّالله فمن قال لا اله الاّالله فقدعصم منىنفسه وماله لاّبحقه وحسابه على الله)).[٤]

بەڵگەش لەسەر ئەوەی، جێگیر بوونی باوەڕ لەنێوان دڵدا ووتەی پەروەردگارە، کە دەفەرموێ: ﴿ إِنَّمَا ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ٱلَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ ٱللَّهُ وَجِلَتۡ قُلُوبُهُمۡ ﴾ الانفال: ٢، واتە: باوەڕدارەکان هەرکاتێ خوایان خرایەوە یاد دڵیان حەشۆکە دەکات. واتە: حەشۆکە کردنی دڵی بەباوەڕ ناو هێناوە.

نامەیەکشی نووسی و تیایدا ووتی: ((داوا دەکەم لەخوا بە ڕەحم و بەزەیی و فراوانی فەزڵی خۆی، کە هیدایەت دراوان زیاتر ڕێنموونی بکات و گوناهبارانیش بخاتە سەر ڕێگای تەوبە و پەشیمانی)).[٥]

---

١ ـ الاثار الواردة(١/ ٥٤٣).
٢ ـ الاثار الواردة (١/ ٥٤٥).
٣ ـ هەمان سەرچاوە(١/ ٥٤٤).
٤ ـ مسلم ژ ٣٢.
٥ ـ الطبقات(٦/ ٣١٣).

شەشەم: باوەڕ بەڕۆژی قیامەت.

قسەکردن دەربارەی ڕۆژی دوایی زۆر لایەن دەگرێتەوەو، هەموو ئەو ڕووداوانەی دوای مردن دێنە دی وەك سزای گۆڕ و خۆشی یەکانی و زیندوو بوونەوەو لێپرسینەوە و پاداشت و سزا و بەهەشت و دۆزەخ، عمر دەربارەی ئەو بابەتانە ووتەی هیەو لەوانە:

١ـ سزای گۆڕو خۆشی یەکەی:

عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله بە پیاوێك دەڵێت: ((فلان کەس، دوێنێ سورەتی ﴿أَلْهَىٰكُمُ ٱلتَّكَاثُرُ ۝١ حَتَّىٰ زُرْتُمُ ٱلْمَقَابِرَ﴾م خوێندەوە، ئایا زیارەت کەر چەندی بمێنێتەوەو، پاشان ببرێت بۆ بەهەشت، یان دۆزەخ.[1]

جارێکیان ووتاری دەدات و دەیووت: ((ئەی خەڵکینە، ئایا نابینن ئێوە شت و مەکی لەناو چووەکان بەکاردەهێنن و لەماڵی مردواندا دەژین و لەخانەو ماڵی لەناوچوواندانەکە جاران دراوسێتان بوون و، تا دوێنێ لەگەڵتاندا بوون، کەچی ئەمڕۆ لەگەڕەکی خامۆشاندان، لەنێوان ئەوەیان، تا ڕۆژی دوایی لەخۆشی و نازونیعەمتی گۆڕدان، یان تا قیامەت لەناو ناخۆشی و سزای ناو گۆڕدان)).[2]

جارێکی تر لە(خەناسیرە) ووتاری دەداو دەیوت: ((هەموو ڕۆژێك ماڵئاوایی لە کەسێك دەکەن و بەخاکی دەسپێرن، گیان دەسپێرن و تەمەنی تەواو دەبێ، پاشان ئەیخەنە ناو جەرگەی زەویەوەو بەبێ پشتی دۆشەك ڕاجەکشێنن، لەخۆشەویستانی و لەهەموو شێ جیا بوویەوە، بەرەو ڕووی لێپرسینەوەو خاکنشین بو، دووچاری کردەوەکانی خۆی بوو، لە دوای خۆی زۆری بەجێ هێشتووە و، بەڵام بۆ خۆی هەژارو نەدارە.[3]

---

١ ـ الحلية(٥/ ٣١٧).
٢ ـ سيرة عمر (ابن الجوزی)لا ٢٥٩ـ ٢٦٠.
٣ ـ سيرة عمر (ابن الجوزی)لا ٢٥٩ـ ٢٦٠.

٢ـ باوەڕ بە زیندوو بوونەوە دابەزینی خوا بۆ ساحەی مەحشەرو لێپرسینەوە:

عمری کوڕی عبدالعزیزﷺ لە خەناسیرە ووتاری دەدا و دەیووت: ئەی خەڵکینە، ئێوە بەهەوانتە دروست نەبوون، هەروایش وازتان لێنا هێنرێت، ئێوە گەڕانەوەیەکتان هەیە بۆلای خوا و خواش دادەبەزێتە گۆڕەپانەوەکە بۆ لێپرسینەوەو یەکلا کردنەوەی مەسەلەکان.[١]

هەروەها نامەی نووسی بۆ هەندێ لە کاربەدەستەکانی و ووتی: (.. پاشان.. لە بەر چاومە وابەندەکان گەڕانەوە و بەردەمی خواو، ئەویش ئاگاداری کرد لە هەمووشتێك، پاداشتی خراپەکارانی بەخراپە و چاکە کارانیشی بەچاکە دایەوە).[٢]

جەریری کوڕی حازم دەڵێت: ئەو نامەیەم خوێندەوە، کە عمری کوڕی عبدالعزیز نارد بووی بۆ عەدی، کە نووسیبووی: ((... وبزانە، کە کەس لە توانایدا نی یە هەموو کێشە و مەسەلەکان نێوان خەڵکی چارەسەر بکات و هیچ نەهێڵێتەوە، بەڵکو هەندێکی دوادەکەوێت بۆ ڕۆژی لێپرسینەوە- یوم الحساب -)[٣]

نامەیەکی نوسی بۆ عەدی کوڕی ارطاة ووتی: (پاشان... شەوێکێت دەخەمەوە یاد، کە بەیانی یەکەی ڕۆژی قیامەتە، ئای چ شەوێکە! ئای، کە بەرەبەیانێکە! لەسە ربێ باوەڕان زۆر قورس و ناڕەحەتە).[٤]

هەروەها نامەی دەنووسی بۆ هەندێ لە سوپاکانی و پێ ی دەووتن: (.. پاشان... ئامۆژگاریتان دەکەم لە خوا بترسن و بەردەوام لەگوێ ڕایەڵی ئەو دابن، هەر کەسێ حەزی لەبەهەشە و لەدۆزەخ هەڵدێ دەی هەر ئێسا ئا لەم ڕۆژە بەتاڵانەدا، تەوبە یەکی وەرگیراو و، گوناهێکی لێ خۆش بوو، پێش ئەوەی ئەجەل بێت و تەمەنت کۆتایی بێت، ئەم کاتە بێ کاریانەیانەت بەکاربهێنە، چونکە خوا بۆیە بواری فەراهەم هێناون، تا لەڕۆژی قیپامەتدا تاوانباریان بکات و هیچ پارەو

---

١ ـ سيرة عمر (ابن عبد الحكم)لا ٤٢.

٢ ـ ذم الدنيا لابن ابي الدنيا لا ٨١.

٣ ـ في الزُهد هناد السرى (١/ ٢٩٩ـ ٣٠٠).

٤ ـ سيرة عمر (ابن الجوزى) لا١١٥.

پول و فیدیه یەك وەرناگیرێت، فێڵ و فڕ دەوەری نامێنێت، شاراوەکان ئاشکار دەکرێن، شەفاعەتی تکاکاران دەوریان نامێنێت، خەڵکی بەکردەوەکانیانەوە بەرەو ڕووی دەڕۆن، هەریەکە بەپێ ی کردەوەکانیان بڵاوەی لێ دەکەن بۆ ماڵەکانیان، دەی خۆشبەختی بۆ ئەو کەسانەی گوێڕایەڵی خوا یان کرد، وەیل بۆ ئەو کەسانەی سەرپێچی خوایان کرد).[١]

باوەڕ بەڕۆژی دوایی و زیند بوونەوە و ئەوەی، کە خوای - عز وجل - هەموو خەڵکی کۆدەکاتەوەو حیکمەت لەو ڕووداوە گەورەەی و ناڕەحەتی و ئاستەمی لەسەر بێ باوەڕان، لە ووتارەکانی عمری کوڕی عبدالعزیز داهاتوە و گومانی تێدانی یە باوەڕی بە ڕۆژیی قیامەت لەگرنگترین بیرو باوەڕ ئیسلامی یە.

٣- کێشانە - المیزان.

عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله دەڵێت: ئایا حاڵەتی مرۆڤی مردووانتان نەدیووە؟! دەم و چاویان نەماوە، ناوی لەبیر کراوە، وەك بڵێ ی هەرگیز لەناو خەڵکیدا نەبووەو ماڵ و حاڵی ئاوەدان نەکردۆتەوەو ، دەی لەڕۆژێك بترسن، کە قورسایی زەڕەیەك کردەوە وون نابێت لەسەر کێشانە و تەرازوو دادەنرێت).[٢]

دەڵێ: (.. پەنا دەگرم بەخوا شتێکتان لێ قەدەغە بکەم و خۆم نەیکەم، کاسپی یەکەم: (بجدل الشافعی) لەباوکی یەوە دەگێڕێتەوە، کە هاوڕێ ی عمر بووە دەڵێ: (مایە پوچ بێت، داماویم لەوەی ئاشکرا بێت، «هەژاریم لەوی بەسەردا بێت، کەهەژارو دەوڵەمەندی بەکێشانەو پێوانەی ئەوی دی دەردەکەوێت). عمری کوڕی عبدالعزیز بینی ئایەتی ﴿وَنَضَعُ ٱلْمَوَٰزِينَ ٱلْقِسْطَ لِيَوْمِ ٱلْقِيَـٰمَةِ ...﴾ الانبیاء: ٤٧ ، کۆتایی خوێندەوە لاشەی لار بویەوە خەریك بوو دەکەوت بەلا.[٣]

---

١ - سیرة عمر (ابن الجوزی) لا٢٢٥.
٢ - هەمان سەرچاوەلا ٢٣٤- ٢٤٤.
٣ - سیرة عمر (ابن الجوزی)لا ٢٥٥.

هەموو ئەم ڕووداوانەی پاش مردن وەك زیندوو بوونـەوەو کۆبونـەوە لەمەحـشەر داو دابەزینی پەروەردگار - دابـەزنێك شایـستەی خـوا بێت - بـۆ یـەکلا کدرنـەوەو لێپرسینەوە، دانانی کێشانە، کە کێشانەیەکی ڕاستی و بەرجەستە یـەو کـردوەوەی بەندەکانی پێ دەپێورێت.[١]

(ابن مجمر) دەلێت: ئەبو ئیسحاقی زوجاجی دەلێت: هەموو ئەهلی سونن لەسـەر ئـەوەن، کـە لەقیامەتـدا میـزان و تـەرازوو دادەنرێـت، کـردەوەی بەنـدەی پـێ دەپێورێـت، ئـەو تـەرازوە زمـانی هەیـە و دوولای هەیـە بـۆ کێـشانی کـدرەوەکانی، هەرچـەندە (موعتەزیلـە) ڕایـەکی سـەیریان هەیـە لەسـەر ئـەو تـەرازووە و دەڵـێن: مەبەسـت لەتـەرازووی کردەوەکـان داد پەروەرییـە، بـەم ووتیەشـیان پێـچەوانەی قورئان و سـوننەت دەکـەن، چـونکە خـوا زۆر لـەوەش گـەورەترە، کـە تەرازوویـەك دابنێت و کردەوەی بەندەکانی بەبەرچاوی خۆیانەوە بکێشێت چاك وخراپی خۆیـان ببین و شایەت بێت لەسەیان.[٢]

ئەم تەرازووەخوای یەش زۆر وورده، کەم و زیاد ناکات و،خوای گەورەش دەربارەی دەفەرموێ:﴿ وَنَضَعُ ٱلْمَوَٰزِينَ ٱلْقِسْطَ لِيَوْمِ ٱلْقِيَـٰمَةِ فَلَا تُظْلَمُ نَفْسٌ شَيْـًٔا ۖ وَإِن كَانَ مِثْقَالَ حَبَّةٍ مِّنْ خَرْدَلٍ أَتَيْنَا بِهَا ۗ وَكَفَىٰ بِنَا حَـٰسِبِينَ﴾الانبیاء: ٤٧.

٤ـ حەوزی کەوسەر:

عمری کوڕی عبـدالعزیزﷺ نامـەی نووسـی بـۆ بەرپرسـی دیمەشـق پـێ ی ووت: پرسیارم بۆ بکە لە (ئەبو سەلام) لەوەی، کە لە (ثوبان)ی خزمەتکاری پێغەمبـەری خـواﷺ دەربـارەی (حـەوز)ی - کەوسـەر - چـی بیـستووە؟ ئـەگرە ووتـی بـەڵێ بیستوومە بۆم بنێرە با بێت بۆ لام.[٣]

---

١ ـ الاثار الواردة عن عمر بن عبدالعزيز (١/ ٤٥٧).
٢ ـ فتح الباري (١٣/ ٥٣٨).
٣ ـ البداية والنهاية لة (الاثار الواردة)، (١/ ٤٦٢).

لەڕیوایەتێکی تردا هاتووە، کە عمری کوڕی عبدالعزیز ناردی بەدوای - ئەبو سەلامی حەبەشیدا- ئەویش هات بۆ لای ووتی: ڕێگا زۆر هیلاکی کردم و عمریش ووتی: مەبەستمان ماندوو کردنت نەبوو، بەڵام پێم گەیوە، کە تۆ دەربارەی حەوز فەرمودەیەکت لە(ثوبان)ەوە بیستووە، حەزم کرد لەدەمی خۆتەوە بیبیستم، ئەویش ووتی: لە (ثوبان)ەوە بیستم دەیووت: لە پێغەمبەری خوام ﷺ بیستووە، کە فەرموویەتی: ((ان حوضی من عدن الی عمان بلقاء،[1] ماءه اشد بیاضاً من اللبن، و أحلی من العسل، واكوابه عدد نجوم السماء، من شرب منه شربة لم يظمأ بعدها ابداً، واول الناس وروداً عليه فقراء المهاجرين))،[2] واتە: ئەو حەوزەی من درێژیەکەی لەعەدەنەوە، تاعمانی بە لقانە و ئاوەکەی لەشیر سپی ترو لە هەنگوین شیرینترو پەرداخەکانی بەئەندازەکانی ئەستێرەکانی ئاسمانەو هەرکەسێ یەك جار لێی بخواتەوە هەرگیز تینووی نابێت، یەکەمین تاقم، کە دەچنە سەری هەژارانی کۆچەریانن.

گومانی تێدانی یە باوەڕ بوون بە حەوزی کەوسەر یەکێکە لە بیرو باوەڕەکانی ئەهلی سوننە و جەماعە، بەبەڵگەی ئەو دەقانەی ڕاستەو خۆ باسی دەکەن و تاوای لێ هاتووە لە زۆر ی فەرموودەکانیدا بووە بە (تەوا تور).[3]

٥- پردی سیرات - الصراط -:

عمری کوڕی عبدالعزیز نامەیەکی نووسی بۆ برایەکی - موسڵمانان - و پێ ی ووت: ئەی برای خۆم، تۆ زۆربەی ماوەی گەشتەکەت بڕیووە و ماوەیەکی کەمت ماوەتەوە، دەی برای خۆم ئاگات لە پەڕینەوەکان بێت، کە وەحی بۆ پێغەمبەرەکەت کراوە لە قورئاندا، کە تۆ دەبێت بەسەر - پردەکەدا بڕوێت - بەڵام نەوتراوە، کە ئایا دەگەیتە ئەو بەرەوە، یان دەکەویتە خوارەوە؟ نەکەی دنیا

---

١ - (الاثار الواردة)، (١/ ٤٦٣).

٢ - سيرة عمر (ابن الجوزي)لا ٣٧.

٣- تەواتور:واتەژمارەیەکی زۆرجیاجیا گێڕاویانەتەوە، کە گومانی تری تیا نامێنێ. وەرگێڕ.

بتخەڵەتێنێت، دونیا ماڵی ئەو کەسەیە، کە ماڵی نی یە، پارە و سامانە بۆ ئەوکەسانەی پارەو سامانیان نی یە.[١]

ئەم ووتەی عمری کوڕی عبدالعزیز ﷺ بەڵگەیە لەسەر باوەڕ بوون بە پردی سیرات، ئەمەش دوای ناڕەحەتیەکانی ڕۆژی قیامەت و لەو ڕۆژە دژوارەدا، کە خەڵکی دەدەن بەسەر ئەو پردەدا، کە بەسەر هەموو دۆزەخدا کێشراوە، لەموو باریکتر و لە شمشێر تیژترە، هەموو خەڵکی دەبێ بەسەریدا تێپەڕ ببن و لە یەکتا پەرستان، تا گونهباران و سەر پێچی کەران و دوو ڕووەکان، بەر چاویان تاریك دەبێت و لە موسڵمانان جێ دەمێنن بەبەر بەستێك ناهێڵن لەگەڵ موسڵماناندا بچنە ئەو بەرەوە، هەر موسڵمانەو بەپێ ی کردەوەی چاکی خۆی نووری بێ دراوە بۆ ڕۆشن کردنەوەی بەر پێ ی خۆی، دەڕۆن بەسەر پردەکەدا هەندێك وەك هەورە بروسکە هەندێك وەك با، هەندێکیش بەهەزار حاڵ دەپەڕنەوە جاریێ دەستیان بەر دەبێت و جارێك قاچیان بەر دەبێت و خۆیان دەگرنەوەو پرژی ئاگریان بەر دەکەوێت.[٢]

قورئان و فەرموودەی پێغەمبەرﷺ ئەم پردەیان باسی کردوە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِن مِّنكُمْ إِلَّا وَارِدُهَا كَانَ عَلَى رَبِّكَ حَتْمًا مَّقْضِيًّا﴾ مریم: ٧١، واتە: هەموو یەکێکتان دەبێت بدەن بەسەر ئەو پردەدا و ئەمەش بڕیارێکی نەگۆڕی پەروەردگارتە.

هەر لە سورەتی مریم یائەتی (٧٢) دەفەرموێت: ﴿ ثُمَّ نُنَجِّي الَّذِينَ اتَّقَوا وَّنَذَرُ الظَّالِمِينَ فِيهَا جِثِيًّا﴾، واتە: پاشان ئەهلی تەقوا و ڕزگار دەکەین لێ ی وستەمکارانیش لە نیواندا دەهیلێینەوە.

پێغەمبەری خواشﷺ دەفەرموێت: ((لایلج النار أحد بایع تحت الشجرة))، واتە: ئاگری دۆزەخ بەری کەسێك ناکەوێت، کە لەژێر درەختەکەدا بەیعەتی داوە، لەوێدا حەفسە- خێزانی- ووتی: ئەی خوای گەورە نافەرموێت: ﴿ وان منكم الا واردها ربك

١ - سيرة عمر (ابن الجوزي)لا ٣٨.
٢ - شرح الطحاوية لا ٤٧٠. لة (الاثار الواردة)، (١/ ٤٦٨)وەرگیراوە.

حتماً مقضاً﴾، واتــه هــه‌موو كه‌سێك ده‌بێـت بـڕوات به‌ناویـدا؟ پێغه‌مبـه‌ریش ﷺ فه‌رمووی: ئه‌ی نه‌تبیستووه ده‌فه‌رموێت: ((ثم نجي الذين اتقوا ونذر الظالمين فيها جثياً))؟ واته: ئاماژه‌ی به‌وه كرد، كه تێپه‌ڕبوون به‌سه‌ر دۆزه‌خدا مانای ئه‌وه‌نی یه ده‌خرێته ناوی یه‌وه، ووشه‌ی (ورود)، واته: تێپه‌ڕین به‌سه‌ر پردی سیرات دا.[1]

كه‌واتـه دوو جـۆر تێپـه‌ڕ بـوون هه‌یـه به‌سـه‌ر دۆزه‌خـدا: یه‌كـه‌م: تێپـه‌ڕ بـوونی باوه‌ڕداران به‌سه‌ر پرده‌كه‌دا بۆ ئه‌وه به‌ره‌وه و عمریش ئه‌مه‌ی دوایی مه‌به‌ست بوو.

٦ـ به‌هه‌شت و دۆزه‌خ:

عمری كوڕی عبدالعزیز جارێكیان ده‌ستی كـرد بـه‌گریان و فـاطمـه‌ی خێزانیـشی ده‌ستی كرد به‌گریان و، پاشان چی له‌ماڵه‌كه‌دا بوو ده‌ستیان كرد به‌گریان، كه‌سیش نه‌یده‌زانی بۆچی ده‌گرین، پاش ئه‌وه‌ی ئارامی هیوری هاته‌وه به‌سـه‌ریاندا، فـاطمـه رووی كرده عمـرو پـێ ی وت بـه‌قوربانت بم ئـه‌ی ئـه‌میری بـاوه‌ڕداران ئـه‌وه بۆچـی ده‌گریایی؟

عمریش ووتـی: ئه‌ی فاگمه بیری ئه‌و ساته وه‌خته‌م كرد، كه خـه‌ڵكی گه‌ڕانه‌تـه‌وه به‌رده‌سـتی خـوداو ده‌سـته‌یه‌كیان بـۆ به‌هه‌شـت ده‌ڕوات و ده‌سـته‌یه‌كیان بـۆ نـاو ئاگر... پاشان هاوارێكی كرد و له‌هۆش خۆی چوو.[2]

سوفیان ده‌گێڕێته‌وه ده‌ڵێت:ڕۆژێكیـان عمـری كـوڕی عبـدالعزیز رحمه الله زۆر مـات و بێده‌نگ بوو كاتێ هاوڕێكانی قسه‌یان ده‌كرد پێكه‌وه، بۆ ئه‌و ماتی یه‌ی پرسـیاریان لێ كردووتیان: ئه‌ی ئه‌میری بڕواداران ئه‌وه چیه وا بێده‌نگی؟

ئـه‌ویش له‌وه‌ڵامـدا ووتـی: بـیرم له‌خـه‌ڵكی نـاو به‌هه‌شـت ده‌كـرده‌وه، كـه چۆن سه‌ردانی یه‌كتریان ده‌كه‌ن و، بیرم له خه‌ڵكی ناو دۆزه‌خ ده‌كردوه، كه چۆن هاوار و بۆڕه بۆڕ ده‌كه‌ن تێدا، پاشان ده‌ستی كرد به‌گریان.[3]

---

١ ـ شرح الطحاوية لا ٤٧١.

٢ ـ الرقة والبكاء لا ٧٦.

٣ ـ سيرة عمر (ابن الجوزى)لا ١٢٥.

هەروەها نامەی نوسی بۆ هەندێ لەسوپاکانی ئیسلام و پێ ی وتن: چاك بزانن ئەگەر بەندە خوا لێ ڕازیبێت و بڕواتە بەهەشتەوەهەرچی بەلاو نەگبەنی دونیای بەسەر دادێت گرنگ نی یە، هەر وەك بەندەیەك خوا لێ ی بڕەنجێت و بیخاتە دۆزەخەوە چ سودێکی هەیە بۆی هەموو نازو نیعمەتە و خۆش گوزەرانی یەکانی دنیای؟ خەڵکی بەهەشت هەست بەنارەحەتی یەکانی دنیا ناکەن و خەڵکیدۆزەخیش هەست بەخۆشی و لەزەتەکانی دنیا ناکەن و ئەو شتانە هەموویان هەروەك نەبووبن وایە.[١]

(فضل)ی کوڕی (ربیع) دەڵێت: لە (فضیل)ی کوڕی (عیاض)م بیست دەیووت: جارێکیان کار بەدەستێکی عمرﷺ سکالای خۆی دەکرد بۆ عمر، عمریش نامەی بۆ نووسی و پێ ی ووت: ئەی براکەم، بیر لە شەونخونی نی یە نەبڕاوەو دورودێژەکان دۆزەخ بکەرەوە، دەخیلت بم نەکەی پشت هەڵبکەیت لەوەی لەلای خوایەو لەئاکامدا بێ بەش و بێ هیوا بمێنیتەوە، هەر کە نامەکە گەیشتە ئەو پیاوە و، خوێندیەوە، بەخێرایی ولاتانی بڕی و خۆی گەیاندەوە لای عمر،عمریش ووتی: ها خێرە بۆچی هاتویتەوە؟ کابرا ووتی: نامەکەت دڵی دەرهێنام، تا ئەو ڕۆژەی خوا گیانم دەکێشێت هیچ پۆست و بەرپرسیاریەتی یەك وەرناگرم.[٢]

ئەم باوەڕەی عمر بەبەهەشت و دۆزەخ لەوەوە سەرچاوەی گرتیبوو، کە قورئانی پیرۆز دەفەرمویت: ﴿إِنَّ ٱلۡأَبۡرَارَ لَفِي نَعِيمٖ ١٣ وَإِنَّ ٱلۡفُجَّارَ لَفِي جَحِيمٖ﴾الانفطار: ١٣، ١٤، واتە: چاکەکارەکان لەناو نازو نیعمەتی بەهەشتدا دەبن و، خراپەکارەکانیش دەخرێنە ناو ئاگری دۆزەخەوە.

یان پێغەمبەری خواﷺ دەفەرموێت: ((ان احدکم إذا مات عرض عاليه مقعده بالغداة والعشي، ان كان من اهل الجنة فمن اهل الجنة، وان كان من اهل النار فمن اهل النار، يقال: هذا مقعدك حتى يبعثك الله يوم القيامة)).[٣] واتە: هەر یەکە لە ئێوە

---

١ ـ سيرة عمر (ابن الجوزی) لا ١٢٥.

٢ ـ هەمان سەرچاوە لا ١٢٤ـ ١٢٥.

٣ ـ مسلم ٢٨٦٦.

بمرێت هەموو ئێوارەیەك سەرەنجامی خۆی پێ پیشاندەدرێت، ئەگەر بەهەشتی بێت بەهەشت و ئەگەر دۆزەخی بێت دۆزەخی پێ پیشاندەدرێت، پێی دەڵێن: ئەمە شوێنی خۆتە، تا ئەو کاتەی زیندو دەکرێتەوە.

٧ـ بینینی خوای گەورە لەبەهەشتدا:

عمری کوڕی عبدالعزیز نامەی نووسی بۆ هەندێ لەسەر بازەکانی و پێ ی ووتن: پاشان... ئامۆژگاریت دەکەم بەوەی لەخوا بترسە و دەس بگرە بە فەرمانەانی یەوە و ئاینەکەی لە گۆش بگرە، قورئانەکەشی بکەرە بەرنامەی ژیانت، هەر لەخوا ترسانە، کە خاوەنەکانی لەخەشم و تورەیی خوا دەپارێزێت، هەر بەو هۆیەشەوە دەبنە (ئەولیاء)و بەرزیان دەکاتەوە، هەر بەو هۆشەوە بوونەتە هاورێ ی پێغەمبەرران و بەو بۆنەیەشەوە ڕوویان جوان دەبێت و تەماشای پەروەردگار و خولقێنەرەکەیان دەکەن.[١]

ئەم باوەڕەی عمریش لەقورئانی پێغەمبەرەوە سەرچاوەی گرتبوو، مە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَّاضِرَةٌ ﴿٢٢﴾ إِلَىٰ رَبِّهَا نَاظِرَةٌ﴾ القیامە ٢٢ــ ٢٣. واتە: کۆمەڵە دەموچاوێك جوان و گەشاون لە ڕۆژی قیامەتدا و بۆ خوای گەورە دەڕوانن.

(مهیب) دەگێڕێتەوەو دەڵێت: لە پێغەمبەری خوایان پرسیﷺ دەربارەی مانای ئەو ئایەتەی، کە دەفەرموێت: ﴿لِّلَّذِينَ أَحْسَنُوا الْحُسْنَىٰ وَزِيَادَةٌ﴾ یونس: ٢٦، واتە: بۆ ئەوکەسانەی چاکە کارن چاکەو خۆشی هەیە لەگەڵ شتی تریشدا، لەوەڵامدا فەرمووی: ((اذا دخل اهل الجنة الجنة واهل النار النار يناد مناد: يا اهل الجنة، ان لكم عند الله موعداً يريد ان ينجزكموه، فقالوا: الم تبيض وجوهنا و تثقل موازيننا و تجرنا من النار، قال: فيكشف الحجاب فينظر اليه، فوالله ما اعطاهم الله شيئا احب اليهم من النظر الى ربهم عزوجل)).[٢]

---

١ ـ الرد على الجهمية للدارمي.

٢ ـ مسلم ٢٩٧.

واتە: دەربارەی ووشەی (شتی زیاتریش هەیە) پرسیاریان لە پێغەمبەر ﷺ کردو ئەویش لەوەڵامدا فەرمووی: هەرکاتێ بەهەشتی یەکان خرانە ناو بەهەشتەوە و دۆزەخییەکانیش فرێ درانە ناو دۆزەخەوە، هاوار چی یەك هاوار دەکات: ئەی خەڵکی بەهەشت، خوای گەورەر پەیمانێکی تری ماوەو دەیەوێت بۆتان بەرێتە سەر، هەر هەموو وتیان: کوا چی ماوە؟ دەم و چاومان سپی و جوان بووە و کێشانەی کردەوەی چاکمان قورس کراوە و لە ئاگریش پارێزراوین، دەفەرموێت: پەردە لادەدرێت و هەموو تەماشای خوای پەروەردگار دەکەن.سوێند بەخوا هیچ نازو نیعمەتێکی پێ نە داون لەبەهەشتدا ئەوەندەی تەماشا کردنی پەروەردگار خۆش و بەچێژ بێت لەلایان.

حەوتەم: دەستگرتن بە قورئان و سوننەت و ڕێرەوی خەلیفەی ڕاشیدەکانەوە:

١ـ دەستگرتن بەقورئان و سوننەتەوە:

کاتێ عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله بو بە خەلیفە نووسی: پاشان... من وەسیەتان پێ دەکەم تەقوای خواتان هەبێت و دەست بگرن بە قورئانەوە و پابەند بن بە سوننەت و ڕێنموونی یەکانی پێغەمبەرەکە یەوەﷺ.[١]

هیچ کەس بۆی نی یە لە خزمەت و قورئان و سونەتدا رای خۆی بسەپێنێ، یان کاری پێ بکات، بەڵکو دەبێت دەقاو دەق جێ بەجێیان بکات.[٢] (ئەوەی لەدڵمدایە بۆ ئومەتەکەی محمدﷺ ئەوەیە، کە شوێن قورئان سوننەت بکەون و لە هەواو ئارەزووات دوور بکەونەوە، کار کردن بەشتی تر جگە لە قورئان نەڕێزو نەکەرامەی دونیاو ئاخیرەتی تێدانی یە.

باچاك بزانێت ئەوەیدەیەوێت بزانێت،کە بەخواحەزدەکەم گیانم دەربچێت و، بەڵان خەڵکی لەسەر شتێکی تر جگە لە قورئانی پەروەردگار ەکەیان و سوننەتی

---

١ ـ سیرة عمر ابن عبد الحكم لا ٦٥.
٢ ـ هەمان سەرچاوەلا ٦٨، هەمان سەرچاوەی دوەم (١/ ٢٨٧).

پێغەمبەرەکەیان گۆشی یەکەم و شوێن شتێکی تریان ئەخەم، ئەو دوو سەرچاوەیەی، کە خەڵکانێکی پێش ئێمە لەسەری ژیان و هەر بەوشێوەیەش خوای گەورە گیانی کێشان، بێ نرخ ترین و خەمناك ترین کەس لام ئەوکەسانەن، کە دەیانەوێت پێچەوانەی ئەو ڕێبازە بن.[١]

لە شوێنێکی تردا، دەڵێت: ((خوا کۆمەڵێك فەرزو و کۆمەڵێك سوننەی داناوە هەر کەسێك کاریان پێ بکات دەگاتە سەر فرازی و هەر کەسێکیش وازیان لێ بهێنێت لەناو چووە)).[٢]

دەڵێت: ((خۆزگە خۆم و ئێوەشم وا لێ دەکرد کارتان بە قورئانی پیرۆز دەکرد، هەرکاتێ سوننەتێکم جێ بەجێ بکردایە و ئەندامێکم تیا بچوایە، تا لە کۆتاییدا گیانم دەر بچووایە)).[٣] نامەیەکی نووسی بۆ خەواریجەکان - تیایدا پێ ووتن: ((پێغەمبەری خوا ﷺ وچوار یارەکەی دوای خۆی کۆمەڵێ سوننەتیان بەجێ هێشتووە بۆمان، دەست پێوە گرتنیان دەست گرتنە بە قورئان وەو هێزو گوڕ و تینە بۆ ئاینەکەی خوا، بۆ کەس نی یە، دەستکاری کردن و گۆڕینیان، یان هەوڵ بدرێت بە پێچەوانەی یانەوە کار بکرێت، هەر کەسێ ئەو ڕێگایە بگرێتە بەر ئەوە ڕێنموێنی کراوە، هەر کەسێکیش بەتەمای سەر کەوتن بێتپێیان ئەوە بێ سەرکەوتووە، هەر کەسێکیش وازیان لێ بهێنیت و ڕێبازێکی تر بگرێتە بەر ئەوە خوا دەستی لێ بەر دەدات و دەیخاتە نێو ئاگری دۆزەخەوە، کە خراپترین شوێنە)).[٤]

ئەو ئاسەوارانەی لە عمری کوڕی عبدالعزیز نقلْ کراوە بۆمان دەربارەی دەستگرتنی بە قورئان و سوننەتەوەو ئەو پەڕی هەوڵ و تێکۆشانی لەپێناو جێگیر کردنیان، ئیتر با لەوپێناوەشدا پارچە پارچەی ئەندامەکانی لەشی لێبێتەوە، ئەوەش ، کە عمر بۆی چووە ئەسڵی ئاینی پیرۆزی ئیسلامە و باوەڕ هیچ مانایەکی

---

١ - سيرة عمر لابن عبد الحكم لا ٧١.

٢ - سيرة عمر لابن عبد الحكم لا٣٩.

٣ - هەمان سەرچاوەلا ١٣٠.

٤ - سيرة عمربن عبدالعزيز(لابن عبدالحكم) لا٤٠.

نامێنێت لەگەل ئەو کارەدا نەبێت، وەك خوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا ﴾ النساء: ٦٥.

پێغەمبەری خوایشﷺ لەو بارەیەوە دەفەرموێت: ((يا أيها الناس، اني قد تركت فيكم ما ان اعتصمتم به فلن تضلوا بعدى ابداً، كتاب الله، وسنتي))،[١] واتـە: ئـەی خەلکینە، من دووشتم لەناودا بەجێ هێشتوون دەستیان پێوە بگرن هەرگیز گومڕاو سەر گەردان نابن: قورئانەکەی پەروەردگار و سوننەتەکانی من).

٢ـ دەستگرتن بو سوننەکانی خەلیفە ڕاشیدینەکان:

حاجبی کوڕی خلیفە (البرجمی)دەڵێـت: عمـری کـوڕی عبـدالعزیزم بینـی، کاتـێ خەلیفـە بـوو، ووتـاری دەداو و دەیـووت: ئـەوەی پێغەمبـەری خـواﷺ دوو جـێ نیشینەکەی دوای خۆی دایان ناوە،بۆئێمـە ئاینـەوەدەبێت کاریـان لەسـەر بکـەین و لێیان لانەدەین، ئەوەی خەلکانی تردوای ئەوان دایان ناوە دەیدەینە دەستی خوا.[٢]

عمر‌رحمه‌الله پاش ئەوەی بووبە خەلیفە نامەی بۆ نارد سالمی کوڕی عبـداللهی کـوڕی عمری کوڕی خطاب‌رضي‌الله‌عنه پێ ی ووت: لەعمری کوڕی عبـدالعزیزەوە بـۆ سـالمی کـوڕی عبدالله، پاشان... من دوچـاری ئـەم کـارە گەورەیـە کـراوم بـەبێ ئـەوەی پرسـێك بەخۆم کرابێت و بەبێ ویستی خۆم دراوە بیەسەرمدا، خوایش باش ئەوە دەزانێـت، هەر کە ئەم نامەیەم گەیشتە دەستت خێرا ژیان و بەسەر هاتی عمری کوڕی خطـابم بۆ بنووسەوەو بۆم بنێرە لەگەڵ موسلمانان و ئەهلی (الذمة)دا چۆن ڕفتاری کردوەن چونکە بەنیازم ئەگەر خوا کۆمەکم بێت وەك ئەو بکەم، والسلام).[٣]

---

١ ـ الموطأ للامام مالك(٣/ ٩٣).

٢ ـ الحلية(٥/ ٢٩٨).

٣ ـ سيرة عمر لابن الجوزي لا١٠٨.

عەون ی کوڕی عبدالله دەڵێت: عمری کوڕی عبد العزیـز پـێ ی ووتم: ئایا عمـری کوڕی خطاب و (ابن عمر ی کوڕی)کەسێکی چاك و قبـوڵ کـراون لـەلای تـۆ؟ ووتم: بەڵێ، ئەویش ووتی: دەی ئەوان بەم شێوەیەی تۆ (الله اکبر)یان نەکردووە.[١]

لە زوهری یەوە دەگێڕنەوە ووتویەتی: پیاوێك بە عمری کـوڕی عبـدالعزیزی ووت: من بەسەر خۆشی خێزانەکەم تەلاق داوە، زوهەری دەڵێـت: عمـر پـێ ی وابـوو، کـە داری حدی لێ بدرێت و، ژنەکەشی لێ جیا بکرێتـەوە، تـا ئـەوە بـوو (أبـان)ی کـوڕی عوسمان لەباوەکی یەوە بۆی گێڕایەوە، کە (شێت و سەرخۆش طلاقیـان ناکـەوێت، عمریش ووتی: ئەتانەوێت وابکەم! کەچی ئەم پیاوە لـە (عثمـان)ی کـوڕی عفانـەوە جۆرێکی ترم بۆ دەگێڕێتەوە؟! ئیتر ئەوە بـوو داری حـەدی لەبـەر خۆشـی یەکـەی لێی داو، بەڵام خێزانەکەی دایەوە.[٢]

عمری کوڕی عبدالعزیز دەڵێت: پێغەمبەری خواﷺ و چوار یارەکەی دوای خـۆی کۆمەڵی ڕێڕەو سوننەتیان داناوە، ئیش پێ کردنیان دەستگرتنە بـە پەرتووکەکـەی خوداوە و وزەیشە بۆ ئاین، بۆ هـیچ کـە س نـی یـە بیانگۆڕێـت، یـان دەسـتکاریان بکات، یان سەیری ئەو ڕایانە بکات، کە پێـچەوانەیـا نـن، ئـەوەی هیدایـەتیان پـێ وەر بگرێت هیدایەت دراە دەبێت و ئەوەی بیەوێت سەر بکـەوێت پێیـان بـێ گومـان سەر دەکەوێت، هەر کەسێکیش وازیان لێ بهێنێت و ڕێگایـەکی تـر بگرێـت جگـە لـە ڕێبـازی موسـڵمانان، ئـەوە خـوا وازی لێ دەهێنـێ و دەیخاتـە نـاو دۆزەخـەوە، کـە خراپترین جێگایە.[٣]

بەوشـێوەیە عمـری کـوڕی عبـدالعزیز دەسـتی گرتبـو بـە سـوننەت و ڕێـڕەوی پێغەمبەری خواﷺ و چورا جێ نیشینە ڕاشیدەکەیەوە و، شێوەو شـێوازی جـوانی خەلافەتی ڕاشیدەینی گێڕایەوە، لەسەر ڕێڕەوەیان دەڕۆیشت، توند دەستی گرتـابو

---

١ ـ مصنف عبد الرزاق(٢/٦٦).

٢ ـ هەمان سەرچاوەلا (٤/ ٣١).

٣ ـ سیرة عمر لابن عبد العزیز لا٤٠.

پێیانەوە، لەکاتی جیاوازی و ناکۆکیدا دەگەڕایەوە سەر ڕای ئەوان و بەو شێوەیە حوکمی موسڵمانان و (اهل الذمة)ی دەکرد، هەروەك لە پەرستشەکان و مامەڵەکاندا لێیان دەرنەدەچوو.

هەموو گرنگی یەکی دابوو بەشێوازی حوکمڕانی و ڕێـڕەوی دوو جێنیشینەکەی یەکەم، ابو بکر و عمرﷺ پێ ی وابوو دەست گرتن بەسونەتەکانی ئەوانەوە وەك دەستگرتن وابووە بەسونەتی پێغەمبەری خواوەﷺ ، هەرچەندە هەر کەمەسەلەیەکی ببیستایە لە خەلیفەی سێیەمەوە خێرا کاری پێ دە کرد وەك باسمان کرد، لەسەر ڕێڕەوی خەلیفەی چوارەم هەنگاوی دەنا لە هەڵس و کەوتی لەگەل (خەواریجەکان) بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵ منداڵ و خێزان و ماڵ و سامانیدا دەکرد وەك چۆن ئیمامی عەلی کوڕی ئەبو طالیبﷺ بەو شێوەیەی کرد لەگەڵیاندا.[1]

نەك هەر ئەوەندە، بەڵکو پێ ی وابوو ئەو کەسانەشی، کە لەپێغەمبەری خواﷺ و ڕێڕەوی خەلیفە ڕاشیدیەکانﷺ دەردەچێت ئەوە لە ڕێگەی موسڵمانان دەرچون و بەو تاقمە لەناو چووەکانی دادەنان، هەرچی سوننەت و ڕێڕەی چوار یارەکە هەیە هەمووی لە سوننەتی پێغەمبەرەوە وەریان گرتووە و هەموو حەرامەکانیان حەرام دەکرد و حەلاڵەکایان حەلاڵ دەکرد.

سەلەفی سالح لەسەر ئەوەن، کە لەبیرو باوەڕ و حوکمەشەرعی یەکاندا پێویستە لە ڕێڕەوی جێ نیشینە ڕاشیدینەکانیان لانەدەین، ئایەتەکانی قورئان و دەقەکانی فەرموودەش داوای ئەوە دەکەن، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَن يُشَاقِقِ ٱلرَّسُولَ مِنۢ بَعۡدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ ٱلۡهُدَىٰ وَيَتَّبِعۡ غَيۡرَ سَبِيلِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ نُوَلِّهِۦ مَا تَوَلَّىٰ وَنُصۡلِهِۦ جَهَنَّمَۖ وَسَآءَتۡ مَصِيرًا﴾ النساء: ١١٥.

پێغەمبەری خوایشﷺ دەفەرموێت: ((فعليكم بسنتي وسنة الخلفاء الراشدين

---

١ ـ (الاثار الواردة) عن عمربن عبدالعزيز (٢/ ٦٣٧).

المهديين من بعدي، عضو عليها بالنواجذ، وايّاكم و محدثات الامور، فـان كـل محدثـه بدعه))،[١] واته: لەسەر سوننەکانی من و جێ نیشینە ڕاشیدە ڕێنموونی کارەکـان بڕۆن له دوای خۆم و توند بەدانەکانتان دەستیان پێوە بگرن دەخیلتان بم دوور بـن لەشتی تێکەڵ کراو بە ئاین، چونکە هەموو تێکەڵکاری یەك بیدعەو داهێنراوە.

حذيفة رحمه الله دەڵێت: لەلای پێغەمبەری خوا ﷺ دانیشتبوین فەرمووی: ((من نازانم چەندێکی تر لەناوندا دەژیم، دەی شوێن پێ ی ئەو دووانە بگرنە بەر، کە دوای خۆم دین))، مەبەستی لە ئەبو بەکرو عمر بوو.[٢]

٣ـ دەستگرتنبەسروشت پاکی یەوە ـ الفطرة ـ:

جەعفەری کوڕی دبرقان دەڵێت: پیاوێك هـات بـۆ لای عمـری کـوڕی عبـدالعزیز و پرسیاری هەندێ شتی لێ کرد، لە هەواو ئارەزوەوە بوو، عمریش پێ ی ووت: ئـاینی سەر دەمی منداڵی ـ الفطرة ـ وەربگـرە لـە قورئـان خوێنـان و عەرەبـە دەشـتیەکی یێکان و هەمووشتێکی تر بخرە ئەو لاوە.[٣]

عمر لەم ووتەیەی سەرەوەیدا مەبەستی ئەوە بوو، کە مرۆڤـەکان لەسـەر ئـاینی ڕاست و دروست لە دایك دەبن و لادان و خلیسکان لەڕێگەی هۆکاری دەرەکی یـەوە تووشـی مـرۆڤ دەبێـت و ئەمـەش قورئـان ئامـاژەی بـۆ کـردوە وەك دەفـەرموێت: ﴿ فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفًا ۚ فِطْرَتَ اللَّهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا ۚ لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ اللَّهِ ۚ ذَٰلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ ﴾ الروم: ٣٠.

پێغەمبەری خواش ﷺ دەفەرموێت: ((مامن مولـود الاّ يولـد علـى الفطـرة، فـأبوا يهودا انه او ينصرانه او يمجسانه، كما تنتج البهيمة العجماء))، کەواتـە مـرۆڤ لەسـەر فیترەتی پاك و باوەڕ بەخوا لە دایك دەبێت: ((هل تحسون فيهـا جوعـاء)) هـەروەك چۆن حوشتر حوشترێکی تەواوی دەبێـت و نـابینن یـەك قـاچ، یـان یـەك دەسـتێکی

---

١ ـ سنن الترمذي(٥/ ٤٤) حديث حسن صحيح.

٢ ـ سنن الترمذي(٥/٦١٠) صحيح سنن الترمذي للالبـاني(٣/ ٢٠٠)((انـى لا أدري مـا بقـائى فيكم، فاقتدوا بالذين من بعدي)).

٣ ـ شرح اعتقاد أهل السنة ژ٢٥.

ببێت، ئەبو هورەیرەش دەڵێت: ((فطره الله التي فطر النـاس عليهـا، لا تبـديل نخلـق الله، ذلك الدين القيم)).[١]

سروشی پاك ـ فطرة السليمة ـ دان دەنێت بە دروستكەرەكەیداو خۆشی دەوێت و ملكەچی دەبێت و بەدڵسۆزی دینداری بۆ دەكات، هێزێكـی وای تێدایـە ئـەوە قبـوڵ بكات، شەریعەتەكەی ڕازی و ببێت و، خەڵكە كەشی پێ ڕازی بكات، ئەو سروشـتە پاكـە بـەم شـەریعەتە دەزانێـت و لەگـەوەروە بـچووكی ئاشـنایە، بـەڵام كـاری پێغەمبەران ئەوەیە بەئاگای بێنێتەوە و بۆی ڕۆشن بكاتـەوە و ئـەو هۆكارانـەی پـێ بناسێت، كە وا دەكات لەسروشتی پاك لابدات و شوێن ڕاستی نەكەوێت.[٢]

هەشتەم: هەڵوێستی دەربارەی هاوەڵانﷺ و ناكۆكی نێوانیان:

له عبد الـرحمن ی كـوڕی قاسـم، ئـەویش لـە لـە بـاوكی یـەوە دەگێڕێتـەوە، كـە دەڵێت: ئەو قسەیەی عمری كوڕی عبدالعزیزم زۆر بەدڵە، كە دەڵێت: ((پـێم خـۆش نەبوو، كە هاوەڵانﷺ جیاوازیان تێ نەكەوتایە، چونكە ئەگەر هەموو یەك بۆ چـوون و قـسە بوونایـە، ئـەوا خـەڵكی دەكەوتنـە نارەحـەتی و تـەنگی یـەوە، ئەوانـە كۆمەڵەپێشەوایەكن شوێن پێیان هەڵدەگیرێت و، هەكەسێ بەقـسەو ڕای هـەركامیان بكات، بۆی هەیە و لە فراوانیدایە)).[٣]

ئەبو عمر رحمه الله دەڵێت: ئەمە لەو شتانەدا بەو جۆرەیە، كە بواری ئیجتهادیان تێدا هەیە،[٤] پرسیاریان لەعمری كوڕی عبدالعزیز كرد، دەربارەی علی و عثمان و جـەنگی صفين و ئەوناكۆكیانەی لەناویاندا ڕووی دا، ئەویش لەوەڵامدا ووتی: ئـەوە خوێنێـك بوو خوای گەورە دەستمانی لێ پاراسـت، دەی منـیش پـێم ناخۆشـە زمـانمی تێـوە گلێنم.[٥]

---

١ ـ بخاري ژ ١٣٥٨.
٢ ـ شفاء العليل لا ٦٢٩، ٦٣٠.
٣ ـ جامع بيان العلم (٢/ ٩٠١، ٩٠٢).
٤ ـ الاثار الواردة (١/ ٤١٠).
٥ ـ الطبقات (٥/ ٣٩٤).

له محمدی کوڕی النضر دەگێڕنەوەکە: جارێکیان باسی ناکۆکی ناو هاوەڵانی پێغەمبەریانﷺ کرد لەلای عمری کوڕی عبدالعزیز دا و ئەویش ووتی: ((ئەوە کارێکە خوا دەستی ئێوەی لێ پاراستووە، دەی بۆچی زمانتانی لێ ناپارێزن؟!)).[١]

عمری کوڕی عبدالعزیز وەك هەموو سەلەفی صالّحی ئوممەت ـ سور بوو لەسەر ئەوەی مێژووی هاوەڵان بەپاکی و بێگەردی بمێنێتەوە و چاکەکانیان باس بکات چۆن وانەکات ئەوەتا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَّقَدْ رَضِىَ ٱللَّهُ عَنِ ٱلْمُؤْمِنِينَ إِذْ يُبَايِعُونَكَ تَحْتَ ٱلشَّجَرَةِ فَعَلِمَ مَا فِى قُلُوبِهِمْ فَأَنزَلَ ٱلسَّكِينَةَ عَلَيْهِمْ وَأَثَـٰبَهُمْ فَتْحًا قَرِيبًا﴾الفتح: ١٨، واتە: بەڕاستی خوای گەورە لەو باوەڕدارانە خۆش بووە، کە لەژێر درەختەکە بەیعەتیان پێ دایت و خوایش باش دەزانێت چی لە دڵیاندا هەیە و ئارمی باراندە سەر دڵەکانیان و بەسەرەوتنی گەورەو ـ فتح مکە ـ پاداشتیان دەداتەوە.

بیرو باوە ڕی ئەهلی سوننە لەسەر ئەوەیەکە: نابێت ناوی هیچ هاوەڵێکت پێغەمبەرﷺ ببرێت مەگەر بە چاکەو بێ دەنگ بوون لەو شتانەی لە نێوانیاندا رووی داوە، ئەوانە لە هەموو کەس زیاتر شایسەی ئەوەن بەهانەیان بۆ بهێنرێتەوە جوانترین گومانیان پێ ببرێت.[٢]

ابن حەجەریش دەڵێت: ئەهلی سوننە هەموو لەسەر ئەوەن، کە نابێت تانە لەهیچ هاوەڵێك بدرێت بەهۆی ئەو ڕووداوانە نێوانیانەوە، ئیتر بابشزانرێت کامیان لەسەر هەق بوون، چونکە خوا لەو کەسانە خۆش بووە،کە لە (ئیجتهاد)دا هەڵە دەکەن، نەك هەر ئەوەندە، بەڵکو یەك پاداشت بۆ ئەوکەسە هەیە، کە لە (ئیجتهاد)دا هەڵە دەکات و ، دووپاداشت بۆ ئەو کەسەی، کە دەیپێکێت.[٣]

---

١ ـ هەمان سەرچاوە(٥/ ٣٨٢).

٢ ـ الثمر الداني في تقريب المعاني لا ٢٣.

٣ ـ فتح الباري (١٣/ ٣٤).

نۆیەم: هەڵوێستی دەربارەی (أهل البيت):

(ابن القيم)دەڵێت: زانایان جیاوازیان هەیە لەوەدا، کە ووشەی (أهل البيت) کێ دەگرێتەوە لەسەر چوار بۆ چوون:

یەکەم: هەموو ئەوانە دەگریتەوە، کە خێریان - صدقە - پێ ناشێت و لەوبارەیەوە سێ ڕایان هەیە

١- نەوەکانی الهاشم نەوەکانی المطلب.

٢- تەنها نەوەکانی هاشم.

٣- نەوەکانی هاشم و بەرەو ژووتر.

دووەم: کەس و کاری پێغەمبەر بریتی یە لە: نەوەکانی و خێزانەکانی یەتی بەتایبەت

سێ یەم: هەموو شوێن کەوتوانیەتی، تا ڕۆژی قیامەت.

چوارەم: هەموو لە خواترسەکانی ئوممەت دەگرێتەوە.

بەڵام (ابن قيم) ڕای یەکەم بەڕسات دەزانێت و هەموو ئەوکەسانە دەگرێتەوە، کەزەکاتیان پێ ناشێت، هەر چەندە شیعەکان ڕایەکی جیاوازیان هەی، کە پێچەوانەی دەقەڕاست و دروستەکانن و پێچەوانەی هەموو عورف و عادەت و زمانی عەربین، کە دەڵێت: (أهل البيت) تایبەتە بە(علي و فاطمة، حسن، حسين، نەوەکانیان!).

چونکە ووشەی(أهل البيت) لەقورئاندا لەناو ئەو ووتانەدا، کە لەگەڵ خێزانەکانی پێغەمبەری خوداﷺ کراوە وەك لە سورەتی الاحزاب ئایەتی(٣٣) دەفەرموێت: ﴿وَقَرْنَ فِي بُيُوتِكُنَّ وَلَا تَبَرَّجْنَ تَبَرُّجَ ٱلْجَٰهِلِيَّةِ ٱلْأُولَىٰ وَأَقِمْنَ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتِينَ ٱلزَّكَوٰةَ وَأَطِعْنَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓ إِنَّمَا يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيُذْهِبَ عَنكُمُ ٱلرِّجْسَ أَهْلَ ٱلْبَيْتِ وَيُطَهِّرَكُمْ تَطْهِيرًا﴾.

لەکتێبی ئەمیری باوەڕدارن علی کوڕی ئەبو طالب دا بەدرێژایی لەسەر ئەو تێگەیشتنەی شیعەکان ڕۆیشتووم دەربارەی خانەوادەی پێغەمبەری خواﷺ یە.

عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله مافی تەوای دەبەخشیە خانەوادەی پێغەمبەر، چ لەلایەنی مادی و چ لەلایەنی دەروونی، بەبێ کەم و زیاد مافی ڕەوای خۆیانی پێ دەدان.[١] و هەموو ئەو ستەم و ناڕەواییانەی دژیان کرا بووەهەڵی گرت لەسەریان و زۆر باش بوو لەگەڵیان دا بەو پەڕی مانای باشی.

جویر یەی کوڕی ئەسماء دەڵێت: کاتێ ناوی عمری کوڕی عبدالعزیز برا لەلای فاطمەی کچی علی کوڕی ئەبو طالیبدا زۆر زۆر داوای لێخۆشبوون و بەزەیی بۆ کرد، لە خوای گەوەر، دەیووت: کاتێ عمر ئەمیری مەدینە بوو، چوم بۆ لای ئەویش لەبەرمن هەموو پاسەوان و میوانەکانی کردە دەروە و بە تەنها من و خۆی ماینەوەو پێ ی ووتم: ئەی کچی عەلی، وڵڵاهی لە هەموو سەرزەویدا خانەوادەیەك نی یە ئەوەندەی ئێوە خۆشم بوێت، ئێوەم لەکەس و کاری خۆم خۆشتر دەوێت.[٢]

عبدالله ی کوڕی محمدی کوڕی عەقیل ی کوڕی ئەبو طالب دەڵێت:یەکەمین ماڵ و سامان عمری کوڕی عبدالعزیز بەخشی یەوە، ماڵ و سامانێك بوو، عمر بۆ ئێمەی نارد (أهل البیت)و پیاو ژنانمانی بەیەکچاو سەیر دەکرد وەك یەکی پێدان و بۆ منداڵیش وەك ئافرەتانی پێدا و هەریەکە (٣٠٠٠)دینارمان بەرکەوت، نامەی بۆ نووسین ووتی: ئەگەر بمێنم بۆ تان دەبێت هەموو مافەکانی خۆتان بۆ بگێڕمەوە).[٣]

حسینی کوڕی صالح دەڵێت: باسی زاهید و دنیا نەویستەکانیان کرد لە لای عمری کوڕی عبدالعزیز دا، یەکێك دەیووت: فلان کەس، یەکێکی تر دەیووت: نەخێر فلان کەس، عمریش وتی: دنیا نەویسترین کەس لە هەموودنیادا علی کوڕی ئەبو طالیب رحمه الله.[٤]

عمری کوڕی عبد العزیز وەك هەموو یەکێك لەسەلەفی ساڵح زۆر مەبەسی بوو مافی تەواوی خانەوادەی بەڕێزی پێغەمبەری خوا بدات، ئەمەش وەك گوێڕایەڵێك بۆ

---

١ ـ الاثار الواردة (١/ ٤٢٩).
٢ ـ الطبقات (٥/ ٣٦٦).
٣ ـ الطبقات (٥/ ٣٦٢).
٤ ـ سیرة عمر لابن الجوزي لا ٢٩٢.

فەرمانی پێغەمبەرﷺ، کە فەرموویەتی: ... واهل بيتي، اذكركم الله في أهل بيتي))،[١] واتە: دەخیلتان بم کەس و کارەکەم خواتان وەبیردەهێنمەوە چاکبن لەگەڵ کەس و کارەکەم.

(ابن تیمیه) دەڵێت: لەبنەماکانی ئەهلی سوننەو جەماعە یەکە(أهل البيت)ی پێغەمبەری خوایانﷺ خۆش بوێت و مافی تەواوی خۆیانیان پێ بدەن و، ئامۆژگاری پێغەمبەریان لەم بارەیەوە جێ بەجێ بکەن، خوای گەورەره اه (فیئ)ەو (پێنج) یەك بەشی تایبەتی بۆ داناون و فەرمانی پێداوین لەگەڵ سەلاوات داندا لەسەر پێغەمبەرﷺ سەلاواتیش لەسەر ئەوان بدەین.[٢]

پاشان (ابن تیمیه)باسی ئەو مافانە دەکات، کە عمری کوڕی عبدالعزیز گێڕایەوە بۆیان وەك و زەویەکەی فەدەك و گەڕانەوەی (پێنج یەك) بۆیان و بەشداریکردنیان لە فەیئدا.[٣]

بەڵام ئەوەی هەندێ کتێبی مێژووی باسی دەکەن، کە گوایە کار بەدەستەکانی بەنی ئوممەیە لەپێش عمردا خراپ بوون لەگەڵیانداو لەسەر مینبەر جنێویان داوە بەعلیﷺ! ئەمە شتێکە و (ابن سەعد) باسی کردوە ڕاست نی یە:

(ابن سعد) دەڵێت: علی کوڕی محمد لە لوط ی کوڕی یحیی وە بۆمان دەگێڕێتەوە و دەڵێت: والی و گەورە بەپرسەکانی(بەنی ئوممەیە)لەپێش عمری کوڕی عبدالعزیز جنێویان بە علی دەدا لەسەر مینبەر و هەرکە عمری کوڕی عبدالعزیز چووە سەر حوکم ئەوەی نەهێشت.[٤]

ئەم گێڕانەوەیەش لاوازە، چونکە عای کوڕی محمد ـ المدائنی ـ پیاوێکی لاوازە بووە، مامۆستاکەیشی لوط ی کوڕی یحیی گێل بووە(واە)جارجار شتی لەبیر چووە، یحیی کوڕی معین دەربارەی، دەڵێت: جێگەی متمانە نی یە، (ابو حاتم)یش

١ ـ مسلم ژ ٢٤٠٨.
٢ ـ الفتاوی (٣/ ٤٠٧).
٣ ـ الاثار الواردة (١/ ٤٣٣).
٤ ـ سير أعلام النبلاء(٥/ ١٤٧).

دەڵێت(متروك الحديث) واتە: حەدیثی لێ وەرنەگیراوەو، (دار القطنی)یش دەڵێت: هەوال گێڕەوەیەکی لاوازە، خاوەنی (المیزان)یش پێ ی دەڵێت: هەواڵ گێڕەوەیەکی هیچە و متمانەی پێ ناکرێت.[1] هەمووز ڕاویەکانیشی لەلاوازەکان و فەوتاوەکان و نەناسراوەکانە.[2]

شیعەکان موعاویەرضي الله عنه بەوە تاوانبار دەکەن، کە گوایە لەسەر مینبەر لەعنەتی لەعلی کردووەو، جنێوی پێ داوە! ئەم قسەیەش ڕاست نی یە و هیچ بنەمایەکی ڕاستی تێدا نی یە، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە و پشت شکێنە ئەوەیە، کە نووسەر لێکۆڵیەرەوەکان ئەم درۆیەیان لەگەڵ ناڕاستی یەکەیدا نقل کردوە، بەبێ ئەوەی لێکۆڵینەوە و بیخەنە ژێر تیشکی ڕەخنەوە، لە ڕاستیدا هەرگیز هیچ ریوایەتێکی ڕاست و دروست لەو بارەیەوە نەهاتووە.

ئیتر بەهیچ شێوەیەك نابێت ، پشت ببەستریت بەکتێبەکانی (الدمیری) و (الیعقوبی) و(ابی فرج الصفهانی)، لەگەڵ ئەوەشدا مێژووی ڕاست ئەوانە هەموو بەدرۆ دەخاتەوە.[3] ڕاستی ئەوە دەسەلمێنێت، کە موعاویەرضي الله عنه ئەو پەڕی ڕێزی بەخشیوەتە عەلی کوڕی ئەبو طالیبرضي الله عنه و (أهل البیت)ە خاوێنەکەی.

بەسەرهاتی لەعنەت کردن لە علیرضي الله عنه لەسەر مینبەرەکانی (بنی أمیه) ناگونجێت لەگەڵ سروشتی ڕووداوەکان بێت و ڕەوشتی لایەنە ناکۆکەکان، ئەگەر بگەڕێتەوە بۆ ئەو نوسراوانەی لەسەردەمی حوکمی (بنی أمیه)دانووسراون هیچ مەبەستیش لەو نوسینانە لەوانەیە بۆ ناشیرن کردنی شورەتی ئەمەیەویەکان لەبەرچاوی جەماوەری موسڵمان.

مەسعودی لە (مروج الذهب)دا ئەوەیئووسیوە و ئەویش لەنووسەرە شیعەکانە، ئەو درۆ و دەم هەڵبەستانە دزەیان کردۆتە ناو و مێژووی ئەهلی سوننەوە، هیچ

---

١ ـ المیزان (٣/ ٤١٩).

٢ ـ دفاعا عن السلفیة لا ١٨٧.

٣ ـ الحسن والحسین، محمد رضا لا ١٨٠.

ڕویوایـەتێکی صـحیحی تێـدا نـی یـە، هـەموویان ناتـەواون لـە نقـڵ کردنـی لەسەنەدەکەیدا، یان لەدەقی ووتەکاندا و ئی شتێکی ڕوون و ئاشکرایشە ریوایـەتێك ئەو ناتەواویانەی هەبێت لەلای زاناو لێکۆڵینەرەوەکانی مێژوو هیچ نرخێکیان نی یە.

موعاویەیش زۆر دوورە لەئاواتانەیەکەوە بەتایبەی خواناسی و موسڵمانەتی ئـەو هاوەڵە بەڕێزەی پێغەمبەری خـواﷺ ڕوون و ئاشـکرایە، لـەناو ئوممـەتی ئیـسلامیدا خاوەنی ژیانێکی پڕ سەروەری و، هەنـدێ لـە هـاوەڵان وەسـف و سـەنای چـاکەیان کردووەو و پیاو چاکانی تابعین پیایدا هـەڵیان داوە و شـایەتی زانـایی و ئاینـداری و داپەروەری و نەرم ونیانی و هەموو ڕەوشتە چاکەکانی تریان بۆ داوە.[1]

دەربارەی موعاویـەرضي الله عنه بـێ گومـان ئـەم شـتانە هـاتوون، دەی ئـیتر مەحاڵـە بـۆ کەسێك ئەمە ژیـان و سـیرەتی بێـت، کـە داوا لەخـەڵکی بکـات لەسر مینبەرەکـەی پێغەمبەری خواو لەکاتی نوێژ هەینیشدا لەعنـە لـە علـی کـوڕی ئـەبو طالـب بکـات، هەرکەسێ شێوازی موعاویە بزانێت لەبەڕیوە بردنـی حـوکم و ئـەو ناوبانگـەی دەری کردبوو لەنەرم و نیانی و لێبوردەیی وساسیەتی جوانی لەگەڵ میللەتدا، بۆی ڕۆشـن دەبێتەوە کەچ درۆیەکی ئەوەندە گەورەیەماویەوش لەنـەرم نیایـدا، کـە بـە نموونـە هێنراوەتەوە.[2]

دەربارەی ئەم درۆ گەورەیە بەدرێژی دواوم لەکتێبی (خەلیفی پێنجەم حەسـەنی کـوڕی علـی کـوڕی ابـی طالـب)داو باسـی ئـەو پەیوەندیـە جوانـەم کـردوە لـەنێوان موعاویەو نەوەکانی عەلیدا بەتایبەت پاش ئەوەی بووە بە ئـەمیری بـاوەڕداران و چ ڕێز و خۆشەویستی و سۆز و میهرەبانی هەبوو لەنێوانیاندا.

هەر وەك لەو کاتەدا لەهـەموو سـەردەمەکانی دواتـر لـە کۆمـەڵگای ـ موسـڵمان ـ پابەنـد بـوون بەشـەریعەتی ئیـسلامەوە و سـوربوون لەسـەر جـێ بـەجێ کردنـی

---

١ ـ الانتصار للصحب والآل ـ رحيلي ـ لا ٣٦٧.

٢ ـ خامس الخلفاء الراشدين حسن بن علي ابي طالب لا ٣٠٣.

ڕێنموونی یەکان، بۆیە زۆر دوورو مەحاڵە لەو بەرە ناوازەیە، کە جنێو و نەفرەت وە قسەی ناشیرین بەیەك بڵێن.

لەکاتێکدا، کە پێغەمبەری خوایش ﷺ، قەدەغەی کردوە لەسەر موسڵمانان قسەبە مردووی بێ باوەڕانیش بڵێن و عائشە.

دەگێڕێتەوە، کە پێغەمبەری خوا ﷺ، فەرموویەتی: ((لاتسبوا الاموات، فانهم قد افضوا الى ما قدموا)).[1] واتە: قسەی ناشیرین بە مردووان مەڵێن، ئەوانە گەیشتنەئاکامی ئەو کردەوانەی لە دنیا کردبوویان، دەی دەبێت تاوانی ئەوکەسە چەند گەورە بێت، کە قسەی سوك بڵێ و نەفرەت لە دۆستانی خوا بکات!.

١ ـ البخاري ژ ٦٥١٦.

بەشی چوارەم

هەڵوێستی عمری کوڕی عبدالعزیز دەربارەی خەواریج ـ شیعە ـ قەدەریە ـ مورجیئە ـ جەهمیە

یەکەم: خەواریج

ئەم تاقمە لەساڵی ٣٧ی کۆچیداو لەسەردەمی خەلافەتی عەلی کوڕی ئەبو طالیب دا دەرکەوتن لە دوای جەنگی سەفین و قبوڵ کردنی تەحکیم لەلایەن علی یەوە رضي الله عنه ـ لەکتێبی ـ ئەمیری باوەڕداران عەلی کوڕی ئەبو طالیب دا بە درێژی لەسەریان ڕۆیشتووم، لێرەشدا بەکورتی لەسەر گرنگترین بیرو باوەڕ و بۆ چوونەکانیان دەدوێم:

١ـ بەکافر زانینی هەردوو خەلیفەی پێغەمبەری خوا ﷺ عثمان و علی! هەر دوو حەکەمەکەی موعاویە و علی، کە ناویان (ابو موسی الاشعری) (عمرو کوڕی عاص)!

٢ـ دەرچوون لەدژی ئەمیری ستەمکار دروستە.

٣ـ خاوەنی گوناهی گەورە کافر دەبێت و لە دۆزەخەدا دەمێنێتەوە بە هەمیشەیی.[١]

ئەم سێ بنەمایە ناوەکرۆکی بیرو باوەڕی خەواریجەکان بوو و لەوبارەیەوە هیچ ناکۆکی یەکان لەنێواندانی یە مەگەر لەشێوازی جێ بەجێ کردنیدا.[٢]

(ابو الحسن الاشعری) دەڵێت: هەموو خەواریج لەسەر ئەوەن، کە علی لە قبوڵ کردن تحکیم دا کافر بووە، بەڵام لەوەدا جیاوازیان هەیە، کە ئایا کافر بوونەکەی هاوبەش پەیدا کردنە بۆ خوا یان نا.

---

١ ـ وسطية اهل السنة بين الفرق ٢١٩.

٢ ـ هەمان سەرچاوە.

هەموو لەسەر ئەوەن، کە هەموو گوناهێکی گەورە کافر بوونی لەدوایە جگە لە تاقیمێکان نەبێت بە ناوی (النجدات)و[١] جگە لەم تاقمە هەموویان پێیان وایە خاوەنی گوناهی گەورە بەهەمیشەیی لە ئاگردا دەمێننەوە.[٢]

(المقدسی) دەڵێت: سەرچاوەی ئەو بۆچونەمان لەوەوە وەرگرتوە: کە علی کافر بووەو، لەعثمانی کوڕی عفان بەرین و،بەگوناه کردن خەڵکیکافردەکەن و ، دەرچون لەدژی پێشەوای ستەمکار بەڕەوادەزانن.[٣]

خەواریجەکان تاوتاو بوون، تاوێك زۆر چالاکانە دژایەتی دەوڵەتی ئەمەویان دەکردو جابەجاریش کپ دەبونەوە، بەلاّم زۆربەی کات دەوڵەت سەردەکەوت بەسەریاندا و هێزی وپێزی تێك دەشکاندن.

تائەوەبوو عمری کوڕی عبدالعزیز چووە سەر حوکم ودەستی کرد بە گفتوگۆی ئاشتیانەو لێکوڵینەوەی زانستیانە، جاربەجاریش لەکاتی پێویست دا هێزی دژیان بەکار دەهێنا.

عمر زۆر ڕقی بووەلە دەمەقاڵەی بێ ئەنجام و، بەجوانترین شێوە لەگەڵیان دانیشتنی دەکردو بەجوانترین شێوە دەمەقاڵەی لەگەڵ دەکردن، دەیووت: ئەوەی ئاینەکەی بەکار بهێنێت بۆ دژایەتی کردنی خەڵکانی تر ئەوە لەسەر شتێك دانامەزرێت.[٢] وەجارێکی تردەیوت:لەدەمەقاڵەی بێت، چونکەنەقین دەکوژێنێتەوەو نەحیکمەت وکەڵکەکانیش دەردەخات[٣] ودەڵێت((بەڕاستی سەرفرازەئەوکەسەی

١ ـ النجدات: دەستەی نەجدەی کوڕی عامری حەنەفی یە لەساڵی ٦٩ی کۆچیدا کوژرا.
٢ ـ المقالات (١/ ١٦٧، ١٦٨).
٣ ـ بدء التأريخ (٥/ ١٢٥).
٢ـ ابن ابي دنیاکتاب الصمت وآداب اللسان.
٣ـ سیر عمر لابن الجوزی لا ٢٩٣.
٤ـ هەمان سەرچاوە لا٢٩١.
٥ـ الاثارالواردةعن عمر ٢,٦٩٣.
٦ـ سیرة عمرابن عبدالحکم لا٧٥.

دووربێت لەدەمەقاڵەوتوڕەبوون وچاوچنۆکی[٤] عومەر .ڕ.بەرگری دەکردلەدەمەقاڵی ووشك و بێ ئەنجام وهانی گوفتوگۆو وتووێژی دەدا بەجوانترین شێوە، لەمبارەیەوە عمر کۆمەڵێك وتەو هەڵوێستی بەناوبانگی هەیە لەگەڵ خەواریجەکاندا، وەمێزگردی لەگەڵداکردون وهەموو شوبهەو بەڵگەکانیانی هەڵوەشاندۆتەوە بەبەڵگەی ڕاست و دروست وهەقی بۆرۆشن کردونەتەوە .ئەوەش لەبەر شخۆشەویستی عمروشوێن پێهەڵگرتنی پێشینەچاکەکان(السلف السالح)ڕحمەتی خوایان لێ بێت...[٥]

١ــ هەڵوێستی عمر لەدەرچونی خەوارج.

لەهیشامی کوری یەحیا غەسانی یەوە ئەویش لەباوکیەوە دەگێڕێتەوە عمری کوڕی عبدالعزیزنامەی نوسی بۆ خەواریجەکان پێی ووتن:ئەگەر هەرهۆزێك ڕایان هاتە سەر ئەوەی بۆهەرشوێنێکی سەرئەم زەویە- ولاتی ئیسلامی - باربکەن خۆیان سەربەستن بەمەرجێ بۆخراپەکاری نەبێ دژی کاربەدەستان و بۆ ئازاردانی(ئەهل ذیمە)نەبێت لەدژی کەس دەرنەچوبێتن و، یان بۆجەردەییوریی و ڕێگری لەوکاتەداخۆیان ئازادن، بەلام ئەگەر مەبەستیان جەنگ بێت دی سوێند بەخوائەگەر شیرین ترین ڕۆڵەی خۆیشم لەموسوڵمانان هەڵگەڕێتەوە خوێنی دەرێژم تەنهالەبەرخاتری خواورۆژی دوایش ئەوکارەدەکەم[٦] لەڕیوایەتێکی ترداهاتوە وتویتی پێیان:سوێند دەخۆم بەخوا ئەگەرئێوەڕۆڵەو جەرگی خۆیشم بونایە،ولەم نازو نیعمەتەی بۆمیللەت مان دەستەبەرکردوە لەسەردەمی دەسەلاتی مندا، دەمدالەملتان وخوێنم دەرژاندن لەپێناوی خواو پاداشتی ڕۆژی دوایی دا،پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە ﴿تِلْكَ ٱلدَّارُ ٱلْآخِرَةُ نَجْعَلُهَا لِلَّذِينَ لَا يُرِيدُونَ عُلُوًّا فِى ٱلْأَرْضِ وَلَا فَسَادًا وَٱلْعَٰقِبَةُ لِلْمُتَّقِينَ﴾القصص: ٨٣ ئەمەش ئامۆژگاری منە بۆئێوە ئەگەرپێتان خۆشەوەو ئەگەر ئەشتانەوێت ناپاکیم لەگەڵ بکەن ئەوە پێشتریش ناپاکی کراوە لەگەڵ ناصیحاندا، والسلام علیکم ورحمە اللە وبرکاتەلەمەی پێشەوە هەڵسوکەتی عمرمان بۆدەردەکوێت لەگەڵ خەواریجەکاندا لەگەڵ ئەوەشدا، کەخەلیفەی

موسوڵمانان بو بەڕاستی و ئەوانیش دژی ئەو دەرچوبون، کەچی هەردەستی لێ نەدەکردنەوە، بەڵکونامەی بۆدەناردن و ئاگاداری دەکردنەوە لەئاکامی دەرچون لەڕیزی مسوڵمانان، لە کاتێکدا خوای تەبارەك وەتەعالافەرمانیداوە هەمویەکبن جیانەبنەوە پێویسی کردوە، کەکەس لەکۆمەڵی مسولمان جیانەبنەوە ئەگەرلەسەر یەك ئەمیر پێك هاتن هەمویان لەسەریانە گوێڕایاڵی بن لەدژی نە وەستنەوە مەگەرکاتی فرمان بەگوناه بدات و کوفری ئاشکرای لێدەربکەوێ.(٢)

لەمەشداعومەرڕێڕەوی خەلیفەی چوارەم عەلی کوڕی ئەبوتالیب ﷺ دەگرێتەبەر وەبەشێوەیەکی ئاشنایانەهەوڵی ئەدا بیانهێنێتەڕیزی موسولمانانەوە.(٣)

٢ـ گوفتوگۆومێزگردی لەگەڵ خەواریجەکاندا:

عومەری کوری عبدالعزیز رحمه الله نامەی دەناردبۆیان داوای دانیشتنی دەکرد لەگەڵیاندا،هەندێکیان ئامادەییان دەردەبڕی ابن عبدالحکم،دەڵێت عومەری نامەی ناردبۆخەواریجەکان ونوسی: لەعومەر ئەمیری باوەردارانەوە بۆئەم دەستەوتاقمە، پاشان، وەسیەتتان پێدەکەم لەخوابترسن، چونکەهەرکەسێك لەخوابترسێت خوادەروی لێدەکاتەوە بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو ڕۆزی دەدات،وەهەرکەسیش پشت بەخوا ببەستێت ئەواخوای بەسە خوایش کاری خۆی جێبەجێ دەکات وئەندازەی دیاری کراوی بۆهەموشتێك داناوە. پاشان: نامەی ئێوەم پێگەیشت، کەناردبوتان بۆیەحیای کوری یەحیا وسولەیمانی کوری داود، خوای گەورەش دەفەرموێت: ﴿وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَىٰ عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ وَهُوَ يُدْعَىٰ إِلَى الْإِسْلَامِ ۚ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ﴾ الصف:٧ وەمن بانگ تان دەکەم بۆلای خواو ئاینەکەی وبەرپاکردنی نوێژو زەکات دان و فەرمان بەچاکەو بەرگری لەخراپە کردن ـ انشاء الله ـ ولاحول ولاقوە الابالله، بانگتان دەکەم بۆوازهێنان[١] لەوخوێن ڕشتنانەی کەپێشتر ڕووی

ـــــــــــ

١ـ الاثارالواردة/٢/٦٩٥

٢ـ هەمان سەرچاوە ل٣.

داوه بەبێ بونی هێزێکی گەوره، ئەوەتان وەبیردەهێنمەوه، کە ئەگەر قورئان و فەرمودەمان بۆباس کردن بەشتی لاوەکی لێی لامەدەن لەکاتێکدائێمەئێوەی بۆبانگ دەکەین.

ئەمە ئامۆژگاری ئێمەیە بۆ ئێوەو ئەگەر لێمان وەربگرن ئەوە ئاواتی ئێمەیەو ئەگەر ڕەدیشی بکەنەوە ئەوە پێشتریشناپاکی لەگەڵ ئامۆژگاری کارانی کراوە، واش نابینم مافێکی خوا پێشێل کرابێت، بەندەی صالحی خوداش لە قورئاندا فەرموویەتی: ﴿وَإِن تَوَلَّوْاْ فَإِنِّيٓ أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ كَبِيرٍ﴾هود:٣.

لە ڕیوایەتێکی تریشدا هاتووه: عمر رحمه الله نامەیەکی نوسی بۆ خەواریج، کاتێ خوێندیانەوه ووتیان: با دوو پیاو بنێرین قسەی لەگەڵدا بکەن، ئەگەر هات بەدەممانەوه ئەوەباشە، ئەگەر وایشی نەکرد خوایەك هەیە بۆی، پیاوێکیان نارد ناوی عاصم بوو لەگەڵ کەسێکی تردا لە (بنی یشکر)، کاتێ هاتنە لای عمر ووتیان: السلام علیکم، پاشان دانیشتن، عمر پێی ووتن: چی وای لێ کردوون لە دژمان دەرچن؟ بەچیمان ڕازی نین؟

عاصم ووتی: ئێمە لە هیچ شتێکی تۆ ناڕازی نین، تۆ چاکەکارو داد پەروەریت، بەڵام ئاگادارمان بکە لەم خەلافەتەت، ئایە بە ڕازامەندی و ڕاوێژی موسڵمانان وەرت گرتووه، یان بەزۆر خۆت سەپاندوه؟

عمریش ووتی: هەرگیز داوای ئەم کارەم نەکردوه، بەڵام ڕەدی ویستی کەسیشم نەداوەتەوه، پیاوێك ــ مەبەستی سولەیمان ــ ئەم کارەی بەمن سپارد، منیش هەرگیز نەبە ئاشکراو نەبەژێربەژێری داوام نەکردەوه، منیش بەو کارە هەستام کەسیش ناڕەزای دەرنەبڕی جگە لە ئێوه، ئێوەش ڕازی دەبن بە هەرکەسێك، کەداد پەروەر و بە ویژدان بێت لە نێوان میللەتدا، دەی من بەو کەسە سەیر بکەن، ئەگەر لە هەق لامدا بەگوێم مەکەن.

٣ــ الاثارالواردة /٢/٦٩٦ـ ٦٩٧.

ئەوانیش وتیان: یەك شتمان لەتۆدەوێت، ئەگەر بیکەیت ئەوە تۆ لەئێمەیت و ئێمەش لەتۆین، ئەگەر نەیکەیت لە ئێمە نیت و ئێمەش لە تۆ نین، عمر ووتی: چی یە ئەوە؟ ووتیان دەبینین پێچەوانەی خەلیفەکانی پێش خۆت دەکەیت لە بنەماڵەکەت و ڕێبازێکی ترت گرتۆتە بەر جیا لە ڕێگەی ئەوان و کارەکانت ناوناوە ناهەقی ـ مظالم ـ دەی ئەگەر وادەبینی تۆ لەسەر ڕاستی و هیدایەتی ئەوانیش لەسەر گومڕاین، دەی خۆتیان لێ بەری بکەو نەفرەتیان لێ بکە، ئائەم خاڵە ئێمەو تۆ پێکەوە کۆدەکاتەوە، یان جیامان دەکاتەوە.

عمریش لەوێدا دەستی کرد بە قسە کردن ووتی: من وا گومان دەبەم ئێوە لەبەر دەستکەوتی دنیایی دەرنەچوونە دەرەوە، بەڵام مەستان پاداشتی ڕۆژی دوای یە، بەڵام ڕێگەکەتان لێ تێك چووە، من هەندێ پرسیارتان لێ دەکەم دەی توخوا بڵێن: وایە ئەگەر دەیانزانن، ئەوانیش ووتیان: باشە وادەکەین، ووتی: ئەبو بەکرو عمر لە پێش ئێوە نەبوون، ئێوە خۆشتان ناوێن و شایەتی سەرفرازیان بۆ نادەن؟ وتیان: بەڵێ، ووتی: دەی ئایا دەزانن لە پاش پێغەمبەری خواﷺعەرەب پاشگەز بوونەوە، ئەبوبەکریش جەنگی لەگەڵدا کردن و خوێنی ڕشتن و کەس وکاری کردن بەکەنیزك و دەستیگرت بەسەرماڵ و سامانیاندا؟ ووتیان: بەڵێ وابوو.

ووتی: ئادەزانن کاتێ عمر بوو بە خەلیفە هەموو کەنیزکەکانی گێڕایەوە بۆ ناو هۆزەکانی خۆیان؟ ووتیان: بەڵێ وابوو، ووتی: دەی ئایە ئەبو بەکر خۆی لەعمر بێ بەری کرد؟ یان عمر لەئەبوبەکر خۆی بێ بەری کرد؟ ووتیان نەخێر ووتی: دەی ئایە ئێوەی لە هیچ کامیان خۆتان بەری دەکەن؟ ووتیان نەخێر، عمر ووتی: دەی پێم بڵێن: ئایا دەستەی نەهرەوان کە پێشینەی ئێوە بوون و ئێوە بەڕاست بەسەر فرازیان دەزانن؟ ووتیان: بێ گومان بەڵێ، ووتی: ئەی ئەزانن ئەهلی کوفە،کەچوون بۆیان دەستیان لێ نەپاراستن و خوێنیان نەڕشتن و سامانەکانیان نەگرتن؟ ووتیان: بەڵێ، ووتی: ئەی ئەزانن کە بەسریی یەکان بە سەرۆکایەتی عبداللەی کوڕی واهب الراسبی[1] دەرچوون بۆلایان و دەگیشتن بەخەڵکی دەیانکوشتن و عبداللەی کوڕی

---

١ ـ الآثار الواردة٢/ ٢٠٣.

خباب[١] هاوەڵی پێغەمبەری خوا و کەنیزکەکایان نەکوشت، پاشان نەیانـدا بەسـەر هـۆزی (بنـو قطیعـة)دا و ژن و پیاویـان نەکوشـتن و منداڵەکانیـشیان لـە مەنجەڵـدا نەکوڵاندن؟ ووتیان بەڵێ وابوو.

ووتی: دەی ئایا خەڵکی کوفە خۆیان بێ بەری کـرد لـە خـەڵکی بەسـرە یـان بـە پێچەوانە؟ ووتیان نەخێر، ووتی: ئەی ئێوە خۆتان لە هیچ لایان بێ بـەری دەکـەن؟ ووتیان نەخێر.

عمر پێ ی ووتن: پێم بڵێن: ئایا ئاین یەکە، یان دوو؟ ووتیان: یەکە، ووتی: دەی ئایا شتێکی بەئێوە دەکرێت، بەڵام بەمن ناکرێت؟ ووتیان نەخێر، ووتی: دەی چۆن وئێوە ئەبوبەکر وعمرتان بەدڵە و ئەدوانەش یەکتریان بەدڵ بـووە، کەچـی شـێوازی ژینیـشیان جیـاواز بـوو؟! کەچـی بنەماڵەکـەمم پـێ قبـوڵ نـەبێت ونـەفرەتیان لێ بکەم؟!

دەی ئایە، ئەگەر نەفرەت کردن لە گوناهبار فەرزبوایە دەبوایە هەربکرایـە، دەی باسی خۆتم بۆ بکـە کـەی پێـت ووتـراوە: لەعنـەت بکـەیت لـە فیرعـەون و هامـان؟ ئەویش ووتی: بیرم نایەت هەرگیز لە عنەتم لێ کردبن.

عمـریش ووتـی: بـێ قـەزابیت! ئایـە تـۆ لـە عنـەت لـە فیرعـەون ناکـەیت، بـەڵام دەتەوێت من لەعنەت لە بنەماڵەکەم بکەم خۆم بێ بەری بکەم لێیان؟.

بێ قەزابن! ئێوە تێ نەگەیشتوون، مەبەستێکتان هەیـە، بـەڵام نـەتان پێکـاوە، ئێوە شتێك لـە خـەڵك قبـوڵ ناکـەن، کە پێغەمبـەری خـوا ﷺ لێ ی قبـوڵ کردبـون، ئەوەی لە ئەو دەرسا لە ئێوە ئەمینە، ئەوەی لەئێوە ئەمینە، لەو دەترسا.

کابرا ووتی: ئێمە کەی وابووین! ووتی: بەڵێ وابوون و ئێنندای پێدا دەنێن.

ئەی ئایا نازانن، کە پێغەمبەری خوا هات ﷺ بۆ ناو مرۆڤایـەتی، خـەڵکی هـەبوو بتیان دەپەرست، بانگی کردن بۆ ووشەی (لاإله إلا الله ومحمد رسول الله) هەرکەسـێ ئـەو شـایەتی یـەی بدایـە، خـوێن و سـامانی پـارێزراو دەبوو، بـێ خـەم بـوو، دەی

١ ـ الأثار الواردة٢/ ٢٠٣.

پێغەمبەرﷺسەرمەشق نی یە بۆ موسڵمانان و هەرکەسیش ئەوەی قبوڵ نەکردایە جیهادی نەدەکرد؟ ووتیان: بەڵێ، عمر ووتی: دەی ئایە ئێوە ئەمڕۆ خۆتان بێ بەری ناکەن لەو کەسانەی وازیان لە بت پەرستی هێناوە، شایەتو مانیان هێناوەو نەفرەتی لێ دەکەن ودەیکوژن و خوێنی حەڵاڵ دەکەن؟ بەڵام گەلانی تری وەك جولەکەو گاور ئەمین و بێ ترس دەکەن و خوێنیان حەرام دەکەن؟

عاصم الحبشی ووتی: هیچ بەڵگەیەك وهیچ گفتوگۆیەكم نەیوە لەمەی تۆ ڕۆشنترو ڕاستر بێت، ئەوامن شایەتی دەدەم تۆ لەسەر حەقیت من بێ بەریم لە هەرکەسێك سەرپێچت بکات.

پاشان بە هاوڕێکەی تری ووت: ئەی تۆ چی دەڵێیت؟ ووتی: لەم قسەو بەڵگانەی تۆ جوانتر شك نابەم هەبێت، بەڵام پێم خۆش نی یە بڕیارێك بدەم بەبێ موسڵمانانی برادەرم، لەوانەیە بەڵگەیەکیان پێ بێت کەمن نایزانم، پاشان عمر فەرمانی کرد هەموو موچەکانی عاصم الحبشی، یان گەڕاندەوە بۆی و پێیان داو لەلای عمر مایەوە تالەدوای(١٥) ڕۆژ گیانی سپارد، بەڵام هاوڕێکەی تری، کە (شەیبانی)بوو خۆی گەیاندەوە خەواریجەکانی هاوڕێ ی و لەگەڵ ئەواندا پاشترکوژرا.[١]

لە ڕیوایەتێکی دیکەدا هاتووە دووکەس لە خەواریجەکان هاتن بۆلای عمری کوڕی عبدالعزیز ووتیان: السلام علیك یا إنسان، عمریش ووتی: وعلیکما السلام یا إنسانان، ووتیان: گوێڕایەڵی خوا لەپێش گوێڕایەڵی تۆوەیە؟ عمر ووتی: ئەوەی ئەوە نەزانێت گومڕایە، ووتیان نابێت پارە لەناو دەوڵەمەندەکان دا کۆ ببێتەوە، کۆبکەیەتەوە، ووتی: ئەوەم نەهێشتووە، ووتیان: دەبێت ماڵ و سامانی خوابدرێت بەوەکەسانەی پێیان دەشێت، ووتی: خوای گەورە لە قورئاندا جوان ڕونی کردۆتەوە دەدرێت بەکێ، ووتیان: نوێژەکان لەوختی خۆی بکرێت، ووتی: هەقی خۆیەتی، ووتیان: دەبێت ڕیزەکانی نوێژی جەماعەت ڕێك و پێك بێت، ووتی: ئەوە تەواو کاری سونەتە، ووتیان ئێمە نێرراوین بۆلای تۆ، ووتی چیان پێ ووتون

---

١ ـ أنساب الأشراف ٨/ ٢١١ـ ٢١٥، الأثارالواردة ٢/ ٧٠٤.

بیگەیەنن ومەترسن، ووتیان حەقی خەڵکی بدە، ووتی: خوای گەورە پێشی ئێوە ئەوفەرمانەی کردووە، ووتیان: تەنها خوا حوکمی خەڵکی دەکات، ووتی: قسەیەکی ڕاستە، ئەگەر مەبەستێکی خراپی لەپشتەوە نەبێت، ووتیان: دەست پاکەکان بێ خەم بکە، ووتی ئەوانە پشتی منن، ووتیان: ئاگات لە ناپاکی بێت، ووتی: دز ترسێنراوە، وتیان ئەی ئارەق و گۆشتی بەراز؟ ووتی شایانی ئەهلی کوفرە، ووتیان: هەرکەسێ هاتە ناو ئیسلام دڵنیا دەکرێت، ووتی: ئەگەر ئیسلام نەبوایە ئەمین و دڵنیا نەدەبووین، ووتیان: ئەوانەی پێغەمبەری خوا پەیمانی لەگەڵدا بەستوون؟ ووتی: لەسەر ئەو پەیمانەن، ووتیان: شتێ مەدە بەسەریاندا توانایان نەبێت، ووتی: ﴿لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفۡسًا إِلَّا وُسۡعَهَا﴾ البقرة:٢٨٦، ووتیان خوامان بخەوە بیر، ووتی: ﴿وَٱتَّقُواْ يَوۡمًا تُرۡجَعُونَ فِيهِ إِلَى ٱللَّهِ﴾ البقرة: ٢٨١، ووتیان: دەی بەوڵاخی (بیت المال) بمان نێرەوە، ووتی: ئەمە ماڵی خوایەو حەزناکەم بۆ ئێوە بێت، ووتیان: دەی پارەی مەسروفمان پێ نی یە! دەی ئێوە ڕێبوارن(إبن السبيل)ن و لەسەرمانە مەسروفتان بکێشین.[1]

أرطاةی کوڕی منذر دەگێڕێتەوەو دەڵێت: لە (أبو عون)م بیست دەیوت: کۆمەڵێ لە (حەروری)یەکان هاتن بۆلای عمری کوڕی عبدالعزیزو لە مەسەلەیکدا گفتوگۆیان دەکرد، هەندێ لەو کەسانەی لای بوون، پێیان ووت: کەمێ بیانترسێنە و دەسەڵاتی خۆتیان پیشان بدە، بەڵام عمری کوڕی عبدالعزیز گوێی پێ نەدان و بەردەوام بە نەرم نیانی قسەی بۆ دەکردن تارێکەوتن لەگەڵیدا بەجۆری خۆراك و جل و بەرگیان بۆ مسۆگەر بکات بە درێژایی فەرمان ڕەوایەکەی، بەو شێوەیە لای هەستان، کاتێ دەرچوون لە لای عمر دای بە ئەژنۆی ئەوکەسەدا، کە پێشنیارەکەی کردبوو پێ ی ووت: ئەی فلانە کەس، ئەگەر دەکرا هاورێکەت بەداو دەرمان چاسەربکەیت مەگوێزە بۆ داغ کردن.[2]

١ــ سيرة عمر بن عبدالعزيز لا ١٤٧.

٢ــ سيرة عمر إبن الجوزى.

لەڕیوایەتێکیشدا هاتووە، کە کاتێ شەوزەب کەناوی تەواوی (بسطام) بوو لە هۆزی(بنی یشکر) بە خۆی و(٨٠٠) چەکدارەوە لە دژی والی عیراق عبدالحمیدی کوڕی عبدالرحمن دەرچوونە دەرەوە، عمری کوڕی عبدالعزیز نامەی نارد بۆ عبدالحمیدو پێ ی ووت: مەیان ئاڵسیکێنە تا خوێن دەڕژێنن، یان فەسادو گەندەڵی لە ناو زەویدا بڵاودەکەنەوە، ئەگەر وایان کرد توشی ئەو شتە یەکلایی بکەرەوە، پیاوێکی زیرەك و لێهاتوو لەگەڵ کۆمەڵێ سەربازدا بنێرە بۆ ناویان و چیم پێ وتوویت تۆش ئەوەی پێ بڵێ.

عبدالحمیدیش، محمدی کوڕی عبدالله (البجلی) ناردە ناویان بە دوو هەزار چەکداری شاری کوفە و عمر چی پێ ووتبو پێ ووتن، عمریش نامەی نارد بۆ شەوزەب و پرسیاری لێ کرد لە هۆی دەرچونەکەی و داوای گەڕانەوەی لێ کرد، نامەی پێ گەیشت.

محمدی کوڕی جریر هەستاو چووە ناویان و تورەی دەکردن و بەرەو جەنگ دەیجولاندن، عمریش نامەیەکەی بۆ نووسیبوو تیادا پێ ی ووتبوو: بیستومە لەبەر خواو پێغەمبەرەکەی لە دژی والی دەرچویت، تۆ لەکارەتدا لەمن زیاتر نیت، وەرە با پێکەوە گفتوگۆو مێزگرد بکەین، ئەگەر ئێمە لەسەر حەق بووین ئەوە تۆش وەك ئەو خەڵکە بگەرێرەوە، ئەگەر هەقیش لەلای تۆبوو لەمەسەلەکەت دەکۆڵینەوە، بەڵام بەستام نەجولا و هەر ئەوەندە بوو نامەیەکی بۆ عمر نووسی ووتی: بەڕاستی بەویژدانەوە قسەت کردو ئەوامنیش دوو پیاوی لای خۆم دەنێرم بۆلات بۆ گفتوگۆو وتووێژ.

ئەبو عوبیەدە دەڵێت: ئەو دوو پیاوەی شەوزەب ناردی بۆلای عمر، یەکەمیان: مەخدوج بوو لەبنی شیبان، دووەمیان: لە (بنی یشکر) بوو، دەڵێن: ئەم دوانەی لەگەڵ کۆمەڵێك دا ناردی بۆ لای و هاتن بۆلای عمر، بە عمریان ووت: باسی (یەزید)مان بۆ بکە! بۆچی ڕازی بویت بیتە خەلیفەی دوای تۆ؟ ووتی: کەسی تر دایناوە بە خەلیفەی دوای من، وتیان: ئەگەر تۆ ئەمانەتی یەکێکت لە لابێت،

پاشان تۆش داتە دەستی کەسێکی تر، کە ئەمین نەبێت، ئایە ئەوە ئەمانە پارێزی یە، یان نا؟[١]

هەندێ ڕیوایەت ـ بەگریمان ـ دەڵێن: (بنی مروان) دوای ئەوەی زانیان ماڵ و سامان و زەوی و زارەکانی لێ سەندنەوە، لەوەش ترسان، کە ـ یەزید ـ لابەرێت و بەوەش خەلافەتیشیان لە دەست بسەنێت بۆیە ژەهریان بۆ کردە ناو خواردنەوەو شەهیدیان برد، هەر لەو ڕۆژەدا، کە وەڵامی ئەو وەفدە بداتەوە گیانی لەدەست دا.[٢]

لەم ڕوداوانەی پێشەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە عمری کوڕی عبدالعزیز ڕێڕەوێکی ڕاست و دروستی وای لەگەڵدا گرتنەبەر، کە هەمان ڕێگابوو، کە ئەمیری باوەڕداران علی کوڕی ئەبوو طالیب و عباس رضي الله عنهما گرتیانە بەر، وایش دیارە عمر زۆر مەبەستی بوو بیانگێڕێتەوە ناو کۆمەڵی موسڵمانان و بەو هۆیەشەوەبوو، کە دەیویست هەموو بیانوەکیان ببڕێت و بەڵگەکانیان پوچەڵ بکاتەوە لە مەسەلە ڕاست ودروست و هەقەکاندا،[٣] بەڵام ئەوەبوو، ووتی: لێم گەڕێن با لەسەرخۆ بیر لەداواکاریەکەتان بکەوە، بەڵام ئەبوو پێش ئەوەی وەڵامیان بداتەوە گیانی سپارد.

بەڵام کاتێ خەواریجەکانی عێراق ویستیان هێزبەکاربهێنن دژی سوپای والی و تونیان سوپای نیزامی عبدالحمید بشکێنن، عمریش سوپایەکی گەورەی لە شامەوە بەسەرکردایەتی مسلمەی کوڕی عبدالملك خستە ڕێ و نامەی نووسی بۆعبدالحمید و پێ ی ووت: پێم گەیوە، کە سوپاکەت ـ سوپا خراپەکەت ـ چی بەسەر هاتووە و من مسلمە ناردوەو وازی لێ بهێنە خۆی چی دەکات با بیکات.

مسلمە بە سوپا کەیەوە ڕۆیشت بۆ ئەو جێگایەی سوپای خەواریجەکانی تێدا بوو، جەنگ دەستی پێ کرد لە نێوان هەردوو لادا، لە ئاکامدا سوپایی ئەمیری باوەڕداران بە سەرۆکایەتی(مسلمە) سەرکەوت بەسەر خەواریجەکاندا.[٤]

١ـ تأريخ الطبري ٧/٤٦٠.

٢ـ هەمان سەر چاوەو لاپەڕە، وملامح الإنقلاب الإسلامي لا٩٧.

٣ـ الآثار الواردة٢/ ٧١.

٤ـ الطبقات (٥/ ٢٥٨).

ناچار بوونی عمر بۆ بەکار هێنانی هێز دژی خەواریجەکان وای لێ نەکرد، کە بەردەوام شێوازی توندوتیژو زبربەکار بهێنێ لەگەڵ هەموو یەکێك لەخەواریجەکان و هەرکامیان ئامادەی گفتوگۆی ئاشتیانە بوایە دەستی بۆ درێژ دەکرد لە پێناو پاراستنی خوێنی موسڵمانان دا.[١]

٣ــ هۆکارەکانی هەڵگیرسانی جەنگ دژی خەواریجەکان:

عمری کوڕی عبدالعزیز لەبەر ئەوە نا، کەڕایان لە گەڵدا جیاواز بوو، یان نەیاریان دەکرد و قسەیان پێ دەگوت، جەنگی دژیان ڕاگەیاند، بەڵکو هەر خۆی دەگرت، تا بەڵکو بێنەوە بە خۆیاندا و بێنەوە سەر ڕێگایی ڕاست، بەڵام پاش ئەوەی کارەکەیان گەیاندە قۆناغێکی ترسناك، کە خواردنی ماڵ و سامانیخەڵکی و توقاندنی ڕێبواران و خوێن ڕشتن، ئەوجا فەرمانی دەرکرد بەجەنگ دژیان.[٢]

٤ــ گەڕاندنەوەی شت و مەکەکانیان:

عمری کوڕیعبدالعزیزرحمه الله ژن و کچی خەواریجەکانی نەکردە کەنیزەك و ماڵ و سامانیشی حەڵاڵ نەکردن، بەڵکو فەرمانی دا هەموو شتەکانیان بۆ بگێڕنەوە، نامەی نارد بۆ کاربەدەستەکەی دەربارەی خەواریج و وتی: ئەگەر خوای گەورە سەری خستی بەسەریاندا و شکاندنت هەرچی ماڵ و سامانێکیان هەیەو گرتووتە پێیان بدەرەوە.[٣] ئەمەش ڕای ئەمیری ئیمانداران علی کوڕی ئەبو طالیبرضي الله عنه بوو.

٥ــ بەند کردنی دیلەکانیان تا دەگەڕێتەوە:

کاتێ عمررحمه الله جەنگی لە دژیان ڕاگەیاندو چی کوژرا کوژراو ئەوانی تریان بەدیل گیران و فەرمانی دەرکرد، کە لە زینداندا بیان هێڵنەوە تا ئەو کاتەی، کە

---

١ ـ ملامح الإنقلاب الإسلامي لا ٩٤.

٢ــ فقه عمر عبدالعزيز(٢/٤٦٩)

٣ــ هەمان سەرچاوە.

دەگەڕێنەوە سەر ڕێگای موسڵمانان و واز لەو بۆچوونە گومڕایەیان دەهێنن.[١]

تا ئەوکاتەی عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله گیانی سپارد کۆمەڵێکیان لە زیندا مابوونەوە، ئەمەش بەرنامەی کاری عمر بوو لە دژی نەیارەکانی خەلافەت، کە خەواریجەکان بوون.

دووەم: شیعەکان

شیعەبەهەموو کەسێك دەڵێن، کە وابزانێت علی کوڕی ئەبو طالیب رضي الله عنه لە هەرسێ جێنشینەکەی پێش خۆی باشترە، ئەو شایانتربووە لەوان بە جێنشینی.[٢]

لە کتێبی ــ علی کوڕی ئەبو طالیب دا رضي الله عنه بە درێژی لەسەر شیعەو بۆ چوونەکانیان دووامم ـ شیعەش چەند دەستەو تاقمێکن و هەموویان یەك نین، بەڵام ترسناك ترسناك تریان ڕۆچووەکانن(الغلاة) کەئەمانە لە ئیسلام دەرچوون، بەڵام لەوان خوارتر کۆمەڵانێکی ترن وەك ـ کیسانیە، الإمامیةو هتد...

عمری کوڕی عبدالعزیز سەبارەت بە شیعە ڕۆچوەکان ووتەی زۆری هەیە لەوانە:(من چاکیو خراپی ئەوکانی هاشم لەخۆشەویسنتی(کوثەیر)[٣] دانابێنمەوە، هەرکەسێك خۆشی بوێت ئەوەخراپە وهەرکەسێکیش ڕقی لێی بێت ئەوەچاکە، چونکەئەو پیاوە-خەشەبی-یەك بوو باوەڕی بەگەڕانەوەی علی هەبوو بۆ ژیان.[٤]

جارێکیان نامەیەکی پێدەگات لە کاربەدەستەکەیەوە لەشاری کوفەوەو گلەیی ئەوەدەکات، کە ئەو شارە گوێڕایەڵی ناکەن بەباشی، عمریش رضي الله عنه لە وڵامدا ووتی: داوای گوێ ڕایەڵی چی دەکەیت لە کەسانێك کەپشتیان لە علی رضي الله عنه هەڵکرد، کە پێشەوایەکی نموویەی بووە.[٥]

١ــ فقه عمر (٢/ ٤٧٣).

٢ــ مقالات الإسلامیین لا ٦٥.

٣ــ تأریخ الإسلام لة الأثارالواردة لا(٢/٧٢٨) وەگیراوە.

٤ــ هەمان سەرچاوە.

٥ــ تأریخ دمشق لة الأثارالواردة لا(٢/٧٢٩) وەگیراوە.

لە ئیسحاقی کوڕی (طلحة)ی کوڕی (أشعث)وە دەگێرنەوەو دەلێت: عمری کوڕی عبدالعزیز ناردمی بۆ عێراق و پێ ی ووتم: قورئانیان بۆ بخوێنەرەوە، بەلام ئەوان بۆت نەخوێننەوە، فەرموودەیان بۆ باس بکە، بەلام ئەوان بۆت باس نەکەن، زانیاریان فێربکە، بەلام ئەوان زانیاریت فێرنەکەن.

بەناوبانگترین راوبۆچونەکانیان:

١ـ دەلێن: علیﷺ پێویستە بکرێتە ئیمامی هەموان و لەهاوەلان بەرێزتر سەیر بکرێت، گوایە پێغەمبەری خواﷺ بەدەقی فەرموودە ئەوەی چەسپاندوە!.

٢ـ دەلێن: پێغەمبەران و پێشەواکان بێ گوناهن و لە گوناهی بچوك و گەورە پارێزراون!.

٣ـ دەلێن (الولاء)و(والبراء) واتە: دۆستایەتی کردنی علیﷺ و خۆبەری کردن لەهەموو هاوەلانی پێغەمبەری خوا ﷺ بەتایبەتی سێ جێنشینە ڕاشیدەکان ﷺ!.

سێ یەم: قەدەریەکان

١ـ پێناسەی قەدەری یە:

أـ بەمانا تایبەتیەکەی: ئەو کەسانەن، کە دەلێن: قەدەر نی یە، واتە: ئەوە بەدرۆدەخەنەوە، کە گوایە خوا هەموو شتێکی لەسەر خەلکی داناوە، پێشتر هەموو کردەوە گوفتارێکی دیاری کروە، دەلێن: (لاقدر من الله) واتە: لە خواوە کردەوەو گوفتارەکان دیاری نەکراون و هەمووکارەکان سەرتان پێشتر دانەڕێژراون و، لەمەولا بە درێژی لەسەریان دەدوێین.

ب ـ مانا گشتی یەکەی (قەدەریەکان): ئەو کەسانە دەگرێتەوە، کە دەربارەی علیمی خواو نوسینی شتەکان و یست و تەقدیرو دانان و دروست کردن دەدوێن، ئەمەش پێچەوانەی هەموو دەقەکانی قورئان و سوننەیە دژی بۆچونی سەلەفی سالحە.[1]

١ـ القدرية والمرجئة لا١٩٧.

٢ـ سەرتایی وتەی (القدر) لە ئیسلامدا:

پێغەمبەری خوا زۆری پێ ناخۆش بووە، موسڵمانان دەم بکوتن بۆ (قەدەر)و بەبێ زانیاری تەواو لەو بارەیەوە، جابری کوڕی سمرةرضي الله عنه دەڵێت: پێغەمبەری خواصلى الله عليه وسلم فەرموویەتی: ((ثلاثة أخاف من أمتي: الإستسقاء بالأندا، و حيف السلطان، وتكذيب القدر))[١] واتە: لە سێ شت ئەترسم لە ئومەتەکەم، داوای باران کردن جگە لەخوا، ستەمکاری دەستە دەسەڵاتدار، بەدرۆ خستنەوەی قەدەر.

پێغەمبەری خواصلى الله عليه وسلم ئومەتەکەی ئاگادار کردۆتەوە لەوەی دەمەقاڵە و گفتوگۆ لە ئاینەکەیاندا بکەن، چونکە زانستی مرۆڤ سنورداره و ئامانجی هەموو قوڵ بوونەوەیەك لە دەقەکاندا سەردەکێشێت بۆ سەر گەردانی و گومڕایی.

ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە لە مەسندا(٢/ ١٧٨) لە عەمری کوڕی شوعەیبەوەو ئەویش لە باوکی یەوەو ئەویش لە باوایەوە دەڵێت: ڕۆژێکیان پێغەمبەری خواصلى الله عليه وسلم هاتە ناو خەڵکەوەو ئەوانیش باسی (قەدەر)یان دەکرد، دەڵێ: چاوەکانی سور هەڵگەڕان وەك ئەوەی هەناری تێ تەقیبێت لە توڕەیداو فەرمووی: ((مالكم تضربون كتاب الله بعضه ببعض! ؟ بهذا هلك من كان قبلكم)) واتە ئەوە چیتانە پەرتوکەکەی خوا هەندێکی دەکێشن بە هەندێکی تردا! ؟ ئا بەم کارەی ئێوە گەلانی پێش ئێوەش لەناوچون.

تا ساڵی (٤٠)ی کۆچی تەنها دوو تاقم هەبوون لە وڵاتی ئیسلامدا یەکەم خەواریجەکان، دووەم شیعەکان، تائەوەبوو لە ساڵی (٦٢)ی کۆچیدا (معبد الجهمی) سەرەتای ئەم ئاگرەی هەڵگیرساند، پاش ئەو تەشەنەی کرد وەك (إبن تيمية) دەڵێت: (بيدعة) لە سەرەتاوە بستێکەو پاشان زۆر دەبێتە باڵێك باشتر دەبێتە مێلێك و پاشتریش فەرسەخێك.[٢]

لە پاش ئەویش (غیلان)ی دیمەشقی لە ساڵی١٥٠ی کۆچی پەیدابوو بووە هەڵگری ئەم بیرۆکە گومڕای یەی، کە بە کورتی یەکەی هەموو ئەو کەسانە

١ـ مسند أحمد(٥/٩٠) وصححه الألباني في سلسة ألأحاديث الصحيحة ژ ١١٢٧.

٢ـ الفتاوى (٨/ ٤٢٥).

دەگرێتەوە، کە ئەوە ڕەد دەکەنەوە، کە پێش ڕوودانی کردەوە خوای پەروەردگار بزانێت ــ پەنا بەخوا ــ هەموو کردەوەیەکی بەندەکان تازەیەو خوا زانیاری پێشتری پێ نی یە، لە تابلۆی پارێزراودا ـ لوح المحفوظ ــ نەینوسیوە، کەواتە لای ئەو تاقمە کردەوکان سەربەخۆن.

ئەم ووتەیە ڕۆچوونە لە مەسەلەی قەدەردا، بە جۆرێ، کە سیفەتی زانیاری و نوسین و دانانی کردەوەکان لە پەروەردگار دەکەنەوە.

٣ـ سەرکردەکانی ئەم بۆ چونە ترسناکە لە پاش (معبد الجهمی) کە ئیمام ئەوزاعی دەربارەی دەلێت: کابرایەك لە عێراق ناوی(یونس) بووەو، گاور بوو، موسڵمان بوو، پاشان گاوربۆتەوەو(معبد) لەوەوە ئەم بۆچونەی وەرگرتوە.

لەپاش ئەویش (غیلان الدمشقی) لە ساڵی ١٥٠ی کۆچیدا کوژرا، ئەم پیاوە ترسناك تر بوو لە (معبد)، چونکە هەندێ سیفاتی تریشی لە خوا دەکردەوە ـ پەنا بەخوا ـ وەك: (الإستواء) پاش ئەویش(جعدی کوڕی درهەم) لە ساڵی ١٢٤کۆچیدا دەرکەوت پاش ئەویش (جهم کوڕی صفوان) لە ساڵی ١٢٨ی ك.

هەڵوێستی عمری عمری کوڕی عبدالعزیز دەربارەی (غیلان الدمشقی):

عەمری کوڕی موجاهیر دەڵێت: عمری کوڕی عبدالعزیزرحمه الله هەواڵی بیست، کە غیلانی دیمەشقی دەربارەی قەدەر دەم دەکوتێت، ناردمی بەدوایدا وکاتێ غیلان هات، چەند ڕۆژێك نەیهێشت بێتە ژوورەوە بۆ لای، پاشان ڕێگەی داو هاتە ژوورەو عمری پێ ی ووت: غیلان ئەمە چیە لێت دەگێڕنەوە؟ غیلان بێ دەنگ بوو، عەمری کوڕی موهاجیر دەڵێت: ئاماژەم بۆ کرد، کە قسە بکات، ئەویش ووتی: بەڵێ: ئەی ئەمیری موسڵمانان خوای ـ عزوجل ـ دەفەرموێت: ﴿هَلْ أَتَىٰ عَلَى ٱلْإِنسَٰنِ حِينٌ مِّنَ ٱلدَّهْرِ لَمْ يَكُن شَيْـًٔا مَّذْكُورًا ﴿١﴾ إِنَّا خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ مِن نُّطْفَةٍ أَمْشَاجٍ نَّبْتَلِيهِ فَجَعَلْنَٰهُ سَمِيعًۢا بَصِيرًا ﴿٢﴾ إِنَّا هَدَيْنَٰهُ ٱلسَّبِيلَ إِمَّا شَاكِرًا وَإِمَّا كَفُورًا﴾ (الإنسان ١ـ ٣)

عمریش پێ ی ووت: دەی ئایەتی کۆتایش بخوێنە، غیلان خوێندی ﴿وَمَا تَشَآءُونَ

إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمًا ﴿٣٠﴾ يُدۡخِلُ مَن يَشَآءُ فِي رَحۡمَتِهِۦۚ وَٱلظَّٰلِمِينَ أَعَدَّ لَهُمۡ عَذَابًا أَلِيمَۢا ﴾ (الإنسان ٣٠ـ ٣١)

عمر ووتی: ئەی غیلان ئێستا چی دەڵێیت؟ ووتی: من تـا ئێـستا کـوێر بـووم تـۆ چاوت کردمەوە، تا ئێستا کەڕ بووم و تـۆ گوێـت بـۆ گەڕاندمـەوە، گومڕابـووم و تـۆ ڕێنموێیت کردمەوە.[1]

لە ڕیوایەتێکی تردا دەڵێت: عمری کوڕی عبدالعزیز غیلانی دیمەشقی بانگ کـرد و پێ ی ووت: بیستومە ئەی غەیلان دەربارەی قەدەر قسە دەکەیت، غیلانیش ووتی: درۆم بە دەمەوە دەکەن ئەی ئەمیری باوەڕداران.

عمریش پێ ی ووت: ئەی غیلان ئادەی سەرتایی سورەتی: یاسینیم بۆ بخوێنە، ئەویش ووتی: ﴿يسٓ ﴿١﴾ وَٱلۡقُرۡءَانِ ٱلۡحَكِيمِ ﴿٢﴾ إِنَّكَ لَمِنَ ٱلۡمُرۡسَلِينَ ﴿٣﴾ عَلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ ﴿٤﴾ تَنزِيلَ ٱلۡعَزِيزِ ٱلرَّحِيمِ ﴿٥﴾ لِتُنذِرَ قَوۡمًا مَّآ أُنذِرَ ءَابَآؤُهُمۡ فَهُمۡ غَٰفِلُونَ ﴿٦﴾ لَقَدۡ حَقَّ ٱلۡقَوۡلُ عَلَىٰٓ أَكۡثَرِهِمۡ فَهُمۡ لَا يُؤۡمِنُونَ ﴿٧﴾ إِنَّا جَعَلۡنَا فِيٓ أَعۡنَٰقِهِمۡ أَغۡلَٰلٗا فَهِيَ إِلَى ٱلۡأَذۡقَانِ فَهُم مُّقۡمَحُونَ ﴿٨﴾ وَجَعَلۡنَا مِنۢ بَيۡنِ أَيۡدِيهِمۡ سَدّٗا وَمِنۡ خَلۡفِهِمۡ سَدّٗا فَأَغۡشَيۡنَٰهُمۡ فَهُمۡ لَا يُبۡصِرُونَ ﴿٩﴾ وَسَوَآءٌ عَلَيۡهِمۡ ءَأَنذَرۡتَهُمۡ أَمۡ لَمۡ تُنذِرۡهُمۡ لَا يُؤۡمِنُونَ ﴾ (یس ١ـ١٠)

لەوێدا غیلان ووتی: ئەمیری باوەڕداران وەڵاهی ئەڵێ ی یەکەم جارە ئـەو ئایەتـە دەبینم، تۆ دەکەم بەشایەت ئـەی ئـەمیری بـاوەڕداران، کـە ئـەوا تەوبـەم کـرد لـەو شتانەی کردوومن، عمریش ووتی: خوایە ئەگەر ڕاستە تۆش ڕوەستاوی بکە، ئەگـەر درۆش دەکات بیکەیت بە پەند بۆ باوەڕداران.[2]

عمـر لـە وتارەکانیـدا ڕوونـی کـردەوە، کـە هـەرکاتێ بەندەیـەك تـاوانێکی کـرد لەسـەریەتی تەوبـەو پەشـیمانی دەربڕێـت و داوای لێخـۆش بـوون بکـات لـە خـوا،

١ـ الأثار الواردة (٢/٧٥٠)

٢ـ الإبانة(٢/٢٣٥)

قەدەری خوای پێ تاوانبار نەكات، نەڵێت: دەی من گوناهم چیە، كە لەسەرم نوسراوەو دەبێت بیكەم وئیتر با ویست و قەدەرو بڕیاری خوایش بێت، چونكە هیچ شتێك ڕوونادات بەویست و ئارەزو و زانیاری ئەو نەبێت.[١]

هەروەك ڕەدی قەدەریەكانیشی لەوەدا داوەتەوە، كە دەڵێن: بەندە ویست و ئارەزوی تایبەتی هەیە، بەڵام لە دوای ویست ئارەزوی خواوە دێت.[٢]

٣ـ جیاوازی نێوان ووشەی (قەزا)و (قەدەر) چی یە؟

قەزاو قەدەر دووشتی پێكەوەنوساون و بێ یەكتری نایان كرێت، چونكە یەكەمیان وەك بناغە وایە بۆ دیوار، كە قەزایەو دووەمیان بە مانایی دیوارە بۆ بناغە، هەركەسێ بیەوێت لە یەكتر جیایان بكاتەوە وەك ئەوە وایە كەسێ بڵێ: بناغە لە دیوارەكە جیا دەكەمەوە، هەمووی دەڕوخێت.

دەڵێن: (قەزا) واتە: زانیاری پێشتر لەسەر ئەو كارە لە ئەزەلدا، قەدەریش واتە: جێ بەجێ كردنی خەڵكی بۆ ئەو كارو گوفتارانەی لە (قەزا)ی خوا بڕیاری لە سەر دراوە.[٣]

(إبن حجر) دەڵێت: قەزا واتە: حوكمە گشتی یە ئەزەلی یەكان، قەدەریش وردەكاریەكانی و حوكمی گشتی و ئەزلی یەیە.[٤]

٤ـ ڕازی بوون بەقەزاو قەدەر:

عمری كوڕی عبدالعزیز رحمه الله دەڵێت: (ما أصبح اليوم في الأمور هوى إلا في واقع قضاء الله فيها)[٥] واتە: ئەمڕۆ هەموو ئارەزووەكانم لە جێ بەجێ كردنی كارەكانمدا هاتۆتە سەر بڕیارو قەزایخوا تیایاندا، هەموو جارێ ئەم نزایەی دەكرد: ((اللهم

١ـ الأثار الواردة (٢/٧٦٩ـ ٧٧٠)
٢ـ النهاية إبن الأثير(٤/٧٨).
٣ـ الأثار الواردة(١/٤٩٤).
٤ـ فتح الباري (١١/ ٤٨٦).
٥ـ الطبقات(٥/ ٢٧٢).

رضيني بقضائك، وبارك لي في قدرك، حتى لا أحب تعجيل ما أخرت وتأخير ماعجلت)) واتە: ئەی خوای ڕازیم بکە بە بڕیارەکانت ، پیرۆزی، کە لێم قەدەرەکانت، تاوام دێت چیت لێ دواخستووم حەزنەکەم پێشی بخەیت و چیت پێشخستووە حەزنەکەم داوی بخەیت.

عمر دەڵێت: ئەوندەم ئەم دوعایەم دوبارە کردۆتەوە وام لێهاتووە هەموو ئارەزوەیەکم لەگەڵ قەزاوقەدەری خودا گرێ داوە[1]

کاتێ عبدالملك کوڕی ئەسپاردەی خاك کرد ووتی: ڕازین بە قەدەری خواو ملکەچی فەرمانی ئەوین و سوپاس بۆ خوای هەموو جیهانیان.

کاتێ سەرە خۆشیان لێ دەکرد دەیووت: (أنا أعوذ بالله أن يكون لى محبة فى شيء من الأمور تخالف محبة الله؛ فإن ذلك لا يصلح لى بلا ئە عندى إحسانه إليّ)[2] واتە: من پەنا دەگرم بە خوا لەوەی شتێکم خۆش بوێت پێچەوانەی خۆشەویستی خوا بێت، چونکە ئەمە نەگونجاوە لەگەڵ چاکەکانی ئەو لە گەڵمداو تاقیکردنەوەکانی بۆم.

لە وتەکانی عمرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە ئارام گرتن لەسەر قەزاو قەدەرو بڕیارەکانی خوا واجبەو دەبێت بەندە بەرامبەر بەخوا سەبرو ئامارامی هەبێت، بەڵام ڕازی بەقەزاو قەدەرەکانی سوننەتە و ئەو کەسانە پێ ی دەگەن، کە پلەیەکی بەرزی باوەڕدان و ئەو پەڕی متمانەو دڵنیایی بیان هەیە بەرامبەر خوای پەروەردگار.

چوارەم: ((المرجئة)) ـ مورجیئەکان ـ

ووشەی (مرجئة) لە دواخستنەوە هاتووە، بە مانای دواخستنی کردەوەلە باوەڕ دێت[3]، ووشەی (الإرجاء) دوو مانای هەیە:

یەکەم: دواخستن وەك لە قورئاندا هاتووە: ﴿أَرْجِهْ وَأَخَاهُ﴾ الأعراف:١١٠.

١ـ سيرة عمر إبن عبد الحكم لا ٩٢.

٢ـ الأثار الواردة(١/ ٥٣٨).

٣ـ الفرق بين الفرق لا ٢٠٢

دووەم: بەخشینی تكاكاری.[١]

(مرجئە) وەك ئیمام أحمد رحمه الله دەڵێت: ئەو كەسانە دەگرێتەوە، كە پێیان وابوو باوەڕ دەبڕینە بەزمان و بەس، خەڵكی هەموو وەك یەك باوەڕیان هەیە كەسیان لە كەسیان زیاتر نی یە، كەواتە لەلای ئەوان فریشتەو پێغەمبەران ــ علیهم السلام ــ خەڵكی سادە هەموو وەك یەك باوەڕیان هەیەو باوەڕ نەزیاد دەكات و نەكەم و هەركەسێ بە زمان شایەتومان بێهێنێ ئەوە باوەڕدارە با یەك كردەوەی چاكیشی نەبێت.[٢]

(مرجئة) تۆخەكان دەڵێن: لەگەڵ بونی باوەڕدا گوناه زیانی نی یە، هەروەك چۆن لەگەڵ بێ باوەڕیدا كردەوەی چاك دەوری نی یە، ئەمەش بۆچونی (جهم)و هاوڕێكانی بوو، یەكەم كەس لەم بارەیەوە دەوی كوتا –غیلانی دیمەشقی– بوو[٣]

زۆر وتە لە عمری كوڕی عبدالعزیز رحمه الله دەگێرنەوە وەك زیادكردنی باوەڕو كردەوەش بەشێكی گرنگە لێ ی، كە ئەمەش ڕدێكی گەورەیە بۆ(مرجئة)كان.

هەروەك هەمیشە لە دژی (بیدعە)وشتە پڕوپوچە داهێنراوەكان دەجەنگاو كردەوەی بەگەورە دەگرت و دەیكرد تەواو كەری باوەڕ وەك پێشتر باسمان كرد خۆی دەڵێت: ئیسلام بریتیە لە كۆمەڵێ سنور ـ حدود ــ و شەریعەت و سوننەتە، هەركەسێك كاریان پێ بكات ئەوە بە تەواوی باوەڕی تەواو كردووە، ئەوەی بە تەواوی جێ بەجێ یان نەكات ئەوە باوەڕی تەواو نەكردوە، ئەگەر بمێنم بەجوانی بۆتان ڕوون دەكەمەوەو جێ بەجێشی دەكەم لە ناوتاندا، خۆز ئەگەر بشمرم ئەوە زۆر حەزم لە ژیان نی یە لە ناوتاندا.

عون كوڕی عبدالله، كە یەكێك بوو لە كۆمەڵەكانی ئەم تاقمەو، پاش ماوەیەك لە عمر نزیك دەبێتەوەو پەیوەندی تۆندو تۆڵی لەگەڵدا دەبەستێت و واز لە بۆچونی(مرجئة)كان دەهێنێت.[٤]

١ــ الملل والنحل للشهرستانی(١/١٢٩)

٢ــ موقف أهل السنة من أهل الأهواء(١/١٥٢)

٣ــ الملل والنحل (١/١٢٩)

٤ــ الآثار الواردة(٢/ ٨١٦).

پێنجەم: ((الجهمية)) جوهەمیەکان

تاقمی جوهەمی یەکان بەناوی دامەزرێنەرەکەیەوە ناو نراوە، کە نـاوی (الجهمـی کوڕی صـفوان)ە لـە وڵاتـی خوڕاسـان وانـەی لەسەردەسـتی (جعـدی کـوڕی درهـم) خوێندوەو نوسەری(حارثی کوڕی سریح)بوو.[1]

ئەم(حارث)ەخەریکی ئاژاوە نانەوە بـوو دژی دەوڵـەتی ئومـەوی لـە خوراسـان و (جهم)یش پاگەندەی بۆ دەکرد بە خەڵکی دەناساند و داوای یارمەتی دەکرد بکرێتە والی[2] و هانی خـەڵکی دەدا کـە پـشتی بگـرن، ئـەوەبوو لـە سـاڵی (١٢٨)ی کۆچـیدا جەنگێك بەرپابوو لە نێوان سوپایی ئـەمیری خوراسـان(نـصری کـوڕی یـسار) و لـە نێـوان هـەوادارانی (حـارثی کـوڕی سـریح)دا، (جهـم)یـش لـە نـاو سـوپاکەیدا بـوو، سەربازێکی والی هاتە پێشەوە لێ ی و شمشێرێکی کرد بە دەمیداو کوشتی.

لە گرنترین بۆچونەکانیان:

١ـ ڕایەکانی جعدی کوڕی درهم ی هـەڵگرتبوو، کـە دڵێـت: هـەموو سـیفەتەکانی خوا ڕەد دەکاتەوەو دەڵێت قورئانیش مخلوقە و کۆمەڵێ بیدعەی تریش.

٢ـ دەڵێت: مرۆڤ هیچ هەڵس وکـەوت وکـارێکی بەدەسـت خـۆی نـی یـە ویـستی سەربەخۆی نی یە، بەڵکو وەك بەڕمرێك وایە بەدەم ڕەشەباوە، ئەمەش پێـچەوانەی قەدرەریەکانە.

٣ـ ئیمان مانایی ئەوەیـە خوابناسـیت و بـەس، بـێ بـاوەڕیش واتـە: نەناسـین و نەزانینی خوایەو بەس.

٤ـ دەڵێن: بەهەشت و دۆزەخ نامێنێن لە پاش چونی خەڵکەکە بۆناویان، چونکە پێ ی وایە هیچ شتێك نی یە جوڵەکەی بێ وەستان بێت.

جهم پیاوێکی زۆر نەشارەزا و نەخوێندەواربووە، بەڵام قسەزان و دەمەوەر بـوو، سیمسنەکان لە هندستان پسیاری کرد، کە پێناسـەی خوایـان بـۆ بکـات ؟ نـەیزانی

١ـ حقيقة البدعة وأحكامها(١/١١٥)

٢ـ الكامل فى التأريخ لە حقيقة البدعة وأحكامها(١/١١٥) وەرگیراوە.

وەلامیان بداتەوەو ڕۆیشتەماڵەوەو پاش چەند ڕۆژی هاتەوەو پێ ی ووتن: ئەم هەوایەیە بەدەورماندا ـ پەنا بەخوا ـ لە گشت جێگایەکەو جێگایەك نی یە لێ ی نەبێت.

ئەوەی، کە دەڵێن گوایە مرۆڤەکان هیچیان بەدەست نی یەو لە لایەن خواوە هەموو شتیان بەسەردا دەسەپێت، ئەم قسەیە نابەجێ یەشیان پڕاوپڕ لە قسەی بێ باوەڕکانی پێش ئیسلام دەچێت، کە دەیان ووت: بە دەست خۆمان نی یە، کە بێ باوەڕین، بەڵکو ئەگەر خوا بیویسایە دەیکردینە باوەڕدار وەك خوای گەورە لە سەر زمانیان دەفەرموێت: ﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ أَشۡرَكُواْ لَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ مَا عَبَدۡنَا مِن دُونِهِۦ مِن شَيۡءٖ نَّحۡنُ وَلَآ ءَابَآؤُنَا وَلَا حَرَّمۡنَا مِن دُونِهِۦ مِن شَيۡءٖۚ كَذَٰلِكَ فَعَلَ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡۚ فَهَلۡ عَلَى ٱلرُّسُلِ إِلَّا ٱلۡبَلَٰغُ ٱلۡمُبِينُ﴾ النحل: ٣٥.

عمری کوڕی عبدالعزیزرحمه الله گرنگی دەدا بە زیندوکرنەوەی سوننەتەکانی ومراندنی هەموو بیرۆکە و بۆچونێکی داهێنراو بیدعەکان وەرگیراوە لە نەتەوەکانی وەك هندستان و ڕۆمان وهتد... ئەگەر سوننەتەکانی پێغەمبەری خوا زیندو بکرێتەوەو خەڵکی لە قورئانەوە نزیك تر بکرێتەوە، ئیتر خۆی بۆ خۆی ئەو تاقم و دەستە ئارەزوو پەرست و لادەرانە لە ڕاستە ڕێگەی ئیسلام دەتوێنەوەو نامێنن.

(المعتزلة) واتە: کەنارگیرەکان

کەنار گیرەکان (معتزلة) لە سەرتای سەدەی دووەمی کۆچی یەوە لە سەر دەستی (واصل کوڕی عطاء)دروست بوو، کە خەڵکی بەسرەبوو، عەقڵ و ژیری بەکار هێنا لە مەسەلە بیرو باوەڕی یەکاندا زیاتر لە ئایەت و فەرمودە، ئەم تاقمە دەڵێت: هەموو زانستەکان لە ڕێگەی عەقڵەوە دەست دەکەون لە پێش شەرعدا[1]

٢ـ ئەم تاقمە چۆن دروست بوون؟

پیاوێك هاتە خزمەت (حسن البصری)و پرسیاری لێ کرد ووتی: ئەی پێشەوای

١ـ التنبیه والرد للملطی لا ٥٠

ئاین، لەم سەردەمەی ئێمەدا تاقمێك پەیدا بووە، کە خاوەنی گوناهە گەورەکان بەکافر دەزانن، تاقمێکی تریش بە پێچەوانەوە دەڵێن: خاوەنی گوناهە گەورەکان بەدەست خوایەو ئەو سزایان نادات، چونکە لەگەڵ باوەڕدا گوناه زیانی نی یە، دەی ئایا ئێمە باوەڕ بەکام لایان بکەین؟

شێخ حەسەن ماوەیەك بیری کردەوە، پێش ئەوەی وەڵامی ئەو پیاوە بداتەوە (واصل) ووتی پێ ی: من پێم وایە نەباوەڕداری تەواو نەبێ باوەڕی تەواو، بەڵکو لە نێوانە دایە، نەموسڵمانەو نەکافرە، ئەوەی ووت و هەستاو هەڵقەی وانەی خۆی گوێستەوە بۆ گۆشەیەکی تری مزگەوتەکەو لە(حسن البصری) جیابویەوەو کەناری لێ گرت.

(حسن البصری)یش فەرمووی: (واصل) کەناری لێ گرتین، لەو ساتە بەداوە ناوی نراوە، کەرانارگیرەکان: (المعتزلة)[1]

ئەم تاقمە لای ئەهلی سوننەو جەماعە بە قوتابخانەیەکی فیکری تایبەت دادەنرێن، کە قسە لەسەر عەقڵ و ژیری زاڵە بەسەر ئەو قوتابخانەیەدا، وازیان هێنا لەدەست گرتن بەدەقە شەرعی یەکانەوە، کە دەست گرتن پێیانەوە دەبێتە هۆی ڕێنمایی و واز هێنانیشی دەبێتە هۆی گومڕابون.

کەنارگیرەکان بۆچونی تاقمە لادەرەکانیان زیندودەکردەوە:

أ- تاقمی خەواریج: ئەمانیش وەك خەواریج پێیان وابوو شوێنی خاوەنی گوناهی گەورە ئاگری دۆزەخە، بەڵام ئەمان بە باوەڕداری دەزانن، هەروەها وەك خەواریج باوەڕیان وابووە، کە دەرچوون لە دژی کار بەدەستی ستەمکار پێویستە بە هەموو شێوەیەك ئەگەر هەڵگرتنی چەکیش بێت.

ب ــ تەئویل کردنی دەقەشەرعیەکان، ئەمانیش وەك خەواریج هەستان بەلەکارخستنی زۆرێك لە دەقەکانی قورئان و سوننەت بەهۆی ماناکردنی یەوە بەجۆرێك، هەڵی نەگرێت.

١- أراء المعتزلة الأصولية لا ١٧

جـ ـ تاقمی (قەدەر)ی یەکان: لە قەدەریەکانیشەوە ئەوانـەیان وەرگرتبـوو، کـە قەدەر ڕەد بکەنەوە، بەڵام بەوشێوە گشتی یەی ئـەوان نـا، بـەڵکو کـەمێ سـوکیان کردەوە سیفاتی زانیاری و نوسینیان بۆ خوا بڕیاردایەوە، دەیان ووت: مرۆڤەکان بە ئەوپەڕی سەربەستی خۆیانەوە کارەکانیان ئەنجام دەدەن بەبێ بچوکریتن دەست تێوەردانی خوای تەعالا[1] لەبەر ئەوە زاناکـان بـەکافر و بێواڕیـان لـە قەڵـەم نـادەن وەك چۆن ڕۆچووەکان بەبێ باوەڕ دەزانن.

د ـ لە (جهم)یەکانەوە: ئەو پەیوەنـدی یـەی تایبـەتی نێـوان(جهـم)و هەنـدێ لـە هاوەڵەکانی(واصل) وای کرد، هەندێ لە بیروبۆچوونەکانی جەهمی یەکان تێکەڵ بـە بیری (معتزله)کان ببێت لەوانە:

أ ـ سیفات ڕەد دەکەنەوە(إبـن تیمیـة) دەڵێـت: ئـەم ووتـەیـە ــ ڕەدکردنـەوەی سیفاتی خوا ـ کە جولەکەو گاورەکان وەریان گرتووە، یەکمین کەس (جعدی کوڕی درهم) هەڵی گرت لە ئیسلامدا و پاشان گەیشتە (جهم)[2]

بەڵام کەنار گیرەکان کەمێ سوکیان کرد وەك جهمییەکان نەبوون لـە (سـیفات و ئەسماء) ڕەد بکەوەنەوە، بەڵکو سیفاتیان ڕەد کردەوە، بەڵام ناوەکانیـان بـۆ خـوا جێ گیرکردەوە.[3]

ب ـ (قورئان مەخلوقە) ئەم ووتەیە ترسناکترین ووشەبووە، (إبن تیمیة) دەڵێت: یەکتاپەرسـتی جهمییـەکان لـەوەدا خـۆی دەبینێتـەوە، کـە سـیفاتی خوایـان ڕەد دەکـردەوە، دەویـان ووت: خـوای گـەورە دەبینرێـت و قورئـانیش مەخلوقـە واتـە: نەبووە و ، پاشان هاتۆتەکایەوە.

بۆچوونی کەناگیرەکان ـ معتزلة ـ لە سەردەمی عەباسی یەکاندا بە شـێوەیەکی بەرچاو تەشەنەی کرد، هەندێ لە خەلیفەکانی وەك: (مأمون) پاڵپـشتیان دەکـرت و ئەوانیش قوتابیان بە هەموو لایەکدا نارد بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو بیرو بۆچونانەیان.

١ـ القضاء والقدر فی ضوء الکتاب والسنة لا١١٧.

٢ ـ الفتوی الحمویة الکبری.لا ٤٧.

٣ ـ تأثیر المعتزلة فی الخوارج والشیعةلا ٢٥.

بەشی پێنجەم

عمر لەنێوان ژیانی کۆمەڵایەتی و زانستی و بانگەوازیدا

یەکەم: ژیانی کۆمەڵایەتی

گرینگی دان بە خێزان و مناڵەکانی

عمر بۆخۆی لە نزیکەوە سەرپەرشتی پەروەدەکردنی منداڵەکانی دەکرد، ئەوکارە قورەسەی سەرشانی ـ خەلافەت ـ ڕێ ی لێ دەگرت لەهەوڵ دان بۆ گۆش کردن و پەروەردەکردنیان بەجۆرێك، کە لەسەر ڕەوشتی جوانی قورئان و سوننەت گۆش بن و لە ئیسلام شارەزا بن، ئەمەش لە ڕێگەی نامەکانی یەوە خۆیان، یان بۆ مامۆستاکانیان دەردەکەوێت.

١ـ پەیوەست کردنیان بە قورئانی کەریمەوە، عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله منداڵەکانی پەویوەست دەکرد بە قورئانەوە، هەموو ڕۆژانی جومعەیەك داوای دەکرد پێش ئەوەی خەڵکی بینە ژوورەوە بۆلای، داوای دەکرد منداڵەکانی بێن بۆ لای، بۆ ئەوەی قورئان بخوێنن، هەرکە دەیووت: ئادەی خێرا گەورەترین منداڵی دەستی دەکرد بەقورئان خوێندن، پاشان دەیووت: ئادەی، واتە: ئەوەی دوای ئەو تا بەو شێوەیە هەموویان قورئانیان دەخوێندەوە بۆی.[1]

٢ـ ئامۆژگاری منداڵەکانی دەکات: ئەوساڵەی، کە تیایدا عمری کوڕی عبدالعزیز بوو بە خەلیفە نامەی نووسی بۆ(عبدالمليك)ی کوڕی، کە ئەو کاتە ئەو لە مەدینەی مونەوەرە بوو، لەو نامەیەدا پێ ووت: (هەرکەسێ حەزی لە بەهەشتە و لە ئاگری دۆزەخیش ڕادەکات ـ مەبەستی عبدالملك و براکانی تری بووـ ئێستا دەرگایی

١ ـ سیاسة عمر فی در المظالم لا٥٢.

تەوبەو گەڕانەوە کرایەوە، گوناە کردن بوراوە لە پێش هاتنی ئەجەل و مردن، نەمانی کردەوەو کردن یەکلابونەوەی خوا بۆ لێپرسینەوەو تۆڵە سەندنەوە لە ئاکاری کردەوەکانی خەڵکی و لە شونێکدا، کە هیچ شتێك فریای کەس ناکەوێت، هیچ بیانو هێنانەوەیەك ناخوات، هەموو نهێنی یەکان ئاشکرا دەبن، تکاو شەفاعەت ناخوات، خەڵکی بەکردەوە جوانەکانیان دەرباز دەبن، دەستە دەستە بەرەو دوا مەنزڵیان دەڕۆن، دەی خۆش بەختی بۆ ئەوانەیان، کە گوێڕایەڵی خوایان کردوە، وەیل و لەناو چونیش بۆ ئەو کەسانەی، کە فەرمانی خوایان شکاندوە.[1]

لە بەشێکی تری نامەکانیدا هانی کوڕەکەی دەدات، کە یادی خوا بکات، لە شوکر سوپاسی بەردەوامی دەرنەچێت، لە هەموو کردارو گرفتارێکتدا خوا بە چاودێر بگرێت بەسەر خۆیەوەو، پێ ی دەڵێت: وئەو فەزڵ و چاکە زۆرانەی خوات لە بیر بێت، کە داویەتی بە خۆت و باوەکت، ئەگەر ئە توانیت بەردەوام زۆر زۆر زمانت بە یادی خوا بجوڵێت وابکە، چونکە باشترین ووشە بۆ ئەوەی قسە خێرەکانتی پێ بەر دەوام بکەیت سوپاس کردنی خوایە، باشترین ووشەیەکیش ووتە ناشیاوەکانتی پێ ببڕێنێتەوە سوپاس کردنی خواو یاد کردنیەتی[2]

٣ـ هانی دەدان لێبوردەبن و گومانی چاکە بە خەڵکی بەرن: عمر رحمه الله هانی منداڵەکانی دەدا تا ئەو پەڕی لێبوردەیی لێبوردەبن و گومانی چاکەیش بەخەڵکی بەرن، هەندێ گومانی خراپ تاوانە، دەگێڕنەوە جارێکیان بە عبدالعزیزی کوڕی ووت: هەر ووشەیەکت لە برایەکی موسڵمانت بیست بە گومانی خراپەوە لێکی مەدەرەوە.

٤ـ شێوازی نەرم و نیان و گفتوگۆی ژیرانە: عمررحمه الله بەشێوازی نەرم نیان و لەسەرخۆ هەڵس و کەوتی لەگەڵدا دەکردن، بەڵام نەیدەگەیاندە ئاستی نازپێدان، تا خراپ دەربچن و لەدەست دەرنەچن، زۆر بەژیرانەلەگەڵیاندا دەدواو شێوازی ژیری و

---

١ ـ سیرة ومناقب عمربن عبدالعزیز لابن الجوزی لا ٢٨٩.

٢ ـ هەمان سەرچاوە.

قەناعەت پێکەری بەکار دەهێنا لە گەڵیاندا لەکاتی داوا کاریەکانیاندا.[١]

دەگێڕنەوە عبداللەی کوڕی هات بۆلای و داوای لێ کرد جل وبەرگی نوێ ی بۆ بکات لەو کاتەدا عمر خەلیفە بوو، ئەویش ناردی بۆلای (خیاری کوڕ رباح البصری) وپێ ی ووت: چەند قوماشمان لە لایەتی تۆ لێ ی وەربگرە بۆ خۆت، بەڵام (عبدالله) قوماشەکانی بە دڵ نەبوو، هاتەوە لای باوکی و پێ ی ووت: من داوام لێ کردیت جلم بۆ بکەیت کەچی منت نارد بۆلای خەیاری کوڕی ریباح، ئەویش هەندێ قوماشی پێ نیشان دام، کە نەلە ئاستی من و نە ئاستی هۆزەکەشمان دا نەبوو، عمریش ووتی: پارەی ئەو قوماشانەمان هەیە لەلای ئەو پیاوە، (عبدالله)ش سەری داخست و چووە دەرەوە.

عمریش وەك باوکێکی پەروەردەکار هەڵوێستی مام ناوەندی گرت و قەناعەتیشی بەکوڕەکەی کرد فێریشی کرد، کە هەموو کاتێ مەرج نی یە هەموو داوایەکی جێ بەجێ بکرێت، بۆیە پێش ئەوەی لە چاو وون بێت بانگی کردەوە پێ ی ووت: ئەتوێت لە پارەکانی خۆت (١٠٠) درهەم مت پێ بدەم لە کاتی وەرگرتندا لێت وەربگرمەوە؟ ووتی: بەڵێ باوکە گیان، ئەویش (١٠٠) درهەمی پێداو کاتێ ساڵانەی خۆی وەرگرت (١٠٠) درهەمەکەیان لێ سەندەوە.[٢]

یان دەگێڕنەوە، کە زۆر جوان وەڵامی منداڵەکانی داوەتەوەو قەناعەتی پێکردوون، دەڵێن جارێکیان یەکێك لە کچەکانی گوارەیەکی گەوهەری دەست کەوت، بەڵام تاك بوو، بۆیە جوابی نارد بۆ باوکی داوای لێ کرد، کە تاکێکی تری بۆ بنێرێت تا پێکەوە بیکاتە گوێچکەی، عمریش رحمه الله نە ووتی باشەو نە ووتی: نەخێر، بەڵکو مەسەلەکەی پەیوەست کرد بە ئارامی ئەو کچەوە لەسەر سکڵی سور، بۆیە (دوو سکڵی) سوری نارد بۆی و پێ ی ووتبو: ئەگەر دەتوانیت ئەم دوو سکڵە سورە بکەیتە گوێچکەت ئەوە منیش تاکەکەی تریت بۆ دەنێرم.[٣]

---

١ ـ النموذج الإداري لا١٠١.

٢ـ سيرة مناقب عمر لا ١١٢.

٣ـ سيرة عمر لابن عبدالحكم لا ١٢٤.

٥ـ داد پەروەر بوو لە نێوانیاندا: دەربارەی هەڵس و کەوتی جوانی لەگەڵ منداڵەکانیدا ئەوپەڕی هەوڵدانی بۆ ئەوەی لە نێوانیاند داد پەروەر بێت لەگەڵ زۆریشیاندا، ئەمەش بۆ ئەوەبوو نەوەکو ڕقیان لە یەکتری هەستی و کینە بگرنە دڵ بۆ یەکتری، بۆ ئەو مەبەستە وازی هێنا، کە کوڕی (حارثی)یەی خێزانی لە باوەشی خۆیدا بخەوێت، لە ترسی ئەوەی نەوك زوڵمێکی تێدا بێت لێیان.[1]

دەگێڕنەوە لە عبدالعزیز کوڕی عمرەوە، کە دەڵێت: عمری کوڕی عبدالعزیزرحمه الله کوڕێکی هەبوو لە ئافرەتێکی هۆزی حاریثة و زۆری خۆشی دەویست و لەگەڵیدا دەخەوت و دەستی دەکردەملی، دەڵێ: شەوێکیان ڕێم پێ گرت، باوکیشم ووتی: عبدالعزیزیت؟ ووتم: بەڵێ، ووتی: شتی ڕوی نەدابێت بۆچی هاتویت؟ وەرە ژوورەوە، منیش چوومە ژوورەوە، لای جل و بەرگەکانیدا دانیشتم ئەو نوێژی دەکرد... هات بۆلام و پێ ی ووتم: چیتە؟ ووتم هیچ کەس ئەوندەی باوك کوڕی خۆی نا ناسێت، تۆ کارێکی وا دەکەیت لەگەڵ کوڕی ئەم ژنە حاریثة دا، کە لەگەڵ ئێمەدا واناکەیت، منیش دەترسم بڵێن: کارێکی دیارە بۆیە وا بەوە دەکات و بەئێمەی ناکات شتێکی لەوێ بەدی کردەوە، کە لای ئێمە نی یە.

عمر پێ ی ووت: کەس قسەی وای لە لادا کردویت؟ ووتم: نەء، ووتی: ئادەی دووبارەی کەرەوە منیش دووبارەم کردەوە، پێ ی ووتم: بڕۆرەوە بۆ ماڵەوە، منیش گەڕامەوە، من و ئیبراهیم و عاصم و عبداللهی برام لە ژوورێکدا دەخەوتین و هەر ئەوندەمان زانی قەرەوێڵەکەی عمریان هەڵگرتبوو هێنایان بۆ لای ئێمە و کوڕی حاریثەکەی برامانی لە گەڵدا بوو پێمان ووت: ئەمە چیتە؟ ووتی: ئەوەبوو، کەتۆ بەسەرت هێنام و دەیویست بلێت: ئەمەی کردوە لە ئەترسی ئەوەی نەوەك ستەمی لە ئێوە کردبێت.[2]

٦ـ گەشەپێکردنی ڕەوشتە جوانەکان لە ناویاندا: زۆر مەبەستی بوو ڕەوشتە بەرزەکان لەناو منداڵەکانیدا گەشە بکات، هەموو هەلێکی گونجاوی بۆ ئەو مەبەستە

١ـ النموذج الإداری لا ١٠١.

٢ـ عمر بن عبدالعزیز وسیاسته لا ٥٢.

بەکار دەهێنا، لەو نامەیەیدا، کە بۆ (عبدالملك)ی کوڕی نارد کاتێ ئەو لە مەدینە بوو پێ ی ووت: کە دوور بکەوێتەوە لە شانازی کردن و خۆ هەڵنان لە قسەو گوفتاریدا، یان خۆی لێ بگوڕێت، خۆی بەگەورتر بزانێت لە خەڵکی، پێ ی ووت: دەخلیت بم لە قسەکردندا خۆت هەڵ نەهێنێت، خۆتت لێ نەگوڕێت، یان وا بزانێت ئەو ڕێز پلەوپایەی هەتە لەبەر ئەوەیە، کە لای خوا زۆر گرنگیت، چاکەیەکەو خوا بە کەسی تری نەداوە جگە لە تۆ![1]

٧ـ منداڵەکانی لەسەر دنیا ویستی و ژیانی زبر پەروەدە دەکرد: کەسایەتی بەرزی عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله لەوە دابوو، کەتوانی بەهەموو قەناعەتێکەوە خێزان و کوڕو کچەکانی وەك خۆی ژیانی دونیا نەویستی و خۆگرتنەوە بگرنەبەر لەکاتێکدا، کە هەموو سامانی سەر زەویان لە بەردەستدابوو، کەچی وا ڕای هێنابوون وەك خەڵکی سادە دەژیان نەك ژیانی هایلایف و بڕژێنەو بپژێنەی زۆرێك لە کوڕە پاشاکان.

هەر لە نامەکیدا بۆ عبدالملکی کوڕی نارد لە مەدینە، کە نامەیەکی بەڕاستی پەروەردەی یە، تیایدا هاتووە دەڵێت: ئەگەر خوای گەورە تاقیکریتەوە بە دەوڵەمەندی، لەو کاتەشدا دەست پێوە بگرە، خۆت بەنزم سەیر بکە لە بەر خاتری خوا، مافی لێ دەربکە ـ مەبەستی زەکات و خێر کردن و دەست پێوە گرتن ـ وە ئەو بەندە صالحەی خوا بلێ: ﴿هَٰذَا مِن فَضۡلِ رَبِّي لِيَبۡلُوَنِيٓ ءَأَشۡكُرُ أَمۡ أَكۡفُرُۖ وَمَن شَكَرَ فَإِنَّمَا يَشۡكُرُ لِنَفۡسِهِۦۖ وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ رَبِّي غَنِيّٞ كَرِيمٞ﴾ النحل:٤٠.

ئەم نامەیەیی عمر، ڕاستەخۆ دوای وەگرتنی پۆستی خەلافەت، کە تا ئەو کاتەش ژیانی خۆش وەزع باشییان بەردەوام بوو، عمریش شێوازێکی پەروەردەی نمونەیی گرتەبەر، پەلەی لێ نەکردن و وردە وردە بەرەو ژیانی دنیا نەویستی بردنی، سەرەتا بۆی دەسەلماندن، کە دەوڵەمەندی تاقیکردنەوەی خوایی یە بۆ

١ـ سيرة مناقب عمر بن عبدالعزيز لا ٢١٤.

موسڵمانان، پاشان داوایی لێ دەکردن دەست پێو بگرێت - إقتصاد ــ پاشان ئەو کارەی بەستەوە بە خۆ بەکەم زانییەوە، لە دواییدا ئەوەی دووپات کردەوە، کە دەبێت مافی خوای لێ جیا بکرێتەوە، وەك زەکات دان و خێر کردن و گوێڕایەڵی خوای (عزوجل).[١]

ڕۆژێکی تر هەواڵی زانی، کە یەکێك لە کوڕەکانی ئەڵقەیەکی زیوی کردبووە دەستی، کە بە (١٠٠٠) درهەم کڕیبوی، عمریش بە پەلە نامەیەکی بۆ ناردو پێی ووت: بیستومە ئاڵقەیەکی زیوت کڕیوە بە هەزار درەهەم، خێرا بیفرۆشە بە پارەکەی (١٠٠٠) برسی تێر بکەو ئەوەشی مایەوە ئەڵقەی ئاسنی چینی پێ بکڕەو بیکەرە دەستت لە نەقشەکەی بنوسە: ڕەحمەتی لە کەسێك نرخی خۆی دەزانێت.[٢]

تێبینی ئەوە دەکرێت، کە چۆن عمرﷺ فرۆشتنی ئەنگوستیلەکەی بەستەوە بە تێر کردنی هەژارو نەدارانەوە، ئەمەش زۆر بە هێز بوو بۆ تێ گەیاندنی ناو کرۆك و مەبەستەکەی و شێوازی خەرج کردنی پارەکانی لە داهاتوودا، بەو جۆرە خەمی هەژارو نەدارانیان لە بەرچاو بێت.[٣]

ڕۆژێکیان یەکێك لە کوڕەکانی، ژنیشی هەبوو داوای لەباوکی کرد، کە ژنێکی تری بۆ بهێنێت و خەرجی یەکەشی لە (بیت المال) سەرفی بکات، عمریش کاتێ داوا کاریەکەی پێ گەیشت کە لەنامەدا نوسرابوو، زۆر توڕەبوو، بۆیە بۆی نوسی: نامەکتم پێ گەیشت، کە تیایدا داوات لێ کردووم بە پارەی (بیت المال)ی موسڵمانان ژنی دووەمت بۆ بهێنێم! لە کاتێکدا کوڕی موسڵمانان توانایان نی یە یەك ژنیش بهێنێن، هەرگیز شتی وا لەو جۆرەم بۆ نەنوسیت.... پاشان بۆی نووسی: سەیر کە ئەگەر دەتەوێت ژنی دووەم بهێنێت بزانە لەناو ماڵکەدا قاپ و قاچاغی مس و

١ــ النموذج الإداری لا ١٠٦.

٢ــ سیرة مناقب عمر لا ٢٩٨.

٣ــ لنموذج الإداری لا ١٠٦.

شتی ترمان هەبوو بیفرۆشەو ژنی پێ بهێنە.[١]

خۆ هەر بەکوڕەکانی یەوە نەوەستابوو، بەڵکو ئەم پەروەردە زبرو ڕەقە کیژەکانیشی گرتبوویەوە، بۆ نموونە عمری کوڕی عبدالعزیز کچێکی هەبوو ناوی ئامینە بوو، جارێکیان ئامینە دای بەلای عمر داو بە خێرایی دەیویست تێ بپەڕێت، عمریش بانگی لێوە کرد، ئەویش ووتی وەڵامی نەدایەوە، فەرمانی دابرۆن بهێنێنن بۆ لام و هێنایانە بەردەستی و پێ ی ووت: هۆی چی بوو وەلامت نەدامەوە؟ ئامینەش ووتی: جلو بەرگم لە بەردا نەبوو، شەرمم دەکرد، ـ واتە: جلەکانی جوزان نەبوون و، کەڵکی ئەوەیان نەبوو سەیر بکرێن ـ ، عمریش ووتی: بەموزاحیمم: برۆ لەو قوماشانەی ئەو ڕۆژە بڕیمان کراسێکی بۆ جیا بکەرەوە.[٢]

ئەمە دەربارەی جل و بەرگی ڕۆڵەکانی، خۆ دەربارەی خواردنیشیان حاڵیان لەوە باشتر نەبوو، إبن عبدالحکم دەگێڕتەوە، کە عمر جارێکیان نوێژی عیشای دەکرد و، پاشان دەرۆیشتە ناو کچەکانی سەلامی لێ دەکردن، ئەوەبوو لەیەکێ لەو شەوانە لە پاش نوێژ چوە ناویان سڵاوی لێ کردن، کە هەستیان بە هاتنی دکرد دەستیان گرت بە دەمیانەوە بەرەو دەرگاکە کەوتنەڕێ، پرسیاری کرد لەسە پەرشتیارە کەیان، کە بۆچی وایان کرد؟

ووتی هیچ نەبوو بیکەن بە چێشت ناچاربوون نیسك و پیازیان خواردوە، بۆنی دەمیان ناخۆش بووەو حەزیان نەکرد ئازاری تۆ بدەن و بەبۆنی ناخۆشی دەمیان، عمریش دەستی کرد بەگریان، پاشان پێ ی ووتن: کچە شیرنەکانم، چ کەلکێکی هەیە خۆشترین و بەچێژترین خواردن بخۆن لە دونیادا و سبەینێ لەقیامەتدا باوکتان بەدەما بەناو ئاگری جەهەنم دا ڕابکێشن، ئەوانیش هەر هەموویان دەستیان کرد بە گریان، تا هاواریان لێ بەرز بوویەوە، پاشان ڕۆیشتن.

هەر لەوکاتەوە وازی لە ژیانی خۆش و ئاسودە هێنا، کە بوویە خەلیفەو بە ـــ فاطمة خانی ـــ خێزانی وت: کە ئاڵتون و زێڕو زیوەکانی بخاتە گەنجینەی

١ـ سيرة عمر لابن عبدالحكم لا ١٠٦.

٢ـ حلية الأولياء٥/ ٢٦١.

موسڵمانانەوەو پێ ی ووت: خۆت سەربەست بە، یان ئەو ئاڵتون و خشڵانە هەڵبژێرە، یان ڕێگەم بدە لێت جیاببمەوە، چونکە حەز ناکەم من وتو و ئەوانە پێکەوە لە یەك ماڵدا بژین، فاطمەش باوەڕدارانە ووتی: نەخێر، من تەنها تۆ هەڵدەبژێرم، چەندە ئەوەندەی تریشم هەبوایە ئەم دەگۆڕیەوە بەتۆ.[1]

٨ـ گرنگی دانی بە خوێندنیان و فێرکردنیان: خوێندن و فێرکردنی منداڵەکانی گۆشەیەکی گەورەیان گرتبوویەوە لە گرنگی پێدانەکانی و، کۆمەڵێ ڕێ و شوێنی زانستی وای گرتبوویەبەر، کە وەك پرۆگرامێکی زانستی دەتوانرێت پەروەردەکاران لە ژیاندا جێ بەجێ ی بکەن لە پرۆسەی فێرکردن و پەروەردەدا، وردەکاریەکانی ئەو پرۆگرامە زانستی خوازەی عمر بۆ منداڵەکانی لەو نامەیەدا بەدی دەکرێت، کە ناردی بۆ مامۆستایەکان (سهل کوڕی صدقە) بەو جۆرەی خوارەوە نایا بترین ڕێگای بۆ ڕوون کردنەوە:

نووسی: لە عبداللە عمر بۆ (سهل)، پاشان من لە هەموو شارەزاییەکمەوە بەتۆ، تۆم هەڵبژاردووە تا مناڵەکانم پەروەردە بەکەیت، تەنها تۆم هەڵبژاردووە لە ناو ئەو هەموو خزم و ناسیاوا نەمدا، بۆیە تۆیش بەشێوەکی کەمێ ووشك لە گەڵیان بدوێ، ئەوە زیاتر داوایان لێ دەکات بێن بەدەمتەوە ــ زۆر هاوڕێیەتیان مەکە ــ چونکە بەرەوە بێ ئاگایی مرۆڤ دەبات، کەم پێبکەنە بە دەمیانەوە، چونکە زۆر پێکەنین دڵ دەمرێنێت.

با یەکەمین شتێك لە ڕەوشتی تۆوە فێری دەبن، بیریان بێتەوە لەگوێ گرتن لە گۆرانی و مۆسیقای مەلهاکانی، چونکە سەرەتاکەی لە شەیتانەویەو کۆتایی یەکەشی خەشم قینی پەروردگارە، لە زانا باوەڕپێکاراوەکانەوە بیستومە، کە چوون بۆ شوێنی ڕابواردنەکان و گوێ گرتن لە مۆسیقاو گۆرانی و ئالەدەبوون پێیانەوە دەڵەکان دوو ڕووی هەڵدەمژن، وەك چۆن گژوگیا ئاو هەڵدەمژێت، بەتەمەنم خۆ پاراستن لەو جێگایان زۆر باشترە بۆ مێشك لە چەکەرە کردنی دوو ڕووی لەناو دڵدا، کاتێ واز لەو شوێنە خراپانە دێنێت مێشکی دەکرێتەوە بۆ هەر

١ـ الطبقات (٥/ ٢٢٠)

شتێکی بەسود، کە بدرێت بەگوێدا...

هەرکوڕێکیان بەشێك لە قورئانی پێ بخوێنەو باجوان فێری ببێت و ئەگەر لێ بوونەوە، پاشان تیرو کەوانایان بدەرە دەست و دەریان بکە بۆ تیر هاوێژی و حەوت جار ڕاهێنانیان پێ بکە، پاش ئەویش نیوە ڕۆهات با قەیلولە بکەن ــ واتە خەوی کاتی گەرمای نیوە ڕۆیان ــ چونکە إبن مسعود رضي الله عنه بەکوڕەکانی دەوت: ئەی کوڕەکانم قەیلولە بکەن، چونکە شەیتانەکان قەیلولە ناکەن[١]

لەم ئاڕاستانەی عمرەوە هەندێ تێبینی لێ وەردەگرین:

١ـ هەڵبژاردنی مامۆستاو پەروەردەکەری صالح: مامۆستاو پەروەردەکار وەك بناغە وان لە پرۆسەی فێرکردندا، عمر مامۆستای بۆ کوڕەکانی هەڵبژارد لە کەسە زۆر نزیك و تابەتیەکانی خۆی، چاك دەیناسی و متمانەیان پێ ی بوو عمر رحمه الله هەر بەسەهلەوە نەوەستا تا پەروەردەو فێرکردنی منداڵەکانی لە ئەستۆ بگرێت، بەڵکو مامۆستازو پەروەدەکارەکەی، کە صاڵحی کوڕی کەیسان بوو، ڕای سپارد، تا شان بە شانی سهل ئەویش هاو کاری کوڕەکانی بێت لە پەروەردە کردنیاندا.[٢]

سوربونی عمر رحمه الله لەسەر فێرکردن و پەروەدەکردنی منداڵەکانی لەم ئاستەدا نەوەستا، بەڵکو گەورە زاناکانی ئەو سەردەمەی ڕادەسپارد تا ئاستی ژیری و ئەدەبیان هەڵسەنگێنێ و تاقیان بکاتەوە، داوای لە (مەیمونی کوڕی مەهران) کرد، کە عەقڵ و ژیری عبدالملکی بۆ هەڵسنگێنێ لە ڕێگەی ڕاوێژ پێکردن یەوە، مەیمون دەڵێت: هاتنی بۆلای ــ واتە: عبدالملكی عمر ــ داوای مۆڵەتم لێ کردو وادەی کاتژمێرێك لەلای مامەوەو، سەر سامی ژیریەکەی بووم.[٣]

دیاری پرۆگرامی خوێندن: عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله پرۆگرامی خوێندن ئەو بابەتانەی بڕیارە بخونرێت بۆی دیاری کردن، کە دەبێت ئەمانەیان پێ بڵێنەوە، بە

١ـ سيرة ومناقب عمربن عبدالعزيز لابن الجوزي لا ٢٠٢.

٢ـ تذكرة الحفاظ ١/ ١٤٨.

٣ـ سيرة ومناقب عمربنعبدالعزيز لابن الجوزي لا ٢٠٣.

جۆرێك لە قورئانی پیرۆزو زانستەكانی یەوە سەرچاوەیان گرتبوو لەگەڵ زانستەكانی تریشدا، دەبێت مەشقی سەربازی پێ بكات بۆ ئەوەی لە لایەنی جیهادو جەنگ و خۆ گریەوە پەروەردەبن، هەروەها مەشق كردن لەسەر تیر هاوێژی و ڕاكردن بەپێ ی پەتی تاڕابێت لەسەری، لەگەڵ ئەو پرۆگرامە وردەدا، كە كاتی حەوانەوەشی بۆ دانابوون، ئەندازەی قورئان خوێندنی ڕۆژانەشیان یەك بەش (جزء) بێت بە ئەو پەری دڵ وریایی و تێگەیشتنەوە، ئەمەو هەرچەندی لە گەڵ ئەو بەرنامەیەدا دەگونجێت كە زانستە ئیسلامی یەكانی تریان پێ بڵێتەوە، هەروەها تیر هاوێژی بە حەوت جار، هەر جارەو بەڕاكردن و پێ ی خاوس بڕوات بۆ لای ئامانجەكەی تا بزانێت پێكاویەتی لە لایەكە و لە لایەكی تریشەوە وەرزشێكی ڕاكردنە و، ڕاهێنان لەسەر ڕۆیشتن.

ئەمەش پرۆگرامێكی زۆر بەرزو بەڕێز بوو، كە تیادا دین و دونیا جەستەو گیان قسەو كرداری پێكەوە گرێ دابوو[1].

كە ئەمڕۆ زۆربەی پرۆگرامەكانی پەروەردەو فێركردن ـ بەداخەوە ـ فەرامۆشیان كردوە، هۆی ئەوەشە، كە كەسێكی ناتەواو لە دوا ڕۆژدا دێتە كایەوە، كە زۆر زیرەكە لە خوێندن دا، بەڵام ترسنوكە لە سێبەری خۆی دەترسێت! یان زۆر ئازاو بەدەست و مشتە، بەلام نەخوێندەوار و نا ڕۆشنبیر! ئەمەش پوختەی لادانە لە پەروەردەی ئیسلامی ڕاستەقینە.[2]

ئیتر كاتی پشوو، كە بە خەوی قەیلولە ـ نیوەڕوان ـ دەری دەبڕی بۆی ئەوەش زۆر گرنگە بۆ جەستەو ڕۆح و عەقڵ[3]

٣- ڕەچاوكردنی كاریگەریەكان لە پرۆسەی فێركردندا: عمری كوڕی عبدالعزیز رحمه الله ڕەچاوی هەموو ئەو خاڵانەی دەكرد، كە كاریگەریان هەیە لەسەر دڵ و مێشكی

١ـ النموذج الإداری لا ١١٢.

٢ـ ووتەی وەرگێر.

٣ـ النموذج الإداری لا١١٨.

خوێندکارو توانای زیاتری وەرگرتم و کردنەوەی عەقڵ و مێشك لەوانە:

یەکـەم: مامۆسـتاکەیان توانـاو لێهـاتویی یـە زانـستی یەکـەی، چـاو لێکردنـی قوتابیەکان لە ڕەوشت و هەڵسو کەتەکانی.

دووەم: ڕەچـاوکردی ئـەوەی، کـە نـەرم و نیـانی و پێکـەنین بـەدەم قوتـابی و سوعبەت کردن و یاری کردن لە گەڵیاندا دەبنـە هـۆی خاوبوونـەوەی قوتابیەکـە لـە وەرگرتنی زانست و تێگەیشتن بە لێهاتووی یەکی تەواوەوە.

سێ یەم: خل بوونەوە بۆ ناو گـۆرانی و سـەماو مۆسـقیاو خـەریك بـوون کردنـی مێشك پێیانەوە، کاتەکانی قوتابی دەکوژن و مێشك بیریشی گێل دەبێـت و تاقـەتی وەرگرتنی نامێنێت.[1]

چوارەم: ڕەچاوکردنی ماندوو نەکردنی لایەنی دەروونی خوێندکاران بـە جۆرێـك، کـە لـە نێـوان وانەکانـدا پـشوو هـەبێت و بـوار نـەدەیت بـێ تاقـەت بـن و ئـەوەش کاربکاتە سەر ئاستی وەرگتنیان و زانست و زانیاریان لە بەر چاو دەکەوێت.

پێنجـەم: کاریگـەری گرنگـی دان بـە وەرزش و تـیر هاوێـژی و ڕاکـردن ڕۆڵێکـی بەرچـاوی هەیـە لەسـەر لـەش سـاغی و تەندروسـتی، خـاوێن کردنـەوەی مێـشك و دەروون.[2]

ئەنجامی پرۆگرامە پەروەردەیی یەکەی عمر لەسەر منالەکانی:

لە ئاسەوارو بەروبومی ئەو پرۆگرامە پەروەردەیی یە ناوازەی ئەمیری باوەڕداران بۆ کوڕەکانی، ئەوەبوو مندالەکانی لەسەر خواناسی گۆش بوون، سەیری عبدالملکی کوڕی بکەین بۆمان دەردەکـەوێت، کـە پـەروەردەی ڕاسـت و دروسـت وادەکـات لـە مرۆڤ، کە بەسادەو سروشتی بژی وەك لاوە موسڵمانانەکانی تر ژیان بەسەربەرێت و

١ــ هەر لەبەر ئەوشە ڕاگەیاندنە ڕوخێنەرەکان زۆربەی کاتیان بۆ گـۆرانی ڕەقـس و مۆسـیقا تەرخان دەکەن تا میللەت بخەسێتە سەر بارێك تەنها بیر لە تێرکرنی حەزەکانی خۆی بکاتـەوە گوێ بە زانست و زانیاری و شێوازی حەکمڕانی وولات نەدەن. (وەرگێر)

٢ــ النموذج الإداری لا١١٩.

ئەو ژیانە ناخۆش وز پڕ لە ڕابواردن و هایلایفەی، کە بۆی دەستە بەر کرابوو بەحوکمی ئەوەی کوڕی ئەمیری باوەڕداران بوو واو لێ بهێنێت. لەوانە:

١ـ خواناسی و گریانەکانی:

عاصمی کوڕی أبو بكری کوڕی عبدالعزیز، کە برازای عمر بوو، دەڵێ: وەفدێك ڕۆیشتن بۆ خزمەت سلیمانی کوڕی عبدالملك و عمری کوڕی عبدالعزیزیشیمان لەگەڵ دا بوو، من شەو لە لای عبدالملكی کوڕی عمر ماوە، کە لەو کاتەدا ژنی نەهێنابوو، مامەوە، کە لەو کاتەدا ژنی نەهێنابوو، نوێژی عیشمان کرد پێکەوە، پاشان هەریەکەو بەرەو پێخەفی خۆمان ڕۆیشتن، (عبدالملك)یش هەستاو چراکەی کوژاندەوە، دەستی کرد بە نوێژکردن کردن تا خەوم لێ کەوت.

کاتێ بەخەبەر هاتم دەبینم ئەم ئایەتەی قورئان دەخوێنێتەوە: ﴿أَفَرَءَيْتَ إِن مَّتَّعْنَٰهُمْ سِنِينَ ﴿٢٠٥﴾ ثُمَّ جَآءَهُم مَّا كَانُوا۟ يُوعَدُونَ ﴿٢٠٦﴾ مَآ أَغْنَىٰ عَنْهُم مَّا كَانُوا۟ يُمَتَّعُونَ﴾ الشعراء ٢٠٥ـ ٢٠٧واتە: ئەی محمد دەبینی چەندان ساڵی تریش مۆڵەتی ژیانیان پێ بدەین و پاشان مردنیان بە سەردا بهێنن، چ کەڵکی هەیە بۆیان ئەو هەمووە ساڵەی ژیانیان؟

بەردەوام دەگریاو پاشان ئایەتەکەی دووبارە دەکردەوە، هەرکە لێ دەبووە، تاوام لێ هات ووتم: ئاوا بڕوات گریان لە ناوی دەبات، بۆیە بەدەنگی بەرز ووتم: (لا إله إلله و الحمدلله) وەك ئەوەی بەخەبەریم، تاگریانەکەی پێ ببڕم، هەر هەستی کرد من بە خەبەرم بێ دەنگ بوو ئیتر نوزەی لەخۆی بڕی[١] ڕەحمەتی خوای لێ بێت.

٢ـ زانست و زانیاری و تێ گەیشتنی:

عمری کوڕی عبدالعزیزرحمه الله عمری کوڕی عبدالعزیزرحمه الله خەڵکی کۆکردەوە تا ڕاوێژیان پێ بکات لە بارەی گەڕاندنەوەی ناهەقی و ستەمەکانی حەجاج بۆ خاوەنەکانیان، هەرکە ڕاوێژی بە یەکێکیان دەکرد دەیان ووت: ئەی ئەمیری

---

١ ـ مجموعة رسائل الحافظ إبن رجب الحنبلی(٢/ ٤٧٩)

باوەڕداران ئەوە تاوانێك بووەو لە سەردەمی تۆو بە دەستی تۆ نەکراوە، هەرکەسێکی تر هەمان وەلامی بداتەوە، دەیوەستان بە پێوە، تا گەیشتە سەرەی (عبدالملك)ی کوڕی (عبدالملك)، بەلام ئەو پێ ی ووت: ((باوکە گیان، هەر کەسێك بتوانێت نا هەقیەکانی حەجاج بگەڕێنێتەوە بۆ خاوەنەکانیان و نەیکاتە هاوبەشی ئەوە لە تاوانەکانیدا))، عمریش ووتی: ئەگەر لە بەر ئەوە نەبوایە، کە تۆ کوڕی منیت دەم ووت: تۆ شارەزاترین کە سیت.

ئەوەی عبدالملك ووتی و ئەوەی باوکی بەڕاستی زانی هەروە ڕاست بوو، ئیمام ئەگەر بتوانێت ستەمی کاربەدەستانی پێش خۆی لاببات، پێویستە لە سەری لاییبات بەپێ ی توانای.[1]

(عمر و عبدالملك)ی کوڕی لەو زانایانە بوو، کە زانستی ناسینی خواو ترسان لێ ی و خۆشەویستی و پەرستنی گرێ ی دابوو لە گەڵ ناسینی خوا بە جۆری، کە حەلال و حەرام و حوکمە شەرعی یەکان پیادە بکات دە پێکەوە.[2]

٣ــ غیرەتی لە فتوا دانی قورس و گراندا:

مەیمونی کورە مهران دەلێت: عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله ناردمی بەدوای من و مکحول و (أبی قلابه)و پێ ی ووتین: ئێوە چی دەلێن دەربارەی ئەو شتانەی بە ستەمکاری لە خەلکی سەنراون؟

مکحول وەلامێکی لاوازی دایەوە، عمر بە دلی نەبوو، ووتی: من دەبینم پە لەنەکەیت، عمر سەیرێکی منی کرد، وەك ئەوەی بلێ فریام کەوە، منیش پێم ووت: ئەی ئەمیری باوەڕداران، بنێرە بەدوای (عبدالملك)دا بیهێنە بۆ ئێرە، بەبێ ئەو کارت ناڕوات، کاتێ عبدالملك گەیشتە لایان، عمر پێ ی ووت: ئەی (عبدالملك) دەربارەی ئەو شت و مەکانەی، کە کاتی خۆی بە زولم لە خەلکی سەنراوە ئێستا خاوەنەکانیان دەیانناسنەوەو هاتوونەوتەوە بۆیان، تۆ چی دەلێیت؟ ووتی: من وا

---

١ ـ مجموعة رسائل الحافظ إبن رجب الحنبلي (٢/ ٤٨١).

٢ ـ هەمان سەرچاوەو هەمان لاپەڕە.

دەبینم، کە هەموویان بۆ بگێرمەوە، ئەگەر وانەکەیت هاوبەشی ئەوکەسانەی لێیان سادندوون لە تاواندا.[١]

٤ـ مردنی دەخستەوە بیری باوکی:

کوڕێکی عمری کوڕی عبدالعزیزﷺ مرد، عمر هات و لەلای سەری دانیشت و سەری هەڵدایەوەو سەیرێکی کردو فرمێسك بە خوڕ لە چاوی هاتە خوارەوەو، عبدالملكی کوڕی هات بۆ لای و پێ ی ووت: ئەی ئەمیر چیە ئەڵێ ی ئەم مردنە لە کارەکانتی کردویت؟ بەڵکو ئەوە خەریکی کارێکی ترە دوور لەو کارەی تۆ، وابزانە تۆش مرردویت و خۆڵیان کردوە بەسەر چاوتدا.

عمر ﷺ بە بیستنی ئەو قسەیە دەستی کرد بە گریان، پاشان ووتی: ڕەحمەتی خوات لێ بێت کوڕی خۆم، وەڵاهی تۆبەرەکەتێکی زۆر گەورەیت بەسەر باوکتەوەو ئامۆژگاریەکانت سودێکی زۆر مەزنی هەیە بۆ ئەوانەی ئامۆژگاریان دەکەیت، وەڵاهی زۆر دڵتەنگ بووم بۆ براکەت، بەڵام هەرکەزانیم فریشتەی گیان کێشان هاتە ماڵەوەو ترساندمی هاتنەکەی، وەك بڵێ ی بینیم بەچاوی خۆم، پاشان ووتی: بڕۆن کفن و دفنی بکەن.[٢]

٥ـ نەخۆش کەوتن و مردنی (عبد الملك ی کوڕی عمر) ﷺ.

عمری کوڕی عبدالعزیزﷺ چوو بۆ لای کوڕەکەی عبدالملك، کە لە جێگەدا کەوتبوو توشی نەخۆشی ـ طاعون ـ بوو بوو، پێ ی ووت: کوڕی خۆم ئێستا چۆنی؟ ووتی: ئێستا لە ڕاستیدام، ووتی: کوڕی خۆم بوونی تۆ لە تەرازووی چاکەکانمدا پێم خۆشتر لە بوونی من لە تەرازووی چاکەکانی تۆدا، (عبدالملك)یش ووتی: دەی باوکە گیان من وا لێ بێت، کە تۆ پێت خۆش بێت پێم خۆشترە لەوەی وام لێ بێ، کە خۆم پێم خۆشە.[٣]

١ـ مجموعة رسائل الحافظ إبن رجب الحنبلي(٢/ ٤٨٨)

٢ـ هەمان سەرچاوە(٢/ ٤٨٧)

٣ـ هەمان سەرچاوە(٢/ ٤٩٥)

کاتێ (عبدالملك)ی گەنجی خواناس وای لێ هات نە خۆشیەکەی زۆری بۆ هێنـاو بە هۆیەوە گیانی سپارد، لە کاتی.

ناشتنیدا باوکی هاتە سەر گۆڕەکەی ووتی: ڕەحمەتی خوات لێ بێت کوڕی خۆم، بەڕاستی چاك بویت بەگەڵ باوکتدا، لەوکاتەوەی خوای گەورە تـۆی پـێ بەخـشیوم دڵ خۆش و مەسرورم، بەڵام نا وەڵاهی ئێستا زیاتر دڵ خۆشم و بە تەمای پاداشتی خوام، کە تۆم داهێلاوەتەوە ناو گۆڕەکەتەوە، دەی ڕەحمەتی خوات لێ بێت و خـوا لـە گوناهـەکانت خـۆش بێـت؛ پاداشـتت بداتـەوە بـە چـاکترین کـردەوەت لـە کوناهەکانیشت خۆش ببورێت، ڕەحمـەتیش ببارێنێـت بەسـەر هەرکەسێکدا لێرەدا بێت یان نا، کە دووعاو تکایی خێرت بۆ بکەن و، هەموو ڕازین بە بڕیارو قەزای خوا خۆمان دەدەینە دەستی فەرمانەکانی، سوپاس بۆ خوای هەموو جیهانیان - آمین-[1]

پاشان نامەیەکی نوسـی بـۆ کاربەدەسـتەکەی لـە کوفـەو تیایـدا قەدەغـەی کـرد کەس گریان و شیوەن بکات بۆ کوڕەکەی، هەروەك چۆن پێشتر خـەڵکی عادەتیـان پێوە گرتبوو پرسەو شیوەنیان بۆ پادشاو نەوکانیان دادەنا، لەونامەیـە نوسیبوی: (عبدالملك)ی کوڕی ئەمیری باوەڕداران بەندەیەك بوو لە بەندەکانی خوا، خوا چاکی بۆ خۆی و بۆ باوکێشی کردبوو، ئەوندەی کە پێ ی خۆش بوو خوا ژیانـدی، پاشـان پێ ی خۆش بوو گیانی بکێشێت، ئـەوەی بـزانم لەگـەڵ مرنـدا پەیوەسـتی هـەبوو، تکایی دەستکەوتنی چاکەو خێری لە خـوا داواکـارم، پـەنا دەگـرم بـە خـوا لـەوەی خۆشەویـستم بـۆ شـتێك هـەبێت پێـچەوانەی خۆشەویـستی خـوا بێـت، چـونکە پێچەوانەی ئەوە دروسـت نـی یە، لـە تاقیکردنـەوەکانی بـۆم و چاکەکانی لگەڵمـدا بەخششەکانی بەسەرمەوە[2]

لە ڕیوایەتێکدا هاتووە: کاتێ (عبدالملك)ی کوڕی عمر گیانی سپارد، باوکی پێ ی ووت: ئەی کوڕی خۆم بەڕاستی تۆ لەوانە بوویت، کە خوای عزوجل دەفەرموێت:

١ـ مجموعة رسائل (٢/ ٤٩٥).

٢ـ هەمان سەرچاوە (٢/ ٤٩٦).

﴿ٱلْمَالُ وَٱلْبَنُونَ زِينَةُ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۖ وَٱلْبَـٰقِيَـٰتُ ٱلصَّـٰلِحَـٰتُ خَيْرٌ عِندَ رَبِّكَ ثَوَابًا وَخَيْرٌ أَمَلًا ﴾ الكهف: ٤٦، من تکام وایە ئەمڕۆ تۆ بۆمن لەو پاش ماوە چاکانە بیت، کە لەلای خوا پاداشتی زۆر و هیوای گەورەم پێتە، وەڵاهی دڵم بەوە خۆشە، کە هەردەم بانگم دەکردی دەهاتی بەدەممەوە.[١]

عبدالملك رحمه الله لە تەمەنی (١٩) ساڵیدا گیانی بە خوای سپارد.[٢] عمری رحمه الله زۆر ئەم کوڕەی بە دڵ بو جارێکیان پێ ی ووت: ئەی (عبدالملك) من هەواڵێکت پێ دەڵێم: نەخێر سوێند بە خوا هیچ لاوێکم نەدیوە لە تۆ خواناس تر بێت، یان لە تۆ شارەزاتر بێت، یان لە تۆ خوێنەوار تر بێت، یان نەمدیوە وەك تۆ کەمترین پێ هەڵکەوتنی هەبێت لە شتە بچوکەکان، یان گەورەکاندا.[٣]

عمری کوڕی عبدالعزی دەڵێت: وەڵاهی لە بەر ئەوەنەبوایە، کە گومانی ئەوەم پێ دەبرا، کە هەموو کوڕێك لە بەر چاوی باوکی جوانە، من وای بۆ دەچووم، تۆ ئەی عبد الملك، کە شایانی خیلافەتی.[٤]

لە ڕیوایەتێکدا هاتووە: کاتێ(عبدالملك)ی کوڕی عمر دەمرێت، دەچێتە سەر گۆڕەکەی و زۆر وسف سەنایی دەکات، تا پیاوێك پێ دەڵێت: ئەی ئەمیری باوەڕداران ئەگەر(عبدالملك)بمایە دوای خۆت دیاریت دەکرد بەجێ نشین؟ ووتی: نەء، پیاوەکە ووتی:ئەی کەواتە چۆن ئاوا باسی چاکەی دەکەیت،ووتی: ئەترسم لەبەر چاوم جوان بوبێت وەك چۆن هەموو کوڕێك لەبەرچاوی باوکی جوانە.[٥]
مەیمونی کوڕی مەهرانیش دەڵێت: هەرگیز سێ کەسم نەبینیوە لە ماڵێکدا چاکترین کەس بن، لە عمری کوڕی عبدالعزیز و عبدالملكی کوڕی و موزاحیم ی هاوڕێیان.[٦]

١ـ مجموعة رسائل (٢/ ٤٩٥).
٢ـ هەمان سەرچاوە (٢/ ٤٩٨).
٣ـ هەمان سەرچاوە (٢/ ٤٩٩).
٤ـ هەمان سەرچاوە (٢/ ٤٩٩).
٥ـ هەمان سەرچاوە.
٦ـ هەمان سەرچاوە.

ئەوەبو خوێنەری بەڕێز بەروبومی ئەو پەروەردە زانستی و پڕۆگرامی یەی عمری کوڕی عبدالعزیز، کە منداڵەکانی لەسەر گۆش کرد بوو، ئەوەش نمونەیەکی ئەنجامی پەروەردەی ڕاست و دروست، دەی لە خۆت بپرسیوە تۆش دەبێت چۆن بکەیت لەگەڵ براو خوشکەکانتدا؟ یان لەگەڵ کوڕ کچەکانتدا؟[١]

ژیانی لەگەڵ خەڵکی دا :

١ــ گرنگی دانی بە چاکسازی کۆمەڵگە :

گرنگی دانی بەچاکسازی کۆمەڵگەی زۆر گەورەبوو، هەوڵی دەدا هەرچی بەد ڕەوشتی و گەندەڵی یە هەڵیگرێت و نەیهێڵێت، لەو بارەیەوە نامەیەکی دوور و درێژی نوسی بۆ یەکێ لە کاربەدەستەکانی، وا ئێمەش لە بەر گرنگی سودەکانی هەندێ لە بڕگەکانی دەهێنین، کە تیایدا دەڵێت:

١ــ لە پاشان، هەرگیز خراپە لەناو هیچ گەلێکدا بڵاونابێتەوەو، ئەهلی چاکەش هەوڵی گۆڕینی نەدەن ئەوا خوای گەورە سزایەکیان دەدا، یان بەدەستی خۆیان، یان بەدەستی یەکێ لە بەندەکانی، خەڵکی هێشتا هەر پارێزراون لە سزاو زویر بوونی خوا، تادەستەی خراپەکاران سەرکوت کرابن، کاری حەرام تیاندا شاراوە بێت، هیچ خراپەیەك لە یەکێکیانەوە دەرناکەوێت مەگەر سزاکەی هەموویان دەگرێتەوە، هەرکاتێك تاوان و خراپە لە ناویاندا بە ئاشکرا ئەنجامدراو چاکەخوازان بەرگریان لێ نەکردن، ئەوا سزای خوا لە ئاسمانەکانەوە دادەبەزێت بۆ خراپەکاران و ئەوانەشی بێ دەنگ بوون لە ئاستیان، لە وانەیە بەهۆی بێ دەنگیان لە ئاستی خراپەکاری زووتر لە ناو بچن ئیتر با کارەکانی ئەوانیشی بەدڵ نە بێت، من نەم بیستوە لە قورئاندا خوا هۆزێکی لە ناو بردبێت، کە سێکی لێ دەرباز کردبن، مەگەر ئەو کەسانەی بەرگریان لە خراپە کردوە.

١ــ وەرگێر.

خوای(عزوجل) ئەگەر بەدەستی خۆی، یان بە دەستی یەکێ لە بەندەکانی لە ناویشیان نەبات خۆ دووچاری ترس و دڵەڕاوکێ و سەرشۆڕی و زویربوونیان دەکات، چونکە لەوانەیە خوا خراپەکار بە خراپەکار لە ناو بەرێت، یان ستەم کار بەستەم کار، پاشان هەردوولا بەئاگری دۆزەخ شاد بکات، دەی پەنا دەگرین بە خوا لە ستەمکاران بین، یان لەوانە بین دۆست و ئەحبابی ستەمکاران بین.

بیستومە خراپەکاری لە هەرێمە کەتدا زۆر بووە و بەد ڕەوشتان بێ خەم بوون، بە ئاشکرا کۆمەڵێ خراپەو بەدڕەوشتی یەك دەکەن کە خوا پـێ ی ڕازی نـی یە و، ڕازیش نابێت هەرکەس لەو وەزعە بێ دەنگ بێت، شتی وایش لە ناو هۆزەکێدا بڵاونابێتەوە، کە شەرم لە خوا بکەن و بترسێن لێ ی، لەگەڵ ئەوەشدا، کە ئەوان زۆرترو بەڕێزترن لە ئەهلی فیسق و فجور، کەسانی پێش ئێوە بەو حاڵە ڕازی نەبوون، بەوکارەش بەخششەکانی خوا بەردەوام نابێت لەسەرتان، بەڵکو وەك ئەوانە بن، کە دەربارەیان دەفەرموێت: ﴿أَشِدَّآءُ عَلَى ٱلۡكُفَّارِ رُحَمَآءُ بَيۡنَهُمۡ﴾ الفتح: ٢٩، ﴿أَعِزَّةٍ عَلَى ٱلۡكَٰفِرِينَ يُجَٰهِدُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَلَا يَخَافُونَ لَوۡمَةَ لَآئِمٍ﴾ المائـــدة: ٢٤، بەتەمەنم جیهادە لە پێناوی خودا، توندو تیژی نواندن لەگەڵ حەڕامکاراندا چ بەدەس، یان زمان و هەوڵدان لە گەڵیادا، ئیتر با باوکیشان بن، چونکە ڕێبازی خوا گوێڕایەڵی کردنیەتی، بیستومە کۆمەڵێکی زۆر لە ناتاواندا سستی دەنوێنن لە بەرگری کردن لە خراپەو فەرمان بە چاکەدا لەترسی ئەوەی لۆمەیان نەکەن و پێیان بگوترێت: فلان کەس ڕەوشتی بەرزەو خوێن تاڵ نی یە، بەکاری خۆیەوە خەریکە، خوای گەورە هەرگیز ئەو کەسانە لە ڕیزی ڕەوشت جوانان دانانێت، بەڵکو ڕەوشت نزم ترین کەسن، ئەوە خۆی لەبیر کردوە، نەك خەریکی خۆیەتی لە خوێن تاڵی وزەڕ ناشیرینی ڕزگاری نەبووە، بەڵکو تێ ی کەوتوە، چونکە ڕازی یە بەو وەزعەی خۆی تێدایە ئیتر کۆمەڵگەکەشی لە وەزعێکی دور لە خوایی یدا بژین و فەرمان بە چاکەو بەرگریی لە خراپە نەکەن.[1]

١ـ سیرة عمربن عبدالعزیز ابن عبدالحکم ل١٦٠.

لەم نامە گرنگەدا عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله سوننەت و ڕێڕەوی خوا ڕون دەکاتەوە، کە هەرگیز گۆڕانی بەسەردا نایەت، ئەویش ئەوەیە هەر کۆمەڵگەیەك گوناه و خراپەکاری بە ئاشکرا ئەنجام بدەن، ئەهلی چاکەو خواناسان دەست نەدەنە ڕێگایان و بەرگری، یان لێ نەکەن ئەوە دەبێت خوای گەورە یەکێ لەو سێ سزیانەیان داباڕێنێتە سەر:

یەکەم: یان خوای عزوجل سزایان لە لایەن خۆیەوە بۆ دادەباڕێنێت.

دووەم: یان سزاو ئەشنکەنجە بۆدەنێرێ، بەڵام لەسەردەستی هەر بەندەیەك خۆی مەبەستی بێت لەوانەیە سەر دەسەر دەستی ستەمکارە خوێن مژەکان، خوا تۆڵە لە بەد ڕەوشتان و سەرپێچی کەران بکاتەوە.

سێ یەم: یان خوای گەورە لەڕێگەی ترس و قات و قڕی و گرانی و سەر شۆڕی و جۆرەکانی تری خەشم قینی خۆیەوە تۆڵەیان لێ دەکاتەوە.

عمر رحمه الله لەم نامەیەدا ئەوە ڕۆشن دەکاتەوە، کە بێ دەنگ بوون لە ئاستی کاری حەرام و تاون کردنی ئاشکرا لە سوننەت و کاری هاوڵانی بەڕێزی پێغەمبەری خوا ﷺ ، بەڵکو خوای گەورە بەوە وەسفیان دەکات، کە توندو تیژین کەس بوون، لەگەڵ خەڵکانێکدا تاوان خراپەکاری بە ئاشکرا ئەنجام دەدەن.

ئەوەی ڕۆشن کردەوە، کە دەم چاو گرژو ترش کردن لە ئاستی گوناهکاران و سەرپێچی کارانداو هەوڵدان بۆ ڕێگری لێیان بەدەست و زمان ئیتر با نزیکترین کەسیشیان بن، ئەوەجیهادە لە پێناوی خوای تەبارەك و تەعالادا، فراوانکردنی بازنەی جیهاد بۆ ئەوەی ئەو لایەنەش بگرێتەوە وەك خوای عزوجل لە ئایەتی سورەتی (التحریم) دا دەفەرموێت: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ جَـٰهِدِ ٱلْكُفَّارَ وَٱلْمُنَـٰفِقِينَ وَٱغْلُظْ عَلَيْهِمْ ۚ وَمَأْوَىٰهُمْ جَهَنَّمُ ۖ وَبِئْسَ ٱلْمَصِيرُ﴾کەواتە جیهادکردنی دوو ڕوان ـ منافق ـلەڕێگەی ناڕەزایی دەربڕین و گفتوگۆو دەنگ وەرگرتن ئەم شتانەوە دەبێت.[١]

١ـ التأريخ الإسلامي (١٥، ١٦/ ١٢٠)

هەموو نامەکانی عمری کوڕی عبدالعزیز‌ رحمه الله بۆ کاربەدەستەکانی سەرجەم چاکسازی کۆمەڵگە بوون، هەروەك چۆن (إبراهیم کوڕی جعفر) لەباوکیەوە دەگێڕنێتەوەو دەڵێت: نامەیەك عمری کوڕی عبدالعزیز‌ رحمه الله نەهاتووە بۆ (أبو بکری کوڕی محمدی کوڕی عمری کوڕی حزم)ە مەگەریان هەق وەرگرتنەوەیەك، یان زیندوکرنەوەی سوننەتێك، یان لابردنی بیدعەیەك، یان دابەشکردن، یان دیاری کردنی مووچەبوو، یان خێرێك بوو، ئەمەش بەردەوام بوو، تا لە دنیا دەرچوو.[1]

٢ـ ڕۆژی دوای خستنەوە بیری خەڵك:

عمری کوڕی عبدالعزیز‌ رحمه الله ڕۆژێك وتاری دەداو دەیوت: من بۆ شتێك کۆم نەکردەونەتەوە، کە خۆم دروستم کردبێت، بەڵکو سەیری کاروباری ڕۆژی دوایتان کرد، ئەو نەهامەتیانەی لە ڕێتاندایە، بۆم دەرکەوت ئەوانەی باوەڕیان پێ ی هەیە گێل و بێ ئاگان لێ ی، ئەوانەشی بەدرۆی دەخەنەوە خەسارەت مەندو لەناو چون، پاشان هاتە خوارەوە لە سەر مینبەرەکە.[2]

ئەم ووتارە لەگەڵ کورتەکەیدا زۆر ڕەوان بێژە، چونکە یادخستنەوەیەکی زیندووی ڕۆژی دوایی یە، لە پاش مردن، ئەوکەسەی باوەڕی بەزیندوو بوونەوەی پاش مردن و سزای گۆڕو نازوو نیعمەتەکانی و لێپرسینەوەپاشان، یان بۆماڵی خۆشی هەتا هەتایی، یان بۆ نەگبەتی بەردەوام، کەچی لەگەڵ ئەم باوەڕەیشدا تێشوی بۆ ئامادە ناکات، و بەکردەوەی جوان و چاکە کاری خۆی بۆ سازناکات، دەی بەڕاستی گێل وسەر لێ شێواوە، بە جۆرێ عەقڵی خۆی بەکار نەهێناوە بۆ مسۆگەرکرنی ئەوداهاتووە گرنگەلەگەڵ باوەڕیشی بەوەی، کە بەسەری دێت لەوێ.[3]

لە وتارێکی تریدا هەر لەبارەی یادخستنەوەی مردن و ڕۆژی دوایی، باسی ئەوەی کردەوە بۆ خەڵکی، کە مرۆڤ بۆ هەمیشەی ژیان دروست کراوە، بەڵام مردن

١ـ طبقات إبن سعد (٥/ ٣٤٢).

٢ـ سيرة عمر بن عبدالعزيز لابن عبدالحكم لا ٤٢

٣ـ التأريخ الإسلامى (١٥، ١٦/ ١١٨)

گوێزراوەیە لەماڵێکەوە بۆ ماڵێکی تر، دەڵێت: ئێوەبە نەمری و هەمیشەیی لە دایک بوون، بەڵام مردن گوێزرانەوە لەماڵێکەوە بۆ ماڵێکی تر.[1]

لە وتارێکی یدا دەڵێت: ئەی خەڵکینە، دونیاو مۆڵەت پێدانەکانی لە خشتەتان نەبات، پاش کەمێکی تر بەجێی دەهێڵن و بۆ جێ یەکی تر کۆچ دەکەن، بۆ، خاتری خوا ئەی بەندەکانی خوا ـ خۆتان بپارێزن، فریایی بکەون بەکردەوەی چاك ـ پێش ئەوەی بمرن و بمرن بڕۆنە ژێر خاك نە، درێژی ڕۆژانی تەمەن دڵتان ڕەق نەکات، وەك ئەو هۆزانەتان لێ بێت، کە بانگ کران بۆ بەشی خۆیان، ئەوانیش کەمتەرخەمیان کرد، لە ئاکامدا پەشیمان بوونەوە لە سەر کەمتەوخەمی یەکان.[2]

٣ـ ڕاستکردنەوەی تێ گەیشتنەکان:

عمری کوڕی عبدالعزیزرحمه الله لە وتارێکدا دەڵێت: پاشان، ئەی خەڵکینە، تەمەنی درێژ دڵتان ڕەق نەکات، ڕۆژی دوایتان لەلا دوور نەخاتەوە، هەرکەسێ مردنی هاتە پێشەوە، ئەوە قیامەتی یەتی، ڕەخنە قبوڵ ناکرێت، چاکەیش زیاد ناکرێت، مرۆڤ بێوەی نابێت ئەگەر بە پێچەوانەی سوننەت کاری کردبێت، گوێ ڕایەڵی هیچ مەخلوقێك ناکرێت، ئەگەر سەر پێچی پەروەدگاری تێدا بێت، ئێوە بەو کەسەی لە داخی زوڵم زۆری فەرمانڕەوایەکەی هەڵێدێت پێ ی وەڵێن: سەر کەش، کە لە ڕاستیدا فەرمانڕەوا زاڵمەکە هەقی خۆیەتی پێ ی بگوترێت سەرکەش، پاشان من بە نیازم کۆمەڵێ بابەت چارەسەر بکەم، کە زۆر نارەحەتن مەگەر خوا کۆمەك بێت، چونکە خەڵکی لەسەر پیر بووەو منداڵی لەسەر گەورە کراوە، زمانی نەتەوەکانی تری جگە لە عەرەبی لەسەر پاراو کراوە، تا وایان لێ هاتووە خەڵکی وەك شەرع و دین وەریان گرتوون، جگە لەو شتێ تر بەڕاست نازانن، پاشان ووتی: زۆر خۆشە لە لام، کە ماڵ و سامان و ناموستان بپارێزم، مەگەر لە مافدارانی خۆی، ئەمەش لە پشتی خوا ـ ولاقوه إلا بالله ـ[3]

١ـ الكتاب الجامع لسيرة عمر(٢/ ٤٤٨)

٢ـ هەمان سەرچاوە(٢/ ٤٤٩)

٣ـ سيرةعمر بن عبد العزيز لابن عبدالحكم لا ٤٢

عمر رحمه الله لەم وتارەیدا باش ئەوەی مردن و ڕۆژی دوایی وەبیر موسڵمانان دێنێتەوە، پاشان باس لەوە دەکات، کە بێ وەیی تەواو لە شوێن کەوتنی پێغەمبەری خودایەﷺ ئەمەش یەکێك لە دوو مەرجەی وەرگرتنی کردەوەی چاکەیە:

یەکەم: دڵسۆزی نواندنی تەواو بۆ خوا.

دووەم: شوێن کەوتنی سوننەت و ڕێڕەوی پێغەمبەرﷺ ئەو بەم کارەی چارەسەری واقعێك دەکات، کە کردەوە کەم ناکات، ئەگەر(ئیخلاص)و دڵسۆزی لەگەڵ دا بێت، بەڵکو پێویستی بەوەیە لە سەر ڕێرەوی پێغەمبەر بێت، چونکە لەو کاتەدا (بدعة) و شتی تازە تێکەڵ بە ئیسلام کرابوون و سەردەمی هاوەڵانیش رضي الله عنهم لە تەواو بوو بو، هەندێ کاربەدەست و والی خراپ پەیدا بوون، کە هەر سوننەتێکی پێغەمبەرﷺ لەگەڵ ئارەزواتیاندا نە گونجایە ڕەدیان دەکردەوە.

٤ـ دەمارگیری هۆزایەتی نەهێشت:

عمری کوڕی عبدالعزیزرحمه الله نامەیەکی نوسی بۆ (الضحاك)ی کوڕی (عبدالرحمن) وتیایدا پێ ی ووت: هۆی نوسینی ئەم نامەیەم ئەوەیە، کە باسی هەندێ لە پیاوانی دەوار نشینی (بادیە)م بیستوە، پیاوانێکی تر تازە بوون بە فەرمان ڕەوا و هەموو زیری و وشکیان پێوە دیارە و، زانستیان دەربارەی خوا کەمە، بەو بۆنەیەوە لە خشتە براون، لە خشتەبردنێکی گەورە، بەلاو نەهامەتی خوایان لە بیر چۆتەوە، نیعمەت و بەخششەکانی خویان گۆڕیوە بە جۆرێك، کە هەقیان نەبوو وابکەن.

باسی کۆمەڵێ لەوانەم بۆ کراوە لە پشتی هۆزی (مضر)و (یەمەن) جەنگ دەکەن، وادەزانن دەبێت سەروکاری خەڵکی بکەن، دەی پاك و بێگەردی بۆ خوا، چەند دوورن لە سوپاس گوزاری نیعمەتەکانی خواوە، چەند نزیکن لە لەناوچوون و سەرشۆڕی بێ نرخی یەوە، دەی خوا لەناویان بەرێت! چ کۆیەکیان گرتووە، لەچ زەمان و زروفێکدا دەرچوون، خەریکی چ کارێکن، بەلام خۆت باش دەزانیت، کە نەگبەت و خراپەکار هەر بەنیتەکەی بۆ تە خراپەکار، خۆ ئاگریش بەبێ هۆ ئامادە

نەکراوە، ئایا ووتەی خوای گەورەیان نە بیستوو، کە دەفەرموویّت: ﴿إِنَّمَا ٱلْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ فَأَصْلِحُوا بَيْنَ أَخَوَيْكُمْ وَٱتَّقُوا ٱللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ﴾ الحجرات: ١٠.

دەی لەگەڵ ئەوەشدا بیستوومە هەندێ کەس خەڵکی بۆ هاو پەیمانی بانگ دەکەن، خۆ لە ئیسلامدا هاوپەیمانەتی نەماوە، ئەگەر هاوپەیمانەتی یەکیش لە سەردەمی نەفامیدا بووبیّت ئیسلام توندتری کردوە، هەردوو لای هاوپەیمان ویستوویانە پەیمانی خۆیان بەرنەسەر، ئەگەر لەسەر خراپەو تاونیش بووبیّت، سەرپێچی خواو پێغەمبەری تێدابوبیّت، هەرکە موسڵمان بوون لەو پەیمانانە خۆیان دارنی.

من هەرکەسێ ئەم نامەیەم دەبیستێ ئاگاداری دەکەمەوە، دەڵێم: هەرکەسێ قەلایەك بکاتە پاڵپشتی خۆی جگە لە خواو پێغەمبەرو موسڵمانان، ئەوا ئاگادار کردنەوە لە دوای هەموو ئاگادارکردنەوەو یادیان دەخەمەوە، یاد لە دوای یاد، ئەو خوایەیان دەخەنەوە یاد، کە رەشۆی هەموو شتێ بەدەستی ئەوە، ئەو خوایەی، لە خوێن بەرەکانی ناو لەشمان نزیکترە لێمانەوە.

من کەم تەرخەمیم نەکردووە لە ئامۆژگاری کردنتاندا، لەگەڵ ئەوشدا ئەگەر بزانم کەسێك لە خەڵکی ئیتر تاکەکەس بێت، یان هۆز بێت، یان هیچ گەلێك، دەیەوێت ئاوەکە لێڵ بکات و خراپە بەر بکات، بانگتان دەکەم بۆ جێ بەجێ کردنی ئامۆژگاری داواکاریەکانم، سەرکەوتنی ئاشکرای تێدایە، پاشان با چاکەکاران و ئەهلی باوەڕ بەزمانیان هاوکاربن، هەرچەندە زۆرێك لە خەڵکی تێ ناگەن، لە خوا داواکارم، کە نێوانمان و سۆزو خۆشەویستی بێت و، خۆشەویستیمان زیادو بەردەوام دەوام بکات والسلام.[1]

عمر رحمه الله لەم نامەیەدا چارەسەری لادانێکی ترسناك دەکات، کە لەو کاتەدا بەسەر کۆڵەگەی ئیسلامیدا هاتبوو، ئەویش ئەوەبوو تاقمێك لە موسڵمان، کە باوەڕ

١ـ سیرةعمر بن عبد العزیز لابن عبدالحکم لا ١٠٢، ١٠٦

لەدڵیاندا جێگیر نەبوو بوو، شارەزاش نەبوون لە زانستە شەرعیەکان دا و، هەندێ پەیوەندی سەردەمی نەفامیان زیندو کرد بوویەوە، وەك پەیوەندی خێڵایەتی و عەشیرە گەرایی.

هەریەکە لەوانە بڕیاری سەر خستنی هۆزەکەی هۆزەکەی دەدا ئیتر بەهەق، یان بەناهەق و ڕەوا، یان بەزوڵم و ناڕەوا.

ئەم مەسەلەیەش بەجۆرێ تەشەنەی کرد، تاوای لێ هاتبوو هەندێ لە جەنگاوەرانی ئیسلام بە پاڵنەری خێڵایەتی یەوە دەرچوون بۆ جیهاد، ئەوەش وای کرد کاروانی جیهاد بەرەو دواوە بگەڕێتەوە، وایشی دەکرد لەو گەلانەی ڕزگار کراو بوون، جار لەدوای جار ڕاپەڕین و سەر پێچی بەرپا بکەن.

وای لێ هات هەندێ لەو هۆزانە کەسێکی هۆزەکەی خۆیان دەکردە والی، ئەویش هەموو نەفەرەکانی ئەو هۆزەی خۆی دەهێنا پێشەوەو بۆ پۆستی جیا جیای پێ دا، ئەمەش وای کرد هۆزەکانی تر تووڕە بکەن و شۆڕش هەڵگیرسێنن لە دژیان، ئەمەش بە هۆی ئەوەوە بوو، کە پەیوەندی برایەتی موسڵمانان و ئیسلامەتی بخەنە ئەولاوە، کە هۆکاری سەرەکی بەختیاری پێکە ژیانی کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکانی بوون، لە باتیدا پەیوەندی یەکانی سەردەمی نەفامیان دەهێنایەوە.[1]

٥ـ نەیدەهێشت لە حزوریدا بە پێوە بوەستن:

کاتێ عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله بووبە فەرمانڕەوا دەبینێ هەموو خەڵکەکە لە خزمەتی دا بە پێوە وەستاون، ئەویش پێ ی ووتن: ئەی کۆمەڵانی خەڵکی موسڵمانان، ئەگەر بە پێوە دەمێننەوە بائێمەش هەڵسینەوە، ئەگەر دادەنیشین ئێمەش دادەنیشی، بەڵکو خەڵکی تەنها لە خزمەت پەروەردگاریاندا بە پێوە دەوەستن، خوا کۆمەڵێ فەرزو سوننەتی داناوە، هەرکەسێ جێ بە جێ یان بکات،

١ـ التأريخ الإسلامي (١٥، ١٦/ ١٢٤)

دەگاتە سەرفرازان و هەرکەسیش وازیان لێ بهێنێ دەچێتە ڕیزی لە ناوچوان.[١]

عمر رحمه الله بەم کارەی ویستی هەموو ئەو ڕەوشت و نەریتانەی، کە لە قەیسەری ڕۆم و کیسرای فارسەوە مابوونەوە، لابیەرێت و ئوممەتی ئیسلام بگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی جێ نشینە ڕاشیدەکان، ئالێرەدا دووپاڵنەری بەهێز سەرکوت دەکات، کە پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێت بۆ خۆشەویستی هۆزەکەی.

یەکەم: حەزی مرۆڤ لە خۆ دەرخستن و داسەپاندنی دەسەلات هریبەت خستنە ناودڵی خەڵکی یەوە.

دووەم: ویستی هۆزەکەی لە سەرمانەوەی ئەو نەریتانە، بەسوك ڕوانین بۆ عمر لەوەی، کە ئەو نەریتانەی نەدەهێشت و لایدەبردن.

بەلام بەهۆی لێبڕان و باوەڕی بتەویەوە توانی زاڵ بێت بەسەر ئەم دوو پاڵنەرەدا، ئەو شتانەی پاڵیان پێوەنا بۆ خۆ بەکەم زانین - تواضع — لا بردنی ڕواڵەتە دونیایەیی یەکان، ئەو ترسە گەورەیەی لە خوای گەورەو چاوەڕوانی پاداشتی ڕۆژی دوایی و پشت گوێ خستنی ژیانی دنیا.

ئەم پاڵنەرەش بە هێزترە لە کێشکەرەکانی سەرزەوی و، عمر سەرکەوت لە بواری لە غاوکردنی ئارەزوواتەکانی خۆی و بێدەنگ کردنی خاوەنی ڕواڵەتە هەڵخەتێنەرەکان، ڕاستکردنەوەی بۆ چونەکانی کۆمەڵگە لە بواری ئەوەی، کە پێویستە لە سەر کاربەدەستان، پەیوەندی نێوان ئەوان و میللەت.

مەبەست لە ووتەکەی عمر، کە دەیووت: کۆمەڵێ شتی فەرزکردوە لەسەرتان، بۆ ڕوون کردنەوەی هۆکارەکانی بەختیاری و نەهامەتی لە دونیاو ئاخیرەتدا، هەرکەسێ جێ بەجێ یان بکات دەگاتە کاروانی لەخواترسان لە دونیاو هاوڕێ چاکی بۆ دروست دەبێت، لە ڕۆژی ڕەستاخێزیشدا ڕەزامەندی خواو بەهەشتی نەبڕاوە لە پێشوازیاندایە[٢]

١ــ تأريخ دمشق لة التأريخ الإسلامي (١١٤،١٥) وەرگیراوە.

٢ــ التأريخ الإسلامي (١٥، ١٦/ ١١٥)

٦ــ ڕێزلێنانی لەچاکەکاران:

إبن كثیر دەڵێت: کوڕێکی قەتادەی کوڕی نوعمان - هاوەڵی پێغەمبەری خواﷺ لەگەڵ وەفدێکدا دێننە خزمەت عمری کوڕی عبدالعزیز ئەویش لێ ی دەپرسێت: تۆ کێیت؟

کوڕی قەتادەش بەشیعرەوە وەڵامی دەداتەوەو دەڵێت:

منم کوڕی ئەو کەسەی لەغەزادا چاوی دەرهات... مصطفى بەدەستی پیرۆزی خۆی خستی یەوە جێگاکەی خۆی... دەی چەند جوان بووبێت ئەو چاوە، دەی چەند جوان بووبێت ئەو دەستە.

عمریش بەدێڕە شیعرێك وەڵامی دایەوە ووتی:

تلك المكارم لا قعبان من لبن   شيباً بماء فعادا بعد أبوالاً

پاشان ڕێزی لێ گرت و خەڵاتی باشی کرد.[١]

لەم چیرۆکەدا هەڵوێستی ئەمیری باوەڕداران عمری کوڕی عبدالعزیزرحمه الله مان بۆ دەردەکەوێت، لە ڕێز لێنان لە کوڕانی هاوەڵە بەڕێزەکان، بەتایبەت کوڕەکەی قەتادەرضي الله عنه کاتێ خۆی ناساند و باسی ئەو ڕوداوە ترسناکەی بۆ عمر کرد، کە چۆن جەنگێکی لەگەڵ بێ باوەڕاندا کردبێت، بەڕادەیەك چاویان دەرهێنابێت و بەکوڵمیدا شۆڕبێتەوە، عمریش چۆن ڕێز لەخزمەتکارانی پێشینی ئەم ئیسلامە دەگرێت و ڕێز نەك لە خۆیان، بەڵکو لە کورو نەوکانیشیان دەگرێت، ئەو هاوەڵە مەزنەش بەهرەمەند بوو بەنواندنی موعجیزەیەکی پێغەمبەری خواﷺ لە گەڵیدا.[٢]

هەروەها یەکێکی تر لە ڕێز لێنانەکانی لە ناودارو پیاو ماقوڵە صاڵحەکان، ڕێزلێنانی بوو لە(زیاد)ی مەولای (إبن عباس)، زیادو دەستەیەك لە هاوڕێکانی هاتن بۆ لای عمری کوڕی عبدالعزیز ولە بەر دەرگا خەڵکێکی زۆر وەستابوون عمر بە تەنها ڕوخسەتی زیادی دا بێتە ژوورەوە، زیادیش لە بیری چوو سڵاوی خەلافەتی لێ

١ــ سيرة عمر بن عبدالعزيز لابن الجوزى لا ٩٦.
٢ــ التأريخ الإسلامى (١٥، ١٦/ ٢٣)

بکات، هەر کە بیری کەوتەوە خێرا پێ ی ووت: سڵاوت لێ بێت ئەی ئەمیری باوەڕداران، عمریش پێ ی ووت: سڵاونەکردنەکەی یەکەم جارت هیچ عەیببێکی نەبوو بۆم –عمر رحمه الله– لە تەختی خەلافەت دابەزی و لەسەر زەویەکە دانیشت ووتی: من لەوە زۆر گەورەترم، کە لە جێگەیەك دابنیشم لە جێگەی زیاد بەرزتربێت، پاش ئەوەی زیاد کاری سەردانەکەی تەواو بوو نیازی ڕۆیشتنی کرد، عمریش فەرمانی کرد بۆ بەرپسی (بیت المال) و پێ ی ووت: دەرگایی خەزێنەی موسڵمانان بخرە سەر پشت وبەجێ ی بهێڵە با زیادو هاوەڵەکانی چەندیان پێ خۆشە لێ ی ببەن، بەر پرسی(بیت المال) سەیرێکی زیادی کردو سەری سوڕما، کە ئەمە کەی شایستەی ئەوەیە دەرگای (بیت المال) ی بۆ بخرێتە سەر پشت ــ لەو کاتەدا نەیدەناسی ـ ودەرگاکەی بۆ کردەوە، زیاد خۆی ڕۆیشتە ژوورەوە هەشتاو شتێك، یان نەوەدو شتێك درهەمی لە خەێنەکە دەرهێناو بەشی کرد لە خۆی و هاورێکانی.

کاتێ بەرپرسی دارایی ئەوەی بینی ووتی: ئەمیری بڕواداران خۆی دەزانێت (بیت المال) بۆکێ دەخاتە سەر پشت.[1]

ئەم ڕداوە بەڵگەیەکی ڕوونە لەسەر تەوازوع و خۆ بەکەم زانینی عمر رحمه الله و ڕێز لێنانی لە زاناو خواناسەکان، ئەوەتا گرنگ نەبوو لەلای نازناوی بەخەلافەتەوە ـ کە سەرەك كۆماری یە بانگ بکرێت ـ کە بەرزترین نازناوە لە لای موسڵمانان، پلەو پایەش فیتنەیە، ئەو کەسانە دەکەونە داوییەوە، کە هەردەم بە دوای شورەت و پلەو پایە ڕادەکەن.

بەڵام باوەڕە بتەوەکان هەرگیز کەسایەتیان ناگۆڕێت لەگەڵ بەرزترین پلەو مەقامدا، بەڵکو جاران چۆن بوون هەر بەو جۆرەدەمێنێتەوەو خۆ بەکەم زانینەکەیان لە دەست نادەن و هەروادەبن، نەخێر، بەڵکو هەندێ جار زیاتریشی دەکەن، چونکە خەڵکی ڕێزیان لە ڕادە بەدەر دەگرن.

لە لایەکی ترەوە ئەو دابەزینەی عمر بۆ سەر زەویەکە ئەو پەڕی ڕێز لێنانی یەتی

١ـ سیرةعمر بن عبدالعزیز لابن عبدالحكم ل٥٢. التأریخ الإسلامی (١٥، ٢٤)

لەو زانا مەزنە خواناسە، کە (زیاد)ی کوڕی(أبی زیاد)بوو، کە(خزمەتکاری ئازادکراوی عبداللەی کوڕی عەیاش بووﷺ، ئەوتا هەربەوەی، جاران بەندەبوو، هیچێك لە پلەو مەقامی کەمی نەکرد، چونکە ڕێزو شەرەف بە زانست و تقوایە، نەك بە پلەو مەقام و نژاد.

ئەو هەڵوێستەی زیادیش، کە سەر پشك کرا چەندی دەوێ لە(بیت المال) بیبات، کەچی ئەندازەیەکی زۆر کەم پارە بۆخۆی و هاوڕێکانی دەبات، ئەمەش ئەو پەڕی خۆ بەکەم زانین و خۆ پارستنە لە حەرام ـ الورع ـ

چونکە کاتێ دەروونەکان گەورەبوون و عەقڵەکان لەکار دابوون ئەوا مرۆڤ خۆی دەپارێزێت لە پارەوپول و تەماعی دونیا، کە دەروون نزمە بچوکەکان هەڵپەهەڵپی بۆ دەکەن، بەڵام ئەو چاوی بەرزتر دەڕوانێت بۆ خۆشی قیامەت و بەهەشتی نەبڕاوەی خوا دەڕوانێت، کە گەورە پیاوان و دەروون بەرزەکان خۆیانی بۆ دەکوتن.[١]

٧ـ منداڵێکی ژیر لە خزمەت خەلیفەدا:

یەکێ لەو وەفدانەی، کە بۆ پیرۆزبای خەلافەت هاتن بۆلای عمری کوڕی عبدالعزیزرحمه الله وەفدێك بوو لە حیجازەوە هاتبوون، منداڵێکیان دانابوو لە باتی ئەوان قسەبکات، کاتێ هەستایە سەر پێ و ویستی دەست بکات بەقسەکانی، عمر ئاماژەی بۆ کرد پێ ی ووت: واز بێنە بچکۆل با کەسێکی لە تۆ گەورەتر قسەبکات، منداڵەکەش ووتی:وازبێنە ئەی ئەمیری باوەڕداران، مرۆڤ بەدووشت گەورەیە بەدڵ و زمانی، ئەگەر خوای گەروە زمانێکی پاراو و دڵێکی وریای بە هەرکەسێك بەخشی ئەو وای لێ کردەوە شایەنی قسەکردن بێت، ئەی ئەمیری باوەڕداران، ئەگەر حیساب بۆ تەمەن بکرێت، ئەوا لەناو ئوممەتت زۆر بەتەمەن تر هەیە لە تۆ شایانی ئەو جێگایەی تۆبن.[٢]

١ـ التأریخ الإسلامی (١٥، ٢٤)
٢ـ النموذج الإداری لا ٧٩.

عمر رحمه الله پێ ی ووت: دەی باشە فەرموو قسە بکە بچکۆل، منداڵەکەش ووتی: بەڵێ باشە ئەمیری باوەڕداران، ئێمە وەفدین و بۆ پیرۆزبایی هاتوین، نەك بۆ ڕێز شکاندن و نەهامەتی، لە وڵاتەکەی خۆمانە هاتووین، سوپاسی ئەو خوایە دەکەین، کە تۆی پێ بەخشیووین، نە بەتەماحی شتەوە، نە لە ترسان هاتووین، چونکە سامان و بەخششی تۆگەیشتۆتە لای ئێمە، ئێ لە لایەن تۆشەوە ئەمین و بەختەوەرترین کەسین، چونکە دادپەروەربویت بواری زوڵم ستەمیان بۆ نەهێشتوینەتەوە.[١]

عمر رحمه الله زۆر سەرسام بوو بە زانست و ڕەوان بێژی ئەو منداڵە، بۆیە هانی دا زیاتر قسە بکات، زیاتر متمانەی تێدا دروست ببێت بە خۆی و غیرەت پەیدا بکات، تا ئەم هەڵوێستەش ببێتە هەڵوێستبێکی پەروەردەیی بۆ منداڵەکە لە حزوری ئەمیری موسڵماندا، لە بەر ئەو هۆیە داوای ئامۆژگاری لێ کردو پێ ی ووت: ئامۆژگاریمان بکە بژکۆل بەڵام بەکورتی.

منداڵەکەش ووتی: ئەی ئەمیری باوەڕداران خەڵکانێك هەن خەڵەتاون بە نەرم و نیانی خوا و هیوا درێژی و وەسف و سەنای خەڵکی بۆیان، دەی تۆ نەکەی نەرم نیانی خواو تەمەن درێژی خۆت وەسف و سەنای خەڵکی بتخەڵەتێنێت، لە خشتەت بەرن.

پاشان عمر رحمه الله دەربارەی تەمەنی پرسیاری لێ کرد دەبینێ (١٣) ساڵانە بۆیە شیعرەوە ووتی:

تعلم فليس المرء يولد عالماً ‏ ‏ ‏ ‏ وليس أخو علم كمن هو جاهل
وإن كبير القوم لا علم عنده ‏ ‏ ‏ ‏ صغير إذا إلتفت إليه المحافل

١ـ مروج الذهب(٢/ ١٩٧)

٨ــ مریشکەکانی دەدزن:

عمـری کـوڕی عبـدالعزیز رحمه الله بـەردەوام بـەدوا داچـونی کاروبـاری موسـڵمانانی هـەبووە، هـەردەم دەرگاشـی لەسـەر پـشت بـووە بـۆ پێویـستی دەنـگ و باسـیان، هەرنامەیەکی لە هەر جێگەیـەك لـە هـەر موسـڵمانێکەوە بـۆ بهاتایـە یەکسەر دەدرا دەستی خۆی و کـەس بـۆی نـەبوو پـێش ئـەو بیخوێنێتـەوە، جارێـك نامەیـەکی لـە ئافرەتێکی ڕەش پێستی میسری وە پێ گەیشت، کە کۆنە کـەنیزەکی (ذی أصبح) بووە، لەو نامەیەدا بۆی نووسیبووی: دیواری حەوشەکەم نزمە توانام نی یە بـەرزی بکەمەوە لە بەر ئەوە بە ئاسانی مریشکەکانم لێ دەدزن.

عمری کوڕی عبدالعزیزیش لەوەڵامدا نوسی (بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ) لە بەنـدەی خـوا ئەمیری باوەڕدارانەوە بۆ (فەرتونـەی ڕەش) ناکـەتم پـێ گەیـشت، کـە تیـادا باسـی نزمـی دیـواری حەوشـەکتانت کـردووە، گوایـە بـە ئاسـانی دز دوتوانێـت، بقونێتـە ماڵـەوەو مریـشکت لێ بـدزێت، ئـەوا منـیش نامـەم نووسـیوە بـۆ (أیـوب)ی کـوڕی (شرحبیل)، ــ کە بەرپرسـی نوێـژو جـەنگ بـوو لەمیسرـ پـێم ووتـوە: بـۆت چـاك بکاتەوەو ئیتر (إن شاء الله) ئەو ترسەشت نەمێنێت.

ئەمەش دەقی نامەکەی(عمر)ە بۆ کوڕی شەرحەبیل و پێ ی دەڵێت: لە بەنـدەی خواوە بۆ ئەمیری باوەڕداران بۆ ئەیوبی کوڕی شەرحەبیل، پاشان(فرتونة الـسوداء) کە کۆنە کەنیزەیەکی (ذی أصبح)نامەیەکی بۆ ناردووم سـکاڵای ئـەوە دەکـات، کـە دیواری حەوشەکەی نزمەو مریـشکی بەئاسـانی لێ دەدەزن، داوا دەکـات بـۆی بـەرز بکەینەوە، هەرکە ئەم نامەیـەت پـێ گەیـشت دەمـەوێت هـەر بەدەسـتی خـۆت ئـەو دیوارەی بۆ هەڵبچنیت، ئەیوبیش خێرا بەهەڵە داوان لەهـەداوان سـواری وڵاخـەکـەی بوو خۆی گەیاندە شاری (جیزة) هەواڵی ئەوژنەی پرسی و دەبینێ پیرەژنێکی ڕەش پێستی هەژارەو نامەکەی عمری کوڕی عبدالعزیزی دایە دەستی و دیوارەکەشـی بـۆ بەرز کردەوە[١]

١ــ سیرة عمر بن عبدالعزیز لابن عبدالحکم ل١٦٢ــ١٦٤.

٩ـ خەمی موسڵمانەکانی دەخوارد:

نامەیەکی نووسی بۆ ئەسیرەکانی موسڵمانان، کە لە بەندیخانەکانی ڕۆحدابوون لە(قوستەنتینیە) تیایدا پێ ی ووتن: ئێوە خۆتان بە دیل نەزانن؟ پەنا بەخوا! نەخێر، بەڵکو ئێوە لەپێناوی خوا بەند کراون، بشزانن من یەك شت لەناو موسڵماناندا دابەش ناکەم، تا چاکترینی لە پێشەوە نەدەم بەکەسو کارەکانتان، ئەوامن یەکی(٥) دینارم بۆ ناردن، ئەگەر لەوەش نەترسامایە، کە تاغوتەکەی ڕۆم گلی دەداتەوە بۆ خۆی زیاترم بۆ دەناردن، فلان کەسی کوڕی فلان کەسم ناردووە بۆ لاتان، تا نێرو مێ گەورەو بچوك بەندەو سەربەستان بەرەڵا بکات، هەر چەندی داوا بکەن دەیدەم، دەی مژدەتان لێ بێ، پاشان مژدەتان لێ بێت والسلام.[1]

لەم نامەیەدا ڕەوشت بەرزی و هەست بلندی عمرمان بۆ دەردەکەوێت، وەك نمونەی پێشکەوتوو لە حوکمڕانی موسڵمانی لە خواترس، لە پارستنی مافی خەڵکیدا لە خواترساو بەوپەڕی دڵسۆزی و ئەمانەتەوە ڕەچاوی کردوە، بە جۆرێك، کە دڵنەوای دیلە موسڵمانەکانی بەردەستی ڕۆمەکان دەکات، بەو پاسەوانانی سنوری ئیسلامی دوون، کە لە پێناوی خوا خۆیان زیندانی کردووە، بەم کارەیان پاداشتی سنور پارێزان هەیە ـ المرابطین ـ

لەگەڵ ئەم دڵنەوایی کردنە دەرونی یە گردنگەدا، بە پارەوسامانیش دڵنەوای دەکردن و کۆمەکی دەکردن، لە لایەکی تریشەوە خەمی ماڵ و منداڵی لە دڵدا نەهێشتن، ئاگادری کردن، کە ئەم کە ژیانی ماڵ و منداڵەکانی مسۆگەر کردوون؛ هەروەك پەیمانیشی پێدان، کە ئەو پەڕی هەوڵ دەدات بۆ ئازاد کردنیان، ئەم هەڵسوکەوتە بەڕێزانەیە شایانی ئەو دیلانە بوو، کە لە پێناوی خودا دیل کراون بۆ پارێزگاری لە ئیسلام و سەرخستنی لەماڵ دەرچوون.[2]

١ـ سيرة عمر بن عبدالعزيز لابن عبدالحكم ل١٦٢ـ١٦٤.

٢ـ التأريخ الإسلامي (٧٧،١٥)

١٠ــ قەرزی قەزاران دەبژێرێت:

نامەی بۆ کاربەدەستانی نووسی و تیایدا پێ ی ووت: قەرزی قەزاران ببژێرن، پێ ی وون: ئەی ئەگەر قەرزارێکی موسڵمان خانوی هەبێت و خەزمەتکاریشی هەبێت و وڵاخی سواریشی هەبێت و کەل و پەلی مالیشی هەبێت، عمر رحمه الله لەوەڵامدا ووتی: ئەو پیاوە دەبێت خانووی هەبێت تیایدا بژی و خزمەتکاری هەبێت، هەندێ کاری لەکۆڵ بکاتەوە، ئەسپێکیشی هەبێت بۆ جیهاد کردن و کەل و پەلیشی هەبێت لە ناو ماڵدا، لەگەڵ ئەمانەشدا قەرزار بوو، هەرچی قەرزی لە لایە بۆی ببژێرن.[1]

لەم هەواڵەدا ئەمیری باوەڕداران عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله فەرمان دەدات بە بژاردنی قەرزی ئەو کەسانەی، کەخانوو دارو وڵاخ دارو خزمەتکاریان هەیە، لە ماڵیشدا لە هیچیان کەم نی یە، ئەمەش دیمەنێکی مەزنە لە بەزەیی و سۆز و دڵنەوایی حاکمی موسڵمانان و گرنگی دانی بەکاروباری گەلەکەی، پێشەوا داد پەروەرەکانیش هەربەو جۆرە دەکەن و سامان ئاوا خەرج دەکەن، بە جۆرێ هەژاران دەوڵەمەند دەکەن و ناڕەحەتی ژیانی لەسەر ئاسان دەکەن، دیلی موسڵمانان ئازاد دەکەن و دەستگرۆیی نەدارەکانیشیان دەکەن و ناتەواوی یەکانیان تەواو دەکەن.[2]

١١ــ عمر ودیلە نابینایەکەی لای ڕۆم:

عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله نوێنەرێکی نارد بۆ لای گەورەی ڕۆم، لەوێ بە ناو سەربازگەکەیاندا دەگەڕا، چاوی بەم لاو بەم دەگێڕا، دای بەلای پیاوێکدا دەبینێ بەدەم گەنم دەهاڕینەوە قورئان دەخوێنێت، کابرا ڕۆیشت بۆ لای و سەلامی لێ کرد، بەڵام ئەو وەڵامی نەدایەوە و دوبارە سەلامی لێ کرد، بەڵام ئەو وەڵامی نەدایەوە دوبارەو سێ بارە سڵاوی لێ کردەوە، ئەویش لە وەڵامدا ووتی: جا سەلام و ئاشتی لەم وڵاتەدا هەیە؟ پاشان ئەویش پێ ی ووت: کەمن نوێنەری عمری کوڕی

١ــ سیرة عمر بن عبدالعزیز (لابن عبدالحکم) لا(١٦٢ــ١٦٤).
٢ــ التأریخ الإسلامی (١٥،٧٧)

عبدالعزیزم بۆ لای سەرکردەی ڕۆم، پێم نالێییت مەسەلەی تۆ چۆنە؟ کابراش ووتی: من لە فلان جێگەدا دیل کرام و هێنامیان بۆ لای گەورەی ڕۆمەکان ئەویش داوای لێکردم ببم بەگاور، منیش بەگوێم نەکرد، ئەویش هەڕەشەی لێ کردم و ووتی: ئەگەر نەبیت بە گاور هەردوو چاوت هەڵدەکۆڵم، بەڵام من دینەکەم لەلا خۆشەویست تربوو لە چاوەکانم و ئەویش ئاوای لێ کردم، کە دەمبینی هەموو ڕۆژێ هەندێ گەنمم بۆ دەنێرێت و خۆم دەی هاڕم و دەیکەم بەنان و دەیخۆم.

نوێنەری عمر گەڕایەوە بۆ پایتەختی خەلافەت هەواڵی پیاوە نابینایەکەی بۆ گێڕایەوە بینیم فرمێسك لە چاوەکانی ئەمیری باوەڕداران بەخوڕ دەهاتە خوارەوە، پاشان فەرمانی دەرکردو نامەیەکیان بۆ نوسیی و تیایدا بەگەورەی ڕۆمەکانی ووت: هەواڵی فلانم پێ گەیشتووە وەسفی تەواوی بۆ کرد، من سوێند بە خوای گەورە دەخۆم، کە ئەگەر بۆم نەنێریتەوە سوپایەکت بۆ دەنێرم، کە سەرەتاکەی لای تۆ بێت کۆتایەکەی لای من بێت، نوێنەرەکە گەڕایەوە بۆ ناو سوپای ڕۆمەکان و سەرکردەکەیان بە سەر سوڕمانەوە ووتی: چی بوو خێرا گەڕاییتەوە؟! ئەویش نامەکەی عمری کوڕی عبدالعزیز ی دایە دەستی، کاتێ خوێندیەوە ووتی: چۆن دەیەڵێن، ئەو پیاوە صالحە هەستێ بەوکارە، بەڵکو ئەو دیلەی بۆ دەنێرینەوە، دەڵێ: لەوێ چەند ڕۆژێك مامەوە چاوەڕوانی دیلەکەم دەکرد، کەی بمدەنێ و بیبەمەوە، بۆ ئەو مەبەستە چوومە لای سەرکردەکە دەبینم لەسەر کورسی دابەزیوەتە سەر زەویەکە و زۆر بێ تاقەتەو بەناو چەوایدا غەمباری دیاربوو، ڕووی تێکردم و ووتی: دەزانیت بۆچی وام بەخۆم کردوە؟ ووتم: نەخێر شتەکە لەلام زۆر سەیربوو ، ووتی: هەواڵم پێ گەیشتووە، کە پیاوە صالحەکە لە دنیا دەرچووە- مە بەستی عمری کوڕی عبدالعزیز بوو بەو هۆیەوە ئاوام بەسەر خۆم هێناوە، پاشان ووتی: هەرکاتێ پیاوچاك و صالح لەناو هۆزێکدا بێت، کە خراپ بن، ئەوە خوای گەورە نایەڵێ زۆر بمێنێتەوە لە ناویاندا، دەیگەڕێنتەوە بۆ لای خۆی، دەڵێ: منیش ووتم: دەی ڕێگام بدە بڕۆمەوە بێ هیوابوو لەوەی دیلەکەی پێ بداتەوە،

سەرکردەکەش ووتی: ئێمە فەرمانەکەی جێ بەجێ ناکەین لە ژیاندا و لە پاش مردنی بیشکێنین، نابیناکەی لەگەڵ نوێنەرەکەدا ناردەوە.[١]

١٢ــ خانمێکی عێراقی:

لە عێراقەوە ئافرەتێك کەوتە ڕێ بەرەو لای عمری کوڕی عبدالعزیز، کاتێ گەیشتە بەر دەرگای ماڵەویان و پرسیاری کرد: ئایا ئەمیری باوەڕداران دەرگاوانی هەیە؟ ووتیان: نەخێر، ووتی: ئەمەم پێخۆشە، پاش ڕێ پێدان ڕۆیشتە ژوورەوەو دەبینێ (فاطمة) دانیشتووەو خەریکی شیکردنەوەی لۆکەیەکەیە، سڵاوی لێ کردو (فاطمە)یش وەڵامی دایەوەو پێ ی ووت: فەرموو وەرە ژورەوە، کاتێ چووە ماڵەوە دانیشت و چاوێکی گێڕا بە ماڵەکەدا و هیچ شتێکی وای نەکەوتە بەر چاو، کە نرخێکی وای هەبێت، هاواری کرد: من هاتووم بۆ ئەوەی ماڵەکەم ئاوەدان بکەمەوە لەم ماڵە وێرانەیە؟! (فاطمة) ش لەوەڵامدا پێ ی ووت: ئەم ماڵە وێران بووە، تا ماڵی کەسانی وەك تۆ ئاوەدان ببێتەوە، لەو کاتەدا عمر رحمه الله هاتەوە بۆ ماڵ و ڕۆیشت بۆ لای بیرەکەیان و دەوڵچەك ئاوی دەرهێناو ئاوڕشێنی حەوشە خۆڵەکەیانی پێ کردو هەر سەیری(فاطمة)ی دەکرد، ژنە میوانەکەش نەیزانی ئەوە ئەمیری باوەڕدارانە—بۆیە بە فاطمەی ووت: خێرت داپۆشە لەبەر چاوی ئەم کابرا ئاوڕشێن کەرە، چونکە دەبینم زۆر سەرت دەکات! فاطمەش ووتی: ئەوە ئاوڕشێن کەر نییە، ئەوە ئەمیری باوەڕدارانە.

دەڵێ: پاشان عمر سەلامی لێ کردن و ڕۆیشتە ژورەکەی خۆی، بەرەو شوێنی نوێژخوێندنەکەی ڕۆیشت و دەستی کرد بە نوێژکردن، پاشان دەربارەی ئەو ژنە پرسیاری کرد، فاطمەیش ووتی: ئەمەیە خۆیەتی، عمر رحمه الله ڕۆیشت هەندێ ترێ ی هێناو چەند بۆڵێکی جوانی هەڵبژارد و خستی یە بەدر دەستی ژنەکە ڕوی تێ کرد ووتی: چی پێویستی یەکەت هەیە بیڵێ؟

١ــ سيرة عمربن عبدالعزيز لابن عبدالحكم. لا ١٦٨.

ژنەکەش ووتی: ئافرەتێکم لە عێراقەوە هاتووم، پێنج کچ هەیە هەموویان (كُسُلٌ كُسُدٌ) واتە: بێ دەرامەت بێ ئابوری ـــ و هاتووم بۆ وڵات تا بە چاوی بەزەییەوە لایەکیان لێ بکەیتەوە، عمریش بەم گریانەوە ووتی: (کسل کسد) پاشان قەڵەم و مەرکەبەکەی هێناو نامەیەکی نووسی بۆ والی عێراق، بەژنەکەی ووت: ناوی کچە گەورەکەیان چی یە؟ پاشان موچەی بۆ دیاری کرد، خانمەکەش سوپاسی خوای لەسەر کرد، پاشان ناوی سێ یەم و چوارەم و پێنجەم پرسیاری کرد و خانمەکەش هەر سوپاسی خوای دەکرد، موچەی بۆ ئەوانیش دیاری کرد و کاتێ موچەی هەموویانی دیاری کرد لە خۆشیاندا تێك چووبوو هەر دوعای خێر پاداشتی لە خوای گەورە بۆ دەکرد.

پاشان عمر رحمه الله دەستی بەرزکردەوەو ووتی: هەتا تۆ سوپاس گوزاربوویت ئێمەش هەر مووچەمان بۆ کچەکانت دیاری دەکرد، دەی تۆش بەو چوار کچەت بڵێ: بەشی خوشکی پێنجەمیان بدەن، خانمەکەش نامەکەی هێنایەوە بۆ عێراق و دایە دەستی والی عێراق، کاتێ نامەکەی دایە دەستی والی، والی دەستی کرد بە گریانێکی بە کوڵ ووتی: ڕەحمەتی خوا لە نوسەری ئەم نامەیە، ژنەکەش ووتی: بۆ مردووە؟ ووتی: بەڵێ، ئیتر ئەو ژنە هاوارو سەدای گریانی لێ بەرز بوویەوە ویستی بڕواتەوە، والیش پێ ی ووت: مەڕۆ هەرگیز نامەی عمر ڕەت ناکەمەوە، هەرچی تێیدا نووسیبوویەوە دیاری کرد بۆ ئەو ژنە و کچەکانی.[1]

١٣ــ زیندوکردنەوەی سوننەتی (مووچە پێدان) (العطاء)

عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله دەڵێت: دروست نی یە مووچەی مردووەکانتان وەربگرن، خێرا ئاگادارمان بکە لە مردنیان، هەر وەکو کۆرپەلەیەکیش ئاگادارمان بکەن، کە لە دایك دەبن تا مووچەیان بۆ دیاری بکەین.[2]

١ــ سیرة عمر إبن عبدالحكم لا ١٦٩.

٢ــ طبقات إبن سعد(٥/ ٣٤٦).

لە ڕیوایەتێکدا کە (إبن سعد) لە هەواڵی (أبی بکر بن حزم) وەری گرتووە دەڵێت: ئێمە لیستی بەندکراوەکانمان دەهێنا مووچەکانمان بۆ جیا دەکردنەوە لەسەر داواکاری عمری کوڕی عبدالعزیز، لە نامەیەکدا داوای لێ کردم، کە هەر کەسێ لێرە نی یە و شوێنکەی نزیکە ئەوە مووچەی لە لیستەکەیدا دیاری بکە، هەرکەسیش کەس نازانێت چی لێهاتووەو بۆ کوێ ڕۆیشتوە موچەکەی بوەستێنن تا دێتەوە، یان پرسەی بۆ دادەنرێت، یان وەکیلێکت بۆ دیاری بکات و بەڵگەی پێ بێت لەسەر سامانی خاوەنەکەی و مووچەکانی بدە بە وەکیلەکەی.[١]

بەم شێوەیە عمری کوڕی عبدالعزیز سوننەتی مووچەی ساڵانەی زیندوو کردەوە، کە لە سەردەمی خەلیفە ڕشیدینەکان و موعاویەدا کاری پێ کراوە و خەلیفەکانی دوای ئەوان پشت گوێیان خستووە، مووچە تایبەت کردا بە هەندێ ناوداری ناو ئومەتی ئیسلامە یەوە، (بەنی ئومەیەکان) زۆربەی مووچەکان ئەوان دەیانبرد، بەڵام لە سەردەمی عمری کوڕی عبدالعزیزدا مووچە گشتی کردایەوەو هەموو تاکەکانی کۆمەڵگەی گرتەوە.

ئەمەش دیارترین هەڵوێست و چاکسازیە نوێ خوازیەکانی عمربووە رحمه الله.

١٤ـ سواڵکەرانی لە سواڵکردن ڕزگارکردووە:

هەندێ‌لە دانیشتوانی مەدینە هاتن بۆ لای عمری کوڕی عبدالعزیز و ئەویش هەواڵی خەڵکی شاری مەدینەی لێ دەپرسین و، دەیوت: ئەو هەژارانە چیان بەسەر هات، کە لە فلان جێگادا دادەنیشتن بۆ سواڵ کردن؟ ووتیان: ئەی ئەمیری باوەڕداران وازیان هێنا لەو کارە، عمر پرسی: ئەی ئەو هەژارانە ماون، کە لە فلان و فلان جێگادا دەنیشتن؟ ووتیان: وازیان هێنا ئەی ئەمیری باوەڕداران خوای گەورە دەوڵەمەندی کردن، عمر ووتی: هەندێ لەوانە گیاو گژە ئالفی حوشتریان دەفرۆشت بە گەشتیاران، چیان بەسەر هاتووە؟ ناکەونە بەرچاوم لەم دوایانەدا؟ ووتیان: ووتویانە: قوربان خوای گەورە بە هۆی عمری کوڕی عبدالعزیزەوە دەوڵەمەندی

١ـ طبقات إبن سعد (٥/ ٢٤٨).

کردین و لەو کارەی خستین.[١]

ئەمەش بە هۆی ئەو بەرنامە پڕ لەداد پەروەریەوە بوو، کە عمری کوڕی عبدالعزیز پیادەی کردوە لە بواری دابەش کردنی سامانی موسڵمانانداً، بە جۆرێ، کە ڕێگری کرد لە بەر دەمی کەمینەیەکی کۆمەڵگەدا، کە بە ئارەزووی خۆیان مووچە وەربگرن و بڕژێنە و بپرژێنە خەرجی بکەم، وایان لێ هاتبوو مووچەی یەك کەسیان را بە دەکەس لە موسڵمانە ئاست نزمەکان ـ هەژاران ـ بەوجۆرە سامانی موسڵمانان جارێکی ترگەیشتەوە دەستی سەرجەم موسڵمانان، کە پێشتر شتی وانە بوو، بەو هۆیەوە زۆری موسڵمانە هەژارەکان وازیان هێنا لە ئیش و کارە قورس و گرانەکان بۆ پەیدا کردنی بژێوی ژیانیان بەرامبەر پارەیەکی کەم و بێ نرخ.[٢]

١٥ــ ژن هێنان بۆ گەنجە نەدارەکان:

عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله گرنگی دەدا بەو گەنجانەی، کە وەختی ژنهێنانیان هاتبوو، بەڵام لەبەر نەبوونی و دەستکورتی ژنیان نەدەهێناو ئەو مارەیی بۆ مسۆگەر دەکردن، أبوالعلاء دەڵێت: نامەی عمری کوڕی عبدالعزیز خوێنرایەوە لە مزگەوتی گەورەی کوفەداو خۆم گوێم لێ بوو، کە دەیووت: هەرکەسێ ئەمانەتێکی لەسەر شانەو توانای گەڕانەوەی نی یە با(بیت المال) ئەو ئەمانەتەی لەسەرشان لاببات و بۆی بدات، هەرکەسێکیش داوای ژنێکی کردوەو توانای مارەیەکەی نی یە دەبێت لەسامانی خوای گەورە،–بیت المال– بۆی بدەن.[٣]

ئەمەش بڕیارێکی زۆرگرنگە بۆچاکسازی کۆمەڵگە، چونکە پاکسازی چاکسازی و کۆمەڵگە لەسەر ئەوە وەستاوە، کە ڕۆڵەکانی ژن بهێنن و بەختیاری خێزان بەدەست بهێنن، لەوانەیە مارەیی زۆر و ئەرکەکانی تێچونی ژنهێنان وابکات لە گەنجە هەژارەکان نەتوانن ژن بهێنن، خۆ ئەگەر دەوڵەت ئەو ئەرکە لە ئەستۆ

١ــ الكتاب الجامع لسيرة عمر بن عبدالعزيز(١/ ١٥١).
٢ــ التأريخ الإسلامى(١٥/ ١٢٨).
٣ــ طبقات إبن سعد (٥/ ٢٧٤)

بگرێت ئەوە توانیویەتی کۆمەڵگە بە پاکی بهێڵێتەوە، لە گەندەڵی ڕەوشتی و تێکچوون بپارێزێت.[١]

١٦ـ چینەکانی کۆمەڵگە لە یەکتری نزیك بکاتەوە:

(یونس)ی کوڕی(بن أبی شبیب) دەڵێت: لە هەندێ بۆنەی وەك جەژنەکاندا عمری کوڕی عبدالعزیزم بینیوە، کە خەڵکانی ناودارو دەوڵەمەند دەهاتن بۆ پیرۆزبایی لێی تا وایان لێ دەهات لە دەوری مینبەرەکەی کۆ دەبونەوەو لە نێوان ئەو خەڵکە گشتی یەکەدا بۆ شایەك هەبوو، کاتێ عمرﷺ گەیشت و چووە سەر مینبەرەکەی، سڵاوی لە هەمووان کرد، ئەوەی بەدی کرد، کە بۆشایەك هەیە لە نێوان دەوڵەمەندو ناوداران نێوان خەڵکە گشتی یەکەدا، بۆیە بەدەست ئاماژەی کرد بۆخەڵکە گشتی یەکە، کە بفەرموون بێنە پێشەوە، ئەوەندە هاتنە پێشەوە، تالەگەڵ ناودارو خانەدانەکاندا تێکەڵ بوون.[٢]

پێشتر لەدوای سەردەمی ئەمیری باوەڕداران ـ موعاویەﷺ ـ ئەمیرو والی یەکان هەندێ لە خەڵکەکە ناودارو دەوڵەمەندەکانیان جیا کردبویەوە لە دانیشتن دا لە مووچەو بەخششەکانیشدا، ئیتر پاش ئەوە ئەم پەتایە لەناو ئوممەتی ئیسلامیدا بڵاوبوویەوە، تاوای لێ هاتبوو خەڵکە گشتی یەکە نەیاندەوێرا بڕۆنە خزمەت بەرپرس و کاربەدەستەکانەوە، وایان هەست دەکرد، کە ئەوان شایەنی دانیشتن نین لە ئاستی چینە بەرزەکاندا، کە پێیان دەووتن پیاو ماقوڵان(الأشراف).

تاوای لێهاتبوو بۆ نوێژی جموعەکانیش موسڵمانە ئاست نزمەکان نەیان دەوێرا بچنە ڕیزەکانی پێشەوە، کە لە ڕاستیدا هەق وابوو پێش بڕکێیان بکردایە لە ڕیزەکانی یەکەم، چونکە پاداشتی زۆرو مژدەی گەورەی لەسەرە.

بەڵام عمریکوڕی عبدالعزیزبوبەخەلیفەی موسڵمانان،گەورەترین هەوڵ و تەقەلای بۆئەوەبوو ئەوجیاوازیانە نەهێڵێت وچینەکانی کۆمەڵگە لەیەکتری نزیك بکاتەوە.

١ـ التأریخ الإسلامی(١٥/ ١٢٩).

٢ـ طبقات إبن سعد (٥/ ٢٧٨)

ئەمەش بەوەی، کە ناو شورەتی چینە نزمەکان بەرز بکاتەوەو هەست بە بوونی خۆیان بکەن، ورەیان بەرز بکاتەوە هەست بەلاوازی کردنیان تێدا نەبێت، بۆ ئەو مەبەستە لە مووچەدا وەك یەکی لێ کردنەوە، گومانیشی تێدا نی یە، کە پارەو سامان کاریگەری یەکی تایبەتی هەیە لە بەرزکردنەوەو دابەزاندنی شورەتی خەڵکیدا.

بەمەشدا بۆمان دەردەکەوێت، کە چەندێ هەزارانی خۆش ویستووەو ویستوویەتی لەدەوڵەمەندو ناودارەکانیان نزیك بکاتەوە، بەوەی کە ئامازەی کرد بۆیان تا نزیك ببنەوە لێ ی و تێکەڵی چینی پیاو ماقوڵان بن، تا ئەو بەینە گەورە نەمێنێ لە ناو موسڵمانەکاندا، کە بەپرس وکاربەدەستەکان بەزوڵم و ناڕەوا دروستیان کردبوو.[1]

ئای کە ئەمڕۆکە کۆمەڵگەکەمان پێویستی بەو پڕۆگرامە ئیسلامیە دروستەی عمر رحمه الله هەیە بۆ ئەوەی جارێکی تر چینایەتی لە ناو کۆمەڵگەدا هەڵبگرێتەوە، چونکەئەمرۆ قورئان حاکم نیەوشەرع پەیرەوناکرێت، بۆیەدەبینی حیزبەعەلمانی یەکانی سەر کورسی یەکانی حوکم لەهەموو وولاتەئیسلامی یەکانداهەستاون بەگەورەکردن وبەرزکردنەوەی ئەندامانی حیزبی حاکم وکەس وکاری کاربەدەست وحوکم ڕانان، تا وای لێهاتووە مووچەی فەرمانبەرێکی داماو لای وەزیرو گزیرەکان دەرێت بەڕۆژانەی منداڵە بەرپرسێك و هەموو ڕۆژێ مۆدیلێکی نوێ ی ئوتومبیل دەگۆڕن و هەژارنیش نازانن کامەیە کلاج و کامەیە ئیستۆپ!!![2]

١٧ـ عمر هەست بە بەرسیاریەتی دەکات بەرامبەر تاکەکانی کۆمەڵگە:

فاطمەی کچی عبدالملك دەڵێت: عمر رحمه الله هەرکاتێ لە دەوام تەواو ببوایەو لە ئیش و کارەکانی نەبوایەوەتەوە، ئەوە شەویشی دەدایە دەمی ڕۆژ تا کارەکانی تەواو دەکرد، بەڵام ڕۆژێکیان هاتەوە بۆ ماڵ دیاربوو کارەکانی تەواو کردبوو،

١ـ التأريخ الإسلامي(١٥/ ١٤٠).

٢ـ وتەی وەرگێڕ.

چونکە داوای کرد چراکەی بۆ داگیرسێنێنن، کە عایدی ـــ بیت المال ـــ نەبوو، پاشان دوو ڕکات نوێژی کرد، پاشان کەوت بە دەمدا و سەری خستبووە نێوان هەردوو دەستی و فرمێسکیش بەچاوەکانیدا دەهاتە خوارەوە، هەناسەی وای هەڵدەکێشا، کە خەریك بوو دڵی دەتەقی لە گەڵی دا گیانی دەردەچوو، تا ڕۆژئاوابویەوەو بەیانی یەکەشی بەڕۆژوو بوو، منیش لێ ی نزیك بوومەوە ووتم: ئەی ئەمیری باوەڕداران ئایا تۆ جاران ئاواو ئاواو نەبویت؟ ووتی: بەڵێ، بەلاّم تۆ خەریکی خۆت بەو واز لە من و کارەکانم بهێنە، منیش ووتم: دەمەوێت پەند وەربگرم، عمر ووتی: کەواتە پێت دەڵێم: من بووم بە ـــ خەلیفە ـــ ئەم ئومەتە گەورەیە هەر بەڕەش و سوریانەوە، پاشان بیرم کردەوە لە هەژارێکی بێ پارە خاوەن کولفەتێکی زۆر[1] هاوێنەی ئەوانە لە هەموو کون و قوژبنێکی ئەم وڵاتەدا، بۆم دەرکەوت، کە خوا دەربارەی هەموویان پرسیارم لێ دەکات، پێغەمبەری خوایش ﷺ شکاتم لێ دەکات، ترسام خوای (عزوجل) هیچ بیانویەکم لێ قبوڵ نەکات، بەرامبەری شکاتی پێغەمبەر هیچم پێ نەکرێت، دەی بەخوا فاطمە بە زەیەکی وام بە خۆمدا هاتەوە، کە چاوەکانم پڕبوون لە ئاو دڵم ئازاری پێگەیشت، تا زیاتر بیرم لێ دەکردەوە زیاتر دەترسام، دەی تا لەمە پەندو ئامۆژگاری وەربگرە، تۆش یان لاچۆ، وازم لێ بهێنە.[2]

ئای خوایە ئەوە عمر‌رحمه‌الله ئەوەندە دەترسێت لە لێپرسینەوەی خوایی دەربارەی تاکە تاکە کۆمەڵگەی ئیسلامی هەژارو نەدارو بێوەژن و پەککەوتە و داماوان، ئەترسێت کەسێ لەوانە هەبێت و ئەم پێیان نەزانێت و لە قیامەتدا لێپرسینەوەی لە گەڵدا بکرێت، هەروەك گریانی عمر‌رحمه‌الله بەڵگەیە لەسەر ترسانی لە خوای گەورە و سزایی ئاگری جەهەنم، وای لێ دێت، کە خۆی بەرزتر دەگرێت لەهەموو سورو زەردەکانی دونیانو دنیا پەرستی بەسەر دانایەت.[3]

١ـ کلفەت: منداڵ

٢ـ سیرة عمربن عبدالعزیز لابن عبدالحکم لا١٧٠.

٣ـ وتەی وەرگێڕ

١٨ــ هەڵوێستی بەرامبەر (أهل الذمة): كاتێ پیردەبن:

ئـاینی پـیرۆزی ئیـسلام ئـاینی دادپـەروەری و لێبـوردەیی و گرنگـی دانـە بـە لاوازەکان، ئیسلام خێرو خۆشیەکانی بۆشوێنکەوتوانی خۆی نی یە وبەس، بەڵکو بۆ هەموو ئەوکەسانەیە لەسەر زەویدا دەژین، ئیتر با لەسەر هەرئاین بیروباوەڕێك بن، عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله ئـەم بنـەما بـەرزو پیرۆزانـەی بـەکردەوە بەرجەسـتە کردبوو، ئەمـەش بـەجێ بـەجێ کردنـی فەرمانـەکانی شـەریعەتی ئیـسلامە، کـەوای بڕیار داوە هەرکەسێك لەوانەی لە ژێر سایەیدا دەژیـن، ئەگـەر دەسـەڵاتیان نـەبوو، خۆیـان بـژێنن و کەسـی تـریش نـەبوو بیانـژێنێت، ئـەوە لەسـەر (بیـت المـال)ی موسڵمانانە ژیانی مسۆگەر بکات.[١]

(إبن سعد) دەگێرتەوەو دەڵێت: عمری کوڕی بـەهرامی (عُیـراق) دەڵێـت: نامـەی عمری کوڕی عبـدالعزیزمان بـۆ خوێندرایـەوە، کـە دەیـوت: (بِسۡـمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ) لـە عبدالله عمر ـ ئەمیری باوەڕداران ـ بۆ عەدی کوڕی ئەرتـەئت و هـەموو موسـڵمانانی دەڤەرەکەی، سەلامتان لێ بێت، من سوپاسی ئەو خوایـەتان لـە سـەردەمەکەم، کـە هیچ خوایەك نی یە جگە لە ئەو، پاشان بە چاوی سۆزەوە بـۆ (أهـل الذمـة) بڕوانـەو نەرم و نیان بە لەگەڵیاندا، هەرکەسێك لەوان پیربوو کەسی نەبوو بیژێنێت، ئێوە لـە (بیت المال) بیژێنن، ئەگەر خزمی نزیکی هەبوو بەزۆر پێ ی بڵێن: کە بیژێنێت.[٢]

١٩ــ لەگەڵ گاورو جولەکەدا نان دەخوات:

عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله هەموو ڕۆژێك یەك درهەمی دەدا بـەخواردن و تێکـەڵی خواردنی موسڵمانی دەکردو لـە گەڵیانـدا نـانی دەخـوارد، سـەردانی (أهـل الذمـة)ی دەکردو خواردنی دەکڕی و لەگەڵ خۆی دەیبرد بۆیان و ئەوانیش خوردنیان لەنۆك و فاسـولیا و شـتی تـر ئامـادەکردو پێکـەوە لەگـەڵ عمـر دەیـانخوارد، ئەگـەر لێیـان وەرنەگرتایە ئەویش نانی نەدەخوارد لەگەڵیاندا.[٣]

١ــ فقه عمر بن عبدالعزیز(٢/ ٢٥٢)

٢ــ الطبقات الكبری(٥/ ٢٨٠)

٣ــ حلية الأولياء(٥/ ٢١٥، ٢١٦) فقه عمر (٢٥٦).

٢٠ــ گرنگی دانی بەشیعری دونیا نەویستی یەوە:

عمری کوڕی عبدالعزیزرحمه الله لەسەردەمی خۆیدا وەك خەلیفەکانی پێش خۆی بەگوێرە پارەی زۆری هەڵنەڕشتوە بۆ ئەو شاعیرانەی بۆ دەستکەوتی پارەو پول، مەدح و سەنای خەلیفەکانیان کردوە، بەڵکو ئەوەندە پارەی کەمی پێداون نرخی نەبووە لە لایان، بەڵام لە پاش ئەوەی زانیویانە، کە لەبەر ڕەزیلی، بەڵکو لە ترسی خواو لێپرسینەوەی ڕۆژی دوای نەیدەپرژاند بەسەریاندا.

بەڵام عمررحمه الله ئەو شاعیرانەی لە خۆی نزیك دەکردەوە، کە باسی زوهدو دونیا نەویستی ومردن و ڕۆژی قیامەتیان بەبیری خەڵکدا دەهێنایەوەو خەڵکیان بەرەو ڕەوشتی بەرزو ڕاستگۆی بانگ دەکرد.

لەناو ئەو شاعیرانە زیاتر (سابق البربری) خۆش دەویست، چونکە هەموو جارێ بە شیعرەکانی ئامۆژگاری عمری دەکردو عمریش زۆر کاری لێ دەکرد و دەستی دەکرد بە گریان، جارێکیان سابق هات بۆ لای عمر و ئەم شیعرەی بۆ دەخوێندەوە، کە بەم چەند دێڕە کۆتایی پێ هێنا:

فکم من صحیح بات للموت أمناً أتته المنیا بغتة بعدما هجــــح

فلم یستطع إذ جاءه الموت بغتة فراراً ولا منه بقوته إمتنــــــــع

فأصبح تبکیه النساء مقنعاً ولا یسمع الداعی وان صوته رفـع

وقرب من لحدٍ فصار مقلیـــــه وفارق ماقد کان بالأمس قد جمع

مەیمونی کوڕی مەهران کەڕاوی ڕوداوەکەیە دەڵێت: عمر ئەوەندە گریا، تالە لەهۆش خۆی چوو، ئێمەش هەستاین و ڕۆیشتینە دەرەوە.[١]

٢١ــ نێوان عمر و دوکەینی کوڕی ڕەجائی شاعیر

دوکەین خۆی بۆمان دەگێڕێتەوە و دەڵێت: کاتێ عمری کوڕی عبدالعزیزرحمه الله والی شاری مەدینە بوو بە شیعرەوە مەدح و سەنایەکم کردو ئەویش (١٥) ووشتری زۆر چاکی پێدام و منیش پێم ناخۆش بوو بیان فرۆشم و لە دەستم دەربچن، یان

١ـ الکتاب الجامع لسیرة عمر(٢/ ٦١٢)

بەرەڵایان بکەم، بۆیە کاروانێکی هۆزی ـ موزەرەـ م دەستکەوت دەگەڕانەوە پێم ووتن: منیش لەگەڵتان دێم ووتیان: ئەم شەو دەردەچین، منیش ووتم: ئاخر خواحافیزم لە عمری کوڕی عبدالعزیز نەکردووە، ئەوانیش ووتیان: شەوانەش خەڵك سەردانی دەکەن برۆ ماڵ ئاوای لێ بکە، منیش ڕۆیشتم ڕوخسەتم خواست، عمررحمه الله ڕێگای دام چوومە ژوورەوە دوو پیاوی لە لابوو، کە دەمناسین، خوافیزیم لێ کرد، ئەویش پێ ی ووتم: ئەی دوکین من خاوەنی دەرونێکم هەمیشە بۆ بەرزتر دەڕوانێت، ئەگەر ئاستم لەم کارەی ئێستا بەرزتر بوویەوە، ئەوا زیاتر پێ دەبەخشم، منیش پێ ووت: دەی لەسەر ئەوە شایەتت لێ دەگرم، عمر ووتی: خوا شایەت بێت لەسەر ئەو پەیمانە، ووتم: ئەی لەناو دروست کراوەکانیدا؟ ووتی: ئەم دوو پیاوە، منیش ڕاونیم بۆیان بە یەکەیانم ووت: تۆ کێیت وەك بلێ ی ئەتناسم ؟ ووتی: سالمی کوڕی عبدالله، ووتم: بەڕاستی شایەتەکەم پایە بەرزە، بەوی تریشم ووت: تۆ کێیت؟ ووتی: أبو یحی مولی الأمیر.[1]

بەڵێ ووشترەکانم بردەوەو خوای گەورە بەرکەتێتی وای تێ خستن بیابان نەی دەگرتن، تا جارێك گوێم لە جار چی یەك بوو هاواری کرد سولەیمانی کوڕی عبدالملك کۆچی دوای کردوە، منیش پرسیم ئەی کێ خراوەتە شوێنەکەی؟ وتیان عمری کوڕی عبدالعزیز، خێرا خۆم کۆکردەوە و چووم بۆ لای، لەڕێگاـ جریرـ ی شاعیرم بینی لەلای ئەو هاتبویەوە، پێم ووت: ئەی (ئەبو حەزرە) لە کوێ وە دێیت؟ ووتی: لەلای کەسێکەوە دێم، کە پارە دەدات بە هەژاران و دەیگێڕێتەوە لە شاعیران، چونکە ڕێبواریت لە دورەوە هاتویت شتێکی کەمت پێ دەدات، خۆم پێ گەیاند دەبینم لە حەوشەی ماڵەکەیدا خەڵکی چوار دەورەیان لێ گرتووە، هەرچیم کرد نەمتوانی خۆمی پێ بگەینم بۆیە هاوارم کرد لە دورەوە:

یاعمر الخیرات والمکـــارم   وعمر الدسائع[2] العظـــام

١ـ الشعر والشعراو لابن أبی قتبیه(٢/ ٦١١).

٢ـ دسائع: بەخشش.

إني امرء من قطنٍ بن دارم   أطلب ديناً من أخٍ مكارم
إذ تنجي والله غير نائمفـــي   ظلمة الليل وليل عاتـــم

لەوێدا ئەبو یحیی ووتی: ئەی ئەمیری باوەڕداران ئەم عەرەبە دەشتەکی یە من شایەتم ڕاست دەکات، عمریش ووتی: ئەیناسمەوە، دوکەین لێم نزیك بەرەوە، من هەر ئەو کەسەم، کە بۆم باس کردی و دەروونم هەرچی دەستکەوتبێت حەزی بەرزتر کردوە، وا ئێستا ئەو پەڕی دنیام دەست کەوت، بەڵام دەرونم بۆ بەرزتر دەڕوانێت، کە ڕۆژی دوای یە، بەڵام وەڵاهی دوکەین گیان هیچ پارەیەکم نەهێشتۆتەوەو هەمویم دابەش کردووە بەسەر خەڵکیدا تابت دەمێ، بەڵام دووهەزار درهەمم هەیە هی خۆمە لەگەڵتدا دەیکەم بەدوو کەرتەوە، فەرمانی دا هەزار درهەمیان بۆ هێنام، بەڵام وەڵاهی لەو هەزار درهەمەی عمر بەبەرەکەت دارتـرم نەدیوە لە ژیانمدا.[1]

کەواتە لە باس کردنی ژیانی کۆمەڵایەتی عمری کوڕی عبدالعزیز دا بەرنامەو پرۆگرامە نوێ خوازی یەکەیدا گۆڕانی کۆمەڵایەتیەکەمان بۆ دەردەکەوێت، کە گرنترینیان:

١ــ سەرمەشق:

بە جۆرێ، کە خۆی سەرکردە سەر مەشق و نمونەیەکی جوان و ناوازە لە زوهدو خۆ لە حەرام راستن و لێ پرسینەوەکردن لە گەڵ خۆیدا و لەگەڵ ماڵ و منداڵ و هۆزەکەشیدا، جێ بەجێ کردنی شەرع بەسەر خۆی و چوار دەورەکەیدا.

٢ــ پلەبەندی لە قۆناغەکاندا:

بەجۆرێ لە چاکسازی کۆمەڵگەکەیدا پلەبەندی بەکار دەهێنا، هەر پلەپلە و کەم کەم (بدعە)ی لە ناو بردو سوننەتەکانی زیندوو کردەوە.

١ــ الشعر والشعراء لابن أبي قتيبة(٢/ ٦١٢)

٣ـ خوێندنەوەی دەروونی مرۆڤەکان:

لەگەڵ خەڵکانی ژێر دەسەڵاتیدا شێوازی حیکمەت و ئامۆژگاری چاکەی گرتبووە، شێوازی هاندان، شێوازی ترساندنی بەکار هێناوە، سەرەتا شتێکی دنیایی دەدا بەکەسێك، بەڵام پاش ماوەیەك دەیبردەوە بەردەمی کێشانەی حەق و داد پەروەری و زوڵم هەڵگری.

٤ـ لەو پێویستیانەوە دەستی پێ دەکرد:

سەرەتا گەڕانەوەی نا هەقیەکان ـ ردالمظالم ـ ی لە هەموو کارەکان لە پێشتربوو لەلای، لەبەر ئەو مەبەستە سیاسەتێکی ڕون و ئاشکرای لەو بارەیەوە هەبوو، سەرەتا لە خۆیەوەو پاشان لە خانەوادەکەی و هۆزەکەی دەستی پێکرد، پاشان لابردنی والی یە ستەمکارەکان، دانانی کەسی چاك و بەتواناو ئەمین و زانا لە شوێنەکەیدا، لەپێناوی بەرپاکردنی دادپەروەری و جێبەجێ کردنی شەرعدا... هتد.

٥ـ ڕوانگەی ئاشکرا لە هەنگاوە چاکسازی یەکانیدا:

بەجۆرێ زاراوەی شورای هێنایەوە کایەوەو بەیعەتدان بە حاکم و مافی گەل لە هەڵبژاردنی بەرپرساندا، کاری کرد لەسەر دانانی کەسانی ئەمین بە والی لە هەرێمەکان، بڵاوکردنەوەی دادپەرەوەری لە هەموو وڵاتانی یەکگرتووی ئیسلامدا، زیندوکردنەوەی بنەمای فەرمان بەچاکەو دژایەتی کردنی بیروباوەڕە گەندەڵەکان.

پەرەی بەزانایان و خزمەتکردنی ئیسلام دەدا لە ڕوانگەی بانگەوازو زانست و فێربوون و خاوێن کردنەوەی دەرون ـ التزکیة ـ هتد... ئەمەو چەندان کاری تر لە بوارەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی، بەجۆرێك ڕوانگەیەکی نوێگەری ئاشکرای هەبووە، لە پاشتر لەم کتێبەدا زیاتر ڕونی دەکەینەوە.

٦ـ پابەندبوون بەقورئان و سوننەت و ڕێڕەوی چواریارەکەی پێغەمبەر ﷺ:

لە هەنگاوە چاکسازایەکانیدا ئەوەی دەخواست، کە موسڵمانان بەرەو ئەوسێ کانیاوە سازگارە بگێڕتەوە.

دووەم: هەڵوێستی لەگەڵ زانایاندا

هەرلەڕۆژانی (سلیمانی كوڕی عبدالملك) ەوە سەرەتای بەژداری كردنی زانایان لە بەڕێوەبردنی كاروباری دەوڵەت دەستی پێ كرد و، لەسەرچاوەی حوكمەوە نزیك بوونەوەو كاریگەریان لە سەر حاكمی وڵات هەبووە.

بەڵام هەركە سەردەمی عمری كوڕی عبدالعزیز هاتە پێشەوە ئیتر ڕۆڵی زانایان زیاتر و چالاكتر وگشتی تربوو، چۆن وانەبێت، كە گەورەترین پۆستی دەوڵەت لەلای عمرەو عمریش یەكێكە لە گەورە زانایان، وەك زانایەك دەوڵەتی بەڕێوە دەبرد، نەك وەك پاشایەك.

تا وای لێهات بازنەی بەژداری كردنی زانایان لە مەركەزی بڕیاردانەوە لە پایتەختدا بەجۆرێ فراوان بوو، كە عمرﷺ كۆمەڵێ لە زانا ناودارەكانی لە دەوری خۆی دانا تا پرس و ڕاو مشوەرەت پێ كردنیان كەڵك وەربگرێت، تاوایان لێ هات خۆیان بوونە تەنها سواری مەیدانەكە، تاوایان لە دەستوری وڵات كرد بەجۆرێ دابڕێژنەوە، كە بەتەواوەتی لەگەڵ شەریعەتی بەرزی ئیسلامدا بگونجێت، تا گەیشتنە ئاستێك هەموو پۆستەكانی وڵات لەوان خاڵی نەبوو.

كەواتە بەهەڵە دانەچوین، گەر بەدەوڵەتی عمری كوڕی عبدالعزیز بڵێین: دەوڵەتی زانایان(دولة العلماء)، كە ئەوەش نمونەیەكە و دەبێت دوەڵەتی ئیسلامی بەو شێوەیە بەردەوام دابمەزرێت، كە هەردوو دەسەڵاتی یاسا دانان و جێ بەجێ كردن بە جوانترین شێوە یەك بگرنەوە.[1]

لهەرچەندە ئەمڕۆ لایەنە ئیسلامیەكان لەزۆربەی وڵاتە ئیسلامی یەكاندا بوون بەدووبەشەوە دەربارەی زانایانی ئاینی.

كۆمەڵێكیان ڕۆڵی زانایان فەرامۆش كردوە لەسەرچاوەی حوكم و سەركردایەتی دووریان خستۆنەتەوەو بەتەنها بەكاری بەرنوێژیو تەلقین و نیكاحەوە خەریكیان كردوون.

١ـ أثر العلماء في الحياة السياسية. لا (١١٤).

لە هەمان کاتدا پۆستە بالا و کاریگەرەکان دراونەتە کۆمەڵێك گەنجی بێ ئەزموون و، کەم خوێندەوار، کە جگە لە مگالعەی هەندێ کتێب و نامیلە نەمێت - سەرچاوە گەورەکانیان نەخوێندۆتەوە لەلای کەس، ئیتر ئەو کۆمەڵە گەنجە، چونکە باتەواوەتی لەگەڵ زانست و زانیاری قوڵی شەرعدا نەشیاراون و تەقواو خواناسیان لەوئاستەد نی یە، کە بیانکات بە سەرقافڵە، ئیتر لەپێش هاتە ترسناکەکاندا نازانن چی بکەن و ئامادەن مێژووی دورو درێژی ئەو لایەنە بدات بەئاودا هەموو کارێکی شەرعی و هەندێ کات ناشەرعی ئەنجام بدات، تا لەپۆستە باڵاکەی بمێنێتەوەو ئەمەش پەتاکەو لەناو حیزبە عەلمانیەکاندا شتێکی ئاسایی یە، بەلام بەهیچ جۆرێك بۆ بانگەخوازو سەرکردە ئیسلامیەکان ڕەوا نیەو دەبێت زانایان بیبرێنە پێشەوە سود لە عیلم و زانست و زانیاری قوڵیان وەربگرێت.[1]

بەڵێ لە سەردەمی عمری کوڕی عبدالعزیزدا زانایان بە جۆرێ هاتنە پێشەوە، کە لە هیچ سەرەدەمێکی دەوڵەتی ئەمەویدا شتی بەدی نەدەکرا، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سور بونەی عمر ﷺ لەسەر نزیکردنەوەی زنایان و دروستکردنی وەزیرو ڕاوێژکار لێیان، هۆیەکی تریش ئەوەبوو، کە زاناکان بیانویان بەدەستەوە نەما، تا لە عمر و دەسەلاتەکەی دوور بکەونەوە، چونکە زانایان پێیان وابوو، کە بۆ پارێزگاری لە پلەو مەقامی بەرزی زاناو زانیاریەکەی دەبێت نەچێت بۆ لای سوڵتان و دەبێت بە پێچەوانەوە سوڵتان بێتە خزمەت زانایان و لەبەردەمیاندا چۆك دابدەن، دەی وا ئەمڕۆ ئاواتیان هاتۆتە دی و عمر، کە لوتکەی دەسەلاتە وا ئەمرۆ خۆی دەڕواتە خزمەتیان و داوای ئامۆژگاری و ڕاوێژی جوانیان لێ دەکات لەکاری بەڕێوەبردنی وڵاتدا، هەروەها ئەو زانایانەش، کە بۆ پارێزگاری لە موسڵمانی یەتی و ئاینەکەیان نەیان دەوێرا لە خەلیفەکان نزیك ببنەوە، دەی ئەمڕۆ ئەو ترسەیان نەما، بەڵکو بە بێچەوانەوە ئەوەی لەکۆڕو دانیشتنەکانی عمر نزیك دەبێتەوە، خواناسی و موسڵمانی یەتی یەکەی زیاتر دەبێت.

---

١ - وتەی وەرگێڕ.

لەبەر ئەم هۆیانە زاناكان بەرەو ڕووی عمر ڕۆیشتن و بۆیان ڕوون بوویەوە، كە لەسەریان واجبە هاوكاری عمر لە هەڵگرتنی هەندێ بەرپرسیارێتیدا، بۆیە كەس بیانووی نەما.[١]

وەك (إبن عساكر) دەڵێت: زاناكان دەیان ووت: نابێت دەست لەم پیاوە بەربدەن تا ئەوكاتەی كردەوەكانی پێچەوانەی ووتەكانی دەبێت.[٢]

هاوبەشی زانایان لە سەردەمی عمردا لەم ڕوانگەیانەوە بووە گرنگترینیان:

١ـ نزیكیان لە خەلیفەوە:

زاناكان لەسەردەمی عمری كوڕی عبدالعزیزوە لە عمر نزیك بوونەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەبوو، كە نەهێڵن لە پرۆگرامە چاكسازییەكەی خاوبێتەوە، بۆیە پشگیریان دەكرد لەهەموو هەنگاوێكی چاكسازیدا، هەر وەك كاریگەریان لەسەر عمر هەبوو لە دەركردنی هەندێ بڕیاری چاكسازیدا، یەكێ لەوانە ڕۆڵی زانای خوا ناس(عراك)ی كوڕی(مالك).[٣]

كوڕی مامەكەی دەگێڕێتەوە، كە ئەم (عراك)ە گەورەترین هاندەری عمر بوو، بۆ لێسەندنەوەی هەموو ئەوشتانەی بنی ئومەیە بەناهەق لەخەڵكیان سەندبوو، هەربەو هۆیەوەشەوە بووە(بنی أمیە) ڕقیان لێ هەڵگرتبوو، تەنانەت كاتێ یزیدی كوڕی عبدالملك چووە سەر حوكم دووری خستەوە بۆناوچەی (دەهلەك) كە جزیرەیەكی تەنگ و ترشەو (بنی أمیە) ڕقیان لە هەركەس بوایە دوریان دەخستەوە بۆ ئەوێ، عراكیش لە گەورەزانایانی(تابیعین) بوو، كە زۆر خواناس و زاهید بووە، ئەو جزیرەیەش، كە دوور خرایەوە بۆی زۆر سودیان لێ وەرگرت، ئەم زانایە زۆر بەڕۆژوو دەبوو تەنانەت دەڵێن: هەمیشە بەڕۆژوو بووە، جگە لەڕۆژە قەدەغەكان.

١ـ أثر العلماء في الحياة السياسية. لا ١٩٦.

٢ـ مختصر تأريخ إبن عساكر لە كتێبی أپر العلماو، لا ١٩٧ وەرگیراوە.

٣ـ عراك: زانایەكی گەورەی شاری مەدینە بوو، كە لە غەفاریەكان بوو.

عمری کوڕی عبدالعزیز دەربارەی عـەراك دەڵێـت: کەسـم نـەبینیوە وەك عـەراك نوێژی زۆر بکات، لە ئاکامدا لەساڵی ١٠٤ی کۆچیدا لە جزیرە گیانی سپارد.[١]

مەیمونی کوڕی مەهران یەکێك بووە، لە زانا هەرە نزیکەکان لە عمرەوە و، عمری کوڕی مەیمونی کوڕی بۆمان دەگێڕێتەوە، لە باوکی یەکەوە، کـە دەڵێـت: ئەوەنـدە خـەمی گـەلمان دەخـوارد تـاوام لێ هـات بـەعمری کـوڕی عبـدالعزیزم ووت: ئـەرێ ئـەم(طـوامیر) لاپەڕەگەورانـە بۆچـی، کـە ئـەو هـەموو مرەکەبـەی تێـدا سـەرف دەکـەین؟! ئـەویش فـەرمانی دەرکـرد واز لـە ڕۆتینیـات بهێـنن، ئـیتر لـەوەو دوا نامەکانی لە بستێك تێپەڕی نەدەکرد.[٢]

ئەم زانایە نـاوی مـەیمونی کـوڕی مەهرانـە، (ذهـبی) دەربـارەی دەڵێـت: (الإمـام الحجة) زنای جەزیرەی عەرەب و موفتی یەتی.[٣]

عمری کوڕی عبدالعزیز دەربارەی دەڵێت: ئەگەر ئەم پیاوەو هاو وێنەکانی بمرن ئیتر نەزانان پێشەوایەتی خەڵك دەکەن.

ئەم زانایە بیست ساڵ لە عمری کوڕی عبدالعزیز گەورەترە[٤] ئـەو زانـا مەزنـە لـە زانایانی سەلەفی صالحەو پشگیری قورئان و سـوننەتی کـردوە، دژی بیدعـە بـووەو لەبارەیەوە دەڵێت: لەگەڵ قەدەریەکان دامەنیشن، هەرگیز جنێو بە پێغەمبەری خوا مەدەن، زانستی ئەستێرە ناسی فێرمەبن.[٥]

حەزی بەوەرگرتنی بەرپرسـیاریەتی نـەکردوە کاتـێ عمـر داوای لێ دەکـات بێتـە قازی، لە وەڵامدا بـۆی دەنوسێت: مـن پیـاوێکی بـە تەمـەن و نـەرمم، تـۆ داوات لێ کردووم کاری داد پەروەری لە ناو خەڵکدا بگرمە ئەستۆو کـاری خـەراجیش ئـەنجام بدەم لە ناوچەی جەزیرە، عمریش نامەی بۆ نووسی یەوە پـێ ی ووت: مـن شتێکم

١ــ سیر أعلام والنبلاء(٥/ ٦٤).

٢ــ سیر أعلام والنبلاء لا(٥/ ١٢٢) .

٣ــ هەمان سەرچاوەلا(٥/١٧).

٤ــ هەمان سەرچاوەلا(٥/ ٧٢).

٥ــ هەمان سەرچاوەلا(٥/ ٧٢).

نەداوە بەسەرتدا، کە نارحەت بێت لەسەرت، ماڵ و سامانی چاك لە خەڵکی وەربگرە، هەرچی یەکیش ئاسانە لە لات حوکمەکەی دەربکە، ئەگەر شتێکت لێ گیرا ئاڕاستەی منی بکە، خۆ خەڵکی ئەگەر شتێکیان لێ گیرا و وازیان لێ هێنا خۆ دین و دنیا نایەتە یەك.[١]

هەر لە وتەکانی مەیمونی کوڕی مەهران: مرۆڤ ناگاتە ئاستی تەقواو تا ئەوەندە لێ پرسینەوەی خۆی نەکات وەك چۆن شەریك لێپرسینەوە لەگەڵ شەریکەکەی خۆی دەکات، تا بەجوانی نەزانێت جل و بەرگ و خواردن و خواردنەوەت لە چ سەرچاوەیەکەوەیە.[٢]

یان دەڵێت: سێ شت لەگەڵ پیاو چاك و پیاو خراپدا وەك یەك ئەنجام دەدرێت:

١- سپاردەپارێزی.

٢- پەیمان بردنە سەر.

٣- سەردانی خزم.[٣]

یان دەڵێت: هەرکەسێ بە نهێنی گوناهێکی کرد تەوبەی لێ بکات، ئەگەر بە ئاشکرا گوناهێکی کرد بەئاشکرا تەوبەی لێ بکات، چونکە خەڵکی لێ ی خۆش نابن و لەکەداری دەکەن، بەڵام خوا لە خەڵکیش خۆش دەبێت و کەیسش لەکەدار ناکات.[٤]

جارێکیان پیاوێك بە مەیمونی کوڕی مەهران ووت: ئەی باوکی ئەیوب، خەڵکی بێ وەی لەسەر خێرو چاکەن، تاخوا تۆیان بۆ بهێڵێت، مەیمونیش لە وەڵامدا پێ ی ووت: برۆ بەدەم کارتەوە، خەڵکی بێ وەی و لەسەر خێرو چاکە دەبن، تا لە خوای خۆیان دەترسن.[٥]

جەعفەری کوری بورقان دەڵێت: مەیمونی کوڕی مەهران پێ ی ووتم: ئەی جەعفەر شتێکم پێ بڵێ با پێشم ناخۆش بێت، چونکە پیاو ئامۆژگاری چاکی

١- سیر أعلام والنبلاء لا(٥/٧٤).

٢- هەمان سەرچاوە.

٣- هەمان سەرچاوە.

٤- هەمان سەرچاوەلا(٥/٧٤).

٥- سیرأعلام النبلاء(٥/ ٧٥).

هاوڕێکەی نی یە تا ئەوشتانەی پێ نەڵێت، کە پێ ی ناخۆشە.[١]

(إبن المليح) دەڵێت: مەیمونی کوڕی مەهران دەیووت: هەر کاتێ چووی بۆ لای بەرپرسێك و نەیانهێشت بچیتە ژوورەوە، دەی خێرا خۆت بگەینە ماڵی پەروەردگار دوو ڕکات نوێژ بکەو داواکاریەکەت لەو بکە.[٢]

یان دەڵێت: مرۆڤ ناگاتە چلەپۆپەی خێر ـ بە پێغەمبەران و پیاوچاکانیشەوە ـ تەنها بە سەبرو ئارام گرتن نەبێت.[٣]

هەروەها دەڵێت: خۆت توشی سێ شت مەکە:

یەکەم: مەچۆ بۆلای سوڵتان و دەسەڵات داران، ئیتر بابڵێ ی: ئامۆژگاری دەکەم گوێ ڕایەڵی خوا بکات.

دووەم: گوێ مەگرە بۆ شتی پڕوپوچ و ئارەزوکاری، چونکە ئاگات لێ نیە کاردەکاتە سەر دڵت.

سێ یەم: بەتەنها لەگەڵ ئافرەتان مەنێنەوە، ئیتر بابڵێ ی قورئانی فێردەکەم.[٤]

٢ـ ئامۆژگاری عمریان کردووەو لێ پرسینەوەی قیامەتیان وەبیر هێناوەتەوە:

عمری کوڕی عبدالعزیز یەکێك لەو خەلیفانە بووە، کە لە ناوهەموو خەلیفەکانی (بنی أمیة) دا زۆرترین نامەی ئامۆژگاری ئاراستەکراوە لەلایەن زانا خواناس و ناودارەکانی (تابیعینە)وە، بەردەوام نامەگۆڕینەوە هەبووە لە نێوان خەلیفەو زاناکاندا.

ئیتر لەو نامانەدا هەرچی ئامۆژگاری کاریگەرو ئاڕاستەی دروست هەبوو پێشکەشی ئەمیری باوەڕدارانیان دەکرد، ئەویش بەو پەڕی سنگ فراوانی یەوە

١ـ سیرأعلام النبلاء(٥/ ٧٥).
٢ـ هەمان سەرچاوە.
٣ـ هەمان سەرچاوەلا(٥/ ٧٨)
٤ـ هەمان سەرچاوەلا(٥/٧٨)

وەریدەگرتن و کاریشی پێ دەکردن.

لەو زانایانە: سالم کوڕی عبداللەی کوڕی عمری کوڕی خطاب و محمدی کوڕی کعب القرضی أبوحزم و سلمەی کوڕی دینارو قاسمی کوڕی موخیمەرو حەسەنی بەصری و هتد...

ئەگەر بەوردی سەیری پرۆگرام و نەهجی عمر بکەین لە بەڕێوەبردنی وڵات و کارەچاکسازیەکانی داو سەیری ناوەڕۆکی ئەو نامانە بکەین، کە زاناکان پەیتا پەیتا بۆ عمریان ناردوە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کەئەوان کاریگەری گەورەیان هەبووە لەسەر بڕیارەکانی.

بابۆ نمونە هەندێ لەو نامانە بخەینە ڕوو:

١ــ نامەی محمدی کوڕی قەرەزی بۆی دەنوسێت دەڵێت: ئەی ئەمیری باوەڕداران، دەرگات بخەرە سەر پشت، کاری دەرگاوان ئاسان بکە، ستەم لێکراو سەربخە، ناهەقیەکان بگێڕەوە بۆ خاوەنیان، هەر لەسە ئەو شێوازەی محمد، قاسمی کوڕی موخەیرەیش بۆی دەنوسێت و دەڵێت: بیستومانە هەرکەسێ بوو بەفەرمانڕەواو بەرپرسی خەڵکی دەرگاوانی دانابوو نەیدەهێشت داماو ستەم لێکراوان بگەنە لای، ئەوا خوای گەورە لە قیامەتدا نایەڵێ ئەو کەسە بگاتە لای و باسی داماوی نەونەداری و ستەم لێکاراوی خۆی لەلا باس بکات، عمریش ووتی: دەی ئێستا چی دەڵێیت؟ ماوەیەك سەری داخست و پاشان ڕۆیشتە ناو خەڵککەوە.[1]

لە نامەیەکی حەسەنی بەسریدا هاتووە، کە بە عمری کوڕی عبدالعزیز دەڵێت: ئەی ئەمیری باوەڕداران، بۆ ئەو کەسانەی وەك خۆتن ببە بە برا، بۆ ئەوانەی لە خۆت بچوکترن ببە بەباوك، ئەوانەش لە خۆت گەورەترن ببە بەکوڕیان، هەرکەسەو بە ئەندازەی تاوانەکەی سزای بدەو بەپێ ی لاشەو لاری، لەبەر توڕەبوونی خۆت یەك قەمچی لەکەس نەدەیت، چونکە دەڕۆیتە ناو ئاگری دۆزەخ[2] عمریش رحمه الله خاڵ

١ــ سيرة عمر لابن الجوزي لا ١١٢.
٢ــ سيرة عمر لابن الجوزي لا ١٠٢.

بـەخاڵ ئـەم ئامۆژگـاری یـە ئاڵتونیانـەی جـێ بـەجێ دەکـردو داواشـی لـە کاربەدەستەکانی دەکرد، کەکاریان پێ بکەن.[١]

سالمی کوڕی عبدالله نامەی بۆدەنوسێت و پـێ ی دەڵێت: هـەرکار بەدەسێکت نارد بۆ عێراق زۆر بە توندی قەدەغەی ئـەوەی لێ بکـە، کـە بـەناڕەوا مـاڵی خـەڵکی داگیر بکات و خوێنیان حەڵاڵ بکات، ماڵ و سامان، وخـوێن ئـەی عمر، هـەرگیز لـە سزای سەختی دۆزەخ ڕزگارت نابێت، ئەگەر هەواڵت بۆ بێت کاربەدەستێکت ستەم دەکات، کەچی تۆش لای نەبەیت.[٢]

هەروەها سالم بۆی دەنوسێت و پێ ی دەڵێت: خەلیفە گەلێکی پێش تۆ ئەوەی کردیان کردیان، ئەوەی باطل و پڕوپوچ بوو زیندویان کردەوە سوننەتە بەو هۆیەوە دەرگای خۆش گوزەرانی یان لەسەرجەم خەڵکی داخست، ئـەوەی هـەق و سـوننەت بوو لەگۆڕیان نا، تا بەرەیەك هاتە پێشەوە لەسەر ئەوشتانە گەورەبوون، وایا زانـی دەرگای بەلاو نەهامەتیان بـۆ خـستنە سـەر پـشت، دەی تـۆ ــ ئـەی عمرــ ئەگـەر دەتوانی ــ بە کۆمەکی خوا ــ دەرگای خـۆش گـوزەرانی لەسـەر خـەڵکی بخـە سـەر پـشت، بیخـە، چـونکە دەرگایـەکی وا بکەیتـەوە، خـوای گـەورە دەرگـای بـەلاو نەهامـەتیت لەسـەردا دەخـات، ئـەوە وا لێ نـەکات لـەوەی کاربەدەسـتێکی خـراپ لابـەیت، کـە بلـێ ی ئەترسـم کەسـێکی وام دەسـت نەکـەوێت شـوێنی بیگرێتـەوە، چونکە تۆ ئەگەر لەبەرخوا خەڵکی دابنێیت و لەبەر خواشش لایان بەریت ئەوە خـوا خۆی کەسانێکی چاکت بۆ دەڕەخسێنێت، کە هاوکارت بن لەکارەکانتدا.

٣ــ بەپرسیارێتی و پۆستەکانیان لێ وەرگرت:

بەپێچەوانەی هەموو خەلیفەکانی تـرەوە، کـە زانـاو خواناسـەکان هـەوڵیان دەدا نەیەتە بەر چاویان و پۆستیان پێ نەدەن و هیچ بەرپرسیاریتیەکیان لێ وەردەگرتن، چونکە لوتکەی دەسەڵاتیان بەدڵ نەبوو، کە پشتگیریان بێت، لـەبواری جـێ بـەجێ کردنی هەق وداد پەروەریدا.

١ــ أثر العلماء لا ١٩٩.

٢ــ سيرة عمر لا ١٠٣

بەڵام لەسەردەمی عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله زاناکان و خوا ناسەکان هەر بە بەرنامەی پڕ لە ئامۆژگاری و ئاراستەی ڕاست و دروستەوە نەوەستان، بەڵکو هەستان بە چوونە ژێر باری بەبەرپرسیارێتی دەوڵەتەوە لەگەڵ عمردا، گرنترین ئەو پلەو پۆستانە: ئەمیری هەرێمەکان، بەرپرسی دارای ـ بیت المال ـ [1]

ئەگەر بە وردی چاوێك بخشێنین بەکار بەدەست و والی یەکانی عمردا، دەبینین زۆربەیان لە زاناو داناکان پێك هاتبوون، لەوانە ئەمیری دادپەروەرو پێشەوای متمانە بێکراو عبدالحمیدی کوڕی عبدالرحمنی زەیدی عمری کوڕی خطابی کرد بەوالی کوفە[2]

زانای بەتوانا أبو بکری بن عمر بن حزمی کردە والی شاری مەدینە[3]، زانای گەورە إسماعیلی کوڕی ئەبی موجاهیری کرد بەوالی ئەفریقیا، [4] پێشەوای قازی(عباد)ی کوڕی (نسی) لە ئەردەن[5] و پیاوچاك و متمانە (عروە)ی کوڕی عطیةالسعدی لە یەمەن[6] زاناو فقیە و فەرمودەناس عەدی کوڕی عەدی(الکندی)ی کرد بەوالی جزیرەی فرات و ئەرمینیاو ئازربایجان.[7]

بەرپرسیاریەتی(بیت المال)واتە: وەزیری دارایی دەوڵەتەکەی عمر رحمه الله کۆمەڵێك لە زانایانی بەڕێزو پایە بڵند گرتیانە ئەستۆ، لەوانە زانای بەڕێزو پایەبەرز (میمون)ی کوڕی(مهران) کردە بەپرسی خەراج لە جزیرە، پیاو چاکی متمانەدار(صالح)ی کوڕی(جبیرالصدائی) کردە بەپرسی خەراج، زانا(وهب)ی کوڕی (منبە) کردە بەرپرسی (بیت المال)ی یەمەن، (أبو زناد)و(عمری کوڕی میمون)ی کردە بەپرسی پۆستەوە بەرید.

١ـ أثر العلماء فی الحیاة السیاسیة لا ٢٠٠
٢ـ سیر أعلام النبلاء(٥/ ١٤٩)
٣ـ المعرفة والتأریخ(١/ ٦٤٥)
٤ـ سیر أعلام النبلاء(٥/ ٢١٣).
٥ـ هەمان سەرچاوە(٥/ ٣٢٣).
٦ـ تهذیب التهذیب(٦/ ١٨٦).
٧ـ مختصر تأریخ دمشق(١٦/٣٢).

گومانی تێدا نی یە ئەم بەژداریە چڕوپڕەی زاناو ناودارو پایەبەرزەكانی ئەو سەردەمە لە بەڕێوەبردنی كاروباری وڵات دا، هۆیەكی زۆر سەرەكی بوو لەوەی، كە عمری كوڕی عبدالعزیز لەماوەی دووساڵی خەلافەتیدا كۆمەڵێ كاری مەزن و پڕ لەدادی ئەنجام داو توانی كۆمەڵێكی زۆر لە سوننەتە فەرامۆشكراوەكانی لە ناو كۆمەڵگە جێگیر بكاتەوە، ئەو داهێنراو(بدعە)انەی چەندان ساڵ بوو جێگیر بوو بوون توانی لە ریشەیان دەربهێنێ و نەیانهێڵێت، كارگەلێكی چاكی وا بۆ ئیسلام بكات، كە چەندان خەلیفەی پێش خۆی لە (بنی أمیة) نەتوانن یەك لەسەر سەدی ئەو ئەنجامە ئەنجام بهێنن و دەی بەڕاستی هەقی خۆیەتی ئەونازناوە جوانەی دراوەتە پاڵ دەوڵەتەكەی عمری كوڕی عبدالعزیز ، كە ناوی دەلەتی زانایان ــ دولة العلماء ــ

سێ یەم: قوتابخانە زانستی یەكانی سەردەمی عمری كوڕی عبدالعزیز:

هەرلە سەردەمی عمری كوڕی خطاب رضي الله عنه گرنگی دانی ئەو پیاوە گەورەی ئیسلام بەبواری زانست و بڵاوبونەوەی خوێندن وخوێندەواری و گەورە زانایانی هاوەڵان لە شاری مەدینە توانیان بەرەیەكی ڕۆشەنبیری خوێندەواری پەروەردە بكەن، كە دواتر بەزانا پایە بەرزەكانی (تابیعین) ناسراون و ئەوانیش كۆمەڵێ قوتابخانەی زانستی یان پێك هێنا لە مەكەو مەدینە و بەسرەو كوفەو میسرو شام و ...هتد

زۆرێ لەو زانایانەی، كە لەو قوتابخانانەدا پێ گەیشتن بوونە بەردی بناغەی دەوڵەتەكەی عمری كوڕی عبدالعزیزو كۆمەك و پشگیری بوون لە پڕۆژە چاكسازی و نوێخوازیە مەزنەكەیدا، كە پڕاوپڕ لەسەر نەهج و پڕۆگرامی پێغەمبەری خواو خەلیفە ڕاشیدەكانی دوای خۆی بوو.

لەوقوتابخانانە:

١ــ قوتابخانەی شام:

ئەم قوتابخانەیە لە سەردەمی خەلیفەی دووەم عمری كوڕی خطاب دا دروست بوو، لە بەناو بانگترین دامەزرێنەرانی(معاذ)ی كوڕی(جبل)و (أبو درداء)و (عبادە)ی

کوڕی(صامت)ﷺ لە تابیعنیش کۆمەڵێك کەس ئالآیەکەیان لەو پیاوانە وەرگرت و دوای ئەوان درێژە پێدەری بوون لەبواری بانگەوازو زانستدا لەوانە:

١ـ (أبو إدريس الخولاني): قازی و زانای ناوداری دیمەشق، لە(أبی درداء)و (أبو هوريره)و (إبن عباس)وە فەرموودەی گێڕاوەتەوە.

یەزیدی کوڕی (عبیده) دەڵێت: لە سەردەمی (عبدالملك)ی کوڕی(مروان)دا (أبو إدرس)م بینی لە گۆشەیەکی مزگەوتی دیمەشق دا پاڵی دابوو بە کۆڵەکەیەکەوە خەڵکی هەموو هەڵقە هەڵقە قورئانیان دەخوێندو هەردەگەیشتنە ئایەتی(سوجدە) بردن دەیان ووت: دەبێت(أبو إدريس) بەدەنگە خۆشەکەی خۆی بۆمان بخوێنێت، هەر کە دەیخوێند هەموو ئەوانەی لە مزگەوتەکەی دابوون سوجدەی تیلاوەیان دەبرد، هەرکە لە قورئان خوێندنەکەیان دەبوونەوە (أبو إدريس) دەستی دەکرد بە فەرمودەو چیرۆك گێرانەوە بۆیان.[1]

یەزیدی کوڕی ئەبی مالك دەڵێت: دەورمان دەدا (أبو إدريس الخولاني) و فەرمودەی بۆ باس دەکردین، ڕۆژێکیان باسی یەکێ لە غەزاکانی پێغەمبەری خوای بۆکردین زۆر جوان باسی کرد، تا پیاوێك لە ناو کۆڕەکەدا بوو پرسی لێی: خۆت ئەو غەزایەت دیوە؟ ووتی: نەخێر، کابرا ووتی: من بەخۆم لەگەڵ پێغەمبەری خودا لەو جەنگەدا بەژداربووم، بەلآم تۆ لەمن باشتری لێ دەزانیت.[2]

(عبدالملكی کوڕی مروان)، (أبو إدريس) لە وانە وتنەوەو هەڵقەی مزگەوت لادەبات و دەیکات بەقازی موسڵمانان، بەلآم خۆی دەڵێت: لایان بردم لەوەی حەزم لێ ی بوو، کردمیان بە شتێك، کە پێم ناخۆشە،[3] لە ساڵی(٨٠)ی کۆچیدا وەفاتی کردوە.

١ـ سير أعلام النبلاء(٤/ ٢٧٤) .

٢ـ هەمان سەرچاوە(٤/ ٢٧٥).

٣ـ هەمان سەرچاوە.

ب ـ (قبیصه)ی کوڕی (ذؤیب الدمشقی):
له عمری کوڕی خطاب و عبدالرحمن کوڕی عەوف و کەسانی ترەوە فەرمودەی وەرگرتوە، (الشعبی) دەربارەی دەڵێت: له هەموو کەس زاناتربووە بەدادوەریەکانی (زیدی کوڕی ثابت) له ساڵی(٨٨)ی کۆچیدا وەفاتی کردوە.
ج ـ (رجاء)ی کوڕی (حیوة)ی الفلسطینی: لەساڵی(١١٢)ی ك گیانی سپاردووە.
د ـ مکحول الشامی له ساڵی(١١٢) گیانی سپاردوە.
هـ ـ عمری کوڕی عبدالعزیز له ساڵی(١٠٠)ی کۆچی گیانی سپاردوە.
وـ بلالی کوڕی سەعد (السکوتی) خەڵکی دیمەشق بووە وانەکانی زۆر کاریگەر بووە، له یەکێ له قسەکانیدا دەڵێت: ئەی ئەهلی تەقوا، ئەی له خوا ترسەکان، ئێوە بۆ ئەوە دروست نەکراون بڕزێن و نەمێنن، بەڵکو لەماڵێکەوە دەرچن بۆ ماڵێکی تر، هەروەك چۆن له پشتەوە گوێزراوەنەتەوە بۆ سکی دایك، له سکی دایکەوە بۆ دنیا، لەوێشەوە، یان بۆ بەهەشت، یان بۆ دۆەخ.[١]
یان دەڵێت: سەیری بچوکی گوناهەکەت مەکە، بەڵکو سەیری ئەو کەسە بکە سەرپێچی یەکە کردوە، له ساڵی ١١٤ی کۆچیدا وەفاتی کردوە.

٢ـ قوتابخانەی مەدینەی پڕ لەنوور:
کاتێ پێغەمبەری خوا ﷺ گەڕایەوە بۆ لای خوای باڵادەست، شاری مەدینە پایتەختی خەلافەتی ئیسلامی بوو، لەو شاردا عەقڵ و ژیری هاوەڵان کرایەوە بۆ تێگەیشتن له قورئان وسوننەت و دەرهێنانی حوکمی شەرعی لێیان.
له سەردەمی عمری کوڕی خطاب رضي الله عنه نزیکەی (١٢٠) هاوەڵی پێغەمبەر ﷺ له مەدینەدا بوون، کە فەتوایان دەدا، بەڵام حەوتیان له هەموویان زیاتر دەرکەوتبوون: عمر، عەلی، عبداللەی کوڕی مەسعود، عائیشە، زیدی کوڕی ثابت، عبداللەی کوڕی عباس، عبداللەی کوڕی عمر.[٢]
لەو زانیانە کۆمەڵێ لەتابیعین پەروەردەبوون،لەوانە: سەعیدی کوڕی مسیب و

١ـ سیر أعلام النبلاء(٥/ ٩١).
٢ـ هەمان سەرچاوە.

عروەی کوڕی زوبێر و عەمرەی کچی عبدالرحمن ألأنصارية، قاسمی کوڕی محمدی کوڕی أبوبکر الصديق، سلیمان کوڕی یسار و نافع و مەولای إبن عمر.[١]

٣ـ قوتابخانەی مەککی:

شاری مەککە بە هۆی ئەو ماڵە پیرۆزی خوای گەورەوە، کە ڕووگەی هەموو موسڵمانانە لە نوێژەکانیاندا ڕێزو حورمەتێکی تایبەتی هەیە لە دڵی موسڵماناناو موسڵمانان، کە دەڕواتە ئەو جێگەیە هەست دەکات یە خۆشی و حەوانەوەی مێشکی و سوکنایی بۆ دڵ و دەروونی دێت.

لە سەردەمی هاوەڵاندا مەککە ڕۆڵی وای نەمابوو لە لایەنی زانست و زانیاری یەوە، بەڵام لە سەردەمی (تابیعین) دا خۆری زانیاری و زانستی لێ هەڵات بە تایبەت بوونی زانایەکی بە تواناو تەرجومانی قورئان عبداللەی کوڕی عباس‌ﷺ لە شاری مەککە خۆی یەکلاکردەوە بۆ تەفسیری قورئان و لەوێشەوە کۆمەڵێ قوتابی چاک پێ گەیشتن و بوونە ئەستێرەی گەشی ئاسمانی وڵاتی ئیسلام لەوانە:

(مجاهد)ی (حبر المکی) کە ناودارترین قوتابی (إبن عباس)ە خۆی دەڵێت: سێ جار قورئانم لە خزمەتی إبن عباسدا ئەمدیو ئەم دیو کردەوە لەسەر هەموو ئایەتێك قسەمان کردوە و لێ ی تێ گەیشتوم لێم دەپرسی لە هۆی هاتنە خوارەوەی و چۆنی یەتی یەکتری.[٢]

مجاهد دەڵێت: عمری کوڕی عبدالعزیز‌رحمه الله لەسەرە مەرگدا پێ ی ووتم:ئەی مجاهد خەڵکی دەربارەی ئەم نەخۆشیەم چی‌دەڵێن؟دەڵێ: ووتم: دەڵێن: سیحری لێ کراوە،عمر ووتی:سیحرم لێ نەکراوە،پاشان بەندەیەکی خۆی بانگ کرد پێ ی ووت: بێ قەزابی یاخوا! بۆچی هەرژەهرت دەرخواردام؟ووتی:لەبەرامبەر ئازاد کردنم (١٠٠٠)و دیناردا، عمر پێ ی ووت: هەزارەکەم بدەرێ،ئەویش بۆی هێناو لێ وەرگرت و خستی یە(بیت المال)و پاشان بەبەندەکەی ووت:بڕۆ جێگایەك کەس نەتبینێت.[٣]

١ـ المدينة النبوية فجر الإسلام(٢/ ٤٥).

٢ـ سير أعلام النبلاء(٤/ ٤٥١).

٣ـ سير أعلام النبلاء(٤/ ٤٥١).

ئەم زانایە لەساڵی (١٠٢) کۆچیدا لە کاتی سوجدەدا گیانی سپاردوەو تەمەنی (٨٣)ساڵ بووە.[١]

٢- (عکرمە)ی مەولای (إبن عباس):

یەکێکە لە تابعین و خەڵکی مەککەیەو لە خزمەت (إبن عباس)و (عائشة) و (أبو هوريرة)و(إبن عمر)و (إبن عمرو) و (علی کوڕی أبو طالب)وانەی خوێندەوە[٢] (بخاری) دەڵێت: هەموو هاوەڵانمان ووتەی (عکرمە)یان بە بەڵگە هێناوەتەوە، خۆی دەگێڕێتەوە: دەڵێت: ماوەی(٤٠) ساڵ هەوڵی فێربوونی زانستم داوە و قوتابی بووم.

دەڵێ: (إبن عباس) لە ژوورەوە بوو من لە بەر دەرگا فەتوام دەدا بۆ موسڵمانان و إبن عباس پێ ی ووتم: فەتوا بدە من کۆمەکیت دەکەم، عکریمەیش ووتی: ئەو خەڵکە لە دەرەوە دوو ئەوەندەی تریش بن، ئەتوانم فەتوایان بۆ بدەم، (إبن عباسیش) پێ ی ووت: ئەوەی زەروریەتی فەتوای بۆ بدەو هەرکەس زەروری نی یە بە فەتوا، فەتوای بۆ مەدە بەو کارە، دوو لەسەر سێ ی ئەرکی فەتوات لە سەر شان دەکەوێت[٣]ساڵی(١٠٥)ی کۆچی وەفاتی کردوە.

ج - (عطاء)ی کوڕی (أبی رباح):

مفتی مەککەی پیرۆزو یەکێ لە زانا بەرزەکان بووە، إبن عباس دەربارەی دەفەرموێت: ئەی خەڵکی مەککە لە من کۆ دەبنەوە؟ کە (عطاء)یشتان لە ناو دایە، لە سەردەمی ئەمەویەکاندا جارچی جاری دەداو دەیوت: جگە لە عطاءی کوڕی رباح کەسی تر فەتوا نەدات، ئەمە لە مەوسیمی حەجدا، لە ساڵی(١١٥)ی کۆچیدا کۆچی دوای کردووە رحمه الله.

١- طبقات إبن سعد(٥/ ٤٧٥).
٢- سير أعلام النبلاء(٥/ ١٢).
٣- هەمان سەرچاوە(٥/ ١٥).

٤ـ قوتابخانەی بەسرە:

ئەم قوتابخانەیە عێراقی یەو لە هەموو زانست و هونەرەکاندا بەرامبەرکێ ی کوفیەکانی کردووە، کۆمەڵێ کی زۆر لە هاوەڵانی پێغەمبەر نیشتە جێ ی بوون لەوانە (أبو موسى الأشعري)و(عمیران) کوڕی (حصین)و(أنس)ی کوڕی (مالك) و کەسانی تر.

بەڵام (أنس)ی کوڕی (مالك) بە مامۆستای گەورەی زانایانی تابعین دادەنرێت لە شاری بەسرەدا وەك: (محمد)ی کوڕی(سرین)و (سليمان التميمي) و(ثابت البناني) و(ربيعە)ی کوڕی(عبدالرحمن)و (إبراهيم)ی کوڕی (أبي ميسرە)و(قتادە)و کەسانی تریش.[1]

بەناوبانگ ترینیان:

١ـ محمدی کوڕی سیرین البصري: ئەو زانایایەی، کە ناو بانگی دەرکردەوە بەوەی ئەنجامی خەونی لێکداوەتەوە(الذهبي) لە باوەریەوە دەڵێت: کۆمەکی خوای لەگەڵدا بووە لەو بوارەدا.[2]

خاوەنی خواناسی و بەندایەتی یەکی زۆر بووە، تەنانەت لە هەموو ژیانیدا ڕۆژێ ناڕۆژێك بەڕۆژوو بووە.[3]

ئەم زانایە زۆر ڕێزی دایکی گرتووە لە حزوریدا ئەوندە لە سەرخۆ قسەی کردووە، ئەگەر کەسێك لە دەرەوە بیدیبایە دەیووت: نەخۆشە[4]، ئەگەر جل و بەرگی بۆ بکردایە نەرم ترینی بۆ هەڵدەبژاردو بۆی دەکڕی و لە ساڵی (١١٠)ی کۆچیدا گیانی سپارد بە خوای خۆی رحمه الله.

١ـ تفسير التابعين(١/ ٤٢٣٩).
٢ـ سير أعلام النبلاء(٤/ ٢٧٧).
٣ـ هەمان سەرچاوەو(٤/ ٦١٥).
٤ـ سير أعلام النبلاء لا(٤/ ٦٢٠).

٢ـ (قتادە)ی کوڕی (عامە) السدوسی: بەڕاستی خەزێنەی زانست بووە، (أحمدی کوڕی حنبل) دەربارەی دەڵێت: زانابووە بە تەفسیرو جیاوازی بۆچونەکانی زانایان و لە ناو هەموو بەسرەدا کەسی نەبو وەك ئەو زوو شت لەبەر بکات، گوێ ی لە هەر شتێك بووبێت وەك لەخۆی بەری کردووە.[١]

(سەلامی کوڕی مطیع) دەڵێت: لە ماوەی حەوت ڕۆژدا قورئانی خەتم دەکرد، لە ڕەمەزاندا لەماوەی سێ ڕۆژدا خەتمی دەکرد.[٢]

ماوەی (١٢) ساڵ لە خزمەتی (حسن البصری) دابووەوو ماوەی (٣) ساڵ نوێژی یانیان پێکەوە کردەوە، لە ساڵی (١١٨)ی کۆچیدا گیانی پاکی سپاردوە رحمه الله

٥ـ قوتابخانەی کوفی یەکان:

نزیکەی (٢٠٠) هاوەڵی پێغەمبەری خوا ﷺ لەوێ نیشتەجێ بوون و(٧٠)یان لە بەژدارانی غەزای بەدربوون، عمری کوڕی خطاب رضي الله عنه گرنگی تایبەتی بە شاری کوفە داوەو بۆ ئەو مەبەستە(عبدالله)ی کوڕی (مسعود)ی بۆ ناردوون، ئەویش دەستی کردەوە بە بانگەواز و بڵاوکردنەوەی زانستی قورئان و سوننەتەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ کۆمەڵێ زانای چاك لە سەر دەستی هاتنە کایەوەلەوانە:

١ـ (عامر)ی کوڕی (شراحبیل الشعبی): زانای پایە بڵندی سەردەمی خۆی بوو، دەڵێن: (٥٠٠) کەسی لە هاوەڵان بینیوەو سودی زانستی لێوەرگرتون، محمدی کوڕی سیرین دەڵێت: عامرم بینی لە کوفەدا فەتوای دەدا، لە کاتێکدا ژمارەی هاوەڵان لە کوفەدا زۆر زۆر بوون، لەگەڵ ئەو هەموو زانیاریەیدا زۆر جار پرسیاری شەرعیان لێ بکردایە دەیووت: (نازانم) نازانمیش نیوەی زانستە.[٣]

لەگەڵ ئەو پایە بەرزی و زانایدا کەچی (الشعبی) هەر دەیووت: ئێمە کەی زانایین، بەڵکو ئێمە فەرمودەمان بیستووە، پاشان گێڕاومانەتەوە بۆ خەڵکی، بەڵکو زانای

١ـ سیر أعلام النبلاء(٤/ ٢٧٧) .
٢ـ هەمان سەرچاوەلا (٤/ ٢٧٦).
٣ـ الفتوی د. صلاح لا ٨٣.

تێگەیشتوو ئەو زانایەن، کە شتێکیان زانی کاری پێ دەکەن، دەڵێن: لە ساڵی(١٠٥) یان(١٠٦)ی کۆچیان گیانی پاکی بە خوای خۆی سپاردوە.

٢ـ (حماد)ی کوڕی (أبی سلمة): ناسراوە بە (فقیه العراق) و زیرەك ترین قوتابی حماد لە کوفەدا (ئەبو حەنیفە)بوو، لە ساڵی (١٢٠)ی کۆچیدا وەفاتی کردەوەرَحِمَهُ اللهُ

٦ـ قەتابخانەی یەمەنی یەکان:

پێشەوایانی ئەم قوتابخانەیە سێ هاوەڵی بەرزی پێغەمبەری خوا ﷺ بووە:

یەکەمیان: (معاذ)ی کوڕی(جبل).

دووەمیان: (علی) کوڕی(أبی طالب).

سێ یەمیان: (أبو موسى الأشعری).

لە بەناوبانگترین قوتابیەکانی ئەوانیش کۆمەڵێ زانای پایە بڵندو مەقامی وەك:

(طاوس)ی کوڕی (کیسان) سەر مەشق و فەقیهی یەمەنی یەکان بوو، لە نەوەی ئەو فارسانە بوو، کە کیسری ناردنی بۆ ئەوەی یەمەن بخەنە ژێر دەستی یەوە، بەڵام وا ڕۆڵەیەکی پڕ لە فەڕ و بەرکەتیان لێ دەکەوێتەوە، کە دەبێتە خێرو بێر، بۆ هەموو موسڵمانان و یەمەن بە تایەتی.

سوفیانی سەوری لە ناوهەموو قوتابیانی (إبن عباس)دا کەسی بە(طاوس) نەگۆڕی یەوە، خاوەنی نەفسێکی زۆر بەرز بووە، داوای هیچی لەکەس نەکردووە، عمری کوڕی عبدالعزیز پێ ی دەڵێت: داوای پێویستی یەکت لە سلیمان بکە بابتداتێ، ئەویش دەڵێت: پێویستم پێ ی نی یە، عمریش زۆر سەرسام بوو بەوەڵامەکەی.[1] لە ساڵی (١٠٦)ی کۆچیدا لە مەککە وەفاتی کردوەرَحِمَهُ اللهُ.

ب - (وهب)ی کوڕی(منبه):

نەوەی فارسەکانەو هاتووتە شاری (ذمار)ی نزیك (صنعاء) و کتێبی خوێندەوە،

١ـ سیر أعلام النبلاء(٥/ ٤١).

خۆی یەکلای کردۆتەوە بۆ خوا پەرستی و بەخشینی زانست و زانیاری و زوهدو دونیا نەویستی.[١]

هەوڵ و تێکۆشانی تایبەتی هەبووە لە سەرخستنی سوننەتدا و دژایەتی کردن و مێزگردی لەگەڵ خەواریجەکاندا کردوە دووەو توانیویەتی هەندێکیان بهێنێتەوە سەر ڕێگای ڕاست بە تایبەت حەروری یەکان لە ساڵی(١١٠)ی کۆچیدا گیانی سپارد رحمه الله و دەڵێن: لە زینداندا(یوسفی کوڕی عمر) والی کوفە شەهیدی کردوە لەسەر ئەوەی بەرامبەر زوڵم و زۆری دەوەستاوەو خەڵکی لێ هان دەدا، کە قبوڵی زوڵم و ناهەقی نەکەن.[٢]

٧ـ قوتابخانەی مسیری یەکان:

قوتابخانەی زانستی میسری هەرلەو سەردەمە دامەزرا، کە کۆمەڵێك لە هاوەڵان لەگەڵ سوپای ڕزگاری خوازی ئیسلامدا لە میسر نیشتەجێ بوون و زانست و زانیاری پێغەمبەری خویان گەیاندە ئەو ناوچەیە لەوانە: (عمرو)ی (عاص)و (عبداللە)ی کوڕی(عمرو)ی کوڕ(عاص) و (زبیر)ی کوڕی(عوام)، بەڵام لە هەموویان زیاتر(عقبە)ی کوڕی(عامر) کاریگەری هەبوو لەسەر ئەو دەڤەرە.[٣]

ناودارترین زانای میسریەکان لە سەردەمی تابعین دا:

(یزد)ی کوڕی(أبی حبیب)و مفتی وڵاتی مسیر، لەگەڵ ئەوەشدا، کە عەبدێکی ڕەش پێست بووە، بەڵام خوای گەورە بەهۆی زانست و زانیاریەوە بەرزی کردەوە، بو ئاستی زانا بەرزەکردەوەکارەکان و لە ساڵی(١٢٨)ی کۆچیدا گەڕایەوە بۆ لای پەروەردگار رحمه الله.

٨ـ قوتابخانەی باکوری ئەفریقیا:

سەرکردەکانی سوپای ڕزگاری خوازی ئیسلامی گەیشتە باکوری ئەفریقیاو لە سەرویانەوە سەرکردە(عمرو)ی کوڕی(عاص)، لە پاش ئەویش (عبداللە)ی

١ـ علماء الأمصار لا١٢٣.

٢ـ أثر العلماء فی الحیاة السیاسیة لا ٦٦٧.

٣ـ أثر العلماء فی الحیاة السیاسیة لا ٦٦٧.

کوڕی(سعد)ی کوڕی(أبی السرح)، لەپاش ئەویش(معاویە)ی کوڕی (حدیج) ئەفریقایی ڕزگار کرد(معاویە)ی کوڕی(أبو سفیان) بوو بە والی میسرو ئەفریقیا، دوای ئەویش (عقبە)ی کوڕی (نافع الفهری) هات، شاری قەیرەوانی دامەزراند، لە ناو خەلکیدا ناوی بە باش بڵاو بویەوەو بوو بە یەکێك لە باشترین بانگەوازکاران، ئەوانە بەردەوام جیهادیان دەکردو ئەوەندەی تر ئەو کیشوەرە ئەسمەرەیان بە نوری قورئان ڕوناك کردەوە.[1]

لە سەردەمی خەلیفە عمری کوڕی عبدالعزیزدا رحمه الله (إسماعیل)ی کوڕی (أبی المهاجر)ی کرد بەوالی ئەفریقیا لە ساڵی (١٠٠)ی کۆچیدا، ئیتر ئەو پیاوە بە ڕەوشتی بەرزو وتەی شیرن و کردەوەی جوان خەڵکی بۆ لای ئیسلام بانگ دەکرد، خەڵکەکە زۆریان خۆش دەویست، بەو بۆنەیەشەوە دینەکەیان خۆش دەویست، زۆر سور بوو لەسەر ئەوەی، کە بەر بەریەکان موسڵمان ببن، لە ئاکامدا هاتن بەدەم بانگەوازەکەیەوە، زۆر سوور بوو لە سەر ئەوەی قورئانیان فێر بکات و لە ئەحکامی شەریعەت شارەزای دەکردن.

عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله دەکەسی چاکی لە تابیعین هەڵبژاردا و لەگەڵ (إسماعیل)دا ناردنی و پێکەوە بوونە چرا بۆ ڕواناکردنەوەی ئەفریقیا بە نوری قورئانی پیرۆز.

چوارەم: عمر لە خزمەت سوننەتدایە:

لە سەرەتاوە پێغەمبەری خوا ﷺ نەیدەهێشت جگە لە قورئانی پیرۆز شتێکی تر بسرێتەوە، تەنانەت وتەکانی خۆیشی، چونکە لەوە دەترسان تێکەڵ بێت لەگەڵ قورئاندا، خەڵکی بەشتی ترەوە خەریك ببن و قورئان فەرامۆش بکەن، بەڵام پاشتر پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێگەی دا بە هاوەڵە خوێندەوارەکان، کە فەرموودەکانی بنوسنەوە، ئەوەش مانای ئەوەی دەگەیاند، کە دروستە.[2]

١ـ البیان المغرب للمراکشی(١/ ١٩)

٢ـ عمر بن عبدالعزیز عبد الستارالشیخ ل٧٤.

شتێکی چەسپاوە، کە زۆرێ لە هاوەڵان فەرمودەکانی پێغەمبەریانﷺ دەنووسیەوە بۆ خۆیان و ئەو کارەیان پێ دروست و ڕێگە پێدراو بوو، پاشتریش قوتابیەکانیان لە بەردەستی ئەواندا دەیان نوسیوەو ئامۆژگاری یەکتریان دەکرد بە نوسینەوەو لەبەرکردنی فەرمودە.

بەڵام بەشێوەیەکی فەرمی لەسەردەمی عبدالعزیزی کوڕی مەڕواندا ـ باوکی عمر ـ لە میسر نوسرایەوە، کە لەو کاتەدا ئەمیری ئەو وڵاتە بوو، بەڵام نووسینەوەیەکی چاك و بەر فراوانی وا، کە بەهەرمی بووبێت لە سەردەمی ئەمیری باوەڕداران عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله، ئەمەش لە ڕێگای ئاراستە جوانەکانی و ئامۆژگاری یە بە نرخەکانی بۆ ئەو کەسانەی بەو کارە هەڵدەستان هاتە دی، ڕووی کردە هەموو موسڵمانان، دەیووت: (قیدوالعلم بالشکر، قیدو العلم بالکتابة)[1] واتە: زانست و زانیاری ببەستنەوە بە سوپاس گوزاری خواوەو زانست و زانیاری ببەستنەوە بە نوسینەوەی.

بەڵام ئەمیری باوەڕداران هەر بەم ئامۆژگاری و ئاراستە گشتیانە نەوەستاوە، بەڵکو بە حوکمی ئەوەی، کە خەلیفەی موسڵمانانە، هەندێ فەرمانی ڕەسمی دەرکرد بۆ هەندێ لە پێشەواو مامۆستایانی ئەو سەردەمە، کە هەستن بەکۆکردنەوەی سوننەتەکانی پێغەمبەرﷺ هەموو فەرموودەکانی بنوسنەوە، چونکە عمریش رحمه الله سەیری دەکرد وا زانا بەڕێزەکانی ـ تابعین ـ کۆمەڵێك فەرموودەی زۆریان لە لایەو خۆ هەموو سەردەمێك دەماو دەم ناڕوات و لەبەر ناکرێت، بۆیە لە فەوتان و لەناوچونی ترسا، لە لایەکی ترەوە تا ببێتە سەرچاوەیەك لەبەر دەستی قوتابیانی دوای ئەواندا و لە کاتی پێویست دا بگەڕێتەوە بۆی.

هۆیەکی تریش، کە وای لە ئەمیری باوەڕداران و زاناکانی ئەو سەردەمە، کە هەستن بەو کارە گەورەو گرانە، ئەوەبوو فەرموودەی هەڵبەستراو درۆ بەدەم

١ـ عمر بن عبدالعزیز عبد الستارالشیخ لا(٧٥).

پێغەمبەری خواﷺ هاتەکایەوە، کە ئەمەش هەندێ هۆکاری جیاوازی بیروڕاو جیاوازی بۆچون ـ هەندێ لە نیمچە خوێندەوارەکان ئەو کارە حەرام و ترسناکەیان کرد بۆ بۆ مەبەستی پشتگیری لە بۆچون و لایەنەکانیان کۆمەڵێ فەرمودەیان هەڵبەست، کە ئەگەر هەوڵ و تێکۆشانی کۆمەڵێ زانای خوا پەرست نەبوایە، هەرگیز لە فەرمودە صحیحەکان جوانە دەکرانەوە.

ئەمە پێشەوا(الزهری) دەڵێت: ئەگەر لەبەر ئەوە نەبوایە لەڕۆژ هەڵاتەوە (عیراق و شام) کۆمەڵێ فەرموودەمان پێ دەگات، کە نەمان بیستوون و بەڕاستیشیان نازانین، هەرگیز فەرموودەم نەدەنوسیەوە، ڕێگاشم بەکەس نەداوە بە نوسینەوەی.

لە صەحیحی بوخاریدا هاتووە، کە عمری کوڕی عبدالعزیز نامەیەك دەنوسێت بۆ (أبو بکری)ی کوڕی (حزم) پێ ی دەڵێت: بڕوانە چی فەرموودەی پێغەمبەر هەیە، هەمووی بنوسنەوە، چونکە زۆر دەترسم لە لەناوچونی زانست و نەمانی زاناکان، هەر ووتەیەك ووتەی پێغەمبەرﷺ نە بوو وەری مەگرە، زانست بڵاوبکەنەوە، کۆڕو دانیشتنی زانستیان هەبێت تا ئەوانەی نازانن فێربن، زانستیش لە ناو ناچێت، تا ئەو کاتەی بە نهێنی دەمێنێتەوە.[١]

إبن سعدیش لە عبداللەی کوڕی دینارەوە دەگێڕنەوە، کە دەڵێت: عمری کوڕی عبدالعزیزرحمه الله نامەیەکی نووسی بوو، (أبو بکر)ی (محمد)ی کوڕی (عمرو)ی کوڕی (إبن حزم) پێ ی ووت: بڕوانەو بزانە چی فەرموودەی پێغەمبەری خوایەﷺ، یان سوننەتێکی موئەکەد، یان ئەو فەرموودانەی لە لای (عمرە)ی کچی عبدالرحمن هەمووی بنوسەرەوە، چونکە لەوە ترساوم، کە زانست لە ناو بچێت و زانایان نەمێنن.[٢]

٢ـ (إبن شهاب الزهری):

(إبن عبدالبر) دەگێڕتەوە لە (إبن شهاب الزهری)یەوە، کە وویەتی: عمری کوڕی عبدالعزیزرحمه الله فەرمانی دا بەسەرماندا بە کۆکردنەوەی سوننەت، ئێمەش دەفتەر

١ـ فتح الباری(١/ ١٩٤/ ١٩٥).

٢ـ الطبقات ـ أصول الدین لا(١٧٧ ـ ١٦٩٨).

دەفتەر هەموویمان نووسی یەوە، هەر دەفتەرێکی دەنارد بۆ یەکێ لە هەرێمەکانی ژێر دەسەلاتی خۆی.[١]

(أبو عبید) دەگێرتەوە، کە عمری کوڕی عبدالعزیز فەرمانی پێ کرد، کە شتێك لە سوننەتدا هەیە سەبارەت بە چۆنی یەتی خەرج کردنی زەکات بۆی بنووسێتەوە، (الزهری)یش داوا کاریەکەی جێ بەجێ کرد، بە دورو درێژی لەو بارەیەوەهەرچی هەبوو کۆی کردەوە بۆی لە کتێبێکی گەورەدا.[٢]

ئا لەم بارەیەوە، کە (إبن مجمر) دەڵێت: یەکەمین کەس لە ساڵی(١٠٠)ی کۆچیدا فەرموودەی نووسیەوە لەسەر فەرمانی عمری کوڕی عبدالعزیز، لە پاش ئەویش نووسین لەو بارەیەوە زۆر بوو، بوو بە خێرێکی گەورە بۆ ئوممەت،سوپاس بۆ خوا.[٣]

٣ـ بەڵکو(عمری کوڕی عبدالعزیز) هەموو ئەمیرەکانی، کە دەینـاردن بۆ مەدینە داوای لێدەکردن چی فەرمودەی پێغەمبەری خواﷺ هەیە کۆی بکەنەوە.

هەرکەسێکیش لەو بارەیەوە شتێکی لە لایە با بەشداری بکات، ئیتر با کەمێ فەرموودەیشی لەلا بێت، نامەیەکی نووسی بۆ هەموو دانیشتوانی شاری مەدینەو دەورو بەری و پێ ی ووتن: سەیر کەن چی فەرمودەی پێغەمبەری خوا ﷺ هەیە هەمووی کۆبکەنەوەو بینوسنەوە،چونکە من لەوە ترساوم،کە زانست لە ناو بچێت و زانایانیش نەمێنن.[٤]

بەو بۆ نەیەشەوە گرنگی تایبەتی دەدا بە زمانی پاراوی و عەرەبی و هانی وولاتە ڕزگارکراوەکانی دەدا، کە هیچیان عەرەب نەبوون، کە هەوڵ بدەن زمانی عەرەبی بەجوانی فێربن بە جوانی و بۆ ئەو مەسەلەیەش موچەی تایبەتی دانابوو، هەر وەك سزای تایبەتیشی بۆ ئەو کەسانە هەبوو، کە زمانی عەرەبی دەرنابڕن و تێکی

١ـ جامع بیان العلم(١/ ٩١ـ ٩٢).
٢ـ الأموال لا(٢٣١، ٢٣٢).
٣ـ فتح الباری(١/ ٢٠٨).
٤ـ عمری بن عبدالعزیز، عبدالستار الشیخ لا٨١.

دەدەن، لەموچەكەی دەبڕین، چونكە دەیزانی، كە فێربوون و تێگەیشتنی زمانی عەرەبی هۆیەكی سەرەكی یە لە تێگەیشتن لە قورئانی پیرۆزو فەرمودەكانی پێغەمبەرﷺ.[١]

بەرنامەی عمری كوڕی عبدالعزیزرحمه الله لە شێوازی نوسینەوەی فەرموودەدا:

بەم نامەو ئاڕاستە جوانانەی پێشووی ئەمیری باوەڕداران بۆ مان دەردەكەوێت، عمر لەم كارە مەزنەدا كۆمەڵێ ڕێ و شوێنی پیشانی ئەو كەسانە دەدا، كە فەرموودەیان كۆدەكردەوە لەوانە:

١ـ هەڵبژاردنی كەسانی شیاوشایستە بۆ ئەو كارە مەزنەدا:

دەبینی (أبو بكر)ی كوڕی (حزم) یەكێكە لە ئەستێرەكانی زانست و زانیاری سەردەمی خۆی و ئیمام (مالك) دەربارەی ئەو پیاوە دەڵێت: تا ئێستا كەسێكی وەك(إبن حزم)م نەبینیوە لە پیاوەتی و تێرو تەسەلیدا، كەسم نەدیوە وەك ئەو خوا هەموو شتێكی پێدابێت، وەك: ئەمیری شاری مەدینە، دادوەری، بەرپرسیاریەتی حەج.

دەڵێت پیاوێكی ڕاستگۆ و، خاوەنی فەرموودەی زۆر بووە، (إبن سعد)یش دەربارەی ئەو پیاوە دەڵێت: زانا بوو، جێگای متمانە بوو، فەرموودەی زۆری لەلا بوو.[٢]

(إبن شهاب الزهری)یش هەر بەو شێوەیە بووە، بەیداخێكی زانیاری بوو، شورەتی هەموو دنیای گرتبوویەوە، بۆیە عمری كوڕی عبدالعزیزرحمه الله دەربارەی (زهری) دەڵێت: ئەو پیاوە بە هەند بگرن و بەری مەدەن، چونكە وا نابینم كەسێك مابێت لەو شارەزاتربێت لە بواری فەرموودەدا.[٣]

١ـ عمری بن عبدالعزیز ـ شرقاوی لا١٧٨.
٢ـ سیر أعلام النبلاء(٥/ ٢١٢، ٢١٤).
٣ـ هەمان سەرچاوە لا(٥/ ٣٢٨).

٢ـ دیاری کردنی ئەو کەسانەش، کە زۆر فەرموودەیان لێ وەردەگرن:

عمررحمه الله کەسانێکی تایبەتی دەکردو، بەتایبەتی دیاری دەکرد،کە زۆر گرنگ بن و دەستی بالآیان هەبێت لەو بوارەدا، ئەوەتا بە(إبن حزم) دەڵێت: سود لە (عمرە)ی کچی (عبدالرحمن) وەربگرە، چونکە نزیکتر کەس بووە لە دایکی باوەڕداران(عائشه رضي الله عنها) وەو خاتوو عائشەش شارەزاترین کەس بووە بە ژیان و گوزەرانی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم، ئەو ماڵەوە لە تایبەت مەندەکانیشی شارەزایە.[1]

ئەم(عمرة) یە کچی عبدالرحمنی کوڕی (سعد)ی(زرارە)ی ئەنصاری یە و لەسەر دەستی عائشەدا پەروەدە بو، باپیریشی (سعدی کوڕی زرارە)یە لە گەورە هاوەڵانی پێغەمبەر و برای نەقیب (أسعد کوڕی زرارە)یە و(إبن مدینی) دەڵێت: یەکێك لە زانا خاوەن متمانە نزیکەکان لە عائشەوە.[2]

(الزهری)یش دەربارەی(عمرة) دەڵێت: چووم بۆ لای دەبینم دەریایەکی زانیاری لە بن نەهاتووە.[3]

لە یەکێ لە ڕیوایەتەکاندا دەگێڕتەوە، کە فەرمانی داوە بەسەر (إبن حزم)دا کە هەرچی فەرموودەیەك عمری کوڕی خطاب گێڕاویەتی یەوەو کۆی بکاتەوەو بینوسێتەوە، چونکە مەبەستی بوو ڕێ و شوێن سیرەتی فاروقی باپیری بگرێتەوە بەرو، چۆنی یەتی دادوەری و سیاسەتەکانی لە خەرج کردنی زەکات و خێراتەکاندا، هەربۆ ئەو مەبەستەش داوای کرد لە سالمی کوڕی عبداللهی کوڕی عمر، هەموو ئەمانەی لە بەر ئەوە دەکرد، کە بەوردی شوێن بەرنامەو پەیڕەوی باپیری عمری کوڕی خطاب بکەویت و ئەو بکاتە سەر مەشقی ژیانی.[4]

٣ـ داوای لێ کردن فەرموودەی(صحیح) لە ئەرمودەی(ضعیف) جیا بکەنەوە:

١ـ عمر بن عبدالعزیز، عبدالستار الشیخ لا٨١.
٢ـ هەمان سەرچاوە.
٣ـ سیر أعلام النبلاء(٤/ ٨٠٥).
٤ـ سیرة عمر ، عبدالستار الشیخ لا٨١.

بە جۆرێ بەدوای ئەو فەرموودانەدا بگەڕێن، کە لە پێغەمبەرەوە(ثابت) بووە، وەك چۆن بە (إبن حزم) دەڵێت: هەرچی ئەو فەرمودانە هەیە، کە (صحیحین) و لە پێغەمبەرەوە بە دڵنیایی یەوە هاتوون، بنووسەرەوە، هەروەها فەرموودەکانی عمریش.[1]

(إیمام أحمد)یش لە (العلل)دا هێناویەتی، کە عمرﷺ بە (إبن حزم)ی ووتەوە: هەموو ئەو فەرمودانەی بە دڵنیایی یەوە پێغەمبەری خواوەﷺ پێمان گەیوە بنوسەرەوەو ئەو فەرمودەشانەیشی لە لە(عمرە) وەگێراونەتەوە، بەم کارەیش بەرنامەیەکی جوان ڕاست و دروستی داڕشت بۆ ئەو کەسانەی، کە دوای ئەویش هەڵدەستن بە کۆکردنەوەو نویسنەوەی فەرمودەکان.

٤ـ عمرﷺ خۆیشی پێداچونەوەی فەرمودەکانی کردەوە:

عمری کوڕی عبدالعزیز لە ئاستی زانیاریدا هیچی کەمتر نەبوو لە هەموو ئەو کەسانەی، کە دابینابوون بۆ کۆکردنەوەو نوسینەوەی فەرمودەکان، بۆیە خۆیشی بە وتووێــژو گفتوگــۆ بــەژداری زاناکــانی دەکــرد ، لــە ڕاســت کردنــەوەی ئاســتی فەرموودەکاندا، ئەمەش لە بەر ئەوەی زیاتر دڵنیا بێت لە ڕاستی و دروستی فەرموودەکان.

(أبو الزناد عبدالله)ی کوڕی (زکوان القرشی) دەڵێت: عمری کوڕی عبدالعزیزم بینی هەموو زاناکانی کۆکردبویەوە، هەموو ئەو فەرمودانەی نوسیبویانەوە تاوتوێی دەکرد لەگەڵیانداو ئەگەر فەرمودەیەکی بدیبایە، کردەوەی موسڵمانانی لە سەر نی یە، دەیفەرموو ئەمە کردەوەی موسڵمانانی لەسەر نی یە.[2]

ئابەو جۆرە خوای گەورەو پەروەردگار پیاوێکی بەرزی وەك عمری کوڕی عبدالعزیز هەڵخست و کردی بە لوتکەی دەسەڵات، ئەویش بە ڕەسمی و بە فەرمانی دەوڵەت و لەسەر دەستی ئەودا هەموو فەرموودەکانی پێغەمبەری خواﷺ

١ـ مقدمة المسند لا ٢٠، ٢٢.
٢ـ أصول الحديث لا٨٢.

كۆكرانـەوەو ڕزگاريـان بـوو لـە فـەوتان، دووەمـين سەرچـاوەى شـەريعەتى ئيـسلام بەڕاسـتى و دروسـتى مايـەوە، ئـەو فەزڵـە گەورەيـە بـە خـشرا بـە عمـرى كـوڕى عبدالعزيز، هەروەك چۆن ئـەو فەزڵـە گـەورەى درا بـە عمـرى كـوڕى خطـاب رضي الله عنه كـە پێـشنيارى كـرد بـۆ(أبـو بكـر الـصديق رضي الله عنه كـە قورئـان كۆبكاتـەوەو بينوسـێتەوە، باشتريش فەزڵى كۆكردنەوە موسڵمانان لە سەر يەك قورئـان بـە خـشرا بـە(عثمـانى كوڕى عفان رضي الله عنه.

حەسەنى بەسرى ئامۆژگارى ئەميرى باوەڕداران دەكات:

كاتێ عمرى كوڕى عبدالعزيز رحمه الله چوە سـەر كورسـى خەلافـەت، خێـرا حەسـەنى بەصرى خۆى لێ نزيك كردەوە و بـەردەوام ئاڕاسـتە و ئامۆژگـارى چـوانى دەكـرد و پرۆگرام و بەرنامەى حاكمى دادپەروەرى بۆ دەكێـشا. ئـەم ڕۆڵـە چاكەى حەسـەنى بەسرى لە بەرامبەر خەليفەى نوێدا بينى، كارى هەموو زانايەكى خواپەرست و خـوا ويستە لـە هـەموو سـەردەمێكدا، كـە هـەوڵ دەدات بڕيـار بەدەسـتان والێ بكـات لـە بەرزەوەنـدى و بـەرزى ئيسلام حـوكم دەربكـەن، ئەمـەش ئەوپـەڕى تێـرو تەسـەلى كەسايەتى زانايى ڕاستەقينەى (حەسەنى بەسرى)مان بۆ دەركەوێت، كە پەروەردەو فێركردن و بانگەوازو جيهاد پێكەوە گرێ بدات.

نامەيەك بۆ عمرى كوڕى عبدالعزيز دەنوسێت وپێ ى دەڵێت: بزانە ئـەى ئـەميرى باوەڕداران، خواى گەورە سەركردەى بۆ ئەوە داناوە، كە لادەرەكـان ڕێـك كاتـەوە، دەستى ستەمكاران بگرێتەوە لە ستەم لێكراو، پەناگەى هەموو داماوێك بێت.

پێشەواى دادپەروەر، ئەى ئەميرى باوەڕاداران ، وەك شـوانێكى بـە سـۆزوايە بـۆ حوشتەرەكانى، بە جۆرێكى وا بەسۆز، كە بـۆ سـەوزترين و خۆشـترين لەوەڕگـەيان دەبـات و لـە شـوێنە وشـك و ڕەقانەكانـدا بـە زووى دەيانبـات، لـە دڕنـدە دەيـان پارێزێت، لە هەموو سەرماو گەرمايەك دەيان پارێزێت.

ئيمامى داپەروەر ئەى ئەميرى باوەڕداران، سەرپەرشتيارى هەتيوانـە، خەزێنـەى هەژارانە، بچوكەكانيان گۆش دەكات.

ئیمامی دادپەروەر، ئەمیری باوەڕداران، وەك دڵ وایە لە ناو جەستەدا، چاکبوونی ئەو جەستە چاك دەبێت، بەخرابوونی ئەو، هەموو بەشەکانی لەشی خراپ دەبن.

ئیمامی دادپەروەر، ئەمیری باوەڕداران، وەك باوکێکی بەسۆز وایە بۆ جگەر گۆشەکەی لە کاتی منداڵیاندا هەوڵ و تەقەلایان بۆ دەدات، لە گەورەیشدا فێری خوێندەواریان دەکات، تا لە ژیاندایە کاسبیان بۆ دەکات، پارەشیان بۆ هەڵدەگرێت بۆ دوای مردنی.

ئیمامی دادپەروەر، ئەمیری باوەڕداران، وەك دایکی بەزەیی و چاك، کە هەمیشەو هاورێ ی کۆرپەیەتی، بە ناڕەحەتی هەڵی گرتووە، بە ناڕەحەتیش بوویەتی، بە منداڵیش گۆشی کردوەو شەوانە شەونخونی لەگەڵدا کێشاوە، بەئارام بوونی ئەو ئارامی بۆهاتووە، جارێ شیری دەداتێ و جارێك لێ ی دەگرێتەوە، بە لەش ساغیەکەی دڵخۆشی دەبێت، بە ئۆف و سکالآکانی غەمبارو دڵگران دەبێت.

ئیمامی دادپەروەر، ئەمیری باوەڕداران، وەك نوێنەرو وایە لە نێوان خواو بەندەکانیدا ووتەی خوا دەبیستێت و ئەویش دەیدات بەگوێ ی بەندەکانیدا، ئەو بۆ خوا دەڕوانێت و خواشیان پیشان دەدات، ئەو بەرەو خوا دەڕوات، ئەوانیش بەرەو خوا دەبات، ئەی ئەمیری باوەڕداران هەرگیز وەك ئەو بەندەیە نەبێت لە حوکمڕانی یەکەتدا، کە گەورەکەی ماڵ و منداڵ و سامانەکەی دایە دەستی بۆ ئەوەی بیپارێزێت، کەچی پارەکانی برد بۆخۆی و منداڵەکانی پەرش و بڵاو سەرگەردان کرد، هەژارو ماڵ کاولی کردن و پارەکانی لە ناوبردن,

ئەی ئەمیری باوەڕداران بزانە خوای گەورە کۆمەڵێ سزای داناوە لە شەرعدا بۆ ئەوەیە خەڵکی لە بەد ڕەوشتی و پیسی بە دور بگرێت، دەی ئەگەر پێشەوا خۆی خراپەو بەدکاری بکات کێ جێ بەجێ یان بکات! خوای گەورە لە قورئاندا تۆڵەی داناوە بۆ ئەوەی ژیان پارێزراو بێت، دەی ئەگەر پێشەوابکوژێت کێ تۆڵەیان بۆ دەکاتەوە!

ئەی ئەمیری باوەڕداران بیر لە مردن بکەرەوە، کە دۆستەکانت و لایەنگرەکانت فریات ناکەون، دەی توێشوی بۆ بخەو خۆت ئامادە بکە بۆ ڕۆژی ترسناك ــ ڕۆژی قیامەت ــ.

ئەی ئەمیری باوەڕداران بزانە، کە ئەم ماڵەی ئێستات ماڵی تۆ نی یە، تۆ ماڵێکی تر چاوەڕوانت دەکات، کە زۆر دەمێنیتەوە تیادا، دۆستەکان و خۆشەویستانت دەگەڕێنەوەو وازت لێ دەهێنن، بە تەنیایی لەو چاڵە قوڵە دا بە جێت دەهێڵن، دەی کردەوەی چاك پێش بخە بۆ ئەو ڕۆژەی، کە نەبراو نەدایك و نەباوك و نەخێزان فریات ناکەون.

لە بیرت بێت ئەی ئەمیری باوەڕداران، ئەگەر خەڵکی لە گۆڕەکانیان هاتنە دەرەوە، نهێنی یەکانیانی ناو سنگ ئاشکرا بوو، نهێنی ئاشکرا ببێت و نامەی کردەوکانیش گوناهی گەورەو بچوکیان نەپەڕاندبێت، دەی ئێستا ئەی ئەمیری باوەڕداران تۆ بوارت پێ دراوە، ئەجەلت دواخراوە، ئەمەلت بە ژیانی نەبڕاوە، دەی حوکمی ناو بەندەکانی خوا مەکە بە شێوەی حوکمڕایانی نەفامان، ڕێگەی ستەمکارانیان پێ مەگرە، پیاو ماقوڵ و ناوداران سەر نەخەیت بەسەر هەژارو بێ نەواياندا، ئەوانەنە پەیمان نەگرننە ئەستۆ دەزانن لەگەڵ موسڵماندا، ئەو کاتە گوناهی خۆت و خەڵکی و باری قورسی خۆت و خەڵکی دێتە گەردنی تۆ، بەوەنە خەڵتێت، کە خەڵکانێك لە سەر حیسابی قیامەتی خۆشگوزەران بن و خواردنی چەورو بە لەزەت بخۆن لە سەر حیسابی نەمانی خواردنی خۆش و بەلەزەتی تۆ لە ڕۆژی قیامەتدا، ئەمڕۆ سەیری دەسەڵاتی گەورەی خۆت مەکە، بەڵکو سەیری بێ دەسەڵاتی سبەینێ ی خۆت بکە، کاتێ دەکەویتە ناو داوی مردنەوە، لە بەردەمی خوا دەوەستێت و فریشتەکان و پێغەمبەران لە دەورت دان، هەموو ڕووەکان لەو کاتەدا هەر بۆ لای پەروەردگاری زیندو دەڕوانن، من ئەی ئەمیری باوەڕداران ئەم ئامۆژگاریانەم نەگەیشتوونەتە ئاستی ئامۆژگاری زاناو ژیرمەداندەکان، بەڵام ئەوەندەی پێم کرابێت، کەمتەرخەمیم نەکردەوە تیایدا، ئەم نامەیەم دەنێرم بۆت

وەك دەرمان و چارەسەر بۆ خۆشەویستت، کە چۆن دەرمانی تاڵ و ناخۆش دەکات بەدەمی نەخۆشەکەدا، بەڵام مەبەستی چارەسەرکردنی یەتی، والسلام علیك یا أمیر المؤمنین ورحمة الله وبرکاته[1]

حەسەنی بەسری وەسفی دنیا دەکات بۆ عمر:

حەسەنی بەسری رحمه الله جارێکی تر نامەیەك ئاڕاستەی عمر دەکات و تیایدا وەسفێکی دنیای بۆ دەکات و دەڵێت: ئەی ئەمیری باوەڕداران، دنیاماڵی کاتی یەو گوێزانەوەی لە دوایە، ماڵی مانەوەو حەوانەوە نی یە، باوەکە ئادەم، کە نێردرا بۆ سەر زەوی وەك سزاو دورخستنەوە هێنرا بۆی، ئاگاداربە لێ ی، ئەوەی حەزی پێ دەکات بەجێ ی دەهێڵێت، دەولەمەند تیایدا هەژارە، بەختیار کەسێکە تیایدا، کە خۆی نەدابێت بەدەستی یەوە.

هەرکاتێ ژیرو ئاقڵ مەندان دنیان تاقی کردبێتەوە بۆیان دەرکەوتووە، سەرشۆڕی یە بەشی ئەو کەسەی خۆی دەدات بە دەستی یەوەو دنیا پەرستی دەکات، وەك زەهر وایە کەسێك بە نەزانین بیخوات، ئەوەی نەیناسیبێت حەزی لێ دەکات، دەوەلاهی مەرگی خۆی پێوەیە، دەی تۆش ئەی ئەمیری باوەڕداران، وەك بریندارێك بژی تیایدا، کە لە پێناو چاك بوونەوەدا برینەکەی دەرمان دەکات، قەبوڵی ئازارو سوربوونەوە دەکات، بەڵام لە پێناوی چاك بوونەوەیەکی درێژخایەن.

ئارامگرتن لە بەر نەبونی یەکانی ئاسانترە، لە خۆ گرتن لە سەر توشبونی، ئاقڵ ئەو کەسەیە ئاگادار بێت لێ ی، بە جوانی یەکانی نەخەڵەتێت، چونکە زۆر بە غەدرو نا پاك و دەست بڕە، خۆی جوانە کات بۆ کڕیارانی وەك بوك وایە، چاوەکان سەیری دەکەن و دڵەکان بۆی لێدەدەن، بەڵام ئەی ئەمیری باوەڕداران سوێند بەو کەسەی محمدی ناردووە بە پێغەمبەرﷺ لە ناو بەری مێردەکەیەتی، دەی زۆر ئاگات لە فێڵەکانی بێت و خۆت بپارێزە لەخۆ ڕازاندنەوەکانی، خۆش گوزەرانی و شادیەکانی بە دوایدا بەڵاو نارەحەتی دێت، ئەی ئەمیری باوەڕداران ئاوەتەکانی

---

[1] ـ الحسن البصری (لابن الجوزی) لا ٥٦.

درۆینەیـە، هیواکـانی بـەتاڵ، ڕۆشـنایی یـەکانی لێڵـە، ئـەوەی وازی لیٚ دەهێنـیٚ سەرکەوتووە، ئەوەی هەوڵی بۆ دەدات لە ناو چووە، ئاقڵ و ژیر ئـەو کەسـەیە کـە لـەو شـتانە بترسـێت، کـە خـوا ترسـاندووەیەتی لیٚ ی، ئاگـاداری کردونەتـەوە لـە ترسناکی یەکەی، لە ماڵی براوە دەگەڕێتەوە بـۆ مـاڵی هـەتایی مـردنیش هـات ئـەو کاتە دڵنیانی یە دوای بۆ دێت.

دنیا ئەی ئەمیری باوەڕداران ماڵی سزادانە، سامانی تێدا کۆدەکاتەوە کە سـانێك عەقڵیان نی یە، ئەوەی نە شارەزا بێـت پـیٚ ی دەخـەڵێت، کەسـی ژیروشـێلراو ئـەو کەسـەیە، کـە بـە پـیٚ ی پێویـست دەرمـانی برینـەکانی دەکـات، لەسـەر تـاڵی دەرمانەکان خۆی دەگرێت، چونکە چاوەڕوانی چاکبوونەوەیە، لـە ئاکـامی خـراپ دەترسـێت، بـە خـوا ئـەی ئـەمیری بـاوەڕداران دنیـا خەوێکـە، قیامـەت بـە خەبـەر هاتنەوەیە، مردنیش لەو نێوانەدایە، بەندەکانیش لە خەوبینین دان من ئەو ووتەیەی شاعیرت بیر دەخەومەوە، کە دەڵێت:

فإن تنجو من ذی عظمة وإلا فإنی لا أخالك ناجیاً

کاتیٚ ئەم نامەیەی حەسەنی بەسری رحمه الله دەگاتـە دەسـتی ئـەمیری بـاوەڕداران و دەخوێنێتەوە دەست دەکات بە گریان و هاوار کردن بەجۆریٚ کەسانی چوار دەوری دڵیان بۆی دەسووتا، بەدەم گریانەوە دەیووت: ڕەحمەتی خوا لە حەسەن بێت، کە بەردەوام لە خەو بە خەبـەرمان دێنێتـەوە، لـە بـیٚ ئاگـایی ڕزگارمـان دەکـات، خـوا بیپارێزی، چۆن دڵی بۆمان دەسووتێت و چۆن ئامۆژگاریمان دەکـات، ئامۆژگـارێکی ڕاستگۆو پاراوە.

بەو بۆنەیەوە نامەیەکی نووسی و پیٚ ی ووت: ئامۆژگاریە بەکەڵکەکانت گەیشتە دەستمان خۆمم پـیٚ تـەداوی کـرد، بەڕاسـتی دنیـات وەسـف کـرد وەك خـۆی، ژیـر ئەوکەسەیە بە ترسەوەی لیٚ ی تێدا بژی، وەك بلـیٚ ی هەرکەسـێك تیایـدا بڕیاربێـت بمرن حساب بکە مردوون، والسلام علیك ورحمة الله وبرکاته.

کاتیٚ ئـەم نامـەی عمـر دەگاتەدەسـتی حەسـەن دەڵێـت: دەك خـوا بیپارێزێـت، ئـەمیری بـاوەڕداران چ ڕاسـتگۆیەکە، چ ئامۆژگـاری وەرگرێکـە، خـوای گـەورەو

بالادەست بە دانانی عمر بە ئەمیری باوەڕداران منەتی گەورەی بەخشیوە بە ئوممەت و کردوویەتی بە فەڕو بەرەکەت و ڕەحمەت.[١]

پێنجەم: هێرشەڕزگاری خوازیی یەکان و هەڵگرتنی گەمارۆی سەر قسطیطنة:

کاتێ عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله بوو بە ئەمیری باوەڕداران، یەکێ لەو کارانەی کردی ئەوە بوو فەرمانی دەرکرد بە وەستاندنی فراوان کردنی دەسەڵاتی دەوڵەتی ئیسلامی و نەڕۆیشتن بەرەو جێگا دوورە دەستەکان.

هەوڵی دا سوپای ئیسلام لە ناوچەکانی جەنگ پاشەکشە پێ بکاتەوە، یەکەمین کاری لەم بوارەدا ئەوەبوو، ئەو سوپایە گەورەیەی (سولەیمان) گرنگی پێ دابوو بۆ ڕزگارکردنی شاری(قسطیطنة) لە ڕۆم و (مسلمە)ی برایی کردبووە فەرماندەی و بۆ ماوەی دوو ساڵ گەمارۆیەکی تەواوی ئەو شارەی دابووە بەجۆرێ دانیشتوانی ئەو شارەی بەتاوەتی هەراسان کردبوو، بەبێ ئەوەی ئامانجی خۆیشی بپێکێت.

عمررحمه الله فەرمانی دەرکرد بۆ (مسلمە)ی کوڕی (عبدالملك) کەواز لە (قسطیطنة) بێنێت و ئەو سوپایەی کە(سلیمان) خستوویە ڕێ و لە دەریا و وشکانی نی یەوە قورگی ئەو شارەیان پێ گرتبوو، تەنانەت پیاو لە بازاردا بەسەر ولاغەکەیەوە دادەبەزاند و بەبەرچاوی یەوە ولاخەکەیان سەریان دەبڕی و دەیان خوارد، عمریشرحمه الله زۆر بەوە دڵگران بوون و غەباردەبوو، کاتێ بو بە خەلیفە بەینی خۆی خوا هەرچی شتێ کاتی خۆی بە باشی نەزانیبێ بۆ موسڵمانان، زۆر بەخێرایی چارەسەری کردەوە.[٢]

بۆ ئەو مەبەستە نامەیەکی نووسی بۆ (مسلمە) لە وڵاتی ڕۆم و داوای لێ کرد دەست لە شاری(قسطیطنة) هەڵبگرێت، لەگەڵ ئەو نامەیەشدا بڕێکی زۆر خواردن و پێداویستی نارد بۆ ئەوەی هانی موسڵمانانیشی دا، تا کۆمەکیان بکەن و دەڵێن:

١ـ الزهد للحسن البصری لا ١٦٩.

٢ـ سيرة عمر، لابن عبدالحكم لا ٣٢.

ژمارەی ئەو کۆمەکیانەی بۆی ناردن خۆی دەدا لە(٥٠٠) وڵاخ بەبارەوە.[١]

خەلیفە خیاط دەگێڕێتەوە، کە ساڵی (٩٩)ی کۆچیدا عمری کوڕی عبدالعزیز خواردن و وڵاغێکی زۆری ناردبوو مسلمەی کوڕی سولەیمان لە ئەرزی ڕۆم و فەرمانیشی دەدا هەرکەسێك لە سوپایی ئیسلام دۆست و ناسیاوێکی هەیە لە ڕۆمەکان، با لەو کۆمەکیانەیان بۆ بنێرێت، فریای خەڵکەکە کەوت، فەرمانی پێدان کە دەست لەگەمارۆ دان و هەوڵی ڕزگاربوو کردنی ئەو شارە هەڵگرن.[٢]

ئەوکاتەی عمر رحمه الله چووە سەر حوکم (سمع)ی کوڕی (مالك)ی (الخولانی) کرد بە والی وڵاتی ئەندەلوس و فەرمانیشی پێدا، کە زەویەکان جیا بکاتەوە، ئەوەی، کە بەزۆر داگیرکراون(١/٥) یان لە سەدا بنێن و بە جێ ی بهێڵێن بۆ خاوەنەکانەکانیان، ڕایشی وابوو ئیتر زەوی فراوان مەکەن، لە بەر ئەوەی ئەو زەیانە دورەدەستن لە موسڵمانان واز لە(فتوحات) بهێنن.[٣]

بەڵام (سمع) نەی ویست بە تەواوی دەست لە ئەندەلوس هەڵگرێت بۆ یە نامەی نووسی بۆ عمر و پێ ی ووت: موسڵمانان بڵاو بوونەتەوە، هەموو کون و قوژبنێکی وڵاتی ئەندەلوسیان گرتۆتەوە، بۆیە ئەوکارەی نەکرد و ئەندەلوسی لەسەر ئیدارەی ئەفریقیا لابرد.[٤]

لەناوچەی ڕۆژهەڵاتیش عمر رحمه الله نامەی ناردبۆ(عبدالرحمن)،کەوالی خوراسان و فەرمانی پێ کرد، سوپایی موسڵمانان لەو سنووره بوەستێت و هەوڵی فراوان کردنی خاك نەدات، بەڵام ئەوان ئەوەیان پێ قبوڵ نەکرا، ووتیان: (مەروە) کە پایتەختی خوراسان بوو بەشمان ناکات، بەو بۆنەوەیەوە نامەیان نووسی بۆ عمری کوڕی عبدالعزیز و ئەویش لە وەڵامیاندا ووتی: خوایە ئەوەی لە سەرم بوو کردم و

١ـ تأريخ الطبری لە (عمر بن عبدالعزين)ی علی لا ١٤٠ وەرگیراوە.
٢ـ تأريخ خليفة لا ٣٢٦.
٣ـ الكامل في التأريخ (١٤/٣)
٤ـ فجر الأندلس حسين مؤنس لا ١٢٦، ١٢٧.

دەی تۆش یارمەتیان مەدە لە غەزادا، ئەو ناوچە فراوانەی ڕزگارت کردوە بۆیان بەسیانە.[١]

وولاتی (السند)یش لە ڕێگەی نامەی عمری کوڕی عبدالعزیزرحمه الله موسڵمانان بوون، کە لە نامەکەیدا بانگی کردبوون بۆ موسڵمان بوون و پێ ی ووتن: چی بۆ موسڵمان هەیە بۆ ئەوانیشەو چی لەسەر موسڵمانە لەسەر ئەوانیشە، ئەوانیش ژیان و بەرنامەی کاری پڕ لە دادپەروەریەکانی ئەویان بیستووە، بۆیە پاشاو سوپاکەیان موسڵمان بوون و ناوی خۆیان هەموو گۆڕی بۆ ناوە ئیسلامی یەکان، عمریش عەمری کوڕی موسلیمی باهیلی کرد بە ئەمیریان.[٢]

خەلیفەی کوڕی خەیاتیش دەڵێت: عمری کوڕی عبدالعزیز نامەی نارد بۆ (جراح)ی کوڕی (عبدالله)ی (الحکمی) وپێ ی ووت: ئیتر هێرش و پەلامار بووەستێنن، ئەوەی لە ژێر دەستاندایە بەستانە.[٣]

ئەم کارەی عمری کوڕی عبدالعزیز پێ ی هەستا، تایبەت بوو بە جەنگ و پەلاماردانی ئەو ناوچانەی کە زۆر دووەرە دەست بوون ولە پایتەختەوە زۆر دووربوون، بۆ خۆ یەکلایکردنەوە ئەم کارەی کرد تا بتوانێت نێو ماڵی ئیسلامی بخاتەوە یەك و ئاگری ئاژاوەو نەیاری یە ناخۆیەکان بکوژێنێتەوە، هەرگیز مەبەستی ئەوە نەبووە، کە ئەو دەزگا سەربازیە لە کار بخات، کە دامەزراندنەکەی دەگەڕایەوە بۆ سەردەمی پێغەمبەری خواﷺ، کە ڕۆڵێکی سەرەکی هەبوو لە پارێزگاری لە سەروەری دەوڵەتی ئیسلام فراون کردنی سنورە جوگرافیا یەکەی و پاراستنی ئەمن و ئاسایش و دامەزراوی وولات.

لە ڕاستی دا بوونی ڕێخراوەی جەنگی پەیوەستە بەناو کرۆکی ژیانی مەدەنی یەوە، هیچ دەوڵێك بەبێ بوونی ئەو دەزگایە ناکرێت، بۆ ئەو مەبەستە هەموو دەزگا

١ـ تأريخ الطبرى لە (عمر بن عبدالعزيز)وەی علی(١٤١) وەرگیراوە.
٢ـ فتوح البلدان لا ٤٢.
٣ـ تأريخ خليفة لا ٢٢٦.

سەربازی یەکانی هەرێمەکانی هێشتەوە، کە سەرچاوەی سوپا ڕزگاری خوازە گەورەکەی ئیسلام بوون، لای نەبردن و هەڵیشی نەوەشاندەوە، لەماوەی کورتی خیلافەتیدا بەردەوام لە زۆری لە بەرەکانەوە جەنگ و پێکدادان لەگەڵ ڕۆمەکان ڕوی داوە.

لەناوچەی (ئازربایجان) تورکەکان هێرشیان کردە سەر موسڵمانەکان، کۆمەڵێ لە موسڵمانیان شەهید کرد وسامانیشیان بە تاڵان بردن عمری کوڕی عبدالعزیزیش سوپایەکی بەسەرکردایەتی (حاتم)ی کوڕی (نعمان الباهلی) نارد بۆیان و ئەو تورکانە، یان هەمووکوشت، تەنها چەند کەسێکی کەم لە دەستیان دەرچوو، بە (٥٠) دیلەوە گەڕانەوە بۆ خەناسیرەو هاتنەوە خزمەت خەلیفە.[١]

لە ساڵی(١٠٠)ی کۆچیدا ڕۆمەکان لە کەناری دەریاوە هێرشیان کردە سەر موسڵمانەکان لە (لازقیە)و شارەکەیان خاپور کردو ژن و منداڵەکانیشیان هەموو کوشتن، عمر فەرمانی دەرکرد شارەکەیان دروست کردەوەو قەڵای بە هێزیشیان بە چوار دەوریدا دروست کرد.[٢]

لە ساڵی(١٠١)ی کۆچیدا غەزوی وەلیدی کوڕی هیشامی(المعیطی) و عەمری کوڕی قەیسی(الکندی) کرد لە شاری (حمص).[٣]

فەرمانیشی دەرکرد بە ڕاگوێزکردنی لادێ سەرسنورەکانی بەرامبەر ڕۆمەکاندا بوو، ئەمەش لەبەر خاتری ئەوەی توشی نارەحتی و تاڵان و بڕۆ نەبن بەدەستی ڕۆمەکان.[٤]

هەروەها نیازی کرد شاری(المصیصە) بڕوخێنێ، چونکە بەلەبەرپی ی هێرشی ڕۆمەکان، بەڵام پاشتر وازی لێ هێناو مزگەوتێکی گەورەی لە (کفریا) بۆ دروست

١ـ تأریخ خلیفة لا٣٢٦

٢ـ فتوح البلدان لا٢٠٧.

٣ـ تأریخ الطبری لة (عمر بن عبدالعزین)وةی علی(١٤٢) لا وەرگیراوە.

٤ـ فتوح البلدان لا٢٢٠.

کردن و حەوزێکی ئاوی گەورەی بۆ دروست کردن و ناوی خۆی لێ نووسیبوو[١]، کردی بە سەرچاوەیەکی گرنگ و مەڵبەندێکی جەنگی بۆ نەهێشتنی ترسی ڕۆمەکان لە ئەنتاکیە[٢].

عمر لەگەڵ ئەم کارە دڵسۆزانەیدا لەگەڵ شوێنە دوورە دەست و سنوری یەکان ئەم هەنگاوانەی نا، بەڵام خۆ لە لایەکی ترەوە بزاڤی هێرشە ڕزگاری خوازیەکانی نەوستان و دوای ئەویش هەر بەردەوام بوو، لە هەمان کاتیشدا خاوەنی سوپایەکی زۆر بەهێزبووەو خۆیشی زۆر توند بوو لەگەڵ دوژمناندا، کاتێ بینیبێتی ناڕەوای و ستەمێکیان لە موسڵمانێك کردبێت وەك پێشتر باسی ئەو دیلە موسڵمانەمان کرد، کە لە پێناوی ئاینەکەیدا چۆن قبوڵی کرد هەردوو چاوی هەڵبکۆڵن، بەڵام نەبێت بەگاور، کە چۆن عمرﷺ سوێندی خوار سوپایەکی وای بۆ دەربکات، کە سەرتاکەی لەڕۆم بێت کۆتایەکەی لەلای خۆی.[٣]

سیاسەتی عمرﷺ قۆناغ بەندی بوو، دەیویست سەرەتا سنورەکان تۆکمەو قایم بکات و لە هێرشی لاوەکی ڕۆمەکان بێ خەم بێت، گرنگی دەدا بە کردنەوەی عەقلەکان و دڵەکان، پاك کردنەوەی دەرونی ئەو گەلە تازانەی، کە هاتبوونە ناو ئیسلامەوە، بۆ ئەو مەبەستە دەستە دەستە زانایان و بانگ خوازانی بەرەوە دەشت و بیابانەکان دەخستە ڕێ وبۆ ڕۆشنبیرکردنی ئەو گەلانە بە بەرنامەی بێ گەردی ئیسلام، کە لەوکاتەدا زۆر پێویستیان بەوە بوو.

شەشەم: گرنگی دان بە بانگەوازی گشت گیری ئیسلام:

عمری کوڕی عبدالعزیزﷺ هەموو گرنگی یەکی بەوە دابوو، کە نێو ماڵی ناخۆی موسڵمانان تۆکمە بکاتەوەو یەکریزی و ئاسایشی بپارێزێت، زانست و زانیاری بگەینێتە تاکە تاکەی ئومەت بەپێ ی توانا.

١- هەمان سەرچاوە لا ١٦٣.

٢- العلاقات العربية البيزنطة لا ١١٩.

٣- هەمان سەرچاوە لا ١٣١.

هەروەك دادپەروەری زیندوکردەوە لە ناو خەڵکدا هەموو ڕق و کینەو دوبەرەکی نێوان موسڵمانی نەهێشت،عمر لەم کارە مەزنەیدا مەبەستی ڕاکێشانی دڵ و عەقڵ و دەرونی خەڵکی بوو بۆلای بەرنامەی ئیسلام، بۆ ئەو مەبەستەش پڕۆژەیەکی گەورەی گرت بەدەستەوە، بۆ ئەو مەستەش کۆمەڵێ هۆکاری گرنگی گرتە بەر لە پێناو سەرکەوتنی ئەو پڕۆژە بانگخوازی یەیدا لەوانە:

یاسای خۆیەکلایی کردنەوەی بانگخوازان(نظام التفرغ):

عمر رحمه الله کۆمەڵێ لەزانایان و بانگخوازانی یەك لاکردەوە بۆ ئەوەی هەستن بە تێگەیاندن و ڕۆشەنبیرکردنی گەل و بۆ ئەو مەستە موچەی تایبەتەشی بۆ بڕینەوە، تا هیچ جۆرە کاسبیەکی تر نەکەن و هەموو هەوڵ و کۆشێشێکیان سەرخستنی ئەو پڕۆژە مەزنەی عمر بێت و بەس.[1]

قورئان خوێنانی تەرخان کرد بۆ فێرکردنی لە جوان خوێندنەوەو تێگەیشتنی تەجویدو ئەحکامە شەرعی یەکانی، هەروەها فەرمودەزانەکانی تایبەت کرد بۆ دانانی دەرس و هەڵقە زانستی یەکان لە مزگەوت و شوێنە گشتیەکانداو فەرموودەی پێغەمبەری خوا فێری خەڵکی بکەن.

هەروەك فوقەهاو شارەزایانی شەریعەتی ئیسلامی تەرخان کرد تا حوکمی نوێ لە قورئان و سوننەت دەربهێنن بۆ خەڵکی و فێریان بکەن لە حەلاڵ و حەرام و شارەزایان بکەن لە ڕێنموونی یەکانی ئیسلام.

قوتابیانیشی یەکلای کردەوە بۆ فێربوون و وەرگرتنی زانست و زانیاری و مووچەی تایبەتی بۆ بڕینەوە تا خەمی ژیانی خۆیان و ماڵ و منداڵیان نەمێنێت، لە (بیت المال) مووچەیەکی ئەو تۆی بۆ بڕینەوە تا بەسەر بەرزان بژین و ئەمە کاری ئەو خەلیفە مەزنە بوو بە هۆی ئەوەی زۆرێك لە خەڵکی دەست بدەنە فێرکردن و بڵاوکردنەوەی زانستەشەرعیەکان و گەنجانێکی زۆریش خۆیان بخەنە بەردەستیان و بەدونیای زانست و زانیاری بەهرەمەند ببن، لەپاشە ڕۆژیشدا ببنە خزمەتکارێکی

١ــ ملامح الإنقلاب الإسلامی لا ١٨٤.

گەورەی ئیسلام و ئەوانیش بیگەیەنن بەنەوەکانی دوای خۆیان.[١]

لە (بیت المال) بڕی (١٠٠) دیناری بۆ بڕیەوە، بۆ هەرزانایەك لە مزگەوتێکی وڵاتانی ئیسلامدا هەڵقەیەکی زانستی دابنێت بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری و فقهی ئیسلامی و تنەوەی قورئان خوێندن و لە بەرکردنی.[٢]

لە (أبی بکر)ی کوڕی (أبی مریم)ەوە دەڵێت: عمری کوڕی عبدالعزیز نامەیەکی نووسی بۆ والی حمص و پێ ی ووت: فەرمان بدە بە پیاوچاك و شارەزایان، کە لە (بیت المال) موچەیەکی وایان بۆ بڕێتەوە، کە پێویستیان بە کاسبی نەبێت، هەموو کاتیان خەریکی ووتنەوەی وانە بن و فەرمودە بگەیەنن.[٣]

لە(أبی مریم)ەوە دەڵێت: عمری کوڕی عبدالعزیز نامەیەکی نووسی بۆ والی حمص و پێ ی ووت: بڕوانن بۆ ئەو کەسانەی خۆیان تەرخان کردوە بۆ وتنەوەی وانەی (فقە) دەستیان بڕاوە لە کارو کاسبی دەرەوە، دەی هەر یەکە لەو کەسانە(١٠٠) دیناری بۆ ببڕێتەوە لەگەڵ گەیشتنی ئەم نامەیەدا تا ژیانی خۆیانی پێ مسۆگەر بکەن باشترین کاری چاکەش ئەو کارەیە بە پەلە بکرێت، (والسلام علیك).[٤]

موچەی تایبەتیشی بڕیەوە بۆ ئەو کەسانەی هەڵقەیان لە مزگەوتەکاندا هەبوو بۆ باسکردنی جەنگ و غەزاکانی پێغەمبەری خواﷺ و ژیانی هاوەڵە بەرێزەکانی، کە ئەو کەسانە بە چیرۆك و خوان موچیاران ناسرابوون.

(إبن شیبە) دەڵێت: عمری کوڕی عبدالعزیزؒ کاتێ والی مەدینە بوو فەرمانیدا بە پیاوێك، کە چیرۆك بۆ خەڵکی بگێڕێتەوە، بۆ ئەو مەبەستە مانگی(٢) دیناری بۆ

١ـ عمر بن عبدالعزیز، عبدالستار الشیخ. لا ٧٢

٢ـ ملامح الإنقلاب الإسلامی لا ١٨٤

٣ـ أصول الحدیث لا ١٧٨.

٤ـ البدایة والنهایة لة عمر بن عبدالعزیز، عبدالستار الشیخ. لا ٧٢ وەرگیراوە.

بڕیەوە، کاتێ (هیشام)ی کوڕی (عبدالملك) سەردانی شاری مەدینەی کرد ساڵی (٦) دیناری لە لایەن خۆیەوە بۆ بڕیەوە.[١]

لە نامەکانیدا هاتووە دەربارەی بڕینەوەی مووچە بۆ قوتابی و خوێندکاران تا یەکلا ببنەوە بۆ زانست و زانیاری، (إبن عبدالبر) لە (یحیی)ی کوڕی (إبن کثیر)ەوە دەگێڕێتەوە، کە عمری کوڕی عبدالعزیز نامەی نووسی بۆ کاربەدەستێکی و پێ ی ووت: بۆ قوتابی و وەرگرانی زانست ڕۆژی تایبەتیان بۆ دیاری بکە، یەکلاییان بکەنەوە بۆ زانست و زانیاری.[٢]

٢ـ هانی زانایانی دەدا، تا زانست بڵاو بکەنەوەو ڕاییبگەیەنن:

فەرمانی دەرکرد، کە مزگەوت بکەن بە مەڵبەندی پەروەردە کردن و فێرکردنی خەڵکی دەربارەی ئاینەکەیان، قورئان خوێندن پێیان و گوێ لێ گرتنیان، گەیاندنی فەرموودەکانی پێغەمبەرﷺ و زیندو کردنەوەی سوننەت.[٣]

(عکرمە)ی کوڕی (عمار) کە پیاوێکی خەڵکی یەمەنە دەڵێت: گوێم لێ بوو نامەی عمری کوڕی عبدالعزیزیان دەخوێندەوەو دەیووت: فەرمان بدە بە زانایان با لە مزگەوتەکاندا زانستەکەیان بەگەیەنن، چونکە وادیارە سوننەت مرێنراوە.[٤]

(إبن عبدالبر) سەنەدی بۆ داناوە لە (جعفر)ی کوڕی(قان الرقی)وە دەڵێت: عمری کوڕی عبدالعزیز نامەی نوسی بۆمان و پێ ی وتین: فەرمان بەئەهلی فقە و خاوەن زانستەکان بکەن تا لە کۆڕو دانشتنی مزگەوتەکاندا ئەو زانستەیان بگەینن بە خەڵکی، کە خوای گەورە پێ ی بەخشیوون.[٥]

٣ـ ڕێنونی گەلی موسڵمان دەربارەی گرنگی زانست و زانیاری:

لەو بارەیەوە دەڵێت: ئەگەر توانیت هەوڵ بدە زانا بیت، ئەگەر نەتتوانی

١ـ أخبار المدینة لة عمر بن عبدالعزیز، عبدالستار الشیخ. لا ٧٢ وەرگیراوە.

٢ـ جامع بیان العلم(١/ ٢٢٨) .

٣ـ أصول الحدیث لا ١٧٨ .

٤ـ أصول الحدیث لا ١٧٨.

٥ـ جامع العلم(١/ ١٤٩).

فێرخواز بە، ئەگەر ئەوەشت نەتوانی خۆشت بوێن، ئەگەر ئەوەشت بۆ نەکرا، هەوڵبدە ڕقت نەبێت لێیان، پاشان ووتی: خوای گەورە بوارەکەی بۆ فراوان کردوە، ئەگەر وەری بگرێت.[1]

٤ـ ناردنی زانایانی خواناس بۆ سەرووی ئەفریقیا:

عمری کوڕی عبدالعزیزرحمه الله زانایانی دەنارد بەناو هەرێمەکاندا، بەڵکو بۆ ناو بیابان و دەوار نشینەکانیش، تاشەرعی خوا بگەیەنن بەوناوچانە،تێیان بگەیەنن لێی، بۆ ئەو مەستە(یزید)ی کوڕی (أبی مالك)ی نارد بۆ لای بیابان نشینەکان تا لە ئیسلام و ئەحکامی شەرع ئاشنایان بکەن و موچەیشی بۆ بڕیەوە لەگەڵ کەسێکی تردا، کەناوی(حارث)ی کوڕی (محمد)بوو، بەڵام (یزید) قبوڵی موچەی کرد، بەڵام (حارث) قبوڵی موچەی نەکرد، ووتی: من لە سەر گەیاندنی ئەو زانستەی خوا فێری کردوم پاداشت و پارەم ناوێت.

کاتێ ئەو هەواڵە گەیشتە عمررحمه الله فەرمووی: ئەوەی (یزید) دروستەو هیچی تێدا نی یە، داوا کاریشم لە خوا وێنەی (حارث)مان تێدا زۆر بکات.[2]

ئەم وەڵامەی عمررحمه الله ئەوە فێری حوکمڕانان دەکات، کە چۆن دەبێت نەرم بن بەرامبەر بۆ چوونە جیاجیاکان، نەنواندنی ووشکی فکری و یەك شێوەیی، ئەوەی ڕون کردەوە، کە وەرگرتنی مووچە لە بەرامبەر خزمەت گوزاری زانستیدا هیچی لە سەر نی یەو دروستە، لە بەرامبەر ئەم فەتوایەشدا، ڕووی کردە خوای گەورەو دوعای خێری بۆ دوەم کرد و داوای زیاد بوونی نموونەی لەو جۆرە کەسانەی لێ دەکرد، کە لە پێناوی گەیاندنی ئاینی پاکی خوادا هیچ پارەوپولێکیان ناوێت و بە تەمای پاداشتن لە خوای باڵادەست.[3]

ئەمیری باوەڕداران‌رحمه الله زانای خاوەن متمانەو پایە بەرزی شاری مەدینە(نافع) مەولای (إبن عمر)ی نارد بۆ ناو میسریەکان، عبداللهی کوڕ عمر دەڵێت: عمری کوڕی

١ـ سيرة عمر لابن عبدالحكم لة (عمر)ی زحيلي وەرگیراوە لا ٧٤.

٢ـ سيرة عمر لابن عبدالحكم لا ١٦٠.

٣ـ ملامح الإنقلاب الإسلامي لا ١٨٤.

عبدالعزیز رحمه الله (نافع)ی نارد بۆ ناو خەڵکی میسر تا هەموو سوننەتەکانی پێغەمبەری خوایان ﷺ فێر بکات.[١]

لە میسریشەوە (١٠) کەس لەگەورە زانایی تابیعینی نارد بۆ وڵاتی ئەفریقیا، تا خەڵکەکەی لە ئیسلام شارەزا بکەن و فێریان بکەن، فەرموودەی پێغەمبەری خوایان ﷺ لە ناودا بڵاو بکەنەوە، تا لەو خێرو بێرە بەهرەمەند بن، کە براکانیان لە شام و حیجاز و عیراق پێ ی بەهرەمەند بوون، کە سەرچاوەی زانست بوون.[٢]

باکوری ئەفریقیا زۆر گرنگ بوو لە لای عمر و هەوڵی دەدا دڵیان ڕابکێشێت و عەقڵ و دەرونیان داگیر بکات و بەنوری بەرنامەی خوا ڕووناکی بکاتەوە، بۆ ئەو مەبەستە ئەو (١٠) زانا مەزنەی نارد و لەو بارەیەوە مەبەستەکانی خۆی بەو هەرێمە گەورەیە ڕون کردەوە لەم خاڵانەدا:

١ـ هەڵبژاردنی زانایانی خواناس و ناسراو بە زانایی و فقه و بانگەواز و خۆ یەکلاکەرەوە بۆ پەروەردەو فێرکردن تێگەیاندن.

٢ـ دانانی نەخشیەکی داڕژاو بۆ یەکلاکردنەوەی زمانی عەرەبی، نەهێشتنی نەخوێندەواری ناو هۆزە بەربەریەکاندا، تا پاشتر بتوانێت بە جوانی لە قورئان و سوننەت تێ بگات و کاریان پێ بکات.

٣ـ گەیاندنی بیروباوەڕی ڕاست و دروستی ئەهلی سوننە لەو ناوچانە.

٤ـ فێرکردنی خەڵکی لە مەسەلەی حەڵاڵ و حەرام.[٣]

فەڕو بەرەکەتی سەردەمی عمری کوڕی عبدالعزیز لە وێدا ڕژا یەسەر ئەفریقیادا، کە ئەمرێکی صالح و باشی بۆ دیاری کردن و کۆمەڵێك لە زانایان و فەقەهایانی خواناسی ناردە ناویان، کە ئەمە ناوەکانیانە بە کورتی:

١ـ (إسماعیل)ی کوڕی (عبیدالله)ی (أبی مهاجر):

١ـ سیر أعلام النبلاء(٩٧٩).

٢ـ عمر بن عبدالعزیز لعبدالستار الشیخ لا ٦٩.

٣ـ الشرق والتسامی بحرکة الفتح الإسلامی للصلابی لا ٢٠٦، ٢٠٧.

لە ساڵی ٩٩ـ ١٠٠ی کۆچیدا ئەمیری باوەڕداران ناردی بۆ ئەفریقا بە ناونیشانی ئەمیر، بەڕاستی بوو بە باشترین ئەمیر، لەگەڵ ئەو ئەمیرەدا (١٠) زاناو شارەزای خواناسی ناردە ناویان بۆ ئەوەی لە ئاینی پاکی

خودا تێیان بگەیەنێت و حەڵاڵ و حەرامیان بۆ ڕۆشن بکاتەوە[1]، ئەم ئەمیرە تابڵێ ی دنیا نەویست و بێ فیزبووە، لە ناو وڵاتدا بە دادپەروەری ناوی دەرکردبوو، فەرمودەکانی پێغەمبەری خوای زۆر چاك لە بەردەکرد(إبن عساکر) دەڵێت: (إسماعیلی کوڕی عبیدالله) دەڵێت: دەبێت فەرمودەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ لە بەر بکەن هەروەك چۆن قورئان لەبەردەکەن، بۆ ماوەی (٢١) ساڵ لە قەیرەوان بەردەوام بوو لە سەر هیدایەتدان و ڕێ نموونی خەڵکی تا ساڵی (١٣١) گیانی پاکی بە خوای خۆی سپارد.[2]

ناوی ئەو زانایانەی، کە ناردی بۆ ئەفریقیا بەم جۆرە بوون:

١ـ (بکر)ی کوڕی (سوادە الجذامی) ئەم زانا بێ وێنەیە زیاتر (٣٠) ساڵ پێشەوایەتی فقە و فەرمودەو فەتوا بووە لە قەیرەوان، توانی فەرموودەی پێغەمبەری خوا ﷺ بگەینێتە ئەو کیشوەرە ڕەشە هەر لە ساڵی (١٢٨) گیانی پاکی بە خوای خۆی سپارد.[3]

٢ـ (أبو سعید) (جعثل)ی کوڕی هاعان الرعینی:

(إبن حجر)ی کوڕی (إبن عرب) بە یەکێ لە زانایانی تابیعینی دادەنێن، فەرموودەزانێکی فەقیە بووە، بۆتە دادگای سەربازگە لە شاری قەیرەوان، بۆ ماوەی (١٥) ساڵ زانستی لەو ناوچەیە بڵاوکردەوە، زۆربەی زانا هەڵسەنگێنەرەکان ـ نقاد ـ بە پیاوێکی خاوەن متمانە ـ ثقة ـ لە قەڵەمیان داوە و أحمدی کوڕی

١ـ تأریخ الفتح العربی في لیبیا لا ١٤٨.

٢ـ مدرسة الحدیث بالقیروان(٢/ ١٤ـ ٢٢).

٣ـ مدرسة الحدیث بالقیروان(٢/ ١٤ـ ٢٢).

حنبل ڕیوایەتی لێوە کردووە لە سەردەمی هیشامی کوڕی عبدالملك داو لە ساڵی ١١٥ی کۆچیدا دوای کردووە.[١]

٣ـ (حبان)ی کوڕی (جبله القرشی):

عمری کوڕی عبدالعزیزرحمه الله ناردی بۆ ناو خەڵکی میسر تا لە ئیسلام شارەزایان بکات، فەرموودەکانی لای: (إبن عباس) و(إبن عمر) و (عبداللهی کوڕی عەمر) بۆ ماوەی (٢٥) ساڵ زانستی لە شاری قەیرەوانی پایتەختی ئەفریقیادا بڵاوکردەوتەوە، بخاری لە (أدب المفرد)دا و (حاکم) لە (المستدرك)را فەرموودەیان لێوە ڕیوایەت کردووە، لە ساڵی (١٢٥) کۆچیدا گیانی پاکی بە خوای خۆی سپارد.[٢]

٤ـ (أبو مسعود) (سعید بن مسعود التجیبی):

فەرموودەی لە هاوەڵانی وەك(أبـو درداء)وە ڕیوایەت کردوە، تەنانەت لە پێغەمبەری خواوﷺ فەرموودەی بە (مرسل) گێڕاوەتەوە تاوای لە هەندێ کردەوە، کە لێ ی تێك بچێك و بە هاوەڵانی بزانن، بەڵام هاوەڵی پێغەمبەریﷺ نەبووە، کۆڕو هەڵقەکانیانی پڕبووە لە دەرس و پەندو ئامۆژگاری، بەرامبەر کاربەدەستان زۆر توند بووە، کۆمەڵێك لە خوێندکارانی قورئان لە قیرەوان لە بەردەستی ئەو بەرێزە بوون بە گەورە زانایانی ئەفریقیا.[٣]

٥ـ (طلیق)ی کوڕی (جعبان الفارسی):

ئەم پیاوە یەکێکە لە زانایانی تابعین و عمری کوڕی خطابی بینیوەو پرسیاری لێ کردەوە، لە (موسی)ی کوڕی (علی) و(إبن أنعم) لە سەر دەستی ئەو گەیشتنە پلەی زانایانی و زانستێکی زۆری لە ناو قەیرەواندا بڵاو کردەوە، بەڵام زانایان باسی کاتی مانەوەی لە قەیرەوان و ساڵی کۆچی دوایی یەکەی ناکەن.[٤]

١ـ مدرسة الحدیث بالقیروان(٢/ ١٤ـ ٢٢).

٢ـ هەمان سەرچاوە (٢/ ١٤/ ٢٢)

٣ـ مدرسة الحدیث بالقیروان(٢/ ١٤ـ ٢٢)

٤ـ عصر الدولتین الأمویة والعباسیة لا ٤٥.

٦ـ (عبدالرحمن)ی کوڕی (راضح التنوخی) (أبو جهم):

لە زۆر زووە ڕۆیشتۆتە ناو قەیرەوان، کە مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی(٨٠)ی کۆچی، بەڕێزترین دادوەرەکانی ئەو ناوچەیە بوو، بەردەوام بۆ ماوەی (٣٠) ساڵ زانست و زانیاری بەو ناوچەیە بە خشیوە، یەکەمین کەس بوو بە دادوەری ـ قاضی ـ شاری قەیرەوان لە ساڵی (١١٢) کۆچیدا گیانی پاکی سپاردوە.[١]

٧ـ (عبدالله)ی کوڕی (المغیرة) الکنانی:

پێش ئەوەی عمری کوڕی عبدالعزیز بە (فەرمی) بینێرێت بۆ قەیرەوان، پێشتر ماوەیەکی زۆر لە ناو خەڵکی ئەو ناوچەیەدا مابوویەوە، لەو ناوەدا زۆر ناسرابوون بە موسڵمانی یەتی و دادپەروەری، لە ساڵی(٩٩) کۆچیدا(عمر) وەك قازی قەیرەوان ناردی بۆ ئەوەێ و لەسەر ئەو کارەی بەردەوام بوو، تا ساڵی (١٢٣)ی کۆچی، کە خۆی دەستی لە کار کێشایەوە، پیاوێکی باوەڕدارو دونیا نەویست بووە، بۆ ماوەی (٢٥) ساڵی زانستی قورئان و سوننەتی گەیاندە ئەو ناوچەیە، (إبن حبان) بە یەکێ لە (الثقات)ناوی دەبات.[٢]

٨ـ (عبدالله)ی کوڕی (یزید)ی المعافری:

هەر لە سەرەتاوە ڕۆیشتە ناو شاری قەیرەوانەوە، کاتێ لە گەڵ (موسی)ی کوڕی (نضیر) دابوو، لە ساڵی (٨٦)ی کۆچیدا، لە ڕزگارکردنی ئەندەلوس[٣]دا بەژداری کردوە، پاشان گەڕایەوە بۆقەیرەوان و لەوێ مزگەوتێکی دروست کرد و لە تەنیشتیدا خانووەیەکی بۆ خۆی دروست کردو کردی بە مەڵبەندێکی بلاوکردنەوەی زانست و فەرمودەکانی پێغەمبەری خواﷺ، لە ساڵی (١٠٠) کۆچیدا عمری کوڕی عبدالعزیز دووبارە لەگەڵ(١٠) زنادا، کە ناردیەوە بۆ ئەوێ و هەر لە کۆتایی ئەو ساڵەدا کۆچی دوای کرد، پاش ئەوەی سودێکی گەورەی گەیاند بەوناوچەیە،مسلم و أحمد فەرمودەیان گێڕاوەتەوە.[٤]

١ـ عصر الدولتین الأمویة والعباسیة لا ٤٥.
٢ـ هەمان سەرچاوەلا ٤٦.
٣ـ أندلس: ئەسپانیای ئێستا.
٤ـ هەمان سەرچاوە.

٩ـ (وهب)ی کوڕی (حی) المعافری:

له ڕزگارکردنی ئەفریقیەدا بەژداری کردوە، یەکێك بوو لەو نۆ زانایانەی، کە عمری کوڕی عبدالعزیز ناردی بۆ ڕوناکبیرکردنی کیشوەری ئەفریقیا، لە قەیرەوان نیشتەجێ بوو، تیا ژیا تا کۆتای ژیانی و هەموو فەرمودەکانی (إبن)ی گەیاندە ئەو ناوچەیە، لە هیچ سەرچاوەیەکدا نە هاتووە، کە لە کەدار کرابێت لە بواری (الجرح والتعدیل) دا.

ئابەو جۆرە عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله چاکترین و باشترین زانایانی تابیعینی سەردەمی خۆی نارد بۆ باکوری ئەفریقیا، تا هەوڵ بدەن دانیشتوانی ئەو دەڤەرە لە ئیسلام و ئەحکامی شەریعەت شارەزا بکەن، بەڕاستی بەو شێوەیە دەرچوون، کە عمر گومانی پێ بردن و لەو لاتەدا بوونە سەر مەشقی چاکەو خواناسی و پێش ئەوانیش زانایانێکی زۆری تابیعین لەو ناوچەیە ڕۆڵیان هەبووەو بەرنامەی ئیسلامیان بۆ خەڵکی ڕۆشن کردۆتەوە.[١]

ئەو دە کەسە پاش خۆیان شوێنەوارێکی گرنگیان بەجێ هێشت لە قورئان و تەفسیرو فەرموودە، بڵاوکەرەوەی سوننەتەکانی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم بەکردەوەکانیان و بەبیروباوەڕی ڕاست دروستەکەیانەوە، هاوکاری دەوڵەتی ئیسلامی بوون لە بەگژداچونەوەی بیرۆکە لادەرەکانی ناوەوە، جیگیرکردنی حوکمی ئیسلامی لە ناو بەربەرەیەکاندا، (مالکی) دەگێڕێتەوە: کاتێ خەواریجەکانی هەستان دژی(حنظلة)ی کوڕی(صفوان) لە(طنجة) ساڵی (١٢٢) کۆچی و(حنظلة)یش هەموو زانایانی ئەفریقیای کۆکردەوە، کە کاتی خۆی عمری کوڕی عبدالعزیز ناردبوونی بۆ ئەوێ تا هەوڵ بدەن خەڵکەکە لە ترسناکی بۆچونی خەواریجەکان ئاگادار بکەنەوەو لە ئاینی ڕاستە قینە تێیان بگەینن و ئەوانیش پێکەوە ئەم نامەیان نوسی، تاموسڵمانان بەگشتی کاری لەسەر بکەن و باوەڕیان بەناو کرۆکەکەی هەبێت.

هەموو زانایان و زانست داران بە خواو قورئان و سوونەتی پێغەمبەرەکەی ئەو دەزانن، کە هەموو ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز دەگەڕێتەوەبۆ(١٠) ڕەوشت.

١ـ عصر الدولتين لا ٤٧.

(فەرمان، بەرگری، مژدەدان، ترساندن، هەواڵدەر، ئایەتی مانا دیار، ئایەتی مانا نادیار – متشابه –، حەڵاڵ، حەرام، نموونە)

(فەرمانبەچاکە، بەگری کردن لە خراپە، مژدەی بەهەشت، ترساندن لە ئاگری دۆزەخ، هەواڵی خەڵکانی پێشوو و داهاتوو، مانا دیار بۆ کارپێکردن، مانا نادیار بۆ باوەڕ پێکردن، حەڵاڵ دەبێت بکرێت، حەرام دەبێت نەکرێت، نمونە بۆ پەندو ئامۆژگاری.

ئەوەی بە گوێ ی فەرمان بکات، دور بکەوێتەوە لە قەدەغەکراوەن، دڵخۆش بکات بە مژدەکان، بترسێت لە هەڕەشەکان، حەڵال بە حەڵال بزانێت، حەرام دابنێت، ئەوەی ماناکای نادیار بیگەڕێنێتەوە بۆ لای خوا، لەگەڵ گوێ ڕایەڵی چاك و نیەتی پاکدا، ئەوە بڕاوەیە سەرکەوتووە، لە دنیاو ئاخیرەتدا ژیان بۆ ئەوە.[1]

ئەم نامەیە وەك بەڵگە نامەیەکی زۆر گەورەو گرنگە، چونکە مانای ئەوە دەگەیەنێت، کە تا چ ئەندازەیەکی بێ سنور ئەو زانایانەی عمر ناردنی بۆ باکوری ئەفریقا چەند زیرەك بوون، ئامانجیان ڕوون و شەرعی بووە، چۆن توانیان لە نامەیەکی کورتدا هەموو بیروباوەڕی ڕاست و دروستی ئەهلی سوننەو جماعە کۆبکەنەوە، لە بەر گەورەیی و گرنگی نامەکە بڕیاردرا لە هەموو مزگەوتەکانی ئەفریقیا بخوێنرێتەوە بەسەر موسڵماندا.[2]

٥– بە نامە بانگی پاشاکانی هیندستان دەکات بۆ لای ئیسلام:

عمری کوڕی عبدالعزیزرحمه الله نامەی نارد بۆ پاشاکانی وڵاتی (السند) و تیاندا بانگی دەکردن بۆ لای ئیسلام و دڵی خۆش دەکردن و دەیووت: هەر خۆتان ببنە گەورە پادشا وڵاتەکەتان و چی بۆ موسڵمان هەیە بۆ ئێوەش هەیە و چی لەسەر بۆ موسڵمانان دەبێت لەسەر ئێوەش دەبێت.

١– رياض النفوس للمالكي(١/ ١٠٢، ١٠٣)

٢– عصر الدولتين الأموية و العباسية لا ٤٨.

لەگەڵ نامەکانـدا هـەواڵی دادپـەرەوەری و خواناسـی یەکـەی گەیشتبووە لایـان بۆیە (جیشبە)ی کوڕی (داهر) موسڵمان بوو.[١]

پاشـاکان پـاش موسـڵمان بـوون ناوەکـانی خۆیـان گـۆڕی بـۆ نـاوی ئیـسلامی و لەسـەردەمی عمـر و یەزیـدی کـوڕی عبـدالملك دا بـەو شـێوەیە مانـەوە، عمـر زاناوشارەزایانی دەنارده ناویان تا لە ئیسلام حاڵیان بکات.[٢]

هەروەها نامەی بۆ پادشاکانی پشتی دەریای ڕەش ـ ما وراء النهر ــ و بـانگی دەکـردن بـۆ لای ئـسلام و موسـڵمان بـوون و هەنـدێکیان هـاتن بـەدەم داواکـاری یەکەوەو موسڵمان بوون.[٣]

هەروەك وەفدێکی باڵای بە سەرۆکایەتی(أبو الأعلی)ی کوڕی(أبی عمـره)ی نـارد بۆ لای (ئالیون) قەیسەری ڕۆم بەمەبەستی بانگ کردنیان بۆ لای ئیسلام.[٤]

٦ـ هاندانی خەڵکی بێ باوەڕ بۆ هاتنە ناو ئیسلام:

عمری کوڕی عبدالعزیز هەر بـەوەوە نەوەسـتا، کـە خـەڵکی بـانگ بکـات بـۆ لای ئیسلام و بەرنامەکەی خوا، بـەڵکو لـە ڕێگـەی مـاڵ و سامان بەخـشینەوە بەوانـەی دەهاتنــە نـاو ئیـسلام هــەوڵی دەدا دڵیــان کەمەنـد کـێش بکـات و ئـەم کارەشـی چاوکردنی بوو پێغەمبەری خوا ﷺ و قورئانی پیرۆزن کە هانی موسـڵمانی دەدات لـە زەکات و ماڵی موسڵمانان بدرێت بەو کەسانەی دێنە ناو ئیسلام بۆ ئەوەی دڵیان بـە ئیسلامەوە بنوسێت پێیان دەوترێت: ﴿مؤلفة قلوبهم﴾.

دەگێرنەوە (١٠٠٠) دیناری دا بە گەورە زانایەکی جولەکە لە بەر ئەوەی موسڵمان بووبوو تا لە ئیسلام ڕاوەستاو بێت.

(إبن سعد) لە (عیسی)ی کوڕی (أبی العطاء)وە دەگێڕنەوەو دەڵێت: عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله هەندێ کات پارەوە سامانی بەو کەسانە دەدا، کە تازە هاتبوونە نـاو

١ـ فتوح البلدان لا ٤٢٨.

٢ـ عمر بن عبدالعزیز وسیاسته في ردالمظالم لا ١٧٣.

٣ـ فتوح البلدان لا ٤١٥.

٤ـ عمر بن عبدالعزیز وسیاسته في ردالمظالم لا ١٧٣.

ئیسلامەوە بۆ دڵ ڕاگرتنیان.[١]

٧ـ هانی ئەهلی(االذمة)ی دەدا لە سەر موسڵمان بوون:

زۆرچاك و بەویژدان بوو لەگەڵ ئەهلی(ذمة)دا و بە هەموو شێوەیەك هەوڵی دەدا ئیسلام خۆشەویست بکات لە لاییان، بڕیاری وابوو هەریەکەیان موسڵمان ببێت، سەرانەی لە سەر لاببات، ئیتر با خەزێنەی موسڵمانانیش ـ بەرەو کزی بڕۆیشتایە.

بۆ ئەو مەبەستە نامەی نارد بۆ والی خوراسان (جراح)ی کوڕی (عبدالحکمی) و پێ ی ووت: بڕوانە کێ ڕوی کردە قیبلەکەت و نوێژی کرد، سەرانەی لە سەر لاببە.[٢]

هەروەها بۆ ئەو مەبەستەش نامەی نووسی بۆ(أهل الذمة) و هانی دەدات، کە بێتە ناو ئیسلامەوەو موسڵمان بن، نامەی دەنوسی بۆ (جراح) لە خوراسان و پێ ی ووت: بانگەوازی (أهل الذمة) بکە بابێتە ناو ئیسلامەوەو هەر یەکەیان هات بەدەستەوە خێرا سەرانەی لە سەر هەڵبگرە وچی بۆ موسڵمانان هەیە بیدەبە ئەویش و چی لە سەر موسڵمانانیشە بیدە بەسەر ئەویشدا.[٣]

ئەم کارە بوو بە هۆی ئەوەی بە لێشاو هەزاران کەس بن بە موسڵمان، هەر لە خوراسان(٤) هەزار کەس لە سەر دەستی(جراح)ی کوڕی (عبدالله) موسڵمان بوون.[٤]

لە ڕۆژئاوای وڵاتانی ئیسلام هەموو بەربەرکان موسڵمان بوون لەسەر دەستی والی عمر، کە ناوی(إسماعیلی کوڕی عبداللەی کوڕی (أبی مجاهر).

ئەمەش بەڵگەیە سەر ئەوەی عمری کوڕی عبدالعزیزرحمه الله گرنگی گەورەی بە نانگەوازی ئیسلامی داوە.

١ـ الطبقات(٥/ ٢٥٠).

٢ـ تأریخ الطبری(لا ١٧٤).

٣ـ الطبقات(٥/ ٢٨٦).

٤ـ الطبقات(٥/ ٢٨٦).

له ڕێگەی ئامۆژگاری جوان و داوا کردنی ئاشتیانه، که ئاکامەکەی کەمتر نەبوو له ئاکامی بڵاوبونەوەی ئیسلام بەڕێگای جیهاد و جەنگە ڕزگاریەکان، بەڵکو ئەمە گرنگ تر بوو، چونکه ئەو هەموو کەسە هاتنە ناو ئیسلامەوە بەبێ ئەوەی خوێنی موسڵمانێك برژێت، یان خەرجی لە ڕادە بەدەری سوپاو پێداویستی یەکانی جەنگەکان.

ئابەو شێوەیە له سەردەمی عمری کوڕی عبدالعزیزدا ئیسلام بڵاوبوویەوە له ڕێگای قسەی خێرو ئامۆژگاری جوان و دڵسۆزانەوە، بەردەوام بوونی جیهاد له سەردەمی ئومەویەکاندا پێگەیشتبوون.

ئەو زانا مەزنە بانگەوازکارانەبوون نە هۆی کەوتنی پڕۆژە مەزنە بانگەوازی و زانستی یەکەی عمری کوڕی عبدالعزیز.

بەشی شەشەم

بەشی دارای و چاکسازی یەکانی عمر لەو بوارەدا

سیاسەتی عمر لە بواری دارایی دا هەرەمەکی نەبوو، بەڵکو ئەو بەرپرسی دەوڵەت بوو، حسابی بۆ هەموو هەنگاوێکی خۆی دەکرد لەو بوارەدا، کە هەڵی دەنا، گنتی دادە بە هەموو کارێکی، کە دەستی دەدایە کردنی.[١]

لەم سیاسەتەیدا ئەم خاڵانەی ڕەچاو کرد:

* پشت بەستن بە قورئان و سوننەت و قوربانی لەو پێناوەدا:

ئەمەش بە ئاشکرا بەدی دەکرێت لە ڕێگەی نامەو وتارەکانی یەوە، وەك لە جێگایەکدا دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ و یارانی دوای ئەو ڕێڕەوو پرۆگرامیان دارشتووە، هەر کەسێك دەستیان پێوە بگرێت ئەوە دەستی بە قورئانەوە گرتووەو هێزێکی باشیشە بۆ ئاینەکەی خوا، بۆ کەس نی یە دەستکاری بکات، یان بیگۆڕێت، یان بڕوانێت بۆ ئەو کەسانەی، کە پێچەوانەی دەکەن.[٢]

* جێگیرکرنی بە هاکانی هەق و داد پەروەری و ستەم لابردن:

ئەمەبنچینەی سیاسەتەکانی عمر بووە، هەموو ئەو ئامانجانەی هەوڵی بۆ دەدا، کە بیانهێنێتە دی لەسەر ئەم بنچینەیە دامەزرابوون، گەڕاندنەوەی هەق بۆ خاوەنەکانیان و هەڵگرتنی زوڵم و ستەم لە بنچینە سەرەکی یەکانی شەریعەتی ئیسلامن، لە مەبەستە گەورەکانی ئیسلامن، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِٱلْبَيِّنَٰتِ وَأَنزَلْنَا مَعَهُمُ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْمِيزَانَ لِيَقُومَ ٱلنَّاسُ بِٱلْقِسْطِ﴾ الحديد: ٢٥.

١ـ السياسة الإقتصادية والمالية لعمر بن عبدالعزيز. لا ٢٧

٢ـ سيرة عمر (لابن عبدالحكم) لا ٢٨.

(إبن قيم) دەڵێت: بنچینەو بناغـەی ئیـسلام بنیـات نـراوە لەسـەر حـوکم ڕانـی و پاراستی بەرژەوەندی خەڵکی لە ژیانداو لە دوا ڕۆژیشدا، هەمووی دادپـەروەری یـە، هەمووی بەزی یە، هەمووی بەرژەوەندی یە، هـەمووی ژیریـە، هـەر مەسـەلەیەك لـە قالبی عەدل بەرەو ستەم چـووە دەرەوە، لـە حیكمـەت و ژیـری بـەرەو هەڕەمـەكی چووە دەرەوە، هیچ پەیوەندی یەكی بە شەریعەتەوە نامێنێت.[١]

عمرﷺ هەر كاتێ ڕاستی بۆ دەربكەوتایـە خێـرا دەگەڕایـەوە سـەری و لـە سـەر هەڵە بەر دەوام نەدەبوو، لەو بارەیەوە دەیووت: هیچ قوڕێك لەلام ئەوەندەی ئـەوە نەرم نی یە و هیچ نامەیەك وەك ئەوە لام ئاسان نی یە بەئەندازەی ئـەوەی، كـە لـە مەسەلەیەكدا حوكمێك دەربكەم و، پاشان ببـنم هـەق لـە پێـچەوانەكەیدایە، زۆر بـە ئاسانی بگەڕێمەوە لە قسەكەی پێش خۆم.[٢]

یەكەم: ئاما نجە ڕامیاری و سیاسی یەكانی عمر

١ــ سەر لەنوێ دابەش كردنەوەی سامان لە سەر بنەمای دادپەروەری:

عمـری كـوڕی عبـدالعزیزﷺ ئـەو پـەڕی هـەوڵی دا لـە سـەردەمی خەلافەتیـدا، دابەشكردنی خێروخێراتی وڵات لە ناو میللەتـدا یەكسان بكاتـەوە، بە جـۆرێ، كە خوای گەورە ڕازی بكات و هـەق و مافـەكان بگێڕێتـەوە بـۆ جـێ ی خـۆی و زوڵـم و ستەم نەهێڵێت، عمر ئەمەی بەباشـی لـە بـەر چاو گرتبـوو، بـە وردی ئـەو لادانـەی چاودێری دەكـرد لەسـەر دەمـی خەلیفـەكانی پێـشوودا ڕووی دابـوو، تێبینـی ئـەو ئەنجامە خراپانەی دەكرد، كە لە دەروونی جەماوەردا دروستی كردبوو، ڕەخنەی لە سیاسـەتی دابەشـكردنی سـامانی سـلیمانی كـوڕی عبـدالملك دەگـرت، پـێ ی ووت: دەتبینم بەم كارانەت دەوڵەمەندەكان زیاتر دەوڵەمەند دەكەیت، هەژارەكانیش زیاتر داماوتر دەكەیت.[٣]

١ــ إعلام المعوقين(٢/ ٢)

٢ــ سير و مناقب عمر لابن الجوزي لا ١١٢.

٣ــ سيرة عمر (إبن عبدالحكم) لا ١٢٥.

عمر رحمه الله له ڕێگەی ئەو جیاوازی یە گەورەیەی کەوتبووە نێوان ئابوری خەڵکی یەوە شێوازی چەوتی دابەش کردنی سامانی بۆ دەرکەوتبوو، بۆیە سیاسەتێکی نوێ ی نەخشە کێشا بۆ ئەوەی لەڕێگایەوە قەرەبوویەك بۆ ستەم لێکراو هەژارانیش بکاتەوە.

عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله لەم ڕێگایەدا کۆمەڵێ هۆکاری بەکار هێنا بۆ گەیشتن بەو ئاکامەی لەوانە: بەرگری کردنی لە مۆڵ بوونی و سامان و پارەی ولات لەلای گەورەپیاوان و فەرمان ڕەوایان و دەست گرتن بەسەر ئەو موڵکانە، کە بە نا ڕەوا داگیرکرابوون، کار بەدەست و گەورە پیاوان دەستیان بەسەردا گرتبوون، گەڕانەوەی ئەم سامانانە بۆ خاوەنەکانیان هەر کاتێ ناسرانەوە، خۆ ئەگەر خاوەنیان نەناسرابایەوە دەیخستە خەزێنەی موسڵمانان و دەی کرد بە سامانی گشتی ی.

زیادکردنی موچەی ئەو کەسانەی ئاستی ئابوریان نزم و نەدار بوون و، سەرپەرشتی دەکردن، مسۆگەر کردنی ئاستی بژێویان لە ماڵی زەکات و سەرچاوە دارایەکانی تر.[1]

بەکردەوە هەستا بە جێ بەجێ ئەم سیاسەتەی، وەك چۆن پێشتر باسمان،کە چۆن مافەکانی گەڕاندەوە بۆ خاوەنەکانیان، سیاسەتی عمر لە دابەش کردن ساماندا بەو نیازەوە بوو، کە ئاستی تێرو تەسەلی ـ کفیایةـ ئەمەش لە وتارەکان تێبینی دەکرێت، ئەوە بوو ڕۆژێك وتاری بۆ خەڵکی دەداوەو دەیووت: ئاواتە خوازام دەوڵەمەندەکانی کۆببونایەتەوەو چی لە خۆیان زیادەبیاندایە بە هەژاران تا هەمووی دەچووە یەك ئاستی ژیان و منیش یەکێك دەبووم لەوان.[2]

لەوتارێکی تردا دەیووت: هەر یەکە لە ئێوە پێویستی یەکانی خۆیم پێ بگەنێت ئامادەم بەوپەڕی توانا بۆی جێ بەجێ بکەم، هەر کەسێ دەستی ناگاتە لام تا هاوکاری بکەم ئاواتە خوازبووم لەمن و کەسە نزیکەکانمەوە دەستی پێ بکردایە

١ـ السياسة الإقتصاديتو المالية لا ٢٥.

٢ـ الإدارة الإسلامية في عصر العرب. لا ١٠٢.

تاژیانی ئێمەو ئەوان وەك یەکی لێ بهاتایە.[١]

عمرڕەحمەتی خوای لێبێت بەکردەوە ئەم نیازە بەرزانەی خۆی جێ بەجێ کرد، کاتێ فەرمانی‌دا قەرزی هەموو قەرزاران ببژێرن، تا کاربە دەستێکی نامەی بۆ ناردو پێ ی ووت: قەرزاری وا هەیە لە لای ئێمە وەزعی باشە خانووی هەیە، خزمەتکاری هەیە، ولاخێکی هەیە، هەمووشتی ناومالی هەیە! عمرڕەحمەتی خوای لێبێت پێ ی ووت: دەی ئەوە چی یە؟ هەموو کەسێك دەبێت خانویەك تیا بژی، خزمەتکارێك کارەکانی بۆ ئاسان بکات، ولاخێکی هەبێت بۆ جیهادی دوژمنانی و، شت و مەکی ناومالی ولات، لەگەل ئەوەشدا قەرزار بوو قەرزەکانی بۆ ببژێرن.[٢]

سیاسەتی سەر لە نوێ دابەش کردنەوەی سامانی لە لای عمر بە مەبەستی ئەوەوەبوو، کە خەلکی لە هەندێ شتی سەرەکیدا وەك یەك وابن، وەك: خانوو، ولاخی سواری = ئوتومبێلی ئێستا ـ شت و مەکی ناو مال، کە ئەمانە لە پێداویستی یەکانی ژیانی مرۆڤن و ژیان بەبێ ئەوانە زۆر ئاستەم و نارەحەتە.[٣]

٢ـ هێنانەدی گەشەی ئابوری و خۆش گوزەرانی کۆمەلایەتی:

عمری کوری عبدالعزیز لە ڕێگەی زۆر هۆکار دەیویست ئەم ئامانجە بێنێتەدی، گەش و هەوایەکی گونجاوی لە ڕێگەی پاراستنی ئاسایش و نەهێشتنی ئاژاوە ناوخۆیەکانەوە هێنا کایەوە، بۆ ئەم گەشە ئابوری یە، گەڕانەوەی مولك و سامانەکان بۆ خاوەنە شەرعی یەکانی خۆیان، تاوای لێ هات میللەت دلنیابوو لەوەی مافەکانی مسۆگەر و پارێزراوە لە ولاتی خۆیدا زۆر بە دلنیایەوە دەژی، هەروەها فەرمان بە دروست کردنی شوێنە گشتی یەکان، کە ئەمڕۆ پێ ی دەوترێت ژێرخانی ئابوری، گەش و نومای ئابووریش بەم کارانە نەبێت مەحالە بێتەدی، وەك ڕووبارو ڕێگاو بان و شتی تر، عمرڕەحمەتی خوای لێبێت بنەمای ئابوری سەرەکی دنا، بەلام بە کۆمەلە مەرجێکی شەرعی، تاوای لێهات خەلکی دەستیان دا بە بازرگانی و پەرە

١ـ سيرة عمر (إبن عبدالحكم) لا ٤٢.

٢ـ هەمان سەرچاوە لا ١٧١.

٣ـ السياسة الإقتصاديةو المالية لا ٢٨.

پێدانی سامانەكانیان، هەروەها گرنگی یەكی تایبەتی دا بەكشتوكاڵ، بە جۆرێ، كە كەرتی كشتوكاڵی بەگەورەترین كەرتەكان دادەنرا لەسەر ئاستی تاكەكان، ڕۆڵێكی گەورەی هەیە لەسەر میزانی یەی وڵات.

عمر و هەموو ئومەت بەرووبومی ئەو سیاسەتەیان دەست كەوت و، خۆش گوزەرانی باڵی كێشا بەسەر هەموو وڵاتی ئیسلام و بەندەكانی خوادا.[1]

پیاوێك لە نەوەكانی (یزید)ی كوڕی خطاب ﷺ دەیووت: عمری كوڕی عبدالعزیز دوو ساڵ و نیو واتە: (٣٠) مانگ حوكمی موسڵمانانی كرد، لە دونیا دەرنەچوو تا موسڵمانان وایان لێ هات، كە پیاوێك دەهات بۆ لامان بەسامانێكی زۆرەوە دەیووت: ها بیبەن دابەشی بكەن بە سەر هەژاراندا، كەچی بە پارەوماڵەكەوە دەگەڕایەوە، چونكە كەس نەمابوو خێری پێ پشێ، عمری كوڕی عبدالعزیز هەموو لایەكی دەوڵەمەند كردبوو.[2]

دووەم: چەند هۆكارێكی عمر بۆ جێ بەجێ كردنی ئامانجە ئابوریەكانی دەوڵەتەكەی

عمر ﷺ لە ڕێگەی كۆمەڵێك هۆكارەوە ئەم ئانجانەی هێنایەدی:

١ـ دەستەبەركردنی كەش و هەوای گونجاو: لەم ڕێگایانەی خوارەوە:

أـ گەڕانەوەی مافەكان بۆ خاوەنەكانیان: كەش و هەوای پڕ لە ئاسایش و دڵنیایی هاتە دی، بەهاكانی هەق و دادپەروەری و گەڕانەوەی مافەكان بۆ خاوەنەكانیان و ناوی لێنا (نەهێشتنی ناهەقی یەكان) هەموو هاتەدی[3]، كە پێشتر بە درێژی و بە نموونەوە لەم خاڵانە دواین.

ب ـ عمری كوڕی عبدالعزیز ﷺ ئەم سەربەستی ئابوریەی جەندجار دووپات كردۆتەوە، كە ئەمڕۆ پێ ی دەڵێن: ـ بازاڕی ئازاد ـ بەڵام لە دەوڵەتی عمر دا

١ـ السياسة الإقتصاديةو المالية لا ٤١.

٢ ـ سيرة عمر (إبن عبدالحكم) لا ١٢٨.

٣ـ السياسة الإقتصاديةو المالية لا ٤٢

هەڕەمەکی نەبوو، بەڵکو مەرج داربوو،لەم بارەیەوە دەنوسێت بۆ کاربەدەستێکی و پێ ی دەڵێت: لە بەندایەتی کردنی خوایەو لە قورئانەکەی دا بڕیاری داوە بانگ کردنی خەڵکی بەگشتی بۆ لای ئیسلام، خەڵکیش سەربەست بکرێن بەئارەزووی خۆیان لەوشکای و دەریادا کاسبی و بازرگانی خۆیان بکەن و ڕێیان لێ نەگیرێت و بەرگری نەکرێن، لە شوێنێکی تردا دەڵێت: پردی زۆر لێ بدەن بۆ هاتوچۆکردنی خەڵکی بەبێ بەرامبەر، چونکە کاربەدەستە خراپەکانی پێشوو بە ناڕەوا دەست درێژیان کردۆتە سەر خەڵکی.[1]

عمر رحمه الله خۆی هەڵنەقورتاندۆتەوە مەسەلەی نرخ دانان: (عبدالرحمن)ی کوڕی (شوبان) دەڵێ: عمری کوڕی عبدالعزیزم ووت: ئەی ئەمیری باوەڕداران بۆچی لە سەردەمی تۆدا نرخی شتەکان گران بووە، کەچی لەسەردەمی پێش تۆدا هەرزان بوون؟ لەوەڵامدا ووتی: فەرمانڕەواکانی پێش من مـن(أهل الذمة)یان دەچەو ساندەوە بە جۆرێ ناڕەحەتیان دەکردن، کە ناچار بن چیان هەیە بە هەرزان بیفرۆشن و لە دەستیان بێتەوە، بەڵام من بۆ هیچ شتێك لە توانای خۆی بەدە داوای هیچ لەشتێك کەس ناکەم، خەڵکی بە ئارەزوی خۆی شت بفرۆشت، منیش پێم ووت: ئەگەر نرخت لەسەر شتەکان دابنایە، ووتی: ئێمە بۆمان نی یە ئەو کارە بکەین و نرخ لە تایبەت بەندی خوایە.[2]

عمر رحمه الله توندوتیژبوو لەو کاڵایانەی، کە حەرام بوون و نەیدەهێشت کڕین و فرۆشتنیان بەسەرەوە بکرێت، عەرەق ــ مەی ــ شتێکی زۆر پیسەو نابێت لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا مامەڵەیان پێوە بکرێت لە بەرحەرامیەتەکەی و زیانەکانی، بە جۆرێ، کە خواردنەوەی دەبێتە هۆی حەڵاڵ کردنی خوێنی بێ تاوانان و خواردنی سەروەت و سامانیان، بۆیە عمر رحمه الله دەیووت: هەرکەسێ ببینن بیخواتەوە، پاش ئەوەی ئاگادارمان کردن سزایەکی بە چێژی دەدەین، چ لەخۆی چ لە دارایەکەی و، دەکەین بە پەند بۆ خەڵکانی تر.[3]

١ــ الإدارة الإسلامية محمد كرد علي لا ١٠٥.

٢ــ السياسة الإقتصاديةو المالية لا ٤٨.

٣ــ سيرة عمر (إبن عبدالحكم) لا١٠٢.

سیاسەتی عمر لە گەڕانەوەی نا هەقی یەکان بۆ خاوەنەکانیان و فەراهەم هێنانی سەربەستی ئابوری ڕێك و پێك، کەش و هەوایەکی وای ڕەخساند بۆ خەڵکی، هانی دەدان بۆ کارکردن و بەرهەم هێنان، هەموو بەربەستەکانی بەردەمیای لابرد، ئەمەش بوو بە هۆی گەشەی بازرگانی، دواتریش بوو بە هۆی زیادبوونی زەکات دانەکان، کە ئەمەش دووبارە بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی چینی هەژارو دواتریش بەو هۆیەوە سەرفیات زیاد دەکات،دواکاری شت و مەك و کاڵاکان لە زیاد بووندا دەبێت، بەو هۆیەشەوە بوژاندنەوەی ئابوری و بەرزبوونەوەی ئاستی ژیان و خۆش گوزەرانی دێتەکایەوە.[1]

٢ـ ڕێگرتن لە فرۆشتنی زەویە ـ خەراجی یەکان ـ[2]:

خەڵکی پرسیان لە(عبدالملك)ی کوڕی (مروان)و (ولید)و (سلیمان) دەربارەی کڕینی زەوی خەراجی لە(أهل الذمة) ئەویش ڕێگەی پێدان بە مەرجێ پارەکەی بخەنە (بیت المال)، کاتێ عمری کوڕی عبدالعزیز چووە سەر حوکم دەستی لەو کڕین و فرۆشتنانەی پێشوو نەدا، چونکە تێکەڵی میرات و مارەی ئافرەتان بووبوون، نەیدەتوانی جیایان بکاتەوە، بەڵام لە ساڵی(١٠٠)ی کۆچیدا پەیامێکی نووسی بۆ خەڵکی و خوێندرایەوە بەسەریاندا، کە ووتی: لە دوای سەری ساڵی کۆچی یەوە هەموو کڕین و فرۆشتنێك بەو موڵکانەوە دانامەزرێن، ئەوساڵە ناوی نرا ساڵی (ماوە). لەو ساڵەوە کەس ئەو زەویانەی نەدەکڕی.[3]

خاوەنی زەویەکان داوایان لە عمر کرد، کە زەکات لە سەر زەویەکانیان دابنێت لە باتی (خەراج) عمریش لە وەڵامیاندا ووتی: من شتێکی تر نابینم لە ئیسلامدا ڕۆشنتربێت لە مەسەلەی ئەم زەویانە خوای گەورە ناوی ناون (فەیئ).

(أبو عبیدە) دەڵێت: بۆچوونی عمر وابووە، کە ئەو زەویانە حیسابی (فەیئیان)

١ـ سیاسة الإنفاق العام في الإسلام لا ٣٧٢.

٢ـ خەراج: ئەو زەویەیە، سوپای ئیسلام شوێنێك ڕزگار دەکات، زەویەکان دەداتەوە خاوەنەکانیان بەرامبەر پارەیەکی ساڵانەی کەم.

٣ـ الخراج، للریس لا٢٩٠.

بۆ دەکرێت، لە بەر ئەو هۆیە قەدەغەی کردبوو لەسەر خاوەنەکانیان، کە بیفرۆشن،[١] نامەیەکی نووسی بۆ (میمون)ی کوڕی (مهران)و پێ ی ووت: نەیەڵێت خاوەن زەویەکان ئەو زەویانەیانەیان بفرۆشن، چونکە ئەوانە مالّی فەیئی موسڵمانانن.[٢] هەروەها نەیهێشتووە زەوی یە ـ خەراجی یەکان ـ بگۆڕن بۆ زەوی دەیەك،[٣] بەڵکو خەراجیش و یەدەکیشی لە سەر دانابوو و دەیووت: خەراجەکە لەسەر زەویەکەبوو، دەیەکەکەش لەسەر دانەوێڵەکان[٤]

ئابەو جۆرە عمرﷺ پارێزگاری کرد لەو سەرچاوە سەرەکی یەی بەرووبوم، کە سەرجەم موسڵمانان سودی لێ وەربگرن، نەك بیفرۆشێت و سودەکەی بەش بەش و بچوك بکرێتەوە.[٥]

ب ـ هاوکاری کردنی جوتیاران و سوککردنی سەرانە لە سەریان:

لە پێش حوکمڕانی عمردا هەندێ لە خەلیفە ئەمەویەکان سەرانەی قورسیان خستبووە سەر جوتیاران، جۆرەها سەرانەیان داهێنابوو، وای لێ هاتبوو دارەکان تەواو هەراسان بوو بوون و زەویەکانیان بەجێ هێشتبوو، تەنها خەراجیان دەدا، ئەوەش زیانێکی گەورەی دابوو لە دارایی دەوڵەت، ناچاری جۆرەها سزادانیان بووبوون لەپێناوی پارەو سەرانە لێ سەندیان،تاوایان لێ کردبوون ئاژەڵ و کەل و پەلیان دەفرۆشت تا سەرانەکانی پێ بدەن.[٦]

هەرکە ئەمیری باوەڕداران عمر چووە سەر حوکم هەموو ئەو سەرانانەی، کە پێچەوانە بوون لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامدا لایبردن و نەیهێشتن، بۆ ئەو مەبەستەش نامەی نووسی بۆ هەموو کاربەدەستەکانی و تیادا بەکاربەدەستی کوفەی ووت:

١ـ الأموال أبی عبیدة لا ١٢١ژ ٢٥٦.
٢ـ هەمان سەرچاوە لا ٢٥٧.
٣ـ السیاسة الإقتصادیةو المالیة لا ٥٠.
٤ـ الأموال لا ٢٣٥.
٥ـ الخراج لا ٢٣٩.
٦ـ هەمان سەرچاوە لا٢٥٧.

خەڵکی شاری کوفە نیگەران و ناڕەحەتی دەستی زوڵم و ستەمی بە ناوی شەرعی خواوە، کاربەدەستە خراپەکان ڕێچکەی ناڕەویان داهێناوە، خەراج وەرنەگرن لەکەس، دیاری بۆنە ئاینەیەکانیان وەرنەگرن، هەروەها نرخی وەصل و کرێ ی گەنجینەکان لەکەس وەرنەگیرێن.

سەرانەی قوبالەی لابرد، کە بریتی بوو لەوەی، کە کەسێك دەبووە ناوەندو سەرانەکانی لە جوتیاران کۆدەکردەوەو جوتیاری هەژار لەبەرامبەر ئەو کارەدا پارەیان پێ دەدا، هەروەها شێوازی حەرزانەشی سڕییەوەبەجۆرێ، کە کاربەدەستەکان نرخی بەرهەمە کشت و کاڵی یەکانیان زۆر بەزیادەوە دادەنا و پارەکەشیان بەدەستی دەویست لە جوتیار، جوتیاریش بەو هۆیەوە زۆر نا رحەت بوون، عمریش رحمه الله پێ ی دەوت: هەواڵم پێ گەیشتووە کە هەندێ لە کاربەدەستەکانت لەناوچەی فارس نشێن نرخی گران دەخەنەسەر بەروبومە کشت و کاڵی یەکان لە نرخی بازاری ئاسایی زیاترو داوتر پارەکەیان بەو زیاترەوە بەدەستی دەوێت لە جوتیارەکان، بۆیە (بشر)ی کوڕی (صفوان) و (عبدالله)ی کوڕی(عجلان)م ناردبۆ لاتان تا لەو مەسەلەیە بکۆڵنەوە، هەرپارەیەکی زیاتریان لە جوتیاران وەرگرتووە بۆیان بگێڕنەو.[1]

هەروەك عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله فەرمانی دا بە سڕینەوەی ئەو سەرانە هەیشەیی یەی لە سەر خەڵکی یەمەن دانرابوو، کە وەك خەراج بوو لەسەر زەویە دەکەکان(العشریە) بۆ ئەو مەبەستە نووسی بۆ کاربەدەستەکەی لە یەمەن پێ ی ووت: تۆ نامەت بۆ نوسیم، کە گوایە لە یەمەن دەست بەکار بویت، دەبینی سەرانەیەکی زەوی و زار ـ خەراج ـ سەپاوە بەسەر خەڵکیدا وەك جزیە و لە هەموو باروو زوروفێکدا دەبێت بیدەن، ساڵی هات، ساڵی قات و قڕ، بمرن یان بژین! دەی پاك و بێ گەردی بۆ خوای جیهانیان و دوبارە پاك و بێ گەردی بۆ خوای جیهانیان!! هەر، کە نامەی منت پێ گەیشت چی پڕ لە دادو ڕەوایە بیکە و چیش

١ـ الضرائب في السواد لا ٦٥.

ستەم و ناڕەوایی تێدایە وازی لێ بهێنە، هەق برۆ ئیتر من و تۆ چیمان بەسەر دێت، با بێت، ئەگەر هەناسەیشمان لێ بڕڕێت، ئەگەر لەهەموو یەمەنەوە هیچم بۆ ڕەوانە نەکەیت جگە لە مشتێ کەتم[١]، خوا دەیزانێت من بەوە مەسرورو دڵخۆش دەبم، ئەگەر لەگەڵ هەق و ڕەوا دا بێت، (والسلام).[٢]

تێبنی ئەوەی لێ دەکرێت لە نامەکانی عمردا بۆ کار بەدەستی هەرێمەکانی تێبینی ئەو لادانانەیە دەکرێت، کە لەسەر دەستی کاربەدەستانی پێش خۆیدا ڕوویان داوەو عمر بە ڕەوای نەزانیبوون، ئاسەواری ئابوری خراپیان لێ کەوتبویەوە، بە جۆرێ، کە خاوەن زەویەکان چاری زەویەکانیان نەدەکرد و ناچار دەیان هێشتنەوە، بەو جۆرە بەروبوم لاواز دەبوو بەو هۆیەشەوە وڵاتی ئیسلام و (بیت المال)ەکەی زیانیان لێ کەوتبوو، بەڵام عمر رحمه الله زۆر سوربوو لەسەر ئەوەی هەق جێ بەجێ بکات و نەترسێت لە چەندێتی، بەڵکو خەمی چۆنی یەتی بخوات، ئەو دەستکەوتی زۆری نەدەویست لە ڕێگەی زوڵم و ستەمەوە[٣]، لابردنی ئەو کۆمەڵە سەرانە لەسەر جوتیاران وای کرد لە ئابوری وڵات گەشە بکات و ببوژێتەوە.

ج ـ چاکسازی و ئاوەدانی و زیندوکردنەوەی زەوی یە مردووەکان:

عمر رحمه الله زۆر هانی خەڵکی دەدا تا زەویە مردوەکان زیندو بکەنەوە، چاکسازی کردنی زەویەکان بۆ کشتوکاڵ، بۆ ئەو مەبەستە نامەی نووسی بۆ کارمەندەکەی کووفەو پێ ی ووت: زەوی کشت وکاڵی بەرهەم دار و زەوی بێخێر وەك یەك دا مەنێ، بەڵکو لەزەوی یە بێسودو بێ خێرەکان بە پێ ی بەرو بومی سەرانەیان لێ وەربگرە، هەوڵ بدە ئەو زەویانە چاك و بەرهەم داریکەیت، لەخاوەنی زەویە بەرهەمدارەکانیش مەسێنە، مەگەر بەپێ ی بەروبومەکان و بە شێوەیەکی نەرم نیان و جوان[٤]

١ـ کەتم: ڕوەکێکە لەگەڵ خەنەدا تێکەڵ دەکرێت و قژی پێ ڕەنگ دەکرێت.

٢ـ سیرة عمر (إبن عبدالحکم) لا١٢٦و الخراج للریس لا ٢٢٩

٣ـ السیاسة الإقتصادیةو المالیة لا

٤ ـ الأموال لأبی عبیدة ژ ١٢٠ لا ٧٥.

هەروەها نووسینی هەرکەسێ خۆی ئاو بۆ زەویەك ساز بکات ئەوە خێروبێرووی بۆ خۆیی یەتی، (حکیم)ی کوڕی(زریق) ووتی: نامەیەکی عمری کوڕی عبدالعزیزم خوێندەوە، کە بۆ باوکمی ناردبوو، تیایدا نووسیبوی بۆی هەرکەسێ زەویەك زیندو بکاتەوە بەکێلان، یان دیوارکردنی ئەوەبیکە بەهی خۆیان، مەگەر لە خەڵکانێکی تریان کڕیبێت، یان هەندێکیان زیندوکردبێتەوە، هەندێکیان بەجێ هێشتبێت.[١]

عمررحمه الله زۆر سوربوو لەسەر کێڵانی زەویە تایبەت مەندیەکان، کە بەرپرسان بەدیاری دابویان بەهەندێ کەس و دواتر کەسەکە مردووەو وارسیشی نی یە، ئەوکات زەویەکە دەگەڕێتەوە بۆ(بیت المال)و نەی هێشتووە بدرێت بەکەسی ترو فەرمانی داوە بەدوو کوتی بدرێت بە جوتیاران ئەگەر بەرهەمی بێنن و بەسێ کوتی ئەگەر بیکێڵن و نەیکەن بەهیچ، ئەگەر نەیکەن بە هیچ و نەشی کێڵن ئەوە دەیەکی لێ بسەنن، ئەگەر کەس خۆی نەکات بە خاوەنیان، ئەوە (بیت المال) بەخاوەنی ئەو زەویانەیە دەکات.[٢]

عمررحمه الله زۆر گرنگی داوە بە جوتیاران، زیانەکانی بۆ دەبژاردن، لەو بارەیەوە دەگێڕنەوە سوپایەکی وڵاتی شام دایان بەناو کێڵگەی جوتیارێکداو پان پشلیان کردەوە، کابرای جوتیاریش خەلیفە عمری ئاگادارکردەوە، ئەویش دەهەزار درهەمی پێدا لە قەرەبووی کشتوکاڵەکەیدا.[٣]

قەرزی دەدا بەکشاوەرزان و لەنامەکەیدا بۆ والی عێراقی ناردبوو پێ ی ووتوە: سەیری حاڵی هەموو ئەو کەسانە بکە، کە (جزیة) دەدەن، ئەگەر توانای نەبوو زەویەکەی بەرهەم بێنێت سولفەی پێبدەن تا زەویەکانی بکێڵێت، چونکە ئێمە بۆ ساڵ و دوو ساڵمان ناوێن.

ح ـ عمر و قاغەکان (الحمی):

عمررحمه الله هەموو قاغە کردنێکی تاکە کەسی لابرد و ئەو زەویانەی کردەوە بە

١ـ الأموال لأبی عبیدة ژ ١١٧ ٢٦٩.

٢ـ سیرة ومناقب عمر لابن الجوزی لا ١١٧.

٣ـ التطور الإقتصادی في العصر الأموی لا ٢٠٢.

زەوی گشتی موسڵمانان، نەیدەهێشت بۆ كۆمەڵێكی تایبەتی بێت و خەڵكانی تری لێ بێ بەش بكرێت، لەو بارەیەوە دەیووت: ئێمە وادەبین، كە قاغەكانمان بگەڕێنەوە بۆ موسڵمانان، قاغەی تایبەت كرد، بەڵام بۆ حوشترەكانی (بیت المال)، هەر چەندە هەندێ كەس لێرەو لەوێ لەوبارەیەوە تانەیان لەو بڕیارە دەدا بۆیە ووتی: ئێمە وابەچاك و خاوێن دەزانین، كە وازیان لێ بهێنن و هەموو موسڵمانان ولاخی خۆیانی تێ بكەن، گەورەی وڵاتیش وەك یەكێك لە موسڵمانان مافی هەیە لەو قاغانەدا، چونكە باران بەخششی خوایەو بۆ هەموو بەندەكانی خۆی دەبارێنێت.

كاتێ هەموو قاغەكراوەكانی بۆ موسڵمانان ئاچوغ كر، تەنها قاغەی (نقیع) نەبێت، پێغەمبەری خواﷺ كاتی خۆی بۆ حوشترەكانی (بیت) تایبەت كردبوو.[١]

بە قاغەكردنەوەی لەوەرگاكان واتە: سودە گشتی یەكەی، تا بەردەوام وەقف بێت بۆ سەرجەم موسڵمانان.[٢]

هـ ـ بتەوكردنی ژێرخانی ئابووری:

عمری كوڕی عبدالعزیزرحمه الله هەوڵی دەدا كۆمەڵە پرۆژەیەك بە ئەنجام بگەینێت، كە بنە هۆی بە هێزكردنی لایەنی ئابوری، ئەم كارەیشی لەو سەردەمەوە دەستی پێ كردن كە بوو بە والی شاری مەدینە، ئەم پرۆژە گرنگانەیشی لە بەرژەوەندی بازرگان و جوتیارو گەشتیاراندا بوو، بە جۆرێ بەردەوام فەرمانی دەردەكرد بە لێدانی جۆگەو ڕوبار و بیر لە شاری مەدینە و جێگاكانی ترو، لە شاری مەدینەدا بیری (حەفید)ی لێدا، كە ئاوەكەی زۆر سازگار بوو، هەروەك مزگەوتی پێغەمبەری خوایﷺ فراوان كردو منارەكەی بەرزكردەوە، چەندان ئوتێل و خانی و ولاخ و شوێنی مێوانداری ڕێبواران و گەشتیارانی دروست كرد[٣]، هەستا بەلێدانی كەنداوی ـ أمیرالمؤمنین ـ لە نێوان نیل و ڕێبواران و گەشتیارانی دەریای سوردا، تا بە

١ـ فتح الباری (٥/ ٢٤)

٢ـ الإتجاه الجماعي في التشریع الإقتصادی لا ٢٤٢.

٣ـ خامس الخلفاء الراشدین للبدری لا ١٧٠.

ئاسانی لە میسرەوە کاڵا بگوزرێتەوە بۆ شاری مەککە لە سەردەمی خۆیدا.[١]

ڕێگـای دا بـەوالی بەسـرە بەهەڵکەنـدنی ڕوبارێـك لـە سـەر داوای دانیـشتوانی شارەکەو ناوی لێ نا ڕووباری (عەدی)[٢]

سێ یەم سیاسەتی عمر و داهاتەکان:

سیاسـەتی پەیـداکردنی پارەوسـامان و ڕێگاکـانی خـەرج کردنـی دوو فاکتـەری گـرنگن لـە بـواری ئابوریـدا، بۆیـە سیاسـەتی عمـررحمه الله بـەوە دەسـتی پێکـرد، کـە بەڕێژەیـەکی زۆر سـامانی بـۆ میلـەت سـەرف دەکـرد، قـەرەبووی هـەموو سـتەم لێکراوەکانی لە(بیت المـال) دەکـردەوە، تـاوای لێهـات خەزێنـەی عێـراق تـاپی بـوو ناچار لە شامەوە سامانیان هێنا بۆ (بیت المال)ی عێراق.[٣]

پارەیەکی زۆریشی لـە پـڕۆژە کـشت وکـاڵی یەکانـدا خـەرج کـرد و خـەرجی زۆر دەکرد لەو پێناو پتەوکردنی ژێرخانی ئابوری وڵاتی ئیسلام دا، هـەروەك سـامانێکی بێ ژماری لە بواری چاودێری کۆمەڵایەتیدا بۆ میلەت خەرج کرد.

لـە لایـەن داهاتەکانـەوە، هـەوڵی داو هـەموو بـاج و سـەرانە ناهەقـەکانی لابـرد، (جزیة)ی هەڵگرت لە سـەر هـەموو کەسێکی (أهـل الذمـة)، کـە موسـڵمان دەبـوون، سەرانە لاوەکیەکانی هەڵگرت لەسەر کشا وەرزان، هەموو سەربار خۆری و کۆتەکانی لەسەر لابردن.

هـەروەها (بیـت المـال)ی کـردووە بـەخاوەنی موڵـك و هـەموو قاغـەو بەخشـشە تایبەتی یەکانی لەخەڵکی سەندەوە وخستی یـەوە و، هـەموو تایبـەت مەندیـەکانی ئەمیرو بەرپرسەکانی گەڕاندەوە بۆ دەوڵـەت، لـە زۆربـەی پـارەی دەوڵـەتی خـستە پێناو لایەنی ئیدارياتی مەدەنی و سەربازی.[٤]

١ـ السياسة الإقتصاديةو المالية لا ٥٥

٢ـ هەمان سەرچاوە لا ٥٧.

٣ـ سيرة عمر إبن عبدالحكم لا ١٢٩.

٤ـ السياسة الإقتصاديةو المالية لعمر لا ٨٥ .

هەموو ئەم كارە مەزنانەی ئەمیری باوەڕداران‌ رحمه الله بوون بە هۆی تەقاندنەوەی ووزەكان، كشت وكاڵ و بازرگانی پەرەی سەند، بەو هۆیەشەوە داهاتەكان چەند جار بوونەوە، وەك زەكات و خەراج و دەیەك، وای لێ هات خەزێنەی دەوڵەت پڕبوو، لێ ی ڕژا، عمریش‌ رحمه الله زیادەكانی دانابوو بۆ پڕۆژە گشتیەكان تا زیاتر ئامانجە ئابوریەكان بێنە دی.

لە مێژووشیدا ئەوە تێ بینی دەكەینن كە هەركاتێك دەوڵەتی ئیسلامی دەستی گرتبێت بە شەرعی خواوەو پڕۆگرامی شەریعەتی ئیسلامی جێ بەجێ كردبێت وڵات هەموو بوژاوەتەوەو دەوڵەمەندبوون، خەزێنەی (بیت المال) یش پڕبووەو لێ ی ڕژاوە، بە هیچ شێوەیەك میلەت هەستی نەكردوە بە نەبوونی و نارەحەتی و هیچ بەرژەوندیەكی گشتی و تاكە كەسی پشت گوێ نەخراوە.

هەركاتێكیش دەوڵەت لە پڕۆگرامی ئیسلامی لایدابێت و شەریعەتی ئیسلامی پڕ لەدادپەروەری پشت گوێ خستبێت ئەوا میزانی یەتی وڵات تێك چووە و میزانی یەتی دەوڵەتیش ئاوێنەی باڵای دادپەروەری و ستەم كاری یە، بەرنامە ڕێژی و، یان شپرزی و بێ بەرنامیی یە.[1]

داهاتەكانی دەوڵەت لەسەردەمی خەلیفە عمری كوڕی عبدالعزیز‌ رحمه الله ئەم سەرچاوانە بوون:

(زەكات)و (جزیة)و(خەراج)و (دەیەك)و (غنیمە)و(فیئ):

١ـ زەكات:

عمر‌ رحمه الله گرنگی دەدا بە زەكات و سووربوو لەسەر بەدوا داچوونی، چونكە مافێكی هەزاران بوو پارەوسامانی دەوڵەمەندەكاندا، نابێت ساردوسڕی تێدا بنوێنرێت،زۆرگرنگی بەوەش دەدا،كەبەسەركەسانی شیاودا(مستحق)دابەش بكرێت.[2]

١ـ السياسة الإقتصاديةو المالية لعمر لا ٨٥ .

٢ـ هەمان سەرچاوە لاپەڕە ٦٠.

هەموو کاتێ بەکار بەدەستەکانی دەووت: بگەڕێن ئەو هەژارو نەدارانە بدۆزنەوەو مافی خۆیانیان پێ ببەخشن، هەرکاتێ هەژارو نەدار نەبوایە تا موچەو پارەیان پێ بدات، لە میزانی یەی ولآت بەندەی دەکڕی لە پارەی زەکات ئازادی دەکردن.[١]

عمر رحمه‌الله لەم بوارەدا دەیویست شوێن ڕێنمونی و هەنگاوە پیرۆزوەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ بکەوێت لە بواری ئابوری و دابەش کردنی زەکات، کە بە جۆرێ لە جۆرەکان زۆربەی خەلیفەکانی پێش خۆی ساردو سڕیان تێدا نواندبوو، بەجۆری بە ناهەق وەریان دەگرت لە جێ ی خۆشیدا دابەشیان نەدەکردەوە.[٢]

لە ڕواڵەتی شوێن کەوتنی پێغەمبەری خوا ﷺ لەلایەن عمرەوە رحمه‌الله ئەوەبوو داوای کردبوو، کە ئەو کتێبەی بۆ بهێنن، کە باسی زەکات و صدقات دەکات، نەك هەر ئەوە، بەڵکو دوای کتێبەکەی عمری کوری خطاب رضي الله عنه کرد لەوبارەیەوە، فەرمانی دا بە نوسینەوەی دانەیەك لە هەر یەك لەو دوو کتێبە، کە باسی زەکاتی حوشترو مانگاو مەڕ و بزن و ئاڵتون و زیڕ، خورماو گەنم و مێوژ، دیاری کردنی بەشە زەکاتی هەریەکە لەو جۆرانە.[٣]

عمر رحمه‌الله لە ژێر ڕۆشنایی ئایەتی: ﴿ إِنَّمَا ٱلصَّدَقَٰتُ لِلۡفُقَرَآءِ وَٱلۡمَسَٰكِينِ وَٱلۡعَٰمِلِينَ عَلَيۡهَا وَٱلۡمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمۡ وَفِي ٱلرِّقَابِ وَٱلۡغَٰرِمِينَ وَفِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱبۡنِ ٱلسَّبِيلِۖ ﴾ فەرمانی دا زەکات بدرێت بەو(٨) جۆرە کەسە، بۆ ئەو مەبەستە کۆمەڵێ فەرمانبەری دەست پاکی خاوەن متمانەی دامەزراند بۆ کۆکردنەوەی زەکات و ئامۆژگاری دەکردن، کە زوڵم و ستەم لە خاوەن موڵك و دەوڵەمەندەکان نەکەن و کتابی زەکات دانی ئەو ساڵەیان بۆ پڕ بکەنەوە.[٤]

١ــ سيرة عمر لابن الجوزى لا ١٢٩.

٢ــ سيرة عمر لابن الجوزى لا٩٤.

٣ــ هەمان سەرچاوە لا ٩٩.

٤ــ هەمان سەرچاوەلا ٩٩.

فەرمانیشی دەرکرد زەکات وەربگرن لەهەموو ئەو جۆرانەی زەکاتیان تێدا فەرزکراوە، تەنانەت لە مووچەبەرزەکان زەکاتی دەسەند و لەو موولك و سامانەکەیشی دەیگەڕاندەوە بۆ خاوەنەکانیان زەکاتی لێ دەردەکرد.[١]

هەر وەك فەرمانیشی دەکرد ، کە زەکاتی هەموو هۆز و ناوچەیەك لەشوێنی خۆیاندا سەرف بکرێتەوە ئەگەر خۆیان هەژارو دەست کورتیان هەبوو.[٢] جارێکیان زەکاتیان لەناوچە یەکەوە هێنا بۆ لای عمر و ئەویش پێ ی ناردنەوە بۆناوچەکەی خۆیان و فەرمانی دا بەسەر هەرژارانی خۆیاندا دا بەشی بکەنەوە.[٣]

ئەم جۆرە چاکسازیە ئابووریانەی عمرﷺ لەشێوازی کۆکردنەوەی زەکاتدا کاریگەر زۆری هەبوو لەسەر زیاد بوونی و گەشەکردنی، ئەم سیاسەتە ئابووریەیو بەرقەرار بوونی ئاشتی و دڵئارامی و گرنگی دانی بە پرۆژە سەرەکی یەکانی کشتوکاڵ و بارزگارنی و ئاوەلاکردنی بازرگانی ئازادی سنووردار، هەڵگرتنی هەموو باج و سەرانە ناڕەواکان، ئەمانە هەموو بوونە هۆی ئەوەی زیاد بوونی ڕێژەی زەکات دانەکان و زەکات دەرەکان.[٤]

عمرﷺ لەوجۆرە کەسانە بوو، کە توانی ڕێژەی زەکات دەران فراوان بکات، ئەمەش بەهۆی زانایی یەکەیەوە بوو لە فقیهی زەکات لەبەروبومی کشتوکاڵیدا، لەزەکاتی حوشتر و زەکاتی ماسی و هەنگوین دا.

بەهۆی زیادبوونی بانگەوازەوە لەسەردەمی عمردا موسڵمان بوونی و زۆرێك لە (أهل الذمة) بەلێشاو، لەڕاستیدا ئەمەش بوو هۆی زیاد بوونی ڕێژەی زەکات، چونکە لەناو ئەوموسڵمان بووانە دەوڵەمەند هەیە، کە ئاسایی یە ئەوانیش زەکات دەدەن و ژیانی پڕ لە خواناسی و تەقوای عمر وای کردبوو لەوەی متمانەیەکی تەواو لەنێوان

---

١ ـ الاموال لابی عبید ژ ١٢٢٦ لا ٢٩.
٢ ـ فتح الباری(٣/ ٣٢٣).
٣ ـ الاموال ١٩١٧ لا ٧١٢.
٤ ـ ملامح الانقلاب لا ١٣٥.

میللـەت و خەلیفەکانـدا دروسـت ببێـت، وببێتـە هـۆی ئـەوەی، کـە خـەڵکی زیـاتر زەکاتی‌ی خۆیان بدەن بەدەوڵەتی ئیسلام، ئەوەش بوو بوهۆی ئەوەی ئابوری وڵات بەرەو بوژانەوەیەکی بەرچاو بڕوات.[1]

بەهۆیەوە وای لێ هـات زەکـات لەپێداویستی خـەڵکی زیـاتر بـوو، خـەڵکی وەری نەدەگرت و کەس نەمابوو وەری بگرێت.[2]

٢ـ سەرانەی ساڵانە(الجزیه):

(جزیه) بەو بڕە پارەیە دەوترێت، کەلـە هـەموو کافرێـك دەسـەنرێت، کـە وڵاتـی ئیـسلامدا دەژێـت، ئەمـەش لـەقورئان و سـوننەت و کـۆدەنگی زانایانـدا هـاتووە، عمریش رحمه الله لەسەرشێوازی سوننەت (جزیه)ی لێ وەردەگرتن و هەرکامیان موسڵمان ببوایـە(جزیـە)کـەی لەسـەرهەڵدەگرتن، چـونکە (جزیـە) لەسـەر کـافر فـەرزە و بەموسڵمانا بوونی لەسەری دەکەوت،[3]

کەچی هەندێ لەخەلیفە ئەمەویەکانی پێش عمر، بیدعەی وەرگرتنی(جزیه)یەیان لەو کەسانەی موسڵمان دەبـوون داهێنـابوو، حـەجاجیش جزیـەی لێ وەردەگـرتن و دەیووت لە ترسی(جزیه)دان موسڵمان بوون ئەمەش بوو بـەهۆی هەسـتانی خـەڵکی دژی حەجاج و خەلیفە ئەمەویەکان.[4]

هەرکە عمری کـوڕی عبـدالعزیز رحمه الله چـووە سـەر کورسـی حـوکم خێـرا(جزیـە)ی لەسەر موسڵمانان هـەڵگرت، بەتونـدیش فـەرمانی دەرکـرد بـۆ کاربەدەسـتەکانی و پـێی ووتـن: هەرکەسـێ ئـەم شـایەتومانەی ئێمـە بهێنـێ، ڕووبکاتـە قیبلەکـەمان و خۆیشی خەتەنە کردبوو ئیتر(جزیه)ی لێ وەرمەگرن.[5]

١ ـ ملامح الانقلاب لا ١٣٥.
٢ ـ سیر أعلام النبلاو (٥/١٣١).
٣ ـ السیاسه المالیه والاقتصادیه لا ٧٠.
٤ ـ الجرائب فی السواد لا٥٨.
٥ ـ الاموال لا ٦١.

کاتێ(أهل الذمة) ئەوەیان بیست خێرا هاتن بەدەم بانگەوازی خواوە و موسڵمان بوون، کاربەدەستەی عمر سکاڵای ئەوەی هێنا بۆ لای عمر، کە گوایە(جزیە)دان کەمی کردوەو(بیت المال) خاڵی بوەتەوە!

عمریش لەوەڵامدا ووتی: پاشان: خوای گەورە محمدی ناردوە بۆ بانگەواز کردن نەك بۆ پارە چنینەوە).[1]

عمرﷺ (أهل الذمة)ی کردبوو بەسێ بەشەوە و بەپێ ی وەزع باشی(جزیە)ی لەسەر دانابوون و بەشی دەوڵەمەند و بەشی مام ناوەندو بەشی هەژاران و، جوتیار لەزەویەکەی و بازرگان لەبازرگانەیەکەی و کاسب لەکاسبی یەکەی(جزیە)بدات.[2]

لەسەر ئاستی وڵاتەکانیش جیاوازی دەکرد، بۆ نموونە خەڵکی شام وەزعیان باش بوو زیاتری لەسەر دانا بوون و لەسەر هەژارەکانیانی هەڵگرتبوو، بەڵکو لە(بیت المال)یش مووچەی بۆ بڕیبوونەوە، وەك چۆن عمری کوڕی خطابیش ﷺ بەوشێوەیەی کردووە.

ئیتر پاش ئەوە(أهل الذمة) لەدوای موسڵمانان بوون زیاتر سەربەست بوون لە وڵاتی ئیسلامدا و زیاتر برەویان بەکارو کاسبیان دەدا و بەوهۆیەوە زەکاتیان چەند جارەی (جزیە)دەدا بەئیسلام.

٣ـ دەستکەوتی زەوی(الخراج):

(خراج)ئەو بڕە پارەیە، کە دەوڵەتی ئیسلامی دەیخاتە سەر ئەوزەویانەی بەشەرگیراون، یان ئەو زەویانەی بەڕێگەی ئاشتیانە دراوەتەوە دەستی خاوەنەکانیان،

لەسەردەمی عمری کوڕی عبدالعزیزﷺ داهاتی خەراج بەڕادەیەکی زۆر زیادی کردو گەیشتە (١٢٤)ملیون درهەم.[3]

---

١ ـ الطبقات(٥/٣٨٤).

٢ ـ سیرة عمر (ابن عبدالحکم) لا ٩٩.

٣ ـ الخراج للریس٢٣٨.

بۆ بەردەوامی ئەو داهاتە هەستا بەقەدەغەکردنی کڕین و فرۆشتنی ئەو زەویانەی، کە (خەراجین) تا ئەو سەرچاوە گرنگە بەردەوام (بیت المال)دەوڵەمەند بکات، هەروەك هەموو ئەو باج و سەرانە ناڕەوایانەی لابرد لەسەر جوتیاران، کە بوو بوونە هۆی دواکەوتنی بەرهەمی کشت و کاڵی، دەستی کرد بە لێدانی بیرو زیند و کردنەوەی زەویە پشت گوێ خراوەکان.

بەهۆی سیاسەتی ئابوری ژیرانەی عمرەوە بەجۆرێ بەروبومی کشت و کاڵی زیادی کرد، کە تەنها لەعیراقدا گەیشتە (١٢٤)ملیون درهەم، کە لەسەردەمی حەجاجدا تەنها (٤٠)ملیون درهەم دەستکەوتی خەراج بوو، کەلە سەردەمی عمری کوڕی خطاب(١٠٠)ملیون درهەم بوو.

خەراجیش زۆر گرنگ بوو بۆ وڵات ، چونکە سنوری خەرج کردنی زۆر فراوان بوو بەپێچەوانەی زەکاتەوە،کە(٨)جۆر لەخەڵکی سوودیان لێ وەردەگرت و بەس.[1]

٤ـ دەیەك(العشور):

ئەمەشە ئەوپارەیە، کە وەك(گومرگی ئەمڕۆ) وایە، بەڵام ئەوەی تێدایە لە موسڵمانان ناسەنرێت، بەڵکو لەو بازرگانە کافرانە دەسەنرێت، کە دەێنە ناو خاکی ئیسلام و، پاشان دەگەڕێنەوە واتە: لەنێوان وڵاتی ئیسلام و وڵاتی خۆیاندا بازرگانی دەکەن.

حوکمە شەرعی یەکەی ئەوەیە بۆ بێ باوەڕان کاتی لەدورەوە دێن(٢٠)دینار بوو، بەڵام(١٠)دینار لەبازرگانەکانی(أهل الذمة) دەسەنرێت و لەساڵێکیشدا یەکجار وەردەگیرێت.

عمررحمه الله زۆر گرنگی دەدا بە ڕوون کردنەوەی شێوازی وەرگرتنی ئەم داهاتە و لەنامەکانیدا بۆ کاربەدەستەکانی بەدرێژی ڕوونی کردۆتەوە وەك ئەوەی یاسای (وەسڵ)ی داهێنابوو، کە هەر بازرگانێك پارەی ئەو ساڵەی دەدفع کرد وەسڵێکی بۆ بکرێت، تا لەو ساڵەدا کەس جارێکی تر داوای لێ نەکاتەوە، هەروەها بەدەستی

---

١ ـ السياسة المالية والاقتصادية لعمر لا ٧٦.

لێیان نەسەنرێت، بەڵكو كاتی قازانج كردندا بیدەن، بەوجۆرە جوڵەیەكی گەورەكەوتە ناو بازرگانە بیانی یەكان و هەموویان پارەكانیان خستبووە ناو بازرگانی یەوە لەناو وڵاتی پان و پۆڕی ئیسلامدا بەبێ ترس دەهاتن و دەچوون و خەزێنەی موسڵمانان لەم سەرچاوەدارایی یە بەهرەمەند دەبوو.

٥- دەستكەتی جەنگی(غنیمە)و(فەیئ):

غەنیمە بەو ماڵە دەڵێن، كە بەزۆرو لەجەنگدا لەبێ باوەڕان دەسەنرێت، بەڵام (فەیئ)، بەوماڵە دەڵێن لەبێ باوەڕان دەسەنرێت بەبێ شەر و ئەرك و ماندووبون.

كاتێ عمر چوە سەر كورسی خەلافەت هەموو هەوڵێكی تەرخان كرد، بۆ تۆكمە كردن و چاك كردنەوەی كاروباری ناوخۆی وڵات، بۆیە زۆر گرنگی بەجەنگە ڕزگاری خوازیەكان (الفتوحات)نە دەدا، لەسەردەمی خۆیدا، بەڵكو هەموو هەولێیكی خستە گەر بۆ بانگەوازو سەرمەشقی جوان، بەجۆرێ دەستی كرد بە نوسینی نامە بۆ پاشاكان و گەلە جیاجیاكانی سەرزەوی و بەوهۆیەوە بەربەرەكان بەبێ جەنگ موسڵمان بوون و هاتنە ناوئیسلام.[1]

لەبەر ئەم هۆیانە ئەم سەرچاوە دارایی یە لەسەردەمی عمردا كز بوو، ئەو ماڵ و سامانەی (بیت المال) هەمووی لەغەزاكانی پێشووەوە دەست كەوتبوو.[2]

بەڵام هەوڵێكی خستنە كار لەپێناو گەیاندنەوەی (پێنج یەكی) دەستكەوتی غەنیمە جیهاد بە خەڵكانی هەژارو وشیاری خۆی بەوشێوەیەی لەسورەتی (الانفال)دا بەجوانی ڕوون كاروەتەوە، لەهەموو سامانێكی تر جیای كردەوە (١٠)هەزار دیناری لێ جیا كردەوە و دابەشی كرد بەسەر (بنی هاشم)داو گەورەو بچووك و نێرو مێ ی وەك یەك دانا، لەسەر ئەوەش فاطمەی كچی حسین ﵁ نامەیەكی سوپاسگوزاری بۆنارد و پێ ی ووت:

((ئەی ئەمیری باوەڕداران، بەڕاستی بوویت بەخزمەتكاری كەسانێك، كە

---

١ - السیاسة المالیة والاقتصادیة لعمر لا ٨١.
٢ - السیاسة المالیة والاقتصادیة لعمر لا ٨١.

خزمەتكاریان نەمابوون، پۆشتەت كردنەوە لەكاتێكدا پۆشتە كەرەوەیان نەمابوو، سامانت ڕاژند بەسەركەسانێكدا كە هیچیان نەبوو خەرجی بكەن).[١]

ئەو ٥/١ ی غەنیمەیە زۆر گرنگ بوو لەلای عمر، كە پێشتر پشت گوێ خرا بوو، كاتێ وڵاتی ئەندەلوس ڕزگار كرا٥/١ی لێ جیا نەكرایەوە، بۆیە عمررحمه الله نامەی نووسی بۆ فەرمان ڕەوای ئەوێ و پێی ووت: هەموو زەوی و زاری و موڵكەكان بەمەرجێك بەجەنگ گیراوە بێت ٥/١ ی لێ جیا بكەرەوە.[٢]

بۆ ئەو زەویانەیش بەبێ جەنگ گیرابوون، كەپییان دەوترێت(فیئ) عمررحمه الله تەرخانی كردبوو بۆ هەموو موسڵمانان و لەسەر بۆ چوونە فقهی یەكەی عمری كوڕی خطابرضي الله عنه، كە كاتێ خۆی ئەو جۆرە زەویانەی (وقف)كرد بۆ هەموو موسڵمانان ، تا لە سوودەكەی بەردەوام بێت بۆ جیل و نەوەكانی دواتریش.[٣]

عمررحمه الله لە (پێنج یەك) وورد بویەوە دەبینێ لەگەڵ (فیئ)دا حوكمەكانیان وەك یەكن لەبەرئەوە تێكەڵی كردن وەك چۆن عمری كوڕی خطاب رضي الله عنه كاتی خۆی، كردبووی.[٤] و لەپێناوی بەرژەوەندی گشتیدا حەرجی دەكردەوە.

بۆ ئەو مەبەستە نامەیەكی نووسی تیایدا ووتی: ((... بۆ ٥/١ی دەستكەوتی جیهاد زانایان جیاوازیان هەیە تیایدا... من وا دەبینم وای لێ بكرێت وەك خەلیفەی دووەم عمری كوڕی خطابرضي الله عنه كردنی بەیەك و هەموو موسڵمانیش پێی رازی بوون، ئێوەش چاو بكەن لەو پێشەوا دادپەروەرە، چونكە هەردوو ئایەتەكە ـ ئایەتی ٥/١ ، ئایەتی (فیئ)یەكشتن، منیش وا دەزانم، كە بكرێت بەیەك و تەرخان بكرێن بۆ هەموو موسڵمانان و كەسی لێ جیا نەكرێتەوە.[٥]

بەهۆی ئەم سیاسەتە ژیرانەیەی عمرەوە خەڵكی هەناسەی خۆشیان هەڵمژیو هەستیان كردبەدادپەروەریو نەمانی ستەم نارەوایی لەدابەش كردنیخێراتی وڵاتدا.

---

١ ـ الطبقات(٥/ ٣٩٠).

٢ ـ تأريخ الاسلام. حسن ابراهيم (٠١/ ٣٢٠).

٣ ـ الخراج، ابی یوسف لا ٣٥.

٤ ـ سياية المالية والاقتصادية لعمر لا (٨٣).

٥ ـ سيرة عمر(بن الحكم)لا ٩٧.

چوارەم: سیاسەتی عمر لە خەرج کردنی پارەی گشتی دا:

١- خەرج کردنی ماڵ لەپێناو بواری چاودێری کۆمەڵایەتیدا:

لەپێناو سەر لەنوێ دابەشکردنەوەی داهات و بەر و بومەکاندا، عمرﷺ هەوڵی زیاتری دا، تا هەژارو نەدارەکان پشکی زیاتریان بەر بکەوێت لە (بیت المال)، بۆ هاتنە دی چاودێری تەندورستی و کۆمەڵایەتی لەناویاندا، ئەمەش داوکاری شەریعەتی ئیسلامە وله سەوننەتی پێغەمبەرداﷺ هاتووە.

عمریشﷺ هەر لەیەکەمین ڕۆژەکانی دەست بەکار بوونی خەلافەتی یەوە، هەوڵی دا خاڵ بەخاڵ شەریعەتی ئیسلام جێ بەجێ بکات و هەق دادپەروەی بەرپابکات، بۆ ئەو مەبەستە نامەی دەنارد بۆ زاناکان و پرسیاری شەرعی جیاجیای ئاڵۆزی لێ دەکردن، و (إبن شهاب الزهری) بۆ ئەوە مەبەستە کتێبێکی نووسی بۆ عمرﷺ و تیایدا باسی زەکاتی بۆ کرد لەژێر ڕۆشنایی سوننەتی پێغەمبەردا، تا لە کاتی خەلافەتدا کاری پێ بکات، تیایدا نووسیبووی: تیایدا بەشی نەخۆشە درێژ خایەنەکان و کەم ئەندامانم دیاری کردوە، بەشێکیش بۆ هەموو موسڵمانێك نەخۆشییەکی لەگەڵدا بێت، کە نەتوانێت کاروکاسبی بکات و، بەشێکیش بۆ هەژارانەی، کە سواڵ دەکەن، یان خزمەتی دەوڵەمەندەکان دەکەن، تا نانەسکی یەکیان پێ بدەن، ئەوانە بەشیان پێ بدرێت، تا ئیتر دەست لەکەس پان نەکەنەوە...

بەشێکیش بۆئەو کەسانەی، کە لەبەندیخانەدان و کەسیشیان نی یە خواردن و پێداویستیان بۆ بنێرن... بەشێکیش بۆ ئەو نوێژگەرانەی، کە کاروکاسبی یان موچەیەکان نی یە لەلایەن دەوڵەتەوە و ڕووشیان نایەت لەکەس دواو بکەن.. بەشێکیش بۆ ئەوکەسانەیە، کە هەژارا کەوتوون وقەرزاری هێناونی بەچۆکدا، قەرزەکانیشی بۆ شتی ناشەرعی نەکردوە، کەسیش قسەی نی یە لە موسڵمانەتی و پیاو چاکیان دا،... بەشێکیش بۆ ئەو گەشتیارانەی - مسافر - کە شوێنیان نی یە بۆی بڕۆن و خرمێشیان نی یە لەو جێگایەدا... ئەوانە خواردن و خەوتن بۆ خۆیان و

وڵاخەکەکانیان مسۆگەر دەکرێت، تا دەگەڕێنەوە شوێنی خۆیان، یان خزم و کەس دەدۆزنەوە.[١]

ا- بەشی هەژار وکەم دەرامەتەکان:

عمر رحمه الله زۆر بیری لەلای هەژارو کەم دەرامەتەکان بوو، هەوڵی دەدا دەوڵەمەندیان بکات، کە پیشتر باسی ئەو بەسەر هاتەمان کرد، کە لەگەڵ(فاطمة)ی خێزانیدا ڕووی داو پرسیاری لەعمر کرد لەهۆی گریان و فرمێسك ڕشتنی، ئەویش وتی: ئیشووکاری ئوممەتی محمد ﷺ سپێراوە بەمن، منیش بیرم کردەوە لە هەژارێکی برسی، لەنەخۆشێکی لەبیرکراو، روت و بێ بەرگەکان، ستەم لێکراوە تا سێنراوەکان، غەریبێکی بێ کەس و کار، پیرێکی بەساڵاچوو، پیاوێکی مناڵ دار، بۆم دەرکەوت خوای گەورە لێپرسینەوەم لەگەڵ دەکات دەربارەیان، محمدیش پشتگیری ئەوان دەکات لەدژی من، منیش لەوە ترسام قسەم پێ نەبێت و بشکێم، بەزەییم بەخۆمدا هاتەوە و دەستم کرد بەگریان.[٢]

لەم ڕووداوە وە سیاسەتی عمری کوڕی عبدالعزیزمان بۆ دەردەکەوێت دەربارەی چینی هەژاران چۆن بووە، پڕیەتی لەمانای بەرز، کە پیویست بەورد بوونەوەی تێ ڕامان دەکات، هەستی دەکرد بەو ئەرکە قورس و گرانەی سەرشانی و هەستی بەرپرسیاریەتی دەکرد دەربارەی گەل، پێغەمبەریش ﷺ لەوبارەیەوە دەفەرموێت: ((کلکم راع وکلکم مسؤل عن رعیته، والامام راع و هو مسئول عن رعیته)).[٣]

عمری کوڕی عبد العزیز رحمه الله ئەو پەڕی هەوڵی دەدا و پێداویستی هەژاران و داماوان دەربکات، پیاوێك هاتە خزمەت عمر رحمه الله لەبەردەمیدا وەستاو وتی: ئەی ئەمیری باوەڕداران، هەژاری زۆری بۆ هێناوم و نەداری هێزی لێ بڕیوم، خوایش سبەینێ لەسەر ئەم حاڵەی من لێپرسینەوەت لەگەڵدا دەکات، لەو کاتەدا عمر خۆی

---

١ ـ السياسة المالية الإقتصادية لعمر لا ٨٣.

٢ ـ سير اعلام النبلاء(١٣٢/٥).

٣ ـ البخاري ژ٨٩٣.

دابو بەسەر دار عەسایەکەیدا، دەستی کرد بەگریان، تا فرمێسك بەدار عەسایەکە هاتە خوارەوە، پاشان موچەیەکی بۆ خۆی و منداڵەکانی بڕیەوە، فەرمانیشی دەرکرد(٥٠٠)دیناری بدەنێ، تا کاتی مەعاش وەرگرتن.[١] کەلەو کاتەدا ساڵانە بووە.

بۆ ئەو مەبەستە زۆر گرنگی دەدا بە بێوەژن و منداڵەکانیان وەك باسی ئافرەتە عیراقیەکەمان کرد، چونکە باش ئاگاداربوو، کە پێغەمبەری خواﷺ فەرموویەتی: ((الساعي على الارملة والمسكين كالمجاهد في سبيل الله، أو كالذي يصوم النهار ويقوم الليل)).[٢] واتە: ئەوەی پێداویستی بێوەژن و هەژاران دەربکات وەك ئەو سەوایە لەپێنا خوا جیهاد بکات، یان ئەوکەسەی بەڕۆژ بەڕۆژوەوە بەشەو شەو نوێژ دەکات.

ئەمیری باوەڕداران‌رحمه الله خانوویەکی تایبەتی دروست کرد بۆ نان خواردن تایبەت بوو بە هەژاران و کەمدەرامەت و ڕێبواران.[٣] ئەو گرنگی دانەی عمر تەنها هەژارو کەم دەرامەتەکانی نەگرتبویەوەو بەس، بەڵکو هەموو نەخۆش و عیللەت و دارو هەتیوەکانیشی گرتبووە، بۆ ئەو مەبەستە نامەیەکی نارد بوو کاربەدەستەکانی شام و پێ ی ووتبوون:

(· هەموو نابیناکانم بۆ بنێرن لەگەڵ ئیفلیجەکان و قاچ پەڕیوەکانیش و ئەوانەشی نەخۆشی درێژ خایەنیان لەگەڵدایەو ناتوانن نوێژ بکەن، ئەوانیش ناوەکانیان بۆ نارد، ئەویش بۆ هەموو نابینایەك یەکە کەسی بۆ تەرخان کرد دەستی بگرێت و هەر دوونەخۆش و خزمەتکارێکی بۆ گرتن، پاشان نامەی نارد بۆیان ووتی: ناوی هەتیوانتانم بۆ بنێرن لەگەڵ ئەوکەسانەی کە بێکەسەن، فەرمانی دەرکرد، کە هەر پێنج هەتیو و خزمەتکارێکی بۆ گرتن، کە بگەڕێت بەسەریاندا و خزمەتیان بکات.[٤]

---

١ ـ حلية الأولياء(٥/٢٨٩).

٢ ـ البخاري ژ٦٠٠٦.

٣ ـ الطبقات (٣/ ٣٧٨).

٤ ـ سيرة و مناقب عمر لابن الجوزي لا ٢٠٢.

ب ـ هاوکاری کردنی قەرزارەکان:

لەو کەسانەی، کە هاوکاری عمر رحمه الله گرتنی یەوە قەرزاران بوو، (إبن شهاب الزهری) لەکتێبەکەیدا بۆ عمری نووسی و پێ ووت: بەشێك لەزەکات بۆ قەرزارانە، ئەوانەی لەکاتی جیهاد تووشی قەرزاری بوون، یان کەسێك هەژارو کەوتووە و نا توانێت قەرزەکانی بداتەوە، کە بۆ کاری ناشەرعی قەرزی نەکردبێت، لەلایەن خواناسی و بەندایە ئیشەوە ڕێك و پێك بێت.[١]

بۆ ئەو مەبەستە عمر رحمه الله نامەی نووسی بۆ هەموو هەرێمەکانی، کە هەرکەس قەرزارە قەرزەکانی بۆ ببژێرن، ئەوانیش نامەیان نووسی ، کە کەسی وا هەیە خانووی هەیەو خزمەتکار وولاخ و شت و مەکی هەموو هەیە، عمریش لەوەلامدا پێ ی ووتن: دەی پیاو دەبێت خانووی هەبیت بڕواتەوە بۆی، خزمەتکارێکی هەبێت کارێکی بۆ بکات و ولاخێکیش، کە جیهادی بەسەرەوە بکات و شت و مەکی ناو ماڵیشی هەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا قەرزار بێت قەرزەکانی بۆ ببژێرن.[٢]

نامەیەکیشی نووسی بۆ والی کوفە، کە پارەو پولێکی باشی لە (بیت المال)دا هەبوو ـ پێ ووت: نامەت بۆ نووسیووم، کە لە دوای ئەوەی پارەی سەربازەکانت داوە، کە چی پارەکە هەر زۆرەو ماوەتەوە، دەی بیبەخشەرەوە بەسەر ئەوانەی قەرزیان کردوە بۆ شتی چاك، یان ژنیان هێناوە و ناتوانن بیگوێزنەوە، والسلام.[٣]

نامەیەکی تری بۆ نووسین و لە مزگەوتی کوفە دا خوێنرایەوەکە پێ ی ووتبوون: هەرکەسێ ڕاسپاردەیەکیان پێ داوە و ناتوانێت بیگەڕێنێتەوە بۆ خاوەنەکەی دەی ئێوە لەپارەو سامانی خوا بۆی بدەنەوە، هەرکەسێکیش ژنی خواستووە و ناتوانێت مارەیی یەکەی هەڵسوڕێنێت، لەماڵی خوا بۆی هەڵسوڕێنن.[٤]

١ ـ الاموال لابن عبیدة ١٨٥٠.

٢ ـ سیر عمر لابن عبد الحکم لا ١٧٧.

٣ ـ سیرة عمر (ابن عبدالحکم) لا ١٧١.

٤ ـ سیرة عمر (ابن عبدالحکم) لا ١٧١.

ج ـ کۆمەکی کردنی دیل کراوان:

عمـری کـوڕی عبـدالعزیزرحمه الله گرنگـی تـەواوی دەدا بـە ئەسـیرو دیـل کراوەکـان لە(بیت المال) خەرجی پێ دەدان، بـۆ ئـەو مەبەسـتە نامەیـەکی نووسـی بـۆ دیلـە موسڵمانەکان لە (قسطنطینیة).[1] کەپێشتر دەقی ئـەم نامەیـەان نووسـیوە لەبەشـی ژیانی کۆمەڵایەتی عمردا باسمان کردوە.

هەروەها گرنگی دەدا بە بەندنەکراوە موسڵمانەکانی ناو بەندیخانـەی موسـڵمانان کە بەهۆی هەرتاوان و خەتایەکەوە گیراونو فەرمانی دەرکرد، کە بە جوانی خزمـەت بکـرێن و خـەرجیان دابـین بکرێـت، عمـر بـۆ ئـەو مەبەسـتە نامـەی نووسـی بـۆ کاربەدەستەکانی و پێ ی ووتن: لەناو زایندانەکانتاندا کـەس نەهێڵنـەوە بـە کۆت و زنجیرەوە کە نـەتوانێت نوێـژەکانی بکـات، کـەس بـە کۆت و زنجـیرەوە نەخـەوێت مەگەر ئەوانەی، کە قاتیڵن و پیاویان کوشتووە، مـاڵ و سـامانیان بـۆ خـەرج بکـەن لـەپێناو خـواردن و جـل و بەرگیانـد.[2] فەرمانیـشی دەرکـرد، کـە خـواردن و بـەرگی زستانەو هاوینە یان بۆ مسۆگەر بکەن.[3]

د ـ هاوکاری گەشتیار و ڕێبواران

عمــررحمه الله گرنگــی بەگەشــتیاران و ڕێبــوران دەدا، فــەرمانی دەردەکـرد بــۆ کاربەدەستەکانی، کە خانوو ـ ئوتێل ـ دروست بکەن لە سەر ڕێگاکاندا بۆ پێـشوازی کردنی گەشتیاران و گرنگی دان پێیان، بۆ ئەو مەبەستە نامەیـەکی نووسـی بۆ کـار بەدەسـتێکی و پــێ ی ووت: (لەوڵاتەکەتــدا(ئوتێـل)و (خـان) دروسـت بکـە، هــەر موسلچمانێك هاتە سنوری وڵاتەکەت با شەو ڕۆژێك و خۆیان و ووڵاخـەکانیان لەویـدا بحەوێنەوە، هەرکەسێکیش نەخۆشە با دوو ڕۆژ و دووشەو بمێنێتەوە تیایانـدا، هـەر کەسێکیش پارەی لێ بڕابوو ئەوەندەی پێ بدەن، کە بیگەیەنێت بەشوێنی خۆی.[4]

---

١ ـ الطبقات (٥/ ٣٧٤).

٢ ـ خراج أبو يوسف لا ٣١٥.

٣ ـ الطبقات (٣٥٦/٥).

٤ ـ السياسة المالية والاقتصادية لعمر لا ٩٤.

هەروەها نامەی دەنووسی بۆ سەرجەم هەریمەکان، کە هاوکاری تەواوی حاجیانی ماڵی خوا بکەن و خەرجیان دابین بکەن،چاودێری لاوازەکانیان بکەن و هەژارەکانیان کۆمەکی بکەن.[١]

هـ ـ هاوکاری بەندەکان بۆ ئازاد کردنیان:

پاش ئەوەی عمر رحمه الله پارەو سامانی دەوڵەتی خستە خزمەت هەژارو کەمدەرامەت و ناتواناکان و قەرزارەکان و ڕێبوارانەوە، ئیتر پارەو سامانی تری تەرخان کرد بۆ ئازادر کردنی بەندە و ژێردەستەکان، کار بەدەستی عمر لە ناوچەی ئیفریقیا دەڵێت: ((عمر ناردمی بۆ کۆکردنەوەی زەکات و خێراتی ئەفریقیا، داوام کرد هەژارەکان بێت زەکات وەربگرن کەچی یەك هەژاری تێدا نەبوو... منیش دەچووم کۆمەڵێ بەندەم دەکڕی و ئارازارم دەکردن)).[٢]

پێشتریش باسی ئەوەمان کرد، کە عمر مووچەی تەواوی بڕیبویەوە بۆ زاناو مامۆستاکان، تا خۆیان یەکلایی بکەنەوە بۆ خزمەتی زانست و بانگەواز، ئیتر گرنگی و هاوکاری یەکانی هەموو چینەکانی کۆمەڵگای گرتبوویەوە تەنانەت منداڵانیش، کە مووچەی دەدا بەم سەرپەرشتیارانیان، تا بۆیان خەرج بکەن، گرنگیشی دەدا بە (أهل الذمة) و لە (بیت المال) هاوکاری هەژارو دەست کورتەکانی دەکردن.[٣]

ئەوەی لێرەدا پیویستە ئاماژەی بۆ بکەین ئەوەیکە ئەم سیاسەتەی عمر رحمه الله بوو بەهۆی ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆر لەخەڵکی دەوڵەمەند بوون، بوونە خاوەنی سەرمایەی کشت و کاڵی و بازرگانی و شتی تر، بوو بەهۆی بەهێز بوونەوەی دینداری و خۆشەویستی ڕۆژی قیامەت لەناو دڵەکاندا و حەزکردن بەخێرو چاکە لەپێناو ڕەزامەندی خوای گەورەدا. بەوهۆیەوە خێر کردن لەپێناو خوادا زیادی کرد

١ ـ سیرة عمر (ابن عبد الحکم) لا ٦٥.

٢ ـ السیاسة المالیة والاقتصادیة لا ٩٤.

٣ ـ هەمان سەرچاوە لا ٩٧.

بۆ هاوكاری كردنی هەژارو نەدارو بێوەژن و دروست كردنی شوێنەگشتی یەكان و لێدانی بیرەكان و دروست كردنی مزگەوت و شتی تریش و ئەمەش كاری سەرشانی (بیت المال)و دەوڵەتی ئاسان كرد بوو چ لە پایتەختدا، یان لە هەرێمەكاندا.

٢- ڕێنمونی كردنی خەرج كردنەكانی دەوڵەت:

سیاسەتی عمری كوڕی عبد العزیزرحمه الله لەبواری خەرج كردندا لەسەر بنەمای ئابووری ژیرانە وەك ئەمڕۆ پێ ی دەڵێن: بنەمای سەروەری لەخەرج كردندا، كە بەوجۆرێكە دوورە لە زیادەڕەوی لەخەرجداو پارەو سامان بەزایەدان لەشتی پڕو پوچ و لاوەكیدا، لەهەمان كاتدا دورە لەدەست قوچاوی و چروكی.[1]

لەو هەنگاوانەی گرتیە بەر لەبواری خەرجكردندا لەپێناوی بەرژەوەندی یەكانی دەوڵەتدا:

أ - موڵك و دەستكەوتە تایبەتیەكانی خەلیفە و ئەمیرەكانی بڕی:

یەكێ لەكارە گەورەگران و ترسناكە كان كە عمر- بوێرانە - پێ ی هەستا ئەوە بوو، كە هەموو موڵك و سامان و زەوی زارەكانی خەلیفە و فەرمانڕەواو والی یەكان هەبوو، كەبە ناڕەوا پێیان درابوو، لێ ی سەندنەوەو خستی یەوە (بیت المال)و ئەوەی هی خەڵكی بۆی گەڕاندوە، سەرەتا لەخۆی و بنەماڵەكەی خۆیانەوە دەستی پێ كرد و عمر لە(بیت المال) موچەی وەرنەدەگرت، ، پێیان ووت: عمری كوڕی خطاب‌رضي الله عنه مووچەی لە (بیت المال) وەرگرتووە ئەویش لەوەڵامدا ووتویەتی: عمر پێویستی پێ ی بووە و من خۆم پارەم هەیە.[2]

كاتێ كەژاوەی خەلافەتیان بۆ هینا لەپاش مردنی سولەیمان، خیرا ووتی: هەرچی ولاخ و فەرش و جوانكاری هەیەتیایدا هەمووی بخەنە (بیت المال) عادەتی وابوە لەپاش مردنی یەكێكیان، هەموو جل و بەرگ و عەتر و شتەكانی تری

١ ـ السياسة المالية والاقتصادية لعمر لا ٩٦.
٢ ـ العقد الفريد (٥/ ٢٢).

دەردرایە دەستی خەلیفەی نوێ دەوڵەت، بۆیان هێناوە، ئەویش فەرمووی: ئەمانە هی سولەیمان بووە، نەهی منەو نەهی ئێوە، بەڵکو هەمووی موڵکی موسڵمانانەو بۆیە خستی یە(بیت المال).[1]

جارێك داوای کرد لەخزمەتکارەکەی هەندێ هەنگوینی بۆ بکڕێت و ئەویش بەئەسپەکەی نامەبەرەکان هێنایەوەو بۆ ماڵەوەو عمریش فەرمانی دا هەنگوینەکەیان فرۆشت و نرخەکەی خستە (بیت المال) و بەخزمەتکارەکەیشی ووت: هەنگوینەکەت پیس کردین ماڵت ئاوا بێت![2] عمر رحمه الله هەرگیز سامانی گشتی بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکارنەهێناوە، جارێك ئەمیری ئەردەن دووسەبەتە خورما بەدیاری بۆ عمر دەنێرێت، بەهۆی وڵاخەکانی نامەبەرەوە و هەر، کە عمر بەوەی زانی خێرا فەرمانی دا خورماکانیان فرۆشت و دایان بەئالف بۆ ئەسپەکانی نامەبەر.

ب: کەم کردنەوەی خەرجە ئیداریەکان

عمر رحمه الله هەوڵی دەدا هاوکاران و والی و فەرمانڕەواکانی والێبکات کەمترسامان و شت و مەکی دەوڵەت بەکاربهێنن، کاتێ والی مەدینە داوای مۆمێکی کرد لە عمر، عمریش لەوەڵامدا پێ ی ووت: بەهەموو تەمەنم من تۆم واناسیوە ئەی (ابن أم حزم)، کە لە شەوە تاریکەکانی زستاندا بەبێ چرا دەچوویت بۆ مزگەوت، بەڵام وا ئەزانم تۆ ئەوکاتە چاکتر بویت لەئێستا، دەی فتیلەکانی ماڵەوە بەسە بۆت، والسلام.[3] جارێکی تر هەر ئەو والی یە لەنامەیەکدا داوای کرد لەعمر، کە هەندێ پەرەی نووسینی بۆ بنێرێت... عمریش لەوەڵامدا پێ ی ووت: ئەگەر ئەم نامەیەیی منت پێ گەیشت نووکی قەڵەمت تیژ بکەو ورد بنوسە و دێر مەپەڕێنەو، شتی زۆر بنووسە لەیەك لاپەڕەدا، چونکە موسڵمانان پێویستیان بەنووسینی زیادە نی یە، کە زیان لە (بیت المال)ەکەیان بدات.[4]

١ ـ سيرة عمر(ابن عبد الحكم) لا ٣٥.
٢ ـ سيرة ومناقب عمر لابن جوزى لا ٢١٠.
٣ ـ سيرة عمر (ابن عبدالحكم) لا ٦٤.
٤ ـ سير و مناقب عمر(لابن الجوزي) لا ١٢١.

لێرەدا ئەوە تێبینی دەکرێت، کە چۆن عمری کوڕی عبدالعزیز تا ئەو ڕادەیە ڕێنموونی بەرپرس و کار بەدەستانی ولآتەکەی دەکرد، تا ماڵ و سامانی دەوڵەت بەفیڕۆ نەدەن بە ڕادەیەك لەنووسینی نامەکانیشاندا هەوڵ بدەن بەکورتی بنوسن و بەبێ هودە پەرە سەرف نەکەن.

ج - شێوازی خەرجی سەربازی: ئەمەویەکان کۆمەڵی جەنگی دەرەکی و ناوەکیان ئەنجام دەدا، کە بوجەیەکی زۆری ولاتە یەککگرتوەکانی ئیسلامی بەفیڕۆدا، لەوانە هێرش بردنە سەر شاری(قسطنطینیه) لەسەردەمی (سلیمان)ی کوڕی عبدالملك دا، بەجۆرێ زۆری لەشەهید بوون و لەدەست دانی سامانێکی زۆری بەبێ هودەی لێ کەوتەوە.

بەڵام کاتێ عمر بووبە خەلیفە یەکسەر فەرمانی دەرکردبۆ (مسلمە)ی کوڕی (عبدالملك)کە سەرکردەی سوپا بوو پاشەکشە بە سوپای ئیسلام بکات و بگەڕێنەوە، تا سوپا لەتەنگەشەیە ڕزگاریان ببێت.

سیاسەی ژیرانەی عمر و ڕەوشت و ژیاننامە بەرزەکەی بوونە هۆی بەرقەرابوونی ئاشتی و ئارامی لەناو خۆدا و هەمو جەنگ و ئاژاوە ناوە خۆیەکان وەستان، کاتێ ژیانی عمر هەواڵەکانی گەیشتە لای خەواریج، هەموو کۆبونەوەو ووتیان: دروست نی یە لەگەڵ ئەم پیاوە چاکەدا بجەنگێین.[1]

ئەو جەنگ نەمانەیش بەدەوری خۆی ڕۆڵێکی گێڕا لەنەمانی ئاژاوەو و بەرقەرار بوونی ئاشتی و دڵئارامی، کە ئەوەش بوو بەهۆی گەشەی وابووری ولات و خۆش بوونی ژیان و گوزەرانی خەڵکی ئاست نز م و هەژاران، کە ئەوەش دوای کۆمەکی خوای پەروەردگار دەگەڕایەوە بۆ سیاسەتە ژیرانەکانی عمرﷺ.

---

١ ـ سیر و مناقب عمر(لابن الجوزي)لا ١٢١.

بەشی حەوتەم

دەزگای داد وەری لەسەردەمی عمری کوڕی عبدالعزیزدا هەندێك لەو بۆ چوونە فیقهی یەکانی لەو بارەیەوە

یەکەم: دادگاکان و شایەتی دانەکان

١ـ ڕەوشتی داد وەر:

عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله زۆر بەوردی قازی و داد وەری دیاری دەکرد. بۆ ناوچەکان نەوەك موسڵمانەکان تووشی داد وەریەك بکات، بەبێ شارەزایی حوکم بکات و لەهەق لابدات. بۆ ئەو مەبەستە(٥)مەرجی سەرەکی دانا بوو بۆ هەڵبژاردنی دادوەر ـ قاضی ـ و لەوانە: (بوونی زانست، نەرم و نیانی، پاکی، ڕاوێژکاری، بەهێز لەوەرگرتنی هەقدا).

(مزاحم) ی کوڕی زفر دەڵێت: لەگەڵ شاندێکی خەڵکی کوفەدا چوین بۆ لای عمری کوڕی عبدالعزیز و ئەویش دەربارەی ناوچەکەمان و ئەمیرەکەمان و قازی یەکەمان پرسیاری لێ کردین، پاشان ووتی: پێنج ڕەوشت هەیە پێویستە لەهەموو قازی یەکدا بێتە دی و ئەگەر یەکێکیانی تێدا نەما دەبێتە خەوشی لەسەری: ((دەبێت تێ گەیشتوو بێت، لەسەر خۆ بێت، پاك بێت، لەهەقدا توندبێت، دەبێت زانابێت و پرسیار بکات لەوشتانەی نایانزانێت)).[1]

لەڕوایەتێکی تردا لە یحیی ی کوڕی عمری کوڕی عبدالعزیز دەگێڕنەوە، کە وتوویەتی: قازی و داد وەر خۆی بەقازی نەزانێت، تا پێنج شت هەیە لە خۆیدا نەهێنێتە دی: پاکبێت ـ عفیف ـ نەرم و نیان ـ حلیم ـ زانا بێت بە دادوەریەکانی پێشخۆی، ڕاوێژ بە ژیرمەندان بکات،گوێ نەدات بەلۆمەی خەڵکی).[2]

---

١ ـ الطبقات (٥/ ٣٦٩).

٢ ـ الطبقات (٥/ ٣٦٩).

عمری کوڕی خطابیش‌ﷺ وتەیەکی نزیکی هەیە لەمانایەوە،[١] عەلی کوڕی ئـەبو طـالبیش‌ﷺ وتـەیـەکی لـەم مانایـەوە هەیـە، چـوار مەزهەبەکـەی ئیـسلامیش لـەم سیفەتانەدا لەگەڵ عمری کوڕی عبدالعزیز یەکدەگرنەوە.[٢]

٢- داد وەری مەسەل ئاڵۆزەکان:

لەوانە هەندێ کێشەی دادگـایی ئـاڵۆزە ڕووبـەڕووی قـازی ببێتـەوە، کـە دادوەر سەرسـامە و نازانـێ چ حوکمێـك بـدات، دەی ئایـا حـوکم دەربکـات؟ یـان واز لـەو کێشەیە بێنێ بۆ کەسانی باڵاتر و زاناتر؟!

عمر لەم بوارەدا بڕیارێکی دەرکرد کەشیاوی ئەوەیە، تا ڕۆژی قیامەت دادگاکـان کاری لەسەر بکەن، ئەویش ئەوە بو، کە دەڵێت: هەرکاتێ دادوەر حوکمەکـەی لـەلا ئاشکرا بوو با حوکم دەرکات و ئەگەر لەلای ئاڵۆز بوو باواز لکێشەکە نەهێنێ، بەڵکو بەرزی بکاتەوزە بۆسەرووی خۆی، تا لێ ی بڕوانن و چارەسەری بکەن.[٣]

(میمون)ی کوڕی (مهران) نامەیەکی بۆ عمری کـوڕی عبـدالعزیز نوسـی وتیایـدا پێ ی ووت: سکاڵای قورسی کاری داد وەری و بەرپرسیاریەتی کۆکردنەوەی زەکات دەرکرد لەوکاتەدا قازی جەزیرە بوو - عمریش لـە وەڵامـدا پـێ ی ووت: مـن شـتێکم نەداو بەسەرتدا ، تا نارەحـەتت بکـات، بـەڵکو زەکـاتی خـاوێن کـۆبکرەوە لـە هـەر مەسەلەیەکیش دا، کە حوکمەکەی ڕوون بوو، حـوکم دەربکـە و ئەگـەر لـەلات ئـاڵۆز بوو بەرزی بکەرەوە بۆمن، جا خۆ هـەر کاتـێ خـەڵکی مەسـەلەیەکیان لـەلا قـورس ببێت و وازی لێ بێنن ئەوە نەدین بەرپا دەبێت و نەدونیا.[٤]

بەمەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە خوای گەورە ئاستی زیرەکـی و تێگەیـشتووی وەك یەك نەبەخشیوە بەخەڵکی، بەڵکو هەرکەسەو ئاستێکی پێدراوە، جا هەرکەسێ

---

١ - شذرات الذهب (١/ ١٢٠).
٢ - المغني ٩/ ٣٩ - ٤٣ - ٥٠.
٣ - فقه عمر بن عبد العزيز (٢/ ٤٨٧).
٤ - الخراج لأبي يوسف لا ٢٤٠- ٢٤١.

بوو بە قازی و کێشە ڕوون و ئاشکراکانی هاتـە بەردەست بـا حوکمیـان دەربکـات، بەڵام ئەگەر چارەسەری کێشەیەکی لەلا قورس بوو نەیدەزانی چی بکـات، بـا ڕاوێـژ بکات بە زاناو خوێندەوارانی سنورەکەی، ئەگەر ئەوانیش نەیانـدەزانی بـا بـەرزتری بکاتەوزە بۆ کاربەدەستانی باڵا و کێشەکە لەدەستی ئەودا نەمرێتو بدرێتە دەسـتی کەسانی تر.[1]

عمری کوڕی عبدالعزیزرحمه الله هەندێ لەشەوی تەرخان کردبوو بـە وتوویـژو لەگـەڵ زانایان و تێ گەیشتووان لەمەسـەلە جیـا جیاکـانی لـەکارو بـاری ئـاینی و دونیـایی، چونکە زۆر تێگەیشتو و بـوو دەیـزان بەیەکگەیـشتنی پیـاوانی شـارەزا فیکـر نـوێ دەکاتەوەو هزرەکان بەرزدەکاتەوە.

بۆیە کاتێ (رجاء) ی کوڕی (حیوة) پرسیاری لێ کرد، کە ئایا تۆ هـەموو ڕۆژەکـە بەکاروباری خەڵکی یەوە خەریکی دەی شـەوەکە دانـێ بـۆ حەوانـەوە خـۆت بۆچـی لەگەڵمان دادەنیشی بۆ شەو نشینی؟

لەوەلامـدا وتـی: ئـەی رجـاء، بەیـەك گەیـشتنی پیـاوان مێـشك و عـەقڵ پاڵفتـە دەکات، ڕاوێژکردن و وتوویژ قاپی ڕەحمەت و کلیلی فەڕو بەرەکەتـە، کـەس تیایـدا بەهەڵە دا ناچێت و ڕای لاواز جێگیر نابێت.[2]

٣ـ نەرم ونیانی لەگەڵ گەوجان و حوکم نەدان لەکاتێ تووڕە بووندا:

عمری کوڕی عبـدالعزیزرحمه الله نامـەی نووسـی بـۆ سـەرکردەی سـوپاکان و پـێ ی ووتن: ((لە (عبدالله) عمری کوڕی عبدالعزیز ـ ئەمیری باوەڕداران ـ بۆ فەرماندەکانی سوپا... هەرکاتێ سکاڵاکەرێکی بـێ مێـشك و گێـل و بـێ ڕێـز هاتـە لات و ویـستت حـوکم دەربکـەیت بەسـەریدا، پەلەمەکـە و سـەرەتا، تـا دەتـوانی تـێی بگەیەنـە و بەنەرمی مەسەلەکەی بۆ ڕۆشن بکەرەوە، ئەگەر تێ نەگەشت و مەسـەلەکەی لـەلای ڕۆشن بکەرەوە ئەوە ـ نیعمەتی خوایە، ئەگەر سودیشی نـەبوو لەگەڵێدا ئـەوە تـۆ

---

١ ـ فقه عمر بن عبد العزيز (٢/ ٤٨٨).

٢ ـ ملامح الانقلاب لاسلامی لا ١٨٦.

قسەت نەهێشتەوە، بۆی ـ إقامه الحجه ـ و ئەگەر بۆت دەرکەوت تاوانێکی کردوە و شایانی سزادانە، تۆ لەو کاتی تورەیی یەدا حوکم دەرمەکە بە سەریدا، بەڵکو بەهێمنی و لە حوکمی ڕاستەقینە بکۆڵەرەوە دەربارەی. ئیتر تاوانەکەی هەر تاوانێك بێت ـ و ئیتر باسزاکەیشی تەنها یەك دار بێت لێ بدەیت.

ئەگەر سزاکەیشی کوشتنی بوو پەلەمەکەو سێ ڕۆژ دوای بخەو گوێ مەدە بەکەسانەی لەو کاتەدا لەچواردەورتن و لەبەر ئەوان پەلە نەکەیت و پاش ئەو سێ ڕۆژە حوکم دەربکە تا نەوەك لەبەر تۆڵەی تورە بوونی خۆی بێت).[١]

٤ـ دادوەر بە هەڵە لەخەڵك ببورێت باشترە لەوەی بەهەڵە سزا بدات:

(ابو عقبه)دەڵێت: عمری کوڕی عبدالعزیز دەیووت: سزا دیار یکراوەکان لەسەر خەڵکی لابەرن بە بچوکترین بەهانە، چونکە (والی) ئەگەر بە هەڵە لەتاوانێك ببورێت زۆر باشترە لەوەی، کە بەهەڵە سزای بێ تاوانێك بدات.[٢]

٥ـ کار بەدەستان و دیاری وەرگرتن:

عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله هەموو جۆرە دیاری و بەخششێك، کە بدرایە بەوالی و داد وەران و فەرماندە سەربازی و مەدەنیەکانی بە بەرتیل دادەنا، لەئەوەپەری هەژارای و دەست کورتیدا دیاری وەر نەگرتووە، فەرمانیشی بەخەڵکی دەدا، کە دیاری نەبەن بۆ کاربەدەستاان، هەروەك فەرمانیشی دەدا بە کاربەدەستەکانی، کە بەهیچ جۆرێك دیاری لە خەڵکی وەرنەگرن.[٣]

(فرات)کوڕی(مسلم)دەڵێت: عمری کوڕی عبدالعزیزرحمه الله حەزی لە سێو دەکرد، ناردی بۆ ماڵەوە، بەڵام ماڵەوە ووتیان: هیچمان نی یە سێوی پێ بکڕین، عمریش سواری وڵاخەکەی بوو، ئێمەش لەگەڵیدا سواری وڵاخەکانمان بووین، دای بەلای

---

١ ـ سیرة عمر (لابن عبدالحكم) لا ٦٨ـ ٦٩.
٢ ـ سیرة و مناقب عمر (لابن الجوزي) لا ١٢٣.
٣ ـ فقه عمر بن عبد العزیز(٢/٤٩٥).

(دێر)ێکدا کۆمەڵێك لە منداڵانی ناو دێرەکە بەسەبەتەیەك سێوەوە پێش وازیان لێ کرد، ئەویش لەلایاندا وەستا و سێوێکی هەڵگرت و تێر بۆنی کرد، پاشان خستی یەوە ناو سەبەتەکە، پاشان ووتی: بڕۆنەوە ناو دێرەکەتان و سێوەکەشتان بەرنەوە، چونکە وا نازانم سێوتان بۆ هەموو هاوڕێکانم هێنابێت.

(فرات) دەڵێت: وڵاخەکەم خێرا کرد و خۆم گەیاندە لای عمر پێم وت: ئەی ئەمیری باوەڕداران حەزت لەسێودەکرد و بۆت نەکرا کەچی وا بەدیاری بۆت هات و تۆش وەرت نەگرت، ! عمریش ووتی: پێویستم پێ ی نی یە، (فرات) دەڵێ: پێم ووت: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ و ئەبوبەکر و عمر دیاریان وەرنەگرتوە؟ عمریش ووتی: بەڵێ: بەلام بۆ ئەوان دیاری بووە، بەلام بۆ کاربەدەستانی دوای ئەوان بەرتیلە.[١]

٦ـ هەڵوەشاندنەوەی هەر حوکمێك پێچەوانە بێت لەگەڵ قورئان و سوننەتدا:

عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله نامەی نووسی بۆ والی عیراق، کە هەموو ئەو حوکمانەی حەجاج کاتی خۆی دەری کردوون هەڵیان بووەشێنێتەوە،[٢] فەرمانیشی دەرکرد لەهەموو جێەك ئەم حوکمانە هەڵوەشێنەوە، کە پێچەوانەیە لەگەڵ قورئان و سونەت و کۆدەنگ و شورا داو هەرسێ پێشەوا ـ مالك و شافعی و احمدـ پێیان وایە، کە حوکمێك پێچەوانە بێت لەگەل قورئان و سوننەت و کۆدەنگدا ـ اجماع ـ کاری پێ ناکرێت و هەڵدەوەشێتەوە.[٣]

٧ـ هەر کەسێك سپاردە بفەوتێنێ دەبێت سوێند بخوات:

(وهب)ی کوڕی (منبه)نامەی نووسی بۆ عمری کوڕی عبدالعزیز و پێ ی ووت: بڕی پارەی (بیت المال)م لەلا بوو کەچی دیار نەماوە وونم کردووە، عمریش

---

١ ـ الطبقات الکبری (لابن سعد)(٥/ ٣٧٧).
٢ ـ حلية الاولياء(٥/٢٧٠).
٣ ـ فقه عمر بن عبد العزيز(٢/٤٩٩).

لەوەڵامدا بۆی نوسی: پاشان...من لە موسڵمانەتی و دەست پاکیت دڵنیام، بەڵام گلەیم لەوە هەیەکە وریانیت و شت وون دەکەیت، من بەرپرسیارم لەهەموو شتێکی موسڵمانان، بۆیە دەبێت سوێند بخوێت بۆیان، والسلام .[1]

٨ـ بەڵگەی نادیار و دواکەوتوو:

کۆمەڵێك لەقورەیشی یەکان هاتن بۆلای عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله و شکاتیان لەیەکتری هەبوو، عمریش رحمه الله حوکمی کردن، بەیەکێ لەوانەی حوکمەکەی بەسەردا درابوو ووت: من ناتوانم حوکمی هیچ مەسەلەیەك دوابخەم دوای ئەوەی بۆم ڕۆشن بویەوە، بەڵام تۆ بڕۆ و هەرکاتێ بەڵگەیەکت بۆ هێناوم و لەو بەڵگەی ئەوان بەهێزتر بوو. من یەکەمین کەسم ، کە حوکمی خۆم هەڵبووەشێنمەوە.[2]

٩ـ مەسروفی حوشتری وون بوو:

(شعبی) دەڵێت: پیاوێك حوشترێکی لێ وون بوو، پاش ماوەیەك لەلای پیاوێك بینی یەوە، کە ئالیکی چاکی دابوویەو قەڵەوی کرد بوو، سکاڵای بەرزکردەوە بۆ لای عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله کە لەوکاتەدا والی شاری مەدینە دەبێت، حوکمی دەرکرد حوشترەکەی بگەڕێتەوەو بۆ خاوەنەکەی و خاوەنەکەیشی بڕی مەسروفەکەی بگێڕێتەوە بۆ کەسی یەکەم.[3]

١٠ـ منداڵی دوزراوەکەسیکی سەر بەستە:

عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله نامەی نووسی بۆ خەڵکی شاری مەککە و پێ ی ڕاگەیاندن، کە (منداڵی دۆزراوەـ اللقیط ـ سەربەستە...)واتە: دروست نی یە مامەڵەی بەندەی لەگەڵدا بکرێت کاتێ گەورە بوو.[4]

---

١ ـ سيرة عمر (لابن الجوزي)لا ١٠٤ـ ١٠٥.

٢ ـ الطبقات الكبرى(٥/٣٨٦).

٣ ـ مصنف ابن ابي شيبه (٦/ ٣١٢).

٤ ـ مصنف ابن ابي شيبه(٦/ ٥٣١).

١١ـ شایەتی برا بۆ برا:

عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله نامەی نووسی بۆ هەرێمێك و پێ ی ووتن: شایەی برا بۆ براکەی وەربگرن ئەگەر موسڵمان و دەستپاك بوو ـ عدل ـ.[١]

دووەم: دەرابرەی کوشتن و تۆڵەسەندنەوە

١ـ لەسەردەمی عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله ژنێك هەستا بەکوشتنی پیاوێك و عمریش کەس و کاری پیاوەکەی هێنا و پێ ی ووتن: ئەگەر حەزدەکەن عەفوی بکەن؟ بیەنو ئەگەر حەزدەکەن بیکوژنەوە ئەگەر حەزیش دەکەن خوێن وەربگرن، خوێن وەربگرن.[٢]

٢ـ پەلە نەکرێ، تا خاوەن خوێن گەورە دەبێت: عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله دەربارەی ئەو پیاوەی، کە کوژرا و منداڵێکی هەبوو، ووتی: باکوژراوەکە ڕابگیرێت، تا ئەو منداڵە گەورە دەبێت و خۆی حوکم دەدات بەسەر بکوژی باوکیدا.[٣]

٣ـ هەندێ خۆش بن و هەندێ خۆش نەبن لێ ی: (الزهری)دەڵێت عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله نووسی: ئەگەر یەك کەس لەکەس و کاری کوژراو ـ أولیاء ـ لە بکوژ خۆش بوون ئیتر کوژراو ناکوژرێتەوە و دەگوێزێتەوە بۆ خوێن دان ـ الدیە ـ.[٤]

٤ـ کەسێ لەبازاڕدا دەکوژرێت و کەس نازانێت کێ کوشتویەتی: دادوەری شاری بەسرە(عدی)کوڕی (أرطأة) نامەی نووسی بۆ عمری کوڕی عبدالعزیز و پێ ی ووت: لەبازاڕی قەسابەکاندا پیاوێکمان بەکوژراوی دیوەتەوە، عمریش ووتی: لە (بیت المال) خوێنەکەی بدەن.[٥]

---

١ ـ مصنف ابن ابي شيبه (٩/ ٣١٨).
٢ ـ المحلى ١٠/ ٣٦١).
٣ ـ مصنف عبد الرزاق(١٠/ ١١).
٤ ـ هەمان سەرچاوە(٩/ ٣١٨).
٥ ـ هەمان سەرچاوە(١٠/ ١٦، ١٧).

٥ــ ئــەوەی لەقەرەباڵغیــدا دەپلیــشێتەوە: ئەگــەر كەســێك لەقەرەباڵغیەكەكــدا بپلیشێتەوەو بمرێت و نەزانرا كێ كوشتویەتی! ئایا خوێنەكەی بــێ هــودە دەڕوات؟ عمری كوڕی عبدالعزیز رحمه الله بۆ چوونی وابوو، كــە ئەگــەر بكوژرێــت و بكوژەكــەی دیــا نەبوو ئەو خوێنەكەی لەسەر (بیت المال)ی موسڵمانانە.[١]

جارێكیــان دەربــارەی دووكــەس، كــە لــە نــاو قەرەباڵغیــدا خنكــابون، ووتــی: خوێنەكــەیان لــە (بیــت المــال) بــدەن، چــونكە یــان دەســتێك، یــان قاچــێك پلیشانوێتیەوە.[٢]

سێ یەم: دەرابرەی خوێن ـ الدیه ـ

١ـ خوێنی مرۆڤ: عمری كوڕی عبدالعزیز نامەی نووسی بۆ سەركردەی سوپاكانی پێ ی ووتن: لەسەردەمی پێغەمبەری خودا خوێنی مرۆڤێك (١٠٠)حوشتر بووە.[٣]

٢ـ خوێنی قرتــانی زمــان: (ســلیمان)ی كــوڕی (موســی)دەڵێــت: لەونامەیــەی كــە عمــری كــوڕی عبــدالعزیز نــاردی بــۆ ســەركردەكانی ســوپا ووتبــووی: ئەگــەر زمــان ئەوەندەی لێ قرتابوو، كە توانای قسەكردنی نەمابوو خــوێنێكی تــەواوی دەكــەوێت، ئەگەر لەوەكەمتر بوو بەو حسابە حسابی لەگەل دەكرێت.[٤]

٣ـ خوێنی نەهێشتنی قوڕگ و دەنگ: سەرچاوەی دەنگ ئەگەر گەرو نەماو زیانی لێ كەوت، قسەكردنیش زیانی لێ دەكەوێت، عمــری كــوڕی عبــدالعزیز نووســی: كــە ئەگەر توانای قسەكردنی نەهێشتبوە ئەوە خوێنی مرۆڤێی تەواوی دەكەوێت.[٥]

٤ـ خوێنی نەهێشتنی كۆئەندامی زاوزێ ی پیاو: كۆئەندامی زاوزێ بەشــێكی زۆر گرنگی پیاوانــە، ئەگــەر نــەمێنی ئــیتر ئــارەزوی نــامێنێ و توانــای منــدال بوونیــشی نامێنێ لەبەر ئەوە عمری كوڕی عبــدالعزیز پــێ ی وایــە خــوێنی تــەواوی دەكــەوێت،

---

١ ـ فقه عمر بن عبد العزيز (٢/٣٦).
٢ ـ المحلي(١٠/ ٤١٨).
٣ ـ مصنف ابن ابي شيبه(٩/١٢٨).
٤ ـ مصنف عبدالرزاق (٩/ ٣٥٧).
٥ ـ فقه عمر بن عبد العزيز(٢/ ٦٩).

ئەگەر بەکەمتر بوو زیانەکەی، بەپێ ی ئەوزیانە خوێنی دەکەوێت.[١]

٥- خوێنی زیان گەیاندن بە کۆئەندامی زاوزێ ی ئافرەت: ئەگەر کەسێك دای لەئافرەتێك و ئازاری بەو کۆئەندامەی گەیاند بەجۆرێ سەرجێگەیی و سەرئاو و عادەی مانگانەی نەهێشت خوێنی مرۆڤێکی دەکەوێ لەلای عمری کوڕی عبدالعزیز،[٢] لەڕیوایەتێکیش داهاتوە، کە ٣/١ی دیەی پێ داوە، بەڵام بۆ کۆکردنەوەی ئەم دووڕایەی عمر ئەتوانین بڵێین ئەگەر بەیکجاری ئەوسێ شتەی لەئافرەتەکە بڕیبوو ئەوە بێ گومان خوێنی تەواوی دەکەوێت، ئەگر یەکێ لەو زیانانەی لێ کەو ئەوە ٣/١ی دەکەوێت.[٣]

٦- خوێنی لووت: لەبەرئەوەی لوت کۆئەندامێکی زۆر گرنگی مرۆڤە و لەڕێگایەو هەناسەدەدات، بۆنی شتەکان دەکات و لەیەکیان جیا دەکاتەوە ئەمەو سەرەڕای ئەوەی، کە هۆی جوانی دەم و چاوی مرۆڤە و قرتاندنی ناشیرین بوونی دەم و چاوی مرۆڤە، لەلای عەرەبیش هەرکەسێ لووتی ببڕدرێت ئەوە گەورەترین سوکایەی پێ کراوە، بۆیە عمری کوڕی عبدالعزیز خوێنی تەواوی لەسەر داناوە ئەگەر لەبنا ببڕرێت و ئەگەر کەمتر بڕا بەو پێ ی یە خوێنەکەی دیاری دەکرێت..[٤]

٧- خوێنی گوێچەکەیەك: لەبەرئەوەی گوێ نیوەی سودی بیستن و دەبەخشێت، لەمرۆڤیشدا دوو دانەن، بۆیە عمری کوڕی عبدالعزیز بۆچوونی وایە ئەگەر قرتاندیان توانای بیستنی نەما نیوەی مرۆڤێکی دەکەوێت، کە(٥٠)حوشتر دەکات.[٥]

٨- خوێنی قاچەکان: لەبەرئەوەی ئادەمیزاد ناتوانێت بڕوات بەڕێوە بەهۆی قاچەکانی یەوە نەبێت، مانەوەی یەك قاچیش سودی نی یە بۆ ڕۆیشتن و لەبەر ئەوەی یەکێکە لە ئەندامە جوتەکانی مرۆڤ بۆیە لەناو بردنی بەقرتاندن، یا لەکار

---

١ ـ مصنف عبدالرزاق (٩/ ١٢٨).

٢ ـ فقه عمر بن عبد العزيز (٢/ ٧١).

٣ ـ مصنف عبدالرزاق(٩/ ٣٧٧).

٤ ـ فقه عمر بن عبد العزيز (٢/ ٧٦).

٥ ـ ـ فقه عمر بن عبد العزيز لا (٢/ ٨٠).

خستنی وەك شەلەل یەك قاچ خوێ،ەکەی(٥٠) حوشترە و خوێنی هەردوکیان (١٠٠)حوشترە ئەمە لەلای عمری کوڕی عبدالعزیز‌رحمه الله.[1]

٩- لەناو چوونی برۆکان: هەندێ وردەکاری هەیە لەمەسەلەی خوێندا، کە زاناکان لەپێش عمری کوڕی عبدالعزیز‌رحمه الله باسیان لێوە نەکردبوو، وا عمری کوڕی عبدالعزیز رای خۆی دەربارەیان دەردەبڕێت، لەوانە شکاندن و بریندار کردنی نیوان برۆکان و ئەویش وەك دەم و چاوایە ئەگەر ئێسکەکانی نەشکاند بوو دەڵێت: ئەگەر برۆکانی لەناو بردبوو ئێسقانی نەشکاندبوو(١/٤)ی خوێنی دەکەوێت -[2] واتە(٢٥) حوشتری،

١٠- تێك شکاندنی دەم و چاو: عمری کوڕی عبدالعزیز ‌رحمه الله دەربارەی روومەت کاتێ دەشکێت - هشمت - خوێنەکەی (١٥٠)دینارە.[3]

١١- خوێنی چەناگە: هەرکەسێ چەناگەی کەسێك بشکێنێت لەلای عمری کوڕی عبدالعزیز ١/٣ی خوێنێکی دەکەوێت، ئا بەو جۆرە عمری کوڕی عبدالعزیز بەراو بۆ چوونە ژیرانە و وردەکاریەکانی یەوە لەمەسەلە ورددو فەرامۆش کراوەکان دەدوێ، کەپێش تر کەس لەسەریان نەدواوە، بۆیە لێرەدا عمر دەڵێت: ١/٣ی خوێنی دەکەوێ، چونکە ئیتر ناتوانێت دەم بکاتەوەو خواردن بجوێ و شێوەشی ناشیرین دەبێت، ئەم ووتەیەش لەلایەن عمرەوە تەنها یەو کەسی تر قسەی تێدانە کردوە.[4]

١٢- خوێنی پەنجەکان: لەبەر گرنگی پەنجەکان بەتایبەتی پەنجەکانی دەست، عمری کوڕی عبدالعزیز‌رحمه الله پێ وایە یەك پەنجەی دەست، یان قاچ ١/١٠ی خوێنی پەنجەیەکی دەکەوێت،لەپەڕینی هەر جومگەیەکی دەست جگە لە پەنجەگەورەکە دو جومگەیە، جومگەیەك نیوەی خوێنی پەنجەیەکی دەکەوێت.[5]

---

١ - مصنف ابن ابي شيبه(٩/ ٢٠٠٩).
٢ - هەمان سەرچاوە (٩/ ٢٩١).
٣ - مصنف عبدالرزاق(٩/ ٣٦١).
٤ - فقه عمر بن عبد العزيز (٢/ ٦٩).
٥ - هەمان سەرچاوە لا(٢/١٠٠).

١٣ـ عمری کوڕی عبدالعزیزرحمه الله لـه بـۆ چـوونه فیقهـی یـه ژیرانه‌کانیـدا تەنانـەت نینۆکیشی پشت گوێ نەخستوه، ئەگەر بەلێدان ڕەش هەلگەڕابا، یان هـەڵوەرێ ١٠/١ی خوێنی پەنجەیەکی دەکەوێت، کە (١٠)دینار دەکات.[١]

چوارەم: سنورەکانی پەروەردگار ـ الحدود ـ:

١ـ بەرپاکردنی سنورە شەرعیەکان ـ الحدود ـ:

بەرپاکردنی سنورەکانی شەرع هۆکارێکی سەرەکی یە لەپاراسنی گیان و خوێن و سامان و ناموسی موسلْمانان و بـەر قـەرار بـوونی ئاشـتی لەهـەموو ولاْتـدا، عمـری کوڕی عبدالعزیز یش زۆر بەگرنگی یەوە سەیری کردوون وەك گرنگی نوێژو زەکات، لەوبارەیەوە عمر دەڵێت: بەرپاکردنی سزا شەرعی یەکان لەلای من وەك بەرپاکردنی نوێژ و زەکات وایە.[٢]

٢ـ سزا شەرعی یەکان دوای گەشتنی ئیمام:

عمری کوڕی عبدالعزیزرحمه الله پێ ی وابووە، کە تا نەگاتە ئیمام بـۆ خـاوەنی مـاف هەیـە لـە بەرامبەرەکـەی ببورێـت، بـەلاْم هەرکـە بەرزکرایـەوە بـۆ لای ئیمـام ئـیتر لەدەستی ئەودا نامێنێت و لەسەر ئیمام پێویستە جێ بەجێ بکات.[٣]

٣ـ پیاوێك چەند سزایەکی لەسەر بێت:

جاری وا دەبێت کەسێك لەیەك کاتدا کۆمەڵێك سزای لەسـەر دەبێـت وەك دزیـو کوشتن و داوێن پیسی، دەی ئایا کوشتنی ئەو پیاوە بەسە لـەباتی تاوانـەکانی تـر؟ یان سزاکانی بەسەردا جێ بەجێ دەکرێت و، پاشان دەکوژرێت؟

لێـرەداو لـەو ڕیوایەتێکـدا عمـری کـوڕی عبـدالعزیزرحمه الله پـێ ی وایـە ، کـە سـزا شەرعی یەکانی تری بەسەردا جێ بەجێ دەکرێت و، لەپاشاندا دەکوژرێتەوە.[٤]

---

١ ـ هەمان سەرچاوە (٢/ ١٠٢).

٢ ـ الطبقات الکبری(٥/ ٣٧٨).

٣ ـ فقه عمر بن عبد العزیز(٢/ ١١٣).

٤ ـ هەمان سەرچاوە (٢/ ١١٣).

٤- والی یەکان بەپێ پرسی خەلیفە کەس نەکوژن:

ئەمە ڕای عمری کوڕی عبدالعزیزرحمه الله، کە پێ وابووە کوشتن و خوێن زۆر ترسناکە هەرکەسێ پێ ی هەڵبستێ خەلیفە تاوانبارە تیایدا، ئەگەر بەناڕەوا ئەنجام بدرێت، چونکە وەك پێشتر باسمان کرد حەجاج بەکەیفی خۆی نەیارەکانی خۆی دەکوشت - سلیمان - یش نەیدەزانی پێ ی - بۆیە عمررحمه الله پێ ی وایە دوو سزاگەورەکەی ئیسلام - کوشتن و هەڵواسین - بەبێ ئاگاداری پێش وەخت و پرس کردن بە خەلیفە نابێ ئەنجام بدرێت.[1]

٥- ئەوە بەدڕەوشتی دەدەیتە پاڵ - القذف:

عمری کوڕی عبدالعزیزرحمه الله پێ وایە، کە جنێودان بە بێ باوەڕ بە ووشەی بەد ڕەوشتی - زنا- کەسی لەسەر سزا نادرێت، چونکە خۆی لەتاوانبارە بەکوفر و بێ باوەڕی، کە لەزینا زۆر ناشیرین ترە، (طارق)ی کوڕی (عبدالرحمن)و (مطرف)ی کوڕی (طریف)دەڵێن: لەلای (الشعبی)بووین، دووپیاو هاتن بۆ لای و یەکەمیان موسڵمان بوو، دووەمیان گاور، هەردووکیان ووتیان: جنێومان بە یەکتر داوە - قذف - (٨٠)داری بڕیاردا بدرێ لەگاورەکە، چونکە ناموسی موسڵمانێکی لەکەدار کردووە، بەڵام بەگاورەکەی ووت: تۆ لەکەدار نەکراویت، چونکە لەکەو خەوشی گەورەترت تێدایە - کە بێ باوەڕیە -.

ئەو مەسەلە بەرزکرایەوە بۆلای عبد الحمیدی کوڕی زەید و ئەویش عمری کوڕی عبدالعزیز ی لێ ئاگادار کردەوە و عمریش نامەی بۆ نووسی و دەستخۆشی لەشەعبی کرد لەسەر ئەو فەتوایە.[2]

٦- باوکێك جنێو بەناموسی کوڕەکەی دەدات - القذف -:

هەر کاتێ باوکێك کوڕەکەی بەوە ناشیرین بکات، کە زینای کردوە، ئایا داری حەدی لێ دەدرێت، یان نا؟ یان ئایا باوك مافی ئەوەی هەیە، کە کوڕێ خۆی بەوە لەکەدار بکات؟

---

١ - فقه عمر بن عبد العزیز (٢/ ١٢٠).
٢ - مصنف عبدالرزاق(٦/ ٦٤، ٦٥).

ئەی ئایا سزاکەی لەسەر لا دەچێ ئەگەر کوڕەکەی لێ ی ببورێت؟
بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە عمری کوڕی عبدالعزیزرحمه الله بۆ چوونی زانایانەی خۆی هەیە و دەڵێت: باوك داری حەدی لێ دەدرێ، اتێك کوڕەکەی بەبەد ڕەوشتی توانبار بکات، هەر کاتێ کوڕەکەی لێ ی خۆش بوو ئیتر سزاکەی لەسەر هەڵدەگیرێت،[1]

(ابن جریج) دەڵێت: (ڕُزەیق) سەرگەورەی (ئیلە) نامەیەکی نووسی بۆ عمری کوڕی عبدالعزیز ـ هەواڵی پیاوێکی پێدا، کە قسەی بەکوڕەکەی ووتبوو، عمریش بۆی نووسی، کە داری حەدی لێ بدرێت مەگەر کوڕەکەی عەفوی بکات.[2]

٧ـ لەکەدار کردنی ئافرەتی گاور:

ئەگەر ئافرەتێکی گاور خیزانی پیاوێکی موسڵمان بێت، یەکێ بەقەسەی ناشیرین ڕەوشتی لەکەدار بکات، لەبەر ئەوەی، کە لەکەدار کردنی ئەو ئافرەتە لەکەدار کردنی ئابڕوی کوڕە موسڵمانەکەی و مێردە موسڵمانەکەیەتی بۆیە عمری کوڕی عبدالعزیزرحمه الله پێ ی وایە داری لێ دەدرێت، بەڵام کەمتر لەئاستی حەددەکان.[3]

(ابی اسحاق الشیبانی) دەڵێت: عمری کوڕی عبدالعزیزرحمه الله سزای ئەو کەسەی داوە، کە ئافرەتێکی گاوری هاوسەری موسڵمان لەکەدار بکات سی و شتێك داری لێ داوە.[4] زوهری و قەتادەیش لەسەر ئەم ڕایەن، مالیکیەکانیش دەڵێن: داری حەدی لێ نادرێ، بەڵام تەمێ دەکرێ لەبەر دڵی مندال و هاوسەرە موسڵمانەکەی.

٨ـ ئافرەت بڵێ ئەم پیاوە زینای لەگەڵ کردووەم:

لە عمری کوڕی عبدالعزیزەوە دەگێڕنەوە، کە ئافرەتێك هاتووە بۆلای و ووتویەتی: فلان پیاو بەزۆر زینای لەگەڵ کردم،عمریش لێ ی دەپرسێت: کەس گوێ ی لەهاوارت بوو، یان کەس بینیویەتی لەو کاتەدا؟ ووتی: نەخێر، ئەویش ووتی

---

١ ـ فقه عمر بن عبد العزيز (٢، ١٣٣).
٢ ـ مصنف ابن ابي شيبه (٩/ ٥٠٤).
٣ ـ فقه عمر بن عبد العزيز(٢/ ١٣٦).
٤ ـ مصنف عبدالرزاق(٧/ ١٣٠).

بۆتۆڵەی ئەو پیاوە، داری حەدی(لەكەدار كردنی) ـ قزف ـ لەئافرەتەكەدا.[١]

ئەم مەسەلەیە هیچ پەیوەندی یەكی نی یە بەسزای داوێن پیسی یەوە، بەڵكو ئەمە تایبەتە بە لەكەدار كردنی ئابڕو ـ القذف ـ ، چونكەهەر ئافرەتێك هەستێت بەتاوانبار كردنی پیاوێك، كە گوایە داوێن پیسی لەگەڵ كردوە، بەم قسەیەی ئابڕوی پیاوێكی لەكەدار كردوە، ئەگەر شایەتی نەبێت داری حەدی ـ القذف ـ ی لێ دەدرێت، بیستنی هاوار كردنی ئافرەتەكەیان بینینی ئەو سزایەی لەسەر لا دەبات، ئەم ڕایەی عمری كوڕی عبدالعزیز ﷺ یەك دەگرێتەوە لەگەڵ (الزهری)و (قتادە)و (یحیی)ی كوڕی (سعید الانصاری)دا.[٢]

٩ـ دزێك بگیرێ پیش ئەوەی شتەكانی بەرێتەوەماڵەوە؟

عمری كوڕی عبدالعزیزﷺ بۆ چوونی وایە، كە دەستی زێك نابڕدرێت، كە هێشتا ماڵەكەی دەرنەكرد وەلەو جێگایەو نەیبردۆتە وە ماڵەوە، تا ئەو ماڵە دەرنەكات و نەیباتە شوێنی دڵنیای خۆی سزای حەدی لەسەر نی یە.[٣]

١٠ـ ئایا كفن دز دەستی دەبڕێت؟

خەڵكانێك هەن دەرونیان بەڕادەیەك نزمە كاری واقیزەوەن دەكەن، كە هەركەس بێزی لێ دەكاتەوە، هەندێ خەڵكی بیردەكەنەوە لەوەی كفنی مردووی تازە بدزن، بۆ ئەوە مەبەستە شەو دەڕۆیشتن و گۆڕەكەیان هەڵدایەوە و كفنەكەیان لەمردووە كە دەكردەوە دەیان برد و دەیانفرۆشێت،

عمری كوڕی عبدالعزیز پێ ی وابوو، كە هیچ جیاواز یان نی یە لەگەل دزی ترداو داری حەدیان لێ دەدرێت، چونكە دزی لەمردوو هەروەك دزی وایە لە زیندو هیچ جیاواز یەكیان نی یە.[٤]

---

١ ـ فقه عمر بن عبد العزیز (٢/ ١٤٠).
٢ ـ المحلی (١١/ ٢٩١).
٣ ـ فقه عمر بن عبد العزیز (٢/ ١٤٦).
٤ ـ هەمان سەرچاوە(٢/ ١٤٧).

(معمر)دەڵێت: هەواڵم پێ گەیشتووە، کە عمری کوڕی عبدالعزیز دەستی کفن دزی بڕیوە(النباش).[١]

١١ـ سزای ئارەق خواردنەوە بۆجاری دووەم:

لە (عبادە)ی کوڕی (نسی)دەڵێت: عمری کوڕی عبدالعزیزم بینی داری حەدی دەدا لەپیاوێك ئارەقی خواردبوویەوە، جلەکانی لەبەری داکەندو (٨٠)داری لێدا، بینیم هەندێ جێگەی لاشەی شوێنەواری لێدانی پێوە دیار بوو، هەندێکیشی پێوەی دیار نەبوو، پاشان عمر پێ ی ووت: ئەگەر جارێکی تر دووبارەی بکەیتەوە لەپاش لێدانیش، زیندانیت دەکەم، تا چاك دەبیت).

پیاوەکەش پێ ووت: ئەی ئەمیری بڕواداران توبە دەکەم و دەگەڕێمەوە لای خواو هەرگیز ئەو هەڵەیە دووبارە ناکەمەوە، ئەویش وازی لێ هێنا.[٢]

١٢ـ سزای ئەوکەسەی عەرەق دەگێڕێت:

هەرکەسێ(ئارەق) پەیدا دەکات، یان دەیگێڕێت بەسەریاندا، نابێت سزاکەی لەوانەی، کە دەیخۆنەوە کەمتر بێت، چونکە هۆکاری گەیاندنی عەرەقەکەیە بەئارەق خۆرەکان، لەبەر ئەوە عمری کوڕێ عبد العزیز رحمه الله کەسزای عەرەق خۆرانی دابێ سزای ئارەق گێڕەکانیشی داوە لەگەڵیاندا،[٣]

(إبن التمیمی)دەڵێت: عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله کۆمەڵێ ئارەق خۆری گرت و لەگەڵیشاندا مەی گێڕەکەی گرت و داری حەدی لەویش دا.[٤]

١٣ـ گۆزەو شوشەی ئارەق خورەکان دەشکێنرێت:

(هارون)ی کوڕی (محمد)دەڵێت: لەباوکی یەوە دەگێڕێتەوە و دەڵێت: عمری

---

١ ـ مصنف ابن ابي شيبه (١٠/ ٣٤).

٢ ـ الطبقات الكبرى(٥/٣٠٦٥).

٣ ـ فقه عمر بن عبد العزيز

٤ ـ مصنف عبدالرزاق(٩/ ٢٣٠).

کوڕی عبدالعزیزم بینی لە (خناصرة) بوو گۆزەی ئارەق خۆرەکانی ووردکرد و شوشە کانیشی شکاندن.[١]

١٤ـ حوکمی بێ باوەڕان کاتێ ئارەق بێننە ولاتەوە:

بێ باوەڕان هەرکاتێ بیەوێت ولاتی ئیسلامەوە، ئەگەر ئارەق و مادە بێ هۆش کەرەکانیان بوو، ئەتوانن بیهێنە ولاتی ئیسلام؟ یان ڕێگەیان پێ نادرێت؟ یان لەولاتی ئیسلامدا بۆیان دەستەبەر دەکرێت؟

لەوەلامدا نەخێر نابێت بیهێنن و نابێ بۆیان دەستە بەر بکرێ و دەبێت ئەو ماوەیەی لەولاتی ئیسلامدان خۆیان بگرن و ڕێزی شەریعەت و یاسای خوا بگرن و یاسای خوایش شایانی هەموو ڕێزو حورمەتێکە،

ئا لەم ڕوانگەیەوە عمری کوڕی عبدالعزیزرحمه الله بواری نەدەدا بە (أهل الذمة) کە کڕین و فرۆشتنی بەسەر ئارەقەوە بکەن و ئەوانیش ڕەچاوی ئەو یاسایەیان دەکردو نەیان دەهێنایە ولاتی ئیسلامەوە، چونکە ووتبووی: (أهل الذمة) بۆیانی نی یە ئارەق بهێنە ولاتی ئیسمەوە.[٢]

١٥ـ سزای جادو گەر:

(همام)لە (یحیی)وە دەگێڕێتەوە، کە کاربەدەسی عمان بوو، نامەی نووسی بۆ عمری کوڕی عبدالعزیز و پێ ووت: ژنە جادو گەرێکمان گرتووە، چی لێ بکەین؟ عمریش بۆی نووسی: کە ئەگەر خۆی دانی نا بەسیحربازی یەکەیدا، یان شایەت هەبوو، کە سیحری کردوە، بیکوژە.[٣]

ئەمەش مەزهەبی سێ زانامەزنەکەی ئیسلامە(ابو حنیفە)و(مالك)و (احمد).[٤]

(عمر)ی کوڕی (خطاب)یشرضي الله عنه نامەی دەنارد بۆ هەموو کاربەدەستەکانی و پێی

---

١ ـ الطبقات الكبرى (٥/ ٣٦٥).

٢ ـ فقه عمر بن عبد العزيز(٢/ ١٦٤).

٣ ـمصنف ابن ابي شيبه(١٠/ ١٣٥).

٤ ـ حاشي ابن عابدين(١ـ ٣١).

دەوتن هەموو پیاوێکی جادو گەر بکوژن.[١]

١٦- له ئیسلام هەڵگەڕاوەکان:

موسڵمان زۆر له کەس ناکات بۆ موسڵمان بوون، بەڵام بەهیچ شێوەیەك قبوڵی ئەوە ناکات کەسێك بە ئارەزوو حەزی خۆی موسڵمان ببێت و، پاشان لەئیسلام پاشگەزبێتەوە، بۆئەو مەبەستە عمری کوڕی عبدالعزیز- بۆ ماوەی سێ ڕۆژ دوای دەخستن وداوای تەوبەی لێ دەکردن وپاش سێ ڕۆژەکە ئەگەر هەر لەسەر کوفر سوربوو ئەوە دەدرێت له ملیان.[٢]

١٧- چۆن تەوبەی بێ دەکرێت؟

له(عبدالرحمن)ی کوڕی(ثابت)ی کوڕی(ثوبان)و ئەویش لەباوکی یەوە دەڵێت: من کار بەدەستی عمری کوڕی عبدالعزیز بووم ونامەم بۆ نووسی دەربارەی جولەکەیەك کەموسڵمان بوو، پاشان بوویەوە بەجولەکە، عمریش لەوەڵامدا پێ ی ووتم: بانگی بکەرەوە بۆ موسڵمان بوونەوە، ئەگەر موسڵمان بوویەوە بەرەڵای بکە، ئەگەر هەرسوربوو لەسەر پاشگەزبوونەوەکەی، لەسەر تەختەیەك پاڵی بخە، پاشان بانگی بکەرەوە بۆ موسڵمان بوون، ئەگەر هەر ملەجەڕێ ی دەکرد ئەوە بیبەسەرەوەو چەقۆیەکی گەورە بخەسەر گەردنی و ئەگەر هەرسوربوو، بدە لەملی، منیش وام کرد وجولەکەکە موسڵمان بوویەوەو وازم لێ هێنا.[٣]

دکتۆر محمد شقیر دەڵێت: تا ئێستا دەربارەی سزای پاشگەزبووم ئابەم وردەکاریەوە نەبینیوە لەهیچ کتێبێکدا.[٤]

١٨- سزای ئافرەتی پاشگەزبوو:

عمری کوڕی عبدالعزیز – رای وایە ئافرەتی موسڵمان کاتێ لەئیسلام پاشگەز

---

١ ـ مصنف ابن ابي شيبه (١٠/ ١٣٥).

٢- الطبقات الكبرى(٥/٣٥١).

٣ – مصنف ابن ابى شيبه (١٢/٢٧٤).

٤ – روضه الطالبين (١٠/٧٥) .

دەبێتەوە، داوای گەڕانەوەی لێ دەکرێت، ئەگەر تەوبەی نەکرد دەکرێتە کۆیلەو دەفرۆشرێت بەهاو ئاینەکانی تر،[1]

(ابوبکر صدیق) یش هەمان کاری کرد بە ئەو ئافرەتانەی (اهل الردە) کە لەئیسلام پەشیمان بوونەوە.

پێنجەم: سزا تەمێ کاریەکان - التعزیرات-:

١-ئەو پەری ڕادەی دارکاری کردن لەتەمێ کاریەکاندا:

پاش ئەوەی باسی(حدود)مان کرد کەکۆمەڵێ سزان خوا خۆی دیاری کردووە بۆ هەندێ لەتاوانباران، ئێستا باسی(تعزیرات) دەکەین کەدیاری کردنی سنورەکەی لەدەستی فەرمانڕەواکاندایەو ئەتوانن کەم و زیادی بکەن.

بۆیە عمری کوڕی عبدالعزیز: نامەی دەنووسی بۆ کاربەدەستەکانی وتیایدا فێری ئەوەی دەکردن، کەسزای تەمێکاری خەڵکی کەمتەرخەم وساردو سڕبدەن، بەلام بانەگاتە سنوری خوارترین ی (حدود)ەکان واتە(٣٩) جەڵدە زیاتر نەبێت. وپێ دەووتن: هەرکەسەو بەپێ ی تاوانەکانیان سزایان بدەن ئیتر ئەگەر یەك قەمچیش بێت، بەلام دەخیلتان بم بازۆر ترینی نەگاتە ئاستی(حدودە) دیاری کراوەکانی خوا_ عزوجل. ..[2]

٢ – نابێت لەسەر گومان خەڵکی سزا بدرێت:

عمری کوڕی عبدالعزیز پێ ی وایە کە دروست نی یە لەسەر بناغەی گومان یان بەتاوانبارکردن خەڵکی ئازاربدرێت و سزابدرێت، لەمەدا بنەمای دادپەروەری دەچەسپێنێ کە دەڵێت سزا لەسەربناغەی تاوانی ڕوون وبەرچاو ومەلموس دەدرێت، ئەمەش لەترسی ئەوەی نەوەك بێ گوناهێك بەناڕەوا لیدان و ئەشکەنجە بدرێت، پێ ی باش بووەکە ئەوانە بەو گوناهەوە بچنەوە بەردەمی پەروەردگارو لەوەباشترەکەئەم بگەڕێتەوە بەردەمی خوا ودەستی بەخوێنی ئەوان سور بووبێت.[3]

---

١ ـ فقه عمربن عبدالعزیز(٢/١٨١) .

٢ـ سیرە عمربن عبدالعزیز، لابن الجوزی لا ١١٧.

٣ – فقه عمر بن عبدالعزیز(٢/٢١٢).

(ابـراهیم)ی کـوڕی هـشام النـسانی) لـەباوکی یـەوە وئـەویش لەباپیریـەوە کەووتوویـەتی: عمـری کـوڕی عبـدالزیز کردمـی بەفـەرمانڕەوای شـاری موسـڵ، کەڕۆشتمە ئەوێ دەبینم لەهەموو شارەکانی دنیا زیاتر دزی وتاڵانی تیا ڕوودەدات.

منیش نامەیەکم ئاراستەی عمر کردو لەووەزعە ئاگادارم کـرد وپـێم ووت: ئایـا دەهێڵیت خەڵکی بەگومان بگرم ولەسەر تۆمەت لێیان بدەم یان بەبەڵگە یان لەسەر بنەمای عادەتی ناوچەکە مامەڵەیان لەگەڵ بکەم؟

عمـریش لەوەڵامـدا بـۆی نووسـیم: لەسـەر بنـەمای بەڵگـەی ڕوون و شـێوازی سوننەت کاریان لەگەڵ دا بکە، چونکە ئەگـەر هـەق و ڕاسـتی چاکیان نـەکات دەی خوا چاکیان بۆ نەکات، (یحیی) دەڵێ بەو جۆرەم کرد کەعمر پـێ ی ووتم ولەشـاری موسڵ دەرنەچوو بووم هێشتا، ئەو شارە بوو بەچاکترین شاری وڵات و دزی وتاڵانی تێدا نەما مەگەربەدەگمەن.[1]

(عدی)کوڕی(أرطاة) نامەیەکی نووسی بۆ عمـری کـوڕی عبـدالعزیز وپـێ ی ووت: پاشان...خـوای ئـەمیری بـاوەڕداران سـەلامتت کـات، کاربەدەسـتەکانی پـێش مـن سامانێکی زۆری (بیت المال)یان داگیرکردووە بۆ خۆیان من ناتوانم لێیان بسەنمەوە مەگـەر بـەوەی هەنـدێ ئەشـکەنجەو سـزایان بـدەم لەزینـدانـدا، ئەگـەر ئـەمیری باوەڕداران پێ خۆش بێت من بەوکارە هەڵدەستم.

عمر وەڵامی دایەوە ووتی: پاشان...سەیرەوە زۆریـش سـەیرە تـۆ داوای مۆڵـەت لەمن دەکەیت تا مرۆڤێك سزابدەیت وادەزانیت من لەسـزای خـوا دەتپـارێزم؟، وەك بڵێ ی ڕازی بوونی من لەخەشم و قینی خوا دەتپارێزێت؟

جوان وردبەرەوە کێ بەڵگەی لەسەر سەلمێنرا بەئەندازەی ئەو بەڵگانەی حسابی لەگەڵدا بکە، هەرکەس دانی بەهەرچیدانا حسابی ئەوەی بۆ بکە، هەرکەسیش دانی پێدانەنا تۆ سوێندی بەخوای گەورە پێ بخۆ، پاشان وازی لێ بهێنە، سوێند بـەخوا بەوناپاکی یە یانەوە بگەڕێنەوە بۆ لای خوا پێم خۆشترە لەوەی لەلای خوا دەسـتم بەخوێنیان سووربێت.[2]

---

١ – حلیة الاولیاء (٢٧١/٥) .

٢ – سیره عمر بن عبدالعزیز(ابن عبدالحکم)لا ٥٥ .

٣- بەرگری کردن لەشێواندنی جەستە:

سەرسفر کردن یەکێکە لەو کارانەی کەبەنیەتی پەرستشەوە بکرێت خوا پێی خۆشە لەکاتی حەج وعەمرەدا، فەرموودەکانیش بەرگری دەکەن لەپیش تاشین، بەڵام هەندێ کەس پێچەوانەی ئەم ڕێنموونیانەیان کردووە،

ئەگەر بیانویستایە سزای یەکێك بدەن دەهاتن سەرورپیشیان سفر دەکرد و عمری کوڕی عبدالعزیزیش...ئەو شتەی لابردوو نەی هێشت وپێ ی دەووت شێواندنی جەستە.[1]

عمری کوڕی عبدالعزیز نامەی نووسی بۆ کاربەدەستێکی وپێ ی ووت: نەکەیت جەستە بشێوێنیت، واتە سەروریشی خەڵکی بتاشیت،[2] لەچوار مەزهەبەکەی ئیسلامدا هاتووە کە بەهیچ بیانوویەك دروست نی یە ریشی کەس بتاشرێت، بەڵام لای مالك وابوحنیفە: نابێت سەریش سفربکرێت.[3]

شەشەم: دەربارەی بەندکراوان

١- پەلەبکرێت لەلێپرسینەوەی زیندانی:

عمری کوڕی عبدالعزیز...فەرمانی دەرکرد بەوەی بەپەلەوبێ کەمتەرخەمی لەزیندانی یەکان بپرسنەوە وبێ مەحکەمە لەزینداندا نەهێڵرێنەوە، هەرکەسێ تاوانی بەسەردا سەپا سزاکەی بدەن وهەرکەسیش هیچی بەرسەردا نەسەپا بەزوترین کات ئازادبکرێت، عمر هەردەم پێ ی وابوو جێبەجێ کردنی سزاکانی _ الحدود_ بەسەرتاوانباراندا هۆکارێکی چاکە بۆ کەم بوونەوەی زیندانیان، چونکە بەربەستێکی چاکە لەرێگە ناپاك و بەدرەوشتەکاندا.[4]

(جعفر)ی کوڕی(برقان) دەڵێت: عمری کوڕی عبدالعزیز...نامەی بۆنووسین و پێی

١ – فقه عمر بن عبدالعزیز (٢/٢١٥) .

٢ – الطبقات الکبری (٥/٣٨٠) .

٣ – مفتی المحتاج (٤/١٩٢) .

٤ – فقه عمر بن عبدالعزیز (٢/٢٢٥) .

ووتین:...ئەگەر سزا شەرعی یەکان بەتەواوی جیٚ بەجیٚ بکەن بەندکراوانتان زۆر کەم دەبێتەوە، خەڵکانی بەدڕەوشت وخراپەکاریش دەترسن، وازدەهێنن لەکاری خراپ، زیندانەکان بۆیە پڕدەبن چونکە لێیان ناپرسنەوەو دادگاییان ناکەن، ئەو جێگایە بەندیخانەیە نەك جێگای لێپرسینەوەو دادگای کردن، دەی فەرمان دەربکە بۆ فەرمانبەرەکانت کەبەزووترین کات لەزیندانیان بپرسنەوەو لەکێشەکانیان بکۆڵنەوە لەهەموو ڕۆژێکدا، ئەگەر سەپابەسەریاندا باسزای خۆیان وەربگرن و ئەوانەیشی بێتاوانن بائازاد بکرێن.[١]

٢-گرنگی دان بەگوزەرانی زیندانیەکان:

عمری کوڕی عبدالعزیز... لەسەر هەموو ئاستەکان ولەهەموو ڕوویەکەوە چاکسازی ئەنجام دەدا، داد پەروەری لەهەموو ڕوویەکەوە بەرپادەکرد، گرنگی یەکی زۆر گەورە وتایبەتی بەزیندانیان دەدا و لەو بارەیەوە چەندان ڕێنمایی دەردەکرد تا جل و بەرگ و خواردن وخواردنەوە یان بەردەوام پیٚ بدەن،[٢]

(جعفر)ی کوڕی(برقان) دەڵێت: عمری کوڕی عبدالعزیز نامەی بۆ نووسین ووتی:... لە(بیت المال) ئەوەندەیان بۆ خەرج بکەن کەبەشی جل و بەرگ و خواردنیان بکات، فەرمان بدەن مانگانەیان بۆ ببڕنەوە بۆخزمەت کردنی خۆیان و خواردن وجل و بەرگیان، ئەوەش بەوەی هەموو مانگێك مووچەیەکی دیاری کراویان پیٚ بدەن تاخۆیان شت بکڕن، چونکە ئەگەر خواردنیان پیٚ بدەن ئەوە بەرپرسانی زیندان و پاسەوانەکان دەیبەن بۆخۆیان، بەڵکو کەسێکی دەستپاك و چاکەخواز بکە بەبەرپرسی ئەو کارە و هەموومانگێك خۆی یەك یەك ناویان بخوێنێتەوە وپارەکە بداتە دەستیان، جگە لەوەیش زستان جل و بەرگی زستانەو هاوین جل و بەرگی هاوینەیان بۆبکات، بۆ ئافرەتانیش لەوەزیاتر سەر بۆشیشیان بۆ بکات.. بۆ کەسێکیش کەدەمرێت لێیان، بیٚ کەسە وسەرپەرشتی کاریشی نی یە لەپارەی (بیت

١ - الخراج لابی یوسف لا ٣٠١ .
٢ - فقه عمر بن عبدالعزیز (٢/٢٢٦) .

المال) كفن ودفن بكرێن ونوێژیان لەسەر بكرێت.[١]

نامەیشی نارد بۆ سەركردەی سوپاكان وپێ ی ووتن: لەكاروباری زیندانی یەكان بڕوانن و بزانن كێ چێ بەسەردا دەسەبێت بیسەپێنن، زیادەڕەوی مەكەن لەسزاداندا، نەخۆشەكانیان خزمەت بكەن ئەوانەیان كەبێ كەس وبێ پارەن، بزانە كێ دەكەیت بەبەرپرسیان لەوكەسانەی دڵنیایت لێیان وبەرتیل وەرناگرن، هەركەسێ بەرتیلی وەرگرت ئەوەی پێتان وتراوە وای لێ بكەن.[٢]

٣- زیندانی تایبەت بەئافرەت:

عمری كوڕی عبدالعزیز... بەردەوام لەڕێك و پێك كردنی زیندانەكان وگرنگی دان بەئیش وكاری زیندانی یەكان بوو، فەرمانی دەركردبوو بەدروست كردنی زیندانی تایبەت بەئافرەتان تالەگەڵ پیاواندا تێكەڵی ڕوونەدات وهەردەم ئەوەی دووپات دەكردەوە كەدیندارو خوا ناس ودەستپاك بكرێتە بەرپرس وپاسەوانی ئەو زیندانانە.[٣]

عمری كوڕی عبدالعزیز رحمه الله نامەی نووسی بۆ سەركردەكانی سوپاو پێ ی ووتن: ...سەیركەن بزانن زیندانی یەكانتان هەركەسێ شكاتی لێ كراوە مەیگرە تاتاوانەكەی بەسەردا دەسەبێت، هەركەسێك مەسەلەكەی ئاڵۆزبوو منی لێ ئاگاداربكە بەنامە، ئەوانەی لەسەر بەدڕەوشتی دەگیرێن كۆت و زنجیریان بكە چونكە زیندان بۆ ئەوان پەندو وانەیە تاچاك ببن، لەسزاداندا زیادەڕەوی نەكەیت، چاودێری زیندانی یە نەخۆشەكان بكە ئەوانەی نەكەس وكارو نەپارەشیان هەیە،

ئەگەر كەسێكی ئایندارو بەڕێزت گرت مەیبەرە ناو زیندانی یە بەدڕەوشت و تاوانبارانەوە، باجیابێت لەوان، زیندانێكی تایبەتی بە ئافرەتان دروست بكە، بزانە كەسێكی خاوەن متمانە بكە بەسەر پەرشتیان كەبیر لەبەرتیل وەرگرتن نەكاتەوە، هەركەسێكیش بەرتیلی وەرگرت چیتان پێ وتراوە وای لێ بكەن.[٤]

---

١ – الخراج لابی یوسف(٣٠٠، ٣٠١).

٢ – الطبقات الكبری (٥/٣٥٦) .

٣ – فقه عمر بن عبدالعزیز (٢/٢٢٨) .

٤ – الطبقات الكبری (٥/٣٥٦) .

حەوتەم: دەربارەی جیهاد

١- دیاری کردنی تەمەنی جەنگاوەر:

لاوانی جیلی یەکەمی ئیسلام کەمنداڵانی هاوەڵە بەڕێزەکانی پێغەمبەری خوا بوون ﷺ وهەردەم هەوڵیان دەدا کەپێغەمبەری خوا ڕازی بکەن کەبهێڵی ئەوانیش بەشداری جەنگەکان بکەن ولە پێناوی خوادا بجەنگن وهەرکەسێکیان وەرنەگیرایە لەبەر منداڵی وکەم تەمەنی، خێرا دەستی دەکرد بەگریان بەسەردایك وباوکیدا و ئابەو جۆرە گەورەو بچوك لەپێشبڕکێ ی بەشداری کردنی جیهاد دابوون..

بەڵام عمری کوڕی عبدالعزیزرحمه الله یاسایەکیشی بۆ ئەو کارە داناو تەمەنی جەنگاوەری دیاری کرد، کە(١٥)ساڵ کەمتر نەبێت، هەرمنداڵێك تەمەنی گەیشتە (١٥)ساڵ هەموو مافێکی جەنگاوەری هەیە وهەرکەسێکیش لەوتەمەنە کەمتربێت لەریزی ماڵ و منداڵی جەنگاوەراندا دادەنرێت و بەشە تایبەتی پێ نادرێت وبواری بەشداری کردنی جەنگیشی پێ نادرێت .[١]

٢- چۆن جەنگ دەست پێ دەکات:

(صفوان)ی کوڕی (عمرو)دەڵێت نامەیەکمان لە عمری کوڕی عبدالعزیزەوە پێ گەیشت بۆ کاربە دەستەکەی ناردبوو_ لەوکاتەدا خەلیفەبووە _ کەنووسیبووی: پەلاماری هیچ قەڵایەکی ڕۆمەکان نەدەن یان هیچ سەربازگەیەکیان تا بانگیان نەکەن بۆ ئیسلام، ئەگەر قبوڵیان کرد وازیان لێ بێنن، ئەگەر ئەوەشیان نەکرد سەرانەی ساڵانە(جزیە)یان لێ داوا بکەن بدەن، ئەگەر ئەوەشیان پێ قبوڵ نەکرا ئیتر جەنگیان لەگەڵدا رابگەیەنن.[٢]

٣- زۆرترین ماوەی سنور پارێزی _الرباط_:

موسڵمانان لەدوای سەردەمی یەکەمی ئیسلام وسنوری وڵاتی ئیسلام پان و فراوان بوو، ڕۆم وفارسەکان سنور شکێنی وهێرشی لەناکاویان دەکردە سەر دێ

١ - فقه عمر د.شقیر(٢/٤١٥) .

٢ - الطبقات الکبری (٥/٣٥٥) .

نشینە موسڵمانەکان و تالآن و برۆیان دەکردن و ئیتر موسڵمانانیش وەك بەندایەتی بۆ خودا ماوەیەك بەماڵەوە دەچوونە سەر سنورەکان ولەوێ دەژیان تاسنوریش بپارێزن.

بەڵام عمری کوڕی عبدالعزیز سنوری مانەوەیانی بە(٤٠) ڕۆژ دیاری کرد ـ کەپێشتر هەبوو لەساڵ زیاترو هەبوو تامردن لەوێ دەمانەوە - و بۆ ئەو مەبەستە ووتی:- تەواوترین ماوەی (٤٠) ڕۆژی تەواوە(رباط).[1]

٤- جەنگاوەر مافی تەواوی ئیش و کاری هەیە:

عمری کوڕی عبدالعزیز دەڵێت: ئەگەر جەنگاوەر لەناوجەنگدا وبەسواری وڵاخەکەیەوە بێت بجەنگێت، تەواوی سەربەستی ئەوەی هەیە کەماڵ وپارەو سامانی چی لێ دەکات بیکات.[2]

٥- چەك و وڵاخ فرۆشی بەدوژمنان:

فرۆشتنی چەك وتەقەمەنی و وڵاخ و گوێزانەوەی بۆ ناو سوپای دوژمنان دەبێتە هۆی بەهێزبوونی سوپای بێ باوەڕان وزیاتر توانای جەنگیان تێدا دروست دەکات، بۆیە بەتاوانێکی گەورە دادەنرێت، دەبێت دەست بگیرێت بەسەر ئەو شتانەدا تا نەگاتە دەستی دوژمنان.

ئالەم ڕوانگەیەوە عمری کوڕی عبدالعزیز قەدەغەی ئەوەی کردووە چەك وتفاق ووڵاخ بگوێزرێتەوە بۆ وڵاتی هیندستان چونکە تا ئەو کاتە هیندستان یەکێك بووە لەوڵاتە بێ باوەڕو دوژمنەکانی ئیسلام ودواتر ڕزگارکرا.[3]

٦- ئازاد کردنی دیلە موسڵمانەکان:

عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله لەنامەکانیدا بۆ کاربەدەستەکانی ئەوەی دووپات دەکردەوە کەهەوڵی زۆربدەن وپارەی باش بدەن لەپێناو ڕزگارکردنی دیلی

١ – الطبقات الكبرى (٥/٣٥٥) .

٢ – الطبقات الكبرى (٥/٣٥٢) .

٣ ـ فقه عمر بن عبدالعزيز (٢/٤٢٧) .

موسڵمان لەزیندانی بێ باوەڕكاندا، بۆ یەكێ لەكاربەدەستەكانی نووسی وپێ ی ووت: پارەبدە لەپێناو ئازادكردنی دیلە موسڵمانەكاندا ئیتر با لەو پێناوەشدا هەموو سامانەكەتان لەدەست بدەن.[١]

(ربيعه)ی كوڕی (عطاء) لەعمری كوڕی عبدالعزیزەوە دەگێڕێتەوەكە (١٠) دیلی ڕۆمەكانی بەرەلا كرد لەپێناو ئازاد كردنی یەك دیلی موسڵماندا.[٢]

٧- (ربيعه)ی كوڕی(عطاء) دەڵێت : عمری كوڕی عبدالعزیز نامەیەك وهەندێ پارەی لەگەڵدا ناردم بۆ كاربەدەستی _ ساحل ی عەدەن وپێ ی ووت: - پارە بدە لەپێناو ڕزگاركردنی ژن وپیاوكۆیلەو و(أهل الذمة) لەدیلی.

بەمەشدا ئەوپەری دادپەروەری عمرمان بۆ دەردەكەوێت، كەفەرمان دەردەكات پارەو سامان خەرج بكەن لەپێناو بەرەلا كردنی هەردیلێكی وڵاتی ئیسلام ئیتر باموسڵمانیش نەبێت، چونكە دەبێت خەمی(أهل الذمة) بخورێت وبەرگریان لێ بكرێت كە ئەمەش ئەو پەری پەیمان بردنە سەری وڵاتی ئیسلام دەگەیەنێت بەرامبەر ئەو _ئاینداراانەی تر _ كەلەژێر سێبەری ئاڵای ئیسلامدا دەژین و وەك هەرموسڵمانێك خەمیان دەخورێت وڕزگاردەكرێن.[٣]

٨- كەراهەتی كوشتنی دیل:

(معمر) دەڵێت: پیاوێكی خەڵكی شام كەپاسەوانی عمری كوڕی عبدالعزیزی بوو بۆی گێرامەوە و دەیووت: هەرگیز عمری كوڕی عبدالعزیزم نەدیوە ئەسیر بكوژێت مەگەر یەك جار ئەویش دیلێكی توركی كوشت، دەڵێ ئەوەش ئەوەبوو جارێكیان كۆمەڵێك دیلی توركیان هێنایە بەردەستی عمر، ئەویش فەرمانی دەركرد كەبیانكەن بەكۆیلە، لەو كاتەدا یەكێ دیلەكان بەدەنگی بەرز ووتی : ئەی گەورەی باوەڕداران، ئەگەر ئائەمەت دەبینی _ ئاماژەی كرد بۆ دیلێك لەخۆیان _ چۆن

---

١ ـ حلية الاولياء (٥/٣١١) .

٢ ـ الطبقات الكبرى (٥/٣٥٤) .

٣ ـ فقه عمر بن عبدالعزيز (٢/٤٣٦) .

شەری دەکرد وچۆن موسڵمانی دەکوشت، دەستت دەکرد بەگریان بۆیان، عمریش ووتی:کامەیە بیهێننە پێشەوە تابیکوژم، هەستایە سەر پێ وچووە پێشەوە لێ ی و کوشتی .[١]

عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله زۆر پێ ی ناخۆش بووە دیل بکوژرێت بەلاٌم و ئەم دانەیەش کەبەدەستی خۆی کوشتی لەبەر ئەوە بوو کەژمارەیەکی زۆر لەموسڵمانانی کوشتبوو، بەلاٌم ڕێگای دابوو بەموسڵمانان کە بیانکەن بەکۆیلە و خزمەتکار، کە ئەوەش بۆچوونێکی فیقهی عمرە و لەدەستەلاٌتیشدا کاری پێ کردووە.

هەشتەم: لەژن مارەبڕین وتەلاٌق داندا

١ـ ژن مارەبڕین بەبێ بوونی (ولی):

وەلی لەئیسلامدا واتە سەرپەرشتیاری ژن لەخزمە نزیکەکانی وەك باوك، برا، مام، خاڵ،باپیر، کوڕ و بەبێ بوونی وەلی نیکاح دانامەزرێت مەگەر دەوڵەتی ئیسلام خۆی بکات بەوەلی ئەو ئافرەتانەی کەکەسیان نی یە بیاندەن بەشوو.[٢]

(سفیان) لەپیاوێکی خەڵکی جەزیرەوە گێراویەتی یەوە کە ووتویەتی: پیاوێك لەسەردەمی عمری کوڕی عبدالعزیزدا ئافرەتێکی خواست، کەوەلی یەکەی لەوێ نەبوو لەرۆم نیشتەجێ بوو، عمریش نیکاحەکەی هەڵوەشاندەوە و ووتی: یان دەبێ وەلی هەبێت یان دەبێت حکومەت _السلطان_ بیدات بەشوو.[٣]

٢ـ دوو وەلی کچێك بەشوو دەدەن:

(ثابت) ی کوڕی(قیس الغفاری) دەڵێت: نامەیەکم نووسی بۆ عمری کوڕی عبدالعزیز دەربارەی ئافرەتێك کەدوو پیاوی هۆزی (جهینە) هەریەکە بۆخۆی بوو

---

١ ـ مصنف عبدالرزاق (٥/٢٠٠٥، ٢٠٠٦).

٢ ـ ووتەی وەرگێڕ .

٣ـ مصنف ابن ابی شیبە (٤/١٣٢) .

بوون بە(وڵی) ئەو ژنە و هەریەکەو لەپیاوێك مارەیان بڕیبوو، عمریش لەنامەیەکدا وەڵامی دایەوە وپێ ی ووت: باشایەتی عەدل وخواناس لەنێواندا هەبن وکچەکە سەرپشك بکە، هەرکامیانی هەڵبژارد ئەوەیان هاوسەریەتی.

٣ـ زینای لەگەڵ کردووە و، پاشان خواستوویەتی:

ئایا ئەگەر پیاوێك زینا بکات لەگەڵ ژنێکدا ئایا بۆی هەیە بیهێنێ یان نا؟ بۆ چوونی عمری کوڕی عبدالعزیز وایە کە بۆی هەیە بیهێنێی ئەگەر زانی ژنەکە تەوبەی کردووە، ئەمەش ڕایەکی ژیرانەیە و پێکاویەتی، چونکە زۆریێ لەدەرگاکانی خراپەکاری دادەخات، هەروەها هیچ جیاوازیەکیش نی یە لەنێوان ئەوەی ئەو زینای کردبێت لەگەڵ ی یان پیاوێکی تر،

ئەگەر بڵێین: دروست نی یە ئەم پیاوە بهێنیێ، دەی خەڵکانی تریش نایانەوێت، ئەمەش خراپەو زیانی گەورەی لێ دەکەوێتەوە.[١]

(یحیی) ی کوڕی(سعید) ووتوویەتی: پرسیار لەعمری کوڕی عبدالعزیز کرد دەربارەی ئافرەتێك تووشی غەڵەت بووە، پاشان دەبینن ڕەوشتی گۆڕاوەو چاك بووە، ئایا پیاوەکە دەتوانێت بیخوازێت، عمر ووتی: وەك پێم گەیشتووە گومان وایە، واتە بۆی هەیە بیخوازێت.[٢]

٤ـ مارە کردنی خێزانی ئەسیر:

عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله دەڵێت: هەرگیز خێزانی ئەسیری موسڵمان لەکەس مارە ناکرێت، مادەم هێشتا هاوسەرەکەی لەکۆتی دیلی دایە،[٣] چونکە ئەم ئەسیرە موسڵمانە بەهۆی لێ بڕان وگیان بازی خۆیەوە و بەشداری کردنی لە شەرەفی جیهاد و کوشتاری دوژمنانی ئیسلامدا، لەپێناو بەرزی ئاڵای ئیسلام و بەرگری

---

١ ـ فقه عمر بن عبدالعزیز (٤١٢/١) .
٢ ـ مصنف ابن ابی شیبه (٢٥٠/٤) .
٣ ـ الطبقات ابن سعد (٣٥١/٥) .

لەخاك ونیشتمانی موسڵمانان، دیل کراوە لەبەر ئەم هەڵوێستە مەزنەی کەلەپێناو ئاینەکەیدا خۆی کردۆتە قوربانی _ دەبێت خێزانەکەی ئەمەی لەیاد نەچێت و ئەم ڕێزەی لێ بنێ و ئارام بگرێ و هەوڵ نەدات شوو بکاتەوە تاخوای گەورە دەرووی لێ دەکاتەوە وهاوسەرە ئەسیرەکەی بۆ دەگەڕێنێتەوە، بەتایبەت مانەوەی لەدیلیدا بەدەست خۆی نی یە، هەروەك لەهەموو ساتێکدا گومانی بەربوونی هەیە، لەبەر ئەم هۆیانە لەدادپەروەری و ویژدان داریەکەی خۆی بگرێت وشوونەکات تا مێردەکەی دەگەڕێتەوە.[١]

٥ـ مارەکردنی خێزانی وون بوو ـ المفقود ـ :

ئەگەر پیاوێك وون بوو، هەواڵی نەما، کەس نازانێت ئایا مردووە یان زیندووە ؟ ئایا دەبێت خێزانەکەی بەردەوام چاوەڕوانی بکات؟ و عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله پیٚ ی وایە کە خێزانی پیاوی وون بوو، ماوەی (٤)ساڵ چاوەڕوانی دەکات وپاش ئەوە دەتوانێت شوو بکات.

بۆ ئەو مەبەستە عمر نامەی نارد بۆ عدی کوڕی أرطأة وپیٚ ی ووت: خێزانی ئەو کەسەی کەوون بووە و دیارنەماوە، بۆ ماوەی (٤)ساڵ چاوەڕوان دەبێت.[٢]

وادیارە عمری کوڕی عبدالعزیز پیٚ ی وابووە کە ئەو ژنە دوای چوار ساڵەکە، چوارمانگ و دەڕۆژ لەـ عدەـ دا چاوەڕوان دەکات پاش ئەوە شوو دەکاتەوە .[٣]

٦- ژنێك تەڵاق بدرێت پێش ئەوەی پیاوەکەی بیگوێزیتەوە:

عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله پیٚ ی وایە کە ئەو ئافرەتەی مارەبڕابێت لەکەسێك و کەسەکەش پێش ئەوەی بچێتەلای تلاقی بدات، ئافرەتەکە نیوەی مارەیی دەکەوێت، لەوبارەیە عمر دەڵێت : نیوەی مارەیی دەکەوێت ونەمیرات دەبات ونەـ عدەـیشی پێویستە.[٤]

---

١ ـ فقه عمر بن عبدالعزیز (٤١٨/١) .

٢ ـ المحلی (١٣٨/١٠) .

٣ ـ فقه عمر بن عبدالعزیز (٤١٨/١) .

٤ ـ مصنف ابن ابی شیبه (٣٣١/٤) .

٧-ئایا باوك دەتوانی شیر بایی وەربگرێت؟

عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله پێ ی وایە مارەیی تایبەتە بەئافرەتەوە وبەس، ئەگەر باوك شتێکی بۆ خۆی لەگرێ بەستی مارەبڕینەکەدا بڕیاردا، ئەوا ئەوەش دەچێتە ڕیزی مارەیی یەکە وهەردووکیان دەدرێت بەئافرەتەکەو باوکی هیچی ناکەوێت.

(ابو عر و الاوزاعی) دەڵێت: پیاوێك کچەکەی بەشوودا لەسەر (١٠٠٠)دینار وەك مارەیی بۆ کچەکەی و(١٠٠٠)یش بۆخۆی، عمری کوڕی عبدالعزیزیش بڕیاریدا (٢٠٠٠)دینارەکە بدرێت بەکچەکە و باوکەکەیش هیچی نەکەوێت.[١]

٨- گاڵتە کردن بەتەڵاق خواردن:

عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله پێ ی وایە کەدەبێت لەسەر تەڵاق خواردن موسڵمان لێبرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت، ئیتر جیاوازی نی یە لەنێوان ئەوەی بەڕاستی بووبێت یان بەگاڵتە،(سلیمان)ی کوڕی (حبیب المحاربی) دەڵێت: عمری کوڕی عبدالعزیز نامەی بۆ نووسیم و ووتی پێم: باگێل وگەوچەکان هەموو گاڵتەیەکیان لێ قبوڵ بکرێت بەڵام لەمەسەلەی تەڵاق خواردن و بەندەئازاد کردندا لێیان قبوڵ نەکەن.[٢]

٩- بەزۆر ژنەکەی تەڵاق بدەن:

هەندێ کات واڕوو دەدات پیاوێك لەژێر گوشار و زۆردا ژنەکەی پێ تەڵاق بدەن، وەك ئەوەی بەتەڵاق سوێندی پێ بخۆن بۆ کردنی کارێك، یان هەڕەشەی کوشتنی لێ بکرێت ئەگەر ژنەکەی تەڵاق نەدات.

ئایا ئەم جۆرە تەڵاقانە دەکەون یان نا؟ وعمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله پێ ی وایە تەڵاقی زۆر لێ کراو بەهیچ جۆرێك ناکەوێت.[٣]

---

١ ـ مصنف ابن ابی شیبه (٢٠١/٤) .

٢ ـ هەمان سەرچاوە (١٠٦/٥) .

٣ – فقه عمر بن عبدالعزیز (٤٣٤/١).

١٠- پیاوێك نیو تەلاقی ژنەکەی بدات:

بەعمری کوڕی عبدالعزیزیان ووت: پیاوێك نیو تەلاقی ژنەکەی بدات، حوکمەکەی چی یە؟ عمر لەوەلامدا ووتی: بەتەلاقێکی تەواو حسێب دەکرێت لەسەری .[1]

١١- ئافرەت دەتوانێت خۆی تەلاق بدات؟

ئەگەر ئافرەتێك لەکاتی مارەبڕیندا داوای کردبوو کەتەلاق لەدەستی ئەودابێت نەك بەدەستی مێردەکەی ومێردەکەشی قبوڵی کرد، ئایا ئەگەر پیاوەکەی تەلاق بدات تەلاقی دەکەوێت یان نا؟

عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله پێ ی وایە تەلاقەکە دەکەوێت بەلام یەك تەلاقی دەکەوێت ئیتر با سێ بەسێ یشی خواردبێت، بۆی هەیە هەرکاتێك بیگەڕێنێتەوە بۆلای خۆی .

دەربارەی پیاوێکی هۆزی تەمیم کەتەلاقی دابوویە دەستی ژنەکەی وئەویش پاش ماوەیەك کابرای تەلاق دا، عمر ووتی : ئەگەر کاری تەلاق بداتەوە دەستی پیاوەکەی ئەوە دەبێتەوە بەهی ئەو، ئەگەر خۆی تەلاق دا ئەوە بەیەك تەلاق دادەنرێت و ئەگەر ویستی پیاوەکەی بهێنێتەوە ئەوە هەقی خۆیەتی.[2]

١٢- ژنی کافرێك موسڵمان ببێت:

ئەگەر ئافرەتێك موسڵمان ببێت ولەوکاتەدا خێزانی کافرێك بێت، ئەوە نیکاحی نێوانیان هەڵدەوەشێتەوە ولەیەك جیادەکرێنەوە .

(معمر)ی کوڕی (سلیمان) لەباوکی یەوە دەگێڕتەوە و دەڵێت : (حسن)و عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله دەربارەی ژنی گاور موسڵمان ببێت دەڵێن: ئیسلام لەمێردەگاورەکەی جیادەکاتەوە.[3]

---

١ – فقه عمر بن عبدالعزیز (١/٤٤١) .

٢ – مصنف ابن ابی شیبه (٥/٥٧) . * مەبەست حەسەنی بەسری یە (وەرگێڕ) .

٣ ـ فقه عمر بن عبدالعزیز (١/٤٥٠) .

ئەم جیابوونەوەیەش ڕوونادات تا داوا لەپیاوەکەی نەکرێت کە موسڵمان بێت و ئەگەر ڕازی نەبوو ئەوا تەلاقی بائنی دەکەوێت، هەرکاتێك موسڵمان بوو لەماوەی (عدە)ی خێزانەکەیدا ئەوە مافی خۆیەتی بهێنێتەوە.[١]

١٣ـ ژنێك پیاوەكەی لەدورەو نایەتەوە:

عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله پێ ی وایە کە ئەو ژنەی کەمێردەکەی لێ ی دوورکەوتۆتەوە وەك ئەوەی لەدەرەوەی وڵاتە.. بۆی هەیە تاماوەی دوو ساڵ چاوەڕوانی مێردەکەی بکات، پاش ئەو ماوەیە یان دێتەوە بۆلای ژنەکەی یان دەبێت تەلاقی بدات.

بۆ ئەو مەبەستە نامەی نووسی بۆ کاربەدەستەکانی و ووتی: هەرکەسێ خۆی شاردەوە ـ دورکەوتەوە ـ بۆ ماوەی دوو ساڵ، یان پێ ی تەلاق بدەن یان بینێرن بۆ لای پیاوەکەی.[٢]

ئەمە شتێك بوو لەخەرواری ئجتهاد و لێکوڵینەوە فقهی یە وردەکانی عمری کوڕی عبدالعزیز کە هەموو یان پێیان دەوترێت فقهی کردەوەیی وهیچ حوکمێکی خەیاڵی و دور لە واقیع ی تێدا بەدی ناکرێت، هەموو ئەم کارانەیشی لەژێر ڕۆشنایی قورئان و سوننەت و ووتەو بۆ چوونە فیقهی یەکانی خولەفاکانی راشدین دا دەردەبڕی.

دکتور(محمد شقیر) نامەی دوکتۆراکەی لەسەر فیقهی عمری کوڕی عبدالعزیز نووسی وەو لە دوو بەرگی گەورەدا کۆی کردۆتەوە لە وڵاتی سعودیە وهەرکەس پێی خۆشە زیاتر شارەزابێت لە دەریای فیقهی عمر با سەر لەو کتێبە نایابە بدات.

---

١ ـ فقه عمر بن عبدالعزیز (١/٤٥١، ٤٥٢).

٢ ـ هەمان سەرچاوە (١/٤٥٥).

بەشی هەشتەم

فیقهی بەڕێوەبردن(الادارة) لە لای عمرو دوارۆژەکانی تەمەنی وگیانی سپاردنی رحمه الله

یەکەم: والی یە ناودارەکانی دەوڵەتەکەی عمر

١- (حجاج) کوڕی (عبدالله الحکمی).

ئەم پیاوە والی خوراسان وسجستان بووە، (الذهبی) دەربارەی دەڵێت: پێشەوای سوپا و سوارچاکی کەتیبەکان بووە، (ابو عقبە الجراح ی کوڕی عبداللە الحکمی، لەکاتی حوکمی حەجاجدا کردوویەتی بەوالی بەسرە وپاشان خراسان وسجستان لەسەردەمی عمری کوڕی عبدالعزیزدا، پاڵەوانێکی ئازاو چاونەترس بووە، خواناس و قورئان خوێنێکی پایە بەرزبووە.[1]

(الجراح) دەربارەی خۆی دەڵێت: بۆ ماوەی (٤٠)ساڵ وازم لەگوناە کردن هێنا لەشەرماندا، پاش ئەو ماوەیە (ورع)م بۆ دروست بوو.[2] (وەرع واتە: گوناە کردن و حەرام خواردنی لەبەرچاوکەوت (وەرگێڕ).

بەرپرسی خوراسان بووە لەهەر سێ بواری جەنگی وئاینی و دارایی .[3] ولەساڵی (١١٢)ی کۆچیدا و لەسەردەمی خەلیفە هیشامدا شەهیدکرا.

(سلیم)ی کوڕی (عامر) دەڵێت: چوم بۆلای (جراح) ودەستەکانی بەرزکردەوە و هەموو فەرماندەکانی چواردەوریشی دەستیان بەرزکردەوە، ماوەیەك بەبێ دەنگی

١ ـ سیر اعلام النبلاء (١٨٩/٥) .
٢ ـ هەمان سەرچاوە(١٩٠/٥) .
٣ ـ هەمان سەرچاوە.

مایەوە وپاشان پێ ی ووتم: ئەی (ابا یحیی) ئەزانیت خەریکی چی بووین؟ ووتم: نەء هەرئەوەندەیە ئێوەم بینی دەستان بەرزکردەوە ومنیش لەگەڵتاندا دەستم بەرزکردەوە. ئەویش ووتی: دەپاڕاینەوە وداوای شەهیدبوونمان لەخوای _ عزوجل_ دەکرد.

دەی سوێند بەخوا هەرهەموویان لەغەزاکاندا شەهید بوون.[1] ئەوە بوو لەساڵی(١١٢)دا لەشکری خستەڕێ بەرەو (أزربایجان) بۆ جەنگ لەگەڵ (ابن خاقان) ولە وێ جەنگێکی دژوار و ترسناکیان کرد، لەمانگی ڕەمەزاندا جراح الحکمی شەهید بوو بەئاواتی خۆی گەیشت وسوپا کەیشی سەرکەوتنیان بەدەست هێنا وموسڵمانان زۆر نیگەرانی کوشتنی جراح ی سەرکردەیان بوون و بەکوڵ دەگریان بۆی.[2]

٢- (عدی)کوڕی (أرطاة):

ئەم پیاوە والی شاری بەسرە بوو لەسەردەمی کوڕی عبدالعزیزدا، خواناس بووە، وتاربێژێکی کاریگەر بووە، (عمرو)ی کوڕی (عبسە)و(ابی امامە) دەڵێن :(عباد)ی کوڕی (منصور) دەڵێت: (عدی) لەمزگەوتی مەدائن ووتاری بۆ دەداین خۆی دەگریا و هەمووشمانی کردبووە گریان.[3]

عمری کوڕی عبدالعزیزرحمه الله هەردەم بەسەری دەکردەوەو بەردەوام ئامۆژگاری و ئاراستەی جوانی پێش کەش دەکرد.

(معمر) دەڵێت: عمر نامەیەکی نووسی بۆ (عدی) کوڕی(أرطأة) وپێ ی ووت: تۆ بەم عەمامە ڕەشەتەوەو بە بەشداری کردنت لەوانەی زاناکاندا منت خەڵەتاندوە، خوای گەورە زۆر شتی نهێنی ئێوەی بۆ ئاشکرا کردووم، دەی ئایا سەردانی گۆڕستانەکان دەکەیت؟.[4]

١ـ سیر اعلام النبلاء (٥/١٩٠).
٢ ـ هەمان سەرچاوە.
٣ ـ سیر اعلام النبلاء (٥/٥٣).
٤ ـ سیر اعلام النبلاء (٥/٥٣).

(عدی) بەرەو بەسرە کەوتە ڕێ(یزید)ی کوڕی(ملهب)ی گرت و کۆتی کرد و ناردی بۆ لای عمری کوڕی عبدالعزیز، کاتێ عمر کۆچی دوایی کرد(یەزید) لەبەندی ڕزگاری بوو، دەستەیەکی جەنگی بۆ خۆی دروست کرد وبانگەشەی گەڕانەوە بۆ سەر ژیانی عمری کوڕی خطاب دەکرد و، ئالای ڕەشی هەڵکرد بوو، (مسلمە)ی کوڕی(عبدالملك) لەگەڵی جەنگاو کوشتی، بەڵام(موعاویە)ی کوڕیشی بەلاماری(عدی)دا وگرتی وبەسزا کوشتی.

بەم جۆرە لەساڵی(١٠٢)ی کۆچیدا یەکی لەواڵی چاك و بەمتمانەکانی عمری کوڕی عبدالعزیز شەهید کرا[١]، (دارالقطنی) دەڵێت: پیاوێکی(ثقة) بووە و فەرموودەی لێ وەردەگیرێت.

٣- (عبدالحمید)ی کوڕی(عبدالرحمن)ی کوڕی(زید)ی کوڕی خطاب:

ئەم پیاوە والی شاری کوفە بووە و ناوی(أبو عمرو العدوي الخطابی المدنی) بووە و بە(الامام العادل) ناوبانگی دەرکردووە، زۆر بەڕێز بووە، لەساڵی(١١٥)ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە.[٢]

٤- (عمر)ی کوڕی (هبیرە):

والی جەزیرە بووە، لەژێرمەندە ئازاو بەجەرگەکان بووە، یەکێ لەپیاو ماقوڵانی وڵاتی شام بووە، عمر لەساڵی(١٠٠)ی کۆچیدا کردی بە والی، لەناوچەی(ئەرمینیا)وە لەگەڵ ڕۆمەکاندا جەنگاوە و شکاندوونی و ئەسیرێکی زۆری لێ گرتوون، بەردەوام والی جەزیرە بوو تا سەردەمی (یزید)ی کوڕی (عبدالملك)و ئەویش کردی بەوالی عیراق و خوراسان، پاشان لەبەر هەندێ ناکۆکی هشام ی کوڕی عبدالملك لای برد، پاشتر کردی یە زیندان و لەڕێگەی خزمەتکارەکانەوە ڕێگەی هەڵاتنی بۆ ئاسان کرا و ئەویش ڕای کرد بۆ لای (مسلمە)ی کوڕی (عبدالملك)و داوای پەنابەرێتی لێ کرد و ئەویش بەڕێزەوە پەنای دا لەساڵی(١٠٧)ی کۆچیدا کۆچی دوایی فەرموو.[٣]

---

١ ـ سیر اعلام النبلاء(٥/٥٣).

٢ ـ هەمان سەرچاوە (٥/١٤٩) .

٣ـ سیر اعلام النبلاء (٥/٥٦٢) .

٥- (أبو بکر محمد)ی کوڕی(عمرو)ی کوڕی حزم:

والی شاری مەدینە بووە، یەکێکە لەپێشەواو زانا متمانە پێکراوەکان بووەو، لەسەرەتاوە ئەمیری شاری مەدینە بووە وپاشان بووە بەقازی ئەوشارە، دەڵێن: زاناترین کەسی سەردەمی خۆی بووە لەبواری دادوەریدا، لەڕیزی تابیعینە بچوکەکاندا هەژمار کراوە.[١]

عطافی کوڕی خالد لەدایکی یەوە و ئەویش خێزانی (ابن حزم)ەوە دەگێڕیتەوەکە(ابن حزم)ی هاوسەری ماوەی(٤٠)ساڵە لەسەر جێگەنە خەوتووە.[٢]

٦- (عبدالعزیز)ی کوڕی (عبدالله)الأموی:

ئەم پیاوە لەپێش حوکمی عمری کوڕی عبدالعزیزدا وسەردەمی(سلیمان)ی کوڕی(عبدالملك)دا والی شاری مەککە بووە، عمر بەپیاوێکی پاك ولێهاتووی زانیوە بۆیە لەجێگەی خۆی هێشتوویێتیەوە، (نسائی) و(إبن حبان) لەناو _ثقە_ کاندا ناویان بردووە.[٣]

٥- (رفاعە)ی کوڕی (خالد)ی کوڕی (ثابت الفهمی) :

عمری کوڕی عبدالعزیز کردی بەوالی ولاتی میسر کە خۆی پیاوێکی خەڵکی میسر بوو، ناوبانگی خواناسی وپیاو چاکی و دادپەروەری وبەدوور لەپارەو دنیا ویستی دەرکرد بوو. ولەمانگی (ربیع الاول)ی ساڵی (٩٩)دا عمر لەسەر کار لای برد و(ایوب)ی کوڕی(شرجیل)ی خستە جێگای.[٤]

٦- (اسماعیل)ی کوڕی(عبدالله)ی کوڕی (ابی مهاجر المخزومی) :

عمرﷺ هەڵیبژارد وکردی بەوالی ولاتی (مغرب) وپیاوێکی صالح ودنیانەویست، لەساڵی (٩٩)دا گەیشتۆتە ولاتی(مغرب)، ناوبانگی چاکەی دەرکردبوو، هەق و

---

١ ـ سیراعلام النبلاء (٥/٣١٤) .

٢ ـ هەمان سەرچاوە.

٣ ـ تاریخ خلیفە لا ٣٢٣ .

٤ ـ عمرو سیاستە فی رد المظالم لا ٢٨٩ .

دادپەروەری بەرپاکردبوو لەو ناوچەیەدا سەرتاسەری بەربەریەکان لەسەر دەستی ئەوەدا موسڵمان بوون، زۆر سور بوو لەسەر موسڵمان بوونیان وعمری کوڕی عبدالعزیز نامەی دەنووسی بۆی وهانی دەدا لەسەر موسڵمان کردنی(أهل الذمە) وئەویش نامەکانی بۆ دەخوێندنەوە وئەم پیاوە لەساڵی(١٢٣) کۆچیدا گیانی پاکی سپارد بەپەروەردگاری جیهان.[١]

٧- (السمح)ی کوڕی مالك:

ئەمیری بەناوبانگ ی وڵاتی ئەندەلوس، عمری کوڕی عبدالعزیز کردی بەوالی وڵاتی ئەسپانیای ئێستا، فەرمانیشی پێدا کەجۆری زەوی یە ڕزگاربووەکان جیابکاتەوە وکامەی بەزۆر ولەجەنگدا گیراوە وکامەی بەسوڵح وبەبێ جەنگ گیراوە تا پێنج یەك وخەراجی جیابکاتەوە هەروەها داوای لێ دەکرد دەربارەی ئەندەلوس وکاروکاسبی خەڵکەکەی وحەزو ئارەزوەکانیان شتی بۆ بنووسێت و ئەویش بۆی دەنووسی، لەئاکامدا لەجەنگی فرنجە(دژبەفەرنسی یەکان)دا گەیشتە پلەی بەرزی شەهیدی.

دووەم: هەڵبژاردنی کاربەدەستەکانی

فەرمانڕەواو کاربەدەستانی خەلیفە_ جێگری خەلیفەن بەسەر ئەو شوێنانەی خۆیانەوە و هێڵی پەیوەندین لەنێوان خەلیفە و میللەتدا، ئەگەر خەلیفەزۆر زیرەك و لێهاتوو بێت لەبەڕێوە بردنی وڵاتدا _ هیچ سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت_ ئەگەر زیرەکانەو بەوردی کۆمەڵێ والی وفەرمانڕەوای چاك و لێزان هەڵنەبژێرێت تا کاری ناوچەکانی بۆ ئاسان بکات.

لەبەر ئەم هۆیە بوو، عمر زۆر زۆر گرنکی دەدا بەهەڵبژاردنی والی و ئەمیرو فەرمانڕەواکانی و ئەگەر بەوردی لەکارەکانی عمر بکۆڵینەوە لەم بوارەدا بۆمان دەردەکەوێت کەکۆمەڵێ مەرجی هەبووە لەهەڵبژاردنی ئەو کەسانەدا کە کاریان بۆ دەکرد لەهەرێمەکاندا.

---

١ ـ عمرو سیاستە فی رد المظالم لا ٢٩٣ .

گرنگ ترینی ئەو مەرجانە:

تەقواو لەخوا ترسان و دەست پاکی وموسڵمانەتی_ئاینداری_ ، کاتیٚ(خالد)ی کوڕی (الریان)ی لابرد کەپێشتر سەرۆکی پاسەوانانی سەردەمی (ولید)ی کوڕی(سلیمان)دا، عمر سەیری دەم وچاوی پاسەوانەکانی کردو وپاشان(عمرو)ی کوڕی(مهاجر)نصاری بانگ کردو پیٚ ی ووت:

سوێند بەخوا ئەی(عمرو)تۆ چاك دەزانیت جگە لەبرای موسڵمانی هیچ خزمایەتی یەك لەنێوان من وتۆدا نی یە، بەڵام بەگویٚ ی خۆم گوێم لیٚ بوو قورئانت خوێندووە، لە کاتانێکی وادا تۆم دیوە نوێژت کردووە کەباوەڕت نەکردووە کەس چاوی لێت بێت، دەبینی زۆر جوان نوێژت دەکرد، دەی فەرمووئەم شمشێرە بگرەو هەموو پاسەوانەکانت دەدەمە دەست ودەتکەمە بەرپرسی هەموویان.[١]

نامەی دەنووسە بۆ کاربەدەستەکانی وپیٚ ی دەووتن: دەخیلتان بم هیچ کارو بەرپرسیایتی یەکمان نەدەنە دەستی کەس بێجگە لەهەڵگرانی قورئان، چونکە ئەگەر هەڵگرانی قورئان خێرنەدەنەوە ئەوا خەڵکانی تر هەر خێریان لیٚ چاوەڕوان ناکرێت.[٢]

ئەگەر گومانی لەچاکی و لێهاتوویی کەسێکدا هەبوایە، پێش ئەوەی بڕیاربدات لەسەر ئەوەی بەرپرسیارێتی یەکی پیٚ بدات، لەحاڵی ورد دەبوویەوەو تاقی دەکردەوە، ئەوە بوو کاتیٚ عمر _ڕ_بوو بەخەلیفە، بۆ پیرۆزبایی لێکردن وەفدێك هاتە خزمەت خەلیفە بەسەرۆکایەتی(بلال)ی کوڕی (ابی بردە)و (بلال) هاتە پێشەوە وپیرۆزبایی لێکرد ووتی: ئەی ئەمیری باوەڕداران هەر کەسێك خەلافەت جوانی کرد بێت، تۆ خۆت خەلافەتت جوان کردووە، هەرکەسیٚ خەلافەت سەنگینی بکات ئەوا تۆ خۆت خەلافەتت سەنگین کردووە، بەچەند دێرە شیعرێك مەدح و پیا هەڵدانی عمری کرد، عمریش پاداشتی چاکەی دایەوە، پاش ئەوە(بلال)مایەوەو

---

١ ـ سیره عمر بن عبدالعزیز (ابن الجوزی)لا ٣١ .

٢ ـ هەمان سەرچاوە لا ٨ . سراج الملوك ، طرطوسی لا ٢٥٥ .

بەردەوام لەمزگەوتدا نوێژی دەکرد، شەو ڕۆژ قورئانی دەخوێند، بەڕادەیەك خۆی بردە دڵی عمرەوە کەنیازی کرد بیکات بەوالی عێراق، ووتی: ئەم پیاوە زۆر چاك و لێهاتووە.

بەڵام عمر رحمه الله زۆر وریاو زیرەك بووە وبەڕواڵەتی هیچ کەس نەخەڵەتاوە بەڵکو هەوڵی داوە بزانێت لەژێرەوە چۆن پیاوێکن بۆیە کەسێکی متمانە پێکراو دەنێرێت بۆ لای وکەپێ ی بڵێت: ئەگەر من لە لای خەلیفە ئیشت بۆ بکەم تابتکاتە والی عێراق، چیم بۆ دەکەیت؟ ئەویش لەوەلامدا پێ ی ووتبوو پارەیەکی زۆرت پێ دەدەم، کابرایش هاتەوە ومەسەلەکەی بۆ عمر گێڕایەوە و عمریش لەبەر چاوی کەوت و ناردیەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی.[١]

زۆر پێ ی ناخۆش بووە کەسێك بکاتە فەرمانڕەوا کەپێشتر ستەمکار بووبێت یان هاوکارو پالپشتی ستەمکارانی کردبێت بەتایبەتی (حەجاج)ی کوڕی (یوسف الثقفی).[٢]

ئەگەر لەپێش عمردا ولەسەردەمی خەلیفە ئەمەویەکانی تردا خزمایەتی و سەربە ئەمەویەکان ڕۆڵی هەبووبێت لە هەڵبژاردنی بەرپرسیار بۆ هەرێمەکان، ئەوە لە کێشانەی عمردا کەمترین قورسایی نەبوو، بوونی نەبوو.

ئیمام (أوزاعی) دەگێڕێتەوە و دەڵێت عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله لەماڵی خۆیان دانیشتبوو، هەموو گەورەپیاوانی هۆزی (ئومەمەیە) بەچواردەوریدا دانیشتبوون، عمر پێ ی ووتن: پێتان خۆشە هەریەکەتان بەرپرسیاریتی یەکی سەربازی پێبدەم؟ ووتیان: شتێك دەخەیتە بەردەستمان کەپێشمان نادەیت؟!

عمر ووتی: ئەم قاڵی یەی ژێرم دەبینن؟ خۆ من دڵنیام ڕۆژێ دێت برزێت، دەی من پێم خۆش نی یە بێنە سەری بەقاچەکانتان بیسی بکەن، دەی ئیتر چۆن کاروباری ئاینەکەمتان تەسلیم دەکەن! یان ماڵ وناموسی موسڵمانان بدەمە

١ ـ اثر العلماء فی الحیاة السیاسیة لا ١٨٢ .

٢ ـ هەمان سەرچاوە.

دەستتان! ؟ دەی ئەوە هەر نابێت، هەرنابێت!![1]

لەئاکامی ئەم سیاسەت وشێوازی هەڵبژاردنی کاربەدەستتان لەسەر بنەمای لەخواترسان و لێوە شاوەیی یەی عمردا، وای کردبوو لەوەی ئاشتی وئارامی سەرتاپای وڵاتە یەکگرتوەکانی ئیسلامی گرتبوویە.

بەجۆری کەهەموو خەڵکی لەگەورە کاربەدەستەکانیان ڕازی بوون و کردەوەکانیان بەبەرز دەنرخاندن، کەلەناو هەمواندا کەسێکی تێدا نەبوو لەسەر شێوەی حجاج بێت، کەبەزۆر وزەبرو زەنگ مامە ڵە لەگەڵ مللەتدا بکات، بەبچوکترین تۆمەت کێشی زیندانەکانیان بکات، هەروەك کەسێکی هۆز پەرست و ڕەگەز پەرستی دانە نابوو تاخێروبێری بۆ کۆمەڵێ کەسی تایبەتی بێت وباقی خەڵکانی تر ڕقی لێ هەڵ بگرن وئاڵای دژایەتی بەرامبەر هەڵبکەن.[2]

سێیەم : سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی کاروبارەکانی دەوڵەت

عمری کوڕی عبدالعزیزرحمه الله خۆی سەرپەرشتی کاروبارەکانی دەوڵەتی دەکرد ئیتر ئەو کارە گەورە بوایە یان بچوك، چاودێری کارەکانی کاربەدەست و ئەمیرو والی یەکانی خۆی دەکرد لەسەرجەم هەرێمەکاندا، ئەمەش لەڕێگای ئەو دەزگایانەوە بۆ دەچووە سەر وەك دەزگای پۆستەو گەیاندن ـ البريد ـ ودەزگای هەواڵگری گەورە کەهەموو کون وقوژبنێکی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئیسلامی گرتبوویەوە و هەموو خەلیفەکان بەکاریان دەهێنا بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و بۆ ئاگاداربوونی ڕاستەوخۆ لەکاروباری بەڕێوەبردنی هەرێمەکان، ئەم دەزگایانەیش بەشێوەیەکی هەڕەمەکی هەربوون بەلام لەسەردەمی (عبدالملك)ی کوڕی (مروان)دا پەرەی پێدرا وبوون بە دوو دەزگای گرنگی دەوڵەت.

---

١ ـ سير اعلام النبلاء (١٣٢/٥) .

٢ ـ أثر العلماء فى الحياة السياسية لا ١٨٣ .

لەگەڵ ئەوەدا کەعمررحمه الله زۆر بە وردی و ژیرانە والی وئەمیرە متمانە دارەکانی دەستنیشان دەکرد بۆناوچەکان، بەلام ئەمە وای نەدەکرد کەچاودێریان نەکات و لێبرسینەوەی نەبێت لەگەڵیان و گەلەکانی ژێردەستیان فەرامۆش بکات لەسەر بنەمای متمانە، بەڵکو ڕاستەوخۆ چاودێری هەق و دادپەروەری والی یەکانی خۆی دەکرد لەگەڵ میللەتدا وشەو نوێژو خواپەرستی و پارەنە خواردن و هتد..... چاودێری هەموو والی وئەمیرێکی سەربازی دەکرد.

ئیتر بەڕادەیەك کارەکانی بەهەند ـ جدی ـ دەگرت، تاوای لێ هات شیعاری: (کاری ئەمڕۆ مەخەرە سبەینێ) ی هەڵگرتبوو، تا جارێکیان پێیان ووت: ئەی ئەمیری باوەڕداران، چۆنە ئەگەر سواری وڵاغەکەت ببوتیایە وئەمڕۆت بکردایە بەمۆلەت وحەوانەوە.

عمریش لەوەلامدا دەیووت: دەی کێ کارەکانی ئەمڕۆم بۆ بکات؟ ووتیان: سبەینێ بیانکە، عمریش سەرێکی باداو ووتی : کاری یەك ڕۆژ پیاو ماندوو دەکات، جاوەرە کاری دوو ڕۆژم لەسەر کۆببێتەوە.[١]

(میمون)ی کوڕی (مهران) دەڵێت: شەوێکیان بۆ شەو نشینی لەلای عمری کوڕی عبدالعزیز مامەوە، پێم ووت: ئەی ئەمیری باوەڕداران، ئەوە چۆن ماوی تۆ بەم جۆرەی من دەتبینم کاردەکەیت؟ کەتۆ بەڕۆژدا کاروباری خەڵکی بەڕێوە دەبەیت وپێویستی یەکانیان بۆ جێ بەجێ دەکەیت، بەشەویشدا لەگەڵ ئێمە کۆدەبیتەوە، خوایش ئەیزانی دوای ئێمەیش بەتەنهایی چی تر دەکات ـ واتە شەو نوێژ ـ.[٢]

عمررحمه الله زۆر لەکاتەکانی خۆی تەرخان دەکرد بۆ کێشانی سیاسەتە چاکسازیەکەی کە هەموو گۆشەکانی ژیانی گرتبوویەوە چ لایەنی ئابوری یان سیاسی یان ئیداری بوایە، تا وای لێ هات لەدوای خۆی بڕێکی گەورەی لەو سیاسەتانە بەجێ هێشت کەبوونە بنەمای مەوادی خامی یاسای چاکسازی گشتی، و

---

١ ـ سیرةعمر بن عبدالعزیز، (ابن عبدالحکم) لا ٥٥ .
٢ ـ الطبقات(٣٧١/٥) .

ئەو سیاسەت و بۆ چوون ونەخشانەی کەدای دەڕشتن _ لەڕێگەی نامەبەرەکانی یەوە دەیگەیاندە هەموو هەرێمەکان وداوای جێ بەجێ کردنی لێ دەکردن، زۆر جاریش لەگەڵ ئەو ئاراستە جوانانەشدا کۆمەڵێ ئاراستەی پەروەردەیی بۆ دەناردن وەك ڕوون کردنەوەی گەورەیی ئەو کارەی پێیان سپێرراوە، بەچاودێری خوایی دیترساندن و فەرمانی پێ دەکردن کەلە خوا بترسن و لەهەموو کاروکردەوە و فەرمانێکیاندا بیکەن بەچاودێر بەسەر خۆیانەوە.[١]

ئەم ئاراستەو ئامۆژگاریانەی عمر بۆ کاربەدەستەکانی گاریگەریەکی ئەو تۆیان هەبوو کە زەبروزەنگ و قەمچیش ئەو ڕۆڵەیان نی یە، زۆر لەو گاریگەرتر بوو کەفەرمانی لابردن ودوور خستەوەیان دەربکات.

جارێك نامەیەك دەنووسێت بۆ یەکێکیان وپێ ی دەڵێت: برای خۆم، ئەوەت یاد دەخەمەوەکە درێژی شەوەکانی ناو ئاگری جەهەننەم، کۆتایی نەهاتن و هەتا هەتایی یەکەی لەیاد نەکەیت، دەخیلت بم کارێك نەکەیت خوات لێ بڕەنجێت و دواتر هیچ هات و هاوارێك کەڵکیان نەبێت بۆت.

کاتێ کاربەدەستەکە نامەکە دەخوێنێتەوە خۆی پێ ناگیرێت و وڵات بەجێ دێڵێت وخۆی دەگەیەنێتەوە عمر وپێ ی ووت: ئەوە بۆچی هاتوویتەوە؟ کابرایش ووتی: بەونامەیەت دڵ وهەناومت دەرهێنا، ساوەڵلاهی تادەگەمەوە لای خوای عزوجل _ هەرگیز بەرپرسیارێتی و فەرمانڕەوایی وەرناگرم.[٢]

عمر رحمه الله هەربەوەشەوە نەدەوەستا کە ئامۆژگاری و ئاراستە و بڕیارەکانی بنێرێت بۆ کاربەدەستەکانی هەرێمە جیاجیاکان، بەڵکو بەدواداچوونی ئەوەشی دەکرد کەبزانێت تا چ ئاستێك والی یەکان جێ بەجێیان کردووە، تا چ ڕادەیەك بەرهەم وشوێنەواری ئەو ئاراستانە بەمیللەتە کەیانەوە دیارە ولێ ی سودمەندبوون.

ئیتر بەردەوام پرسیاری دەکرد لەو کەسانەی لەو هەرێمانەوە دەهاتن بۆ

١ ـ اثر العلماء فی الحیاة الساسیة لا ١٨٦ .

٢ ـ أثر العلماء فی الحیاة الساسیة لا ١٨٦.

پايتەخت ئەوەتا(زياد)ى كوڕى (ابى زياد المدنى) دەڵێت: كاتێ لەمەدينەوە هاتم بۆ لاى عمر خێرا لێ ى پرسيم دەربارەى ناوى پياو چاك و چاكەخوازانى ناوچكە چ پياوان يان ژنانيان، پرسيارى دەربارەى هەندێ شت لێ كردم كەخۆى فەرمانى دابوو بەجێ بەجێ كردنى لەو وڵاتەدا ومنيش بەوردى بۆم باس كرد.[١]

جارێكيان لەگەڵ (موزاحيم) ى ياوەريدا سوارى وڵاخ دەبن ولەشاردەردەچن ـ كەزۆر جار ئەوە پيشەى بووە تا هەواڵى لادێ و كاروباريان بەسەر بكاتەوە ـ و لەڕێگاى گەيشت بەپياوێك لەشارێكەوە هاتبوو، ئەوانيش دەربارەى خەڵكى و كاروبارەكانيان پرسياريان لێ كرد، ئەويش پێ ى ووتن:

ئەگەر پێتان خۆش بێت بەگشتى بۆتان باس دەكەم، ئەگەر حەزيش دەكەن بەوردى ويەك يەك بۆتان باس دەكەم، ئەوانيش پێيان ووت: بەگشتى باسى بكە، كابرايش ووتى: من كاتێ ئەو شارەم بەجێ هێشت: ستەمكار تيايدا چەوساوەيە، ستەم لێكراويش سەر خراوە، دەوڵەمەندى فرە بووە، هەژارانيشى دانسقە.

عمر بەو هەواڵە زۆر دڵى خۆش بوو، پێ ى ووت: وەڵلاهى ئەگەر هەموو هەرێمەكانى ئيسلام بەم شێوەيە بوونايە لەهەموو دنيا پێم خۆش تر بوو ـ لەوەى خۆرى لێ هەڵدێ ـ.[٢]

پياوێك لەخوراسانەوە هات بۆ لاى عمرى كوڕى عبدالعزيز وماوەيەك مايەوە پاشان نيازى كرد بڕواتەوە و لەوكاتەدا بەعمرى ووت: ئيشێ كارێ نامەيەكت نى يە؟ تابۆت بەرم بۆ خوراسان؟ وعمر كاتێ لەچاكى وهەڵسوكەوتى دڵنيابوو پێى ووت: ئايا دەتوانيت كارێك هەيە بۆمان بكەيت؟

پياوەكە ووتى: بەڵێ، عمر پێ ى ووت: هەركاريەدەستێك دادەنێم بەسەر خۆراسانەوە تۆ سەيرى ژيان و هەڵسوكەوتى بكە، ئەگەر چاك و دادپەروەر و خواناس بوو ئاگادارم مەكە، بەڵام ئەگەر خراپ بوو ئاگادارم بكەرەوە.

---

١ ـ أثر العلماء فى الحياة الساسية (١٨٧/٥).

٢ ـ سيره عمر، ابن عبدالحكم لا ١١٥.

(مـزاحم) دەڵێـت: بـەردەوام ئـەو پیـاوە نامـەی بـۆ دەنووسـین وئێمـەش کاربەدەستمان لادەبرد بەسەر خوراسانەوە .[١]

لەمەوە تێبی نی ئەوە دەکەین کە عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله سودی لەسەر چاوە جیاجیاکانی هەواڵ گرتن وەر دەگرت، چونکە دەیزانی بۆزانینی هەواڵی کاربەدەستەکان و گەلەکانیان پێویست بەوە دەکات لەسەرچاوە جۆراو جۆرەکانەوە هەواڵیان لەسەر کۆبکاتەوە،لەسەر ئەو زانیاریانە فەرمان وبریارە بە سودەکانی دەردەکرد ، کە لەبەرژەوەندی میللەتی موسڵمان و دەوڵەتەکەی بوو.

ئەم چاودێری یە وردەی خەلیفە بۆ ئیش و کاری والی وئەمیرەکانی بوو بەهۆی سەقامگیربوونی ئاشتی وئارامی لەسەرجەم هەرێمەکاندا، هەروەك وایشی لەکاربەدەستەکان کردبوو کەهەمیشە ئاگایان لەخۆیان بێت و لەهەق ودادپەروەری لانەدەن وکارێ نەکەن میللەت بەدڵیان نەبێت و ئەوانیش عمر ئاگادار بکەن وعمریش لایانبات ، بەوجۆرە وەك عمریان لێ هاتبوو.

(ابراهیم)ی کوڕی (جعفر) لەباوکی یەوە دەگێڕیتەوە ودەڵێت: (ابوبکر)ی کوڕی(محمد)ی کوڕی (عمرو)ی کوڕی(حزم)م بینی بەشەو بەڕۆژ ئیش و کارەکانی ڕادەپەراند، ئەمەش لەبەر هاندانەکانی عمر بوو بۆی.[٢]

عمر پشکنەری دەنارد بۆ هەرێمەکان تا هەواڵی وردی بۆ بهێننەوە،(٣)پشکنەری نارد بۆ خوراسان، تا دابنیشن وسەیری ستەم وناهەقی یەکان بکەن لە ئیش پێکردنی یاسای (خراج)دا کە(عدی) کوڕی(ارطاة) بڕیاری لەسەر دابوو.

هەروەها پشکنەرێکشی ڕەوانەی عیراق کرد تا هەواڵی والی و میللەتەکەی بۆ بهێنێتەوە.[٣]

---

١ ـ الاثر العلماء فی الحیاة الساسیة لا ١٨٨ .

٢ ـ الطبقات (٣٤٧/٥) .

٣ـ عمر بن عبدالعزیز الزحیلی. لا ١٨٢ .

ئـەو کـارەی عمـر دەیکـرد لەبەدواداچـوونی کاروبارەکـانی دەوڵـەت و هـەڵس و کەوتی کاربەدەستان بەزاراوەی ئەبڕۆ ئەتوانین ناوی بنێین((چاودێری گشتی)) .

ئەوە بوو لەوەرزی حەجکردندا نامەی بۆ حاجیانی ماڵی خوا نووسی و ووتـی:... من بەریم لەوستەم و ناڕەواییانەی کاربەدەستەکانتان لێتـان دەکـەن... دەی هـیچ ستەم لێکراوێك ڕوخسەت وەرگرتنی ناوێت بێتە لام، من کۆمەك و پشتگیری هـەموو چەوساوەیەکم، هەرکارمەندێ لەکارمەنـدەکانی مـن لەحـەق لابـدات وکاربـە قورئـان وفەرموودە نەکات بۆتان نی یە گوێرایەڵی کردنی .....

هەرکەسێك هەواڵێکم بۆ بهـێنێ کـە خـوا بـەهۆی ئـەو کـارەی ئـەوەوە ئـیش و کارەکان چاك بکاتەوە. لەنێوان(١٠٠) دینـار تـا(٣٠٠) دینـاری پـێ خـەڵات دەکـەین، بەپێ ی نیەت پاکی گەورەیی کارەکەی.[1]

ئـــەوەتا لەگـــەورەترین کـــۆنگرەی ئیـــسلامیدا ئەمـــە ڕادەگەیـــەنێت، بـــەڵکو بەجۆرەهاندانی دەروونی و مـادی چـاودێری جـێ بـەجێ کردنـی دەکـات، چـاودێری کاربەدەستەکانیشی دەکات، بەئاشکرا هانی خەڵکی دەدات بۆ مانگرتن و _عصیان المـدنی _ ئەگـەر کارەکانیـان لەسـەر بنـەمای قورئـان و سـوننەت بـەڕێوە نەبـەن، شتێکی ئاسایشە ئەگەر دەوڵەتانی ئیسلامی دەست بـەقورئان و سـوننەتەوە بگـرن پێویستیان بەبەرنامەو پرۆگرامی تر نی یە، لەکاتێـدا کـە دەسـت گـرتن بەودوانـەوە ئامانجی دەسنیشان کراوە بۆ موسڵمان.[2]

چوارەم: نەخشە دانان لەسیاسەتی ئیداری عمردا

نەخشە دانان یان پلان دانان بەمانایەکی گشتی واتە: کردارێکە بۆ دابـین کردنـی پێویستی یەکانی دواڕۆژ، دیاری کردنی هۆکاری هێنانەکایەی.[3]

---

١ ـ عمر بن عبدالعزیز (ابن الجوزی) لا ٩٠ .

٢ـ النموذج الاداری المستخلص من سیرة عمر بن عبدالعزیز لا ٤١٣ .

٣ ـ الأدارة، المنیف لا ١٤٧ .

کەواتە دەتوانین بڵێین: پلاندانان لەئیسلامدا واتە: ئامادەسازی مرۆڤ بۆ پێش هاتەکانی داهاتوو، واتە ئێستا باسی چەند ساڵێکی تر بکرێت و کارەکانی دیاری بکرێت.[1]

عمری کوڕی عبدالعزیز ﷺ هیچ بڕیارێکی دەرنەکردووە بەبێ ڕەچاوکردنی دواڕۆژو دانانی پلانی گونجاو بۆی و، پێشچاوخستنی پێشهاتەکان، باشترین بەڵگەیش لەسەر عەقل و ژیری و وردی عمر لەووتەیەیدا دەر دەکەوێت کەبە- رجاء ی ووت:(أن لي عقلاً أخاف أن يعذبني الله عليه) واتە: ئەی ڕەجا، من عەقلێکی گەورەم پێ دراوە زۆر دەترسم خوای گەورە سزام بدات لەسەری.

عمر دوای ئەوەی کەپشتی بەخوا دەبەست، لەدوای ئەوە پشتی بەکۆکرنەوەی زانیاری وزیرەکی ولێهاتووی خۆی لەخوێندنەوە وهەڵسەنگاندنی ئەو زانیارانەی کەدەگەیشتنە بەر دەستی، نەخشەی دواڕۆژی لەسەر دەکێشان ولەوبارەیەوە دەڵێت: هەرکەسێ بەبێ زانیاری و شارەزایی کارێك ئەنجام بدات ، ئەوە لەباتی ئەوەی چاکی بکات کارەکان خراپ دەکات.[2]

عمری کوڕی عبدالعزیز لەکارو پلان دانانەکانیدا ئامانجەکانی دیاری دەکرد و سیاسەتی کاری هەڵدەبژارد، ئەو کارو کردەوانەی دیاری دەکرد کەدەیگەیەنێت بەوئامانجە، لەناوئەو ئاکامەیدا ئاکامێکی زاڵ و مەزن هەبوو، ئەویش، هێنانەکایەی چاکسازی ونوێخوازی ڕاشدین لەسەر پرۆگرامی پێغەمبەری خواو چوار خەلیفە ڕاشدەکەی دوای خۆی.

بەرپاکردنی هەموو ئەو کارانەی دەیگەیەنێتە ئەو ئامانجە بەرزە وەك: بەرپاکردنی هەق وداد پەروەری ولابردنی ستەم و هێنانەوەی پێکەوە ژیانی نێوان مرۆڤ ونێوان بوونەوەرو ژیان وپەروەردگارەکەی، ئەمەش لەچوار چێوەی تێگەیشتنی گشتی لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام.

---

١ - عمر بن عبدالعزيز ابن الجوزي لا ٢٦٦ .

٢ - عمر بن عبدالعزيز ابن الجوزي لا ٣٥٠ .

هەروەها دیاری کردنی سیاسەتی کار یەکێك بووە لەبنەماکانی پلاندانانی، ئەمەش لەڕێگای جێبەجێ کردنەکانی عمرەوە دەردەکەوێت بۆ پلاندانانی ئیداری.

بەڵگەی گەورەیش لەسەر نەخشە دانانی عمر لەژیانی کاری داهاتوویدا، دووپات کرنەوەی ئەوەی کەتەنها دەست بەقورئان وسوننەتەوە بگیرێت، هەرگیز ئامادە نەبووە بۆ کاری دەمەقالە لەسەر مەسەلەکانی شەریعەت و ئاین دا، بەبێ ئەوەی کەئەو جێ بەجێ کاری شەرعی خوا بووە وشەرعیش لەسەرووی خۆی و میللەتیشەوە دەبێت لەجێ بەجێ کردندا، بۆیە بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم پلانەی لەسەر میللەتی پێویست کردبوو کە دەست بگرن بە شەریعەتی بەرزی ئیسلامەوە.

لایەنی کارکردنیش بەبنەماکانی ئەو پلانانەیەوە هەر لەیەکەمین ڕۆژی دەست بەکاربوونی خەلافەتی وە وبەئاشکرا ڕای گەیاند کەکێ بۆی هەیە هاوری تیمان بکات وکێ بۆی نی یە، کە پێشتر باسمان کردووە.

شێوازی کارکردن بۆ هاتنەکایەی ئەو ئامانجانەی کەنەخشەی بۆ کێشابوون، لەسەرەتای کاریەوە ڕای گەیاند کەئەو جێ بەجێ کاری ڕینموونی یەکانی ئیسلامەو شوێن کەوتەیە نەك داهێنەرو دەست کاری کەری ئاین _المبتدع _ وگوێڕایەڵیش بۆ کەسێکە گوێ ڕایەڵی خوابێت، بنەمای کاریش دەبێت لەسەر بناغەی کارکردن بەدادپەروەری وچاکسازی وچاکەکاریوبەدەر لەستەم و دەستدرێژی ورەوشت نزمی.[1]

نەخشەکێشان وپلان دانانەی عمر گشتگیری بوو، هەموو بوارەکانی ژیانی گرتبوویەوە ولایەنێك نەمابوو نەیگرێتەوە، چ لەبواری سیاسەت ودادگاو حوکمڕانی وئابووری وپەروەردەو زانست و لایەنە کۆمەڵایەتی یەکان.

هەروەك گرنگی تایبەتی دەدا بەهەندێ لەهەرێمەکانی وەك خوراسان وعیراق بەشێوەیەکی جیا لەهەرێمەکانی تر، گرنگی دەدا بەدەزگا ڕێکخراویەکانی وەك: دادگا، (بیت المال)و بەرپرسانی خەراج، ولایەنی تریش.[2]

---

١ ـ عمر بن عبدالعزیز لا ٣٥، ٣٦، ١٠٢ .

٢ ـ النموذج الاداری المستخلص من سیرة عمر بن عبدالعزیز لا ٤٠٠ .

پێنجەم: ڕێکخستن لە ئیدارەی عمردا

ڕێکخستن هەمیشە بەدوای پلان داناندا دێت وتەواوکەری یەتی بۆ بەرپاکردنی ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی جێ بەجێ کردنی ئەو پلانانە، عمری کوڕی عبدالعزیز ڕێکخستنی دانابوو بەگرنگترین کارە لەپێشەکانی ئیدارەکەی بەجێگیرکردنی زاراوەی ڕێکخستن لەشێوازی ئیدارەکەیدا.

هەیکەلی ڕێکخستنی کاری بەم جۆرە بوو، کەدەبینین ئیش وکاری دەوڵەتی کردبوو بەچوار بەشی سەرەکی یەوە، ئەو چواربەشەیش لەژێرچوار ئەرکاندان کەئەمانەن، القاضی، خاوەنی (بیت المال) خەلیفە.[1]

ئەمەو کۆمەڵێك دەزگای تریش وەك:خەراج، سەربازی، نووسەر، پۆلیس، پاسەوان، وخاوەنی مۆر، دەرگاوان.

ئەمەش هەیکەلی ئیداری حکومەتەکەی عمری کوڕی عبدالعزیزە لەخوارەوە:[2]

سەرۆکی دەوڵەت (خەلیفە عمری کوڕی عبدالعزین)



ڕێکخستنی لەلایەنی ئەوەی کەنێوان خەلیفە و والی یەکان لەلایەك و نێوان خەلیفە وگەلی موسڵمان لەلایەکی ترەوە ونێوان والی و ئەمیرەکان وگەل و ژێردەستەکانیانەوە، لەحکومەتی عمری کوڕی عبدالعزیز کۆمەڵێ ڕێ وشوێنی گونجاو گیرایە بەر ودەتوانین بڵێین: زۆربەی نامەکانی عمر بۆ کاربەدەستەکانی بۆ

١ ـ النمذج الاداری لا ٤٠١ .
٢ ـ هەمان سەرچاوە.

هێنانەدی ئەم ئامانجە بووەو ولایەنی ڕێکخستن لەکرداری ئیداریدا پێوە دیار بووە.

بۆ نموونە: شێوازی هەڵس وکەوت کردنی ڕوون دەکردەوە لەنێوان والی و نێوان ستەم لێکراواندا وشێوازی پەیوەندی ئەو دوو نێوانە، کەبەجۆرێك بریاری دەرکردبوو کەستەم لێکراوان دەتوانن بێ پرس بێنە ژوورەوە بۆ لای خەلیفەو والی یەکان.

هەر لەشێوازەکانی ڕێکخستن: گەڕانەوەی زۆرێك لەکارو مەسەلەکان بۆ شێوازی سروشتی خۆی لەسەردەمی پێغەمبەری خوا ﷺ وخەلیفە ڕاشیدەکاندا، بۆ نموونە: زەویە کشت وکالی یەکانی خۆی لەخەیبەر گێڕایەوە بۆ سەردەمی پێغەمبەری خوا ، بەهەمان شێوەیشی کرد لەگەڵ زەوی (فەدەك) دا.

نامەی نووسی بۆ (ابوبکر)ی کوڕی (حزم) کەوالی مەدینە بوو لەوکاتەدا وپێی ووت: من لەکاروباری (فەدەك) ورد بوومەتەوە، سەیری دەکەم بەم جۆرە باش نی یە، بەڵکو وادەبینم بیگێڕمەوە بۆ سەردەمی پێغەمبەری خوا ﷺ ابوبکر وعمر و عثمان،بەرپرسێکی بەسەرەوە دابنی بەروبوومەکەی کۆبکاتەوە بەشێوەی ڕاست و دروست وبیخاتە(بیت المال)ەوە والسلام علیك.[١]

هەروەك چۆن نامەی دەنووسی بۆ هەموو کاربەدەست و والی وئەمیرەکانی و شێوازی کاروباری دارایی بۆ ڕوون دەکردنەوە سەرلە کۆکردنەوەی زەکات و خێرات و٥/ ١ی غەنیمەو ڕێکخستنی کاروباری بازرگانی و دیاری کردنی ئەو کەسانە بۆیان نی یە کاروباری بازرگانی ئەنجام بدەن.[٢] وشتانی تریش .

هەروەك کاروباری دادگاو دادوەریەکانی ڕێك دەخستن وگرنگی گەورەی پێدەدان، چونکە هۆیەکی گەورەبوون بۆ کوژاندنەوەی زۆرێك لەناکۆکی یەکان و گەراندنەوەی مافەکان بۆ خاوەنەکانیان، بۆ هەموو هەرێمێك قازی یەکی تایبەتی دانابوو لەسەر ڕۆشنایی قورئان وسوننەتدا ناکۆکی یەکان نەهێڵێت، هەموو قازی یەکانی لەهەموو وڵاتەکاندا لەپیاو چاکترین وزانا ترین کەس لەو وڵاتەدا هەڵدەبژارد،

---

١ ـ سیرە عمر بن عبدالعزیز(لا بن الجوزی) لا ١٣١.

٢ ـ سیرە عمر (ابن عبدالحکم) لا (٧٨ـ ٨٣) .

وەك(عامر)ی کوڕی (شرحبیل) الشعبی لەکوفە، (حارث)ی کوڕی (یجمد الاشعری) لە موصل و(عمری) کوڕی (سلیمان المحاربی) لەدیمشق و کەسانی تریش .[1]

تەنانەت عمر خۆیشی ﷺ دادەبەزیە ناو کاروباری دادوەری، ئەوەی زۆر بنەڕەتی بوو لەکاروباری رێکخستنی دادگا ودادوەریدا لەلای عمری کوڕی عبدالعزیز ئەوە بوو کەزۆر پیاچوو نەوەی هەق بکرێت، چونکە گەڕانەوە بۆ هەق زۆر باشترە لەبەردەوام بوون لەناو ناڕەوایی دا .

کاتێ خەڵکی سەمەرقەند سکاڵای (قتیبە)ی کوڕی (مسلم)، یان برد بۆ لای عمری کوڕی عبدالعزیز وئەویش _ وەك پێشتر باسمان کردووە_ قازیەکی تایبەت کرد بۆ ڕەوانەوەی ئەو ناکۆکی یەی نێوان قتیبە وخەڵکی سەمەرقەند .

لەم بەسەر هاتەیشدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کەعمرﷺ بۆی دەرکەوتبوو کەخەڵکی سەمەرقەند لەسەر هەقن وسەرکردەی سوپای ئیسلام فێڵی لێ کردوون، کارەکەیشی نەدایە دەستی کاربەدەستەکەی خۆی لەسەمەرقەندکە (سلیمان)ی کوڕی (ابی السری)بوو لەترسی ئەوەی نەوەك هەواو ئارەزوو وای لێ بکات لەهەق لابدات وپشتی سوپای ئیسلام بگرێت،

بەڵکو فەرمانی دا قازی یەکی تایبەتی ئەو کێشەیە یەکلایی بکاتەوە، چونکە قازی هیچ گوێ بەمەسەلەی سیاسی وسەربازی نادات لە بەرنامەی خوا لانادات و شەرع چی بڵێت جێ بەجێ ی دەکات، دەی هەروایش بوو مەسەلەکەی لەبەرژەوەندی خەڵکی سەمەرقەند کۆتایی پێ هێنا وحوکمی دەرکرد کەسوپای ئیسلام بگەڕێتەوە شوێنەکانی خۆی لەپێش گرتنی شارەکەدا، بە بەڵگەی ئەوەی بردنەوەی جەنگەکە بەڕێگایەکی ناڕەوا بووە.[2]

هەروەك ڕێکخستنی کاروباری خەلیفەو دیوانی خەلافەتیشی گرتەوەو خۆی پیشانی میللەت دایەوە وەك کەسێکی ئاسایی موسڵمانان وئەوهەموو پاسەوان و

---

١ ـ عمر بن عبدالعزیز وسیاسته فی رد المظالم لا(٢٨٤ ـ٢٨٥) .

٢ ـ نظام الحکم فی الشریعه الاسلامیه والتاریخ الاسلامی(١/٤٠٧) .

کەژاوەو ئەسپسوارانەی بڕیاربوو بەدوای خەلیفەوە بن، لایبردن وهەمووی خستەوە (بیت المال). وهەندێ کاروباری سەرۆکی پۆلیسی لابرد کەجاران لەپێشی خەلیفەوە بەشمشێرێکەوە دەڕۆیشت وەك عادەتی خەلیفەکانی پێشوو، عمر پێ ی ووت: دەبڕۆ ئەو لاوە ئیشم بەتۆنی یە؟! من تەنها کەسێکی ئاسایی ناوموسڵمانانم، پاشان خۆی دەڕۆیشت وخەڵکیش بەدوایدا.[1]

شەشەم: خۆپاراستن لەگەندەڵی ئیداری

عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله هەوڵی دەدا بۆ ئەوەی وولاتی ئیسلام سەلامەت بێت لەگەندەڵی ئیداری، گرتنەبەری ئەو هۆکارانەی کەناهێڵن ڕووبدات، داخستنی بەنچەرەکان بەڕووی ژەهرە ئیداری یەکاندا، وەك: ناپاکی، درۆ، بەرتیل، دیاری و خەڵات ناردن بۆ بەرپرسان وفەرماندەکان، خەریك بوونی فەمانڕەواو ئەمیرەکان بەکاری بازرگانی یەوە، زیادە مەسروف، موڵەت نەدانی ئەمیرو کاربەدەستان بەجەماوەر کەبچنەلایان وحاڵی خۆیانیان تێ بگەیەنن، زوڵم وستەم کردن لەمیللەت، ئەمەو چەندان شتی تریش .

فەرموو لەگەڵ چەند هەنگاوێکی گرنگی عمر بۆ ڕێ گرتن لەگەندەڵی ئیداری:

١- زیادکردنی مووچەی کاربەدەست وفەرمانبەران :

یەکەم کاری عمر کردی بۆ ڕێ گرتن لەدزی وناپاکی کارمەندانی دەوڵەت، زیادەکردنی مووچەکانیان بوو، لەگەڵ ئەو ژیانە زبرو هەژاری یەداکەخۆی ومالّ و منداڵی خۆی تێدابوو، بەم کارەی ویستی وەزعی ئابورییان باش بکات وناچاری ناپاکی کردن نەبن.

مووچەی فەرمانبەرەکانی بەجۆرێ بەرزکردەوە کەهەیان بوو لەمانگێکدا(١٠٠) دینار وهەشیان بوو (٢٠٠)دیناری وەردەگرت.[2]

---

١ ـ سیرة عمر بن عبدالعزیز (ابن الجوزی) لا ٦٥ .

٢ ـ مەبەست (١٠٠) دیناری ئاڵتوونە .

عمر پاساوی ئەم کارەی بەوەدەدا کەبەم کارە ئیتر خۆیان یەکلایی دەکەنەوە بۆ کاروباری موسڵمانان، پێیان ووت: دەی ئەوەی دەیدەین بەفەرمانبەرەکانت، بیشیدە بەماڵ و منداڵەکەی خۆت؟ لەوەڵامیان دا دەیووت: مافی خۆیان زەوت ناکەم ومافی خەڵکانی تریشیان پێ نادەم، بەوشێوەیە ماڵ و منداڵەکەی خۆی لەوەزعێکی ئابوری نارەحەتتدا دەژیان، دەیووت ماڵ و منداڵی خۆم قەیناکا، بەلام کەس و کارەکەم کاتی خۆی پارەی باشیان بۆ خۆیان داناوە.[1]

بەم کارەیشی دوو ئامانجی پێکا:

یەکەم: داخستنی دەرگاکانی خیانەت وناپاکی، چونکە نەبوونی دەبێتە هۆی بیرکردنەوە لەدزی وناپاکی لەپارەو پوولی موسڵمانان.

دووەم:فەرماندەوفەرمانبەرەکان پێویستیان بەکارو کاسبی وبازرگانی نامینێ و خۆیان بۆ کاری موسڵمانان یەکلایی دەکەنەوە .

٢- کاربەدەستانی لەدرۆ کردن پاراستووە:

(میمون)ی کوڕی (مهران)دەڵێت: چوم بۆ لای عمری کوڕی عبدالعزیز ولەوکاتەدا کاربەدەستەکەی کوفە لەوێ بوو، دەبینم زۆر لێ ی توڕەیە، منیش ووتم: چی کردووە ئەی ئەمیری باوەڕداران؟ عمر ووتی: هەواڵم پێ گەیشتووە کە ووتویەتی هەرکەسێ شایەتی درۆ بدات زمانی دەبڕم!

منیش ووتم دەی شتی واناکات ئەی ئەمیری باوەڕداران، دەڵێ عمر ووتی: سەیری ئەم پیاوە ناکەن_مەبەستی(میمون)بوو، قسەی ئەو پیاوە دوو مانای خراب هەڵدەگرێت، کە باشترینیان ئەوەیە درۆ دەکات دەی ئەوەدووڕووی زۆر خرابن.[2]

مەبەست ئەوەیە کە درۆکردن ڕوویەکی پڕ لەگوناهو خراپەیە، بەم کارەیش عمر ویستوویەتی کلکی گەندەڵی ئیداری لەبنا ببڕێت وئاگاداری کاربەدەستەکانی

---

١ ـ البدایە والنهایە لە (النموذج الاداری) لا (٣١٥) وەرگیراوە .

٢ ـ سیرە عمر (لابن الجوزی) لا ١٣٤ .

کردۆتەوە، کەبە هیچ جۆرێك فێڵ و درۆ ودەلەسە لەمیللەت نەکەن لەدەرکردنی بڕیارەکاندا.[١]

٣- ڕێگرتن لەوەرگرتنی دیاری وبەخشیش:

عمری کوڕی عبدالعزیز ﷺ نەیهێشتووە نەخۆی و نەبچوکترین، تا گەورەترین کارمەندی دەوڵەتەکەی دیاری لەخەڵکی وەربگرن، لەوەڵامی ئەو پرسیارەشدا کەپێیان ووتبوو: دەی ئایا پێغەمبەری خواوچوارخەلیفەکەی دیاریان وەرنەگرتووە ؟ لەوەڵامدا ووتبووی: بەڵێ، بەڵام بۆ ئێمە مانان وکەسانی دوای ئێمەیش بەرتیل وەرگرتنە.[٢]

هەروەها هەموو ئەو شێوازە نادروستانەی لابرد کە ئەمیرو والی یە ئەمەویەکان دیاریان لەخەڵکی وەردەگرت، بۆ نموونە دیاری (جەژنی نەورۆز)و(میهرەجان) کەجەژن وبۆنەی فارسەکان بوون، عمر بەنامەی ڕەسمی ئەو ڕێ و ڕەسمەی قەدەغەکرد و بەگوناه وتاوان و حەرام ناوی برد .[٣]

هەرشەو ئاگاداریشی دا بەهەر کاربەدەستێکی خۆی کەبەدەم داواکاری خەلیفەیان هەر خزمێکی تری یەوە بێن و لەماڵی موسڵمانانیان بۆ بنێرن .

بۆنموونە: کاتێك (فاطمە)ی کچی (عبدالملك) جوابی ناردبوو بۆ والی _(ابن معدی کرب) وداوای لێ کردبوو کەهەندێ لەهەنگوینی شاخی لوبنانمان بۆ بنێرەو ئەویش خێرا داواکاریەکەی جێ بەجێ بوو، هەنگوینی بۆ ناردبوو، کاتێ عمر هەواڵەکەی بیست نامەی بۆ والی یەکەی نووسی وپێ ی ووت: سوێند بەخوا، جارێکی تر شتی وا دووبارە بکەیتەوە، هەرگیز هیچ کارێکت نادەمە دەست وناشمەوێت بتبینم .[٤]

٤- ڕێگرتن لەزیادە مەسروف ـ الاسراف ـ :

عمرﷺ کۆمەلێ بڕیارو ئاراستەی دەرکرد بەمەبەستی ڕێگرتن لەبەفیڕۆدانی

١ ـ النموذج الاداری لا ٣١٦ .
٢ ـ سیره عمر (ابن الجوزی) لا ١٨٩ .
٣ ـ سیره عمر(ابن عبدالحکم)لا ١٣٦ .
٤ – المعرفه والتأریخ للنسوی (١/٥٨٠) .

سامانی موسڵمانان، یەکەم کاریَ پیَ ی هەستا لەپاش دەست بەکاربوونی خەلافەتی، هەموو ئەو ئیسراف وزیادەڕەویانەی لابرد کە بۆ خەلیفە ئامادەکرابوون، کەکۆمەڵیَ ولاخ هێنران بۆلای ووتی ئەمەچی یە؟ ووتیان ئەم ولاخانە کەس سواریان نەبوون وتەنها خەلیفە سواریان دەبێت وبەس، عمریش وازی لیَ هێنان چووە دەرەوەو بەدوای ئێسترەکەیدا دەگەڕا، بە_مزاحم_ ی ووت: هەموویان بخەرەوە (بیت المال)ی موسڵمانان.

هەندیَ چادرو ژوری جوانیان ئامادەکردبوو کەهەموویان چۆڵ بوون وئامادەکرابوون بۆ خەلیفەی نویَ. و ووتی: _مزاحم_ هەرهەموویان بخەرە ناو (بیت المال)ەوە .

پاشان سواری ئێسترەکەی خۆی بوو، ڕۆیشت بۆلای قاڵی وفەرشە جوان و ڕازاوەکان کە کەس لەسەری دانە نیشتبوو بۆخەلیفەی دا هاتوو ئامادەکرابوون و بەقاچ کۆی کردنەوە تا حەسیرەکانی ژێری دەرکەوتن و ووتی: _مزاحم_ ئەم حەسیرانەمان بەسە هەموو ئەو فەرش و قاڵی یانە بخەرە (بیت المال).[1]

هەر بۆ دژایەتی کردنی زیادەڕەوی ومالّی (بیت المال) بەفیڕۆدان، (میمون)ی کوڕی (مهران)ی بینی سەیری لیستی ناوی خەلکیان دەکرد، پیَ ی ووت: ئەم تۆمارانە چین؟ کەبە خەتی گەورە ودورو درێژ نووسراون کەهەمووی زیانە و لە(بیت المال)ی موسڵمانان دەکەوێت؟ بۆ ئەو مەبەستانەی نووسی بۆ هەموو کاربەدەستەکانی وپیَ ی ڕاگەیاندن کە: تۆماری پان و گەورە بەکار نەهێنن و زۆر بەگەورەیی نەنووسن، نامەکانی عمرﷺ لەبستێك تێنەپەڕیووە.[2]

پێشتر باسی ئەوەمان کرد کەچۆن دەربارەی مۆم وچراکانی مەدینە نامەی بۆ والی شاری مەدینە نووسی وتیَ ی گەیاند کەتۆ جاران بەتاریکایی شەو دەچوویت بۆ مزگەوت، بۆ مەسەلەی نووسینەکانیش پیَ ی ووت: ئەگەر نامەکەمت پیَ گەیشت بانووکی قەڵەمەکەت تیژبکەو ورد بنووسە ودێر مەپەڕێنەوە لە یەك لاپەڕەدا شتی

---

١ ـ سیره عمر (ابن عبدالحکم)لا ٣٣ .

٢ـ سیره عمر، ابن الجوزی لا ٨٨ .

زۆر بنووسه، چونکه نووسینی دورو درێژ سودی بۆ موسڵمانان نی یه بەڵکو زیانیش له (بیت المال)ەکه شیان دەدات، والسلام علیك.[١]

٥- نەیهێشتووەوە کاربەدەستانی بازرگانی بکەن:

لەیەکێ لەنامەکانیدا بۆ کاربەدەستێکی ناردبوو نووسی: وادەبینین کەپێشەوایان نابێ بازرگانی بکەن، هەروەك بۆ کاربەدەستان نی یه خۆیان بەکاسبی وبازرگانی یەوە خەریك بکەن لەکاتی دەوام و دەستەڵاتیاندا، چونکه ئەگەر ئەمیر کاسبی بکات کۆمەڵێ گاریگەری دێنەرێگای و هەندێ شتی توش دەبێت کەناڕەحەتن وباش وایه نەیکات.[٢]

ئەم بڕیارەی عمر لەبەر ئەوە بوو کەباش تێگەیشتبوو کەئەگەر کاربەدەست وبەرپرسەکان کاسبی وبازرگانی بکەن لەدوو شت دەرباز نابن:

+ یان ئەوەیە بەکاروکاسبیەکانەوە خەریك دەبن و پشت لەئیش و کاری موسڵمانان دەکەن وبۆیان ناکرێت.

+ یان ئەوەیە لەبەر پلەو پایەو مەقامە سیاسی یەکەی خەڵکی زیاتر نەرمی لەگەڵدا دەنوێنن وهەندێ شتی پێ دەدەن وبۆ دەکەن کەمافی خۆی نی یه ئیتر یان لەترساندا یان به تەماحێکەوە .

لەبەر ئەم هۆیانە عمر ویستوویەتی دەرگایەك ی ترسناك دابخات کەسەر دەکێشێ بۆ گەندەڵی ئیداری و ئاکامەکەی باش نابێت .[٣]

لەدوای هەشت سەدەبەسەر کۆچی دوایی عمری کوڕی عبدالعزیزدا، نووسەر و زانایەکی وەك (ابن خلدون) دێت ولە(مقدمه) مەزنەکەیدا ئەم ڕاستی یە دووپات دەکاتەوەو زانایی و زیرەکی وڕاست بێژی عمر دەسەلمێنێت و دەڵێت: فەرمانڕەوایان بازرگانی بکەن زیان بەمیللەت دەگەیەنن وئیش وکارەکانیان بەئاستەم بۆ دەچێت بەڕێوە .[٤]

١ ـ سیره عمر، ابن عبدالحکم لا ٥٥.
٢ ـ سیره عمر، ابن عبدالحکم لا ٨٣.
٣ – النموذج الاداری لا ٣٢٠.
٤ ـ مقدمه ابن خلدون (له) رجال الفکر والدعوه ی الندوی وقرطیراوة لا(٤٦/١) .

٦-کردنەوەی پردی پەیوەندی نێوان حوکمڕایان و میللەت :

ئـەو پاسـەوانانەی کەبـە چـوار دەوری خەلیفـەکانی پـێش عمـردا بـوون، نـەیان دەهێشت، بەئاسانی خەڵکانی سـادە، یـان سـتەم لێکـراوان بگەنـە لای و رازی دڵـی خۆیانی بۆ بدرکێنن، وەك دیوارێکی پـۆلاین وابـوون لـەنێوان میللـەت و خەلیفـەدا و کەس بۆی نەبوو بێتە لای خەلیفە مەگەر کەسێك خۆیـان پێیـان خـۆش بووبێـت و، لەگەڵ بەرژەوەنیاندا بگونجایە.

بەڵام عمر بەپێچەوانەی ئەوانەی پێش خۆیـەوەو دەرگـای خـستە سەرپـشت بـۆ هەر یەکێك بیەوێت خەلیفە ببینێت، نەك هەر ئەوە بەڵکو دیاری و بەخششی گـەورە گەورەیشی دانـا بـوو بـۆ هـەر کەسـێك هـەواڵی سـتەم لێکراوێکـی بـۆ بهێنێـت، یـان لەمەسەلەیەك دا._ ڕاوێژی پێ بکەن کە بەرژەوەندی موسڵمانان ودەوڵەتـە کـەیانی تێدابێت.

بۆ ئـەو مەبەسـتە نامـەی نووسـی بـۆ وەرزی حـەج ولـەوێ بـۆ هـەموو حاجیـانی دنیایان خوێندەوە کەدەیووت پێیان: (هەرکەسـێ سـکالای سـتەم لێکراوێکمـان بـۆ بهێنێ یان قسەیەکی خێرامان بۆ بکات کە بەرژەوەندی تایبەتی، یان گشتی ئیش و کاری موسڵمانانی تێدابێت، ئەوە لە(١٠٠)دینارەوە تا(٣٠٠)دینـاری پـێ دەبەخـشین کەبەپێ ی نیەتی خـۆی ودووری ڕێگاکـەی بێـت، ئەمـەش بـەهیوای ئـەوەی مافێـك زیندوبکاتەوە یان ناڕەوایی یەك نەهێڵێت، یان هەرچاکەیەکی تێدابێت).[١]

هەروەها فەرمانی بەکاربەدەست و والی یەکانی دەدا کەپردی پەیوەندی دروست بکەن لەنێوان خۆیان ومیللەتەکەیاندا، گوێیان بۆ بگرن ولـەحاڵ و وەزعیـان ئاگـادار بن، ئەوەش دەبێتەهۆی نەمانی زوڵم وستەم ودەسـت درێـژی کردنـە سـەمافەکانی خەڵکی، ڕێگە خۆش دەبێت بۆ هەموو تاکێك کەچـی دەوێـت بیڵێـت، بـەبێ ئـەوەی پەنا ببرێت بۆ هۆ کارگەلێك کەهیچ پەیوەندیەکیان بەئیسلامەوە نی یە.[٢]

١ ـ رجال الفكر والدعوه (٤٧/١) .

٢ ـ النموذج الاداری لا ٣٠٢ .

٧-لێپرسینەوەی کاربەدەستەکان لەبواری داراییدا :

(سەرکردەو فەرمانڕەوایان کەخۆیان دەست پاك بوون ودوربوون لەدزی و پارەخواردن، ئیتر ئەوە بەس نی یە و دەبێت چاودێری وردی خواری خۆیان بکەن ولەڕاستی ئەو وەسڵ و مەسروفانەی دەیکەن بکۆڵنەوە بەوردی، پاشان شەرم لەکەس نەکەن ولێپرسینەوەی توندیان هەبێت لەگەڵ ئەو کاربەدەستانەدا کەشتیان لەسەرەو دزی وناپاکیان لێ دەرکەوتووە).[1]

ئەوەتا هەرکە عمری کوڕی عبدالعزیز دەبێت بەخەلیفە، یەکەمین کاری ئەوە بوو، والی ولاتی خۆراسانی بانگ کردو بەندی زیندانی کرد کەناوی (یزید)ی کوڕی (ملهب)بوو، هێنایە بەردەستی ولێ ی پرسینەوەی لەگەڵ کرد دەربارەی ئەومولك و سامانەی کەدەسی کەوتبوون ولەنامەدا بۆ (سلیمان)ی کوڕی عبدالملك نارد و ئاگاداری کرد وەبەلام پارەکانی نەهێنابوو.

(یزید)یش ووتی: تۆ خۆت دەزانیت من زۆر نزیك وخۆشەویست بووم لەلای (سلیمان)، ئەو نامەیەشم بۆیە بۆ نووسی تا بۆ خەڵکی بخوێنیتەوە، خۆت دەزانیت(سلیمان) داوای هیچ پارەیەکی نەکردووە کەلەنامەکاندا ئاماژەیان پێ کرابێت، یان فەرمانی بەشتێ نەداوە کەمن پێم ناخۆش بێت.

عمریش پێ ی ووت: من هیچ چارەیەکی ترم نی یە جگە لەوە نەبێت بتکەمە زیندانەوە، لەخوابترسە چیت لەلایە بیگێڕەرەوە، چونکە ئەوە سامانی موسڵمانانە وناتوانم چاویان لێ دابخەم، گەڕاندیەوە بۆ زیندان، لەزیندان مایەوە تا ئەو ساتەی عمر نەخۆش کەوت.[2]

عمرزۆربەی کاتەکانی لەدورەوە چاودێری وردی کاربەدەستەکانی خۆی دەکرد و هەواڵی دەسپاکی دەپرسین وئەگەر شتێکی لێ ببیستنایە کە بەدڵی نەبوایە بانگی دەکردن ولێپرسینەوەی لەگەڵ دەکردن ولەپاشاندا یان چاك دەبوون یان یەکجاری لەسەر کار لایدەبرن.

١- ووتەی وەرگێڕ .
٢ - التاریخ الطبری (٤٦٠/٧_ ٤٦١_ ٤٦٢) .

جارێك نامەیەك دەنووسێت بۆ یەکێ لەکاربەدەستەکانی وەبڕگەیەکی زۆر جوانی پێ دەڵێت کەحەزم کرد بەعەرەبی یەکەی بیهێنمەوە، پێ ی دەڵێت:

((لقد كَثُرَ شاكوك، وقَلَّ شاكروك، فاما عدلتَ، واما اعتزلت، والسلام)).[1] واتە: سکاڵا کارانت زۆربوون، سوپاس کارانت کەم بوون، یان دادپەروەر دەبیت، یان وازدێنیت لەئیش و کار، والسلام).

حەوتەم: هەرێمەکان لەنێوان مەرکەزی و لامەرکەزی دا

(عمری کوڕی عبدالعزیز ﷺ کاری بۆ ئەوە کرد کەهاوسەنگی یەك دروست بکات لەنێوان فدراڵیەت و کۆنفدراڵی واتە: هەرهەرێمە وسەربە حکومەتی مەرکەزی یە بەڵام جۆرە ئازادی یەکیشی پێ دەدرێت وبەشێوازێکی تر نەسەربەخۆیە بەتەواوی ونەژێردەستەیشە).[2]

هەندێ هەڵوێست گەلی عمر دەخەینە ڕوو کەئەم هاوسەنگی یە ڕوون بکاتەوە، ئەو فەرمانەی کەلەنامەکەیدا بۆ والی کوفەی ناردبوو ئەم مانایەی تێدا بەرجەستەبووە، تیایدا بەئاشکرا (مرکزیة)و سەربە حکومەتی مەرکەزی تێدا هاتووەو دەڵێت: (من تۆم کردووە بەوالی ئەوێ، بەودەستەڵاتەی خوا پێ ی داوم، پەلە نەکەیت لەکاری لەسێدارەدان و هەڵواسیندا، تا پێش وەخت من ئاگادارانەکەیت و ڕای من وەرنەگریت)[3]

عمر لەم مەسەلە گەورەوگرانەدا کە —کوشتن و لەناوبردنە_ وای بەباش زانیوە و بەبەرژەوەندی ئوممەتی ئیسلامی زانیوە کەسەربەخۆ خوێنی کەس نەڕژرێت و پێش وەخت مەرکەزی لێ ئاگادار بکرێتەوە، هیچیش لەحوکمەکە کەم نابێتەوەو دێر بێت یان زوو دەکوژرێت بەڵام پەلەنەکران وهێمنی نواندن وپیاچوونەوەی بڕیار سەرنجامەکەی بەرپابوونی دادپەروەری لەدوایە،[4]

---

١ - عمربن عبدالعزیز عبدالستار الشیخ لا ٢٧٥ .

٢ - ووتەی وەرگێڕ .

٣ - تاریخ الطبری (النموذج الاداری) لا ٢٢٢ وەرگیراوە .

٤ -- تاریخ الطبری (النموذج الاداری) لا ٢٢٣ وەرگیراوە.

کۆمەڵێ کاروباری تریش هەیە کەگەورەتر وترسناکترن، عمر ڕوونی کردۆتەوە بۆ کاربەدەستەکانی کەلەو کارانەدا دەبێت بگەڕێتەوە بۆلای خەلیفە و شێوازی مەرکەزی یەت جێ بەجێ بکەن، چونکە ئەوشتانە کۆمەڵە مەسەلەیەکی گەورە چارەنووسی سازن وهەموو ئوممەت دەگرێتەوە، قورئان و سوننەتیش باسیان لێوە نەکردووە،

بەلام عمر لەڕێگەی بڕیارو ئاراستەکانی یەوە بۆ سەرۆکی هەرێمەکانی ولاتی ئیسلام سیاسەتی خۆی لەوبارەیەوە بۆ ڕوون کردونە تەوە ووتویەتی:_

(.....ڕوداو وگەلێکی گەورە هەیە کەلەم دواییانەدا ڕوودەدەن و پێشتر قورئان و سوننەت جێگیریان نەکردوون، نابێت هەر ئەمیر وبۆ خۆی بڕیاری تێدا بدات و دەبێت بیگەڕێنینەوە بۆلای خەلیفە وپاشان ملکەچی بڕیارەکەیشی بن).[1]

لەبوارێکی تریشدا کە کاری بەمەرکەزی یەت کردووە، ئەوەیە کەلە والی یەك زیاتری بۆ عیراق داناوە، هەروەك خوراسان وسجستان وعومانی والیّ کردووە کەڕاستەوخۆ سەر بەخەلیفەبن، هەروەك خۆی والی یەکی بۆ ئەندەلوس (أسپانیا) دیاری کردوە ئەمەش وەك زیادە گرنگی دانێك بەو دەڤەرەوە نەیخستۆتە سەر هەرێمی ئەفریقیا.[2]

ئەمەش مانای وایە عمر زۆر گرنگی داوە بەوەی، کە هەرێمەکان سەربە پایتەخت بن ومەرکەزی یەت ڕۆڵی گرنگی خۆی ببینێت.

ـ نموونەیش لەسەر ئەوەی کەکاریشی لەسەر سەربەخۆیی هەرێمەکان کردووە و (لامرکزية)تی بەکارهێناوە لەوانە:

دەگێڕنەوە عمری کوڕی عبدالعزیز نامەی نووسیوە بۆ کاربەدەستی یەمەن(عروە)ی کوڕی (محمد)و پیّ ی ووت: (من وانامەت بۆ دەنووسم، فەرمانت پیّ

---

١ ـ سیرە عمر ابن عبدالحکم لا ٦٣ .
٢ ـ الاداری فی العصر الاموی. نجدة الخماش لا ١٠٧ .

دەکەم کەخۆت ستەم لەسەر موسڵمانان لابەرەو ناهەقی یەکان بگێڕەوە بۆ خاوەنەکانیان، مەسەلەکان هەموویان ئاراستەی من مەکەرەوە، تۆنازانیت چەند دوورە رێگاکەی نێوان من وتۆ، نازانی ڕووداوی مردنیش چەند زۆرە، تەنانەت ئەگەر منیش بۆت بنووسم کەبزنێکیش بەناهەق خورابوو، بیگێڕەوە بۆ خاوەنەکەی، تۆ نامەم بۆ دەنووسیتەوە کەئایا ڕەش بێت یان سپی؟!.

دەی لەکاروباری موسڵمانان بکۆڵەرەوە وخۆت مافەکان بۆ خاوەنەکانیان بگێڕەرەوەو بەرەو ڕووی منی مەکەرەوە).[1]

لەم بڕیارەوە ئەوپەڕی وردی دیوەجوانەکەی(مرکزیة)و(لامرکزیة) دەردەکەوێت و بەمەشدا دەردەکەوێت کە(لامرکزیة)لە بەرژەوەندی ئیسلام و ئوممەتەکەیەتی.[2]

هەڵوێستێکی تریش کەئەو پەڕی مانای ئازادی و فیدراڵیەت دەبەخشێت بەسەرجەم هەرێمەکانی وڵاتی پان و پۆری ئیسلام، ئەو نامەیەی عمر بوو بۆ والی شاری بەسرەی نارد(عدی)کوڕی (ارطاة)و پێ ی ووت:

پاشان...تۆ هەر بۆ هەموو شتێك لەسەر ماو گەرمادا پیاوێکی موسڵمان ماندوو دەکەیت ودەینێریت بۆ لام تا دەربارەی سوننەت پرسیارێکم لێ بکات، تۆبەم کارەت وەك بڵێ ی گەورەم دەکەیت، دەی سوێند بەخوا _حەسەنت بەسە_ واتە (حسن البصری) رَحِمَهُ اللَّهُ ئەگەر ئەم نامەیەی منت پێ گەیشت بۆ من و بۆ خۆت و بۆ سەرجەم موسڵمانان پرسیار لە(حەسەن)بکە[3]

کەواتە لەم نامەیەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کەکات کوشتن بەکۆمەڵی کیتاب و مەسەلەی ڕۆتینی یەوە کاری والی یەکانە وەنابێت بۆ هەموو شتێك بگەڕێنەوە بۆ فەرمانی پایتەخت، بەڵکو دەبێت باوەڕیان بەخۆیان هەبێت وسوود لەزانست و زانیاری زانایانی نێو هەرێمەکە وەربگرن وپشت بەدادوەرو ژێرمەندەکانی ناوخۆیان ببەستن وهەق ودادپەروەری بەرپابکەن لەژێر ڕۆشنایی قورئان و سوننەت ورێڕەوی

١ - الطبقات (٣٨١/٥) .

٢ ـ النموذج الاداری لا ٣٢٤ .

٣ ـ هەمان سەرچاوە.

چوار یاره ڕاشیدەکەی پێغەمبەری خوا ﷺ.[١]

هەروەها بەم نامەیەشدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کەهەموو هەرێمێکی ناو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئیسلام، دەبێت ڕێزی گەورە وگران دابنێن بۆ زاناو پێشەوایانی ئاینی وسود لەزانست وزانیاری وبۆچوونەکانیان وەربگرن و لەبەڕێوەبردنی وڵاتدا بەشداریان بکەن.

(نەك وەك ئەمڕۆ - هەموو وڵاتە ئیسلامی یەکان - هەوڵ دەدەن مامۆستاو مەلاکان بکەنە خۆیان و لەژێر ناوی یەکێتی زانایاندا کۆیان بکەنەوەو لەژێر گوشاردا بەچاوترسێنیان بکەن فەتوای حەڵاڵ کردنی هەرشتێك حوکمڕاکان پێیان خۆشە لێیان بپچڕن لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە دژایەتی کانیاوی ساف و زوڵاڵی ئیسلام وهەڵگرەگیان لەسەر دەستەکانی یانی پێ بکەن وهەموو شتێکی بیدعە ودور لەسوننەتی پێغەمبەریان پێ زیندوو بکەنەوەو بە بەشداری پێنەکردنیان لەبڕیاری چارەنووسی سازیەکانی وڵاتدا مانای جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەتیان پێ ئەنجام دەدەن، دواتر یەك مامۆستا وپێشەوای ئاینی لەترسی بڕینی موچەکەی نەتوانێت ووتارێکی هەق بدات مەگەر وتارێك پیاوانی قەسر بۆی دابڕێژن وزیانی بۆ پەزەکان نەبێت).[٢]

عمررحمه الله لەکاری هاوسەنگی نێوان(مەرکەزیەت)و(لامەرکەزیەت)دا کۆمەڵێ پێوەری هەبوو لەوانە:

١- پێویست کردنی هەڵوێستەکان بە بەرژەوەندیەکی گشتی یان تایبەتی یەوە.

٢- دیاری کردنی ئەو کارە گرنگانەی کەهەرێمەکان ناتوانن سەربەخۆ ئەنجامیان بدەن بەڵکو دەبێت پایتەخت یەکلای بکاتەوە وەك کوشتن وهەڵواسین.

٣- هەندێ مەسەلە قورئان و سوننەت باسی نەکردووە، بەڵام قسەکردن تیایدا زۆر گرنگە.

---

١ - النموذج الاداری لا ٣٢٤ .

٢ - ووتەی وەرگێڕ .

٤- رەچاوکردنی دووری ماوەی نێوان خەلیفەو والی یەکان .

٥- رەچاوکردنی گرنگی کات و لەوانەیە زیانێکی گەورەی وەك مردن ڕووبدات.

٦- بوونی کەسانێك کەمتمانەیان هەبێت بەزانست وزانیاری و ژیرییان.

٧- کاری گەری زوو ئەنجام دانی کارەکان لەجێگەی خۆیاندا .

٨- ڕەچاوکردنی بەخشینی متمانە بەدادوەرەکان و والی وکاربەدەستەکان.[١]

لەژێر ڕۆشنایی ئەم پێوەرانەدا عمر توانی هاوسەنگی یەکی چاك وڕێك و پێك بخاتە نێوان(مرکزیة)و(لامرکزیة)و بەو کارە گرنگەیشی توانی بنەمایەکی چاك دابمەزرێنێت وپێشکەشی زانایانی بکات.لەبواری ئیدارەوبنەماکانی هەڵس و کەوت کردنی دروست لەگەڵ زمان وڕەگەزە جیاجیاکاندا لەچوارچێوەی دەوڵەتێکی یەکگرتوودا.[٢]

(بەمەش دا دەردەکەوێت بۆ خوێنەری کورد کە ئەم فیدراڵیەتەی ئێستا ئەم بەشە کوردیەی کوردستانی عێراق تیایدا دەژی ئیسلام هێناویەتی وئیسلام سەدان سەدە پێش ئێستا دانی ناوە بەهەموو هەرێمەکانی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئیسلامدا و زمان ونەژادو جل و بەرگی تایبەتی خۆیانی پاراستووە وهەرلەخۆیان والی وسەرکردەی هەڵبژاردووە).[٣]

هەشتەم: بنەمای نەرمی نواندن لەکاری ئیداری عمردا

عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله لەهەموو بوارەکانی تێگەیشتن وگفتوگۆ وفیکر و جێ بەجێ کردنی فەرمان و پابەندبوون پێوەیدا بنەمای نەرم ونیانی جێبەجێ کردووە.

(میمون)ی کوڕی (مهران) دەڵێت: (عبدالملك)ی کوڕی (عمری کوڕی عبدالعزیز)بەباوکی ووت: باوکە گیان، بۆچی ئەوەی هەق و دادپەروەری یە جێ بەجێ ی ناکەیت؟سوێند بەخوا گرنگ نی یەلەلام من وتۆ لەمەنجەڵدا بکوڵێنن لەو پێناوەدا؟

١ - النموذج الاداری لا ٣٢٦.

٢ - هەمان سەرچاوە.

٣ - ووتەی وەرگێڕ.

لەوەڵامدا عمر ووتی: کوڕی خۆم، من دەمەوێت خەڵکی لەسەر شتێکی زۆر ناڕەحەت ڕابهێنم، من نامەوێت هەموو ئەو شتانەی دادپەروەری تێدایە زیندوویان بکەمەوە، بەڵکو ئەوە دوا دەخەم بۆ کاتێك دنیا پەرستی لەدڵەکاندا دەردەهێنم، دێن بەدەم ئەمەوەو دڵخۆشیش دەبن بەمە).[1]

لەشوێنێکی تردا عمر دەڵێت: "خەڵکی نەهاتن بەدەممەوە لەکاری گەڕانەوەی مافەکان بۆ شوێنی خۆی، تاشتێکی دنیایم نەخستە بەردەستیان.[2]

عمر رحمه الله هەرلەسەرەتای وەرگرتنی خەلافەتەوە ئەوەی ڕاگەیاند کە هێنانەدی ئامانجەکان پێویست بەنواندنی هەندێك نەرمی نواندن _مرونة_ وچاوداخستن دەکات، مەسەلەکە بەوە سەرناگرێت کە(عبدالملك)ی کوڕی دەیووت گوایە لەوپێناوەدا ئامادەین هەردووکمان لەمەنجەڵدا بمانکوڵێنن وئیتر گوێ بەلایەنەکانی تر نەدرێت.[3]

ئەمەش هەڵوێستێکی تری عمرە کەووتو ووێژێکە لەنێوان خۆی وعبدالملك ی کوڕیدا ڕوویداوە: عبدالملك: ئەوە چۆن چاوەکانت دەچێتە خەو، کەهەندێ سکاڵای ماف خوراوان هاتۆتە بەر دەستت وهێشتا بەو جۆرەی خوا پێ ی خۆشە یەکلایت نەکردوونەتەوە؟

عمر: کوڕی خۆم، نەفسم وەکو وڵاخەکەم وایە، ئەگەر ڕەحمی پێ نەکەم نام گەیەنێتە جێگای مەبەست، ئەگەر خۆم و هاوکارەکانم ماندوبکەم ئەوەندەی پێ ناچێت منیش و ئەوانیش دەکەوین، من ئەوەندەی کاتە بەئاگا کانم بەتەمای پاداشتی خوام ئەوەندەش بەتەمای پاداشتم لەم کاتی خەوتنەم.

چونکە خوای گەورە ئەگەر بیویستایە قورئانی بەیەکجار دەنارد خوارەوە، ئەلآم یەك ئایەت ودووئایەت دابەزیوەتە خوارەوە تا دڵەکان بەنوری باوەڕ هێمن

١ـ سیره عمر(ابن الجوزی) لا ٨٨ .

٢ـ هەمان سەرچاوە .

٣ ـ النموذج الاداری لا ٣٢٨ .

بوونەتــەوە کـوڕی خـۆم ئـەم کـارەی مـن دەسـتم داوەتـیّ زۆر گـرنگ تـرە لـەلام لەبنەماڵەکەی تۆ_مەبەستی ئەمەوی یەکان بوو_ کەژمارەیان زیاترە ودەستەڵاتیان بەهێزترە وپێش ئەوانیش ئەوەیەکەوە دەیزانیت،

ئەگەر هەمووی لەیەك ڕۆژدا چارەسەربکەم دەترسم لـێم هەڵبـستن، بـەڵام مـاف لەیەك دووکەس دەسەنمەوە، هەواڵەکەیشی دەگاتـە ئـەوانی ترومەسـەلەکە ئاسـایی دەبێت لەلایان).[1]

لەم بەسەر هاتانەی پێشووەوە ئەوەمان بۆ دەردەکـەوێت کـەتا ئاسـتێکی بـەرز عمری کوڕی عبدالعزیز خاوەنی فیقهو تێگەیشتنێکی قوڵ بووە لەبواری چاکسازی و نـویّ خوازیـدا ولـە بەرنامەڕێـژی کردنـدا بـۆ نـەمانی زوڵـم و زۆرو حـەرام خـۆری و بڵاوبوونەوەی داد ویەکسانی.[2]

مەبەسـت لـەو ووشـەیەی کـەووتی: (مـن ئەگـەر خـۆم و هاوکـارانم ماندووبکـەم، کەمێك ناخایەنێت منیش و ئەوانیش دەکەوینە زەوی).

عمر دەیەوێت بڵێت: ووزەی مرۆڤ دیاری کراوە وکاری بەردەوام سـنووری هەیـە، مـرۆڤیش بـۆ وەرگرتنـی ئـەم کـارە قورسـانە پێویـست بـەکاتێك دەکـات کـەلێی بوەسـتیت تـا قبولّیـان دەکـات و پاشـتر دەیگوڕێـت بـۆ بەرنامـەو ڕێـرەوی ژیـان و تێکەڵی خوێن و گۆشت و دەمارەکانی دەبێت، پاشتر لەگەڵ لەشی ولار و خانەکانی لەشیدا یەکدەگرنەوە.

بەبیّ بوونی ئەم تێکەڵ بوون ویەکگرتنـە دەروونـی یـە، بـەردەوام پاڵەپەسـتۆی دەرەکـی پاڵـدەنێت بەمرۆڤـەوە وئـەم پاڵـە پەسـتۆیەش ڕۆژ لـەدوای ڕۆژ زیـاتر ناڕەحەتی دەکات وڕۆژێـك دێتـە پێـشەوە کـە ئـەو زۆرە دەرەکـی یـەی بەسـەرەوە نەمێنیّ پشتاوپشت بگەڕێتەوە سەر هەڵس وکەوتەکانی پێشتری.[3]

١ ـ سيرة عمر (ابن الجوزي) لا ١٠٦.

٢ ـ ملامح الانقلاب لا ١٧٣.

٣ ـ ملامح الانقلاب لا ١٧٣.

ئەوەی جێگای سەرنجە ئەم بڕگەیەیەتی کەدەڵێت:..... بەڵام من نان بۆ یەك دوو کەس وەردەگرمەوە و هەوالیش دەگاتە کەسانی ترو بەو جۆرە مەسەلەکە ئاسایی دەبێت لەلای ئەوانیش و، پاشان عمر لێرەدا پرۆژە وکارکردن لەسەری پێش کەش دەکات و لەپێناوی چاکسازی و نوێخوازیدا، چونکە زۆرن ئەو کەسانەی کەووتەی گەورەگەورە وقەبە دەردەبڕن بۆ گەلەکانیان _بەتایبەتی لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا _ بەڵام کەمن ئەوانەی کەپرۆژەکانیان دەبەنە بواری کردەوە وجێ بەجێ کردنەوە ئیتر باکەمیش بێت ئەو جێ بەجێ کردنە.

بەڵام عمر ئەم چاکسازە مەزن وفەقیهە شارەزایە، دەیەوێت کۆمەڵێ پرۆژە بەکردەوە پێش کەش بکات و نایەوێت بەزۆر وتوندوتیژی وبێ پلان وبەرنامە ڕێژی، نەخێر بەڵکو ماف بۆ یەك کەس ودووکەس وەردەگرێتەوە، یان مافیان لێ دەسێنێتەوە و هەواڵەکەش دەگاتە خەڵکانی ترو، بەم کارەو وورد وورده پرۆژە چاکسازیەکە تێکەڵی خوێن ودەماری تاکەتاکەی ئوممەتی ئیسلام دەبێت و دەڵێن(دەستێك دەوڵەت بیبڕێت ئێشی نی یە).[1]

عمر رحمه الله لەگەڵ ئەم قۆناغ بەندی ونەرمی یەیدا ئەوەشی فەرامۆش نەدەکرد کەبەخشش و ماڵی دنیایی بدات بەو کەسانەی کەفەرمانڕەوایی دەکردن تادڵیان بۆ لای خۆی ڕابکێشێت.[2]

کەسیش مافی ئەوەی نی یە کەبڵێت: ئەمە دابەزین ولادانی عمری کوڕی عبدالعزیز لەئامانجە نوێخوازی وچاکسازی یەگشتی یەکەی لەبەرخاتری چارەسەری کاتی وپینەکاریەکی لاوەکی ... چونکە لەوەتی عمرمان ناسیوە و بووەتە گەورەی موسڵمانان _بستێك_ دابەزینی پێوە دیارنەبووە ئامانج و مەبەستەکانی قورئانی کەریم وسوننەتی خاوێن، بەڵام لێرەدا عمر کاربەشێوازە زیندووەکان دەکات کەدەبنەهۆی هێنانەدی ئامانجەکانی قورئانی پیرۆز بەتەواوەتی .

پاڵەپەستۆی بەردەوام تەقینەوەی لەدوایە، ئەم تەقینەوەیەش هەر چەند کەم

---

١ ـ ووتەی وەرگێڕ .

٢ ـ ملامح الانقلاب لا ١٧٤.

بێت بەڵام هەر سوتێنەرو ڕوخێنـەر دەبێـت، لـەتوانای سـەرکردە و فەرمانڕەواکانـدا هەیە ئەم ڕووخـان وسـوتانە دووربخەنـەوە بـە بـەکارهێنانی شـێوازێکی زینـدوو کـە بگونجێت لەگەڵ سروشت ودەروونی مرۆڤدا، دەی بۆچی نایگرنەبەر؟.[١]

کاتێك (عبدالملك)ی کوڕی پێ ی ووت: ئـەی ئـەمیری بـاوەڕداران، فـەرمانی خـوا جێ بەجێ بکە، ئیتر بامنیش وتۆیش لەناو مەنجەڵدا بکـوڵێنین، وەڵامـی خەلیفـەی نەرم ونیان ئەوە بوو پێ ی ووت: کوڕی خۆم، ئەگەر بمەوێت بەو جۆرە بکەم کە تۆ دەیڵێیت ناچارم پەنا بۆ شمشێر بەرم، دەی خێـر نـی یـە لەخێرێکـدا کـە لەڕێگـەی شمشێرەوە زیندوو بکرێتەوە.[٢]

دەی کەواتە خەلیفەیەك ئا بـەم جـۆرە وبەنـەرمی بجوڵێتـەوە وبـەم زیرەکـی یـە هەڵس وکەوت بکات هەرگیز ڕۆژی لەڕۆژان لەئامانجی خۆی لانادات.[٣]

بەمانەی پێشەوەدا نەرمی عمر دەردەکـەوێت لەبـەڕێوەبردنی وڵات وجـێ بـەجێ کردنـی سیاسەتەگـشتی یـەکان، بـەرپاکردنی دادپـەروەری وبڵاوکردنـەوەی ئـاینی پیرۆزی ئیسلام و دامەزراندنی دەوڵەت لەسەر بناغەی بیروباوەڕ .[٤]

ئەمەش کۆمەڵێ بەڵگەیە لەسەر جێ بەجێ کردنی بنـەمای نـەرمی لـەجێ بـەجێ کردندا کەعمر بەکردەوە لەژیانیدا کاری لەسەرکردووە:

١- فەرمانی ئێمە نوێژت پێ دوانەخات:

عمر رحمه الله جارێکیان چوو بۆ لای پاسەوانەکانی، پێ ی ووتـن، کامتـان ئـەو پیـاوە ئەناسـن کـە ماوەیـەك لەمەوبـەر ناردمـان بـۆ وڵاتـی میسر؟ ووتیـان: هـەموومان دەیناسین، عمریش ووتی: کامتان منداڵ ترین کەستانن بابچێت بەدوایدا وبۆم بـانگ بکاتەوە پاسەوانێکیان خۆی گەیاندە نیراوەکـەو بـانگی کردەوەئـەویش وای گومـان برد، کەعمر وای زانیوە ساردو سڕی نواندوە وخێرا نەچووە، پێی ووت: پەلـەم لـێ

١ ـ ملامح الانقلاب لا ١٧٤.

٢ – الکامل فی التاریخ لە ملامح الانقلاب لا ١٧٥ وەرگیراوە .

٣ ـ الکامل فی التاریخ لە ملامح الانقلاب لا ١٧٥.

٤ ـ النموذج الاداری لا ٣٢٩ .

مەکە هەرئێستا خۆم دەگۆڕم ودێم، پاشان بەپەلە هات بۆ لای عمر.

عمریش پێ ی ووت: ترست نەبێت، ئەمڕۆ ڕۆژی جومعەیە، لەشاردەرمەچۆ تا نوێژەکەی جومعەت نەکەیت، من تۆم ناردوە بۆ کارێکی زۆر، پاشان بەپەلە و گرنگی موسڵمانان، دەی هەرگیز لەکردنمان لێت بۆ هەر کارێك وات لێ نەکات نوێژەکانت لەکاتی خۆی دوابخەیت.[1]

دەی تەماشابکە لەگەڵ گرنگی و پەلەیی کارەکەیدا کەچی لەجێ بەجێ کردنەکەیدا نەرمی دەنوێنێت لەگەڵ ئەو نێرراوەدا.[2]

٢- بەربانگ بکەرەوە وپاشان بڕۆ:

عمری کوڕی عبدالعزیزرحمه الله کاربەدەستەکەی ، کە بەسەر خوراسانەوە بوو بانگ کردەوە، هەر کە فەرمانەکە پێگەیشت خێرا خۆی کۆکردەوە وخۆی گەیاندەوە لای خەلیفە_ وەك جێ بەجێ کارێکی دڵسۆز_ وکاتێ گەیشتەوە کۆشکی خەلیفە لەدیمەشق_ وعمر ئاسەواری ماندوویەتی وشەکەتی ڕێگای تێدا بەدی کرد، بۆیە پرسیاری لێ کرد: کەی لەوێ دەرچوویت؟ ووتی: لەمانگی ڕەمەزاندا.

عمر ووتی: ڕاستەکەن دەڵێن زۆر وشکیت!! دەی باشتر نەبوو خوت بگرتایە تاچەژنت دەکرد وئەوجا بکەوتیتایەتە ڕێ.[3]

٣- نارەحەتیان مەکەن، توندمەبن لەگەڵیاندا:

(ابن سعد) دەگێڕێتەوە لە(میمون)ی کوڕی (مهران)ەوە کە بەرپرسی دیوانی دیمەشق بووە دەڵێت: مووچەیان بریەوە بۆپیاوێکی نەخۆشی درێژخایەن، منیش ووتم:قەیناکادەبێت لەگەڵ ئەونەخۆشانەداباش بین کەنەخۆشی ترسناك و درێژخایەنیان هەیە بەڵام مووچەی مرۆڤێکی لەش ساغیان پێ بدرێت؟!شتی وانابێت.

١ـ سیره عمر لابن الجوزی لا ١٠٦ .

٢ـ النموذج تلاداری لا ٣٣٠ .

٣ـ تاریخ الطبری _لە_ النموذج الاداری لا ٣٣٠ .

سکاڵای ئەم بۆ چوونەمیان گەیاندبووە عمری کوڕی عبدالعزیز وپیان ووتبوو: زۆر توندوتیژە لەگەڵماندا وناڕەحەتمان دەکات، ئەویش نامەیەکی بۆ نووسیم و پێ ی ووتم: ئەگەر ئەم نامەیەی منت پێ گەیشت ئیتر توندوتیژ مەبە لەگەڵ خەڵکی وناڕەحەتیشیان مەکە، چونکە من ئەوەم پێ خۆش نی یە.[1]

عمر ئەم نامەیەی بۆ (میمون) نووسی کەلەبنەمای نەرمی نواندن لەبەر پرسیارێتی وە سەرچاوەی گرتبوو.

٤- نەرمی نواندن لەگفتوگۆو لێك گەیشتندا:

گفتوگۆی ئاشتیانە ووەڵامدانەوەی بەڵگە بە بەڵگە شێوازی عمربووە ﷺ لەکۆبوونەوەو دانیشتنەکانی لەگەڵ خەواریجەکان دا بەکردەوە ئەم نەرمی یەی پێوە دیار بووە، _وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد کە_کۆمەڵێك لە_حەروریەکان_هاتن بۆ لای عمر، لەمەسەلەیەکدا گفتوگۆیان لەگەڵ کرد،

هەندێ لەیاوەرانی عمر ئاماژەیان بۆ کرد کەبیانترسێنێت وچاویان لێ سور بکاتەوە، بەڵام عمر هەر نەرم ونیان ولەسەر خۆبوو لەگەڵیان تاڕێك کەوت لەگەڵیان کەتاماوە لە ژیانیدا خواردن وجل وبەرگیان بگرێتە ئەستۆی خۆی، ئەوانیش بەوشێوەیە بەجێیان هێشت، کاتێ دەرچوون عمر دای بەئەژنۆی یەکێ لەهاوڕێکانیدا ووتی: ئەی فلان کەس، ئەگەر چارەسەرێك هەبوو بۆ چارەسەرکردنی هاوڕێکەت هەرگیز پەنامەبە بۆ داخ کردنی بەئاگر.[2] لەهەموو هۆکارەکانی هەڵس و کەوت کردندا نەرمی نواند لەگەڵیاندا.[3]

٥- نەرمی وکراوەیی فیکریی:

نەرمی وکراوەیی فیکریی عمر بەجۆرێك بوو بەئاشکرا پێوەی دیاربوو، کەبەدوربوو لە توندوتیژی و وشکی وکەللەپوچی،_ وەك پێشتر باسمان کرد_

١ ـ الطبقات (٧/٣٨٠) .

٢ ـ سیرە عمر (ابن الجوزی) لا ٧٦_٧٨ .

٣ ـ النموذج الاداری لا ٣٣١ .

کەجارێکیان عمری کوڕی عبدالعزیز (یزید)ی کوڕی(أبی مالك)و(حارث)ی کوڕی(محمد)نارد بۆ ئەفریقیا، بۆ ئەوەی خەڵکی فێری سوننەت وژیانی پێغەمبەری خوا ﷺ بکەن، بڕیاریشی دا مووچەیان پێ بدات بەرامبەر ئەو کارە، (یزید) قبوڵی کردو (حارث) قبوڵی نەبوو کەبە پارە خەڵکی فێری ئیسلام بکات ووتی: من هەرگیز ئامادەنیم لەبەرامبەر زانستێکدا کە خوا فێری کردووم مووچە وەربگرم، مەسەلەکەیان بۆ عمر باس کرد وئەویش ووتی: ئەوەی (یەزید)کردوویەتی دروستە و هیچی تێدا نی یە، بەڵام خوا نموونەی(حارث)مان لەناودا زۆر بکات.[1]

دەبینی هەڵوێستێکی دیاری کراوی یەکلایەنەی نەبوو بەرامبەر ئەو دوو زانایە، لەگەڵ ئەوەشدا دوو ڕای جیاوازیان هەبوو لەوەرگرتنی پارە لەبەرامبەر زانست بەخشین دا، پشتگیری پارەوەر گرەکەی کرد و ووتی هیچ گوناهێکی تێدا نی یە، بەڵام دووعای خێرو چاکەی کرد بۆ (حارث)، کە نەرمی عمر دەگەیەنێت بەرامبەر ڕاجیاوازەکان لەیەك کاتدا، تەنانەت پێ ی وایەکە بنەمای نەرمی وکراوەیی فیکری و جیاوازی بیروڕا پێویست وچاکە، تەنانەت جیاوازی هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ لەبیروڕادا پێخۆش بووە وەك دەڵێت:(پێم خۆش نەبوو کەهاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ جیاواز نەبوونایە لەبیرو بۆچووندا، چونکە ئەگەر جیاوازانە بوونایە، ڕێگەپێدان_رخصة_ نەدەبوو)،[2] ویان لەوبارەیەوە دەڵێت: ئەو جیاوازیەی ناو هاوەڵانی محمد ﷺ ناگۆڕمەوە بەسورە ولاخ.[3]

نۆیەم: گرنگی کات لەحکومەتەکەی عمردا

عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله زۆربەی کاتەکانی_ ئەگەر نەڵێین هەمووکاتەکانی_ تەرخان کردبوو بۆ کاروباری دەوڵەت وبەرژەوەندی موسڵمانان یان جێ بەجێ کردنی هەقی پەروەردگار لەخواناسی وعیبادەت کردن، شەوەکانی بەنوێژو پاڕانەوە

---

١ ـ سیره ومناقب عمر، (ابن عبدالحكم)لا ١٣٧ .

٢ ـ سیرة عمر، (ابن الجوزی) لا ٢٧٥ .

٣ ـ الطبقات (٣٨١/٥) .

لەدەرگانـەی خـوا دەبردەسـەر ولـەدوای نوێـژی وەتـر ئـیتر قـسەی لەگـەڵ كەسـدا نەكردوە.[1]

هەردەربارەی لەدەست نەدانی هەلەكانی كات دەڵێت: ((ان الليل والنهار يعملان فيك فاعمل فيها)) واتە: شەوو ڕۆژ كارت تێدا دەكەن دەی تۆش كاریان تێدا بكە.

هەمیشە كاتی بەهەڵ دەگرت بۆ هەڵسان بەكارێكی چاكە یان دەركردنی فەرمانی خێرا ولەجێ ی خۆیدا و خێرا یەكلایی كردنەوەی ئیش وكارەكان ودەركردنی بڕیارە ئیداری یەكان، خۆ بەدور گرتن لەهەموو ئەو كارانـەی كەدەبوونـە هـۆی دواكـەوتنی كارێكی چاكەیان بەرژەوەندیەكی موسڵمانان، گەورەترین بەڵگەیش لەسەر ئەمە ئەو سێ بڕیارە بوو كەهێشتا(سليمان) بەخاك نەسپێرابوو دەری كردن.

وەك(ابـن عبـدالحكم) دەڵێـت: هەركـە(سـليمان) بـەخاك سـپێردرا كـاتی نوێـژی مەغریب بوو، فەرمانی دا قەڵەم وكاغەزی بـۆ بهێـنن، سـێ بڕیـاری گرنگـی نووسـی، كەنێوان خۆی وخوا نەیتوانی دوایان بخات، یەكسەر هەرلەویدا ئیمزای كردن.

هەرچەندە هەندێ لەخەڵكی هۆی ئەم پەلەكردنەیان نەدەزانی، بۆیە بە لاقرتێ و چاو داگرتنەوە بەیـەكتریان دەووت: دەی ئـەم پەلەپەلـەی بـۆ چـی یـە؟ ئـەی نـەی دەتـوانی خـۆی بگرێـت تادەگەڕایـەوە ماڵەكـەی خـۆی؟! دەی وادیـارە ئەمـە خۆشەویستی پلەوپایەیە؟ وئەمە بوو ئەیان ووت پێ ی ناخۆشە بكرێتە خەلیفە؟!

خـۆ ئـەم كـارەی عمـر لەبـەر خۆشەویـستی كورسـی وپلەوپایـە نـەبووە، بەڵكولێپرسینەوەی لەگەڵ دەروونی خۆیدا كردووە ووای بۆ چووە كەدواخستنی ئەو كارە هیچ پاساوێكی نی یە.

(ورد بـەرەوە خوێنـەری كـوردی خۆشەویـست، كەچـۆن گـەورەو فەرمانـدەی ڕاسـتەقینە زۆر پەلەیـەتی ئـیش وكـاری موسـڵمانان نەوەسـتێتێت وبـەخێرایی ڕاپەڕێنرێت نەك وەك ئەمڕۆ گرنگ ترین كـار دەوەستێنن بـەبیانووی ئـەوەی گوایـە پەرلەمان لەمۆڵەتی هاوینەدایە!! یان سەرەك كۆمار لە گەشت وسەیرو سـەفادایە! یان كەمێ ناساغە!! وهتد....).[2]

---

١ ـ سيره عمر،(ابن الجوزی) لا ٢١٠ _ ٢١١ .

٢ ـ ووتەی وەرگێڕ .

بڕیارەکانیش ئەم سێ بڕیارە بوون :

١- بڕیاری یەکەم: هیچ پەیوەندی یەکی بەخۆیەوە نەبوو، بەڵکو تایبەت بوو بەتێکۆشەران و گیان بازانی ئیسلام بوو لە_قسطنطنیە_کە ماوەیەکی زۆر بوو لەبرسێتی وناڕەحەتیدا دەژیان، ناڕەحەت بوو بوون لەبەردەمی دوژمنانی ڕۆمدا، عمر فەرمانی دەرکرد بەسەرکردەی سوپا(مسلمة)ی کوڕی (عبدالملك)کە گەمارۆی سەرقەڵاکان لابەرێت وسوپای ئیسلام پاشەکشە پێ بکاتەوە وعمر لەم کارەیدا پێ ی وابوو ئەگەر کارێك تایبەت بێت بەموسڵمانن ناڕەحەت وماندووەوە دەبێت پەلە بکرێت لەدەرکردنی بڕیار بۆیان .؟[١]

٢- بڕیاری دووەم: لابردنی بەرپرسی خەراجی میسر لەسەرکارەکەی کەناوی (اسامە)ی کوڕی (زیدالتشوخی)بوو لەبەر زوڵم و زۆر و نارەوایی و خۆسەپاندنەکانی لەو وڵاتەدا.

٣- بڕیاری سێ یەم: هەروەها فرمانی لابردنی والی ئەفریقیەی دەرکرد کەناوی (یزید)ی کوری(أبی مسلم) بوو، ئەویش لەبەر ناهەقی وزوڵم و ستەمەکانی کەهەواڵی بەباشی دەگەیشتەوە عمر.[٢]

هەروەها گرنگی تایبەتی بەکات دەدا وەهەمیشە کاتی گونجاوی هەڵدەبژارد بۆراگەیاندنی فەرمان و بڕیار وئاراستەکانی تابەئاسانتر بگاتە هەموو لایەك، بۆ ئەو مەبەستە باشترین کاتی هەڵدەبژارد، ئیتر چ لەبەر زۆری خەڵکەکە یان لەبەر پیرۆزی شوێنەکە، کەزیاتر گرنگی پێ دەدرێت.

ئەوکاتەش وەرزی حەج کردن بوو کە یان خۆی وتاری بۆ پان دەدان بڕیارو فرمانی لەشێوەی نامەدادەنارد و بەسەر حاجی یەکاندادەخوێنرایەوە و فرمانەکانی زیاتر دەبوە جێگای گرنگی موسڵمانان، کەدوو ئامانجی دەپێکا:

---

١ ـ سیره عمر بن عبدالعزیز (ابن عبدالحکم) لا ٣٢ .

٢ ـ النموذج الاداری لا ٣٣٧، ٣٣٨.

١- بڵاوبونــەوەی زیــاتری بڕیارەکــانی لــەناو ژمارەیــەکی زۆر لەموســڵمانان و وڵاتانێکی زۆردا.

٢- خێـر بڵاوبونــەوەی بڕیـارو ئاراسـتەکانی خەلیفـە لـەناو کۆمــەڵێکی زۆر لـە موسڵماناندا ولە کاتێکی گونجاودا.

یەکێ لەو نامانەی کە بەسەر حاجیانی ماڵی خودا خوێنرایەوە تیایدا هاتووە:

پاشان .... من لەم مانگـە بـەرێزەدا و لـەم شـارە بـەرێزەدا ولـەم ڕۆژی حـەجی گەورەدا خوادەگرم بە شـایەت و خـۆم بـەری دەکـەم لـەلای ئـەو خوایـە لەسـتەم و نـاڕەوایی ئـەوا کاربەدەسـتانەی سـتەمیان لـێ کـردوون، لـە دەسـتدرێژی ئەوانـەی دەست درێژیان لێ کردوون، من بەریم لەوەی کەمن فەرمانم پێدابن یان پـێ ی ڕازی بوو بم یان بەئەنقەست کردبێتم، مەگەر لێم تێك چووبێت یان پێم نەزانیبێ ورچایشم وایە ئەوەم لێ نەگێرێت ولێم خۆش ببن بەتایبەت بزانن کەمن ئەوپەری لێبڕان وخـۆ ماندوکردنم بەخەرج داوە، ئیتر هیچ بەربەستێك نی یە لەنێوان من سـتەم لێکراوانـدا ومن پشت وپەنای هەموو چەوساوەیەکم، هەرکاربەدەسـتێکی مـن لەهـەق لابـدات و قورئان وسوننەت پەیڕەو نەکات، گوێڕایەڵیان مەکەن، کاری لابردنـی یـان مانـەوەی دەدەمە دەستی ئێوە ئیتر،یان دەگەڕێتەوەبۆلای هەق یان دەینێرمەوە ماڵی خۆی.

ناهێڵم سەروەت وسامان لەلای دەوڵەمەندەکانتان تۆپەڵ ببێت و لە_فەئیشیتان هەژارانتان بێ بەش ناکەین، هـەر کەسـێ لـەئێوە بێـت بـۆ لامـان و هـەواڵێکمان بـۆ بێنێت کەخێرو خۆشی تایبەتی یان گشتی تێدابێت لەنێوان(٢٠٠)تا (٣٠٠)دیناری پێ خەڵادەکەم بەپـێ ی نیەتی خێری خۆی ودووری ڕێگاکەی،

ڕەحمەتی خوا لەکەسێك کەدوری ڕێگاوای لـێ نـەکات کەنەیـەت بـۆ لامـان وخـوا بەهۆیــەوە هــەقێك ســەربخات، ئەگــەر لەبەرئــەوە نەبوایــە کەلەئەرکــەکانی حــەجم دەکـردن کۆمــەڵێ مەســەلەی هــەق وڕەوام بـۆ ڕۆشــن دەکردنــەوە کــەخوا زینــدوی کردونەتەوە وکۆمەڵێ مەسەلەی تریش لەنارەوایی یەکان کەخوای (عزوجل)لـەگۆڕی ناون، ئەوەش چاکەیەکەو دەبێت سوپاسی خوای لەسەر بکرێـت وسوپاسـی کەسـی ترنەکەن، چونکە ئەگەر خوا دەستم لێ بەربدات منیش وەك کەسێکی ئاسـاییرم لـێ

دێت (واته: خه‌لافه‌ت به‌ڕێوه ده‌به‌م وه‌ه‌قم به‌هه‌ق و ناهه‌قه‌وه نابێت_ والسلام).[١]

ده‌یه‌م: دابه‌ش کردنی کاره‌کان

عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله به‌ڕاشکاوانه بنه‌مای دابه‌شکردنی کاری ڕوون کردۆته‌وه، کاره‌کانی به‌رپرسیاێتی ده‌وڵه‌تی دیاری کردووه، بۆئه‌و مه‌به‌سته نامه‌ی نووسی بۆ(عقبة)ی کوڕی(زرعة الطائی)کاتێ که کردی به‌به‌رپرسی خه‌راجی خۆراسان:

(......ده‌سته‌ڵات چوار کۆڵه‌که‌ی هه‌یه‌و به‌بێ ئه‌و کۆمه‌ڵه کانه ڕاناوه‌ستێت، واڵی کۆڵه‌که‌یه‌که، قازی کۆڵه‌که‌یه‌که، به‌رپرسی دارایی_بیت المال_ کۆڵه‌که‌یه‌که، کۆڵه‌که‌ی چواره‌میش منم(واته خه‌لیفه))[٢]

له‌گه‌ڵ تێبینی کردنی ئه‌م چوار کۆڵه‌که گرنگه‌ی ده‌وڵه‌تی ئیسلامدا که‌بڕبڕه‌ی پشتی ده‌وڵه‌ته‌که‌ن: والی که‌سه‌رۆك کۆماری هه‌رێمه‌کانه وقازی ڕۆڵی وه‌زیری داد ده‌بینێت و به‌رپرسی(بیت المال)که ڕۆڵی وه‌زیری دارایی ده‌بینێت و خه‌لیفه‌یش که‌سه‌رۆکی گشتی وڵاته ئیسلامیه یه‌ککگرتووه‌کانی.

کۆمه‌ڵی پۆستی تر هه‌یه که‌به‌کۆڵه‌که لاوه‌کی یه‌کان _مرغیه_ داده‌نرێن وه‌ك سه‌رۆکی جه‌نگ و جیهاد و(منصور)ی کوڕی (غالب) سه‌رۆکی بووه له‌سه‌رده‌می عمردا.[٣]

به‌رپرسی ڕێك وپێك کردنی ریزه‌کانی سوپا(ولید)ی کوڕی (هشام)و (عمرو)ی کوڕی(قیس السکونی) .[٤]

پۆستێکی تر به‌ناوی ئاسایشی ناوخۆ، که‌(عمر)ی کوڕی(یزید)ی کوڕی(بشر الکلبی)ی کرد بوو به‌سه‌رۆکی پۆلیس.[١] (عمر)ی کوڕی(مهاجر)ی کوڕی(ابی مسلم

---

١ ـ حلیه الاولیاء (٥/٢٩٢ ـ٢٩٣) .
٢ ـ تاریخ الطبری له النموذج الاداری لا ٣٤٢ وه‌رگێڕاوه .
٣ ـ سیره عمر (ابن عبدالحکم) لا ٧١.
٤ ـ تأریخ خلیفه لا٣٢٤.

الانصاری)کرد بەسەرۆکی پاسەوانەکان، (حبیش)یشی کرد بەسەرۆکی دەرگاوانەکان ـ الحاجب ـ.

هەروەك کۆمەڵێ خاڵی پشکنینی دانا لەسەر رێگای هەرێمەکان کە ئەمڕۆ بەخاڵی گومرگی سنور ناسراوە.[2]

پۆستێکی تر کەتایبەت بوو بە(نوسین)ە وەکە(لیث)ی کوڕی (ابی رقیە)ی مەولای(ام الحکم)ی کچی(ابو سفیان) بەرپرسی بوو، بەرپرسی مۆریش(نعیم)ی کوڕی (سلامە)بووە.[3]

بەشێکیش بۆ بەدواداچوونی کاروباری دارایی وچەند لقێکی هەبوو، وەك(خراج) و (عقبە)ی کوڕی (رزعة الطائی)بەرپرسی بووە.[4]

کۆکردنەوەی زەکات کە(عبداللە)ی کوڕی(عبدالرحمن)ی کوڕی(عتبە القرشی)بەرپرسی بووە،[5] ودەزگای_سکەلێدان_کە(عمر)ی کوڕی(ابی حملە القرشی)بەرپرسی بووە.[6] وهەروەها (صالح)ی کوڕی(جبیر الغدانی)سەرۆکی (خراج)ی گشتی بووە.[7]

لە بواری فێرکردن ورۆشنبیرکردن دا عمر هەستا بەدامەزراندنی دەزگای فێرکردنی هەمیشەیی لەمزگەوتەکاندا، چەند کەسێکی دیاری کرد بۆ شارەزاکردن و فێرکردنی گەرۆك لەناو بیابان نشینەکاندا، هەروەك کۆمەڵێ کەسی ڕاسپارد بۆ بانگەوازی رێگای خوا وفەرمان بەچاکەو بەرگری لە خراپە، کۆمەڵێ خانووی دروست کرد بۆ کاری دادوەری ولەمیسردا فەتوای دایەدەستی سێ زانای بواری (الفقه).[8]

---

١ ـ تأریخ خلیفه لا٣٢٤.
٢ ـ عمربن عبدالعزیز فی رد المظالم.
٣ ـ تاریخ خلیفه ٣٢٤.
٤ ـ تاریخ الطبری لە النموذج الاداری لا ٣٤٤ وەرگیراوە.
٥ ـ امراء دمشق لا ٤٨.
٦ ـ عمربن عبدالعزیز وسیاسته لا ٢٩٥.
٧ ـ تاریخ خلیفه لا ٣٢٤.
٨ ـ النموذج الاداری ٤٣٤.

لەگەڵ ئەم پۆستە گرنگەدا هەندێ پۆستی تریش هەبوون وەك بەرپرسی نوێژ، حەج، بەڕێوەبردنی کارەکان، پۆستەو گەیاندن وکۆمەڵێ پۆستی تر کەبواری باسکردنی هەموویان نی یە لێرەدا.

ئابەم شێوەیە عمری کوڕی عبدالعزیز یاسای دابەشکردنی پۆستەکانی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی دامەزراند وبەڕاستی ئەتوانین بڵێین لەیەکێك سەرکردەمەزنەکان بووە.

فەرموون لەگەڵ هەندێك لەشێوازی تێگەیشتوویی عمری کوڕی عبدالعزیز لەکاری بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا:

- هۆکاری سەرکەوتنی پرۆژە چاکسازی یەکەی عمری کوڕی عبدالعزیز:

کۆمەڵێ هۆکار بوونە هۆی سەرکەوتنی عمر لە هەوڵە چاکسازی ونوێ خوازیەکەیدا، وەك:

١- کۆمەڵێ ڕەوشتی مەزن لەکەسایەتی عمردا: وەك: زانایی، لەخواترسان، دنیانەویستی، بێ فیزی، نەرم ونیانی، لێبووردەیی، لێخۆشبوو، سووربوون(الحزم)دادپەروەری، گوناه نەکردن(الورع).

لەگەڵ توانایی بەڕێوەبردنی گەورە لەهونەری پلان ونەخشەکێشاندا، لەسەرکردایەتی وئاراستە کردن، ناسینی مرۆڤەکان.

٢- بوونی تێڕوانینێکی ڕوون وئاشکرای نوێخوازی وچاکسازی، کە ئامانجی ڕاندنەوەی دەوڵەت و ئوممەتە بۆ سەردەمی خەلیفە ڕاشیدەکان ولەسەر پرۆگرامی پێغەمبەرانە.

٣- کۆبوونەوەی ئوممەت لەدەوری ئەم پرۆژەیە لەپاش ئەوەی نیەتی پاك و دڵسۆزی خاوەنەکەیان بۆ دەرکەوت.

٤- بوونی کۆمەڵێك ئەستێرەی پرشنگدار لەزانایان کەلەوسەردەمەی ئەودا ژیاون وتوانای ڕابەرایەتی کردنی وڵات ونەتەوە کەیانیان هەبوو، بەگەیشتنی عمری کوڕی عبدالعزیز بۆ سەر کورسی دەستەڵات ئیتر بواری تەواویان بۆ ڕەخساو دەستیان کرد بەداهێنان و لەئەرك وکارە گەورەکاندا لێهاتوویی خۆیانیان سەلماند.

ئەمەش وانەیەکی گرنگە لەوەی کەزۆر گرنگ وپێویستە زانایانی ئیسلام لەهەموو ڕوویەکەوە زانابن ونابێت تەنها خەریکی زانستە شەرعی یەکان بن ولەگەڵ دەستپاکی ولەخوا ترسانەکەیاندا دەبێت. هەوڵی برەودان بە کەسایەتی خۆیان بدەن و توانای پێشەوایەتی کردن وسەرکردایەتی کردنی گەلیان تێدا دروست ببێت، ئەوکاتە بەزانا ڕەببانی یەکان دەژمێردرێن.

هەرئەوەش وایان لێ دەکات کەشەریعەتی خوا پیادەبکەن کاتێك دەستیان دەگاتە پۆستە بەرزەکانی دەوڵەت، ئەو کاتە سەرکردایەتی جەماوەردەکەن و لەدەوری پرۆژەی مەزنی حکومەتی ئیسلامی کۆیان دەکەنەوە.

٥ـ سووربوون و داکۆکی کردن لەسەر بەرپاکردنی حوکمی شەرع لەهەموو کارێکی گەورەو بچووکدا، لەسەر ئاستی دەوڵەت وئوممەت، ئەو کاتە کۆمەکی پەروەردگاریش دەبێتە بەشیان، لەوبارەیەوە خوای(عزوجل) دەفەرموێت:﴿وَلَوْ أَنَّ أَهْلَ ٱلْقُرَىٰٓ ءَامَنُوا۟ وَٱتَّقَوْا۟ لَفَتَحْنَا عَلَيْهِم بَرَكَـٰتٍ مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ﴾الاعراف: ٩٦.

واتە: هەرکاتێ خەڵکی شارەکان باوەڕبهێنن ولەخوابترسن ئێمەش هەموو فەڕو بەرەکەتی ئاسمان وزەویان بەسەردا دەبارێنین.

شوێنەواری دەستگرتن بەقورئان وسوننەتەوە لەدەوڵەتەکەی عمردا:

وردبوونەوە لەقورئانی کەریم وفەرموودەکانی پێغەمبەرمان ﷺ وهەروەها وردبوونەوەش لەژیانی گەل ونەتەوەکان زانیاری یەکی چاك بەمرۆڤ دەدەن سەبارەت بەسوننەتی خوا لەخەڵکی وگەردوون وئاسمانەکاندا.

ڕوونترین جێگایش کەئاشنامان بکات بەسوننەتەکانی خوای گەورە و یاساکانی لەگەردووندا قورئانی کەریمە کەدەفەرموێت: ﴿يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيُبَيِّنَ لَكُمْ وَيَهْدِيَكُمْ سُنَنَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ وَيَتُوبَ عَلَيْكُمْ ۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ﴾ النساء:٢٦، واتە: (خوا دەیەوێت بۆتان ڕوون بکاتەوە ورێنموونیتان بکات بۆ سەر گوزشتەی ئوممەتانی پێش ئێوەو لەگوناهەکانیشتان خۆش ببێت وخوایش زاناو دانایە).

سوننەت وڕێڕەوەکانی خوامان بۆ دەردەکەوێت لەڕێگەی خوێندنەوەو شارەزابوونمان لە سوننەتەکانی پێغەمبەری خواوە ﷺ، کەهەموو کاتەکانی بەهەل دەزانی تاسوننەت و ڕێرەوێکی نوێی پەروەردگار بۆهاوەڵانی ئاشکرا بکات.

بۆ نموونە حوشترەکەی پێغەمبەری خوا ﷺ کەناوی(العضباء) بوو زۆر خێرابوو، کەس پێشی نەدەدایەوە، بەڵام ڕۆژێکیان عەرەبێکی بیابان نشین هاتوو وپێشبڕکێی لەگەڵ پێغەمبەردا کرد ولەئاکامدا پێشی پێغەمبەری خوای دایەوە، بۆیە هاوەڵانی بەڕێزی پێغەمبەر (خوایان لێ ڕازی بێت) زۆر دڵتەنگ و ناڕەحەت بوون و پێیان ناخۆش بوو.

پێغەمبەر ﷺ کەبەئەوەی زانی ڕووی تێ کردن وسوننەتی خوای بۆ ڕوون کردنەوە وفەرمووی: ((حق علی الله الا یرتفع شيء من الدنیا الا وضعه)).[1] واتە: خوا لەسەر خۆی فەرز کردووە کەهیچ شتێك لەدنیا تاسەر بەرز نەبێت وڕۆژێك دێت دای دەنەوێنێتەوە ودەیخات.

خوای گەورەیش لەقورئانە پیرۆزەکەیدا داوامان لێ دەکات کەبەدوای فێربوون و زانینی ڕێرەو وسوننەتەکانیدا بگەڕێین لەڕێگەی خوێندنەوەی ژیانی ئوممەت و گەلەکانی پێش خۆمان وبزانین چۆن بوون ولەئاکامدا چیان بەسەرهات؟

وەك دەفەرموێت﴿ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِكُمْ سُنَنٌ فَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُكَذِّبِينَ ﴿١٣٧﴾ هَٰذَا بَيَانٌ لِّلنَّاسِ وَهُدًى وَمَوْعِظَةٌ لِّلْمُتَّقِينَ ﴾ال عمران: ١٣٧، ١٣٨ واتە: لەپێش ئێوەوە ژیان وگوزەران وڕێڕەو هەبوو، دەی بەزەویدا بگەڕێن وبزانن سەرەنجامی بەدرۆخەرەوان چی بووە؟! وئەمەش ڕوون کردنەوەیە بۆ خەڵکی ورینمایی وئامۆژگاریشە بۆ لەخواترسەکان.

تایبەت مەندی یەکانی سوننەتەکانی پەروەردگار:

١- قەدەر دانانێکی پێش وەختە:

خوای(عزوجل) دەفەرموێت: ﴿ مَّا كَانَ عَلَى النَّبِيِّ مِنْ حَرَجٍ فِيمَا فَرَضَ اللَّهُ لَهُ سُنَّةَ

---

١ ـ البخاری کتاب الجهاد والسیر ژ ٢٨٧٢ .

ٱللَّهِ فِى ٱلَّذِينَ خَلَوْا۟ مِن قَبْلُ ۚ وَكَانَ أَمْرُ ٱللَّهِ قَدَرًا مَّقْدُورًا ﴾ الاحزاب ٣٨ .

واتە: حوکمی پەروەردگار و فەرمانەکانی(مەحاڵە)هەر ودەبێت بێنەدی، کەس ناتوانێت لەڕێگەیاندا بوەستێت وهەرچی خۆی بیەوێت ڕوودەدات وهەرچیشی نەوێت روونادات.

٢- گۆڕانی بەسەردا نایەت :

خـوای گـەورە دەفـەرموێت:﴿ وَلَوْ قَـٰتَلَكُمُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لَوَلَّوُا۟ ٱلْأَدْبَـٰرَ ثُمَّ لَا يَجِدُونَ وَلِيًّا وَلَا نَصِيرًا ﴿٢٢﴾ سُنَّةَ ٱللَّهِ ٱلَّتِى قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلُ ۖ وَلَن تَجِدَ لِسُنَّةِ ٱللَّهِ تَبْدِيلًا ﴾ الفتح: ٢٢_٢٣، واتە: سوننەتی خوا وایە ئەگەر دووڕوو دڵنەخۆشەکان وازنەهێنن لەدژایەتی کردنت، ئەوا نەفرەتی خوایان دەبارێت بەسەردا وناکامیشیان کوشتنە لەهەرشوێنی بن وئەم سوننەتی خوایش گۆڕانی بەسەردانایە وگەلانی پێشوویش هەروابوون.

٣- بێ گومان ڕوودەدات ونەهاتنە دی بۆ نی یە:

خوای (عزوجل) دەفەرموێت:﴿ قُل لِّلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ إِن يَنتَهُوا۟ يُغْفَرْ لَهُم مَّا قَدْ سَلَفَ وَإِن يَعُودُوا۟ فَقَدْ مَضَتْ سُنَّتُ ٱلْأَوَّلِينَ ﴾ الانفال ٣٨.

واتە: بڵێ بەبێ باوەڕەکان وازدەهێنن لەکفرو سەر کەشی ودوژمنایەتی کردنی ئیسلام باشە، خوالێیان خۆش دەبێت، ئەگەر دەست پێ بکەنەوە ئەوە وەك ئوممەتەکانی تریان بەسەر دێت واتە دەکەونە بەر خەشم و قینی خوا.

٤- دژایەتی ناکرێت ودژایەتی کردنی بێ سوودە :

خوای گەورە باسی گەلەکانی پێش ئیسلام دەکات کەدژایەتی خوایان کرد، لەهێزو دەستەڵات و ژمارەشدا لەئێوە زۆر تربوون بەڵام سوودی نەبوو دژایەتی یەکەیان وسەرنەکەوتن وەك دەفەرموێت: ﴿ أَفَلَمْ يَسِيرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ فَيَنظُرُوا۟ كَيْفَ كَانَ عَـٰقِبَةُ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ۚ كَانُوٓا۟ أَكْثَرَ مِنْهُمْ وَأَشَدَّ قُوَّةً وَءَاثَارًا فِى ٱلْأَرْضِ فَمَآ أَغْنَىٰ عَنْهُم مَّا كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ ﴿٨٢﴾ فَلَمَّا جَآءَتْهُمْ رُسُلُهُم بِٱلْبَيِّنَـٰتِ فَرِحُوا۟ بِمَا عِندَهُم

مِنَ ٱلْعِلْمِ وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُوا۟ بِهِۦ يَسْتَهْزِءُونَ ﴿٨٣﴾ فَلَمَّا رَأَوْا۟ بَأْسَنَا قَالُوٓا۟ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَحْدَهُۥ وَكَفَرْنَا بِمَا كُنَّا بِهِۦ مُشْرِكِينَ ﴿٨٤﴾ فَلَمْ يَكُ يَنفَعُهُمْ إِيمَٰنُهُمْ لَمَّا رَأَوْا۟ بَأْسَنَا ۖ سُنَّتَ ٱللَّهِ ٱلَّتِى قَدْ خَلَتْ فِى عِبَادِهِۦ ۖ وَخَسِرَ هُنَالِكَ ٱلْكَٰفِرُونَ ﴾ غافر ٨٢ .

٥- تەنها باوەڕداران وانەو پەندی لێ وەردەگرن :

خوای گەورە لەسورەتی ال عمران ئایەتی ١٣٧_١٣٨ دادەفەرموێت: ﴿ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِكُمْ سُنَنٌ فَسِيرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ فَٱنظُرُوا۟ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلْمُكَذِّبِينَ ﴿١٣٧﴾ هَٰذَا بَيَانٌ لِّلنَّاسِ وَهُدًى وَمَوْعِظَةٌ لِّلْمُتَّقِينَ ﴾.

واتە: لەپێش ئێوەشەوە گەلانی تر ژیاون، دەی بگەڕێن بەسەر زەویدا وسەیر بکەن وبزانن سەرنجامی دوژمنان وبێ باوەڕان بەچی گەیشتووە؟ وئەمەش بەیانێکە بۆ خەڵکی ورێنموونی وئامۆژگاری یەبۆ باوەڕدارە لەخوا ترسەکان .

٦- بەسەر چاکەکاران وپیاو خراپاندا جێ بەجێ دەبێت:

باوەڕداران_کەپێغەمبەرانیش دەگرێتەوە_ وەك بێ باوەڕەکان ئەم سوننەتەی خوا دەیانگرێتەوە بەبێ جیاوازی واتە چی بریارێکی داوە بۆ باوەڕداران دێتەدی و چی بڕیارێکیشی داوە بۆ بێ باوەڕان دێتەدی .

کارکردن بەقورئانەکەی پەروەردگار شوێنەواری دنیایی وقیامەتی

هەیە:شوێنەوارە دنیایی یەکان لەدەوڵەتەکەی عمردا ئەمانە بوون:

١- دەستەڵات وحوکم دەداتە دەستیان:

وەك بینیمان خوای گەورە وپەروەردگار حوکمی دایە دەستی عمری کوڕی عبدالعزیز ودەستەلاتێکی مەزنی دایە دەستی، ئەمەش بەهۆی ئەوەوەکە زۆر سووربوو لەسەر بەرپاکردنی شەرعی خوا لەخۆی ماڵ ومنداڵ و دەوروبەر و هۆزەکەی وئوممەتەکەیدا، دڵسۆزانە خۆی یەکلایی کردبوویەوە بۆ پڕۆژە چاکسازی یە ڕاشیدی یەکەی، خوایش پشتی گرت وهاوکاری کرد، چونکە مەرجەکانی دەستەڵات وحوکم پێدانی لە لایەن خواوە، جێ بەجێ کردو هێنایەدی و

خوایش پەیمانی خۆی تێدا هێنایەدی.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنكُمْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُمْ فِي ٱلْأَرْضِ كَمَا ٱسْتَخْلَفَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ ٱلَّذِي ٱرْتَضَىٰ لَهُمْ وَلَيُبَدِّلَنَّهُم مِّنۢ بَعْدِ خَوْفِهِمْ أَمْنًا يَعْبُدُونَنِي لَا يُشْرِكُونَ بِي شَيْـًٔا﴾النور: ٥٥.

ئەمەش سوننەتی خوایە وجێ بەجێ دەبێت وگۆڕانی بەسەردانایەت، بەسەر ئەو کەسانەدا کە دەیانەوێت شەرع ویاسای خوا لەسەر زەویدا بچەسپێنن.

٢- بەرقەراربوونی ئاشتی:

لەسەردەمی خەلیفە ئومەوی یەکان پێش عمری کوڕی عبدالعزیز _ڕ_ زۆری لەشۆرش کردن و دژایەتی کردن ودەنگی نارەزایی بەرزکردنەوە شیعاری زۆری لەگەڵە موسڵمانەکەبووە، بەتایبەتی _خەواریجەکان_ کەبەردەوام بەحوکمی هیچ خەلیفەیەك ڕازی نەبوون ودژایەتیان کردوون .

بەڵام کاتی عمر چووە سەر حوکم لەڕێگەی گفتوگۆی ئاشتیانەوەو وتووێژەوە توانی زۆرێکیان بەوەڕازی بکات لەواز لەشۆرشی ودژایەتی کردنی خەلافەت بهێنن، سەردەمەکەی بوو بەسەردەمێکی جیاو ئاشتی وئاسایشی تێدا بەرقەراربوو ئەمەش بەهۆی دادپەروەری لەحوکمڕانیدا وگەڕاندنەوەی ناهەقی یەکان بۆ خاوەنە شەرعیەکانی خۆیان، ڕێزلێنانی زۆر لەهەموو چینەکانی کۆمەڵ، سوور بوونی لەسەر جێ بەجێ کردنی شەریعەت لەهەموو لایەنێکی ژیاندا وخوای گەورەیش دەفەرموێت: ﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَلَمْ يَلْبِسُوٓاْ إِيمَٰنَهُم بِظُلْمٍ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمُ ٱلْأَمْنُ وَهُم مُّهْتَدُونَ﴾ الانعام ٨٢ .

٣- سەرکەوتن ورزگاریی :

عمری کوڕی عبدالعزیزﷺ زۆر سور بوو لەسەر ئەوەی کەبەهەموو هۆکارێك هەوڵی سەرخستنی ئاینی خوابدات، دەی سوننەتی خوایش وایە هەرکەسێك بیەوێت

خوای گەورە سەربخات خوایش ئەو سەردەخات، چونکە خوای_عزوجل_ گرنتی ئەوەی داوە بەهەموو هێزو توانایەوە ئەوکەسانە سەربخات بەسەر دوژمنانیاندا کەدەیانەوێت لەسەر بەرنامەی خوا بڕۆن ولەناو خەڵکیشدا بەرپای بکەن.

خوای گەورە دەفەرموێت ﴿وَلَيَنصُرَنَّ ٱللَّهُ مَن يَنصُرُهُۥٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ ۝٤٠ ٱلَّذِينَ إِن مَّكَّنَّٰهُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ أَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَوُاْ ٱلزَّكَوٰةَ وَأَمَرُواْ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَنَهَوۡاْ عَنِ ٱلۡمُنكَرِۗ وَلِلَّهِ عَٰقِبَةُ ٱلۡأُمُورِ﴾ الحج ٤١ .

واتە: بەدڵنیایی یەوە خوا ئەوکەسان سەردەخات کەئەوان هەوڵی سەرخستنی ئەو دەدەن و خوای گەورە زاڵ وبەتوانایە، ئەوکەسانەی کەبیانخەینە ئاستی بەرپرسیاێتی ودەستەڵاتەوە نوێژ بەرپادەکەن وزەکات دەبەخشن وفەرمان بەچاکەو بەرگری لەخراپە دەکەن وسەرەنجامی کارەکانیش بۆلای خوا دەگەڕێنەوە.[١]

٤- سەربەرزی وئابڕوداری:

ئەو شەرەفی گەورە وسەر بەرزی یە مەزنەی لەژیانی حوکمڕانی عمری کوڕی عبدالعزیزدا تۆمارکراوە بەهۆی باپەندبوونی یەوە بووە بەقورئانەکەی پەروەردگارو سوننەتەکانی پێغەمبەرەکەیەوە .

هەرکەسێ شانازی بکات بەوەی سەربە قورئانەکەی خوایە، ئەوقورئانەی کەئوممەتی ئیسلامی پێ سەربەرزبووە، ناویان چووەناوناوان بەهۆیەوە، ئەوە کەسێکە پێ ی خستۆتە سەر ڕێگای ڕاست.

سوننەتی خوای لەخۆیدا هێناوەتەدی کەسەربەرزی وشەرەف دەبەخشێت بەوکەسانەی دەست دەگرن بەقورئان وسوننەتەوە ولەوبارەیەوە خوای ـ عزوجلـ دەفەرموێت: ﴿لَقَدۡ أَنزَلۡنَآ إِلَيۡكُمۡ كِتَٰبٗا فِيهِ ذِكۡرُكُمۡۚ أَفَلَا تَعۡقِلُونَ﴾ الانبیاء ١٠)

(ابن عباس) لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێت: قورئانێکتان بۆ هاتۆتە خوارەوە

١ ـ صفحات مشرقه من التاریخ الاسلامی _صلابی (٢/٣٠٦) .

کە(فیە شرفکم)[١] وشەرەف ورێزە بۆتان.، ئوممەتی ئیسلامیش لەو سەردەمەوە شەرەف مەند وسەربەرزی دەست کەوت کەدەستی گرت بەئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە وشەرعی خوای پیادەکرد .

٥- بەرەکەت کەوتە ژیان وخۆش گوزەرانی کەوتە ناوخەڵکی یەوە:

خوای ـ عزوجل ـ دەفەرموێت: ﴿وَلَوْ أَنَّ أَهْلَ ٱلْقُرَىٰٓ ءَامَنُوا۟ وَٱتَّقَوْا۟ لَفَتَحْنَا عَلَيْهِم بَرَكَـٰتٍ مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ وَلَـٰكِن كَذَّبُوا۟ فَأَخَذْنَـٰهُم بِمَا كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ﴾الاعراف:٩٦.

ئەگەر خەڵکی ئەو ناوچەیە باوەڕیان بهێنایەو لەخوا بترسانایە بەرەکەت و فەڕی ئاسمان وزەویمان دەرژان بەسەریاندابەڵام چونکە بێ باوەڕیان دەست دایە، لەسەرەنجامی ئەوەدا لێیان زویر بووین و لەناومان بردن.

دەستگرتن بەشەرعی خواوە وجێ بەجێ کردنی رێنمونی یەکانی جۆرەها فەڕو بەرەکەتی دیارو نهێنی دەرژێت بەسەریاندا، سوننەتی خوایش وایە ئەگەر باوەڕ و تەقوا لەهەر گەلێکدا بێتە دی خوای گەورە بەم بەخشینە خوایی یە مەزنە بەهرەمەندیان دەکات .

ئەو فەڕو بەرەکاتەیش کە خوا پەیمانی داوە بیدات بەبەندەڕاستەقینەکانی شێوازیان زۆر، هیچ دەقێك سنور داری ناکات، مانا شاراوەکانی قورئان وادەردەخەن کە بەخشینێکی خوایی یە ولە هەموو لایەکەوە دەبارێت بەسەر مرۆڤداو لەهەموو لایەکەوە هەڵدە قوڵێت، بەبێ سنورداری وبەبێ ناوبردنی، بەرەکاتی خوایە بەهەموو شێوەکانی یەوە وئەوەی خەڵکی خەیاڵیان بۆی دەچێت و ئەوەشی هەر بیریان لێ نەکردۆتەوە.[٢]

خەڵکی لەسەردەمی عمری کوڕی عبدالعزیزدا بەئاشکرا ئەم بەرەکەتی خوایی یەیان هەست پێ دەکرد، ئیتر با دیاریان نادیاربوایە، خەڵکی سەرسام بوون چونکە

---

١ ـ تفسیر ابن کثیر (٣/١٧٠) .

٢ ـ فی ظلال القران (٣/١٣٣٩) .

لەناکاو خۆشگوزەرانی هەموو ژیانی هەموو خەڵکی گرتەوە ودارایی دەوڵەت زیادی کرد، لەهەموو پارچەیەك لەپارچەکانی دەوڵەتی مەزنی ئیسلامیدا خەڵکی هەستی بەدڵنیایی دەکرت، تاوای لێ هات زۆر کەم بوون ئەوانەی زەکاتیان پێ دەشیاو وەریان دەگرت، تاوای لێ هات بووبە کێشەیەك بۆ دەوڵەمەندەکان وهەژاران زەکاتیان لێ وەرنەدەگرتن وئەمەش ئەوەی دەخواست کەچارەیەکی خێرای بۆ ئامادە بکرێت.

(یحیی)ی کوڕی (سعید) دەڵێت: عمری کوڕی عبدالعزیز کردمی بەبەرپرسی کۆکەرەوەی زەکاتی ئەفریقیاو منیش وەرم گرت لێیان، گەڕاوم بۆ هەژارو نەدار تازەکاتی پێ بدەم دەستم نەکەوتووە وکەسیش نایەت لێم وەربگرێت، چونکە عمری کوڕی عبدالعزیز هەموو خەڵکی دەوڵەمەند کردبوو، بۆیە بەو پارانە بەندەمان دەکڕی وئازادمان دەکردن ودەبوون بەیەکێك لەموسڵمانان [1].

پیاوێك لەنەوەی زیدی کوڕی(خطاب) بوو رضي الله عنه دەیووت: عمری کوڕی عبدالعزیز دوو ساڵ و نیو گەورەی موسڵمانان بوو، کە(٣٠)مانگ دەکات، لەدنیا دەرنەچوو تا وای لێ هات موسڵمانێك دەهات وسامانێکی زۆری دەهێنا بۆ بیت المال ودەیووت: ئەم پارانە ببەخشن بەهەژاران، کەچی ئەوەندە هەژار نەمابوو وەری بگرێت ناچار کابرا بەسامانەکەیەوە دەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە، چونکە عمری کوڕی عبدالعزیز هەموو خەڵکی دەوڵەمەند کردبوو [2].

ئەمەش ئەنجامی فەرو بەرەکەتی ئەو حکومەتە قورئانی یە بوو کە عمری کوڕی عبدالعزیز دروستی کردبوو شەرعی خوای تێدا جێ بەجێ دەکرد .

٦- تەشەنەکردنی ڕەوشت بەرزی وتوانەوەی بەدڕەوشتی:

نێوان شەریعەت ونێوان خەڵکی تۆکمەترین پەیوەندی هەیە، چۆن نا؟کە چەیامی ئیسلام لەگەورەترین ئامانجەکانی: ڕەوشت بەرزی وچاکەکاری یە، خوای - عزوجل - یش دەفەرموێت: ﴿لَقَدْ مَنَّ ٱللَّهُ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ إِذْ بَعَثَ فِيهِمْ رَسُولًا مِّنْ أَنفُسِهِمْ يَتْلُوا۟

---

١ - رجال الفكر والدعوة (٥٨/١) .

٢ - رجال الفكر والدعوة (٥٨/١) .

عَلَيۡهِمۡ ءَايَٰتِهِۦ وَيُزَكِّيهِمۡ وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحِكۡمَةَ وَإِن كَانُواْ مِن قَبۡلُ لَفِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٍ ﴾ ال عمران: ١٦٤.

واتــە: خوانــازی نوانــدووە بەســەر موســڵمانانـدا کەپێغەمبــەرێکی لــەخۆیان بــۆ ناردوون قورئانیان بەسەردا دەخوێنێتەوە و ڕەوشت و دەرونیان خاوێن دەکاتەوە و فێری ژیربێژیان دەکات و(یزکیهم)واتە: فەرمانیان پێ دەکـات بـەکردەوەی جـوان و بـەرگریان لـێ دەکـات لـەکردەوەی خـراپ تـا دەروونیـان خـاوێن دەبێت ولەپیسی وخەوشی ڕەوشت نزمـی ڕزگاریـان دەبێـت کـە لەسـەردەمی دور لەخواییـدا پێـوەی دەیان ناڵاند.[1]

عمـری کـوڕی عبـدالعزیز زۆر گرنگـی داوە بەبڵاوکردنــەوەی ڕەوشــت بــەرزی و جەنگیشی دژی بەدڕەوشـتی ڕاگەیانـدووە، قوتابخانـەی ئامۆژگـاری وڕێپیـشاندان و پەروەردەیەکـــەش کەکەســـانی بـــەرزی وەك(حـــسن البـــصری)و(ایـــوب السختیانی)و(مالك)ی کوڕی (دینـار) وکەسـانی تـر رابەرایـەتیان دەکـرد، لـەم کـارە مەزنەدا پاڵپشتی عمر بوون، ئەم قوتابخانەیەش بەرووبوومێکی گەورەو ئاشکرای لـێ کەوتەوە لەنەهێشتنی ڕەوشی ناشیرین وچەسپاندنی ڕەوشت بەرزی.

لەم ماوە کەمەی سـەردەمی عمـری کـوڕی عبـدالعزیزدا نوێگەریـەکی گـەورەهات بەسەر ئوممەتدا وکۆمەڵگەی ئیسلامی پێشکەوتنێکی گەورەو بەرچاوی بەخۆوە دی لەبواری ئارەزی پاك و ڕەوشتی جوان وحەزەکاندا .

(الطبری) لەمێژوەکەیدا دەڵێت : خەلیفە(ولید) خـەریکی بیناسـازی وکردنـەوەی گارگەو شوێنی حەوانە وەبووە، خەڵکی سەردەمەکەشی بەو شێوەیان لـێ هـاتبوو، کە ئەگەر دوو کەس بەیەك بگەیشتنایە دەربارەی خانوو بیناسازی قسەیان دەکرد، هەرکە لەسەردەمی(سلیمان) هاتە پێشەوە ئەو زیاتر خەریکی ژن هێنان وخـواردنی خۆش وبەچێژ بوو، بۆیە ئەگەر دووکەس بەیـەك بگەیـشتنایە دەربـارەی ژن هێنـان وخواردنی خۆش قسەیان دەکرد، بەڵام هـەر کەسـەردەمی عمـری کـوڕی عبـدالعزیز هاتە ئاراوە، خەڵکی کەبەیەك دەگەیـشتن یـەکتریان دەوت: ئـەم شـەو چـەند ڕکـات

[1] ـ تفسیر ابن کثیر (٤٠١/١) .

شەو نوێژت کردووە؟ وچەند ئایەتت لەبەر کردووە؟ کەی خەتمەکەت تەواو دەکەیت؟ وکەی تەوات کرد؟ ولەمانگێکدا چەند ڕۆژ بەڕۆژوو دەبیت؟[١].

٧- هیدایەت وڕێنموونی کردن:

وەك پێشتر باسمان کرد، عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله نامەی نووسی بۆ حاجیانی ماڵی خوا ولەوێ نامەکە خوێنرایەوە بەسەر حاجیانی هەموو هەرێمەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئیسلام دا وتیایدا هاتووە:_

((.....ئەگەر لەبەر ئەوە نەبوایە لەکارو ئەرکەکانی حەجم دەکردن بەدورو درێژی ئەو ڕێرەوە ڕاستانەم بۆ روون دەکردنەوە کەخوای گەورە بەزیندو ڕای گرتوون، هەموو ئەو شتە ناڕەواییانەشم بۆ ڕوون دەکردنەوە کەخوای گەورە لەگۆری ناون لەناوتاندا، لەسەر ئەم کارەشم خوای گەورە شایستەی سوپاس کردنە، سوپاسی کەسی تری لەسەر مەکەن، چونکە ئەگەر کۆمەکی ئەو نەبوایە بەسەرمەوە منیش وەك خەلیفەکانی تر دەبووم)[٢].

گومانی تێدا نی یە کەعمری کوڕی عبدالعزیز زۆر هەوڵی داوە کەشەریعەتی پاکی خوا لەدەوڵەتەکەیدا جێ بەجێ بکات، لەبەر ئەو هۆیەش بووکە خوای گەورە گەورەترین بەخششی پێ بەخشی کە_ هیدایەت وڕێنموونی _بوو.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَوْ أَنَّا كَتَبْنَا عَلَيْهِمْ أَنِ اقْتُلُوا أَنفُسَكُمْ أَوِ اخْرُجُوا مِن دِيَارِكُم مَّا فَعَلُوهُ إِلَّا قَلِيلٌ مِّنْهُمْ ۖ وَلَوْ أَنَّهُمْ فَعَلُوا مَا يُوعَظُونَ بِهِ لَكَانَ خَيْرًا لَّهُمْ وَأَشَدَّ تَثْبِيتًا ﴿٦٦﴾ وَإِذًا لَّآتَيْنَاهُم مِّن لَّدُنَّا أَجْرًا عَظِيمًا ﴿٦٧﴾ وَلَهَدَيْنَاهُمْ صِرَاطًا مُّسْتَقِيمًا﴾(النساء٦٦ _٦٨).

واتە: ئەگەر پێمان بگوتنایە خۆتان بکوژن یان لەماڵ وحاڵی خۆتان دەربچن، نەیاندەکرد مەگەر کەمێکیان نەبێت، ئەگەر بەوشێوەیەی ئامۆژگاریان کراوە

١ ـ تاريخ الطبرى له رجال الفكر والدعوه (١/٨) وەرگیراوە .
٢ ـ حلية الاولياء (٥/٢٩٢_٢٩٣) .

هەڵسوکەوتیان بکردایە، زۆر باشترو ڕاوەستاوتر دەبوون، لەلایەن ئێمەشەوە پاداشتی گەورەیان دەست دەکەوت، ئەمان خستنەسەر ڕێگەی ڕاستیش.

گەلانی پێش ئیسلام بەدوو شت ئامۆژگاری کرابوون یەکەم شەریعەتی خوا پیادەبکەن وشوێن پێغەمبەرەکەی بکەون، ئەگەر وایان بکردایە خوا لەسەر پێی خۆیان دەی وەستاندن ولەرزە نەدەکەوتە دینداری یەکەیانەوە، هیدایەتی خواییان بۆ دەهات وبەهیچ لایەکدا پێیان هەڵنە دەخلیسکا، بەوجۆرەیش دەگەیشتنە ئەجرو پاداشتی گەورە.[1]

بەڕاستی خەلافەتەکەی عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله بەرپەرچ دانەوەیەکی بەهێزە بۆ هەموو ئەو دەنگانەی، کە-نەفامانە-دەڵێن: ئەگەر دەوڵەتێك لەسەر بنەمای شەریعەتی ئیسلام دابمەزرێت توشی چەندان گیروگرفت وکۆسپ وقەیران دەبێت!!

لەهەموو ساتێکدا چاوەڕوانی ڕوخانی لێ دەکرێت، ئەو کارەش مەگەر لەخەودا بێتەدی، بەڵام مێژوو بەرامبەر ئەو دەنگانە دەوەستێت وپێیان دەڵێت:﴿ قُلْ هَاتُوا بُرْهَانَكُمْ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ ﴾النمل: ١١،واتە: بەڵگەتان چی یە ئەگەر پیاون و ڕاستەکەن.[2]

لەکاتی هەڵدانەوەی لاپەرەکانی مێژوودا ئەوەی زیاتر سەرسامی کردم پەیوەست بوونی بەرەئیسلامی یەکانە جیل لەدوای جیل، کەلەناو بازنەیەکی یەکگرتوودا هەموویان پەیوەستن بەیەکەوە .

ئەمە سوڵتان نورالدین الزنکی کەلەساڵی ٥٦٨ی کۆچیدا گیانی سپاردوە، زانای بەتوانا ولێهاتووی (کوردی شاری هەولێر)[3] بۆی دەنووسێت ورێنموونی دەکات کەلە سەر پەیڕەو بەرنامەی عمری کوڕی عبدالعزیز هەنگاوهەڵگرێت ئەم زانایە ناوی

---

١ ـ فتح القدیم (١/٤٨٥) .

٢ ـ رجال الفكر والدعوة (١/٥٩) .

٣ ـ ئەو پیاوە مەزنە زانایەکی ناوداری کوردبووە وخەڵکی شاری هەولێر قەڵاو منارە بووە.(وەرگێڕ).

(ابو حفص معین الدین) عمری کوڕی محمدی کوڕی(خضر الأربلی)بووه.

بەوشێوەیە ئەو بەروبووم وئەنجامە جوانەی کاتی خۆی بەرنامە نوێگەری یە چاکسازی یەکەی عمری کوڕی عبدالعزیز دەستی کەوت، بەهەمان شێوە لەدەوڵەتەکەی (نورالدین الزنکی) یشدا دووبارەبوویەوە، کاتێ ئەو زانا خواناسە حەق بێژە پرۆگرامی عمری کوڕی عبدالعزیزی نووسی یەوەو خستی یەبەردەستی ئەوسەرکردە سەربازی وکەسایەتی یە سیاسی یە، ئەویش پێ ی ڕازی بوو کاری لەسەر کرد.

(أبو حفص معین الدین) لەسەرەتای ئەو نامەیەیدا بۆ(نورالدین) دەڵێت:... چاك زانیت کەشوێن پێ هەڵگرتنی پێشینە چاك وژیرەکان پاداشتی تەواوی تێدایە وناویشت بەردەوام دەهێڵێتەوە، شوێن کەوتنی ڕێبازی هیدایەت دراوە ڕاشیدەکان دەبێتە هۆی چاك بوونی مەسەلە نهێنی یەکانی مرۆڤ وژیانیشی جوان دەکات، خوای گەورەیش فەرمانی داوە بەپێغەمبەرەکەی ﷺ کەشوێن پێ ی پێغەمبەرانی پێشوو هەڵبگرێت وەك دەفەرموێت: ﴿أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ هَدَى ٱللَّهُۖ فَبِهُدَىٰهُمُ ٱقۡتَدِهۡ﴾ واتە: ئەو پێغەمبەرانە لەلایەن خواو، ڕێنموونە کراون، دەی تۆش شوێن پێیان هەڵبگرە وچاویان لێ بکە.

تێبینی ئەوەم کرد لەسوڵتاندا _خوا بیپارێزێت_ کە زۆر پێ ی خۆشە ژیان و بەسەرهات وپاشماوەکانی ئەو خەلیفە خواناسەی بۆ کۆبکەمەوە.

لەوێدا بۆم دەرکەوت کەپێویستە لەسەرم کەهاوکاری بکەم وبەوپەری توانام پشتی بگرم، ئەمەش لەبەر دڵسۆزیم بۆ خاوەن شکۆ وسەلماندنی برایەتیم بوو بۆی، بۆئەومەبەستەیش هەموو هەوڵێکی خۆم خستە کار بۆ کۆکردنەوەی ژیان و بەسەرهاتی خەلیفە ڕاشید وبەختەوەر عمری کوڕی عبدالعزیزرحمه الله لەخوای گەورەیش پاڕامەوە، کە بە جوانی هاوکاریم بکات وئەوکارە قورسەم لەسەرئاسان بکات.

ئەوە بوو دڵم کرایەوە بۆ ئەو کارە وهاوکاری خوایم لەخۆمدا بەدی دەکرد و دەستم کرد بەکۆکردنەوەی ژیانەکەی ونەخشەی (بیت المال)ە دەوڵەمەندەکەیم کێشا، وەك هاوکاریەك لەکاری خێرو چاکەدا.[1]

١ ـ الكتاب الجامع لسيرة عمر بن عبدالعزيز (١/٢) .

ئـەم زانایـە پایـە بـەرزە هەسـتا بەکێـشانی پرۆگرامێـی ورد وجـوان وپراکتیکـی _کردەوەیی_ بۆ پایەدار (نورالدین الزنکی) و(نورالدین)یـش لەسـەر بناغـەی ژیـانی عمری کوڕی عبـدالعزیز دەوڵەتەکـەی دامەزرانـد، شـەریعەتی ئیـسلامی کـردەوە بـە بەرنامەی حوکم، دادپەروەری هێنایەکایەوە، هەموو گـومرك و سـەرانەیەکی لەسـەر میللەتی موسڵمان هەڵگرت، دەستی کرد بەزیندوو کردنـەوەی ڕێـڕەو سـوننەتەکانی پێغەمبەر ﷺ،سەرکوت کردنی هەموو بیدعەکان،پێناسەی ئوممەتی قولّ کردەوە.

گیانی جیهادی ڕێگەی خوای زیندوو کردەوە وزانست وزانیاری بڵاوکـردەوە، وای لەولات کرد پێشکەوتن خۆش گوزەرانی پێوە دیاربوو، ئەمانەی گریّ دا بـوو لەگـەڵ دنیانەویـستی و خۆپـارێزی _لـەگوناه_ وبەندایـەتی وڕاسـتگۆیی ودڵـسۆزیدا، هەرکەسیش حەزدەکات بەجوانی وبەدرێژتر لەم مەسـەلەیە حـاڵ ببێـت باسـەردانی کتێبی(الجهاد والتجدید فی القرن الـسادس الهجری _عهـد نورالـدین الزنگـی وصـلاح الدین)بکات، کە(محمد حامد الناصر) نوو سیوویەتی.

شوێنەواری حوکم کـردن بەشـەریعەت وڕێبـازی خـوای گـەورە لـەناو گەلەکانـدا بەئاشکرا بۆ مێژووناسان ئاشکرا دەبێت کە ئەودەوڵەتانە لەهەمووژیانیاندا فـەرمانی خوایان جیّ بەجیّ کردبێت ولەقەدەغەکراوەکانیشی بەدور بووبن.

ئەوشوێنەوارەچـاکانەی کەبەئاشـکرا بەدەوڵەتەکـەی عمـری کـوڕی عبـدالعزیز و دەوڵەتەکەی (نورالدین الزنکـی)و(یوسـف بـن تاشـفین) و(محمـد الفـاتح)وەدیـاربوو، سوننەتی خوایش وایە وهەرگیز گۆڕانی بەسەردانایەت و بەردەوام جیّ بەجیّ دەبێت لەهەموو سەردەمێکدا ئەگەر هەرسەرکردەیەکی موسڵمان بیەوێت بـەم ئاکامە بەرزە بگات وئەم کارە گەورەیە بکـات وبەدڵـسۆزی لەبـەر خـوا ئـەو هـەنگاوە هـەڵبنێت و لەسـوننەت وڕێـڕەوی نـەگۆڕدراوی خـوا حـاڵی ببێـت ولەخۆیـدا بێنێتەدی،مەحاڵـە دەگاتە ئەوئاکامە بەرزە ئیتر با پاشی ماوەیـەکی تـریش بێـت و شوێنەوارەکەیـشی بەدیار دەکەوێت لەهەموو تاکێك و کۆمەڵگاو دەوڵەت و یاساکانی دا.

مەبەستیش لەلێکۆ ڵینەوە مێژوویی یەکانی ئیسلام ئەوەیە کەسـودی چـاکی لـیّ وەربگیرێـت لەئـەو گەلانـەی بـەباوەڕەوە و پـێش ئێمـەوە مـردوون، هـەر لـەجیهاد

کردنیـــان، زانـــست و زانیاریـــان، پـــەروەردەو فێرکردنیـــان، هـــەوڵی هەمیـــشەو بەردەوامیان بۆ بەرپاکردنی حوکمی شەرعی خوا لەناو کۆمەڵگادا، دەست گرتنیـان بەسوننەتەکانی خواوە وحاڵی بوونیان لێ ی.

لەگـەڵ ڕەچـاوکردنی قۆنـاغ بەنـدی وپلەبەنـدی وبەرزکردنـەوەی ئاسـتی گـەلان بەرەو ئـەو تـەواوی یـەی کەئیسلام دەیـەوێت، هاوکـاری وکۆمـەکی مـەزنی خـوایی بەئاشکرا لەمێژووی گەلەکەماندا دیـارە بـۆ هـەموو ئـەو سـەرکردانەی کەلێبڕاوانـەو دڵسۆزانە لـەپێناو خـوای خۆیانـدا کاریـان کـردووە وشـەرعی خوایـان بـەرپاکردووە وڕەزامەندی خواشیان لەسەرووی هەموو مەبەستێکەوە بووە .

دواڕۆژەکانی ژیانی عمر رحمه الله :

١ـ دواین ووتـاری عمری کوڕی عبدالعزیز:

دواین ووتاری ئەو سەرکردە نوێخوازە لێهـاتووە لەخەناسـیرە پێشکەشی کـرد وتیایدا ووتـی: ((ئەی خەڵکینە، ئێوە بێهودە دروسـت نـەکراون وبـەخۆڕایش وازتـان لێ ناهێنرێت، ئێوە وەستانێکتان هەیە لەقیامەتدا وخوای عزوجل خۆی دادەبـەزێت وحوکمتان دەدات وحوکمتان بۆ دەدات.

دەی خەسارومەندیێ بۆ کەسێك کەبێبـەش بێـت لەورەحمەتـەی خـوا کـە هـەموو بوونەوەری گرتۆتەوە، یان بێ بەش بێت لەبەهەشتێك کەپانتایی یەکەی ئەوەنـدەی زەوی وئاسمانەکانە.

دەی بیشزانن کەبێ وەیی لـەوێ بـۆ کەسـێك دەبێـت کەلـەخوا ترسـابێت وخـۆی لەخەشم وقینی پاراستبێت، ماڵی لەناوچووی فرۆشتووە بەماڵی هەتاهەتایی، کەمی داوە بەزۆر، ترسانی بەخەرج داوە لەم لا بۆ پێوەیی بێ خـەم بـوونی ئـەولا، ئـەی نابینن ئێوەش لەڕێزی لەناوچواندان، دوای ئێوە کەسانی تر دێنێتـە شـوێنەکانتان، بەوجۆرەش دەبێت تاڕۆژێ کەخوا خۆی دەمێنێت وبەس، هەموو ڕۆژێك مردوویـەك ئەسپەردەی خاك دەکەن ودەگەڕێتەوە بۆ لای خوا، لەناوسکی زەویدا دەیشارنەوە، بـەبێ پـشتی وبـەبێ دۆشـەك ڕای دەکـشێنن، کـە لەخۆشەویستانی دوورکەوتـەوە،

دەستی لەدنیا بچڕا، ناو خۆڵ بوویەماڵی و چاوەڕوانی لێپرسینەوەیە، دواڕۆژی بەکردەوەکانی یەوە بەندە، پێویستی بەو لایەو دەستی لەدنیا بڕاوە.

دەی لەخوا بترسن پێش ئەوەی مردن ئێخەتان پێ بگرێت وبڕۆنە دنیاکەیەوە، ساوەڵلاهی لەم کاتەدا کەئەم قسانەتان بۆ دەکەم ونازانم کەستان گوناهتان لەمن زیاتربێت، دەی داوەی لێخۆش بوون لەخوادەکەم وپەشیمانی دەردەبڕم، نەداری و پێویستی کەستان نابیستم ئەگەر حەزنەکەم بەو پەری توانا بەدەمی یەوە پێم و پێویستی یەکەی بۆ جێ بەجێ بکەم، هەرکەسیش بەوەڕازی بێت لەگەڵماندا بژی تێکەڵی خوێن وگۆشتی خۆمی دەکەم، تا ژیانی هەردوو لامان وەك یەکی لێ دێت.

سوێند بەخوا ئەگەر جگە لەمەم بوویستایە لەخۆشی وڕاد بواردنەکانی ژیان ئەوە من زمانێکی پاراوم هەیە ودەزانم چۆن پەیدای بکەم، بەڵام لەلایەن خوا نامەیەکی کردەوی واهەیە هەقی تێدایە ودادپەروەری ڕەچاوکردووە، تیایدا فەرمانی گوێڕایەڵی خۆی داوە و بەرگریشی کردوە لەسەرپێچی کردنی.

پاشان چمکی کەواکەی بەرزکردەوە ودەستی کرد بەگریان وهاوار وهەناسە هەڵکێشان وخەڵکەکەی چواردەوریشی کردەگریان، پاشان لەسەر مینبەرەکەدابەزی، ئیتر لەوڕۆژە بەدوا تائەو ڕۆژەی گیانی پاکی سپارد_نەیان دیوە ووتار بدات رحمه الله.[1]

٢ـ دەرما نخوارد کردنی:

مێژوو نووسەکان جیاوازیان هەیە لەهۆی مردنەکەی عمری کوڕی عبدالعزیز و نەخۆشی یەکی سەرەمەرگی، لەکاتێکدا کەهەندێ لەڕیوایەتەکان واباسی دەکەن کەهۆی نەخۆش کەوتن ومردنی عمر دەگەڕێتەوە بۆ لەخواترسانی لەسنور بەدەری وگرنگی دانی زۆر بەئیش وکاری خەڵکی وەك چۆن (فاطمە)ی خێزانی دەگێڕیتەوە، (ابن سعد)لە(ابن لهیمە) وە ئەم هۆیەی نقڵ کردوە.[2]

---

١ ـ تأريخ الطبرى (٤٧٥/٧) .
٢ ـ فقه عمر بن عبدالعزيز (٤٣/١) .

لەلایەکی ترەوە کۆمەڵێ ترلە مێژوو نووسان باس لەوەدەکەن کەدەرمان خوارد کراوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەوە کە(بنی أمیە) زۆر قاڵس وناڕەحەت بوون بەسیاسەتەکانی عمری کوڕی عبدالعزیز، کە لەسەر بنەمای هەق ودادپەروەری دای مەزراندبوو، بێ بەشی کردبوون لەخۆشی وڕابواردنێك، کەبەس خۆیانی تێدابوو خەڵکی لێ ی بێ بەش بوون، بەڵکو وای کردبوو لە(بنی أمیە)، کە دوری خستنەوەو هیچ بەدەستی کردبوون لەدەوڵەتەکەیدا و هەموو ئەو شتانەی بەناڕەوا گەیشتبووە دەستیان لێ ی سەندنەوەو دایەوە بەخاوەنەکانی ونەیدەهێشت بەئارەزووی خۆیان لەناودەوڵەتدا پێ دابگرن، بۆیە هەندی لە(بنی أمیە) ژەهریان بۆ کردە خواردنەوەو پێیان دا.[١]

ئەمەش بەدورنازانرێت کە کەسێك لە(بنی أمیە) هەستێت بەدەرمانخوارد کردنی، تا ڕزگاریان ببێت لەدەستی، ئەمەش بەهۆی خزمەتکارەکەیەوە کەژەهری بۆ بکاتە ناو خواردن وخواردنەوەکەی، دەگێرنەوە پەیمانی (١٠٠٠)دینارو ئازاد کردنیان پیدا بوو ئەگەر نەخشەکەی سەرکەوتوو بێت، خزمەتکارەکەش نەیدەزانی چی بکات وڕارابوو لە کردنی ئەو کارە گوناهە گەورەیەدا، بەڵام ئەوان هەڕشەی کوشتنیان لێ کرد ئەگەر ئەو کار جێ بەجێ نەکات وئەو خزمەتکارە نەگبەتەش لەنێوان ترساندن وپاڕپێداندا ناچار خۆی یەکلایی کردەوە بۆ ئەو کارە ناڕەوایەو ژەهرەکەی کردبووە سەر پەنجەی و کاتێ خواردنەوەکەی بۆ عمر دانا بەدزیەوە وەراندیە ناویەوە وخستیە بەردەستی عمر وئەویش هەمووی خواردەوە ولەوساتە وەختەدا هەستی کرد شتێ چووە ناو گەدەیەوە.[٢]

(مجاهد) دەگێڕێتەوە وەدەڵێت: عمری کوڕی عبدالعزیز پێی ووتم: خەڵکی دەربارەی من چی دەڵێن؟ دەڵێ ووتم: دەڵێن جادووت لێ کراوە، ئەویش ووتی: مەسەلەکە جادوو نی یە.

پاشان خزمەتکارێکی خۆی بانگ کرد وپێ ی ووت: بێ قەزابی یاخوا! لەبەرچی

١ ـ فقه عمر بن عبدالعزیز (٤٣/١) .

٢ ـ سیرة عمر بن عبدالعزیز (ابن الجوزی) لا ٣١٦، ٣١٧ .

دەرمـــانخواردت کردم؟خزمەتکارەکـــەش ووتـــی:لـــە پێنـــاوی هـــەزاردینارو ئـــازاد کردنیشمدا.

عمـر پـێ ی ووت: دەی هەزاردینارەکـە بێنـە! وئـەویش هێنـای وعمـریش لـێ ی سـەندو خـستی یـە (بیـت المـال)! وپـێ ی ووت: بـڕۆ خـۆت وون کـە باکـەس پێـت نەزانێت، واتە: ئەگەر پێت بزانن دەتکوژن.[1]

کەواتە هۆی ڕاستەوخۆی مردنی ئەمیری باوەڕداران وەك ڕیوایەتەکان دەگێرنەوە بەهۆی دەرمانخوارد کردنی یەوە بووە.[2]

٣ـ لێبوردەیی بێ سنوور:

ئەوەی بەسەر عمردا هێنرا ولەئەوجی لاوێتی دا کەتەمەنی (٤٠_٤١) سالآن بـوو، کەبـەپیلانی خزمـەکانی ولەڕێگـەی خزمەتکارەکەیـەوە هـەوڵی تیرۆرکردنـی دراو سەریشی گرت، کەچی وەك سەرکردەکانی ئەمڕۆ نەهات دادگای سەربازی گەورەیان بۆ دروسـت بکـات ویـەك یـەك هـەموویان لـەدار بـدات وناویـان لـێ بـنێ کودەتاچـی یەکان!

بەلآم عمری کوڕی عبدالعزیزرحمه الله ئەوەنـدە دڵـی بەکورسـی یەکـە خـۆش نـی یـە، ئەوەنـدیش ژیـانی خـۆی بـەلاوە خۆشەویـست نـی یـە، تـا خـەڵکی لەسـێدارەبدات لـەپێناوی خۆیـدا بـەڵکو وانەیـەکی لەخەلیفـەی سـێ یـەمی پێغەمبـەری خـواوە وەرگرتووە کەگیانی خۆی ومالّ ومندالّ و خەلیفەیی لەدەست دا لـەپێناوی ئـەوەدا، کـەخوێنی یـەك موسـڵمان نـەڕژێت لەسـەر ئـەو ونەیهێـشت بـەرگری لـێ بکـەن لەئاژاوەگێڕەکان ئەمە دەکرێت بـەژێرەوە، بـەلآم گـەنجێك لەئـەمریکا تەقـەدەکات لەسەرۆك کۆمارو برینداری دەکات وئەویش دەڵێت لـێ ی ببـورن چـونکە ئـەوە ڕای خۆی بووە و بەفیشەك دەری بڕیوە.[3]

---

١ ـ تذكرة الحفاظ (١/١٢٠) .

٢ ـ فقه عمر بن عبدالعزيز (١/٤٤) .

٣ ـ ووتەی وەرگێڕ .

ئەمە کەی لێبوردنە بەرامبەر بەمەزنی لێبوردەیی عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله، کەنە دادگایی خزمەتکارەکەو نەلەژێر فشاری سزاداندا ناچاری کردبێت کەدان بەتاوانەکەیدا بنێت وپاشانیش یەك یەك ناوی ئەو کەسانە بلێت کەئەم پیلانە یان داڕشتووە _ئەمەش ئەو پەڕی لێبوردەیی یە_ چونکە عمر بۆ دنیایەکی گەورەترو خۆشترو هەمیشەیی دەیڕوانی کەڕۆژی قیامەتە، هەروەها لە ولێبوردنەیشدا پاداشتی گەورەو نەبڕاوەی دەست دەکەوێت لەلای خوای گەورە، دەیزانی ئەگەر بیانگرێت وتۆڵەیان لێ بکاتەوە زۆر ئاسانە بەڵام لەپاداشتی لێبوردن بێ بەش دەبوو لەلای خوای گەورە، بۆیە لێبوردنی هەڵبژارد بەسەر تۆڵەسەندنەوە بۆڕازی کردنی دەروونی خۆی.[1]

٤ـ بە پارەی خۆی جێگە قەبری خۆی کڕیوە:

خۆبەکەم زانین و ـ تواضع ـ ی عمر گەشتبووە ئاستێك کاتێك هاوڕێکانی باسی ئەوەیان کرد کەئەو ژورەی گۆڕی پێغەمبەری نازدار(ص)و(ابوبکر)و(عمری کوڕی خطاب) لێ یە جێگایەکی خاڵی تێداماوە، پێیان ووت: ئەوە بۆچی لەمەدینە نزیك نابیتەوە تا لەوێ بتنێژن.

عمر لەوەوڵامدا ووتی: ((والله لئن یعذبنی الله عذاباً _الاّ النار فانی لاصبربی علیها _احب الیَّ من ان یعلم الله من قلبی انیّ أرانی لذلك اهلا)).[2]

واتە: سوێند بەخوا ئەوەم پێخۆشترە کەخوای گەورە سزام بدات _جگە لەئاگری دۆزەخ چونکە توانای خۆگرتنم نی یە _ نەك ئەوەی خوای گەورە بزانێت لەناو دڵمدا هەست بەوە بکەم کەشایانی ئەو جێگایەم _ واتە لەتەنشتی ئەو سێ زاتە بەڕێزەوە بنێژرێم.

عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله قبوڵی ئەوەی نەکرد بەڵکو ئەوەی پێخۆش بوو کەبەپارەی تایبەتی خۆی جێگا گۆڕەکەی خۆی بکڕێت، ئەمەش بەهۆی خۆڵە

---

١ ـ التاریخ الاسلامی (١٦/٢٢٩) .

٢ ـ سیره عمر بن عبدالعزیز (ابن الجوزی) (٣٢١_٣٢٤) .

حەرام پارێزی و لێپرسینەوەی خۆیەوە بووە.

بۆیە لەکاتی سەرەمەرگیدا ووتی بەیارانی چواردەوری: جێگاگۆڕێکم لەوڕاهێبە گاورە بۆ بکڕن، بەلاَم گاورەکە ووتی: سوێند بەخوا ئەی ئەمیری باوەڕداران، ئەوەخێرێکی زۆر گەورەیە بۆمن کەگۆڕەکەت لەلای ئێمە دابێت و ئێمە بەچاوی _تەبەڕوکە_ وەبۆی دەڕوانین، بۆیە ئەو زەویەت پێ دەبەخشین بەبێ بەرامبەر، بەلاَم عمر قبولّی ئەوەی نەکرد ووتی: یان دەبێت جێگە گۆڕەکەم پێ بفرۆشن یان ئەوەیە لەجێگایەکی تر دەیکڕم، پاشان پارەکەی پێ دان _کەدەڵێن دوو دینار بووە، یان دەڵێن (٦)دینار بووە، دەشڵێن (٣٠)دینار بووە، کاتێ خستیانە مشتی گاورەکەوە، وەری گرت ووتی: ئەگەر لەوەنە ترسایانایە کەلە شوێنی تر زەوی بکڕێت ولەئێمە دوور بکەوێتەوە ئەوا پارەمان لێ وەرنەدەگرت.[١]

٥ـ وەسیەتنامەکەی عمر بۆ خەلیفەی داهاتوو:

عمری کوڕی عبدالعزیز ﷺ نامەیەکی نووسی بۆ یەزیدی کوڕی عبدالملك(کەلەکاتی سەرەمەرگدا بوو) پێ ی ووت:

((بسم الله الرحمن الرحیم، لەبەندەی خوا عمر _ئەمیری باوەڕداران_ بۆ_(یزید)ی کوڕی(عبدالملك)، سەلامی خوات لێ بێت، من سوپاسی ئەو خوایەت بۆ دەکەم کەجگە لەو خوای تر نی یە.

پاشان... لەکاتێکدا ئەم نامەیەت بۆ دەنووسم من نەخۆشی زۆری بۆ هێناوم _وچاك بزانە من بەپرسیارم لێ دەکرێت، لەلای پادشای دنیاو قیامەت_ دەربارەی ئەو کەسەی دوای خۆم دیاری دەکەم، لەوکاتەشدا ناتوانم هیچ شتێك لەکردەوەکانم بشارمەوە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ فَلَنَقُصَّنَّ عَلَيْهِم بِعِلْمٍ وَمَا كُنَّا غَآئِبِينَ ﴾الاعراف: ٧،واتە: هەموو کردەوەیەکی مرۆڤەکان دەزانین ولەقیامەتدا بۆیان دەگێڕینەوە چونکە ئێمە هیچمان لێ وون نابێت.

ئەگەر خوا بەبەزەیی لێم ڕازی بێت ئەوە سەرکەوتووم ورزگارم بووە لەبەلاَو

---

١ ـ سیره عمر بن عبدالعزیز (ابن الجوزی) لا ٣٢٢_٣٢٣ .

ناڕەحەتی دوورو درێژەکان، بەڵام ئەگەر لێم ڕازی نەبێت ولێم زویر بێت، دەی قوڕبەسەرم پەنا بۆ کوێ بەرم؟ دەی داواکارم لەوخوایەی کەتەنهایە وجگەلەو خوای تر نی یە کەلە ئاگری دۆزەخ بمپارێزێت، ڕەزامەندی خۆی وبەهەشتم پێ ببەخشێت، تۆش لەخوا بترسە، ئاگات لەمیللەتی ژێردەستەت بێت، میللەت،چاك بزانە تۆش دوای من زۆر لەدنیا نامێنیتەوە ودەگەڕێیتەوە بۆلای خوای بەئاگاو بەبەزەیی و سۆز.[1]

لەڕیوایەتێکی تردا هاتووە دەڵێت:..(سلیمان)ی کوڕی (عبدالملك) بەندەیەك بوو لەبەندەکانی خوا، خوای گەورەگیانی کێشاو منی خستە شوێنەکەی و هەر ئەویش منی هەڵبژارد بەخەلیفەی دوای خۆی و(یزید)ی کوڕی(عبدالملك)یش لەدوای من، بزانە ئەگەر کاربەدەستی وخەلافەت بۆ زۆر هێنان وپارەکۆکردنەوە، بوایە، ئەوە خوای گەورە پلەیەکی وای پێدابووم کەدەمتوانی بەچاکترین شێوە هەموویم چنگ بکەوێت بەڵام من لەلێپرسینەوەی ترسناك وپرسیاری ورد دەترسام_مەگەر کەسێك خوای گەورە کۆمەکی کردبێت، والسلام علیکم ورحمه الله وبرکاته.

عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله لەکاتی نەخۆشی وسەرەمەرگدا بەئەو پەڕی تواناو ئەوپەڕی دڵسۆزیەوە ئامۆژگاری وئاراستەکانی خۆی پێشکەشی(یزید)ی کوڕی(عبدالملك)کرد وبەئەو پەڕی هەوڵدان هەولی دا بەهەموو شێوەیەك لەسەرەنجام وڕۆژی لێپرسینەوە.بیترسێنێت، بەنموونە هێنانەوە، بەباس کردنی کەسانی لەدنیا دەرچوو، بەڕاستی ئامۆژگاری خۆی پێ گەیاند بەتێروتەسەلی.[2]

٦- وەسیەتنامەی عمر رحمه الله بۆ منداڵەکانی:

کاتێ عمر رحمه الله لەمردن نزیك بوویەوە(مسلمه)ی کوڕی(عبدالملك) چووە ژورەوە بۆلای وپێ ی ووت: ئەی ئەمیری باوەڕداران، تۆ دەمی منداڵەکانی خۆتت گرتۆتەوە لەپارەو سامانی (بیت المال)، چۆنە ئەگەر وەسیەت بەمن یان بەکەسێکی تر بکەیت

١ ـ سیره عمر (ابن الجوزی) ٣١٨_٣١٩ .
٢ ـ فقه عمر بن عبدالعزیز (٤٧/١) .

کەدوای خۆت لایەکیان لیّ بکەینەوە وپێداویستیەکانیان دەربکەین.

عمر کاتیّ ئەم قسەیەی بیست، ووتی: «دامنیشێنن، کاتیّ دایان نیشاند ووتی: چاك گوێم لەووتەکانت بوو(مسلمە)، ئەوەی کە دەڵێیت: تۆ پارەو سامانت لەمنداڵەکانت گرتۆتەوە! دەی سوێند بەخوا یەك مافی خۆیان لیّ زەوت نەکردوون، هەرگیزیش بەناڕەوا هیچم نەداونەتیّ .

ئەوەشی کەدەڵێیت: وەسیەتێکمان پیّ بکە بۆیان، دەی وەسیەتی من ووتەی پەروەردگارە بۆیان﴿إِنَّ وَلِـِّۧيَ ٱللَّهُ ٱلَّذِي نَزَّلَ ٱلۡكِتَٰبَۖ وَهُوَ يَتَوَلَّى ٱلصَّٰلِحِينَ﴾ الاعراف: ١٩٦، واتە: خوای گەورە کەقورئانی ناردوە پشت وپەنای صاڵحانە).

منداڵەکانی عمر لەدوو جۆر بەدەر نین: یان ئەوەیە صاڵح و پیاوچاکن ئەوە خوا دەوڵەمەندیان دەکات. وئەگەر واش نەبن دەی هەرگیز من بەپارەو سامان هاوکاری کەس ناکەم لەسەر گوناە وتاوان.

(مسلمە) منداڵەکانم بۆ بانگ بکەن، ئەوانیش هاتن، کاتیّ چاوی پێیان کەوت چاوەکانی بوون بەگۆمی ئاو، ووتی: لەترسی خۆم منداڵەکانم بەهەژاری بەجیّ هێشتووە ودەستی کرد بەگریان ووتی: من خێروبێرێکی زۆرم بۆ بەجیّ هێشتوون، لەمەولا بدەن بەلای هەر موسڵمانێکدا، یان هەرکەسێك لە(اهل الذمە)دا ئەوە دەزانن کەمافتان هەیە بەسەریانەوە، کوڕەکانم: من لەنێوان دوو کاردا بووم: یان ئەوەبوو پارەوپوڵی چاکم بخستایەتە بەردەستتان بەڵام خۆم بچومایەتەناو ئاگری ج هەننەم، یان ئەوە بوو بەهەژاری بمژیاندنایە وخۆم بچوومایەتە بەهەشتەوە، دەی من هەژاریەکەتانم پیّ خۆشتربووە، دەی هەڵسن خوا بتانپارێزێت، هەڵسن خوا ڕزق و ڕۆزیتان بدات.[1]

لەڕیوایەتێکدا هاتووە: عمر رحمه الله وەسیەتی کرد بۆ(مسلمە) کەئامادەی مردنەکەی بێت وکاروباری شۆردن وکفن کردنی بگرێتە ئەستۆ، لەدوای تەرمەکەی بێت بەرەو گۆڕستان، یەکێك بێت لەوکەسانەی کەدوای دەهێڵنە گۆڕەکەیەوە،

---

١ ـ سیرە عمر (ابن عبدالحکم) لا ١١٥ ، ١١٦ .

پاشان سەیرێکی کرد وپیّ ی ووت:

بڕوانە _مسلمە_ لەچ ماڵێکدا بەجێم دەهێڵێت، لەچ حاڵێکی دنیاییدا دەمدەن بەدەستەوە؟! (مسلمە)یش پیّ ی ووت: ئەمە هەزار دینارە بیگرە، بۆکیّ پێت خۆشە بیبە خشە پیّ ی ....وعمریش ووتی: ئەی شتێك لەوەش باشتربێت ئەی (مسلمە)؟ ئەویش ئەوەیە کەلەکویّ وەرت گرتووە بیگێڕەوە بۆ ئەو شوێنە.

(مسلمە)یش ووتی:خوا لەجیاتی ئێمە پاداشتی خێرت بداتەوە ئەی ئەمیر، سوێندبەخواکۆمەڵیّ دڵی ڕەقت نەرم کرت، یادگاری صاڵحانت لەناوماندا نویّ کردەوە.[1]

لەژیانی پیاوانی پێشوودا، پەندو ئامۆژگاری هەیە، لەنموونەی یەکەمدا خۆپاراستن ی عمری کوڕی عبدالعزیز دەردەکەوێت لەگوناه وحەرام خواردن، تەنانەت لەکاتی ئامۆژگاری کردنی کوڕەکانی بۆ دوای مردن، بەجۆریّ کەڕازی نەبوو وەسیەت بۆ منداڵەکانی بکات لەسەرەمەرگدا کەلە(بیت المال) پارەیەکیان بۆ دیاری بکات کە مافی خۆیان نەبێت، ئەوکاتە بەوگوناهەوە دەگەڕێتەوە بۆلای خوای (عزوجل)، بۆیە وای بەباش زانی بیانداتە دەستی خوای گەورە.

لەبەخێو کردنی ماڵ و منداڵەکەیدا دووڕێگەی لەبەردەمدابوو: یان ئەوەبوو لەسەر حیسابی(بیت المال)ی موسڵمانان بەناڕەوا دەوڵەمەندیان بکات، ئەکاتە دووچاری کڵپەی ئاگری جەهەنەم دەبێت، یان ڕازی بێت بەوەی تەنها لەمووچەکەمەکەی خۆی خەرج بکات بۆیان، بەخێویان بکات، بۆیە ڕێگای دووەمی هەڵبژارد، لەگەڵ دڵنیابوونیشی بەوەی کە خوا نایان فەوتێنێت.

لەوەش دڵنیای کردن، کە ناوبانگێکی چاکم بۆ بەجیّ هێشتوون، جێگای ڕێزو مێهرەبانی هەموو موسڵمانان و(اهل الذمە)دەبن لەدوای مردنی، ئەوەش لەهەموو میراتی یەك باشترە، بەڵکو لەلای بیر ڕوناك و ژیرمەندەکان گەورەترین سەرمایەیەو بەسامان مەزەندە ناکرێت.

---

١ ـ سیره عمر (ابن عبدالحکم) ١٢٢_١٢٣.

مەبەست لەووتەکەی کەدەڵێت: ((نەوەکانی عمر لەنێوان دوو جۆرکە سدان، یان پیاو چاك وموسڵمانن ئەوە خوا خۆی وەزعیان باش دەکات، یان ئەوەیە چاك نین دەی مـن نابـەم بەیەکـەمین هاوکاریـان (بـەپارە) بـۆ کـاری سەرپێـچی کردنـی پەروەردگار)).

لەم ووتەیەدا عمر دەیەوێت ئەوەیان تێ بگەیەنێت، کەخوای گەورە لەگەڵ دۆست و ئەولیاکانی خۆیدایە ودەیانپارێزێت، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئایەتی ﴿وَهُوَ يَتَوَلَّى الصَّالِحِينَ﴾.

کەمەبەسـت لـەم ئایەتەئەوەیـە مـرۆڤ ئـەو پـەری گرنگـی بەپـەروەردەکردنی منداڵەکانی بدات و ڕەوشتیان چاك بکات تـاخوای گـەورە لـەدواڕۆژدا بیانپارێزێت، گرنگیش ئەوە نی یە کە بەدەوڵەمەندی بەجێیان بهێڵێت وئەگـەر گونـاه بـارو پیـاو خراپ دەربچن ئەوە پارەکەی ئەم دەبێتەیارمـەتی دەروهاوکاریـان لەسـەر گونـاه و سەرپێچی کردنی خوای تەعالا.[1]

لەبەسـەرهاتی دووەمـدا، عمـری کـوڕی عبـدالعزیزرحمه الله دەیـەوێت ئامۆزاکـەی (مـسلمە)لـەوە حـاڵی بکـات کـەماڵ و سـامان دەبێـت حـەڵاڵ بێـت وسەرچـاوەکەی زانراوبێت، هەربەوەش حەڵاڵ نابێت کەخاوەنەکەی بیکات بـەخێر یـان بیبەخـشێت، ئەگەر مرۆڤیش بۆی دەرکەوت پارەکانی هـەموویان حـەڵاڵ نـین و سەرچـاوەکانیان پاك نین دەبێت هەوڵ بدات بیانگێڕێتـەوە بـۆ خاوەنـەکانیان و خـۆی ومـاڵ منـداڵی لەتیکەی حەرام بپارێزێت نەك دڵی بەوەخۆش بکات کەبیانبەخـشێت ویـان بیانکـات بەخێر خوا لێ ی خۆش دەبێت وپارەکانی حەڵاڵ دەبێتەوە.[2]

٧ـ وەسیەت دەکات بۆ نێژەرانی:

لە(رافـع)ی کـوڕی (حفـص المـدنی)یـەو دەگێڕنـەوە کـە عمـری کـوڕ عبـدالعزیز بـە(رجـاء)ی ووت: ئەگـەر مـردم وشـوردمتانوکفنتان کـردم ونوێـژتان بەسـەرەوە خوێندم وپاشان داتان هێلامە گۆڕەکەمەوە، سەرم بکەنەوە وبزانن ڕووم لەقیبلەیـە

١ـ التاریخ الاسلامی (٢٢٢/١٦) .
٢ ـ التاریخ الاسلامی (٢٢٢/١٦) .

یان نا، ئەگەر ڕووم لەقیبلەبوو ئەوە سوپاس وسەنای خوا بکەن، ئەگەر واش نەبووم وخەڵکەکەش لەسەر قەبران مابوون _بەوڕووداوەی من_ بیانترسێنن لەخوای گەورە.

دەڵێ: کاتی_رجاء _ بەنەرمی ولەسەر خۆ سەری هەڵدایەوە دەبینی ڕووی لەقیبلەیە، هەرهەموومان بەدەنگی بەرز(الحمد لله)مان کرد وسوپاسی پەروەردگارمان کرد لەسەر ئەو دیمەنە کاریگەرە.[1]

٨ـ کۆتا پاداشتی موسڵمانە:

عمری کوڕی عبدالعزیزرحمه الله دەڵێت: (پێم خۆش نی یە. نارەحەتی گیان کێشانم لەسەر سووك ببێت، چونکە ئەوە کۆتا پاداشتی خوایە بۆ موسڵمانان لەسەر نارەحەتی یەکان).[2]

لەڕیوایەتێکی تردا هاتووە کەووتوویەتی: (پێم خۆش نی یە نارەحەتی و سەکەراتی گیان کێشانم لەسەر سووك ببێت چونکە ئەوە کۆتا هۆکارە بۆ هەڵوەرینی گوناهی موسڵمان)[3]

٩ـ لەکاتی گیان کێشاندا:

کاتی سەرەمەرگی عمر هاتە پێشەوەرحمه الله وەك هەموو مرۆڤێکی تر کە ئەجەلێکی دیاری کراوی_هەیە_ بەهاوڕێکانی ووت: بڕۆنە دەرەوە کەسم لەلانەمێنێت، هەموو هاتنە دەرەوە (فاطمە)ی خێزانی (مسلمەی کوڕی عبدالملك)ی برای لەبەر دەرگاکەیدا وەستابوون وگوێیان لێ بوو دەیووت:سڵاو لەم دەمووچاوانە،کەنەدەم و چاوی مرۆڤن ونەدەم وچاوی جنۆکە.[4]

لەڕیوایەتێکدا دەڵێن: (فاطمە کچی عبدالملك)ی خێزانی دەڵێت: من گوێم لێی

---

١ ـ الكتاب الجامع لسيره عمر بن عبدالعزيز (٦٤٤/٢) .
٢ ـ الكتاب الجامع لسيره عمر بن عبدالعزيز (٦٤٨/٢) .
٣ – هەمان سەرچاوە.
٤ ـ الكتاب الجامع لسيره عمر بن عبدالعزيز (٦٥٢/٢) .

بـوو لـەکۆتا ڕۆژەکـانی نەخۆشـی یەکەیـدا دەیـووت: خوایـە مردنەکـەم لەخـەڵکی بشارەوە ئیتر بایەك سەعاتیش بێت، ئەو ڕۆژەی کەگیانی سپارد تیایدا لەژورەکـەی چوومەدەرەوە و لەو دیوی دەرگاکەیەوە دانیشتبووم، گـوێم لـێ بـوو ئـەم ئایەتـەی قورئــانی دەخوێنـــد: ﴿تِلْكَ ٱلدَّارُ ٱلْـَٔاخِـرَةُ نَجْعَلُهَا لِلَّذِينَ لَا يُرِيدُونَ عُلُوًّا فِى ٱلْأَرْضِ وَلَا فَسَادًا وَٱلْعَٰقِبَةُ لِلْمُتَّقِينَ﴾ القصص: ٨٣ .

واتە: دوا ڕۆژی چاك وقیامەت بـۆ ئـەو کەسـانەیە کەلـەدنیا گـەورەیی وبـەرزییان نەویـستووە وخراپەکاریـشیان بـرەو پـێ نـەداوە، سـەرەنجامیش هـەر بـۆ لـەخوا ترسەکانە.

(فاطمـە)دەڵێـت: پاشـان بـێ دەنـگ بـوو، نـەدەنگێ نەووتەیـەك، نەچـرپەیەکی نەبوو، ووتم بە خزمەتکارێك کەخزمەتی دەکـرد: بـۆ ناچیتەژوورەوە وسـەرێکی لـێ بدەیت! وئەویش چووە ژوورەوە وهاوارێکی کرد، منیش بەخێرایی چوومەژورەوە و دەبینم ڕووی کردۆتە قیبلە وبەدەستێکی چاوەکانی خۆی نوقاندوە وبەدەسـتەکەی تریشی دەمی خۆی داخستووە، گیانی سپاردوە ڕەحمەتی خوای لێ بێت.[١]

لەڕیوایـەتێکی تـردا بـەو جـۆرە هـاتووە کـەدەڵێت: عمـری کـوڕی عبـدالعزیز رحمه الله لەنەخۆشی یەکەیدا کەبەهۆیەوە گیـانی سـپارد، بەخـەڵکەکـەی ووت: دامنیـشێنن!، ئەوانیش دایان نیشاند، پاشان ووتـی:- ئەی خوایـە مـن ئـەو کەسـەم فـەرمانت پـێ دەکردم و مـن کەمتـەر خـەمیم دەکـرد، بـەرگریت لـێ دەکـردم ومنـیش سەرپێـچیم دەکردی، بەڵام هیچ خوایەك نی یە تەنها (الله)نەبێت_لااله‌الاالله.

پاشان سەری هەڵبڕی و زۆر بەوردی سەیری ئەم لاولای دەرکرد، پێیان ووت: تـۆ زۆر بـەوردی سـەیری ئـەم لاولادەکـەیت، ووتـی: مـن کەسـانێك دەبیـنم لێـرەن کـە نەجنۆکەن ونەمرۆڤن، پاشان گیانی پاکی بەخوای خۆی سپارد رحمه الله.[٢]

لەناو مۆرەکەیدا ـ موستیلەکەی دەستی ـ نووسرابوو((عمـر بـن عبـدالعزیز یـؤمن بالله))، واتە: عمری کوڕی عبدالعزیز باوەڕی بەخوا هەیە.

١ ـ الكتاب الجامع لسيره عمر بن عبدالعزيز (٢/٦٥٣) .
٢ ـ الكتاب الجامع لسيره عمر بن عبدالعزيز (٢/٦٥٤) .

١٠- ڕۆژی مردنەکەی:

خەلیفەی دادپەروەرو دنیانەویست عمری کوڕی عبـدالعزیزرحمه الله لەڕۆژی جومعـەی ٢٠ی رەجـەبی سـاڵی ١٠١ی کۆچیدا گیـانی پـاکی بـەخوای خـۆی سـپارد، ئەمـەش ڕاسترین ڕیوایەتە لەوبارەیەوە، نەخۆشی یەکەی مـاوەی(٢٠)ڕۆژی خایانـد، لـە(دیـر السمعان)لەناوچەی(المعرة) لەشام ولەدوای دووساڵ وپێنج مانگ وچوار ڕۆژ خەلافەت کردن ولەوکاتەدا تەمەنی(٣٩)ساڵ بووەو هەندێکی تر دەڵێن(٤٠)ساڵ بووە.[1]

١١- لەدوای خۆی چەندێ سامانی بەجێ هێشت؟

ڕیوایەتەکان جیاوازیان هەیە لەبڕی ئەو پـارەو موڵـك وسـامانەی عمـری کـوڕی عبدالعزیز بەجێ ی هێشتووە لەدوای مردنی، بەڵام هەموویان لەسـەر ئـەوەن کـەزۆر کەم وبێ نرخ بووە.[2]

لەو ڕیوایەتانە: عمری کوڕی حفـص المعیطـی،دەڵێـت:عبـدالعزیزی کـوڕی عمـری کوڕی عبدالعزیز بۆی گێڕاینەوە ودەیووت: ووتم: چەندێ پارەی بۆ بەجێ هێشتن؟ و ئەویش زەردەخەنەیەکی کرد ووتی: خزمەتکارێکمان، کە هـەموو خـەرج کردنـەکانی عمـر لەدەسـتی ئـەودا بـوو بـۆی بـاس کـردم ووتـی: عمـری کـوڕی عبـدالعزیز لەسەرەمەرگدا پێی ووتم:چەندێ پارەمان هەیە لەلات؟دەڵێ:ووتم: تەنها (١٤)دینار. پێم ووت: ئەی دیاری وبەخشینێ؟ ووتی:(٦٠٠)دینار کە عبدالملك دیاری کردبوو، ئێمـەیش(١٢)کـوڕ و(٦)کـچ بـووین ودابـەشمان کـرد بـۆ پـانزە بـەش.[3] و ڕیوایـەتی ڕاستدا(١١)کوڕ مابوون چونکە(عبدالملك)پێشتر کۆچی کردبوو.

١٢- بەرەکەتی پارەی حەڵاڵ:

کوڕانی عمری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله لەپاشەڕۆژدا هەموویان وەزعیان باش بـوو، هەندێکیشیان دەوڵەمەند بوون، بەڵام نـەوەی هەنـدێ لەخەلیفـەکانی تـری ئوممـەوی

---

١ ـ تاریخ القضاعی لا ٣٦٣ .

٢ ـ تذکرة الحفاظ (١/١١٨) .

٣ ـ سیرة عمر (ابن الجوزی)لا ٣٣٧ .

بینراوه سوالّیان کردووه.[1]

(ابن الجوزی)دەلّێت: بیستوومەکه خەلیفە(منصور)بە((عبدالرحمن)ی کوڕی(قاسم)ی کوڕی(محمد)ی کوڕی ابوبکر الصدیق‌ﷺ ی ووت: ئامۆژگاریم بکە، ئەویش ووتی: عمری کوڕی عبدالعزیز مردو(١١) کوڕی لێ بەجێما، هەموو میراتی یەکیشی(١٧)دینار بوو بە(٥)دیناری قوماشی کفنەکەی بۆ کڕرا،(٢)دیناریشی بۆ کڕینی جێ گۆڕەکەی، ئەوەیشی مایەوە دابەش کرا بەسەر منداڵەکانیدا.

هەرکوڕێکی(١٩)دەرهەمیان بەرکەوت!، بەلاّم کاتێ هشام ی کوڕی عبدالملك مرد ئەویش (١١)کوڕی لێ بەجێما، کاتێ سامانەکەی بەش کرا هەرکوڕەو هەزارهەزاری بەرکەوت ـ ملیون ـ!.

بەلاّم ڕۆژان ڕۆشتن وڕۆژان هاتن ویەکێ لەنەوەکانی عمری کوڕی عبدالعزیزم بینی ولەیەك ڕۆژدا باری(١٠٠)ولاّخ شت ومەکی لەپێناوی خوادا بەخشی! بەلاّم یەکێ لە کوڕەکانی (هشام)م بینی خێریان پێ دەکرد.[2]

لەمەی پێشووەوە بۆ مان دەردەکەوێت کەئەو پارە زۆرەی کە(عمر)لەباوکی یەوە بۆی بەجێ مابوو لەژیاندا لێ ی خەرج کردبوو تا تەواو بوو واتە دەستی نەبردبوو بۆ سامانی (بیت المال)ی موسلّمانان تا ئەوڕۆژەی گیانی پاکی بەخوای پەروەردگار سپارد.[3]

١٣- خەلّکی باسی چاکەی عمری کوڕی عبدالعزیز دەکەن:

١- (مسلمه)ی کوڕی (عبدالملك)کە ئامۆزای بوو. کاتێ عمر کۆچی کرد وکفن کرابوو_ ووتی: ڕەحمەتی خوات لێ بێت! بەڕاستی کۆمەڵەدلاّنێکی ڕەقت بۆ نەرم کردین، یادگاری صالّحانت لەناو ماندا نوێ کردەوە.[4]

---

١ ـ ووتەی وەرگێڕ .

٢ ـ سیرة عمر (ابن الجوزی) لا ٣٣٨ .

٣ ـ فقه عمر بن عبدالعزیز (٥٦/١) .

٤ ـ سیرة عمر (ابن الجوزی) لا ٣٢٩ .

٢- (فاطمـه)ی کـچی عبـدالملك: (وهیـب)ی کـوڕی(ورد) دهگێڕێتـهوه ودهڵێـت: بۆیان باس کردووین کهکاتێ عمری کوڕی عبدالعزیز لهدنیا کۆچ دهکات، زاناکـان بـۆ سهرهخۆشی کردن له(فاطمه)ی خێزانی دهچـنهلای وپـێ ی دهڵـێن: ئێمـه هـاتووین سهرهخۆشی عمرت لێ دهکـهین، بهڕاستی هـهموو ئوممـهت کۆسـیان کـهوت، دهی تۆش ڕهحمهتی خوات لـێ بێـت کـهمێ باسـی عمرمـان بـۆ بکـه: کهههڵس وکـهوتی لهماڵدا چۆن بووه؟ چونکه کهس وهك ژن پیاوهکهی خۆی ناناسێت.

(فاطمه)یش ووتی: لهنوێژ وڕۆژوودا لهئێوه زیـاتری نـهبوو، بـهڵام سـوێند بـهخوا کهسـم نـهدیوه ئهوهنـدهی عمـر لهخوابترسـێت، وهڵلاهـی خۆشـترین کـاتی پیـاو ئهوکاتهیه بهماندوویی دێتهوه لای خێزانی وئارامی یهکی بۆ دێتهوه، شـهوانه نێـوان من وئهو لێفهیهك بوو، هەرئەوەندەم دەزانـی بیرێکـی لەگـەورەیی خـوا دەکـردەوەو ڕادهپهڕی ودهستی دهکرد به باڵهتهبه وهك چۆن باڵندهیهك بکهوێته ناو ئاوێکـهوه، پاشان دهستی دهکرد بهگریان تاوام لێ دههات دهمووت: وهڵلاهی خـۆی نـهکوژێ باشه، پاشـان بـهزهییم پێـدا دههاتـهوهو لێفهکـهم لهسـهر هـهردووکمان لادهدا پـێم دهووت: خۆزگه وسهدخۆزگه ئهوهنـدهی نێـوان ڕۆژ هـهڵات وڕۆژئـاوا لهخهلافهتـهوه دوور بووینایه، وهڵلاهی لهوهتی تێ ی کهوتووین خۆشیمان نهدیوه.[1]

٣- (الحـسن البـصری): کـاتێ هـهواڵی مـهرگی عمـری کـوڕی عبـدالعزیزیان دا بهشێخ(حسن البصری) ووتی: ((انا للـه وانـا الیـه راجعـون)) ئـهی خـاوهنی هـهموو چاکهیهك.[2]

٤ـ (مکحـول) یهکێکـه لـهزانا نـاو دارهکـانی (فقـه الاسـلامی) دهڵێـت: نهمـدیوه کهسێك لهعمری کوڕی عبدالعزیز زیاتر دنیانهویست و لهخواترس بووبێت .

٥ـ (یزید)ی کوڕی (حوشـب) دهڵێت: هـهرگیز نهمـدیوه، هـیچ کهسـێك بهوێنـهی (حسن البصری)و (عمری کوڕی عبدالعزیز) لهخواترس بووبێـت[3]، وهك بڵـێ ی ئـاگر

١ ـ البدایه والنهایة له (ملامح الانقلاب) لا ٥٦ وهرگیراوه.

٢ ـ فقه عمر بن عبدالعزیز (٥٣/١) .

٣ ـ تاریخ الخلفاء للسبوطی وله (ملامح الانقلاب) وهرگیراوه لا ٥٥ .

تەنها بۆ ئەوان دروست کراوە .[١]

٦- (رهبان)ی گاوریش بۆی گریاون:

(الاوزاعی)دەڵێت: من ئامادەی بەخاك سپاردنی عمری کوڕی عبدالعزیز بووم، پاشان بەرەو شاری (قنسرین)کەوتمەڕێ، لەڕێگا دام بەلای(راهب)ێکدا و پێ ی ووتم: تۆ دەڵێم، وادەزانم ئامادەی ناشتنی ئەو پیاوە بوویت؟ ووتم: پێی: بەڵێ. و ئەویش چاوی داخست ودەستی کرد بەگریان، گریانێکی بەکوڵ.

پێم ووت: تۆچۆن دەگریت! خۆتۆ لەسەر ئاینەکەی نیت؟ کابرا ووتی: من بۆ ئەو ناگریم، بەڵکو بۆ ئەو نوورە دەگریم کەلەسەر زەویدا بوو بەلام بەمردنی ئەو کوژایەوە.[٢]

٧- پادشای ڕۆم ودارو دەستە وپیاوانی ئاینی یەکەی :

عمری کوڕی عبدالعزیزرحمه الله وەفدێکی فەرمی نارد بۆ لای پاشای ڕۆم بەکارێك کە بەرژەوەندی موسڵمانانی تێدابوو، کاتێ ڕۆشتە لای پاشا، بینیان پاشا تاجێکی بەسەرەوەیەو تەرجومانێکیش لەلایدا وەستابوو، لەسەر عەرشەکەی پاڵی لێدابوویەوە، پیاوانی ئاینی لەلای راست وچەپی یەوە وەستابوون و خەڵکەکەی تریش هەریەکە وبەپێ ی پلەو پایەیان لەبەردەمیدا وەستابوون، موسڵمانەکانیش ئەوەی مەبەستیان بوو لەهاتنەکەیان خستیانە ڕوو، پاشایش بەڕوویەکی خۆشەوە وەلامی دانەوە، ئەوڕۆژە لەوێ مانەوەو چوونە دەرەوە لەلای پاشا.

لەڕۆژی داهاتوودا نێرراوی پاشاهات وشتێکی پێ ووت، کاتێ موسڵمانەکان هاتنەوە دیوەخانی پاشا دەبینین واپادشا وەك دوێنی نی یە غەمبارو دڵتەنگ لەسەر عەرشەکەی هاتۆتە خوارەوەو تاجەکەی حستۆتە باوەشی وەك بڵێ شتێکی لێ ڕوودابێت،ڕووی تێ کردن و پێ ی ووتن: ئەزانن بۆچی بانگم کردوون؟ووتیان: نەء ووتی: کاربەدەستێکم کەهاوسنوری وڵاتی عەرەبە، پێ ی ڕاگەیاندم لەم نامەیەدا کە: ئەمڕۆ ئەو پیاوە صالحەی کەگەورەی عەرەبەکانە _موسڵمانان_ لەدنیا

---

١ - صفه الصفوة (٣/١٥٦) .

٢ - سیره عمر (ابن الجوزی) لا ٣٣١ .

دەرچوو، هەموو خۆیان پێ نەگیراو دەستیان کرد بەگریان.

پاشایش ووتی: بۆ خۆی دەگرین؟ یان بۆ ئاینەکەتان؟ یان بۆ خۆتان؟ ووتیان: بۆ خۆمان وئاینەکەمان وئەو دەگرین.

پاشا ووتی: بۆ خۆتان بگرین بۆ ئەو مەگرین ئەو تازە ڕۆی وگەیشتە جێگایەك زۆر لەم ژیانەی باشترە، زۆر لەوە دەترسا کەلە گوێرایەڵی خوای_ گەورە_ دەربچێت وخوایش دوو ترسی لەسەر کۆنەکردەوە ترسی دنیاو ترسی خوا.

من زۆرم بیستووە لەچاکەو لێهاتوویی وڕاستگۆیی ئەو پیاوە، گومانم وابووە ئەگەر کەسێکی تر دوای عیسی عليه السلام مردووی زیندوو بکردایەتەوە ئەو پیاوە دەبوو، بەوردی چاودێری وبەدوادا چوونم کردوە وبۆم دەرکەوتووە دیوی دەرەوەو ناوەوەی وەك یەکە، بەڵکو دیوی ناوەوەی باشتربووە کەکاتێ بەتەنهایی چووەتە خەڵوەتەوە لەخزمەت پەروەردگاریدا بووە.

پاشا لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو ووتی: من بەو ڕاهبە وخواناسانە سەرسام نیم کە واز لەدونیا دەهێنن ولە گۆشەیەکی چۆڵدا خواناسی خۆیان دەکەن، بەڵکو بەم پیاوە سەرسامم کە سامان و دەستەڵاتی دنیا هاتە بەردەستی بەڵام ئەو دنیانەویستی(زهد) بەولاوە شیرین بوو هەڵی بژارد تاوەك ڕاهیبەکانی لێهات، بەڵام داخەکەم چاکە کاران لەناو خراپەکاراندا زۆر نامێننەوەو کۆچ دەکەن.[1]

١٤- کەرامەتی لێوەگێڕراوەتەوە:

لە(حسین القصار)ەوە دەگێڕنەوە کەدەڵێت: لەسەردەمی عمری کوڕی عبدالعزیزدا بزن ومەڕم دەکڕی، دام بەلای شوانێکدا ڕانی دەلەوەڕاندو بەچواردەوری ڕانەکەدا (٣٠)گورگم بینی بەڵام گومانی ئەوە برد سەگ بن.

بۆیە بەشوانەکەم ووت: ئەی برای شوان ئەم هەموو، سەگەت بۆچی یە؟، ووتی: کوڕی خۆم ئەوانە سەگ نین بەڵکو هەموویان گورگن! ومنیش ووتم: پاك وبێگەردی بۆ خوا گورگ لەناوڕاندایە ونایشیان خوات؟!

---

١ ـ مروج الذهب (١٩٥/٣) فقه عمر بن عبدالعزیز (٥٤/١) .

کابرا ووتی: کوڕی خۆم، ئەگەر سەر تەواو بێت، لاشە زۆر گرنگ نی یە.[١]

بەڵام زۆر پشت بەك ڕووداوانە نابەسترێت چونکە خوای گەورە سوننەتی خۆی لەم ژیانەدا بۆ هیچ کەسێك تێك نادات وبەسروشتی حاڵ گورگ و دڕندەکان لەسەر گیانلەبەرانی تر دەژین. ولەلایەکی تریشەوە لەسەردەمی پێغەمبەری خوادا گورگ شوانی مەڕ نەبووە ولەسەردەمی خەلیفە ڕاشیدەکانیشدا لەوشتانە ڕوویان نەداوە بەڵکو ئۆباڵی ڕاستی ناڕاستی ئەم جۆرە بەسەر هاتانە لەئەستۆی گێرەرەوەکانیاندایە.

(بەڵام پاش لەدنیا دەرچوونی ئەو خەلیفە لاوە دادپەروەرە، زاناو داناو ناودارەکانی ئیسلام خەوی خۆشیان پێوە دیوە، هەموو موسڵمانان بەگشتی و بەهەموو لایەنێکیانەوە بەداخ بوون بۆ مردنی و مردنەکەیان بەخسارەت دەزانی بۆ بەردەوامی ئەو چاکسازی ونوێخوازیەی کە خوێنێکی تازەی کردە جەستەی وولاتە یەکگرتووەکانی ئیسلام و وڵاتی بەرەو سەردەمی زێڕینی چوار خەلیفە ڕاشیدەکە گەڕاندەوە)[٢]

(لە کۆتاییدا داواکارم لەپەروەردگاری باڵا دەست ئەمیری باوەڕداران لەناو باخ و باخاتی بەهەشتە نەبڕاوەکەی خۆیدا جێ بکاتەوە وئێمەش بکاتە قوتابی یەکی گوێڕایەڵی ئەو قوتابخانە مەزنەی ئیسلام کە وێنەی کوڕی عبدالعزیزی پێش کەشی مرۆڤایەتی کرد).[٣]

سبحان ربك رب العزة عما يصفون وسلام على المرسلين
والحمدللة رب العالمين

---

١ ـ الكتاب الجامع لسيرة عمر بن عبدالعزيز (٢/٦٧٠) .
٢ ـ ووتەی وەرگێڕ .
٣ـ ووتەی وەرگێڕ .

ناوەڕۆك

پێشەکی وەرگێڕ ٥
پێشەکی نووسەر.. ١١
بەشی یەکەم: لەدایك بوونەوە، تا خەلافەت........................ ٢١
یەکەم: ناو وشورەت و نازناو و خانەوادەکەی ٢١
دووەم: هۆکارەکانی دروستبوونی کەسایەتی عمری کوڕی عبدالعزیز ٢٩
سێ یەم: شوێنەواری زانستی عمر ٣٧
چوارەم: عمر لەسەردەمی خەلیفە سولیماندا........................ ٥٣
پێنجەم: خەلافەتی عمری کوڕی عبدالعزیز ٦٠
بەشی دووەم: گرنگترین سیفاتەکانی عمر و مەشخەڵە نوێ گەریەکەی........ ١١٧
یەکەم: گرنگترین ڕەوشتەکانی........................ ١١٧
دووەم: مەشخەڵی نوێ خوازی لەلای عمری کوڕی عبدالعزیز ١٤٢
بەشی سێ یەم: گرنگی دانی عمر بەبیرو باوەڕی ئەهلی سوننەت........ ١٥٩
یەکەم: یەکتاپەرستی خوا ـ توحید الاالوهیە. ١٥٩
دووەم: عمرو ناوە جوانەکانی خوا. ١٦٦
سێ یەم: بیرو باوەڕی عمر دەربارەی سیفاتەکانی خوا: ١٦٩
چوارەم: نامێڵێ گۆڕ بکرێتە مزگەوت ١٧١
پێنجەم: مانای باوەڕ لەلای عمری کوڕی عبدالعزیز: ١٧٣
شەشەم: باوەڕ بەڕۆژی قیامەت........................ ١٧٥
حەوتەم: دەستگرتن بە قورئان و سوننەت و ڕێڕەوی خەلیفەی ڕاشیدەکانەوە: ١٨٤
هەشتەم: هەڵوێستی دەربارەی هاوەڵانش و ناکۆکی نێوانیان: ١٩٠
نۆیەم: هەڵوێستی دەربارەی (أهل البیت): ١٩٢
بەشی چوارەم: هەڵوێستی عمری کوڕی عبدالعزیز ١٩٩
یەکەم: خەواریج........................ ١٩٩
دووەم: شیعەکان........................ ٢١١

سێ یەم: قەدەریەکان ٢١٢
چوارەم: ((المرجئه)) ـ مورجیئەکان ـ ٢١٧
پێنجەم: ((الجهمیە)) جوهەمیەکان.. ٢١٩
بەشی پێنجەم: عمر لەنێوان ژیانی کۆمەڵایەتی و زانستی و بانگەوازیدا ٢٢٣
یەکەم: ژیانی کۆمەڵایەتی ٢٢٣
ژیانی لەگەڵ خەڵکی دا: ٢٣٩
دووەم: هەڵوێستی لەگەڵ زانایاندا ٢٦٨
سێ یەم: قوتابخانە زانستی یەکانی سەردەمی عمری کوڕی عبدالعزیز:.. ٢٧٧
چوارەم: عمر لە خزمەت سوننەتدایە: ٢٨٦
پێنجەم: هێرشەڕزگاری خوازیی یەکان و هەڵگرتنی گەمارۆی سەر قسطیطنة: ٢٩٨
شەشەم: گرنگی دان بە بانگەوازی گشت گیری ئیسلام:.. ٣٠٢
یاسای خۆیەکلایی کردنەوەی بانگخوازان(نظام التفرغ): ٣٠٣
بەشی شەشەم: بەشی دارای و چاکسازی یەکانی عمر لەو بوارەدا ٣١٧
یەکەم: ئامانجە ڕامیاری و سیاسی یەکانی عمر.. ٣١٨
دووەم: چەند هۆکارێکی عمر بۆ جێ بەجێ کردنی.. ٣٢١
سێ یەم سیاسەتی عمر و داهاتەکان: ٣٢٩
چوارەم: سیاسەتی عمر لە خەرج کردنی پارەی گشتی دا: ٣٣٨
بەشی حەوتەم: دەزگای داد وەری لەسەردەمی عمری کوڕی عبدالعزیزدا ٣٤٧
یەکەم: دادگاکان و شایەتی دانەکان ٣٤٧
دووەم: دەرابرەی کوشتن و تۆڵەسەندنەوە.. ٣٥٣
سێ یەم: دەرابرەی خوێن ـ الدیە ـ ٣٥٤
چوارەم: سنورەکانی پەروەردگار ـ الحدود ـ: ٣٥٧
پێنجەم: سزا تەمێ کاریەکان –التعزیرات–: ٣٦٤
شەشەم: دەربارەی بەندکراوان ٣٦٦
حەوتەم: دەربارەی جیهاد.. ٣٦٩
هەشتەم: لەژن مارەبڕین وتەڵاق داندا ٣٧٢
بەشی هەشتەم: فیقهی بەڕێوەبردن(الاداره) لە لای عمرو.. ٣٧٩
یەکەم: والی یە ناودارەکانی دەوڵەتەکەی عمر ٣٧٩
دووەم: هەڵبژاردنی کاربەدەستەکانی ٣٨٣

سیٚ یەم : سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی کاروبارەکانی دەوڵەت........................ ٣٨٦
چوارەم: نەخشە دانان لەسیاسەتی ئیداری عمردا ٣٩١
پێنجەم: ڕێکخستن لە ئیدارەی عمردا ٣٩٤
شەشەم: خۆپاراستن لەگەندەڵی ئیداری ٣٩٧
حەوتەم: هەرێمەکان لەنێوان مەرکەزی و لامەرکەزی دا ٤٠٤
هەشتەم: بنەمای نەرمی نواندن لەکاری ئیداری عمردا ٤٠٨
نۆیەم: گرنگی کات لەحکومەتەکەی عمردا ٤١٥
دەیەم: دابەش کردنی کارەکان ٤١٩
دوارۆژەکانی ژیانی عمر: ٤٣٥
ناوەڕۆك...٤٥٣